# کاریگەریی بیری چەپ لەسەر
# بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك نموونە

(١٩٤٥-١٩٩١)

سمایل بازیار

# کاریگەریی بیری چەپ
# لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

## حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك نموونە (١٩٤٥ ـ ١٩٩١)

سمایل بازیار

٢٠٢٠

**ناوی کتێب:** کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان / حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک نموونە (١٩٤٥ ـ ١٩٩١)

**نووسەر:** سمایل بازیار

**پێداچوونەوە:** س. ئا. کوردستانی

**ساڵی چاپ:** ١٣٩٩/ ٢٠٢٠

**دیزاین:** ئەیووب شەهابیڕاد

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان**
**ژمارەی سپاردن (٩٥٤) ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە**

پێشکەشە بە:

شۆڕشگێڕانی ئارمانخوازی

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

(١٣٤٦ ـ ١٣٤٧ی هـ/ ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ی ز)

## پێرست


پێشەکی ........................................ ٩
دەروازە: بیری چەپ و سەرهەڵدانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ساڵی... ........ ٢٣
باسی یەکەم: چەمك و پێناسەی چەپ ........................ ٢٥
باسی دووهەم: هاتنی بیری چەپ بۆ ئێران .................... ٢٩
باسی سێهەم: دەرکەوتنی بیری چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .......... ٤٤
باسی چوارەم: حیزبی ئازادیی کوردستان (١٩٣٨) ................. ٥٢
باسی پێنجەم: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ك) ١٩٤٢ ............ ٥٨
بەشی یەکەم: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دامەزرانییەوە تا شۆڕشی... ....... ٨٣
باسی یەکەم: دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٤٥ ......... ٨٥
باسی دووهەم: بووژانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای... ......... ١٠٨
باسی سێهەم: گەشەسەندنی چالاکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە... ...... ١٢١
باسی چوارەم: حدك و ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی (١٩٥٢ ـ ١٩٥٣)........ ١٣٠
باسی پێنجەم: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوای کۆدەتای ٢٨ی... ...... ١٥٥
باسی شەشەم: کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان و... ....... ١٦٥
بەشی دووهەم: حدك لە نێوان ساڵانی ١٣٣٧ - ١٣٤٩... .................. ١٧٥
باسی یەکەم: کاریگەریی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لەسەر حدك ........ ١٧٧
باسی دووهەم: پەلاماری بەربلاوی پۆلیس بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حدك ....... ١٨٣
باسی سێهەم: توندبوونی ململانێی باڵی چەپ و ڕاست ................ ١٩٠
باسی چوارەم: لێکدابڕان .................................. ١٩٩
باسی پێنجەم: چالاکیی خوێندکارانی کورد لە زانکۆ و ڕێکخستنی «حدك»دا...... ٢٠٩
باسی شەشەم: کۆنگرەی دووهەمی حدك و زاڵبوونی باڵی ڕاست ........... ٢١٧
باسی حەوتەم: ڕاپەڕینی چەکدارانەی (١٣٤٦ ـ ١٣٤٧/ ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨) ......... ٢٢٨
بەشی سێهەم: حدك لە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازار تا سەرکەوتنی... ......... ٢٥٩
باسی یەکەم: دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و... ............. ٢٦١

باسی دووهەم: کۆنفرانسی سێهەم و زاڵبوونی بیری چەپی ڕادیکاڵ............................٢٦٥
باسی سێهەم: قاسملوو لە چەپێکی کوردەوە بۆ کوردێکی چەپ..................................٢٧٨
باسی چوارەم: ڕەنگدانەوەی بیری چەپ لە خولی نوێی ڕۆژنامەی کوردستاندا.....٢٨٦
باسی پێنجەم: شۆڕشی ئێران (١٣٥٧/ ١٩٧٩) و چالاکیی ئاشکرای حدك... .........٢٩٢
بەشی چوارەم: حدکا لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە بۆ چەپێکی سۆسیال دیموکرات... ....٣٠٩
باسی یەکەم: دابڕانی باڵی چەپی توودەیی لە حدکا............................................٣١١
باسی دووهەم: سۆسیالیزمی دیموکراتیك و هەنگاونانی حدکا بەرەو... ...............٣٢٦
باسی سێهەم: ڕاگەیاندنی حدکا ـ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ .......................................٣٥٠
باسی چوارەم: لێکهەڵوەشانی سیستمی سۆسیالیستی و حدکا ..................................٣٥٨
ئەنجام.....................................................................................................٣٦٩
سەرچاوەکان...............................................................................................٣٧٣
پاشکۆ.......................................................................................................٤٠٣
لیزگەی ناوەکان .......................................................................................٤٦٩

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

یەکێك لە کاریگەرترین ئایدیۆلۆژییەکانی سەدەی بیستەم، کە مۆرك و نیشانی لە زۆر ڕووداوی سەدەی ڕابردوو داوە و بە ملیۆنان کەسی کردۆتە شوێنکەوتووی خۆی، بیری چەپ بوو. هەر بۆیەش بوو بە یەکێك لە بەهێزترین ڕەوتە سیاسی - کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەجۆرێك لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠دا پازدە وڵاتی جیهان بە پتر لە ١ ملیارد و ٥٥٠ ملیۆن حەشیمەتەوە خاوەنی ڕژیمی کۆمۆنیستی بوون.

بیری چەپ لە ئێراندا سەرەتا لە ڕێگەی ئەو کۆچبەرە ئێرانیانەوە (زۆرتر ئازەری) کە بۆ کار لە قەفقاس گیرسابوونەوە و لەوێ کەوتبوونە ژێر کاریگەریی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیە (بۆلشۆڤیك)، گوێزرایەوە بۆ ئێران، کە بە بزاڤی «سۆسیال دیموکراسی» بەناوبانگن و لە شۆڕشی مەشرووتەدا چالاك بوون. دواتر ئەم بیرە بەتایبەتی لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی ڕووسیە، لە ئێراندا بڵاوبۆوە.

کوردستانیش لەم دیاردە گشتگیرە بێبەری نەبوو و ئەم بیرە لە ڕێگەی جۆراوجۆری وەک: سۆسیال دیموکراتەکان، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی توودە و هاتنی سپای سوور بۆ کوردستان و پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستان، بە کوردستاندا بڵاوبۆوە. لەوەیڕا کە چەپ بانگەشەی بۆ دادپەروەری و نەمانی هەر چەشنە ستەمێک دەکرد، بۆ ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی سیاسیی کورد کە نەتەوەکەیان زۆرلێکراو بوو سەرنجڕاکێش بوو و پێشوازیی لێدەکرا.

هاوسۆزی و سەرسامبوونی بەشێک لە تێکۆشەرانی سیاسیی کورد بە ئەندێشەی چەپ شوێنەواری قووڵی لەسەر ڕەوتە سیاسییەکان و ئاراستەی خەبات لەم بەشەی کوردستاندا هەبووە، بەتایبەتی لەسەر خاوەن ڕابردووترین حیزبی کوردی لە ئێستادا، واتە حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە لە بنەمادا حیزبێکی کۆمۆنیست یان مارکسی - لینینی نییە و بەگشتی حیزبی چین و توێژ یان ئایدۆلۆژییەکی تایبەتیش نەبووە، بەڵکوو حیزبێکی نەتەوەیی‌یە و ئامانجی سەرەکیی دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هەر بۆیە گرینگیی توێژینەوەیەکی ئاکادیمی کە تا ئێستا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان نەکراوە بە پێویست زانرا.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە نووسینی مێژووی حدکا بە مانای واقعیی وشە نییە، بەڵکوو هەوڵ دەدا کە تیشک بخاتە سەر کاریگەریی بیری چەپ بە هێڵە فکرییە جۆراوجۆرەکانی وەک: چەپی ڕادیکاڵ، ماویزم، ئورۆکۆمۆنیزم و سۆسیال دیموکراسی لەسەر ستراکتۆر، ستراتیژی و پرۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغە جیاوازە مێژوویی‌یەکاندا و هەروەها شوێنەواری لەسەر ململانێی نێوخۆیی ڕیزەکانی و لێکدابڕان و جیابوونەوەکان. وێڕای ئەوە هەوڵ دراوە

بیسەلمێنێ کە ئەم حیزبە لە قۆناغێکی گرینگی ژیانی خۆی، واتە لە ساڵی (١٩٧١ ـ ١٩٩١)دا کە وەك ڕێکخراوێکی سەربەخۆ چالاکیی هەیە، لە خانەی حیزبە سیاسییەکانی چەپدا شوێن دەگرێ، بۆچوونێك کە پێچەوانەی ڕوانگەی چەپی کۆمۆنیستییە بەجۆرێك کە تەنانەت حیزبە نەتەوەیی‌یەکان لە ڕیزی حیزبە بوورژوازییەکان (ڕاستەکان)دا دەهێنێتە ئەژمار. شایانی باسە کە شوێنەواری نەگەتیڤ و پۆزێتیڤی بیری چەپ لەسەر حیزبی دیموکرات و لەم ڕێگەوە لەسەر بزاڤی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ هەوێنی توێژینەوەیەکی دیکەی مێژوویی ـ سیاسی بێ کە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە نەبوو.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی توێژینەوەی زانستی مێژوویی دەبەستین، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە مێژوویی‌یەکان و بەڵگەنامە باوەڕ پێکراوەکانەوە لە ئامانجی توێژینەوەکە نزیك ببینەوە. لە هەمان کات‌دا بەپێی پێویست چەند مێتۆدی دیکەی وەك: بەراوردکاری و ڕەخنەگرتن بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بەکار هێنراون.

ئەنجام دانی توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە بێ‌گیروگرفت نابێ، چونکە ژیانی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژیانێکی ئاسایی نەبووە، لە کۆی تەمەنی ٧٣ ساڵەی ئەم حیزبە تەنیا ٣٣ مانگ چالاکیی ڕێگەپێدراوی یاسایی هەبووە و ئەوی دیکەی لە خەباتی نهێنی، نیوەنهێنی ـ نیوەئاشکرا و چەکدارانەدا بووە و ئەمە نەبوونی ئەرشیڤێکی ڕێکوپێك کە تێکڕای ڕاگەیاندراو، بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی ئەم حیزبەی تێدا بێ، لێکەوتۆتەوە. هەروەها شێوازی دژواری خەباتی ئەم حیزبە وای کردووە، کە بەشێك لە ڕێبەران و کادرە سەرەکییەکانی بەهۆی جۆراوجۆر و لەوانە: تیرۆر و سێدارە لە ژیان‌دا نەمابن، پێش ئەوەی بتوانن یادداشت و

بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسن و ئەمە گرفت لەسەر توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە پێك دێنێ.

توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و چوار بەش و دەرەنجامێك پێکهاتووە و بە لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان «مخلص» و «ابستراکت» کۆتایی دێ.

**دەروازە:**

بە ناونیشانی سەرهەڵدانی بیری چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە پێنج باس پێکهاتووە:

**باسی یەکەم:** لەم بەشەدا سەرەتای مێژوویی هاتنی ئەو زاراوانە بۆ نێو فەرهەنگی سیاسی و پێناسەی ئەو چەمکە هاتۆتە بەرباس.

**باسی دووهەم:** لەم باسەدا ڕێگاکانی دزەکردنی چەپ بۆ ئێران ئاماژەی پێکراوە، کە سەرەتا لە ڕێگەی کۆچبەرانی ئێرانی لە قەفقاس کەوتبوونە ژێر کارتێکەریی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیە دەگوازرێتەوە بۆ ئێران و ئەمە ڕێگە خۆش دەکا بۆ دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٢١ لە ئێراندا. بە دوای حیزبی کۆمۆنیستدا، گرووپی ٥٣ کەس درێژەپێدەری ڕێبازی حیزبی کۆمۆنیست دەبن و دواجار بە دامەزرانی حیزبی توودە (١٩٤١) چالاکیی هێزی چەپ گەشە دەکا و پەرە دەستێنێ. بە دوای نسکۆی حیزبی توودەدا، ڕەوتێکی چەپی نوێ سەر هەڵدەدا کە بەرهەمی ئاڵوگۆڕی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئێراندا و گوتاری شۆڕشگێڕی و ڕادیکالیزمی باوی جیهانی سێهەمە و مێتۆدەکانی خەباتی چەپی نەریتی وەلادەنێ.

**باسی سێهەم:** هاتنی بیری چەپ بۆ کوردستان لە ڕێگەی سۆسیال دیموکراتەکان، حیزبی کۆمۆنیست و دواجار هاتنی سپای سووری

یەکیەتیی سۆڤیەتی بۆ ئێران و حیزبی توودەیە، کە بە کوردستاندا بلاوبۆوە.

باسی چوارەم: هەلومەرجی دامەزرانی حیزبی ئازادی (١٩٣٨)، کە دەسەلاتی دیکتاتۆری و سیاسەتی ناسیۆنالیستیی پەهلەوی پەرەی دەگرت، بەڕیوەدەچوو. ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئەم حیزبە وەك لە بەرنامەکەیەوە دەردەکەوێ، ئایدۆلۆژیی ناسیۆنالیستیی نەبووە، بەلکوو بریتی بووە لە پشتگیری لە پەرەی دیموکراسی و بیروباوەڕی چەپ.

باسی پێنجەم: دامەزرانی کۆمەلەی ژیانەوەی کوردستان (١٩٤٢) وەك یەکەم ڕیکخراوی ناسیۆنالیستیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، هەرچەندە ئەم ڕیکخراوە لەلایەن هەندیك کەسەوە بە ڕیکخراویکی نەتەوەیی ـ ئایینی پێناسە دەکرێ، بەلام کاریگەریی بیر و ئەندیشەی چەپی بەسەرەوەیە.

بەشی یەکەم:

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دامەزرانییەوە تا شۆڕشی ١٩٥٨ لە عێراق.
ئەم بەشە بەسەر شەش باسدا دابەش کراوە:

باسی یەکەم: تایبەتە بە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (١٩٤٥)، کە مێژاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیە. دامەزرێنەرانی حدك بەپێچەوانەی سەرکردەکانی ژ. ك زۆرتر لە سەرۆك عەشیرەت و خاوەن زەوی و بازرگانەکان پێکهاتبوون و هەر بۆیەش بەرنامەی ئەم حیزبە رادیکالیزمی «ژ. ك»ی پێوە دیار نییە و بالی چەپ لە پەراوێزە و حدك گرینگیی بە پرسی نەتەوەیی دەدا.

**باسی دووهەم:** بووژانەوەی حدك دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان؛ لەم باسەدا قسە لە چوونی حدك بۆ ژێر باڵی حیزبی توودە دەکرێ، کە ئەنجامی بێ‌ئەزموونیی ئەو لاوانە بوو کە حدکیان بووژاندەوە.

**باسی سێهەم:** گەشەسەندنی چالاکی حدك لە سەردەمی دەسەڵاتداریی محەممەدی موسەددیق‌دایە. حدك کە بە شێوەی نیوەنهێنی ـ نیوەئاشکرا چالاکیی هەیە، بە کەڵك‌وەرگرتن لە کەش و هەوای سیاسیی ئەو قۆناغە گەشە دەکات.

**باسی چوارەم:** حدك و ڕووداوەکانی، هەڵبژاردنی پارلمان، ڕاپەڕینی جووتیارانی موکریان و ڕیفراندۆمی هەڵوەشانی پارلمانی حەڤدەیەم؛ ئەم باسە تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵی حدك لەم ڕووداوانەدا.

**باسی پێنجەم:** حدك لە دوای کودەتای (٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢/ ١٩ی ئابی ١٩٥٣) کە لەودا دەرەنجامەکانی کودەتا سەربازییەکەی دژی حکوومەتی موسەددیق کە کۆتایی بە چالاکی نیوەنهێنی - نیوەئاشکرای حدك هێنا، خراوەتە بەر باس.

**باسی شەشەم:** کۆنفرانسی یەکەمی حدك و دابڕانی لە حیزبی توودە. لەم باسەدا تیشك خراوەتە سەر ئەو کۆنفرانسەی حدك کە بڕیاری دا پێوەندیی ڕێکخستنی بە حیزبی توودەوە نەمێنێ، بەهۆی دزەکردنی پۆلیس بۆ نێو ڕێکخستەکانی ئەم حیزبە.

**بەشی دووهەم:**

حدك لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٨ ـ ١٩٧٠ (قۆناغی لێك‌ترازان). لە حەوت باسی سەربەخۆدا باسی ئەم بەشە دەکرێ.

**باسی یەکەم:** شۆڕشی ١٤ی تەمووز و حدك کە لەودا کاریگەریی ئەم شۆڕشە لەسەر حدك تاوتوێ دەکرێ، کە چۆن بوو بە ڕێخۆشکەری

گوازتنەوەی ڕێبەریی حدك بۆ عێراق و تێوەگلانی لە ململانێی نێوان پارتەکانی باشووری کوردستان و کێشە نێوخۆیییەکاندا.

باسی دووەم: پەلاماری بەربلاوی پۆلیس بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حدك.

باسی سێهەم: بۆ «لێك‌ترازانی» ڕیزەکانی حدك تەرخان کراوە و باس لە دوو دابڕانی ڕیزەکانی حدك لەو قۆناغەدا دەکات. کە زۆرتر هۆکاری نەحاوانەوە و ویك‌ھەڵنەکردن بوون تاوەکوو هۆکاری فکری.

باسی چوارەم: توندبوونی ململانێی نێوان باڵەکانی چەپ و ڕاست.

باسی پێنجەم: چالاکیی خوێندکارانی کورد لە زانکۆ و ڕێکخستنی «حدك»ـە. ئەم باسە نیشان دەدا کە بۆ یەکەم جار حدك پێوەندیی دەکا بە خوێندکارانی زانکۆی لە تاران. هاتنی ئەو توێژە گەنج و ڕووناکبیرە کە هەڵگری تایبەتمەندیی ڕادیکاڵیزم و ئارمانخوازی بوون، مۆرکی خۆیان لە قۆناغەکانی مێژووی داهاتووی حدك دەدەن.

باسی شەشەم: کۆنگرەی دووهەمی حدك و زاڵبوونی باڵی ڕاست؛ تیشك خراوەتە سەر بڕیار و هەڵوێستەکانی ئەم کۆنگرەیە کە یەك لاکردنەوەی ململانێی دوو باڵی چەپ و ڕاست بوو، کە تێیدا باڵی ڕاست سەردەکەوێ و گرینگیی پتر بە پرسی نەتەوەیی دەدرێ.

باسی حەوتەم: ڕاپەڕینی چەکدارانەی (١٩٦٧- ١٩٦٨)؛ زەمینە و چۆنیەتی و دەرەنجامەکانی ئەو ڕاپەڕینە لەم باسەدا تاوتوێ کراوە، ڕاپەڕینێك کە باڵی چەپی حدك بەرپای کرد و بەشی زۆرتری ڕێبەرانی خوێندکار بوون.

**بەشی سێهەم:**

حدك لە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازارەوە تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران (١٩٧٠ ـ ١٩٧٩)؛ ئەم بەشە پێنج باس لەخۆ دەگرێ:

**باسی یەکەم:** کاریگەریی بەیاننامەی ١١ی ئازار لەسەر بووژانەوەی حدك و دەرەنجامە ئەرێنییەکانی ئەم بەیاننامەیە لەسەر چالاك بوونی حدك.

**باسی دووهەم:** کۆنفرانسی سێهەم و زاڵبوونی بیری چەپی ڕادیکاڵ، کە باس لە دەرەنجامەکانی ئەو کۆنفرانسە دەکا، کە لەودا باڵی چەپ توانی ڕوانگەکانی خۆی بچەسپێنێ و پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی بۆ یەکەم جار لە مێژووی «حدك»دا وەك ئامانجی دوارۆژ دیاری بکا.

**باسی سێهەم:** قاسملوو لە چەپێکی کوردەوە بۆ کوردێکی چەپ، لێرەدا تیشك خراوەتە سەر ئەو ئاڵوگۆڕە فکرییە کە لە قاسملوودا بەدی هات و هۆکار و چۆنیەتیی ئەم ئاڵوگۆڕە شی کراوەتەوە.

**باسی چوارەم:** ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی چەپ لە خولی نوێی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا؛ کە تایبەتە بە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی چەپ لە وتار و بابەتەکانی خولی نوێی ڕۆژنامەی «کوردستان». **باسی پێنجەم:** شۆڕشی ئێران و چالاکیی ئاشکرای حدك (ئێران)؛ سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێراندا و ڕووخانی حکوومەتی حەمەڕەزاشا، کە لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە نوێیەدا حدك پاش چارەگە سەدەیەك خەباتی نهێنی و دوورخرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکیی ئاشکرا دەستپێدەکا.

**بەشی چوارەم:**

حدکا لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە بۆ چەپێکی سۆسیال دیموکرات؛ ئەم بەشە بەسەر چوار باس‌دا دابەش کراوە:

**باسی یەکەم:** دابڕانی باڵی چەپی توودەیی لە حدکا؛ جیابوونەوەی لایەنگرانی سیاسەتەکانی حیزبی توودە لە نێو ڕیزەکانی حدکا و هەڵوێست و سیاسەتی جیابووەکان.

**باسی دووهەم:** «سۆسیالیزمی دیموکراتیك» و هەنگاونانی حدکا بەرەو «سۆسیال دیموکراسی» کە باسی هاتنە ئارای بیرۆکەی «سۆسیالیزمی دیموکراتیك» دەکا و خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ سۆسیالیزم، کە جیا بوو لە خوێندنەوە کلاسیکییەکانی باو لە کوردستاندا؛ هەروەها ڕەوتی هەڵکشانی حدکا بەرەو ڕێبازی سۆسیال دیموکراسی و دوورکەوتنەوەی لە تێڕوانینی چەپی سۆڤیەتی خراوەتە ڕوو.

**باسی سێهەم:** ڕاگەیاندنی حدکا ـ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ؛ لێرەدا تیشك خراوەتە سەر جیابوونەوەیەکی دیکەی نێو ڕیزەکانی حدکا کە باوەڕیان وابوو سیاسەتەکانی حدکا لە ئاراستەی نزیك بوونەوە لە هێزەکانی ڕاست و دوورکەوتنەوە لە بەرەی چەپە.

**باسی چوارەم:** لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمی سۆسیالیستی و تێڕوانینی حدکا؛ ئەم باسە دەپڕژێتە سەر ڕووداوی گرینگی هەرەس‌هێنانی سۆسیالیزمی مەوجوود، ڕووداوێك کە، لە ئەنجامی دا گەلێك هاوکێشەی جیهانی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و پاشەکشەی بەرەی چەپی لێکەوتەوە و تیشك خراوەتە سەر شوێنەوارەکانی ئەم ڕووداوە لەسەر دروشم و سیاسەت و پرۆگرامی حدکا.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە چەندین سەرچاوەی هەمەچەشنی کوردی، فارسی، عەرەبی و ئینگلیسی بەستووە، سەرەڕای چەندین بابەتی ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و ئەرشیفی پارت و ڕێکخراوەکان.

**کتێبەکان:**

**کتێبی کوردی:** ئەم سەرچاوانە بۆ وەرگرتنی زانیارییە مێژووییەکان سوودێکی زۆریان لێ بینراوە، کە دەبێ بەر لە هەمووان ئاماژە بە سێ کتێبی مێژوویی بکەم کە تایبەتن بە مێژووی حدکا ئەوانیش بریتین لە «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی» (کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) لە نووسینی عەبدوڕڕەحمان قاسملوو. «نیو سەدە تێکۆشان» (ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) لە نووسینی عەبدوڵلا حەسەنزادە. «پەنجا ساڵ خەبات» (کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا) لە نووسینی جەلیل گادانی. ئەم سێ سەرچاوەیە بە شێوازی ئاکادیمی نەنووسراون و لە ململانێی نێو ڕیزەکانی «حدکا»دا بێلایەن نەبوون و بە لایەکدا دایانشکاندووە. هەر کام لە نووسەرانی ئەم کتێبانە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی «حدکا»دا کەسی یەکەم بوون و ڕاستەوخۆ لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی پێوەندیدار بەم حیزبەوە بوون و زۆر زانیاری بۆ یەکەم جار لە زمانی ئەوانەوە دەبیسترێ، هەر بۆیە وەك سەرچاوەی ڕەسەن هەڵدەسەنگێندرێن و هەر نووسینەوەیەکی مێژووی حدکا بەبێ ئەم سێ سەرچاوەیە ناتەواوە.

کتێبەکانی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» و «کۆماری کوردستان» لە نووسینی حامید گەوهەری، خاوەنی چەندین زانیاری و بەڵگەنامەی پێوەندیدارن بە کۆمەڵەی ژ. ك و کۆماری کوردستانەوە، بەتایبەت کە بەشێك لەو بەڵگەنامانە لە ئەرشیفی نهێنیی یەکیەتیی سۆڤیەتی دەست کەوتوون و ئەمانە سوودیان بە توێژینەوەکە گەیاندووە. کتێبەکانی «ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووهەم جەنگی جیهانیدا بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی سۆڤیەتی» لە ئامادەکردنی د. ئەفراسیاو هەورامی و کتێبی «ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا» لە ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، دوو کتێبی بەڵگەنامەیین کە تایبەتن بە بەڵگەنامەکانی دوو وڵاتی زلهێزی ئەو سەردەم لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ساڵەکانی (١٩٤١ - ١٩٤٦) و خۆیان ڕۆڵی چارەنووس سازیان تێدا گێڕاوە. ئەم سەرچاوانە کە دەچنە خانەی بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان و لەم سۆنگەیەوە کۆمەکیان بە زۆر لایەنی ناڕوونی ئەو قۆناغە گرینگەی مێژووی حدکا کردووە و هەر بۆیەش زانیاریی بەنرخیان بە توێژینەوەکە گەیاندووە.

کتێبەکانی «کوردستانی ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩ - ١٩٧٩) و هەڵوێستی حیزبی توودە لە ئاست دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١ - ١٩٨٣)، نووسینی د. یاسین سەردەشتی» و کتێبی «ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە دۆخی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٧٩ - ١٩٨٩)، نووسینی د. هۆشمەند عەلی مەحموود»، کە تایبەتن بە ڕووداوە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. گرینگیی ئەم سەرچاوانە لەوەدایە کە بە شێوازی ئاکادیمی نووسراون و بەهۆی ئەوەی کە حدکا لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستاندا ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە، بەوردی ئاوڕیان وەسەر داوەتەوە، هەر بۆیە بۆ توێژینەوەکە سوودبەخش بوون.

**کتێبی فارسی:** ئەو سەرچاوانە کە پێوەندییان بە مێژووی حیزبی توودەوە هەبووە لەو توێژینەوەیەدا کەڵکیان لێوەرگیراوە، چونکە ئەم حیزبە بۆ پتر لە چوار دەیە، کەم و زۆر و دوور و نزیک، لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا لە پێوەندیدا بووە. کتێبی «**خاطرات نورالدین کیانوری**» سکرتێری گشتیی حیزبی توودە و کتێبی «**کژراهە**» نووسینی ئیحسان تەبەری، کەسایەتیی تیۆریکی حیزبی توودە. ئەم کتێبانە کە تایبەتن بە مێژووی حیزبی توودە و هەرچەندە لە هەلومەرجی تایبەتدا، واتە لە کاتی زیندانی بووندا نووسراون، بەڵام ئاوڕیان لە پێوەندیی نێوان حیزبی توودە و حیزبی دیموکرات لە چەند قۆناغی مێژوویی‌دا داوەتەوە. هەر لەم پێوەندییەدا کتێبێکی تر بەناوی: **نظر از درون به نقش حزب توده ایران (نقدی بر خاطرات نورالدین کیانوری)**، نووسینی بابەک ئەمیرخوسرەوی سەرچاوەیەکی تری فارسی بوو بۆ ئەم توێژینەوەیە. تایبەتمەندیی ئەم کتێبە لەوەدایە کە بە چاوی ڕەخنەگرانەوە کتێبەکەی کیانووریی هەڵسەنگاندووە و ئەوە بۆ نزیکبوونەوە لە ڕاستیی ڕووداوەکانی مێژووی حیزبی توودە یارمەتیدەرە. کتێبی: **گفتوگو با کورش لاشایی (نگاهی از درون به جنبش چپ)**، کاری حەمیدی شەوکەت، وتووێژێکە لەتەک کووروش لاشایی ئەندامی ڕێبەریی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە، کە پتر لە دوو مانگ هاوڕێ لەگەڵ تێکۆشەرانی ڕاپەڕینی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ بە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سووڕاوەتەوە. لاشایی بە زانیارییەکانی خۆی لەسەر ئەم ڕاپەڕینە و ڕێبەرانی، یارمەتی بەسوودی بە زانیاری لەسەر ئامانج و ڕێبازی ئەو ڕاپەڕینە گەیاندووە، بەتایبەت کە ئەم ڕاپەڕینە لە ڕووی بەڵگە و دۆکیۆمێنتەوە زۆر هەژارە.

**بیرەوەریی و یادداشت:** بیرەوەری و یادداشتەکانی کاراکتیرەکانی حیزبی دیموکرات لەم توێژینەوەیەدا سەرچاوەیەکی بەنرخ بوون بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر مێژووی ئەم حیزبە. لەوانە یادداشتەکانی سارمەددین سادق‌وەزیری لەژێر ناوی: **دفاع از دو چهره‌ی برجسته جنبش ملی کرد (قاضی محمد و احسان نوری‌پاشا)**، ئەم سەرچاوەیە بۆ تیشک خستنە سەر قۆناغی بووژانەوەی حدك لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان کە قۆناغێکی تەم و مژاوییە، بەسوودە؛ چونکە سادق‌وەزیری یەکەم بەرپرسی حیزبی توودە لە «حدك»دایە و ئەندامی **کاك** (کۆمیتەی کوردستان و ئازەربایجان) بوو. **ئاڵەکۆك** (بەسەرهاتی ژیانی سیاسی غەنی بلووریان). ئاڵەکۆك یارمەتیدەرە بۆ زانیاری لەسەر چالاکی حدك لە سەردەمی دەسەڵاتداریی محەممەدی موسەددیق و ڕووداوەکانی ئەو سەردەم و هەروەها سوودبەخشە بۆ لایەنە شاراوەکانی دابڕانی باڵی چەپی توودەیی لە حدکا. **بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی** لە یازدە بەرگدا، سەرەڕای گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی سیاسی پتر لە نیوسەدەی نووسەر، چەندین بەڵگەنامەی مێژوویی لەخۆ گرتووە. هەر بۆیە پتر لە هەموو بیرەوەرییەکانی تر لەم توێژینەوەیەدا سوودی لێوەرگیراوە. سەرچاوەیەکی تری بیرەوەری کە زانیاری بەسوودی لەسەر کۆنگرەی دووهەمی حدك لێوەرگیراوە **تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢ ـ ٤٧ی حیزبی دیموکراتی کوردستان**، نووسینی محەممەد خزری، کە خۆی بەشداری کۆنگرەی دووهەم بووە. هەروەها بیرەوەرییە سیاسییەکانی سەعید کاوە، ئەمیر قازی و ڕەسووڵ پێشنماز، هەر کامەیان بۆ قۆناغێکی مێژوویی حدك بوونە یاریدەدەری ئەم توێژینەوەیە.

**ئەرشیڤی پارت و ڕێکخراوەکان:**

ئەرشیڤی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حدکا - پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم، حدکا - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ و حیزبی توودەی ئێران، لە چوارچێوەی ڕاگەیاندراو، بەیاننامە، بەڵگەنامەی کۆنگرەکان (ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی، بڕیارنامەکان و پەیامەکان)، پێڕەو و پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەکان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، نامیلکە و بلاوکراوەی نێوخۆیی، هەموو ئەمانە هەم وەك بەڵگەنامەی بلاوکراوە و هەم وەك سەرچاوەی ڕەسەن زانیاریی بەنرخیان بەم توێژینەوەیە بەخشیوە.

**چاوپێکەوتنەکان:**

ئەم چاوپێکەوتنانە یارمەتیدەر بوون بۆ زانیاری وەرگرتن، پشتڕاست کردنەوە، یا پێچەوانە گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی، بەتایبەتی لەتەك ئەو کەسانەدا، کە خۆیان لە ڕووداوەکاندا بەشدار یان خولقێنەریان بوون. زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەم توێژینەوەیەدا دیمانەیان لەگەڵ کراوە پتر لە نیوسەدە لە تەمەنی خۆیان لە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا تێپەڕ کردووە، وەك: جەلیل گادانی، حەسەن ڕەستگار و حوسێن مەدەنی.

هەواڵنامەی کتێب

# دەروازە

## بیری چەپ و سەرهەڵدانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## تاساڵی (١٣٢٤/ ١٩٤٥)

## باسی یەکەم: چەمک و پێناسەی چەپ

دوو زاراوەی چەپ و ڕاست لە سەردەمی شۆڕشی فەڕانسەوە (١٧٨٩) هاتوونەتە نێو فەرهەنگی سیاسی جیهان. لە ئەنجومەنی نیشتمانیی شۆڕش‌دا، نوێنەرانی شۆڕشگێڕی توندڕەو لەلای چەپ و نوێنەرانی کۆنەپارێز لەلای ڕاست دادەنیشتن.[١] نوێنەرانی لای ڕاستی ئەنجومەنی نیشتمانی داکۆکییان لە سیستمی کۆن، واتە فیئۆدالیزم و پاشایەتی و کەنیسە دەکرد، چەمکی ڕاست بۆ دەربڕینی داکۆکی لە تەخت و تاج، کەنیسە و دەسەڵاتی ئەریستۆکراسی (خانەدان) بە کار دەبرا.[٢] لە قۆناغی شۆڕشی پیشەسازی‌دا چەپایەتی بە واتای پشتیوانی لە بەرژەوەندیی چینی کرێکار و ڕاستایەتی بە واتای بەرگری لە چینی سەرمایەدار کەلکی لێ وەردەگیرا.[٣]

نازناوی چەپ بە زۆر کەس و حیزب و ڕێکخراوەوە لکێندراوە، بۆ وێنە: بە گرووپێکی زۆر لە کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان لە «ئەتلی»

---

١. داریوش آشوری، فرهنگ سیاسی، چاپ دهم، انتشارات مروارید، تهران، ١٣٥٧، ص ٧٢.

٢. ئیسماعیل بازیار، چەپ و هەڵوێستی ئێمە، تێشك (گۆڤاری سیاسی - ڕۆشنبیری)، ژمارە ١، هەولێر، ١٣٧٥، ل ١٠.

٣. حسین بشیریه، آموزش دانش سیاسی (مبانی علم سیاست نظری)، تهران، ١٣٨٠، ص ١٣٢.

سیاسەتمەداری ئینگلیسیڕا بگرە تا ترۆتسکی،[١] هەروەها بە حیزبەجۆراوجۆرەکانی وەك: حیزبی کۆمۆنیستی چین «ماوتسی تونگ»[٢] تا کوو حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان.[٣] لە فەرهەنگی سیاسیی ئێراندا زاراوەی چەپ دوو لایەنە بە کار هاتووە، یەکەم، بە شێوەیەکی بەربلاو بە هەموو گرووپێك، کە مەیلی بۆ مارکسیزم هەبووە، دووهەم، بە دەستە و گرووپی مارکسی ـ لێنینی یان کۆمۆنیستی گوتراوە، کە لایەنگری ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی سیستمی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی دەسەڵاتداران بوون لە ڕێگەی توندوتیژییەوە و هێنانە سەر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی سۆسیالیستی لە شێوازی سۆڤیەت یان مۆدێلێکی دیکەدا.[٤]

چەمکی چەپ لە واتای سیاسیدا جەخت دەکاتە سەر ئەم خەسڵەت و بایەخانە: بایەخە کولتووری و کۆمەڵایەتیی شارستانییەتییەکانی ڕۆژاوا، واتە: ئازادی، یەکسانی، سەربەخۆیی تاك، عەقڵانییەت، زانستخوازی،

---

١. ترۆتسکی: لیۆن ترۆتسکی (١٨٧٩- ١٩٤٠) یەکێك لە سیما بەناوبانگەکانی شۆڕشگێڕیی بۆلشۆڤیکی ڕووسیە بوو. ترۆتسکی لە ململانێی بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لە پاش مردنی لێنین، لە نێوان ستالین و خۆیدا سەرنەکەوت و لە سۆڤیەت دوور خرایەوە و دواتر بە شێوەیەکی گوماناوی لە مێکزیك کوژرا، حسن علیزادە، فرهنگ خاص علوم سیاسی، تهران، ١٣٧٧، ص ٢٧٩.

٢. ماوتسی تونگ (١٨٩٣- ١٩٧٦) ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی چین. یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆماری گەلی چین کە ناوبانگی جیهانیی هەیە، ساڵی ١٩٤٩ حیزبی کۆمۆنیست توانی دەسەلات بەدەستەوە بگرێ، ماوتسی تونگ بە یەکەم سەرکۆماری نوێ هەڵبژێردرا و پرۆژە سۆسیالیستییەکانی لەو وڵاتەدا پیادە کرد. الکساندر ماتیل، دایرةالمعارف ناسیونالیسم، ترجمە: نورالله مرادی، کامران فانی، تهران، ١٣٨٣، ص ١٣٧٣.

٣. غلامرضا علیبابایی، فرهنگ علوم سیاسی، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٩، ص ٢٣٣.

٤. مازیار بهروز، شورشیان آرمانخواه (علل ناکامی چپ در ایران)، ترجمە: مهدی پرتوی، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٠، ص ١٩.

پێشکەوتوویی کۆمەڵگا، دیموکراسی و دەسەڵاتی گەل،[١] لە ڕووی ئابوورییەوە لایەنگری دەستێوەردانی دەوڵەتە لە ئابووری‌دا[٢] و هەوڵ دەدا بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە دۆخی ئارایی‌دا.[٣] ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی چەمکی چەپ بکەین، دەکرێ بڵێین گشت ئەو هێزانەی کە داکۆکی لە دیموکراسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەن، بەبێ لەبەرچاو گرتنی دەزگای فەلسەفی و ئایدۆلۆژییەکەیان ڕەوتی چەپ پێک‌دەهێنن.[٤] بەپێچەوانەی بیر و ڕێبازی چەپ، چەمکی ڕاست ئەو تایبەتمەندییانە لەخۆ دەگرێ: جەخت‌کردن لە لانی‌کەمی ئاڵوگۆڕ، باوەڕ بە نایەکسانیی سروشتیی نێوان مرۆڤەکان و لایەنگیری لە سنووردار کردنی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کەرتی ئابووری‌دا[٥] و هەوڵدان بۆ پاراستنی بایەخەکانی نەریتی کۆمەڵگا و پێویستیی بوونی بازاڕی ئازاد و بەرگری لە سەرمایەداری[٦] و ڕەوابوونی جیاوازیی چینایەتی و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە تایبەتمەندییەکانی هێزەکانی سەر بە ڕەوتی ڕاستن.[٧]

لە دوای ڕووداوەکانی کۆتایی دەیەی سەدەی بیستەم، وەک هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستی و نەمانی شەڕی سارد و خێراتر

---

١. حسین بشیریه، آموزش دانش سیاسی، ص ١٣٢.

٢. غلامرضا علی‌بابایی، م. ق، ص ٢٢٣.

٣. ع. م. ناظر، چپ دمکرات یا اندیشه‌های کهن در قالب نو، نشریه راه آزادی، شماره ٥١، ١٣٧٦، ص ١٩.

٤. باباعلی، اصلاحات قطره‌چکانی، آرش، نشریه فرهنگی و اجتماعی، شماره ٧٥- ٧٦، پاریس، ٢٠١١، ص ٣٤.

٥. داریوش آشوری، فرهنگ سیاسی، ص ٧٧.

٦. حسین بشیریه، آموزش دانش سیاسی، ص ١٣٣.

٧. داریوش آشوری، دانشنامه سیاسی (فرهنگ اصطلاحات و مکتب‌های سیاسی)، چاپ سیزدهم، تهران، ١٣٨٥، ص ١٢٥.

بوونی ڕەوتی بە جیهانیبوون و زاڵبوونی پێوەندییەکانی سەرمایەداری بەسەر ئابووریی جیهاندا، سنووری جیاوازییەکانی چەپ و ڕاست بەتایبەتی لە وڵاتانی ئورووپایی تا ڕادەیەکی زۆر تێک چووە، ئەمە کۆک بوونی هەموو لایەك لەسەر پێناسەیەکی ستاندارد و دیاریکراوی لەسەر ئەم چەمکانە دژوارتر کردووە، بەڵام بەکار هێنانی ئەم زاراوانە لە فەرهەنگی سیاسیدا هەر باوە و هەر کامەیان هەڵگری خەسڵەت و بایەخی تایبەت بە خۆیانن.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی دووهەم: هاتنی بیری چەپ بۆ ئێران

### أ) سۆسیال دیموکراسی (ئیجتماعیون ـ عامیون):

دزەکردنی بیری سۆسیالیستیی ڕۆژاوایی بۆ ئێران دەگەڕێتەوە بۆ پێش مەشرووتە (١٩٠٥ ـ ١٩١١)، واتە بۆ چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم. یەکەم زانیاریی ئەم وڵاتە لەمەڕ بوونی سۆسیالیزم بەهۆی وتارێك بوو کە لە ڕۆژنامەی «اختر»[1] چاپی ئەستەمبووڵدا بڵاوبۆتەوە و ڕۆژنامەی «ایران» لە ژمارە ١٨ی ئازاری ١٨٨٠ سەرلەنوێ چاپی کردۆتەوە.[2] لە نێو نووسەرانی سیاسیش‌دا «میرزا ئاقاخانی کرمانی»[3] ڕاستەوخۆ کاریگەریی

---

١. «اختر» یەکەم ڕۆژنامەی ئێرانییە کە لە دەرەوەی ئێران بڵاوبۆتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە ساڵی (١٢٩٤ی ك/ ١٨٧٥ی ز)، بە سەرپەرشتیی ئاغا محەممەد تاهیریی تەبریزی لە ئەستەمبووڵ دەرچوو و کەسانی وەك؛ میرزا ئاقاخانی کرمانی و شێخ ئەحمەد ڕووحی و کەسانی دیکە هاوکاری بوون. ادوارد براون، تاریخ ادبیات ایران «از صفویه تا عصر حاضر»، ترجمە: د. بهرام مقدادی، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٥، ص ١٦٤.

٢. احسان طبری، اوضاع ایران در دوران معاصر، تهران، ١٣٥٦، ص ١٢٦، لەو وتارەدا لە لایەکەوە سۆسیالیزمی لەگەڵ ڕێبازی «مەزدەکی»، «قەرمەتی» و «ئیسماعیلی» لە ڕووی «اباحە»ی ژن و سەروەت و سامان پێکشوبهاندووە و لە لایەکی دیکەوە وەك ڕەوتێکی جیددیی ئاڵوگۆڕی سیاسی پێناسەی دەکا کە بە ملیۆنان کەس لایەنگریی لێ‌دەکەن و خاوەنی ڕێبەرانی هۆشمەندە. پێشین، ص ١٢٦.

٣. میرزا عەبدولحوسێن ناسراو بە میرزا ئاقاخانی کرمانی ڕووناکبیرێکی چاکسازیخوازی سەردەمی مەشرووتەیە، ساڵی (١٢٧٠/ ١٨٥٣) لە بەردەسیری کرمان

هەواڵنامەی کتێب

بیرمەندانی سۆسیالیزمی ڕۆژاوایی بەسەرەوە بووە و پێشڕەوی بانگەشەی سۆسیالیزم لەو سەردەمەدا بووە و هەوڵی داوە ئەو ئەندیشەیە لەگەڵ یەکسانی لە سامان، بەریەستکردنی خاوەنداریەتی، لابردنی ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی مافی کۆمەڵایەتیی چینی زەحمەتکێش و کرێکار لەگەڵ شۆڕشگێڕان و مەشرووتەخوازەکان لێك گرێ بدا.[1]

لەوانەیە بکرێ بزاڤی سۆسیال دیموکرات (ئیجتماعیون ـ عامیون) بە کاریگەرترین هۆکاری نفووزی بیری چەپ لە وڵاتی ئێران دابنێین. سۆسیال دیموکراسی سەرەتا لە نێو کۆچبەرانی ئێرانی لە قەفقاس و ڕووسیە و دواتر هاوکات لەگەڵ بزاڤی مەشرووتە لە ناوچەکانی باکووری ئێران، ئازەربایجان و تاران پەرەی ستاند.[2] سۆسیال دیموکراتەکان وەك یەکەم ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران کاریگەریی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیەیان بەتەواوی بەسەرەوەیە و بەهۆی کۆچبەرانی ئێرانی و بەتایبەتی لە ڕێگەی ئەو ئازەرییانەوە کە لە ناوچەی قەفقاس دەژیان بیر و

---

لەدایكبووە. هەر لەم شوێنە خوێندوویەتی و بۆتە ئەدیبێکی تەواو. زمانی تورکی و فارسیی بەباشی زانیوە و ئاشنای زمانی فەڕانەسەیی و ئینگلیسی بووە. لە قوتابییەکانی سەید جەماڵەددینی ئەفغانی و لە پێشڕەوانی بزاڤی مەشرووتە بووە و گیانی خۆی لە پێناوی ڕیباز و بیر و باوەڕی خۆیدا بەخت کرد. حەفتا و دوو میللەت و ئایینەی سکەندەری لە بەرهەمە گرینگەکانی ئەون، یحیی آرین‌پور، از صبا تا نیما، جلد اول، چاپ چهارم، تهران، ١٣٥٥، ص ٣٩٦؛ بۆ زانیاریی پتر لەسەر ئەندیشەکانی کرمانی بڕوانە: فریدون آدمیت اندیشه‌های میرزا آقاخان کرمانی، چاپ دوم، تهران، ١٣٥٧.

١. فریدون آدمیت، فکر دمکراسی اجتماعی در نهضت مشروطیت ایران، تهران، ١٣٨٨، ص٦.

٢. محمد طیبیان و دیگران، اندیشه آزادی نگاهی به اندیشەی چپگرایانه در نهضت مشروطه، چاپ سوم، تهران، ١٣٩١، ص ٧١.

ئەندیشەی چەپ گوازراوەتەوە بۆ ئێران.[١] بناغەی سۆسیال دیموکراسی (ئیجتماعیون ـ عامیوون) بەهۆی حیزبی «هیممەت» دامەزرا. ئەو حیزبە ساڵی ١٩٠٤ لە نێو کۆچبەراتی ئێرانیی نیشتەجێ لە قەفقاس و بە ڕێبەریی (نەریمان نەریمانۆف)[٢] دامەزرا[٣] و ئەنجومەنەکانی «غەیبی»ی سۆسیال دیموکرات لە شارەکانی تاران و تەوریز و ڕەشت دامەزران.[٤] لە نێو ئەو ئەنجومەنانەدا، ئەنجومەنی ئازەربایجان لە هەمووان چالاکتر بوو، بەجۆرێك کە سێ هەزار ئەندامی هەبوو. ئەو ئەنجومەنە بەهۆی بازرگانانی تەوریزی و ئەندازیارێکی لاوی کارەبا، خەڵکی ئازەربایجانی ئێران بەناوی «حەیدەر عەمووئۆغلی»[٥] ڕێکخرابوو.[٦] سۆسیال دیموکراتەکان لە

---

١. افشین متین، از سوسیال دموکراسی تا سوسیال دموکراسی، گفتوگو (فصلنامه فرهنگی و اجتماعی)، شماره ٣١، بهار ١٣٨٠، ص ٣٩.

٢. نەریمان نەریمانۆف مامۆستایەکی ئازەربایجانی بوو، کە دواتر بوو بە سەرۆك کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت. حسن ماسالی، سیر تحول جنبش چپ ایران و عوامل بحران مداوم آن، آلمان و ساروبرگن، ٢٠٠٠، ص ٢٢.

٣. عبدالصمد کامبخش، نظری به جنبش کارگری و کمونیستی در ایران، انتشارات حزب توده ایران، ١٩٧٢، ص ١٧.

٤. احسان طبری، کژراهه (خاطراتی از تاریخ حزب توده)، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٧، ص ١٥.

٥. حەیدەر عەمووئۆغلی، حەیدەرخانی ئەفشاری تارویردی (١٢٥٩- ١٨٨٠/١٣٠٠- ١٩٢١) خەڵکی سەڵماس لە ئازەربایجانی ئێران، لە هەرەتی لاوێتیدا لەتەك بنەماڵەکەی کۆچ دەکەن بۆ تفلیس لە جۆرجیا. لە بزاڤی مەشرووتەدا گەڕایەوە بۆ ئێران و لە ڕەوتی ئەو جووڵانەوەیە تاوبانگی دەرکرد. دۆستایەتیی لەگەڵ ستالین و ئورجینیکدزەدا هەبوو. لە جووڵانەوەی جەنگەڵدا ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیست بوو. لە پیلانێکدا بەهۆی جەنگەڵییەکان، کە میرزا کووچکخان ڕێبەریان بوو، کوژرا. احسان طبری، کژراهە، ص ٢٢٩. بۆ زانیاریی پتر لەسەر حەیدەر عەمووئۆغلی، یەکەم ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بڕوانە: اسماعیل رائین، حیدرخان عمواوغلی، چاپ سوم، ١٣٥٥.

بزاڤی مەشرووتە و بەتایبەتی لە قۆناغی دووهەمی ئەو بزاڤە، سالی ١٩٠٧ لە تەورێز ڕۆلی سەرەکییان هەبوو.[٢]

سۆسیال دیموکراتەکانی تەورێز لە پێوەندیی ئێونەتەوەیی لەگەل سۆسیالیستەکانی ئورووپادا بوون و نامەگۆڕینەوەیان لەگەل ڕێبەرانی بزاڤی سۆسیالیستیی ئەو کاتی ئورووپا هەبوو، وەك کارل کائوتسکی (١٨٥۴ - ١٩٢٨) مارکسیی ئالمانی و گیئۆرکی پلیخانۆف (١٨٥٦ - ١٩١٨) مارکسیی ڕووسی. لەو نامانەدا لەگەل ئەوەی خۆیان وەك مارکسی پێناسە دەکەن، چەند پرسیار لەسەر تایبەتمەندیی بزاڤی مەشرووتە و دەور و نەخشی پرۆلیتاریا لە کۆمەلگای ئێراندا، کە بە بڕوای ئەوان هێشتا پێکنەهاتووە، ئاراستە دەکەن و کائوتسکیش وەلامیان دەداتەوە.[٣] ئیحسانی تەبەری پێی وایە سۆسیال دیموکراتەکان بە مانای واقعی مارکسی نەبوون،[٤] لەوانەیە تێگەیشتوویی زانستییان لە زانستی مارکسیزم کەم بووبێ، بەلام زەمینەیان بۆ دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیست ئامادە کرد.

---

١. یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ترجمە: احمد گل‌محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، تهران، چاپ نهم، ١٣٨٣، ص ١١١.

٢. بۆ زانیاریی پتر لە بارەی سۆسیال دیموکراتەکان (ئیجتماعیون- عامیون) و ڕۆلیان لە بزاڤی مەشرووتەدا بڕوانە: فریدون آدمیت، فکر دمکراسی اجتماعی در نهضت مشروطیت ایران، م. ق؛ احمد کسروی تاریخ مشروطه ایران، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨، ص ١٧٥- ١٧٦.

٣. مزدك، اسناد تاریخی، جنبش کارگری، سوسیال دمکراسی و کمونیستی ایران ۶ ایتالیا، فلورانس، اکتبر ١٩٧٦، ص ٣٦؛ بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ١.

٤. احسان طبری، کژراهه، ص ١٣.

لەگەڵ پێکهاتنی پارلمانی دووهەم لە ساڵی ١٩٠٨دا بەشێك لەو کەسانە، کە پێوەندییان بە «ئیجتماعیون ـ عامیون»ـەوە هەبوو، حیزبێکی نوێیان بەناوی «فیرقەی دیموکراتی ئێران» بە هەمان ئایدۆلۆژیای سۆسیال دیموکراسی دامەزراند،[1] کە لە ڕاستیدا درێژەدەری هەمان حیزبی ئیجتماعیون ـ عامیون بوو، کە لە خولی یەکەمی پارلماندا بە نهێنی و بە بچووکی مابۆوە.[2] دیموکراتەکان ئەم بەندانەیان لە بەرنامەی حیزبەکەیاندا گونجاندبوو: جیاکردنەوەی بەتەواوی دین لە دەوڵەت (سێکۆلاریزم)، چوونە سەربازی بە ئیجباری، دابەش کردنی زەوی‌وزار بەسەر ڕەعیەتدا، یاسای پێش گرتن لە ئێحتکار، پەروەردەی ئیجباری، دژایەتی کردن لەگەڵ ئەنجومەنی پیاوماقوولان (ئەریستۆکراتی) و دامەزراندنی بانکی کشت‌وکاڵی.[3] پاش ماوەیەکی زەمانی بەهۆی ململانێ و ناکۆکیی نێوان هاوپەیمانیی شۆڕشگێران، دەستێوەردانی ڕووسیەی قەیسەری و داگیرکردنی ئێران لە کاتی جەنگی یەکەمی

---

١. محمد طبیبیان، ص ٨٠

٢. د. گلناز سعیدی، شکل گیری احزاب سیاسی در ایران، مجله سیاسی- اقتصادی، شماره ١٩٤- ١٩٣، ١٣٨٣ ص ٩٩. ڕۆژنامەی «ئێرانی نوێ» کە ئۆرگانی ئەو حیزبە بوو و زۆربەی وتارەکانی ڕەسووڵزادە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دەینووسین و تێیاندا بابەتی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و پوختەی مێژوویی سۆسیالیزمی ئورووپایی بڵاودەکردەوە و لە هەندێك لە وتارەکانیشدا بۆ یەکەم جار لە ئێران بنەماکانی مارکسیزم پروپاگەندەی بۆ دەکرا. یرواند آبراهامیان، ص ١٢٠.

٣. ملك‌الشعرا بهار، تاریخ مختصر احزاب سیاسی ایران، جلد اول، چاپ ششم، تهران، ١٣٨٠، ص ٩. دیموکراتەکان لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا نەیارەکانیان بە کۆنەپارێز، دواکەوتوو، سەرمایەدار، خانەدان و ناخوێند، ناو دەبرد و ڕەخنەیان لێ‌دەگرتن. پیشین، ص ١٠.

جیهانیدا دەوڵەتی مەشرووتە لاواز بوو و لە ئاکامدا سۆسیال دیموکراتەکان (ئیجتماعیوون ـ عامیوون) چوونە پەراوێزەوە.[1]

## ب) حیزبی کۆمۆنیست:

ساڵی ١٩١٦ لە قەفقاس حیزبی عەدالەت بە ڕێبەریی «ئەسەدوڵلا غەفارزادە» لە کۆچبەرانی سیاسیی مەشرووتە شوێنی حیزبەکانی دیکەی گرتەوە و هەر ئەو حیزبە بوو، کە لە «ئەنزەلی» لە باکووری ئێران یەکەم کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست لە ئێرانی لە (٣٠ی جۆزەردانی ١٢٩٩/ ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢٠)دا پێکهێنا.[2] ڕێکخراوی حیزبی کۆمۆنیست لە تەوریز، مەشهەد، ئیسفەهان، قەزوین، کرماشان و ڕەشت و تاران دامەزرا و بەڕێوەبردنی یەکیەتییە کرێکارییەکانی بەدەستەوە گرت،[3] حیزبی کۆمۆنیست لە نێوان ساڵەکانی (١٩٢١ ـ ١٩٢٣)دا، ڕۆژنامەکانی حەقیقەت، کار و پەیکار، گۆڤاری تیۆریکی جەرەقە، حەوتوونامەی تیۆریکی خەلق، ڕۆژنامەی «اقتصاد ایران» و لە دەرەوەی وڵات بڵاڤۆکی وەك «ستارە سرخ»، ئۆرگانی تیۆریکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کە لە ڤیەننا چاپ دەبوو و هەروەها پەیکار و «نهضت»ی بڵاوکردەوە و تێیاندا بانگەشەی بۆ بابەتی مارکسیستی و هاوپێوەندیی ڕێکخستنی چینی کرێکار دەکرد.[4]

حیزبی کۆمۆنیست، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن بۆلشۆڤیکەکانەوە پشتیوانیی لێدەکرا لە هاوپەیمانی لەگەڵ جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە، کە پێگەی

---

١. افشین متین، ص ٣٩.

٢. احسان طبری، اوضاع ایران در دوران معاصر، م. ق، ص ١٣٠.

٣. م. س. ایوانف، تاریخ نوین ایران، ترجمە: حسن قائمپناە و هوشنگ تیزابی، انتشارات طوفان، تهران، ١٣٥٧، ص ٤١؛ عبدالصمد کامبخش، ص ٣١.

٤. پیشین ص ٢١.

جووتیاریی هەبوو، کۆمارێکی سۆڤیەتی سۆسیالیستیی لە گیلان، پارێزگایەکی باکووری ئێران لە نێوان ساڵانی (١٢٩٩ ـ ١٣٠٠/ ١٩٢٠ ـ ١٩٢١)دا دامەزراند.[١] لە ئەیلوولی ١٩٢٠دا کۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵات لەژێر چاوەدێریی ستالیندا لە باکۆ پێکهات و حەیدەر عەمووئۆغلی و چەند کەسی دیکە وەك نوێنەرایەتیی ئێران تێیدا بەشدار بوون. لەو کۆنگرەیەدا ڕوانگەکانی حەیدەر عەمووئۆغلی، کە لەسەر باروودۆخی ئێران نەرمتر بوو، جێی پەسندی «کۆمینتێرن»[٢] دەبێ و هەر بۆیەش وەك کەسی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیست دیاریی دەکەن. ئەم دەستێوەردانەی ستالین و کۆمینتێرن لە بڕیاری سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا نیشانەی ئەوەیە حیزبی بۆلشۆڤیکی ڕووسیە و کۆمینتێرن هەر لە سەرەتاوە خوازیاری سەپاندنی ڕوانگەکانی خۆیان بەسەر حیزبەکانی «برا»دا بوون.[٣]

ڕەزاشا ساڵی (١٣٠٦/ ١٩٢٧) حیزبی کۆمۆنیست و سۆسیالیستی بە نایاسایی ڕاگەیاند و دواتر لە ساڵی (١٣١٠/ ١٩٣١)دا دەوڵەت پرۆژەیاسایەکی لە پارلمان پەسند کرد، کە بەپێی ئەو پرۆژە یاسایە هەر کەس و دەستەیەك کە ئامانجی دژایەتی لەگەڵ سەڵتەنەتی مەشرووتە یان پشتیوانی لە بیر و بڕوای هاوبەش (کۆمۆنیزم) ڕەچاو بکا، یان ڕێکیبخا،

---

١. افشین متین، ص ٤٠.

٢. کۆمینتێرن: کورتکراوەی ئینتێرناسیۆنالی کۆمۆنیستییە، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی حیزبە کۆمۆنیستەکانی لایەنگری یەکیەتیی سۆڤیەت، کە لە پاش شۆڕشی ١٩١٧ بەهۆی لێنین لە مۆسکۆ دامەزرا. کۆمینتێرن بەگشتی بەرەی چەپی بەسەر دوو بەرەی شۆڕشگێڕ و سۆسیال دیموکراتدا دابەش دەکرد و لەگەڵ دەستپێکی جەنگی دووهەمی جیهانی هەڵوەشایەوە. داریوش آشوری، فرهنگ سیاسی، ص ١٤٤.

٣. حسن ماسالی، م. ق، ص ٥٤.

یان پێی پەیوەست بن؛ بە سێ تا دە ساڵ زیندانی سزا دەدرێ.[1] لە ئاکامی ئەم سیاسەتەدا کە ڕەزاشا بەرامبەر بە کۆمۆنیستەکان گرتیە بەر، زۆربەی سەرکردەکانی حیزبی کۆمۆنیست دەستگیر کران و هەندێکیان لە ئاکامی جەزرەبە دان لە گرتووخانەدا گیانیان سپارد.[2] بەم جۆرە چالاکیی حیزبی کۆمۆنیست تووشی وەستانی کاتی هات، قۆناغێك کە تا ساڵی (١٣١٣/ ١٩٣٤)ی خایاند.[3]

دوایین چالاکیی حیزبی کۆمۆنیست لە قۆناغی دەسەڵاتداریی ڕەزاشادا چالاکیی ئەم حیزبەیە بە ڕێبەرایەتیی د. تەقی ئەرانی، عەبدوسسەمەد کامبەخش و سەرهەنگ سیامەك.[4] چالاکیی سەرەکیی حیزبی کۆمۆنیست لەم قۆناغەدا چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری دنیا بوو، کە بەهۆی تەقی ئەرانی، دوازدە ژمارەی لێ‌دەرچوو؛ لەودا بە ڕادەیەکی زۆر بەرزتر لە ڕابردوو بۆ پەرە پێ‌دانی بنەما فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی مارکسیزم تێدەکۆشا و هەر لەم سۆنگەیەوە سەرنجی زۆر کوڕ و کچی ڕووناکبیریی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.[5] ساڵی (١٣١٦/ ١٩٣٧) پۆلیس ٥٣ کەسی بە تاوانی پێکهێنانی ڕێکخراوی نهێنیی کۆمۆنیستی،

---

١. محمدسالار کسرایی، چالش سنت و مدرنیته در ایران از مشروطه تا ١٣٢٠، تهران، ١٣٧٩، ص ٤٤١.

٢. د. یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، مێژووی هاوچەرخی ئێران، چاپی دووهەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٤٥.

٣. عبدالصمد کامبخش، م. ق، ص ٣٧.

٤. نورالدین کیانوری، خاطرات نورالدین کیانوری، موسسه تحقیقاتی و انتشاراتی دیدگاه، تهران، ١٣٧١، ص ٥١.

٥. ضیاءالدین الموتی، فصولی از تاریخ مبارزات سیاسی و اجتماعی ایران جنبش‌های چپ، تهران، ١٣٧٠، ص ٢٧٢- ٢٧٣؛ احسان طبری، اوضاع ایران در دوران معاصر، ص ١٣٥.

بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراو بە بۆنەی یەکەمی مانگی مای (ڕۆژی جیهانیی کرێکار)، ڕێکخستنی مانگرتن و وەرگێڕانی کتێبی ئیلحادی وەك کاپیتالی مارکس و مانیفێستی کۆمۆنیست ١٨٤٨، دەستگیر کرد. ئەم دەستگیرکراوانە بە ٥٣ کەس ناوبانگیان دەرکرد.[1] بەشداری لە کۆماری سووری گیلان، چالاکی تا ڕادەیەك بەرفراوانی چاپەمەنی، ڕێکخراوەیی و سەندیکایی لە هەلومەرجی لەباری یەکەمین ساڵەکانی دوای کودەتای ڕەزاخان (١٢٩٩/ ١٩٢١)دا، چالاکی بەتەواوی نهێنی قۆناغی سەڵتەنەتی ڕەزاشا و دواجار ڕۆڵی ڕۆشنگەرانەی گۆڤاری دنیا، کە بەهۆی د. تەقی ئەرانی و هاوڕێیانییەوە دەردەچوو، شوێنەوارێکی گەورەی لەسەر پەروەردەکردنی کادری مارکسیست دانا.[2] ئەمانە ئەو قۆناغانە بوون کە حیزبی کۆمۆنیستیان پێدا تێپەڕیبوو. بەپێی ئەو سەرچاوە و بەڵگەنامە مێژووییانە کە لەسەر حیزبی کۆمۆنیست لەبەردەستدان، چالاکی ئەم حیزبە لە کوردستان تەنیا لە شاری «کرماشان»دا قەتیس بووە و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی نەگرتۆتەوە.

**ج) حیزبی توودە:**

دوای ڕووخانی سەڵتەنەتی ڕەزاشای پەهلەوی (١٣٢٠/ ١٦ی ئەیلوولی

---

١. بڕوانە آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، م. ق، ص ١٩٣. بۆ زانیاریی پتر لە بارەی گرووپی ٥٣ کەسی بڕوانە: انور خامەیی، پنجاه نفر و سه نفر، خاطرات سیاسی تهران، نشر علم، ١٣٧٢.

٢. عبدالصمد کامبخش، م. ق، ص ٤١. شایانی باسە کە یەکێك لە ئەندامانی گرووپی ٥٣ کەسی کوردێکی کرماشانیی دانشتووی تاران بەناوی «حەسەن حەبیبی» بوو و ئەرانی، ڕێبەری ئەم گرووپە، ناوبراوی بە یەکێك لە ئەندامانی ئەم دەستەیە ناساندووە. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: محمدعلی سلطانی، احزاب سیاسی و انجمن‌های سری در کرماشاه از فراموش‌خانه تا خانه سیاه، جلد اول، تهران، ١٣٧٨، ص ٢٧٦، ٢٧٧.

١٩٤١)، چەپ لە ئێران ئەم جارە لە قەوارەی حیزبی توودەدا وەك بە نفووزترین هێزی سیاسی و ڕووناکبیریی ئێران لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت.[1] حیزبی توودە لە (٧ی ڕەزبەری ١٣٢٠/ ٢٩ی سێپتامبری ١٩٤١)، سێزدە ڕۆژ پاش دەست لە کار کێشانەوەی ڕەزاشا لە تاران دامەزرا،[2] دامەزرێنەرانی حیزبی توودە بریتی بوون لە کەسانێك کە سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی پێشوو بوون و دە ساڵ بوو لە زینداندا بوون، واتە بەشێك لە گرووپی ٥٣ کەسی و هەندێك کەسایەتیی میللیی ئازادیخواز.[3] هەرچەندە بەشی هەرە زۆری دامەزرێنەرانی حیزبی توودە مارکسی و هەروەك ڕووداوەکانی دواتر نیشانی دا لایەنگری قورس و قایمی یەکیەتیی سۆڤیەت بوون لە سەرەتادا خۆیان بە کۆمۆنیست نەناساند. ڕێبەرانی حیزبی بێجگە لە ترس لە زانایانی شیعە، هۆکاری دیکەی وەك قەدەغەکردنی چالاکیی «مەرامی هاوبەش» بەپێی یاسای (١٣١٠/ ١٩٣١)یان لەبەرچاو گرتبوو.[4]

حیزبی توودە زۆر زوو گەشەی کرد و توانی لە بەشێکی زۆری شارەکانی ئێران ڕێکخراوی خۆی دابمەزرێنێ. کاتێك لە )گەلاوێژی

---

١. افشین متین، م. ق، ص ٤١.

٢. یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، م. ق، ص ٣٤٦.

٣. نورالدین کیانوری، م. ق، ص ٦٧ ئەندامانی کاتیی یەکەم کومیتەی ناوەندی کە بەرپرسایەتیی «کومیتەی ئەیالەتی تاران»یشی لە ئەستۆ بوو، بریتی بوون لە: سولەیمان موحسین ئەسکەندەری (سەرۆکی حیزب)، عەباس ئەسکەندەری، ئیرەج ئەسکەندەری، د. ڕەزا ڕادمەنیش، د. مورتەزا یەزدی، د. محەممەد بەهرامی، نوورەددین ئەلەمووتی، عەبدوسەمەد کامبەخش، ڕەزا ڕووستا، ئارداشێس ئاوانسیان، عەبدولحوسێن نووشین، مەحموود بوقراتی، عەلی ئەمیرخیزی، محەممەدعەلی شەریفی و ئەبولقاسم ئەسەدی. جمعی از پژوهشگران، حزب توده از شکل‌گیری تا فروپاشی، م. ق، ص ٩٤.

٤. یرواند آبراهامیان، م. ق، ص ٢٨٤.

١٣٢٥/ ئـابی ١٩٤٦)دا قەوامولسـەڵتەنەی سـەرۆکوەزیران، سـێ پۆسـتی وەزارەتی دا بەم حیزبە، بوو بە لووتکەی سەرکەوتنەکانی حیزبی تـوودە.[١] ئەندامانی حیزب بەخێرایی زۆر بوون. ١٠٠٠ کەس لە ساڵی (١٣٢١/ ١٩٤٢)، ٢٥ هەزار کەس لە (١٣٢٣/ ١٩٤٤) و لە شـەش سـاڵدا بـوو بە ٥٠ هەزار ئەندام و ١٠٠ هەزار لایەنگر لە ساڵی (١٣٢٥/ ١٩٤٦)دا، بەجۆرێك کە تا ئەو کاتە گەورەترین هێزی سیاسی ئێران و تەنیا حیزبی گەورەی خاوەن ڕێکخستنی وڵات بوو.[٢] لەم گەشەکردنە خێرایەی حیزبی توودەدا، ئەگەر لەلایەك دروشـمەکانی وەك: خەبـات لە پێنـاو بنەبـڕ کرانـی هەژاری، لایەنگـری لە چاکسـازیی کـۆمەڵایەتی، ئـازادیخوازی و پێشـکەوتن‌دا،[٣] هۆکاریکی گرنگ بوون، لە لایەکی دیکەوە ئێریك هابزباوم وتەنی:

---

١. پیشین، ص ٣٧٣؛ تورج اتابکی، آذربایجان در ایران معاصر، ترجمه: محمدکریم اشراق، تهران، ١٣٧٢، ص ٧٨.

٢. جان فوران، مقاومت شکننده، تاریخ تحولات اجتماعی ایران از سال ١٥٠٠ میلادی تـا انقـلاب ١٩٧٩، تـرجمه احمـد تـدین، تهـران، رسـا، ١٣٧٧، ص ٤٠١. مەهـدی خانبابا تارانی کە ساڵی (١٣٣٠/ ١٩٥١) دەبێتە ئەندامی حیزبی توودە و دواتر بوو بە نەیارێکی توندی حیزب و لێی دابڕا، لە بارەی ڕوو تێکردنی خەڵك بۆ ئەم حیزبە لەو ساڵانەدا دەڵێ: «حیزبی تـوودە، حیزبێکی مۆدێرن و ئەهلی کتێب و قەڵەم بـوو، کە چەتری بەسـەر کۆمەڵگـای ڕووناکـیریی ئێران‌دا کێشـابوو و ئەوە لە نێـو خەڵك‌دا سـەرنج‌ڕاکێش بـوو، چـونکە کەسـانی خـاوەن کەسـایەتیی کۆمەڵگـا و ڕووناکـیرانی بەناوبانگ، ئەندامانی حیـزب بـوون. ئەم دۆخە لە ڕووی سـایکۆلۆژییەوە لە وڵاتێکـی دواکەوتـوودا کـاریگەریی زۆری هەبـوو. باشـترین ئەکتەرەکـان، چیرۆکنووسـەکان و شاعیرەکان ئەندامی حیزبی توودە بوون و ئەوە بوو کە ئیعتبـاری بە حیـزب دەدا، نەك زانیاری و باوەڕی بە مارکسیزم و ڕەوتێکی دیکەی سەربەخۆ و خاوەن پێگە و ئیعتبار.» حمید شوکت، گفتوگو با مهدی خانبابا تهرانی نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران، آلمان، ص ٢١- ٢٢.

٣. حمید شوکت، گفتوگو با مهدی خانبابا تهرانی، ص ٢١.

«جێی سەرسوڕمان نییە، کە حیزبە کۆمۆنیستەکان لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بەدوای سەرکەوتنی گەورەی سۆڤیەت‌دا بوونە خاوەن پێگە و هێز.»[1]

حیزبی توودە لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپ و وەرگێرانی کتێب لە بلاوکردنەوەی بیر و ئەندیشەی چەپ و ئاشناکردنی ڕووناکبیران، خوێندەواران و گەنجەکان بە ئایدۆلۆژیای مارکسی ـ لێنینی‌دا، ڕۆلێکی گەورەی هەبوو.[2] ئەدەبیاتی چەپی توودەیی، کە کاریگەریی مارکسیەکانی سۆڤیەت (لێنینیزم و ستالینیزم)ی بەسەرەوە بوو، تا چەند دەیە دواتر سەرچاوەی سەرەکی بۆ بەشێکی زۆری ئەو کەسانە بوو لە ئێران‌دا، کە لەگەل ئایدۆلۆژیای مارکسیزم ئاشنا بوون و شوێنەواری قوولی لەسەر تێڕوانین و دنیابینیی سیاسیی ئەوان هەبوو.

حیزبی توودە لە ئەنجامی چەند هەلەی ستراتێژی وەك: پشتیوانی لە دانی ئیمتیازی نەوتی باکوور بە یەکیەتیی سۆڤیەت (۱۹۴۴)، پشتیوانی نەکردن لە دروشمی میللی کردنی نەوت[3]، هێرشی تەبلیغاتیی بەربلاو لەدژی محەممەد موسەددیق و دەست لەسەر دەست دانانی لە ڕۆژی

---

۱. اریك هابزباوم، عصر نهایت ها تاریخ جهان ۱۹۱۴- ۱۹۹۱ ترجمه: حسن مرتضوی، چاپ دوم، تهران، ۱۳۸۳، ص ۹۲.

۲. فەرمانبەری چاپەمەنیی بالوێزخانەی ئینگلیس لە تاران دەلێ: «حیزبی توودە نفووزی بەسەر زۆربەی ئەو ۱۷۲ ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوەیەدا هەبوو، کە لە سالی (۱۳۲۵/ ۱۹۴۶) دەردەچوون.» برواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ص ۳۷۴. لە نێوان سالەکانی (۱۹۴۱- ۱۹۵۳) حیزبی توودە بێجگە لە نۆ بلاوکراوەی بەناوبانگ کە دەریدەکردن، خاوەن ئیمتیازی ۷۳ بلاڤۆکی دیکە بوو، کە لە شوێن بلاوکراوەی ڕاگیراودا یان سەربەخۆ دەریدەکردن. جمعی از پژوهشگران، حزب توده از شکل‌گیری تا فروپاشی، م. ق، ص ۵۲۹- ۵۳۴.

۳. اصغر شیرازی، مدرنیته، شبهه و دمکراسی (برمبنای یك بررسی موردی درباره حزب توده ایران از آغاز تا ۱۳۷۸، تهران، ۱۳۸۶، ص ۶۴

کۆدەتـای (٢٨ی گەلاوێـژی ١٣٣٢/ ١٩ی ئـابی ١٩٥٣)دا، کە هەمـوو لە بەرژەوەنـدیی سیاسـەتەکانی یەکیەتیـی سـۆڤیەتدا بـوون، تووشـی قەیرانی زۆر جیددی هات و دواجار لە پاش کۆدەتا ئیتر نەیتوانی خۆی بگرێتەوە و ڕۆژبەڕۆژ چ لە ڕووی ڕێکخستنەوە و چ لە ڕووی فکرییەوە چووە پەراوێزەوە و لە شانۆی سیاسیی ئێراندا شوێنەواری نەما.[1]

بەڵام قەیراناویترین چاخی مێژوویی حیزبی تـوودە لە دوای شۆڕشی ئێران تۆمار کرا، واتە کاتێك ئەم حیـزبە لە نێوان سـاڵانی (١٣٥٧ ـ ١٣٦٢/ ١٩٧٩ ـ ١٩٨٣) سەرەڕای بەربەرەکانیی تونـدی حکوومەت لەگەڵ زۆربەی هێزە چەپەکان، هەروا درێژەی بە پشتیوانیی خۆی لە دەسەڵات دا. دواجار ئەم حیـزبەش بە چارەنووسـی هێزە چەپەکـان دوچـار بـوو و کەوتە بەر هێرش،[2] بەجۆرێك کە داری لەسەر بەردی نەما و پێناچێ جارێکیتر ڕاست بێتەوە. لەم چارەنووسەدا کە حیزبی توودەی ئێرانی تووش هـات، تەسلیمبوونی ئەم حیـزبە بە ستالینیزم و گـوێڕایەڵیی تەواو بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت لە نێو کۆمەڵێك هۆکاردا سەرەکیترینیان بوون.

**د) ڕەوتی چەپی نوێ:**

دوای شکسـتی چەپە مارکسـییەکان و بە پـلەی یەکەم حیزبـی تـوودە لە دەیەی (١٣٣٠/ ١٩٥٠)دا، وەچەیەکـی نـوێی چەپـی کۆمۆنیسـتی لە دەیەی

---

١. د. محمدعلی همایون کاتوزیان، اقتصاد سیاسی ایران (از مشروطیت تا پایان سلسله پهلوی)، ترجمە: محمدرضا نفیسی و کامبیز عزیزی، چاپ دوازدهم، تهران، ١٣٨٥، ص ٢٢٤.

٢. افشین متین، م. ق، ص ٤٢. لایەنگریی کوێرانە و وەفاداریی نۆکەرانەی لە چەشنی حیزبی توودە کە زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین وا بوون لەمپەرێکی گەورە لە بەردەم گەشەی حیزبی توودە لە ئێراندا بوون. فرد هالیدی، دیکتاتوری و توسعە سرمایەداری در ایران، مترجم: فضل‌الله نیک‌آیین، تهران، ١٣٥٨، ص ٢٤٩.

(١٣٤٠/ ١٩٦٠) لە ئێـران لەدایـك‌بوو. وەچەی نـوێی مارکسـییەکان لە ڕێکخستن بە ڕێبازی حیزبی توودە، کە تەنیا لە هەلومەرجی یاسایی و نیوە یاساییدا توانای چالاکی هەبوو و پشت‌ئەستوور بە هێزی دەرەکی بـوو، دوورکەوتبـۆوە و هەوڵـی دەدا، کە ڕێکخـستنێکی سـەربەخۆ لە نفووزی دەرەکی پێك‌بێنێ و زۆرتر بەئەزموونی شۆڕشەکانی چین، کووبا، جەزائیر و ڤیەتنام سەرسام بوو تـاکوو ئەزموونی شۆڕشـی بۆلشـۆڤی، کە تایبەتی وەچەی چەپی کلاسیکی بوو.[1]

لە کۆتـایی دەیەی (١٣٤٠/ ١٩٦٠)دا چەنـد گرووپـی مارکسیـستی کە دەکەوتـنە خـانەی چەپـی نـوێ، دروسـت بـوون،[2] هەر لە کۆتـایی ئەم دەیەیەدا بـوو گەرای یەکەم ڕێکخستنی چەپـی مارکـسی -لێنینیـی کـوردیش لە ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان پێکهـات. ئەو ڕێکخـستە کە لە (٢٦ی ڕێبەنـدانی ١٣٥٧/ ١٥ی شـوباتی ١٩٧٩) لەژێـر نـاوی «کـۆمەڵە، ڕێکخـراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردسـتانی ئێران»[3] چـالاکی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند.[1]

---

١. مازیـار بهـروز، شورشـیان آرمـانخواه (ناکـامی چـپ در ایـران)، تهـران، ١٣٨٠، ص ٨٤- ٨٥.

٢. فرد هالیدی، م. ق، ص ٢٥٠.

٣. سەرکردەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سـەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩ و دەڵێن لەو سـاڵانەدا (١٩٦٩- ١٩٧٩) چالاك بووین، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەم ئیددیعایە نییە. کۆمەڵە بەڕەسـمی لە (٢٦ی ڕێبەنـدانی ١٣٥٧/ ١٥ی شـوباتی ١٩٧٩) چـالاکی خـۆی ڕاگەیانـد. سـەرەتا وەك ڕێکخراوێکی مارکسـی سـەربەخۆ لەلایەن دەسـتەیەك لە خوێنـدکارانی کوردی زانکۆی تاران و تەورێز وەك ڕێکخراوێکی کوردی- ئێرانی دامەزرا و مـاوەی دە ساڵ لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی ماویزمدا بوو. سـاڵی (١٣٦٢/ ١٩٨٣) کـۆمەڵە لەگەڵ ڕێکخراوێکی بچووکی مارکسـی ئێرانی بەنـاوی «اتحاد مـبارزان کمونیـست»

---

(سهند) حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان دامەزراند و خۆی بوو بە لقی کوردستانی ئەو حیزبە. حیزبی کۆمۆنیست لە ساڵانی دواتردا چەندین جار تووشی لێکترازان و دابڕان هات کە هیچ کامیان ناوی کومەڵەیان لەسەر خۆ وەلانەنا. (مازیار بهروز، م. ق، ص ۳۲۲؛ نادر انتصار، س. پ، ل ۱۰۰-۱۰۱). لەسەر دامەزران، ئایدۆلۆژی، چالاکی و چارەنووسی «کۆمەڵە» بڕوانە: بەهمەن سەعیدی، سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە (سکرتێری کۆمەڵە)، دیدارێکی تایبەت بە مێژووی سی ساڵەی کۆمەڵە و کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی چەپ، سلێمانی، ۲۰۰۹؛ بەهمەن سەعیدی، پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵلا موهتەدی (سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)، وتووێژێکی تایبەت بە مێژووی چل ساڵەی کۆمەڵە، کوردستانی ئێران، حیزبی کۆمۆنیست، بزووتنەوەی چەپ و داهاتووی ئێران، سلێمانی، ۲۰۱۰؛ مەلەکە، ڕەزا و حیشمەت مستەفاسوڵتانی، کاک فوئاد مستەفاسوڵتانی کێ بوو؟ ئامانجی چی بوو؟ چۆن گیانی بەخت کرد؟ سلێمانی، ۲۰۱۴.

۱. شایانی باسە لە نێو ئەو گرووپە چەپە مارکسیانەدا، کە هەڵگری ئەم گوتارە نوێیە بوون لە دەیەی ۶۰ی سەدەی بیستەم، ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران (۱۳۴۲/ ۱۹۶۴) لە نێوخۆی وڵات و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودە (۱۳۲۴/ ۱۹۴۵)، کە کاریگەریی ماویزمیان بە سەرەوە بوو لە دەرەوەی وڵات گرینگترینیان بوون؛ بهزاد کریمی، طرح اولیه پیرامون سیر گفتمانی ما، آلمان، کلن، ۱۹ بهمن ماه ۱۳۹۴، ص ۲۲- ۲۹.

## باسی سێهەم: دەرکەوتنی بیری چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وەکوو لە خوارەوە باسی دەکەین، هاتنی بیری چەپ و سەرهەڵدانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەك چاخدا و بەیەك شێواز نەبووە، ئەگەر هاتنی سپای سووری یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ ناوچەکانی باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵات شوێنەواری ڕاستەوخۆی لەسەر بڵاوبوونەوەی بیری چەپ لەو دەڤەرە دانابێ، ئەوە زۆر پێش ئەم ڕووداوە لە باشووری کوردستان (کرماشان) بەهۆی پێشکەوتوویی ئەم شارە و هەروەها وەك ناوەندێکی گەرموگوڕی ڕووداوە سیاسییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران (بزاڤی مەشرووتە)، گەرای بیری چەپ تێیدا پێشکەوتووە و گەشەی سەندووە.

بە هەڵاییسانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ - ١٩١٨) سپای ڕووسیە، بێلایەنیی ئێران لەم شەڕەدا پێشێل دەکا و نە تەنیا خاکی ئەم وڵاتە داگیر دەکا، بەڵکوو ناوچەکانی باکووری ڕۆژاوای ئێران دەبێتە گۆڕەپانی پێکدادانی ئەم سپایە لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی.[1] لە ناوچەی موکریان و بەتایبەتی لە شاری مەهاباد کەسانێك دەکەونە ژێر کاریگەریی

---

١. ا. آ. گرانتوسکی و دیگران، تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ترجمە: کیخسرو کشاورز، چاپ سوم، تهران، ١٣٦١، ص ٤٠٥- ٤٠٦؛ عەزیز وەلیانی، کارەساتێکی مێژوویی ١٩١٦ز، کوشتاری خەڵکی کورد بەدەست سپای ڕووسی تزاری، ١٣٩٦، ل ١١٢- ١١٧.

بانگەشە و بیروبۆچوونی ئەو ئەفسەرانە کە لایەنگری حیزبی سۆسیال دیموکرات (کۆمۆنیست)ی ڕووسیە بوون و لە سپای ئەو وڵاتەدا بوون. سەرۆکی ئەمانە کەسێك بوو بەناوی «حەمەهەتیو» ئەمانە بە بۆلشۆڤیکەکانی مەهاباد ناوبانگیان دەرکرد و دروشمەکەیان ئەوە بوو، کە دەبێ فەقیر و هەژار سەرکەوێ و دەوڵەمەند نەمێنێ.[1] ئەم کۆمەڵە خۆیان وا پیشان دەدا، کە هەوڵ دەدەن بۆ جێگیرکردنی بنەماکانی سۆسیالیستی و سیستمی یەکسانی لە نێو کۆمەڵدا، بەبێ ئەوەی زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر تیۆری و پرەنسیپی کۆمەڵگای سۆسیالیستی هەبێ و زۆرتر جەختیان لەسەر ژیانی یەکسانی و دابەشکردنی زەوی و بەرهەم و سامانی گەورە دەوڵەمەندەکان دەکردەوە.[2] حەمەهەتیو دواتر لەلایەن دەستەیەك دەوڵەمەند و توێژی سەرەوەی کۆمەڵەوە کوژرا.[3]

کرماشان نە تەنیا یەکێك لە ناوەندەکانی بزاڤی مەشرووتە، بەڵکوو یەکێك لە شوێنەکانی دەرکەوتنی سۆسیال دیموکراسیش بوو. حیزبی

---

١. برایم فەرشی، سەدەی کارەسات (گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلووریان)، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٣- ١٤. هەر لەم قۆناغەدا کە سپای ڕووسیە لە کوردستان بووە، قازی محەممەدیش پێوەندیی هەبووە بە شانەکانی بۆلشۆڤیك کە لە ڕیزی هێزەکانی ڕووسیەدا لە ئێران کاریان دەکرد. د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د. خەلیل عەلی موراد، مێژووی ئێران و تورکیا. توێژینەوەیەك لە مێژووی تازە و هاوچەرخ، وەرگێرانی: بەهائەددین جەلال مستەفا، هەولێر، ٢٠١١، ل ٢٤٩.

٢. فاتح ڕەسوول، بنچینەی مێژوویی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی دووهەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١١١.

٣. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆلم، ١٩٩٦، ل ١٤١. دەڵێن: تێکۆشانی حەمەهەتیو و هاوڕێیانی لە کۆمەڵێك بەناوی «محەممەدی»دا بووە. فاتح ڕەسوول، س. پ، ل ١١١؛ کەریم حیسامی، س. پ، ل ١٤١. بەڵام هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەم ئیدیعایە لە بەردەستدا نییە.

سۆسیال دیموکرات یەکەم حیزبی سۆسیالستی چەپگەرای ئێران لە کرماشان لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا (۱۹۱۷) بە هاویریی ئەبولقاسم لاهووتی[1] و بەهۆی کۆلۆنێل محەممەدتەقیخانی پسیان و میرزا حوسێنخانی موعاوین دامەزرا و بەم جۆرە جوولەی سیاسی و پێکهاتنی حیزبە سۆسیالیستە چەپەکان لە جەنگی یەکەم تا کۆدەتای ۲۸ی گەلاوێژ (۱۹ی ئابی ۱۹۵۳) و لە دوای ئەو لە شاری کرماشان بەرچاوە.[2] چالاکیی کەسایەتیی کوردی کرماشانی لاهووتی لە چوارچێوەی بیری چەپدا بەجۆرێکە، کە بەهۆی شیعرەکانییەوە، کە تێیاندا لایەنگری شۆڕش و زەحمەتکێشان دەکا، نازناوی یەکەم شاعیری پرۆلیتاریی ئێرانی پێدەبەخشرێ.[3] لە شاری سنەش لە ساڵانی (۱۹۱۷ ـ ۱۹۱۸)دا دەستەیەک لە

---

۱. ئەبولقاسم لاهووتی، ساڵی ۱۸۷۷ لە خێزانێکی هوشیار و خوێندەواری کورد لە شاری کرماشان هاتۆتە دنیاوە، باوکی میرزا ئەحمەد شاعیر بوو، لاهووتی خوێندنی لای زانایانی ئایینی ناوچەکە تەواو کردووە، مرۆڤێکی خوێنگەرم و شۆڕشگێڕ بوو، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە کەوتە نێو ژیانی سەخت و پڕ لە کارەسات. ساڵی ۱۹۰۵ بەشداریی بزاڤی مەشرووتەی کرد، لە دواییدا ئێرانی جێهێشت و دەورووبەری جەنگی یەکەمی جیهانی گەڕایەوە ئێران و کەوتە تێکۆشان دژی ستەمکاری و چەوساندنەوە. ساڵی ۱۹۲۲ لە شاری تەوریز بزاڤێکی لە دژی ڕەزاشای پەهلەوی وەڕێخست، کە بە ڕابەریی ژاندرمەکان بەناوبانگە. ڕاپەڕینەکە تێکشکا و لاهووتی بە یەکجاری ڕووی کردە یەکیەتیی سۆڤیەت و ماوەیەکی زۆر لە شاری دووشەنبە پێتەختی تاجیکستان ژیا. لە کاروباری دەوڵەتیی لە سۆڤیەت پلەی بەرزی هەبوو. ساڵی ۱۹۵۷ لە مۆسکۆ کۆچیدوایی کرد. فاتح ڕەسووڵ، ل ۱۶۰.

۲. محمدعلی سلطانی، احزاب سیاسی و انجمن‌های سری در کرمانشاه (از فراموش‌خانه تا خانه سیاه)، جلد اول، تهران، ۱۳۷۸، ص ۱۳۴- ۱۳۵.

۳. احسان طبری، از دیدار خویشتن (یادنامه زندگی)، بەکوشش ف. م شیوا، نشر باران، سوئد ۱۹۹۷، ص ۱۳۳.

بازرگانانی چینی خوارەوە و لەژێر کارتێکەریی دیموکراتەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێران، حیزبی سۆسیال دیموکراتیان دامەزراند. کاتێک قاتوقڕی لە کوردستان گەیشتە لووتکەی خۆی، ئەمانە شارەکەیان بەدەستەوە گرت و دەستیان بەسەر دانەوێڵەی شاردراوە لە عەمبارەکانی دەسڕۆیشتووەکان، بەتایبەت «فەرەجوڵڵا ئاسەف»دا گرت و لە نێو خەڵکدا دابەشیان کرد. لەسەر ئەم بنەمایە هەندێک کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە تۆوی بیری چەپ لەم ساڵانەدا چێندرا.[1] لە سەرەتای ساڵی ١٩٢١دا (حیزبی سۆسیالیست)[2] لقی خۆی لە سنە دامەزراند، تاکوو لە ساڵی ١٩٢٦دا بە زۆر هەڵوەشێندرا.[3]

هاتنی سپای سوور لە ساڵی ١٩٤١ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاکام دا هەڵوەشانی دەسەڵاتی ناوەندی، کە خەڵک بیرەوەریی تاڵیان لێی هەبوو، پشتیوانیکردنی یەکیەتیی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستان، سۆز و خۆشەویستی بۆ بیری چەپ لە نێو ڕووناکبیران، بەتایبەتی لە ناوچەی موکریان پێکدێنێ و ئەو سەرنج پێدان و سۆزە بەتایبەتی لە شێعری شاعیرانی بەناوبانگی ئەو سەردەمەدا دەبینین،[4] ئۆ. ی. ژیگالینا کوردناسی سۆڤیەتی لەم بارەیەوە دەڵێ: «کوردەکان بوونی هێزەکانی

---

١. عباس کاکەیی، بررسی مقابسەای جنبش چپ در کردستان ایران و ترکیە، ڕۆژەڤ، فصلنامە سیاسی- اجتماعی، فرهنگی، شمارە ٤- ٥، زمستان و بهار، ١٣٨٥، ص ١٨١.

٢. حیزبی سۆسیالیست: لە پارلمانی چوارەم حیزبێک بەناوی سۆسیالیست لە کۆی سەرکردەکانی دوو حیزبی دیموکرات و ئیعتدال پێکهات. مەرامی حیزبی سۆسیالیست، کە کەمینەی پارلمانی چوارەمی پێکدەهێنا، سۆسیالیزمی مەیلەو ڕێبازی کۆمۆنیزمی ڕووسی بوو. ملك‌الشعرا بهار، م. ق، ص ١٣٠.

٣. عباس کاکەیی، م. ق، ص ١٨١.

٤. بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢.

سۆڤیەت لە ئێرانیان وەك گەرەنتییەك دەبینی بۆ چالاکیی نەتەوەیی و دیموکراتیکی خۆیان. ئەوان کە لە سنوورەکانی سۆڤیەتی دەژیان بە ئەرێنی دەیانڕوانییە ئەو وڵاتە و بە لایەنگری لێی پڕوپاگەندەی بەربڵاویان وەڕێخستبوو،[1] تەنانەت دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی لاوانی کوردستان لە مەهاباد لە شێوەی ڕێکخراوی لاوانی سۆڤیەت (کۆمسۆمۆل) بەهۆی هاتنی ئەفسەرانی سپای سوور بۆ ئەم ناوچەیە بوو.[2]

چالاکیی حیزبی توودە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، فاکتەرێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی بیر و ئەندیشەی چەپ بوو، مەهدی خانبابا تارانی، کە پێتر لە سێ دەیە چالاکی بواری چەپ بوو، دەڵێ: «ئەندیشەی چەپ

---

١. لازاریف و دیگران، تاریخ کردستان، ترجمە: منصور صدقی و کامران امین‌آوە، انتشارات فروغ، فروردین‌ماه ١٣٨۶، ص ٢٢٧.

٢. غەنی بلووریان لەم بارەیەوە دەڵێ: «جیا لە ماوژۆر عەبدوللاتۆف، ئەفسەرێکی سۆڤیەتی هەبوو بەناوی «جەعفەرۆف». کوردی ئەرمەنستان بوو، جەعفەرۆف بەڕواڵەت سەرۆکایەتیی تیپی وەرزشیی سەربازەکانی سۆڤیەتی لە ورمێ بە ملەوە بوو، ئەو جارجارە لەگەڵ چەند یاریکەرێکی ڕووسی لە «ورمێ»وە دەهات بۆ مەهاباد و لەگەڵ ئێمە قوتابییەکانی قوتابخانەی ئامادەگی بەناوی «دەبیرستانی پەهلەوی» یاری والیاڵ (باڵە)مان دەکرد. ناوبراو هەموو جارێ چەند ڕۆژنامەی کوردی «ریا تازە»شی بۆ دەهێناین، کە لەلایەن کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەتەوە لە ئیرێڤان دەردەچوو. من ئەو ڕۆژنامەیەم دەخوێندەوە. لە دەقی وتارێکی ئەو ڕۆژنامەیەدا باسی «کۆمسۆمۆل» کرابوو. لە «جەعفەرۆف»م پرسی کۆمسۆمۆل چییە؟ ئەو ناوەکەی بۆ شیکردمەوە و گوتی کۆمسۆمۆل سازمانی جەوانانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتە. ئەو ناوە سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ماوەیەك بیرم لێ‌کردەوە و سەرەنجام بڕیارم دا بۆ دروست کردنی سازمانی جەوانانی کورد لەگەڵ ژمارەیەك دۆستی نیزیکم قسەم کرد، بەڵکوو بەیەکەوە بۆ دروست‌کردنی سازمانی جەوانان هەوڵ بدرێ و... بەم جۆرە لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ١٣٢١ (١٩۴٢)دا سازمانی جەوانانی کوردمان دامەزراند، غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، ستۆکهۆلم، ١٩٩٧، ل ٢١- ٢٢.

قەرزداری حیزبی توودەیە و وەك دایکی هەموو حیزبەکانی ئێران و دواتر کوردستانە».[1] حیزبی توودەساڵی ١٩٤٥ بە فەرمی لقی خۆی لە کرماشان دامەزراند.[2] عەلی عەموویی،[3] کە هەر ئەو ساڵە (١٣٢٤/ ١٩٤٥) لە کرماشان دەبێ بە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی ئەو حیزبە، سەبارەت بە چالاکی حیزبی توودە لەو سەردەمەدا دەڵێ: «ناوی حیزبی توودە ماوەیەك بوو کەوتبووە سەر زمانان و هەر کات وشە و زاراوەیەکی نوێی وەك «ئیستیعمار و ئیستیعمارگەر» بە زمانی کەسێك‌دا دەهات، حیزبی توودە و توودەیی‌یەکانی بە بیردا دەهات.»[4]

---

١. مهدی خان‌بابا تهرانی، جلد دوم، تهران، ١٣٨٠، ص ٥١٠. حیزبی توودە یەکەم حیزبی مارکسیستی ئێران نەبوو، بەڵام دەکرێ وەك بەناوبانگترین و کاریگەرترین حیزبی کۆمۆنیستی مێژووی ئێران بێتە ئەژمار، زۆربەی حیزبە مارکسییەکانی کە لە پاش ئەو حیزبە پێکهاتوون، ڕیەرەکانیان ڕاهێنراو یان دابڕاو و وەلانراوی ئەو حیزبە بوون، هەر بۆیە دەکرێ حیزبی توودە وەك حیزبی دایکی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئێران دابنرێ. علیرضا اقبالی، مقدمه‌ای بر تشکیل سرمایه و تفکر اقتصادی احزاب و گروه‌های سیاسی در ایران، تهران، ١٣٨١، ص ١٩٤.

٢. محمدعلی سلطانی، احزاب سیاسی و انجمن‌های سری در کرمانشاه، جلد دوم، ١٣٧٨، ص ٣٠٤.

٣. محەممەدعەلی عەموویی لە ساڵی (١٣٠٣/ ١٩٢٤) لە شاری کرماشان لەدایك‌بووە، لە قۆناغی دواناوەندی‌دا دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی توودە، ساڵی (١٣٢٦/ ١٩٤٧) دەچێتە کۆلێژی ئەفسەری و بە ڕێکخراوی نهێنی سەربازیی حیزبی توودە پەیوەست دەبێ. ساڵی ١٩٥٤ مولازم عەلی عەموویی دەستگیر دەکرێ و تا ساڵی (١٣٥٧/ ١٩٧٩) لە زیندان دەمێنێتەوە، لە پاش شۆڕش وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی توودە چالاکی هەبوو و دواجار لەلایەن دەزگای ئاسایشی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گیرا و بۆ ماوەی نزیك بە دە ساڵ لە زینداندا بوو. جمعی از پژوهشگران، حزب توده از شکل‌گیری تا فروپاشی، م. ق، ص ٥٥٣.

٤. علی عمویی، درد زمانه (خاطرات)، چاپ چهارم، نشر اشاره، ١٣٨٠، ص ١٨.

حیزبی توودە لە ناوچەی موکریان بەڕەسمی ڕێکخراوی خۆی دانەمەزراند. دیارە ئەوە بەو مانایە نەبوو، کە ئەم حیزبە چالاکی یا ئەندام و لایەنگری لەو ناوچەیە نەبووبێ، هێمن موکریانی کە لەو سەردەمەدا چالاکیی سیاسیی هەبوو، دەڵێ: «چاپەمەنییەکانی ئەو حیزبە ئاڵوگۆڕێکی فکرییان لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا پێکهێنابوو، تەنانەت چەند کەسی کورد و ئەرمەنی هەوڵیان دا لقی ئەو حیزبە لە موکریان دابمەزرێنن. بەڵام خەڵک پێشوازیی لێنەکردن.»[1] هەروەها کۆمەڵەی ژ. ک.یش لەمپەرێك بوو بۆ کردنەوەی لقی تایبەتی حیزبی توودە لە کوردستان و لەم بارەیەوە لاریی هەبووە.[2]

حیزبی توودە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و گەڕانەوەی ڕیبەرانی لە دەرەوەی وڵات، لە زۆربەی شارەکانی ئێران، بێجگە لە کوردستان نووسینگەی خۆی دامەزراند. ئەو حیزبە لە ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ (١٢ی ئابی ١٩٧٩) دوای نزیك بە حەوت مانگ پاش شۆڕش، دەستپێکی چالاکیی ئاشکرای خۆی لە کوردستان ڕاگەیاند.[3] هۆکاری سەرەکیی بە درەنگ کردنەوەی نووسینگەی حیزبی توودەی ئێران لە کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی

---

١. هێمن موکریانی (لە کوێوە بۆ کوێ)، چاپی یەکەم، بەهاری ٢٧٠٨ی کوردی، ل ٣٥.

٢. عەزیز شەمزینی، جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٣٢٥.

٣. نامە مردم، ارگان مرکزی حزب توده ایران، شماره ٥٢، مرداد ماه، ١٣٥٨. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: د. یاسین سەردەشتی، هەڵوێستی حیزبی توودە لە ئاست کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١- ١٩٨٣)، سلێمانی، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، ٢٠٠٥؛ کامران امین‌آوە، چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر روشنگری، آلمان، ١٣٩٥.

کوردستانەوە بە هیوای ئەوە بوو ئەم حیزبەش وەك لقی کوردستانیی حیزبی توودە چالاکیی هەبێ، هەر وەك ئەم پرۆژەیەی لە هەمبەر فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان (١٣٢٤/ ١٩٤٥) لە ساڵی (١٣٣٩/ ١٩٦٠) بە ئەنجام گەیاند.[1] بەڵام پاش ئەوەی هەوڵەکانی بۆ ئەو ئامانجە، کە پتر لە سێ دەیەی خایاند، بێ‌سوود بوو، ڕاستەوخۆ لە کوردستان دەستی کرد بە چالاکی.

هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بیری چەپ لە ئێران‌دا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شوێنەواری چالاکیی ئەم بیرۆکەیە دەرکەوتووە. شاری کرماشان، کە لە ڕووی ئابووری ـ کۆمەڵایەتییەوە ناوەندێکی پێشکەوتووتر بوو لەچاو ناوچەکانی دیکەی کوردستان، شاهیدی چالاکیی هەر سێ قۆناغی ڕێکخستنەکانی مێژوویی چەپ (سۆسیال دیموکراسی، حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی توودە) لە ئێران‌دا بووە. بە هاتنی سپای سووری سۆڤیەتی بۆ ناوچەکانی باکوور و موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەم سۆنگەیەوە هەڵوەشانی دامودەزگای دەوڵەتی ناوەندی لەم ناوچانە و بانگەشەی ئەم وڵاتە بۆ داکۆکی‌کردن لە گەلانی ژێردەستە و پشتیوانی لە کۆماری کوردستان و دامەزراندنی و چالاکیی حیزبی توودە، فکرەی چەپ بە شوێنەکانی دیکەی کوردستانیش‌دا بڵاوبۆوە.

---

١. لە پلینۆمی شەشەمی حیزبی توودە لە خەرمانانی ١٣٢٨ (سێپتامبری ١٩٤٩)دا کومیتە ناوەندیی حیزبی توودە بڕیاری دا وتووێژ لەگەڵ فیرقەی دیموکرات -کە لە سەردەمی چەشم‌ئازەرەوە بێ ئاکام مابۆوە- درێژە پێ‌بدا. لە پلینۆمی حەوتەم (بەرفراوان) گەلاوێژی ١٣٣٩ (ئابی ١٩٦٠) ڕێ‌وشوێنی یەکیەتی ئەم دوو حیزبەی پەسند کرد. احسان طبری، کژراهە، م. ق، ص ١٩٥.

## باسی چوارەم: حیزبی ئازادیی کوردستان (١٩٣٨)

حیزبی ئازادیی کوردستان لە هەلومەرجێکدا دامەزرا، کە سیاسەتی دیکتاتۆریيانەی ڕەزاشا لە ئێران و بە ناوەندیکردنی دەسەڵات، تێکشکاندنی بزووتنەوە خێڵەکییە چەکدارییەکانی کوردی بە دواوە بوو. عەشیرەتە کوردەکان چەك کران، زۆربەی سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد گیران و لە کوردستان دوور خرانەوە و تا ڕووخانی دەسەڵاتەکەی، ستەمی ڕەزاشا و دەسەڵاتی پۆلیسیانەی لە کوردستاندا هەموو جۆرە جووڵانەوە و چالاکییەکی سیاسی و کولتووریی کوردی قەدەغە و سەرکوت کرد.[1] گەلێك توندوتیژیی ناڕەوا دەرهەق بە نەتەوەی کورد و لە ڕاستیدا بە تێکڕای پێکهاتەی داب و ئاکاری ژیانیان کرا. ڕەزاشا بێگرینگی دان و لەبەرچاو گرتنی ئەو مەسەلەیە، بڕیاری دا سیاسەتەکانی خۆی بسەپێنێ و گوێ بە ئاکامەکانیش نەدا و هەموو بەرگرییەك بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت کرا.[2] ئامانجی ڕەزاشا پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرن، یەکە و ناوەندی بوو و بۆ گەیشتن بە ئەم مەبەستە ڕێگەچارەی لەسەر بنەمای دروست بوونی یەك

---

١. جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٢٦٣.

٢. د. وەدیع جوەیدە: جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد و بنەما و پەرەسەندنی، و: د. یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٥١٨

نەتەوە و یەك زمان دەدۆزییەوە.[1] ئەمەش، واتە «نەتەوەسازی و یەکرەنگ کردنی کولتووری» کە تەنیا لە ڕێگەی تواندنەوەی نەتەوە غەیرە فارسەکان لە نەتەوەی فارس‌دا وەدی دەھات، ڕێبازێك بوو کە بە بەکار ھێنانی ئامراز و ئەھرومەکانی دەسەڵاتی خۆی، واتە سپا و بۆرۆکراسیەکی لە حاڵی پەرەئەستاندا، پەیڕەو دەکرا.[2]

لەم دۆخە ناھەموارەدا یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کوردی لە ڕۆژھەڵاتی کوردستان بەناوی حیزبی ئازادیی کوردستان لە مانگی جوونی ١٩٣٨دا دامەزرا.[3] بەھۆی نهێنی‌کاری و ھەڵسووڕانی پڕ مەترسی

---

١. الکساندر ماتیل: دایرةالمعارف ناسیونالیسم، ت: کامران فانی و محبوبه مهاجر، ج ٣، تهران، ١٣٨١، ص ١٠٠٥.

٢. امیر سجادی: ژ. ك از پارادایم فربه‌سازی فرهنگی تا رادیکالیسم سیاسی، ڕۆژنامە، ژ ١٧، ل ٧.

٣. حامید گەوھەری: کۆماری کوردستان، ھەولێر، چاپخانەی شەھاب، ٢٠١١، ل ٢٢. لەسەر ناو و مێژووی دامەزرانی ئەم حیزبە نووسەران و لێکۆڵەران کۆك نین، چونکە بەڵگە و دیکومێنتی پێویست لەم بارەیە لە بەردەست‌دا نیە. د. یاسین سەردەشتی لە لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەم حیزبە بەناوی «سەرنجێکی مێژوویی لە حزبی ئازادیی کوردستان»دا دەنووسێ: «ئەم ڕێکخراوەیە لە سەرچاوەکاندا بەناوی جیاواز ھاتووە وەك: کۆمەڵی ئازادیخوازانی کورد، کۆمەڵی ئازادیخوازی کوردستان، حیزبی ئازادیخوازی کوردستان، حیزبی ئازادیخوازی کورد ھاتووە. ئێمە «حیزبی ئازادیی کوردستان»مان لە تێکرای ئەوانە پێ ڕاسترە، چونکە لە مەرامنامەکەی حیزب‌دا، ناوی بەم شێوەیە ھاتووە.» د. یاسین سەردەشتی: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژھەڵاتی کوردستان، ب ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٣٧. ھەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ك) لە ڕاپۆرتێکی گشتی‌دا کە بۆ «مۆلۆتۆف»، وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی ناردووە، مێژووی «ژ. ك»ی بە مێژووی حیزبی ئازادیی کوردستانەوە گرێ داوە و لە بارەی دامەزران و مێژووی «ژ. ك»ەوە نووسیویەتی: «حیزبی ئێمە لە مانگی یوونی ساڵی ١٩٣٨ دامەزراوە، بەڵام بەھۆی کونترۆڵی توندوتیژیی حکوومەتی

ئەو قۆناغە تا ئێستا، بەڕوونی ناوی تێکڕای بناغەدانەران و دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا نەخراوەتە بەرچاو، بەڵام بەگشتی ناوی بەشێك لەوانە دەرکەوتووە کە تێکڕایان لاوی مەهابادی بوون، وەك: حوسێن فرووهەر (زێڕینگەران)، کەریم یاهوو، مەحموود ڕاتبی، حوسێن میکائیلی، محەممەد نانەوازادە بە سەرۆکایەتیی ڕووناکبیری مەهابادی «عەزیز مەلا زەندی» کە بە «عەزیز ئاڵمانی» یان «دوکتۆر عەزیز زەندی» ناو دەبرێ.[1]

ژیان و چالاکیی سیاسیی حیزبی ئازادی بە دوو قۆناغی جیاواز دابەش دەبێ. یەکەمیان لە کۆتایی سییەکان و ترۆپکی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ڕەزاشا، دووهەمیشیان لەگەڵ داگیرکردنی ئێرانە لەلایەن هێزە

---

ئێران چالاکییەکی زۆری نەبووە.» (حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩، ل ٢٢)؛ بۆ بینینی دەقی ئەم ڕاپۆرتە کە بەزمانی تورکیی ئازەربایجانی نووسراوە، بڕوانە: هـ. س. ل ٢٢٥- ٢٢٩. لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا کە بەهۆی وەزیری جەنگی ئێران بۆ عەلی سوهەیلی، سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی ئێران ناردوویەتی و لەلایەن لەشکری چواری کوردستانەوە ئامادە کراوە و دەقی «مرامنامه حزب آزادی»یشی لەگەڵ هاوپێچ کراوە، مێژووی دامەزرانی ئەم حیزبە بۆ ساڵی ١٩٣٩ دەگەڕێتەوە؛ بهروز طیرانی: اسناد احزاب سیاسی ایران، ١٣٢٠- ١٣٣٠، انتشارات سازمان ملی ایران، تهران، ١٣٧٦، ص ٢٥- ٣٠. بەهۆی ئەوەی زۆربەی دەستەی پێکهێنەرانی ژ. ك دامەزرێنەرانی حیزبی ئازادی بوون، دەبێ ئەوان باشتر ئاگاداری مێژووی لەدایك بوونی ئەم حیزبە بن. بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢.

١. د. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩- ١٩٧٩)، چ ٢، سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٦٥. مەحموودی مەلا عیززەت دەڵێ: «لە دامەزرێنەرە بەناوبانگەکانی حیزبی ئازادی: مەلای داودی، حوسێن فرووهەر، عەبدوڕڕەحمان زەبیحی بە ڕابەریی عەزیزخانی زەند بوون.» مەحموود مەلا عیززەت، کۆماری میللیی مەهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، بەشی یەکەم، چاپخانەی شەهید ابراهیم عزو، ١٩٨٤، ل ٦١ .

هاوپەیمانەکان لە ٢٥ی ئابی ١٩٤١ و ڕووخانی حوکوومەتی ڕەزاشا و هەڵوەشاندنەوەی لەشکری شاهەنشاهی[1] و لە ساڵی ١٩٤١دا کۆتایی بە چالاکیی ئەم حیزبە هات. ناکۆکیی ئایدۆلۆژی و فکری لە نێو دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە بوو بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ئازادیی کوردستان. ئەم حیزبە بەکردەوە بەسەر دوو باڵدا دابەش بوو. عەزیز زەندی بەهۆی سەفەرێکی کە بۆ ئاڵمان کردبووی و لە نزیکەوە شاهیدی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئاڵمانییەکان بوو، لایەنگریی زۆری بۆ ئاڵمان هەبوو و لە لایەکی تر عەبدوڕڕەحمان زەبیحی و حوسێن فرووهەر بە لای سۆڤیەتدا دایاندەشکاند و ئەمە لە هەندێك شیعری «زەبیحی»ی‌دا دەردەکەوێ و بە خوێندنەوەی چەند شیعرێکی زەبیحی ئەو داشکاندنەمان بۆ ئاشکرا دەبێ.[2]

---

١. د. یاسین سەردەشتی: چەند لاپەڕەیەك...، ل ١٣٨. نووسەر بۆ سەلماندنی دەسپێکی قۆناغی دووهەمی ژیانی حیزبی ئازادی پشت بە بیرەوەرییەکانی هەژار موکریانی (چێشتی مجێور) و دەقی پێشەکیی «تاریك و ڕوون»ی دیوانە شیعری هێمن موکریانی دەبەستێ.

٢. ناصر باباخانی: عبدالرحمان ذبیحی کاریزمایی ناتمام، انتشارات سیدیان، مهاباد، ١٣٧٨، ص ٩. حیزبی ئازادیی کوردستان بە بۆنەی هاتنی لەشکری سوور بەیاننامەیەك دەردەکا و بەخێر هاتنی دەکا. عەلائەددین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٩، ل ٢٧٦. ئەم پێشوازییە لە ڕاپۆرتی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژ. ك بۆ «مۆلۆتۆف»، وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتدا بەم چەشنە هاتووە: «بە بۆنەی هاتنی لەشکری سوور بۆ مەهاباد، حیزبی ئێمە بەیاننامەیەکی نووسی و دەستبەدەست بلاوی کردەوە و ڕایگەیاند هەر کەس ئەم بەیاننامەیەی پێ دەگا، لاپەڕەیەکی لە ڕوو بنووسێتەوە و بیدا بە کەسێکی دیکە. حیزبی ئێمە لەو بلاوکراوەیەدا لەشکری سووری بەناوی لەشکری ئازادکەری نەتەوەی کورد ناساند، دوای هاتنی لەشکری سووری سۆڤیەت بۆ ئێران دەرکەوت حیزبی ئێمە لە نێو

بەرنامەی ئەم حیزبە لە بیست و هەشت خاڵدا دارێژراوە و بریتییە لە کۆمەڵێک لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری.[1] ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئەم حیزبە وەک لە بەرنامەکەی دەردەکەوێ، ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی نەبووە، بەڵکوو بریتی بووە لە پشتگیری لە بەرەی دیموکراسی و بیروباوەڕی چەپ.[2] مامۆستا هێمن موکریانی کە شایەتحاڵێکی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیە لە بارەی ئەو حیزبەوە دەڵێ: «حیزبێکیش بەناوی «حیزبی ئازادی» بە بەرنامەیەکی چەپەوە سەری هەڵدا و نەژیا.»[3] لە مەرامنامەکەدا وا دیارە حیزبی ئازادیی کوردستان ڕێکخراوێکی دیموکراسیخوازی ئەنتی فاشیستی پێشکەوتنخوازی کوردستانیی ڕیفۆرمیست بووە، نە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستیی توخ و نە چەپێکی ڕادیکاڵ بووە، بڕوای بە کوردستانێکی ئازادی فرە نەتەوە و فرە زمان و کولتوور هەبووە، کە تەواوی نەتەوەکانی وەک کورد، ئەرمەن، ئاسووری و... لە کاروباری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئایینیدا، لە سایەی سیستمێکی کۆماریی عەلمانیدا ئازاد بن.[4] بێجگە لەم تایبەتمەندییانە وردبوونەوە لە چەند خاڵێکی مەرامنامەی ئەو حیزبە کە

---

حیزبەکانی دیکەدا پێشکەوتووترین حیزبی دژبە فاشیست بووە. حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، س. پ، ل ٢٢. کریس کۆچێرا دەنووسێ: «لە ژانویەی ١٩٤٢دا کاربەدەستانی سۆڤیەت کومیتەی «حیزبی ڕزگاریخواز» کە کورد و ئاسووری و ئەرمەنیی ڕێکدەخست لە پاش تێکهەڵچوونی ئەندامانی ئەو حیزبە لەگەڵ ژاندرمەکانی ئێران هەڵوەشاند.» کریس کوچرا، جنبش ملی کرد، ترجمە: ابراهیم یونسی، تهران، ١٣٧٣، ص ٢٠١.

١. بڕوانە: بهروز طیرانی، م. ق، ل ٢٥-٣٠، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٣.

٢. جەعفەر عەلی: س. پ، ل ٢٦٤.

٣. هێمن موکریانی: دیوانی هێمن، سلێمانی، بەهاری ٢٧٠٨ی کوردی (٢٠٠٧)، ل ٢٥.

٤. د. یاسین سەردەشتی: چەند لاپەڕەیەک...، ل ١٤٦.

لایەنگریی لە چینێکی تایبەت (ڕەنجبەران و کرێکاران) دەکا، وەك: دامەزراندنی مەجلیس و ئەنجومەنی ڕەنجبەران و کرێکاران لە هەموو ویلایەت و شوێنەکان بە مەبەستی ئازادی و دژبە دیکتاتۆری و دامەزراندنی دامەزراوە هەرەوەزییەکان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو کۆت و بەند و ئیمتیازاتێك، کە ژیانی جووتیارەکان نائاسوودە دەکا،[1] گومانی ئەوە ناهێڵێتەوە کە مەرامنامەی یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا گوزارشت لە کاریگەریی بیر و ئەندیشەی چەپ بەسەر ئەم حیزبەوە دەکا و بە لەبەرچاو گرتنی پێکهاتەی کۆمەلایەتیی کۆمەڵی کوردەواریی ئەو کات و ڕیشەداربوونی دین تێیدا حیزبی ئازادی نەیدەتوانی بەرنامەیەکی لەوە ڕادیکاڵتری هەبێ. تەنانەت حیزبی توودە ساڵی ١٩٤١ کە دامەزرێنەرانی پەیڕەوییان لە ئایدۆلۆژیای مارکسیستی دەکرد، لە سەرەتادا وەك حیزبێکی چەپی ڕادیکاڵ دەرنەکەوتن.[2]

---

١. بۆ وێنە خاڵی ١٢ لە مەرامنامەکە دەڵێ: «دامەزراندنی مەجلیس و ئەنجومەنی ڕەنجبەران و کرێکاران لە هەموو ویلایەت و شوێنەکان بە مەبەستی ئازادی و دژ بە دیکتاتۆری و تۆژەنکردنەوەی ویرانکارییە سیاسیەکانی پێشوو»، لە خاڵی ٢٠دا دەڵێ: «هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئیمتیاز و یاساکانی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و دامەزراندنی دامەزراوە هەرەوەزییەکان تاکوو جووتیار بە یەکجاری ئاسوودە بن»، بهروز طیرانی، م. ق، ل ٢٥- ٣٠.

٢. بۆ زانیاریی لەسەر یەکەم مەرامنامەی حیزبی توودەی ئێران، بڕوانە: عبدالصمد کامبخش، م. ق، ص ٥١- ٥٣؛ بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: پاشکۆکان، ژمارە ٤. کومینتێرنی دەفتەری نێونەتەوەیی سێهەم لە مۆسکۆ بەو کەسانەی کە جێی متمانەی بوون، لەوانە: ڕەزا ڕووستا ڕایگەیاند کە حیزبی نوێ نابێ ناوی حیزبی کۆمۆنیست بێ، هەم بەهۆی یاسای دژەکۆمۆنیستی ساڵی (١٣١٠/ ١٩٣١) کە یاسایی بوونی کۆمۆنیستەکانی قەدەغە کردبوو، هەم بەهۆی دژخی کۆمەلایەتیی ئێران کە بوونی حیزبی کۆمۆنیست سەربەخۆی بە پێویست نازانێ. احسان طبری، کژراهە، م. ق، ص ٤٣.

## باسی پێنجەم: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ک) ١٩٤٢

ساڵی ١٩٤١ هێزی هاوپەیمانەکان، کە بەشێکیان هێزەکانی سۆڤیەتی بوون، هاتنە ئێران و دیکتاتۆریی ڕەزاشا ڕووخا و ئازادییە دیموکراتییەکان لە وڵاتدا بووژانەوە[1] و دەستە و ڕێکخراوی سیاسی لە وڵاتدا دروست بوون.[2] لە ئاکامی ئەم هەلومەرجەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێ و دەرفەت بۆ نەتەوە نافارسەکان لە ئێراندا ڕەخسا کە دەست بە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی بکەن. نەتەوەی کوردیش شانبەشانی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا هەوڵی دا لە میانەی خۆکۆکردنەوە و ڕێکخستندا نەخشی خۆی لە ڕووداوە نێوخۆییەکاندا هەبێ و لە هەوڵی ناسین و پاراستنی ناسنامە و شوناسی کوردایەتیی خۆیاندا بن.[3]

پێکهاتنی یەکەم ڕێکخراوی ناسیۆنالیستیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی کۆمەڵەی ژ. ک (ژیانەوەی کوردستان) پێوەندیی

---

١. د. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی- ئابووری)، و: عەبدوڵلا حەسەنزادە، بەغدا، ١٩٧٣، ل ٩٠.

٢. حوسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتێژیی دەوڵەتان، ب ٢، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٨٠.

٣. هیوا عەزیز سەعید، خۆبیوون، هیوا، ژ. ک (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٦٧.

## باسی پێنجەم: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ک) ۱۹٤۲

ساڵی ۱۹٤۱ هێزی هاوپەیمانەکان، کە بەشێکیان هێزەکانی سۆڤیەتی بوون، هاتنە ئێران و دیکتاتۆریی ڕەزاشا ڕووخا و ئازادییە دیموکراتییەکان لە وڵاتدا بووژانەوە[1] و دەستە و ڕێکخراوی سیاسی لە وڵاتدا دروست بوون.[2] لە ئاکامی ئەم هەلومەرجەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێ و دەرفەت بۆ نەتەوە نافارسەکان لە ئێراندا ڕەخسا کە دەست بە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی بکەن. نەتەوەی کوردیش شانبەشانی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا هەوڵی دا لە میانەی خۆکۆکردنەوە و ڕێکخستندا نەخشی خۆی لە ڕووداوە نێوخۆییەکاندا هەبێ و لە هەوڵی ناسین و پاراستنی ناسنامە و شوناسی کوردایەتیی خۆیاندا بن.[3]

پێکهاتنی یەکەم ڕێکخراوی ناسیۆنالیستیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی کۆمەڵەی ژ. ک (ژیانەوەی کوردستان) پێوەندیی

---

۱. د. عەبدوررەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی- ئابووری)، و: عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بەغدا، ۱۹۷۳، ل ۹۰.

۲. حوسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ب ۲، هەولێر، ۲۰۰۱، ل ۱۸۰.

۳. هیوا عەزیز سەعید، خۆیبوون، هیوا، ژ. ک (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری)، سلێمانی، ۲۰۰٦، ل ٦۷.

ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا هەبوو. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کە بە کورتکراوی دەبێتە (ژ. ك ـ J.K)، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢دا لەسەر داروپەردووی حیزبی ئازادیی کوردستان دامەزرا.[١] لەسەر ناو و دەستەی دامەزرێنەرانی «ژ. ك»یش نووسەران و لێکۆڵەران ڕای جیاوازیان هەیە،[٢] بەڵام دەبێ ڕای عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی، کە سکرتێر و لە دامەزرێنەرانی سەرەکیی ژ. ك و بەرپرسی گۆڤاری نیشتمان بوو، لەم بارەیەوە بەڵگەمەندتر بێ. زەبیحی ناوی ڕێکخراوەکە بەناوی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» دەناسێنێ[٣] و لەسەر دەستەی دامەزرێنەریش دەبێ لیستی زەبیحی لە ڕاستی نزیکتر بێ. زەبیحی بەم جۆرە ناوی دامەزرێنەران دەبا: «حوسێن فرووهەر (زێڕینگەران)،

---

١. د. كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر، الامانة العامة للثقافة و الشباب، بغداد، ١٩٨٥، ص ٢٥٧.

٢. ناسر باباخانی کە لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر زەبیحی بەناوی «عبدالرحمن ذبیحی کاریزمای ناتمام» کردووە دەڵێ: «لە پێوەندی لەگەڵ ناوی کۆمەڵەی «ژ. ك»دا ڕای جیاواز هەیە، هەندێك لە مێژوونووسان بەناوی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» و بەشێکی تر بەناوی «کۆمەڵەی ژیانی کورد» و هەندێکی تر بەناوی «کۆمەڵەی ژیانی کوردستان» و دواجار بە «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» ناویان هێناوە.» ناسر باباخانی، م. ق، ص ١٠.

٣. عەبدوڕڕەحمان زەبیحی، وەڵامێکی نامیلکەی بەڕێز ئارچی ڕووزڤێلت، و: جووتیار حاجی تۆفیق، ئایندە (گۆڤاری ئەدەب و هونەر و هزری هاوچەرخ) ژ ٤، ساڵی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٤٨. هەروەها لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی یەکیەتیی سۆڤیەتدا هاتووە لە چاوپێکەوتنی زەبیحی و مستەفا ئێلخانیزادە لە ڕێبەرانی ژ. ك لە ١٣ی سێپتامبری ١٩٤٤ لە پێوەندی لەگەڵ ناوی کۆمەڵەی ژ. ك زەبیحی گوتی: «ئەم ڕێکخراوەیە دوو ساڵە پێکهاتووە و ناوی پارتی «ژ. ك»ـە و مانای (پارتی ژیانەوەی کوردستان)ـە». د. ئەفراسیاو هەورامی، س. پ، ل ١١٢.

عەبدوڕڕەحمان زەبیحی، عەبدوڕڕەحمان ئیمامی، مەلا قادر مودەڕریسی، نەجمەددین تەوحیدی، محەممەد نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەممەد ئەسحابی، عەبدوڕڕەحمان کەیانی، سەدیق حەیدەری و قاسم قادری».[1] عەبدوڕڕەحمان زەبیحی، حوسێن فرووهەر (زێڕینگەران) و مەلا عەبدوڵڵا داودی ئەندامی دامەزرێنەری حیزبی ئازادیی کوردستان بوون و بە وتەی زەبیحی هەر سێ حیزبی ئازادیی کوردستان، کۆمەڵەی ژ. ك و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕاستیدا یەك حیزبن، بەڵام لە سێ هەلومەرجی جیاوازدا.[2] هەڵبەت هەلومەرجی دامەزراندنی حیزبی ئازادیی کوردستان زۆر جیاواز بوو لەو دووانەی دیکە، چونکە هێشتا دیکتاتۆریی

---

١. سدیق ساڵح، بیرەوەرییەکانی محەممەد شاپەسندی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٢. مەلا قادر مودەڕریسی، کە خۆی یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ك بووە ناوی دامەزرێنەرانی ژ. ك بەم جۆرە ناو دەبا: محەممەدی نانەوازادە، ڕەحمان زەبیحی، حوسێن فرووهەر، عەبدوڕڕەحمان ئیمامی، قاسم قادری، مەلا عەبدوڵڵای داودی، محەممەد یاهوو، سەدیق حەیدەری، عەبدوڕڕەحمان کەیانی؛ مەلا قادر مودەڕریسی، سەید محەممەد سەمەدی، ژ. ك چ بوو؟، چی دەویست؟ چی لێ بەسەرهات؟ مەهاباد: چاپەمەنیی سەیدیان، ١٩٨٠، ل ١٥، ویلیام ئیگلتۆن، نووسەر و دیپلۆماتی ئەمریکایی ناوی دامەزرێنەرانی «ژ. ك»ی بەم چەشنە نووسیوە: ڕەحمان حەلەوی، محەممەدئەمین شەرەفی، محەممەد نانەوازادە، ڕەحمان زەبیحی، حوسێن فرووهەر، عەبدوڕڕەحمان ئیمامی، قاسم قادری، مەلا عەبدوڵڵا داودی، قادر مودەڕریسی، ئەحمەد عیلمی، عەزیز زەندی، محەممەد یاهوو، میرحەج لە عێراق. ویلیام ئیگلتۆن، کۆماری مەهاباد، ١٩٤٦، و: سەید محەممەد سەمەدی، چاپەمەنیی سەیدیان، مەهاباد، ١٣٥٨، ل ١٠٥؛ نەوشیروان مستەفا لەم بارەیەوە دەڵێ: «ڕەنگە هەندێ لەمانە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە نەبن، بەڵام دەبێ هەموویان لە گەشەپێدان و بەهێزکردنیدا بەشدار بووبن.» نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان، (کورد لە گەمەی سۆڤیەتدا)، چ ٢، هەولێر، ١٩٩٢، ل ٥٩

٢. عەبدوڕڕەحمان زەبیحی، س. پ، ل ١٤٩.

نەفەسبڕی ڕەزاشا نەڕووخابوو و مەجالی چالاکی سیاسی بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی کوردی نەدەدا و لە ستراتیژی نەتەوەییش‌دا ئەم جیاوازییە دەبینرێ.

ئەوەی ڕوونە پێگەی چینایەتی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی «ژ. ک»ـە، کە سەر بە کوردی شارنشینی وردەبورژوازی بوون، چ تەقلیدی و چ مۆدێرن کە هەڵبەت دەستەی دووهەمیان تێیدا باڵادەست بوو.[1] شارەکان خۆیان فراوان دەبوون و لەگەڵ فراوان بوونیاندا چینێکی خوێندەوار گەشەی دەکرد، ئەم چینە خوێندەوارە لەگەڵ ئەو نەوەیەی پێشوو، کە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی کردبوو، جیاواز بوون،[2] هەروەها نیشتەجێ‌کردنی بەزۆریی عەشیرەتەکان و لاوازکردنیان بەهۆی سیاسەتی کۆدەسەڵاتیی وڵات لەلایەن ڕەزاشاوە، ڕێگەی بۆ ڕەوتی گواستنەوەی دەسەڵات و ڕێبەری لە سەرۆک عەشیرەتەکانەوە بۆ سەرکردەکانی شار لە کوردستان خۆش کرد،[3] هەر بۆیە ئەم کۆمەڵەیە گرنگی و بایەخی تایبەتیی خۆی هەبوو، چونکە یەکەم کۆمەڵی نەتەوایەتیی کوردی بوو، کە دامەزرێنەرانی ئاغا و شێخەکان نەبوون، بەڵکوو زۆربەیان لە چینی

---

١. عەباس وەلی، پەیدابوون و بناغەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران، و: حەسەن قازی، سوید، ١٩٩٥، ل ٢١.

٢. دەیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبووبەکر خۆشناو، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٤٩٣. بۆ نموونە کەسێکی وەک عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی لەبەرچاو بگرن کە تەقدیر وا بوو نەخشێکی ڕێبەرایەتی لە بزووتنەوەی مەهابادا بگێڕێ، ئەو سەر بە بنەماڵەیەکی وردەبورژوازیی بازاڕی بوو، تەنیا لە یەک ژووردا دەژیان. لە تەمەنی پازدە ساڵی وازی لە مەکتەب هێناوە و بە دەرس‌دانی کوردە ئاغاکان خۆی دەژیاند، دەیڤید مەکداول، ل، ٤٩٣.

٣. امیر سجادی، م، ق، ل ١٧.

ڕۆشنبیر و بازرگان و زانایان بوون، واتە چینی تێگەیشتووی کۆمەڵگای کوردی بوون، کە تەنیا بۆ مافەکانی خۆیان هەوڵیان نەدەدا بەڵکوو لەگەڵ مافی گشتیی نەتەوەکەیان بوون.[١]

کۆمەڵەی ژ. ك لە یەکەم ژمارەی «نیشتمان»، بڵاوکەرەوەی بیری ئەم ڕێکخراوەدا لەسەر ئامانجی ئەم ڕێکخراوە دەنووسێ: (ئەی برای کوردی خۆشەویست):

«کۆمەڵەی ژ. ك بەپێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمێکی وەکوو دوژمنایەتیی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پووڵپەرستی و بێگانەدۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێئەکۆشێ تا زنجیر و کەلەپچەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد دامالێ و لەم کوردستانە لەت وکوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێك‌وپێك بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێك بە سەربەستی تیا بژی.»[٢]

بەم جۆرە یەکەم ڕێکخراوی مۆدێرنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا، کە هەم ئایدۆلۆژیای هەبوو، هەم بەرنامەیەکی ناسیۆنالیستیی ڕوون، واتە ستراتێژی دیاریکراوی هەبوو کە بریتی بوو لە گەیشتن بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی کوردستانی گەورە. هەر لە مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا هاتووە، کە: «کۆمەڵەی ژ. ك لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، سوڵح و ئاشتیخوازی دانراوە و هەموو قانوون و نیزامنامەکانی لەگەڵ شەریعەتی موقەددەسی

١. عوسمان عەلی: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران بابانزادە، ب ٢، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٣٢.

٢. نیشتمان، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری و مانگیی کوردییە، ژمارەی ١، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی ١٣٢٢، ئەمووزی ١٩٤٢، ل ٥.

ئیسلام تەتبیق دەکرێ و ئینجا دەخرێتە کار.»[١] لە بەندێکی دیکەی مەرامنامەکەی‌دا جەخت لەسەر بەرەسمی ناسینی تەنیا ئایینی ئیسلام دەکا و دەڵێ: «بە بۆنەی موتەدەیین بوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستان تەنیا دینی موقەددەسی ئیسلام بەرەسمی دەناسێ و بۆ تەرویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلام و بەجێ گەیشتنی هەموو ڕێوشوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشێ و لەگەڵ مونافیقان بەربەرەکانیی بە شیددەت دەکا»[٢] و هەروەها لە چەندین ژمارەی دیکەی «نیشتمان»دا چەندین وتاری تایبەت بە ئایین و مێژووی ئیسلام هەیە،[٣] هەروەها کەسێکی کە دەبوو بە ئەندامی ژ. ک بە وتەی مەلا قادر مودەڕڕیسی لە دامەزرێنەرانی ژ. ک سەرەتا دەچووە حەمام و لە ڕوانگەی ئایینییەوە خۆی خاوێن دەکردەوە، ئەم جار دەهاتە لای سێ کەس و لە لای ئەوان حەوت جاری بە قورئان سوێند بۆ وەبەرچاو گرتنی ئەم شەش مەبەستانە دەخوارد.[٤] لەگەڵ ئەمانەش‌دا لە بەرگی دووهەمی هەموو

---

١. نیشتمان، ژمارە ٧، ساڵی یەکەم، خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردانی ١٣٢٢.

٢. نیشتمان، ژمارە ٧، ساڵی یەکەم، ساڵی ١٣٢٢.

٣. بۆ وێنە لە ژمارە ٣ی نیشتمان‌دا وتارێك هەیە بەناوی: «بەهەشتی بەختیار» لە نووسینی (م. نادری ٧٦) و لە ژمارە ٦دا وتارێکی دیکە بە هەمان شێوە چاپ بووە بەناوی: «بۆچی گەورەکانی «قورەیش» موسوڵمان نەدەبوون؟» لە نووسینی (ع. بیژەن- ٣). لە ژمارە ٢ و ٣دا کە بەیەك ژمارە دەرچووە لە بەشی «طبی»ی‌دا وتارێك بەناوی: «ئەلکۆل» بلاوکراوەتەوە و تێیدا چەند ئایەتێك لەسەر حەرامبوونی ئەلکۆل هێنراوەتەوە. (گۆڤاری نیشتمان: س. پ، ژمارەکانی ٢، ٣ و ٦).

٤. سەید محەممەدی سەمەدی، «ژ. ك چی بوو؟ چی دەویست؟ چی لێ بەسەر هات؟ ل ١٤، ئەم شەش مەبەستانە بریتی بوون لە ١- خەیانەت بە نەتەوەی کورد نەکا ٢- کۆشش بۆ خودموختاریی کوردان بکا ٣- هیچ ڕازێکی کۆمەڵە نە بەزمان، نە بە قەڵەم، نە بە ئیشارە، ئاشکرا نەکا ٤- هەتا ئاخیری عومری هەر ئەندام بێ

ژمارەکانی «نیشتمان»دا لە سەرەوەی ئارمی گۆڤارەکە بە کەوانە ئایەتێکی قورئانی نووسرابوو.[1] لەبەرچاو گرتنی ئەم بەڵگە و نووسراوانە کە لە کۆمەڵەی ژ. ک دەست کەوتوون وای کردووە کە نووسەر و لێکۆڵەرانی وەك د. سەلاحەددین خەدیو کۆمەڵەی ژ. ك وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و ئیسلامی ناو ببا.

سەید محەممەد سەمەدی لە کتێبی مێژووی مەهاباددا ئەم ڕێکخراوەیە وەك «کۆمەڵەی نەتەوەیی ـ ئایینی» پێناسە دەکا.[2] هەڵبەت هیچ بەڵگەیەك

---

٥- تەواوی پیاوانی کورد، بە برای خۆی و تەواوی ژنانی کورد بە خوشکی خۆی بزانێ ٦- بەبێ ئیزنی کۆمەڵەی ژ. ك نەبێتە ئەندامی هیچ ڕێکخراو و دەستەیەکی دیکە. (هـ. س، ل ١٤).

دەبێ بۆچی مەلا قادر لەبری سەربەخۆیی باسی خودموختاریی کردبێ؟ لە کاتێکدا ئێمە دەبینین هەر لە یەکەم ژمارەی «نیشتمان»ی بلاوکراوەی بیری کۆمەڵەی «ژ. ك»دا لەژێر سەردێڕی «ئامانجی ئێمە»دا نووسراوە: «کۆمەڵەی ژ. ك بەپێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قورت و چەڵەمەیەکی وەکوو دوژمنایەتیی خۆیەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پووڵپەرستی و بێگانەدۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد دامالێ و لەم کوردستانە لەتوکوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێكوپێك بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێك بە سەربەستی تیا بژیت.» نیشتمان، ژمارە ١، سالی یەکەم، پووشپەری سالی ١٣٢٢ (جوولای ١٩٤٣).

ئایا مەلا قادر یان سەمەدی لەبەر ڕەچاوکردنی دۆخی ئەو سالانە کە حکوومەت لە کوردستان دەسەلاتی بەدەستەوە گرتبوو بابەتەکەیان گۆڕیوە یان دەزگای چاوەدێریی ئیرشاد پێی گۆڕیون؟

[1]. بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕ: گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٧، سالی ١٣٢٢، سالی یەکەم، ل ١٨.

[2]. سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، ١٣٧٣، انتشارات رهرو مهاباد، ص ١١٧. دکتر صلاح‌الدین خدیو، در دفاع از تاریخ (نقدی بر مقالەی احسان هوشمند در چشم

بەدەستەوە نییە، کە پیسەلمێنێ کۆمەڵەی ژ. ك مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بێ، کە تێیدا یاساکانی شەرع بەڕێوەبچێ. بەڵام لە ڕێکخراوێکدا، کە ژمارەیەك نووسەر و لێکۆڵەری هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی، کە وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی ـ ئایینی پێناسە بکرێ، بیر و ئەندێشەی چەپ بەئاشکرا و بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە و ئەمە هەم لە دیسکۆرسی «نیشتمان»دا کە زمانحاڵی بیری ژ. ك بوو و هەم لە پێوەندیی گەرموگوڕی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت‌دا دەبینرێ.

لەم ساڵانەدا ڕژیمی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لە کوردستان‌دا سیستمی دەرەبەگایەتی بوو و دەرەنجامەکەی ئەوە بوو زۆرترین و باشترین زەوییەکان لە دەستی زەویدار و گەورەکانی وڵات و فێئۆداڵەکان‌دا بوو.[1] شێوازی خاوەنداریەتیی زەوی تا ڕادەیەکی زۆر وەك خۆی مابۆوە و هەر بۆیە خاوەن‌زەوییە گەورەکان و تەنانەت خاوەن‌ملکە سەرەکییەکانی نادیار وەك خاوەن‌زەوییە شارنشینەکان ڕێگەیان پێدرابوو ملکەکانیان وەك خۆی بمێنێتەوە. تەنانەت ئەو ملکانەی کرابوون بە «وەقف» یان «وەقفە» ئایینییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بێ‌هیچ دەسکاری کردنێك مانەوە و ئەمەش مانای وایە خاوەن‌هێز و دەسەڵاتە کۆنەکان لە کورستان‌دا

---

انداز ایران)، پیام کردستان، ۲۱ دسامبر ۲۰۰۱، عەبدوڵڵای ئەبریشەمی و ناسری باباخانیش بە هەمان شێوە ئەم ڕێکخراوە بە «میللی- مەزهەبی» پێناسە دەکەن، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عبدالله ابریشمی، کردستان همیشه قابل کشف، چشم‌انداز ایران (ویژه‌نامه کردستان) ۲، نشریه سیاسی- راهبردی، پاییز ۱۳۸۴، ص ۱۷۳؛ ناسر باباخانی، م. ق، ص ۹.

١. ملکی خاوەن‌ملکەکان دەگاتە ٧٨٪ی هەموو زەوییە بەراوەکان، دوکتۆر قاسملوو، کوردستان و کورد، س. پ، ل ١٤٦.

بریتی بوون لە سەرۆکخێڵ و شێخەکان توانیویانە لەسەر بەکار هێنانی میللەتی خۆیان بەردەوام بن.[1]

بەم جۆرە سەرۆک عەشیرەت و ئاغاکان بە سام و هەیبەتەوە مەزنایەتی و ئاغایەتییان دەکرد، فەرماندەر و بڕیاردەر بوون، خەڵکی لادێ لەژێر دەستی فەرمانبەری‌دا دەچەوسانەوە[2] و تێگەیشتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتییان لەچاو ئاغاوەت و دەرەبەگەکان زۆر لە خوارێ بوو. بە دەگمەن لێیان هەڵدەکەوت سنووری چینایەتی بەزێنن، بەڵام قەت نەدەگەیشتنە ئەو ڕادەیە خۆیان خەباتی سیاسی و چینایەتی وەرێبخەن،[3] چونکە دەسەڵاتی دەرەبەگ بەگشتی لەسەر ڕێگەی پەرەگرتنی کێشەی چینایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری کۆسپێکی گەورە بوو.[4]

لە کوردستان لە دۆخێکی لەم چەشنەدا، کە پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی ـ عەشیرەیی و کولتوورێکی نەریتیی تێدا بەهێزە، کۆمەڵەی ژ. ک بە گژ دۆخی ئاراییدا دەچێتەوە و دەیەوێ دەسەڵاتی سیاسی

---

١. نادر ئینتسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، و: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٣٩.

٢. بۆ زانیاریی پتر لەبارەی ستەم و چەوسانەوەی دانیشتووانی گوندەکان و بەتایبەت جووتیاران بەهۆی دەرەبەگ و ئاغاوەتی کورد لەو سەردەمەدا بڕوانە: د. قاسملوو، کوردستان و کورد، س. پ، ل ١٨٠- ١٩٩. قادر دەباغی کە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک بوو و خۆی لە نزیکەوە شاهیدی ڕووداوەکان بووە، دەڵێ: «عەشایەربازی و خانخانی دامەزراو نە تەنیا لە دێهات بەڵکوو لە شارەکانیش‌دا حکومەتیان بەسەر خەڵک‌دا دەکرد، باجیان دەستاند، عەوارێزیان وەردەگرت، مڵک و زەویوزاری بێ‌دەسەڵاتیان داگیر دەکرد.» عەبدولقادر دەباغی، ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژ. ک، بڵاوکراوەی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٦٧، ل ٤٣.

٣. حوسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ل ٢١٦.

٤. د. قاسملوو، کوردستان و کورد، س. پ، ل ١٣٩.

خان و ئاغا بەربەست بکا و پێوەندییە عەشیرەیی‌یەکان هەڵەکێنێ.[١] کۆمەڵە بەرلە هەر شتێك لە خۆیەوە دەست‌پێدەکا و ڕێگە بە کەسانی سەر بەم چین و توێژانە نادا ڕێبەریی ژ. ك بەدەستەوە بگرن. مەلا قادر مودەڕڕیسی لە دامەزرێنەرانی ژ. ك لەم بارەیەوە دەڵێ: «چوار دەستە و تاقم دەیانتوانی ببنە ئەندامی ژ. ك، بەڵام هەرگیز نەیان‌دەتوانی بە پلەی سەرۆکی ژ. ك بگەن، ئەو چوار دەستەیەش بریتی بوون لە: ئاغا، شێخ، مەلا و سەیدە»[٢]، کۆمەڵەی ژ. ك هەر بەوەندە ڕازی نابێ، کە نەهێڵێ جڵەوی دەسەڵات لە «ژ. ك»دا بکەوێتە دەست ئەم چین و توێژانەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی گۆڤاری «نیشتمان»، زمانحاڵی ئەو ڕێکخراوەوە بەردەوام هەڵوێست و هەڵس‌وکەوتی ئەم چین و توێژانە بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی و چەوسانەوەی جووتیاران و بڵاوکردنەوەی وەهم و خورافات و کولتووری دواکەوتووانە لە کۆمەڵگادا مەحکووم دەکا و لە زۆربەی ژمارەکانی «نیشتمان»دا بە نووسینی شێعر و بابەت بەتوندی بەگژ شێخ و ئاغا و مەلاکان‌دا دەچێتەوە.[٣]

ئەم هەڵوێستەی ژ. ك کاردانەوەی ئەم چین و توێژانەی بەدواوە بوو و ئاغا، سەرۆك عەشیرەت و زۆربەی شێخ و مەلاکان نووکی هێرشیان

---

١. بۆ وێنە لە یەکەم بڵاوکراوەی کۆمەڵەی «ژ. ك»دا کە بەناوی دیاریی کۆمەڵەی ژ. ك بۆ لاوانی کورد هاتووە، گوتراوە: کۆمەڵەی ژ. ك بۆ سەرخستنی کورد لە شەقامی شارستانییەت (تمدن)دا بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێ تا بە یارمەتیی خوا ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەت و عەشیرەبازی کە سەرچاوەی هەموو چارەڕەشی و بەسەرهاتی تاڵ و گرنگ (سەخت)ـە بێنێتەدەر. نیشتمان: بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ك، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٩٣.

٢. سەید محەممەدی سەمەدی، س. پ، ل ١٣.

٣. بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٤.

ڕووی لە کۆمەڵە بوو و بە کۆمۆنیست و لە دین وەرگەڕاویان دەناسین، پێیان وابوو ئەگەر کۆمەڵەی ژ. ک لە کوردستان دەسەلاتی وەچنگ کەوێ، ئەوان لە دەسەلات دەکەون و ئەمە بەڕوونی لە نامەی ئاغایەکی کوردی باشوور بۆ ئاغایەکی کوردی ڕۆژهەلات کە ژ. ک بە ئەبووجەهل و ئەخنەس دەشوبهێنێ دەردەکەوێ: «کە دەستی من و دامانی تۆ نەکەی بەهیچ بارێک لە پێناوی کوردایەتیدا تێکۆشی، چونکە کوردایەتی مولتەزەمی ئەمەیە هەموو لاوە خوێندەوارە گەنجە تازەپێگەیشتووەکان بێنە سەر کار و ئێمە لە ژووری دیوەخانا دابنیشین.»[1] بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی د. ئاسۆ مەحموودزادە کە لەو سەردەمەدا ژیاوە، نە تەنیا ئەو چین و توێژانە بەڵکوو بەشێک لە خەلکیش لە کۆمەڵەی ژ. ک وا تێگەیشتن کە بە نیازە سۆسیالیزم دابمەزرێنێ.[2]

کۆمەڵەی ژ. ک بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی خۆی واتە پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆی کوردی لە پشتیوانیی دەرەکی گەڕاوە و لەم پێناوەدا هانای بۆ دوو زلهێزی ئەو سەردەم واتە بریتانیا و سۆڤیەت بردووە.[3] بەلام لەم بارەیەوە هەم پێوەندییەکەی لەگەل سۆڤیەت

١. نیشتمان، سکالایەک لەگەل نیشتمان، سالی یەکەم، ژمارە ٤، ڕەشەمەی ١٣٢٢، ل ١٥.

٢. قادر مەحموودزادە (د. ئاسۆ) چالاکی سیاسیی ئەو سالانە لە بارەی «ژ. ک»ەوە دەلێ: «ڕۆژێک لەو سالە پڕ ئاژاوە و ئانەمنانە بوو کە لەگەل خوالێخۆشبوو عەزیزی فەرهادی بە ڕێگەدا دەڕۆیشتین و گوتیان عەزیز کرمانج لە بەردەم شارەداری وتار دەدا، بەپێی قسەی خەلک و ئەو ڕاستییانەی لەبەرچاو بوون، عەزیز کرمانج لەژێر کاریگەریی حوسێنی فرووهەر (زێرینگەران)، سەرۆکی کۆمەڵەدا دەیەویست شۆڕش بکا و سۆسیالیزم جێگیر بکا.» د. قادر محمودزاده، خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو چهره مهاباد، تهران، ١٣٧٤، ص ٣٣.

٣. لە «نیشتمان»ی ژمارە ٣ و ٤دا وتارێک لەژێر ناوی «جوامێری و مەردمدۆستیی بریتانیای گەورە»دا دەنووسرێ: «کورد ماوەیەکی زۆر لەمێژە هەستی بە نەجابەت و

گەرم‌وگوڕتر بووە و هەم لە بابەتەکانی «نیشتمان»دا سۆز و لایەنگیری بۆ سیستمی ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە دەبینرێ. لە ژمارەکانی ٢، ٣، ٤، ٥ و ٦ی نیشتماندا زنجیرە وتارێك لەژێر ناوی «ئینقلابی گەورەی ئۆکتۆبر» چاپ کراوە، کە تێیدا پەسن و تاریفی شۆڕشی ئۆکتۆبری کردووە و هەروەها وێنەیەکی پڕ بە لاپەڕەکەی «لێنین»، ڕێبەری شۆڕشی ئۆکتۆبری چاپ کردووە و لەژێر وێنەکە نووسراوە:

باقیە ناوت ئەتۆ، گەرچی دەمێکە مردووی
نا لێنین! ماوی هەتا ڕۆژی قیامەت زیندووی[1]

دیارە ناوی «لێنین» ڕێبەری شۆڕشی سۆسیالیستیی ١٩١٧ لە ڕووسیە چەند جاری دیکەش لە بڵاوکراوەکانی «ژ. ك»دا وەك ڕزگاریدەری کۆمەڵانی خەڵك لە دەستی زوڵم و زۆری قەیسەر هاتووە.[2]

---

مرۆڤ‌خۆشەویستی بریتانیا کردووە، ئەم حکوومەتە گەورەیە بە درێژایی مێژووی ئیمپراتۆریەتی خۆی هەمیشە پارێزگاری ئازادی و سەربەخۆیی و پەروێنەر و پێکهێنەری نەتەوە بچووکەکانی گێتی بووە...»

١. نیشتمان، ژمارەکانی (٢، ٣، ٤ و ٥) بڕوانە: پاشکۆکان، ژمارە ٥.

٢. لە شێعری «ئاخافتنی خوشك و برایان»دا، هێمن موکریانی کە هانی کچی کورد دەدا تا خۆی لە ژێردەستەیی و دیلی ڕزگار بکا، دەڵێ:

دیدە گیان، کچە کوردی ژیکەڵە | داوێنی پاکت دوور بێ لە پەڵە
لێنین هەڵسا زوڵمی دچارە شێوا | تۆ هێشتا حەپسی لەژێر چارشێوا

(نیشتمان: ژمارە ٣، ٤)

لە دیاریی کۆمەڵەی ژ. ك بۆ لاوەکانی کورددا، زەبیحی شێعرەکانی خۆی تێکەڵکێشی شێعرەکانی مەلا محەممەدی کۆیی کردووە و بە شۆڕشەکەی گەلانی سۆڤیەت و لێنین و سیستمی سۆسیالیستی و ئاڵای سوور هەڵدەڵێ و ڕقی خۆی بەرامبەر بە ئیزامی ئیمپریالیستی و نازیسم دەردەبڕێ:

سەیاحەت کەن بچن بۆ سۆوەتستان | بزانن چۆن بەخێرایی هەڵستان

(دیاریی کۆمەڵەی ژ. ك) بۆ لاوەکانی کورد، س. پ، ل ٢٢.

نووسەری وتار وێنایەك لە بارودۆخی پێش شۆڕشی ١٩١٧ لە سەردەمی قەیسەردا بەدەستەوە دەدا کە چۆن چینی دەسەڵاتدار واتە چینی دەرەبەگ و سەرمایەدار کەمینەیەکی بچووکیان پێکدەهێنا، خوێنی ٢٠٠ میلیۆن دانیشتووی ڕووسیەیان دەمژت و دەرەبەگەکان بە درێژایی ساڵ جووتیارەکانیان دەچەوساندەوە و خاوەن کارگەکان مافی کرێکارەکانیان زەوت دەکرد و بە وتەی نووسەر: «بەکورتی و بە کوردی هەموو نەتەوەی ڕووس نۆکەر و کرێکاری چار و بۆرجواکانی ڕووسیە بوون[1] و ئەوە تەنیا بۆلشۆڤیکەکان و سەرکردەکانیان بوون کە لە خەمی چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە نالەبار و پەرێشانەدا بوون.»[2]

لە نێوەرۆکی ئەو وتارەوە دەردەکەوێ نووسەر تەنیا ڕەوتی ڕووداوەکان و دەور و نەخشی «لێنین»ی تۆمار نەکردووە، بەڵکوو هێرشی کردۆتە سەر چینی دەسەڵاتداری سەردەمی قەیسەر، کە بریتین لە دەرەبەگ و بوورژواکان و هاوسۆزیی خۆی بۆ دوو چینی کرێکار و جووتیار دەردەبڕێ و پرۆژە و بەرنامەی بۆلشۆڤییەکان بە چارەسەری ئەو دۆخە دەزانێ و تەنیا ئەوانن دەتوانن کۆتایی بەو دۆخە بێنن.

وا دیارە نێوەرۆکی بابەتگەلی لەم چەشنە لە چاوی «ئان لەمبتۆن» کارمەندی باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران، کە سەردانی کوردستانی کردووە شاراوە نەبووە و لە یادداشتی ناوبراودا هاتووە: «ڕۆژنامەیەکی کوردی کە دەگوترێ بە نهێنی بڵاودەبێتەوە و قازی محەممەد لە چاپی دەدا، بەشداریی تێدا هەیە. ڕۆژنامەکە بەگوێرەی قسەی ئەو پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکا و لەوە دەچێ وتاری لەسەر کۆمۆنیزمیش

---

١. نیشتمان، ژمارە ٣ و ٤.

٢. هـ. س.

تێدا بنووسرێ.»[1] دەبێ مەبەستی گۆڤاری نیشتمان بێ چونکی ئەو بڵاوکراوەیە بە نهێنی دەردەچوو و کوردستان، بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەئاشکرا چاپ و بڵاودەبۆوە.

لە ڕووی پێوەندیشەوە کۆمەڵەی ژ. ک تەنیا پێوەندیی بە کاربەدەستان و ئەفسەرانی سپای سۆڤیەتەوە کە لە ئێران و بەتایبەت ئەوانەی لە کوردستان بوون گرتووە؛ نە تەنیا هیچ شوێنەوارێك لە بەردەستدا نییە کە ئەم ڕێکخراوە پێوەندیی بە ئینگلیسییەکانەوە گرتبێ، بەڵکوو هەڵوێستی نەیارانەشی بەرامبەر بەو وڵاتە هەبووە[2] و لەلایەن کۆمەڵەی «ژ. ک»ەوە

---

١. ئەنوەر سوڵتانی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێڕاوی کوردیی ١٣٠ بەڵگەنامە)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٦٨ سوڵتانی لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا دەنووسێ: «دەبێ مەبەست لە ڕۆژنامەکە گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ك بێ کە ژمارەی یەکەمی لە مانگی پووشپەڕی ١٣٢٢ (تەمووزی ١٩٤٣) دەرچووە و دوا ژمارەی (ژمارە ٩) بە سێ مانگ پێش سەفەری لەمبێزن بڵاوبۆوە.» ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ساڵێك و سێ مانگ دوای سەفەری لەمبێزن لە ١٥ی دیسامبری ١٩٤٥دا ژمارەی یەکەمی دەرچووە.

٢. بۆ وێنە: لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی «ژ. ك»دا کە بۆ کاربەدەستانی یەکیەتیی سۆڤیەت نێردراوە، هاتووە: لەلایەن سەفارەتی ئینگلیسەوە لە بەغدا گۆڤارێك بەناوی «دەنگی گێتیی تازە» لە ٤٨ پەڕ و ٩٦ لاپەڕاندا بڵاودەبێتەوە. سەفارەتی ئینگلیز ئەو گۆڤارە بە پۆست بۆ سەرۆك عەشیرەتە کوردە ئێرانییەکان دەنێرێ، کە ژمارەیەکی کەم دەیخوێننەوە، ئینگلیسەکان لەم ڕوانگەوە کە کوردەکانی عێراق ئۆرگانی ئێمە «نیشتمان» دەخوێننەوە دەستی داوەتە بڵاوکردنەوەی «دەنگی گێتیی تازە». بەشێك لە ڕاپۆرتی نێردراو لە ئێرانەوە بۆ «گ. م دیمیترۆف»، سکرتێری کومیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی «ژ. ك» لە ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥، ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم (ف ١٧/ ئۆ ١٢٨/ د ٤٤/ ل ٧٢- ٧٩) وەرگیراو لە: حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی

خۆپیشاندان ڕێکدەخرێ بۆ دانی ئیمتیازی نەوتی باکوور لە بەرژەوەندیی سۆڤیەت. هەڵکردنی ئاڵای سوور لە ڕۆژی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا و بەرزکردنەوەی وێنەی لینین و ستالین لەلایەن کوردانەوە و بەڕێوەچوونی شانۆی «دایکی نیشتمان» لە چەندین شوێنی کوردستان، کە تێیدا بەئاشکرا کەسایەتی بە گریمانی سۆڤیەت دەدرێ کە دەوری ڕزگارکردنی کوردستان لە دیلی دەگێڕێ و پرس‌کردن بە نوێنەرانی سۆڤیەت کە چی بکەن و چی نەکەن و داواکردن لێیان، کە نوێنەرێکی خۆیان بۆ ڕێنوێنی کردن و یارمەتی دانی کۆمەڵەی ژ. ک بنێرن و چەندەها چاوپێکەوتنی نوێنەرانی ژ. ک لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتی[1] و تەنانەت داواکردنی

---

کوردستان، س. پ، ل ٧٧. هەروەها کۆمەڵە لە بەندی ٨ی نامەکەیدا کە بەهۆی ئیدارەی مەحەللیی شاری مەهاباد لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٤٣دا ئاراستەی مستەفا بارزانی کردووە، دەڵێ: «لە هەمووی موهیمتر پێویستە بە سوورەتێکی مستەعجل استشهادی خۆتان بەیان بکەن بە خصوصی ڕای ئینگلیس بەرامبەر ئەورەی ئێوە، گفتگۆیان لەگەڵ ئێوە چیە چونکە ئێمە ئەزانین بە تصادف نابێ ئینگلیس لەم ئەورەیەدا بێ دەخل بێ.» هەمان سەرچاوە، ل ٧٩. لە ڕاپۆرتی کۆنسوولخانەی بریتانیا لە تەورێز سەبارەت بە هەوڵی تێکدان و بەردەباران‌کردنی ئەکیپی «پێوەندییە گشتییەکانی بریتانیا» کە بە نیشان دانی فلیمێك لە گۆڕەپانی شاری مەهابادا مەشغوول بوون، هاتووە: «پێشتر هیچ هەستێکی تایبەتیی دژبە بریتانیا لە مەهاباد نەبینراوە، بەڵام ئەنجومەنی سەربەخۆیی کورد -کۆمەڵە- بە گەرم‌وگوڕی لایەنی سۆڤیەت دەگرێ و ئەم ڕووداوە وا هەیە لە زیهنی چوارچێوەداری کەسانی توندڕەو لە مەهابادا بە دژایەتی کردنی بریتانیا واتا بکرێتەوە؛ ئەنوەر سوڵتانی، ل ١٢٨.»

١. بۆ زانیاری لەسەر ئەم فاکتانە بڕوانە: د. ئەفراسیاو هەورامی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووهەم جەنگی جیهانیدا، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی یەکیەتیی سۆڤیەت، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، ٢٠٠٦، ل ١٠٣- ١٩٧. محەممەد شاپەسەندی کە خۆی ئەندامی ژ. ك و لە کاری چاپی نیشتماندا لە تەورێز هاوکاری زەبیحی بووە لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: «زەبیحی بەهۆی کۆنسوولگەریی سۆڤیەتەوە لە تەورێز دوو

تێدا بنووسرێ.»[١] دەبێ مەبەستی گۆڤاری نیشتمان بێ چونکی ئەو بڵاوکراوەیە بە نهێنی دەردەچوو و کوردستان، بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەئاشکرا چاپ و بڵاودەبۆوە.

لە ڕووی پێوەندیشەوە کۆمەڵەی ژ. ک تەنیا پێوەندیی بە کاربەدەستان و ئەفسەرانی سپای سۆڤیەتەوە کە لە ئێران و بەتایبەت ئەوانەی لە کوردستان بوون گرتووە؛ نە تەنیا هیچ شوێنەوارێك لە بەردەستدا نییە کە ئەم ڕێکخراوە پێوەندیی بە ئینگلیسییەکانەوە گرتبێ، بەڵکوو هەڵوێستی نەیارانەشی بەرامبەر بەو وڵاتە هەبووە[٢] و لەلایەن کۆمەڵەی «ژ. ک»ـەوە

---

١. ئەنوەر سوڵتانی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێڕاوی کوردیی ١٣٠ بەڵگەنامە)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٦٨ سوڵتانی لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا دەنووسێ: «دەبێ مەبەست لە ڕۆژنامەکە گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ك بێ کە ژمارەی یەکەمی لە مانگی پووشپەڕی ١٣٢٢ (تەمووزی ١٩٤٣) دەرچووە و دوا ژمارەی (ژمارە ٩) بە سێ مانگ پێش سەفەری لەمبێزن بڵاوبۆوە.» ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ساڵێك و سێ مانگ دوای سەفەری لەمبێزن لە ١٥ی دیسامبری ١٩٤٥دا ژمارەی یەکەمی دەرچووە.

٢. بۆ وێنە: لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی «ژ. ك»دا کە بۆ کاربەدەستانی یەکیەتیی سۆڤیەت نێردراوە، هاتووە: لەلایەن سەفارەتی ئینگلیسەوە لە بەغدا گۆڤارێك بەناوی «دەنگی گێتیی تازە» لە ٤٨ بەر و ٩٦ لاپەڕاندا بڵاودەبێتەوە. سەفارەتی ئینگلیز ئەو گۆڤارە بە پۆست بۆ سەرۆك عەشیرەتە کوردە ئێرانییەکان دەنێرێ، کە ژمارەیەکی کەم دەیخوێننەوە، ئینگلیسەکان لەم ڕوانگەوە کە کوردەکانی عێراق ئۆرگانی ئێمە «نیشتمان» دەخوێننەوە دەستی داوەتە بڵاوکردنەوەی «دەنگی گێتیی تازە». بەشێك لە ڕاپۆرتی نێردراو لە ئێرانەوە بۆ «گ. م دیمیترۆف»، سکرتێری کومیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی «ژ. ك» لە ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥، ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم (ف /١٧/ ئۆ ١٢٨/ د ٣٤/ ل ٧٣- ٧٩) وەرگیراو لە: حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی

هەیئەتی ناوەندیی ژ. ك كە دەوڵەتی كوردستان وەك برای كۆمارەكانی سۆڤیەت پەسند بكرێ و بە ئەندامی یەكیەتیی سۆڤیەتی مەزن وەربگیرێ،[1] وەبەرچاو دێ.

ئەم فاكتانە ئیدی جێگای شك و گومان ناهێڵنەوە كە ژ. ك لە هەڵوێستی خۆیدا بەرامبەر بەم دوو دەوڵەتە بەتەواوی بەلای سۆڤیەتیدا شكاندووە و ئەوە چ لە ڕووی پراگماتیستبوونی ڕێبەرانی ژ. ك بووبێ كە بوونی هێزەكانی سۆڤیەتیان لە ناوچەكەدا وەك ئەمری واقع لێكدابێتەوە و چ لە ڕووی ڕوانینی كەسانێكی نێو ڕێبەریی ژ. ك بێ بۆ سۆڤیەت وەك هێزێكی پشتیوان و ڕزگاریدەری گەلان و دۆستی نەتەوە بندەستەكان، لە واقیعی بایەخ پێدان و مەیلی ژ. ك بۆ سۆڤیەت كەم ناكاتەوە.

ئەم فاكت و بەڵگانە ئەوە دەسەلمێنن كە ئەگەر نە هەموو ڕێبەرانی كۆمەڵەی ژ. ك، لانیكەم ژمارەیەك و بە واتایەكی دیكە باڵێكی نێو ژ. ك لە ڕوانینی بۆ كێشە كۆمەڵایەتییەكان دەچێتە خانەی چەپەوە و بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەكانی گەلی كورد هیوا و ئومێدی لەسەر پشتیوانیی یەكیەتیی سۆڤیەتی هەڵچنیوە و هەر بۆیەش مەیل و سۆزی بۆ ئەم وڵاتە بە شێوازی جۆراوجۆر دەردەبڕی.

ئەگەر ئەوەشمان لەبەرچاو بێ كە لە دروستبوونی كۆمەڵەی ژ. كەدا حیزبی هیوا دەور و ئەخشی هەبووە و باڵی چەپی هیواش كریس كۆچێرا گوتەنی: «بەئاشكرا كۆمۆنیستە»[2] ناتوانێ شوێنەواری لەسەر

نامەی بە زمانی كوردی و ئازەری سەبارەت بە مەسەلەی كورد ئاراستەی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت كرد.» سدیق سالح، س. پ، ل ٣٥.

١. حامید گەوهەری، كۆماری كوردستان، ل ٩٣.

٢. كریس كوچرا، جنبش ملی كرد، ت: ابراهیم یونسی، تهران، ١٣٧٣، ص ١٧٠.

ژ. ك دانەنابێ. هێمن موکریانی کە خۆی ئەندامی چالاکی ژ. ك و لە نووسەرانی «نیشتمان» بوو دەڵێ: «ئەندامانی کۆمەڵە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری پێکهاتبوون و جیاوازیی بیروڕای سیاسی و فەلسەفیان هەبوو، ئەگەر چاوێك بە ئۆرگانی کۆمەڵەدا بخشێنین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ.»[1]

نادری ئینتسار[2] لەسەر ئەو باوەڕەیە کە گوتاری مارکسی و چەپ دەستی کرد بە چوونە نێو بڕیارەکانی کۆمەڵەوە و زیاتر لە ڕێگەی چڕبوونەوەی پێوەندییەکانی کۆمەڵەوە لەگەڵ گرووپە کوردییەکانی عێراقدا ئەو گوتارە هاتە نێوەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵە هاریکاریی خۆی لەگەڵ «ڕێکخراوی ڕزگاریی کورد»دا پەرەپێدا کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی بوو لە کوردستانی عێراقدا و مارکسی و چەپەکان دەسەڵاتیان بەسەریدا هەبوو و بڕیارەکانی ڕزگاری لەوەدا چڕ دەبوونەوە کە سنوورێك بۆ ئیمپریالیزمی ڕۆژاوا و پاشکۆکانیان دابنرێ.[3] سەید عەزیزی شەمزینی جەخت لەسەر هاوکاری و هاوپێوەندیی ئەم دوو ڕێکخراوە دەکاتەوە و دەڵێ: «کۆمەڵە و حیزبی ڕزگاریی کورد کە پاشان جێگای حیزبی هیوای گرتەوە،[4] هاوخەبات و هاوکار بوون، نفووز و

---

۱. هێمن موکریانی، س. پ، ل ۴۷.

۲. نادری ئینتسار، پرۆفسۆری بە ڕەگەز ئێرانی لە بواری زانستە سیاسییەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی ئالاباما لە ئەمریکا؛ نادر ئینتسار، ئێتنۆنەتەوایەتیی کوردی، و: عەتا قەرەداخی، سلێمانی، ۲۰۰۴، ل ۸.

۳. نادر ئینتسار، ل ۴۶.

٤. حیزبی ڕزگاری لە شوباتی ۱۹۴۵ دامەزرا. مەهدی محەممەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق (۱۹۴۵- ۱۹۵۸)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ۲۰۰۵، ل ۱۰۳.

ناوبانگی کۆمەڵەی ژ. ك و حیزبی ڕزگاریی کورد سەرانسەری کوردستانی گرتەوە و لەژێر ئاڵاکەیاندا زۆربەی ڕێکخراوە سیاسییەکان، لاوان و ڕووناکیران و چەپەکان کۆبوونەوە.»[1]

بەپێچەوانە ڕوانگەی وا هەیە کە کۆمەڵەی ژ. ك بە ڕێکخراوێکی ڕاست و خۆپارێز پێناسە دەکا: «بیروباوەڕی کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا هەڵوەشانەوەی لەسەر دەستی قازی محەممەد، بیروباوەڕێکی نەتەوەخوازیی ڕاسترەوانە بوو کە بە درێژایی ماوەی هەڵسووڕانی وەك ڕێکخراوێکی ڕیفۆرمیستی نەریتپارێز خۆی نواندووە.»[2] ئەگەر مەرامنامەی ئیسلامیی کۆمەڵەی ژ. ك بە هۆکاری ڕاستبوونی ئەم ڕێکخراوە دابنرێ ئەوە دەبێ بگوترێ کە زۆر ڕەوت و ڕێکخراوی سیاسی هەبوون، کە جەختیان لەسەر پێبەندبوون بە ئایینی ئیسلام لە بەرنامەکەیاندا کردووە و تەنانەت ناوی ڕێکخراو و حیزبەکەیان پاشگری «ئیسلامی»ی هەبووە، بەڵام پلان و تێڕوانینی چەپیان بۆ ئابووری هەبووە و سۆسیالیزمیان وەك ڕێگە چارەی دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردووە.[3]

---

١. د. عەزیز شەمزینی، ل ٣١٨.

٢. فەرید ئەسەسەرد، ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووهەمی جیهانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٤٢.

٣. بۆ وێنە هەر لە سەروبەندی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ. ك، لە ئێراندا ڕێکخراوێك لە ساڵی ١٩٤٣ بەناوی «برافی خواپەرستانی سۆسیالیست» دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە خوێندنەوەیەکی تایبەتی لە ئایینی ئیسلام هەبوو و پێیان وابوو لەبەر ئەوەی ئیسلام لە نێوەرۆك و دەروونی خۆیدا دینێکی دادپەروەر و لە ئەساسدا ئامانجی دابینکردنی دادپەروەری و کەرامەت و ئازادی و پێگەبشتوویی مرۆڤە، کەوابوو دەبێ لە هەر زەمانێکدا گونجاوترین ڕێگە بۆ دۆزینەوەی پێگەیشتنیان بگرینە بەر و لە سەردەمی ئێمەدا سۆسیالیزم باشترین فۆرمە بۆ دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی؛ هەر بۆیە

عەباسی وەلی[1] پێی وایە: «نێوەڕۆکی ئایدۆلۆژیی کۆمەڵەی ژ. ک زۆرتر دەربڕی بابەتی کۆمەڵایەتی - ئابووریی پێوەندیدار بە ستراکچەری چینایەتیی کۆمەڵگای کوردستان بوو و «نیشتمان» زۆرتر دەپڕژایە سەر

---

ئاینی موسوڵمانەکان لە گرتنە بەری ئەم چارەسەرییە گومانیان هەبێ. بۆ زانیاریی زۆرتر لەم بارەیەوە بڕوانە: محمود نکوروح، نهضت خداپرستان سوسیالیست، تهران، ۱۳۷۷. بە دروست بوونی حوسێنییەی ئیرشاد لە ئێران لە دەیەی ۶۰ی زایینیدا دیاردەیەك بەناوی عەلی شەریعەتی دەرکەوت کە بە ئیدئۆلۆگی شۆڕشی ئیسلامی ناو دەبرێ. بیر و ئەندێشەی شەریعەتی پێکهاتەیەك بوو لە ئیسلام، مارکسیزم و ئێگزیستیانسیالیزم کە بواری ڕەخساند بۆ پەرەسەندن و بەهێزکردنی بنەماکانی فکری- کولتووریی خوێندنەوەی چەپ و ئیسلام کە لە ئەنجامدا بەناوبانگترین ڕێکخراوی چەپی ئیسلامی بەناوی موجاهیدینی گەلی ئێران پێکهات، کە تێکەڵاوێك بوو لە ئەندێشە ئیسلامییەکان لەگەڵ مارکسیزم بە خوێندنەوەی حیزبی توودە؛ سامان رجائی، نگاهی بە ریشەهای چپ مذهبی، نشریە راه آزادی، شمارە ۵۹، ل ۲۱. ڕێکخراوی موجاهیدینی گەل کە لە ساڵی ۱۹۶۵ لە ئێران دامەزرا، بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە پاش ڕووخانی ڕژیمی محەممەدڕەزاشای پەهلەوی، شۆڕشگێران کۆتایی بە بەستراوەیی ئێران بە ڕۆژاوا دێنن و هەوڵ دەدەن بۆ ئابوورییەکی سەربەخۆ، ئازادیی بەیان، سەرلەنوێ دابەش کردنەوەی سەروەت و سامان و بە کورتی و بە پوختی دامەزراندنی سیستمێکی بێ‌چینی تەوحیدی. لە ڕاستیدا ئەم ڕوانگە و هەڵوێستانە ئەوەندە لە بیروبۆچوونی ڕێکخراوی چریکە فیدایی‌یەکان کە ڕێکخراوێکی مارکسی- لینینی بوو نزیك بوو کە ڕژیمی پەهلەوی ڕێکخراوی موجاهیدینی بە مارکسیستە ئیسلامییەکان ناو دەبرد؛ بڕواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب: ص ۶۰۷

۱. عەباسی وەلی، لەدایك‌بووی ۱۹۴۹ی شاری مەهاباد، بڕوانامەی ماجستێری لە زانکۆی «کیل»ی بریتانیا و تێزی دوکتۆراکەشی لە زانکۆی لەندەن وەرگرتووە. بڕوانامەکانی لە بواری زانستی سیاسیین و ساڵانی ۱۹۸۳- ۱۹۸۶ لە زانکۆی لەندەن مامۆستا بووە و ساڵانی ۱۹۸۶- ۲۰۰۴ مامۆستای زانستی سیاسی بووە لە زانکۆی وێلز و پرۆفیسۆری میوانیشە لە بەشی کۆمەڵناسی و زانستی زانکۆی «بوغازیچ»ی ئەستەمبوڵ؛ گۆڤاری گزینگ، ژمارە ۱۲، ستۆکهۆڵم، ۱۹۹۲، ل ۸

نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی نێوان هەژار و ساماندار لە کۆمەڵگای کوردی و ململانێـــی هەژاری و لەبیـــر کرانـــی کـــۆمەڵانی خەڵکـــی کـــورد بەتـایبەتی جووتیاران لەگەڵ کۆبـوونەوەی سـامان و داهـات لە دەسـتی خاوەنملکەکان و بازرگانـاندا.»[1] ئەم هەڵوێستانەی کۆمەڵەی ژ. ك دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم چین و تـوێژانە بـۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیـان وەخـۆ بـکەون و هەوڵ بـدەن حیزبی تـایبەت بە خۆیـان دابمەزرێنن کە لەگەڵ دژکردەوەی ژ. ك بەرەوڕوو دەبن.[2]

لە کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستاندا، کە سیستمی ئاغا و ڕەعیەتی و پێوەندییەکانی عەشیرەیی لە ناوچە گوندییەکاندا زاڵ بوو، کۆمەڵەی ژ. ك بۆ یەکەم جار ڕچەشکێنی دەکا و لە بەرنامەکەی خۆیدا ڕایدەگەیەنێ: «کـۆمەڵەی ژ. ك بـۆ پێشخسـتن و سەرخسـتنی کـورد لە شـەقامی شارستانییەتی (تمدن)دا بە هەمـوو هێز و توانـای خۆی تێدەکۆشـێ تـا بە یارمەتیی خوا ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەت و عەشیرەتبازی کە سـەرچاوەی هەموو چارەڕەشی و بەسەرهاتێکی تاڵ و گرینگ (سەخت)ـە بێنێتەدەر.»[3]

---

١. عبـاس ولـی، ناسیونالیـسم کـرد در ایـران دوره تکـوینی ۱۹۴۲- ۱۹۴۷، ت: رشـید احمدرش، نوبـا، گاهنامه سیاسی، اجتماعی، فرهنگی، شماره ۲، ص ۱۷۲.

٢. هەژار موکریانی لەم بارەیەوە دەنووسـێ: جارێـك خەبەریـان هێنـا، کە دەوڵەمەنـدی شاری، حیزبی خۆیان لەدژی ئێمە دروسـت دەکەن و شـەو لە مزگەوتی سـەید نیـزام کۆدەبنەوە. قەرار درا لێیان تێکدەین، بەڵام نەشـدەبوو بناسـرێین. حوسـێنی سـەرۆکمان (فرووهەر) پـاش کێشـە و هەرای زۆر ئەو ئەرکەی خـستە سـەر شـانی خـۆی. ئەو بە جلێکی گۆڕاو و دەم هەڵپێچراو لە مزگەوت چووبووە ژوور و دەمـانچەی دەرهێنـابوو کە واو واو... لێ‌کراوینە ڕووح بۆ کوێ دەبەن؟ ئەو هەمـوو دەوڵەمەنـدە قەڵەوانە وەك جندۆکەی بیسمیللا لێ‌کراو هەر ئەوەندەیان بۆ کـرا لە پەنجەرەوە بـاز بـدەن و خـۆ دەرباز بکەن؛ هەژار، چێشتی مجێور، ل ۶۸.

٣. نیشتمان، دیاریی کۆمەڵەی ژ. ك، بۆ لاوانی کورد، س. پ، ل ۲۱.

هەروەها ئەو چین و توێژانەی وەك ئاغا، شێخ، سەرۆك عەشیرەت و مەلا نەیاندەتوانی بێنە ڕیزی ڕیبەریی ژ. ك. بێجگە لەمانە کۆمەڵەی ژ. ك یەکەم ڕێکخراوی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە پڕوپاگەندەی بۆ چاکسازی لە بارودۆخی ژیانی جووتیاراندا کردووە و هانی ژنانی داوە بۆ هاتنە ڕیزی خەبات و نەهێشتنی نایەکسانیی ڕەگەزی.[1]

---

١. بۆ وێنە لە شێعری ئاخافتنی خوشك و برایان، برایەك هانی خوشکی دەدا کە ئاین دیلی و ژێردەستی تەحەممول بکا چون ئەوانی تر کە مەبەستی کچانی یەکیەتی سۆڤیەتیە ڕزگار بوون و ئەو هێشتا لەژێر چارشێودایە.

براکان:

دیدە گیان، کچە کوردی ژیکەڵە      داوێنی پاکت دوور بێ لە پەڵە

لێنین هەڵستا زوڵمی دچارە شێوا      تۆ هێشتا حەپسی لەژێر چارشێوا

(نیشتمان، ژمارە ٣، ٤/ شێعری م. ش. هێمن، ل ٢٣)

لە هەمان ژمارەی نیشتماندا (٣- ٤)، ئەم. ح. لاو. ١٠، بە ناساندنی حەیرانخانمی دونبولی لەژێر ناوی ژنێکی بوێری کورد و چاپی شێعرێکی ناوبراو، لە مایەی دڵداری‌دا، سەرکەوتنی ژنی کورد لە بواری شێعردا دەسەلمێنێ. لە ژمارە ٧، ٨ و ٩ی نیشتماندا لەژێر وێنەی دوو کچی کورد کە لە تورکیە ئیعدام کراون، پارچە شێعرێکی لە بارەیانەوە چاپ کردووە، کە بەم بەیتە کۆتایی دێت:

ئەو دوو ئەمامە بوون بە فیدای نیشتمانی کورد

ئەی خۆزگە بەو کوڕەی وەکوو ئەو دوو کچانە بێ

ئەوەی جێگای سەرنجە ئافرەتانی کورد ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە چالاکیەکانی کۆمەڵەدا بینیوە، ڕابەرانی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق هەوڵی پێکهێنانی لقێکی ئافرەتانیان داوە و لەم بوارەش‌دا ناهیدە شێخ سەلام و نەعیمە ئەحمەد (خوشکی برایم ئەحمەد) دەورێکی باڵایان بینیوە و توانیویانە کاروباری لقەکە بەڕێوەببەن و ژمارەیەك لە ئافرەتان لە دەوری کۆمەڵە کۆ بکەنەوە؛ لەو ئافرەتانە کە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا کاریان کردووە: زەکیە بابان، لوتفیە مەلا سەدیق، فەخریەخان، حەلاوەخانی کچی شێخ مەحموود، شەفیقەی خێزانی جەمال خەفاف و شەفیقە سەعید و فاتمەی

بە ڕای توێژەر ڕێکخراوێك بە گرتنە پێشی شێوازێکی نوێی خەبات[1] و بەگژدا چوونی سیستمی کلاسیکی و نۆرم و بایەخەکانی نەریتیی کۆمەڵگا لە لایەك و لە لایەکی دی بە هێنانی ژنان بۆ نێو ڕیزی خۆی و بە دوورخستنەوەی ڕێبەرانی نەریتی کە هەنگاوێکی گرینگن بۆ بە مەدەنیبوونی کۆمەڵگا، ناتوانرێ بە نەریتپارێز پێناسە بکرێ. گرنگیی ئەو هەنگاوانەی کۆمەڵەی ژ. ك بۆ هەڵتەکاندنی سیستمی کلاسیکی و

حەمەی سالەسوور و کەتانخان بوون. مەهدی محەممەد قادر، س. پ، ل ٤٦٩ ئامێدە شێخ سەلام، ئەوەی لە بیرمە، ئامادەکردنی: چیمەن سالح، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٣١ ـ ٣٢.

١. کۆمەڵەی ژ. ك شێوازی خەباتی چەکدارانە کە مێتۆدێکی نەریتیی کوردان بوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان، وەلادەنێ و گرینگی بە خەباتی فەرهەنگی و بردنەسەری پلەی وشیاریی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵ دەدا. مەلا قادر مودەڕریسی لە دامەزرێنەرانی ژ. ك لەم بارەیەوە دەڵێ: «بزاڤی چەکداری تەنیا زەمانێك تەئید دەکرا کە هەم پلەی فەرهەنگی گشتی تا ڕادەی پێویست چووبایە سەرێ و ڕێکخراویش ئەوەندە بەهێز بایە و پێوەندی لەگەڵ تەواوی ناوچەکانی کوردستانی گەورە ئەوەندە بایە کە لەیەك کاتدا و هاوئاهەنگ لە کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە ڕاپەڕین دەستی پێکردبا، چونکە ئەوەش ئامانجێکی زۆر نزیك نەبوو، زۆری خۆ پێوە ماندوو نەدەکرا.» سەید محەممەد سەمەدی، س. پ، ل ١٤. لە یەکەم ژمارەی «نیشتمان»دا کۆمەڵە لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی چەکدارانە هەڵوێستی خۆی ئاوا بەیان دەکا: «زۆر کەس وا لێك ئەدەنەوە کە ئەبێ نەتەوەی کورد بە زۆر و بە نیرووی چەك لە دیلی ڕزگار بکرێ، بەڵام ئەوانە هەموو بەهەڵە چوون و ڕێگای ڕاستیان لێ ون بووە و ئەبێ کورد بزانێ ئیمڕۆ تفەنگ لەچاو گوللەڕێژێن و تۆپ و فڕۆکە و تانك و... تۆقتۆقەیەك زیاتر نییە. تەنیا ڕێگەیەك ئەبێ بەرەو سەربەستی بێ یا بڕوا، شەقامی شارستانییەتییە، ئەم ڕێگایە ڕاست و ڕەوان ئەچێتە نێو مێرگی ئازادی و سەربەستی.» نیشتمان، ئامانجی ئێمە، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی ١٣٢٢، تەمووزی ١٩٤٣، ل ٢.

نەریتی کاتێک زەقتر دەردەکەوێ کە بە قووڵایی کۆنەپارێزبوونی کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان ئاشنا بین.[1]

بەهۆی ئەم هەڵوێستانەی بوو کە ئەندامانی کۆمەڵەی ژ. ک لەلایەن چین و توێژە نەریتپارێز و باڵادەستەکانی کۆمەڵگاوە بەتوندی هێرشیان دەکرایە سەر و بە کۆمۆنیست و لە دین وەرگەڕاو دەناسران و ژ. ک لە بەرامبەر ئەم هێرشانەدا ناچار بوو ڕوونکردنەوە بدا و بڵێ: «چەند کەسێک لەم بێمێشکانە کە کتێبی دیاری و ژمارەی یەکەمی «نیشتمان»یان خوێندبۆوە و لایەنگیری و تەمایولی ئێمەیان بە لای حکوومەتی سۆڤیەتدا دیبوو، گوتبوویان ئارمانی کۆمەڵەی ژ. ک بلاوکردنەوەی مەسلەک و باوەڕی کۆمۆنیزمە، ئەم قسەیە بێشک لە سەرچاوەی تەبلیغاتی فاشیستەکان ئاو ئەخواتەوە، دەنا ئێمە کۆمۆنیست نین و ئەگەر کۆمۆنیستیش بین جێگای هیچ ئیعترازێک بۆ خەڵک نییە.»[2]

بێگومان کەسانێک لە نێو ڕێبەریی «ژ. ک»دا هەبوون کە کاریگەریی بیری چەپیان بەسەرەوە بووە، بەڵام ڕێباز و سیاسەتی گشتیی

---

١. مەلا قادر مودەڕڕیسی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ- ک) بەم چەشنە باس لە کەشوهەوای زاڵی کۆنەپارێزیی ئەو ساڵانە لە کوردستاندا دەکا: «بەو مەرجە دەنگیان بە نوێنەری پارلمان دەدا کە هەوڵ بدا تەنیا مەکتەبی ئاوەندی لە شاری مەهاباد دابخرێ.» سەید محەممەدی سەمەدی، س. پ، ل ١٠. شانۆی «دایکی نیشتمان» کە وەک خاڵی وەرچەرخان لە یادەوەریی خەڵکی کوردستاندا مایەوە، نەیتوانی ئەکتەرێکی ژن بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ڕۆڵە پەیدا بکا و هەموو ئەکتەرەکان پیاو بوون و تەنانەت هەندێک لە ئەکتەرە گەنجە پیاوەکان لەلایەن باوکە ساماندارەکانیان بەرگرییان لێدەکرا چون بە چاوی سووک سەیری ئەو چالاکیانەیان دەکرد و پێیان وا بوو لەگەڵ پێگەی بەرزی چینایەتیی ئەوان ناگونجێ و ئەوە دەبوو منداڵانی سەر بە چینەکانی خوارەوە بەڕێوەی بەرن. شهرزاد مجاب، زن و ناسیونالیسم در جمهوری ١٩٤٦، نویسا، ص ٨٩

٢. نیشتمان، ئێمە و مردم، ژمارە ٢، خەزەڵوەری ١٣٢٢، ل ٣.

کۆمەڵەی ژ. ک کۆمۆنیستی نەبووە و ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئەم ڕێکخراوە بە لەبەرچاو گرتنی هەڵوێست و تێڕوانینی بۆ کێشە ئابووری - کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە ڕەوتێکی ڕاست و نەریتپارێز دابنرێ و ئەگەر بوونی دوو باڵ و دوو تێڕوانینی چەپ و ڕاست لە نێو ژ. کدا بووبێ، وا دەردەکەوێ کە باڵی چەپ دەسڕۆیشتووتر بووە،[1] ئەوە لە گوتار، ڕاگەیاندن و پێوەندییەکانی ژ. کدا بە زەقی دەردەکەوێ. هەڵبەت ئەو ناکۆکی و جیاوازییە لەسەر لایەنگری لە چاکسازیی ئابووری - کۆمەڵایەتی بووە و بەڵگەیەکی ئەوتۆ لە بەردەستدا نییە کە ڕێباز و ستراتێژیی کۆمەڵە لە هەمبەر پرسی نەتەوەیی گرتبێتەوە.

١. د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی کە زاوای قازی محەممەدە و کەم و زۆر شاهیدی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیە دەڵێ: زۆربەی ڕێبەرانی ڕیزی پێشەوە و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ک کە قازی محەممەد لەگەڵیان نەبوو، هەر لە سەرەتاوە مەیلیان بەرەو چەپ بوو، لەوانەشە لایەنگری حیزبی توودە بووبن. ئەبریشەمی ناوی پێنج کەس لەمانە دەبا کە بریتی بوون لە: عەزیز زەندی، حوسێن فرووهەر، محەممەد نانەوازادە، عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی، غەفوور مەحموودی. لەم پێنج کەسە عەزیز زەندی سەرۆکی حیزبی ئازادی و فرووهەر و زەبیحی سەرۆک و سکرتێری کۆمەڵەی ژ. ک بوون. د. عبدالله ابریشمی، کردستان همیشه قابل کشف، چشم‌انداز ایران، ویژەنامە، نشریه سیاسی - راهبردی شماره ٢، ١٣٨٣، ص ١٧٢.

# بەشی یەکەم

## حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دامەزرانییەوە تا شۆڕشی ١٩٥٨ لە عێراق (١٩٤٥ - ١٩٥٨)

## باسی یەکەم: دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٤٥

ڕێکەوتی ای خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ای هەتاوی بەرامبەر بە ٢٤ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ی زایینی، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد دامەزرا.[1] ئەگەرچی یەکەمین بەیاننامەی خۆناساندنی حیزب بە خەڵک و دانانی یەکەمین مەرامنامەی و هەوەڵ کۆنگرەی لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبردا بوو، کەچی حیزبی دیموکرات هەموو ساڵێ بۆ یادی دامەزرانی خۆی لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ (١٦ی ئاب) ئاهەنگ دەگێڕێ. هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی بە درێژەی کۆمەڵەی ژ. ک دادەنێ و «ژ. ک»یش وەکوو خۆی لە ڕۆژمێرەکانیدا نووسیویەتی لە ٢٥ی گەلاوێژ (ئاب)دا دامەزراوە.[2] لە

---

١. گۆڤاری کوردستان، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤، ٦ی دیسامبری ١٩٤٥، ل ١١.

٢. ئەوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەتدا)، چاپی دووهەم، هەولێر، ١٩٩٣، ل ٨٤. لەسەر چۆنیەتی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ژ. ک و دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە، بەشێک لەو بۆچوونانە وەک د. قاسملوو هۆکاری ئەم ئاڵوگۆڕە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کۆمەڵەی ژ. ک ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی و داخراو و نهێنی بوو و ڕووی لە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان نەدەکرد و وەڵامدەری وەزعی تازەی کوردستانی ئێران نەبوو. هەر بۆیە بەهۆی ئەو هەلومەرجە نوێیە کە لە پاش سەرکەوتن بەسەر فاشیزم[3]دا و

ڕاستیدا هەروا بوو، چون ژ. ک هەرەسی نەهێنا و لەبەریەکهەڵنەوەشا، بەڵکوو هەژار موکریانی گوتەنی: «حیزبی دیموکرات لەسەر

جێگربوونی ئازادییە دیموکراتییەکان لە ئێران پێکهاتبوو، زەمینەی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە حیزبێکی پێشەنگ کە پێویستیی مێژوویی و وەڵامدەری ڕۆژگاری نوێ بێ بێتە ئاراوە؛ بڕوانە: د. قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، کومیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٦٧، ل ٣٢. بەپێچەوانەی ئەوە بۆچوونی دیکە هەیە کە ئەم ئاڵوگۆڕە بەهۆی فشاری سۆڤیەتییەکان دادەنێ و بەتایبەت لە گەشتی دووهەمی ڕێبەرانی ژ. ک بۆ باکۆی دەگەڕێنێتەوە. هەژار موکریانی لەم بارەبەوە دەڵێ: «ڕووس لە ناوی ژ. ک ڕازی نەبوو چونکە حیزبەکە بۆ ئازادیی هەموو کوردستان تێدەکۆشێ و ئینگلیس و تورک تووڕە دەکا و دەبێ داوای خودموختاری لە ئێران بکرێ.» (هەژار موکریانی، س. پ، ل ٧٢)؛ حامید گەوهەری دەڵێ: «باقرۆف لە دیدارەکانیدا لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژ. ک هانی دان کە چیتر هیوایان بە سەرکەوتنی ژ. ک نەبێ و باشترە حیزبی دیموکرات دابمەزرێنن کە لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا و لەگەڵ گەلانی دیکەی دانیشتووی ئێران بۆ دیموکراتیککردنی ئێران هەوڵ بدەن.» حامید گەوهەری، کۆماری کوردستان، س. پ، ل ١١٦؛ هەندێک مێژوونووسی سۆڤیەتی وەک م. ئا. حەسرەتیان» و «ژیگالینا» هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ژ. ک بۆ ناکۆکی لە نێوان ڕێبەرانی ژ. ک و بە واتایەکی دی باڵی چەپ و ڕاستدا دەگەڕێننەوە، م. س. لازاریف و دیگران: تاریخ کردستان، ت: منصور صدقی و کامران امین‌آوه، گلن، ٢٠٠٧، ص ٢٢٢؛ بە وتەی دەیڤید مەکداول: «کوردەکان بەناچاری قەبووڵیان کرد کە حیزبی دیموکراتی خۆیان دابمەزرێنن.» دەیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ل ٣٩٩. هەر دوو زلهێزی ئەو کاتی جیهان واتە سۆڤیەت و بریتانیا لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەتی کوردی پێکهاتوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان نەبوون و ئەمەش لەگەڵ ستراتێژیی ژ. ک، کە بەرنامەیەکی ڕوونی ناسیۆنالیستی بوو نەدەگونجا و سروشتی بوو کە هەوڵ بدرێ بۆ گۆڕینی ڕێبازی ژ. ک؛ واتە چارەسەریی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا.

داروپەردووی ژ. ك دامەزراە[1] و تەنیا لە کادری ڕێبەریدا ئاڵوگۆڕ پێکهات.[2] ڕۆژنامەی کوردستانیش ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاپۆرتێکی لەسەر بەڕێوەچوونی جەژنی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات لەژێر ناوی «جێژن و چراخانی» لە ماڵی قازی محەممەد لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥ (١٦ی ئابی ١٩٤٦) بڵاوکردۆتەوە.[3]

حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرانی خۆی بە بەیاننامەیەکی کوردی ـ فارسی ڕاگەیاند، بەیاننامەکە زیاتر لە (حەفتا کورد)ی ناسراو ئیمزایان کردبوو و لە هەشت بەندا گەڵاڵە کرابوو.

---

١. هەژار موکریانی، س. پ، ل ٧٢.

٢. هێمن موکریانی، س. پ، ل ٥٠.

٣. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: «ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ بە بۆنەی پێنجەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەرهەیوان و حەساری عەمارەتی پێشەوا جێژنێك گیرابوو، لەم جێژنەدا تەواوی ئەهالیی شیرکەتیان کرد و شیرینیات و چا و میوەجاتیان مەسرەف کرد، جێژن لە ساعەتی ١ی پاش‌نیوەڕۆ دەستی پێکرد و دەوروبەری عەمارەتی پێشەوای بە ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و وێنەی پێشەوای موعەززەم ڕازابۆوە و شەوێ سەعات حەوت بەرنامەی جێژن دەست‌پێکرا و بە بۆنەی ئەم جێژنە لەلایەن ئاغایان: عەلی خوسرەوی، سەید محەممەد تەهازادە، دلشاد ڕەسوولی، سەید محەممەد حەمیدی، جەعفەر کەریمی، ویردی، سەدیقی، سەید عەبدوڵڵا تەهازادە، عوسمان دانش، محەممەدئەمین قادری، کاك محەممەدئەمین شەرەفی و... نوتق و مەقالات و ئەشعار خوێندرایەوە و دەنێوان نوتقەکاندا بیوچان مووزیکی میللی و سروودی میلیی کوردستان دڵی حازرانی فێتك دەکرد و جێژن لە ساعەت ١٢ زۆر بە خۆشی کۆتایی هات.» کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان: ژمارە ٧٩، ساڵی یەکەم، ٢٩ی گولانی ١٣٢٥، ل ١.

٤. بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٦،

هەشت بەندەکە ئەمانە بوون:

١. میللەتی کورد لە ئێراندا لە هەڵسووڕاندن و پێکهێنانی کاروباری جێگای خۆی ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریی بێ.
٢. بتوانێ بە زمانی کوردی بخوێنێ و لە وڵاتانی کوردیدا کاروباری نووسین لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا هەر بە کوردی بێ.
٣. ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان کە وەکوو قانونی ئەساسی دەڵێ جێبەجێ دانێ لە هەموو کارەکانی ئیجتیماعی و دەوڵەتیدا چاوەدێری بکا و پێ ڕابگا.
٤. مەئموورینی دەوڵەتی هەر دەبێ لە خەڵکی مەحەل بێ.
٥. بەبۆنەی قانوونێکی کوللی لە مابەینی ڕەعییەت و ئەربابدا سازشت بەجێ بێت کە دوارۆژی هەر دووکیان تەئمین بێت.
٦. بەتایبەتی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان سەعی دەکات لە مابەینی میللەتی ئازەربایجان و ئەو نەتەوانەی کە لە ئازەربایجاندا دەژین (ئاسووری، ئەرمەنی و غەیرە) لە موبارەزەدا یەکیەتی و برایەتی تەواو بەرقەرار بێت.
٧. کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ئیستیفادە لە سەرچاوان و کانگایەکانی تەبیعیی زۆری کوردستان و سەرکەوتنی ئومووری جووتیاری و بازرگانی و پەرەپێدانی ئومووری فەرهەنگی و لەش‌ساغی بۆ چاکیی حاڵی ئیقتیسادی و مەعنەویی میللەتی کورد ملەی دەکا.
٨. ئێمە دەمانەوێ ئەو نەتەوانەی کە لە ئێراندا دەژین بتوانن بە ئازادی بۆ سەعادەت و سەرکەوتنی نیشتمانی خۆیان کۆششت بکەن.

بژی کوردستانی خودموختاری دیموکرات[١]

---

١. ڕەفیق سالح و سدیق سالح، ڕۆژنامەی «کوردستان»، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٥٢- ٢٥٣. [تێبینی: ئەمە دەقی دەستنووسەکەیە و پێویستە بڵێین کاتێک ئەم دەستنووسە سەردەمی خۆی بە چاپ بلاو کراوەتەوە لەبری کۆمەڵەی دیموکرات گۆڕدراوە بە حیزبی دیموکرات.]

لە ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ (٢٥ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥) حیزبی دیموکرات یەکەم کۆنگرەی خۆی لە شاری مەهاباد بەڕێوەبرد. بەشداربووانی کۆنگرە بریتی بوون لە نوێنەرانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا،[1] کە لە چەندین شار و ناوچەی کوردستانەوە هاتبوون. کۆنگرە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژارد و مەرامنامەی حیزبی پەسند کرد.[2]

لەگەڵ ئەوەی‌دا کە حیزبی دیموکرات هەر لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژ. ک دامەزرا بوو، بەڵام بەرنامە هەشت مادەییەکەی حیزب ئەگەر نە بەتەواوی بەڵام لە چەند ڕوویەکەوە لەگەڵ ئامانج و بەرنامەی کۆمەڵەی «ژ. ک»دا جیاوازیی هەبوو. دروشم و سیاسەتی حیزبی دیموکراتی

---

١. ١- ماکۆ و ئارارات: ئاغای عومەرخانی جەلالی، ئاغای شێخ حەسەن، ئاغای شێخ کی، حەسەن‌ئاغای دلایی، ئاغای عەبدوڵلائاغای مەلان، ئاغای فەخری. ٢- سۆما و برادۆست و دەشتی مەرگەوەڕ: ئاغای عومەرخانی شەریفی، ئاغای تاهیرخانی سمکۆ، ئاغای عەباس‌ئاغای فەنەک، ئاغای قۆیتاس‌ئاغای مامەدی، ئاغای حاجی وەتمان، ئاغای شێرۆ، ئاغای عەبدی، ئاغای حەسەن تیلۆ، ئاغای تەمەرخان، ئاغای مراد، ئاغای تورکۆ، ئاغای زوبەید، ئاغای عەزۆ، ئاغای حەسەن هەنارە، جەنابی ئاغای حاجی سەید عەبدوڵلا ئەفەندی. ٣- شنۆ: ئاغای مووساخانی زەرزا، ئاغای قەرەنی‌ئاغای زەرزا، ئاغای میرزا سەعید، ئاغای قازی محەممەد، ئاغای کاک هەمزە. ٤- سندووس: ئاغای ئەحمەدی کاخدر، ئاغای قاسم‌ئاغای پیرۆتی. ٥- لاهیجان: ئاغای عەبدوڵلائاغای قادری، ئاغای کاک مامەند قادری، ئاغای کاک حوسێن محەممەدی، ئاغای پیرۆت‌ئاغای ئەمیرعەشایری، ئاغای محەممەدئەمین‌ئاغای پیرۆتی. ٦- پیران: ئاغای محەممەدئەمین‌ئاغا، ئاغای قەرەنی‌ئاغا. ٧- میاندواو: ئاغای محەممەدحوسێن‌خانی سەیفی قازی. ٨- بۆکان: ئاغای عەبدوڕڕەحمان شەرەفکەندی، ئاغای ڕەشید عەلی‌زادە؛ بڕوانە: ئەوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەت‌دا)، ل ٨٣- ٨٤.

٢. بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٧.

کوردستان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد لەچاو دروشم و سیاسەتی کۆمەڵەی ژ. ک گەڕانەوەیەکە بۆ دواوە.[1] ئەگەریش بەراوردێک بکەین لە نێوان ستراتێژیی کۆمەڵەی ژ. ک کە بریتی بوو لە وەسەریەک خستنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لەگەڵ ماددەی یەکەم و سێهەمی حیزب کە دەڵێ لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا خودموختاریی دەوێ و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی لەسەر بناغەی دەستوور ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان هەڵدەبژێرێ، بەڕوونی پاشەکشەی پێوە دیارە.

ماددەیەکی دیکەی ئەم بەرنامەیە کە ڕەخنەیەکی زۆری لەلایەن بەشێك لە نووسەر و لێکۆڵەران ئاراستە کراوە، ماددەی پێنجی ئەم بەرنامەیەیە کە هیچ باسێکی لە فۆرموولێکی دیاریکراو بۆ چارەسەری گیروگرفتی دژواری پێوەندیی خاوەن زەوییەکان و جووتیارانی بێزەوی نەکردووە. کەریم حیسامی پێی وایە: «ڕێککەوتن و پێکهاتنی لادێیی و خاوەنملکەکان کە لە ماددەی پێنجەمدا داوای دەکرێ وەك ئاشت کردنەوەی گورگ و مەڕ وایە. دیارە مەبەست ئەوە نییە کە بڵێین دەبووایە داوای دابەشکردنی زەویوزار بکرایە، بەڵام لانیکەم دەبووایە بۆ ڕاکێشانی وەرزێران و زەحمەتکێشانی گوند بەڕوونی دارولەلەیەکی بۆ دەسەڵات و زوڵمی دەرەبەگەکان دانابایە.»[2] مەکداول، دەڵێ: «حیزبی دیموکراتی کوردستان نەیتوانی لە مەسەلەی چاککردنی باری ملکایەتیدا هەنگاوێك هەڵ بێنێ.»[3] کریس کۆچێرا دەنووسێ: «ئەو بەرنامەیە کە لە

---

١. کەریم حیسامی، کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری؟ چ ٢، ستۆکهۆلم، ١٩٨٦، ل ١٩.

٢. کەریم حیسامی، کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری؟، ل ٢٢.

٣. دەیڤید مەکداول، ل ٥٠١.

بنەڕەت‌دا بەرنامەیەکی نەتەوەیی‌یە، نیشانەیەکی لە شۆڕشگێڕ بوون تێدا بەدی ناکرێ و ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی حیزبی نوێیە.»[١] سەید عەزیز شەمزینی پرۆگرامی حیزبی دیموکراتی، کە لە یەکەم کۆنگرەدا پەسندکراوە داوەتە بەر تیشکی ڕەخنە و لە کتێبەکەی خۆی‌دا کە شێوەی شی‌کردنەوەی مارکسیی بۆ ڕووداوەکان ڕەچاو کردووە پێی وایە: «ئەو پرۆگرامە بە هیچ چەشنێك باسی پێوەندیی حیزب و چینە ستەمکێشەکانی نەکردووە و لەم بارەیەوە نەیتوانی هەڵوێستی حیزب بەرامبەر بە دەرەبەگەکان و پاشماوەی سیستمی دەرەبەگایەتی ڕوون بکاتەوە و بەرژەوەندییەکانی دەرەبەگ و بازرگانەکانی بەئاشکرا لە پرۆگرام‌دا مسۆگەر کردووە.»[٢]

لە بەرامبەردا بۆچوونێکی دیکە هەیە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەرنامەی حیزب لەگەڵ ئاوڕدانەوە لە ژیانی جووتیارانی کوردستانیش‌دا هەوڵ دەدا بۆ ڕۆژگاری ئەوسای کوردستان چارەسەرێکی مامناوەندی بدۆزێتەوە، واتە نە لە ئاست ژیان و بەرێچوونیان بێ‌دەنگی دەگرێتە بەر و نە خۆ لە خانەی دروشمێکی ڕادیکاڵی وادا دەبینێتەوە کە بۆ وێنە دروشمی «زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا» لەو سەردەمەدا بەکردەوە نەیدەتوانی بێتە دی و هەر بۆیە لە ماددەی پێنج‌دا نووسراوە: «دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی

١. کریس کوچرا، جنبش ملی کرد، ص ٢٠٩.

٢. سەید عەزیز شەمزینی، س. پ، ل ٣٢٦. بۆ زانیاریی پتر لە کەم‌وکوڕییەکانی پرۆگرامی پەسندکراوی یەکەمین کۆنگرەی حیزب کە لە ڕۆژانی ٢٥- ٢٨ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٤٥ بەسترا، بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٧- ٣٢٨.

لە نێوان لادێیی و خاوەنمڵکدا ڕێککەوتنێك پێكبهێنرێ و دوارۆژی هەر دوو لا دابین بکرێ.»[1]

بە سەرنجدان بە چۆنیەتیی دابەشبوونی خاوەنداریەتیی زەوی لە کوردستان،[2] کە زیاتر لە ٦٠٪ی خێزانە جووتیارەکان نە کەم و نە زۆر زەوییان نەبوو و ٢٣٪یشیان کەمتر لە هێکتارێکیان زەوی هەبوو[3] لە لایەك و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو ٧٢ کەسەی کە بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتیان واژۆ کرد، کە بریتی بوون لە خاوەن مڵك ٢٤ کەس، سەرۆك عەشیرەت ١٧ کەس، بازاڕی ١٨ کەس، خوێندەوار و ڕووناکبیر ١٠ کەس، پیاوی ئایینی واتە مەلا ٤ کەس،[4] لە لایەکی دی چاوەڕوانی نەدەکرا بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەنگاوی جیددی بۆ باری ملکایەتی هەڵ بگرێ. ماددەی ٥ی بەرنامەی حیزب ئەوپەڕی زەرفیەت و دەسەڵاتی سەرکردایەتیی حیزب

---

١. ئەیووب ئەیووبزادە، لە «ژ. ک»ـەوە بۆ کۆمار (مێژوونووسیی حیزب لەژێر تیشکی ڕەخنەدا)، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٨.

٢. ملکی خاوەنملکەکان ٧٨٪، ملکی دەوڵەت و شا ١٠٪، ملکی مەوقووفە ٢٪، ملکی عەشیرەتەکان ٢٪، ملکی جووتیاران ٨٪، بڕوانە: عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، ل ١٢٥.

٣. هـ . س، ل ١٢٥.

٤. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (گەشتێك بە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە کوردستانی ئێران)، ستۆکهۆلم، ١٩٩٦، ل ١٨٩. بە سەرنجدان بەم پێکهاتەی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی، د. ئەمیری حەسەنپوور کە لە گۆشەنیگای چەپێکی ڕادیکاڵەوە ڕوانیویەتە ئەم بابەتە دەڵێ: «هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ژ. ك و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان سازانی مێژوویی نێوان دەرەبەگایەتی و کوردایەتی هێنا کایەوە»، عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما) چ ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٧.

بوو بە قازانجی چینی جووتیار و زەحمەتکێشی لادێ کە لەلایەن خاوەنملکە گەورەکانەوە بە خراپترین شێوە دەچەوسانەوە. هەر بۆیە د. قاسملوو دەڵێ: «ماددەی ٥ی بەرنامەی حیزب نە تەنیا شۆڕشگێڕانە نییە، داخوازێکی ڕادیکاڵیش نییە، بەڵکوو داخوازێکی ڕیفۆرمیستییە، مەبەستی ئیسلاحی ئەو کۆمەڵەیە و پاراستنی نەزم و نیزامی کۆنە»[1] و پاراستنی نەزم و نیزامی کۆنیش واتە پاراستنی بەرژەوەندیی خاوەنملکە گەورەکان.

سێ مانگ دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکێك لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی دا کە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەهۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. دامەزرانی کۆمار لە دوای ئەزموونی دەسەڵاتداریی شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان بە دووهەمین ئەزموون و دیارترین ڕووداوی سیاسیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست لەسەر ئاستی کوردستان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی.[2]

لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٦)دا لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی فراواندا لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکهۆز و عەشیرەتەکان و خەڵکی بازرگان، کاسبکار، جووتیار و پاڵەی کوردستان «دەوڵەتی جمهووریی کوردستان» لە مێژووی هاوچەرخی کوردیدا هاتە کایەوە.[3]

---

١. د. قاسملوو، چل ساڵ خەبات...، ل ٤٣.

٢. جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل ٢٨٢.

٣. د. هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردیی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢- ١٩٤٧، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٧.

قازی محەممەد،[١] کە ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بوو بە سەرۆك کۆماری کوردستان. لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا پێشەوا قازی قسەی کرد و بەرنامەی دوارۆژی کار و تێکۆشانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند کە لە بنەڕەتدا هەموو ئەو بەرنامەیە بوو کە حیزبی دیموکرات دایڕشتبوو.[٢]

حیزب لە بەردەم ئەزموونی پراکتیزە کردنی بەرنامەی ڕاگەیاندراوی خۆی بەهۆی «دەوڵەتی جمهووریی کوردستان»ەوە بوو. لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنی کۆماردا کە زۆر کورت بوو، زۆر لە داخوازییەکانی کورد بەدی هاتن؛ زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمی، گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەرچوون و بڵاوکراوەی ئەدەبی پەرەی سەند. پێشمەرگەی کورد جێگەی یەکەکانی پۆلیسی ئێرانی گرتەوە

١ قازی محەممەد، لە یازدەی گوڵانی ساڵی ١٩٠٠دا لە شاری مەهاباد لەدایك‌بووە، باوکی ناوی قازی عەلی لە گەورە پیاوانی شاری مەهاباد و دایکی گەوهەرتاج‌خانم لە بنەماڵەی فەیزوڵلابەگیە. خوێندنی سەرەتایی لە لای باوك و مامی، شاعیری بەناوبانگ «ئەبولحەسەن سەیفولقوزات» تەواو کردووە. شارەزایی لە زمانەکانی ئینگلیسی، فەڕانسەیی، عەرەبی و فارسی و تورکی هەبووە. لە ساڵی ١٩٢٣ـەوە تا ساڵی ١٩٢٥ لێپرسراوی ئیدارەی ڕۆشنبیری و ئەوقافی مەهاباد بووە و دواتر بۆتە بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ لە مەهاباد. دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٩٣١دا لەلایەن حکوومەتی تارانەوە کراوە بە دادوەری مەهاباد. ساڵی ١٩٤٤ بە نازناوی «بینایی» بەڕەسمی دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ك و بەرپرسی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە و کراوە بە سەرکۆماری کوردستان (١٩٤٦). ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە لە سێدارە دراوە، بڕوانە: محەممەدڕەزا سەیفی قازی، نهێنییەکانی دادگایی کردنی قازی محەممەد و هاوڕێیانی (بەڵگەنامەکان)، و: عەلی‌ئەکبەر مەجیدی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٩، ٣٠.

٢. د. قاسملوو، چل ساڵ خەبات...، س. پ، ل ٦٨

(سپای میللی)، سروودی نەتەوەیی، ئاڵای نەتەوەیی و دامودەزگای حکوومەتیی کوردی پێکهات،[١] هاتنی ژنان بۆ نێو ژیانی سیاسی، فەرهەنگی و پەروەردەیی و بونیادنانی سیستمی پەروەردەیی مۆدێرن و بونیادنانی دامەزراوە کولتوورییەکان (سینەما، شانۆ، ڕادیۆ، کتێبخانە) لە دەسکەوتەکانی دیکەی کۆماری کوردستان بوون.[٢]

بەڵام کۆماری کوردستان نەیتوانی لە ڕووی ئابوورییەوە گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی دانیشتوانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیدا پێکبێنێ، بەتایبەتی بە قازانجی جووتیاران و زەحمەتکێشانی لادێ کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانیان پێکدەهێنا،[٣] هەنگاوێکی جیددیی هەڵ نەگرت. ئێستا پرسیارێك دێتە ئاراوە:

بەرنامەی ژ. ك بۆ دۆخی ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی ئەو کاتی کوردستان داکۆکی لە جووتیاران و پێویستیی چاکسازی لە هەلومەرجی ژیانیان و کۆتایی هێنان بە زۆرداری و چەوساندنەوەی خاوەنملکە گەورەکان و دەرەبەگەکان بوو، ئەم گوتارەی ژ. ك چی لێ بەسەر هات لە نێو حیزبی نوێدا کە لەسەر داروپەردووی ئەو دامەزرابوو؟

ئەو گوتارەی کە باڵی چەپ و لە هەمان کاتدا دەسڕۆیشتووی ژ. ك هەڵگری بوو، لە نێو حیزبی دیموکراتدا ئیتر باڵادەست نەبوو و لە توانایدا نەبوو تێڕوانینی خۆی بکا بە ئەجێندای حیزب بۆ دۆخی

---

١. نادر ئێنتسار، س. پ، ل ٥٨

٢. بۆ زانیاریی پتر لەسەر کار و کردەوەکانی کۆماری کوردستان بڕوانە: د. قاسملوو، چل ساڵ خەبات...، س. پ؛ حامید گەوهەری، کۆماری کوردستان، س. پ؛ ئەیووب ئەیووبزادە، س. پ؛ د. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران...، س. پ.

٣. لەو ساڵانەدا زیاتر لە ٧٠٪ی خەڵکی کوردستان لە دێهاتدا دەژیان؛ حوسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ب ٢، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٢١٦.

ئابووری - کۆمەڵایەتیی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار. هەرچەندە لە چەند ژمارەیەکی کوردستان «شوێنپەنجەی ئەم بیر و ئەندیشەیە هەر بە لاوازی خۆی دەردەخا.»[1] ئەم چوونە پەراوێزەی باڵی چەپ لە نێو حیزبی دیموکراتدا بە لەبەرچاو گرتنی پێگەی چینایەتیی زۆربەی

---

١. بۆ وێنە: زەبیحی، سکرتێری کۆمەڵەی ژ. ك لە کوردستانی ژمارە ١٨دا جاڕی شۆڕشی سوور لە قاڵبی شێعر دەدا:

شەڕابی سوور

به شایی‌ئۆغـان دەخـۆم ئەو دەم شـەڕابی سـوور
که بێتـەدەر لە شـەرقی ئینقلابـا ئافتـابی سـوورا
قوربـانی ئەو دەمەم کە خـوێنی سـتەمگەران
دەریـایی ئینقلاب بێـن پـڕ حوبـابی سـوور
چەند خۆشە ئەو زەمان بە داژداری چەکوچ و داس
کـوردان لە گەردەنی دوژمـن بکەن تەنابی سـوور
مەرژینە هێنـدە خـوێنی ڕەنجبەر ئێمڕۆکە، خـان
ڕۆژی حیسـاب ئەکێشـن لە تـۆ ئینقلابـی سـوور
پرسیاری دا بە مـن لە ئـاتییەیی خـۆی جەنـاب
هێنامە پێشی خەنـجەرەکەم، هـا جـوابی سـوور
ئاغـا شـەڕابی سـووری لە پێشـە و لە برسـێتی
چـاوی پـڕە کچـی جـوتێر لە ئـاوی سـوور
خۆتـان بشـۆن بە خـوێنی عەدوو، کـوردە ڕاپەڕن
فتوای شـەرعی ئینقلابە بە نەسـی کیتـابی سـوور
کەنگـێ دەبـێ کە دەسـتی عـیلم هەڵبـداتەوە
«بێژەن» لە ڕووی کـچە کـوردان نیقـابی سـوور؟

لە کوردستانی ژمارە ١٧دا وتارێك لەژێر ناوی «اشتراکی چیە؟» بە قەڵەمی ناوێکی خوازراو: «شوان»، چاپ بوو تێیدا نیزامی ئابووری - کۆمەڵایەتی سۆسیالیزمی پێناسە کردووە.

سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کاربەدەستانی کۆمار کە سەر بە چینی خاوەنملکە گەورەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان بوون، بە بەراورد لەگەڵ ڕێبەرایەتی ژ. ك کە خوێندەوارانی شاریی سەر بە چینی ناوەند (وردەبوورژوازی) بوون سروشتی بوو.

خاڵێکی جێگای سەرنج لەم قۆناغەدا ئەوەیە ئەگەر لە نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا باڵی چەپ دەخرێتە پەراوێزەوە، بەلام بە ڕووی دەرەوەدا حیزبی دیموکرات لە حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران نزیك دەبێتەوە. بەتایبەتی ئەم نزیكبوونەوەیە دوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە خاکی ئێران گەرمتر بوو؛ لەگەڵ حکوومەتی میللیی ئازەربایجان پەیماننامەی دۆستایەتیی مۆر کرد و دوای گفتوگۆکانی نێوان قازی محەممەد و حکوومەتی ناوەندی و ئەو ڕۆڵەی کە توودەیییەکان لەو نێوەدا گێڕایان، پێوەندیی حیزبی تووده لەگەڵ حیزبی دیموکرات گەرم بوو. ئەم پێوەندییەش بە چوونی کوردەکان بۆ نێو حیزبەکانی باڵی چەپ لە ئێئتلافی بەرەی پێشکەوتووی ئێران قایمتر بوو. ئاکامی ئەو ئێئتلافە ئەوە بوو کە کوردەکان و فیرقەی دیموکرات و حیزبی تووده هەڵوێستی خۆیان لێك نزیك کردەوە.[1]

لە ئەنجامی ئەم لێك نزیكبوونەوەیەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی خولی پازدەهەمی پارلمان، لەگەڵ ئەم حیزبانە دەچێتە بەرەوە بۆ بەشداریکردن و دەنگ وەرگرتنی زیاتر. قازی محەممەد بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تێلگرافێکدا[2] بۆ د. فەریدوون کەشاوەرز

١. موجتەبا برزوویی، بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠- ١٩٤٩)، و: ئازناز محەممەد عەبدولقادر، سۆران عەلیپوور و یووسف خزرچوویان، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٢٤٣.

٢. دەقی ئەم تێلگرافە بەم جۆرەیە:

تێلگرافی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ئەندامی ڕێبەریی حیزبی توودە و ئەڵلایار ساڵح، ڕێبەری حیزبی ئێران[1] و پیشەوەری،[2] ڕێبەری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، قەواموسەڵتەنە،[1]

---

بە بۆنەی یەکگرتنی شەش لایەنی ئەحزابی ئازادیخواز کە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە ڕیزی ئەو یەکگرتەدایە، پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش دەکەین و بە شانازیی دەزانین کە حیزبی ئێمە دەستی دە ناو دەستی زۆربەی هاونیشتمانیان ناوە، یەکیان گرتووە و دەتوانن شانبەشانیان لە ڕێی ئازادیی ئێرانی خۆشەویستدا لە خۆبوردووانە تێبکۆشن. بەهۆی ئەوە کە شەش مانگە «ئیرتجاع» بە بۆمب و تانک و تۆپ دایانگرتووین و سەرقاڵی خەباتێکی خوێناوی بووین، پێشتر دەرفەتمان نەبوو لەسەر هاوکارییمان بۆ ئازادیی هاونیشتمانییانی ئازادیخواز پێکەوە ڕاوێژ بکەین، داوای لێبوردن دەکەین. هیوادارین لەمەودوا لە قەدەر توانامان دەرحەق بەم ڕێککەوتنە کە بۆ بەرەو پێدانی ئازادیی وڵاتی خۆشەویستە، لێهاتوویی تەواو نیشان بدەین و بۆ بنبڕکردنی «ئیرتجاع» دەورێکی گرنگ بگێڕین. لەلایەن کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان؛ «کەریمی». کوردستان، ژمارە ٢١، ٥ی خەرمانانی ١٣٢٤.

١. حیزبی ئێران بەهۆی ئەندازیارێکی گەنج بەناوی مەهدی بازرگان کە لە فەرانسە خوێندنی باڵای تەواو کردبوو، دامەزرا. پێکهاتەی ئەم حیزبە زۆرتر بریتی بوون لە ئەندامانی پیشەیی و تێکنۆکراتی سەر بە چینی نێوەڕاست و کارمەندانی دەوڵەت، دەرچووانی زانکۆکان و خوێندکار و قوتابییانی زانکۆ و قوتابخانەکان. لە دروشمەکانی ئەو حیزبە کە بانگەشەی بۆ دەکردن: کۆتایی هێنان بە نفووزی بێگانە، نەهێشتنی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و گەندەڵ، بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بەهۆی حکوومەتی مەشرووتە و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. مصطفی علم، نفت، قدرت و اصول، ملی شدن نفت و پیامدهای آن، ترجمه: غلامحسین صالحیار، تهران، ١٣٧٧، ص ١٦١.

٢. جەعفەر پیشەوەری ساڵی ١٨٩٢ لە تەورێز لەدایکبووە، ناوبراو کۆمۆنیستێکی پێشوو، ئەندامێکی بەرچاوی کۆماری گیلان بوو کە ساڵی ١٩٢٠ دامەزرا، پاش ڕووخانی ئەو کۆمارە بەرەو یەکیەتیی سۆڤیەت ڕۆیشت، پاش کەوتنی ڕەزاشا لە ساڵی ١٩٤١دا وەک سەرکردەیەکی حیزبی توودە گەڕایەوە ئازەربایجان، لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتیی ساڵی ١٩٤٣دا سەرکەوت، بەڵام حکوومەتی ئێران ئەو سەرکەوتنەی ڕەت کردەوە. لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان ساڵی ١٩٤٥ بوو بە سەرۆکی ئەم حکوومەتە. پاش

ڕێبەری حیزبی دیموکراتی ئێران، پێی ڕاگەیاندن حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامادەیە لەو بەرەیەدا بەشدار بێ.[2] سەدری قازی برای قازی محەممەد و نوێنەری مەهاباد بۆ خولی چواردەهەمی مەجلیسی شوورای میللی وەك نوێنەری بەشی دانوستان و پێوەندییەکان بە بەرە ناسێندرا،[3] لەم پێوەندییەدا حەسەن ئەرفەع، سەرۆکی ستادی سپای ئێران دەڵێ: «هەرچەندە سەدری قازی ئەندامی حیزبی توودە نەبوو، بەڵام لە هەموو شوێنێك لەگەڵ ئەوان هەڵدەستا و دادەنیشت.»[4]

بەپێچەوانە کۆمەڵەی ژ. ك نە تەنیا لە حیزبی توودە نزیك نەدەبوو، بەڵکوو دژی چالاکیی ئەم حیزبە لە کوردستان بوو. شەمزینی دەڵێ: «حیزبی توودە دەیهەویست لە کوردستان لقی تایبەتی هەبێ و کۆمەڵە لەم

ڕووخانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٤٦دا بەرەو یەکیەتیی سۆڤیەت ڕۆیشت و لەوێ بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل تێداچوو. د. یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، مێژووی هاوچەرخی ئێران، چ ٢، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٨٩.

١. قەواموسەڵتەنە، لە بەناوبانگترین سیاسەتمەدارانی ئێران لە کۆتایی سەڵتەنەتی قاجارەکان و ئۆناغی سەڵتەنەتی بنەماڵەی پەهلەویە و بەتایبەتی لە ساڵەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی تا ساڵی ١٩٥٢ کە بۆ دوایین جار بوو بە سەرۆکوەزیران، ڕۆڵێکی گرینگی لە شانۆی سیاسیی ئێراندا بینی. ناوبراو لە ساڵانی: ١٩٢١، ١٩٤٢، ١٩٤٥، ١٩٤٦ و ١٩٥٢ بوو بە سەرۆکوەزیران، ساڵی ١٩٥٥ کۆچیدوایی کرد؛ زهرا شجیعی، نخبگان سیاسی ایران: از انقلاب مشروطه تا انقلاب اسلامی، وزارت و وزیران در ایران، جلد سوم، تهران، ١٣٧٢.

٢. هاشم سەلیمی، پێشەوای ڕابوون (بیرەوەرییەکانی محەممەدسەعید هومایوون)، و: ڕەسووڵ سوڵتانی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١١٢. دوو حیزبی دیکە بەناوەکانی: «حیزبی سۆسیالیست» و «حیزبی جەنگەڵ»یش لەم بەرەیەدا بەشدار بوون. د. قاسملوو، چل ساڵ خەبات، ل ٧٨.

٣. د. قاسملوو، چل ساڵ خەبات، ل ١١٢.

٤. حسن ارفع، م. ق، ص ٧٦.

بارەیەوە لاریی هەبوو.»[١] ئەم ناکۆکییە لە چاوی کۆنسوولی بریتانیا لە تەوریز ون نەبووە و لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسێ: «ئاشکرایە بۆ مەسەلەی ڕاکێشانی پشتگیریی کوردەکان، کۆمەڵەی ژ. ک و حیزبی توودە کێبەرکێیان لە نێواندا هەیە و دەگوترێ کومیتەی کۆمەڵەی ژ. ک لە مەهاباد نامەی بۆ لقی حیزبی توودە لە میاندواو نووسیوە و داوای لێ کردوون ناوی هیچ کوردێک لە حیزبەکەیاندا نەنووسن، چونکە ئەرکی هەموو کوردێکە ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک.»[٢] ئەم ململانێ و گرژییەی نێوان ژ. ک و حیزبی توودە لە ڕاپۆرتی سەرکۆنسوولی سۆڤیەت لە ورمێش دەبینرێ: «بەپێی ڕاگەیاندنی «ئازاد وەتەن»، بەرپرسی حیزبی توودە لە ورمێ دەریخستووە کە کوردەکان ڕیزی بەرگریان دروست کردووە و ئەندامانی پارتی ژ. ک کە دەچنە گوندەکان پڕوپاگەندە بۆ هاتنە ڕیزی کۆمەڵە دەکەن. ئەگەر کەسانێک ئامادە نەبن بە زۆر دەیانهێنن و ئەوانە کە بە زۆر ناچاریان دەکەن، بێنە ڕیزی ژ. ک و ئەندامانی توودەشیان تێدا هەن، بە قورئان سوێندیان دەدەن، ژ. ک دەیهەوێ کوردستانی سەربەخۆ پێک بهێنێ.»[٣] ستراتیژیی دیاریکراوی ژ. ک کە بەرنامەیەکی ڕوونی ناسیۆنالیستی بوو، واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کورد پێکهاتوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لەگەڵ سیاسەتی حیزبی توودە کە ویستی پاراستنی سەروەریی خاکی ئێران بوو بەتەواوی ناتەبا بوو و ئەمە سەرچاوەی ناکۆکی و ململانێی ئەم دوو ڕێکخراوەیە بوو.

---

١. سەید عەزیز شەمزینی، س. پ، ل ٣٢٥.

٢. ئەنوەر سوڵتانی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، س. پ، ل ١٣١.

٣. د. ئەفراسیاو هەورامی، ل ١٢٨.

نزیـکبـوونەوەی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان لە هێـزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان دەبێ لە چوارچێوەی سیاسـەتی ئەو کـاتی سۆڤیەتدا بدۆزرێتەوە کە لە سەفەری دووهەمی[1] قازی محەممەد و وەفدی هاوڕێی بـۆ بـاکۆ پێیـان ڕاگەیانـدن و بەتـایبەتی دوای چـوونە دەرێـان لە ئێران لەسـەری مکـوڕ بـوون، کە لە چوارچێوەی سـنووری ئێراندا و لەگەڵ گەلانـــی دیـــکەی دانیشـــتووی ئەو وڵاتە و حـــزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی بۆ دیموکراتیزە کردنی ئێران هەوڵ بدەن و سروشتی بوو حیزبی توودەش لە تەوەری بەڕێوەبردنی ئەم ستراتێژییەدا بێ.

پێوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەی ژ. ک نە تەنیا بە شێوەیەکی یەکلایەنە نەمایەوە، بەڵکوو پێی نایە قۆنـاغێکی دۆسـتانە لە نێوانیـاندا. یەکیەتیـی سـۆڤیەت بەئاشکرا بەڵێنی بە ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵات دا کە یارمەتیی ماددییان[2]

---

١. لە سەرەتای خەرمانانی ١٣٢٤ (ئۆکتۆبری ١٩٤٥)دا قازی محەممەد بە سەردان چووە تەورێز و لە جەژنی پێکهاتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ١٢ی خەرمانانی ١٣٢٤ (٣ی سێپتامبری ١٩٤٥)دا بەشدار بوو. هەر پاش ئەو جەژنە لەگەڵ چەند کەسی دیکە بۆ جاری دووهەم بۆ باکۆ بانگهێشت کرا. دیارە سەفەری ئەم جارە سەفەرێکی تەواو سیاسی بوو، چون قازی محەممەد سەرۆکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بوو و ئەندامانی ئەو لێژنەیە هەموویان ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک بوون. د. قاسملوو، چل ساڵ خەبات، ل ٦٥؛ حامید گەوهەری، کۆماری کوردستان، ل ١١٥.

٢. میر جەعفەر باقرۆف سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە دیداری دووهەمدا کە بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد چووبوونە باکۆ بەڵێنی ئەم یارمەتییانەی پێدان: چەکی سووک و قورس بدەن بە حکوومەتی کوردستان، یارمەتیی ماڵی بدەن، بۆ پێگەیاندنی هەندێ کادری جەنگی لاوانی کورد لە فێرگەکانی خۆیان وەربگرن، چاپخانە لە مەهاباد دابمەزرێنن. ویلیام ئیگلتۆن، کۆماری مەهاباد (١٩٤٦)، و: سەید محەممەد سەمەدی، چاپەمەنیی سەیدیان، مەهاباد، ١٣٥٨، ل ٢٣.

پێ‌بکا و پشتگیرییان بکا،[1] حیزبی دیموکراتیش بەئاشکرا و لە ماددەی ١٦ی مەرامنامەی خۆی‌دا دەنووسێ: «حکوومەتی میللی بە لەبەرچاو گرتنی قازانجەکانی خۆی، پێوەندیی فەرهەنگی و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە و لە پلەی یەکەم‌دا لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکیەتیی سۆڤیەتی دادەمەزرێنێ.»[2]

بێ‌گومان یەکیەتیی سۆڤیەت ئامانجی خۆی لە پشتگیری و یارمەتیی کۆماری کوردستان‌دا مەبەست بوو، بەڵام لە عەرزی واقعیش‌دا ئەم پشتیوانییە بۆ مانەوەی کۆماری کوردستان چارەنووس‌ساز بوو. بەتایبەتی کە بوونی سپای سوور لە ناوچەکە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ نەگەڕانەوەی سپای دەوڵەتی بۆ ناوچەی موکریان و لە ڕاستیش‌دا ئەوە یەکەم جار بوو دەوڵەتێکی زلهێز بەم شێوەیە داکۆکی لە مافی

---

١. ئارچی باڵد ڕووزڤێلت دەڵێ: «لە کۆبوونەوەی چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی کورد لەگەڵ باقرۆف‌دا، باقرۆف بە ڕێبەرانی کوردی گوت شۆڕەوی لایەنگری سەربەخۆیی هەموو میللەتە جۆراوجۆرەکانە، بەڵام ئێستا ئەوانە پێویستە هاوکاری بکرێن لە ڕێی دامەزراندنی دەوڵەتێکی خودموختاری دیموکراتی کە تەواوی ئازەربایجان بگرێتەوە. ناوبراو هەم حیزبی توودە و هەم حیزبی کۆمەڵەی شکاند و پشتیوانیی شۆڕەویی ڕاگەیاند بۆ حیزبی تازە دامەزراوی دیموکراتی ئازەربایجان و تکای لە کوردەکانیش کرد جارێ بە شێوەی تاکتیکی پێوەندی بەم حیزبەوە بکەن و لە ڕابەرێنی گشتیان‌دا بەشداری بکەن. قازی محەممەد لە وڵامی تکای باقرۆف‌دا باسی لە داوای خودموختاریی کوردەکان کرد. باقرۆف بەڵێنی دا شۆڕەوی پشتیوانی لە خودموختاریی کوردەکان بکا و هەروەها سەبارەت بە داواکاریی قازی بۆ وەرگرتنی یارمەتیی سەربازیش، وڵامێکی ئیجابیی دایەوە و ڕێککەوتنێک کرا لەسەر بنەمای پشتیوانیی شۆڕەوی لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان.» ئارچی باڵد ڕووزڤێلت: کورد لە یادداشتەکانی ئارچی، و: کارزان محەممەد، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ۴۶.

٢. ئەنوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەتی‌دا)، ل ٧٩.

نەتەوایەتیی کورد کردبێ، بۆیەش سۆز و خۆشەویستی بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕێبەرانی لە چاپەمەنیی حیزبدا لە فۆڕمی وتار و شێعر[1] بە شێوەیەکی بەرچاو خۆ دەنوێنێ. سۆز و خۆشەویستییەك کە زۆرتر بۆ هێزێکی ڕزگاریدەر و هاوپەیمانێکی داکۆکیکەرە تاکوو بۆ ئایدۆلۆژی و ئەو سیستەمەی کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە پەیڕەو دەکرێ.

زۆر جار کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان ناویان پێکەوە دێ و ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە پێکهاتن و هەرەس‌هێنانیان تا ڕادەیەکی زۆر هاوکات بووە[2] و بێجگە لەوەی کە دراوسێ بوون پێکەوەش لە پێوەندی‌دا بوون و پەیمانی دوو لایەنەیان هەبووە و بەتایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەتیان بە دۆست و پشتیوانی خۆیان زانیوە.[3] بەڵام لە هەمان کات‌دا لە بواری لەدایك‌بوون، پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، جیاوازییان هەبوو، بەتایبەتی چەشنێك لە ڕادیکاڵیزم کە لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان‌دا پەیڕەو دەکرا لە کۆماری کوردستان‌دا نابینرێ، بۆ وێنە کۆماری کوردستان هیچ کام لەو هەنگاوە شۆڕشگێڕانانەی هەڵنەگرت کە دەوڵەتی تەورێز هاویشت‌بوونی، وەك بە نیشتمانی کردنی

---

١. بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٨

٢. حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە ١٩٤٥/١٢/١٢ پێکهات و لە ڕێکەوتی ١٩٤٦/١١/١٢ ڕووخا. کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦/١/٢٢ دامەزرا و لە ١٩٤٦/١٢/١٧ هەرەسی هێنا. جامی، گذشته چراغ راه آینده است، چ ٣، تهران، ١٣٨١، ص ٣٠٩؛ حامید گەوهەری، س. پ، ل ٣٩٠- ٣٩٥.

٣. بۆ زانیاریی زیاتر لە پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان کە زۆر جار تووشی گرژی و ئاڵۆزی دەبوون، بڕوانە: د. ئەفراسیاو هەورامی، پێوەندییەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەس‌هێنانی هەر دوو لا لە ساڵی ١٩٤٦ (لە بەڵگە و سەرچاوەکان‌دا)، سلێمانی، ٢٠٠٨؛ ڕیچارد. ئەی. مۆبلی، پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، و: حەسەنی قازی، ب. ش، ب. س.

بانکەکـان و ڕیفـۆرمی زەوی و دابەش کردنـی.[1] فیـرقەی دیمـوکرات هەوڵـی دا یەکەم چاکسـازیی زەوی لە مێـژووی ئێراندا ئەنجام بـدا، زەوییەکـانی دەوڵەتـی و ملکـی ئەو خـاوەن زەوییـانەی کە دژی فیـرقە بـوون و ڕایـانکردبوو بەسـەر جووتیـاراندا دابەش کـرد؛ ٢٤٧٠٦٦ هێکتـار زەویـی زەراعەتـی لە نێـوان ٢٠٩٠٩٦ جووتیـاردا دابەش کـرا،[2] هەر بـۆیە خاوەنملکەکان پتر لە هەمووان دژی فیـرقەی دیموکرات بـوون، چون هەڕەشە بوو بۆ دەسـەڵاتی ئەوان، هەر بۆیە زۆربەی ئەوان پێش ئەوەی جووڵانەوەکە بە دەسـەڵات بگا ڕایانکردبوو.[3] بەپێچەوانە لە کوردسـتان دەرەبەگ و خاوەنملکەکـان ئیمتیازەکـانی خۆیـان پاراستبوو،[4] هەر بـۆیە پیـاو مـاقووڵان و مەزنەکـانی ئازەربایجـان مەیلـی پەیوەسـت بـوون بە حکـوومەتی میلیـی ئازەربایجانیـان نەبـوو؛ ئەم کەسـانە لە کـردەوە پێشکەوتنخوازەکانی ڕێبەرانی تەورێز زراویـان چووبوو، بەپێچەوانە پێیان خۆش بـوو سـەر بە مەهاباد بن کە کۆنەپارێزیی ڕێبەرانی دڵنیایی پێ دەدان.[5] کۆنسوولی گشتیی بریتانیا لە تەورێزیش ئاگاداری ئەم جیاوازییە لە پێوەنـدیی نێوان جووتیـار و دەرەبەگ لەم دوو دەسـەڵاتەی کـورد و ئازەرییە و لە ڕاپۆرتی خۆیدا بـۆ بـاڵوێزی بریتانیـا لە تاران دەنووسـێ: «خـاوەنملکە کوردەکـانی نـاوچە حاسـڵات و خەڵە و خەرمـان بەپێـی

١. کریس کوچرا، م. ق، ص ٢٢٠.

٢. جان فوران، م. ق، ص ٣١١.

٣. حسین جودت، ٢١ آذر یک روز تاریخی در جنبش انقلابی ایران، دنیا، نشریه سیاسی و تئوریک، کمیته مرکزی حزب توده ایران، شماره ٨، آبانماه ١٣٥٤، ص ١١.

٤. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، ل ٩٢.

٥. کریس کوچرا، م. ق، ص ٢١٥.

سیستمی کوردی دابەش دەکەن، بەڵام خاوەنملکە ئازەرییەکان دەبێ یاسای دابەشینەوەی حاسڵاتی ئازەربایجان ڕەچاو بکەن.»[1]

ڕادیکاڵیزمی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان کە ڕیشەی لە تێڕوانینی ڕێبەرانی هەرە پێشەوەی فیرقەی دیموکراتدا بوو،[2] کە پاشخانی کۆمۆنیستییان هەبوو، ترس و نیگەرانیی ڕێبەرانی ئایینی ئازەربایجانی لێکەوتەوە، بەجۆرێك کە لە یەکەم ڕۆژەکانی بە دەسەڵات گەیشتنی فیرقەی دیموکراتدا، ڕێبەرانی ئایینی بەئاشکرا ڕایانگەیاند کە لەگەڵ کەسانێك کە «ئەهلی کوفر»ن چالاکانە دژایەتی دەکەن.[3] بەپێچەوانە لە کۆماری کوردستاندا نە چاکسازییەکان ڕادیکاڵن و نە ڕێبەرانی کۆمار و حیزبی دیموکرات ڕابردووی چالاکییان لە حیزبەکانی کۆمۆنیست و توودەدا هەیە، بەڵکوو ڕێبەری کۆمار خۆی کەسایەتییەکی ڕووحانییە و

---

١. ئەنوەر سوڵتانی، س. پ، ل ٢٨١.

٢. هەر حەوت ڕێبەری پلەبەرزی فیرقەی دیموکرات کە بریتیی بوون لە پیشەوەری، شەبستەری، پادگان، جاوید، کاویان، دانشیان و بیریا، لە ڕووسیەی تێزاری خوێندبوویان و ماوەیەکی بەرچاو لە چالاکیی سیاسیی خۆیان لەم وڵاتە و یەکیەتیی سۆڤیەتی دواتر تێپەڕ کردبوو و لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (١٩٢٠) و حیزبی توودەدا (١٩٤١) چالاکیی سیاسیان هەبووە. تورج اتابکی، م. ق، ص ١٢٨.

٣. پیشین، ص ١٧٥. زۆربەی زانایانی شیعە لە ئازەربایجان نەیاری فیرقەی دیموکرات بوون، زانای وەك ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری، تەوریزی بە نیشانەی نارەزایەتی لە دیموکراتەکان جێ‌هێشت و دواتر بە دوای پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤیەت و هەرەس‌هێنانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان، پێشوازییان لە هێزەکانی ئێران کرد، چەند مانگ دوای ڕووخانی دەسەڵاتی فیرقەی دیموکرات لە ساڵی ١٣٢٥ (١٩٤٦)، زانایانی تەوریز لە قوتابخانەی عالیەی ئەو شارە بە گەرمی پێشوازییان لە حەمەڕەزاشا کرد. د. حمید احمدی، ایران (هویت، ملیت، قومیت)، تهران، ١٣٨٣، ص ١١٠.

هەم سەرۆکوەزیران و وەزیری داد کەسایەتیی ئایینی - ڕووحانین،[١] هەر بۆیەش ئەو شێوە کاردانەوەی پیاوانی ئایینی لە ئازەربایجان لە کوردستان نابینرێ.

بەگشتی پێکهاتەی خێڵەکی و سیاسی - کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواری و نفووزی شێخ و مەلاکان و بوونی کەسایەتییەکانی سەر بەم چین و توێژانە بە شێوەیەکی بەرچاو و شوێندانەر لە ڕێکخراوی سیاسی و نیزامیی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستاندا سروشتی بوو کە ئەنجام دانی بەرنامەی ڕادیکاڵی کۆمەڵایەتیی لێنەکەوێتەوە. سەرکردایەتیی حیزبی دیموکرات و بەتایبەتی قازی محەممەد زۆرتر لە فۆرموولێك گەڕاون بۆ پێکەوە گونجاندن و ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان دژەکانی کۆمەڵگای ئەو سەردەم وەك کێشەی نێوان جووتیار و

---

١. حاجی سەید بابەشێخ: ڕەئیسی هەیئەت ڕەئیسەی میللیی کوردستان (سەرۆکوەزیران) لە دوای قازی محەممەد بە کەسی دووهەمی کۆماری کوردستان دادەنرا و گرینگترین ڕێبەری ئایینیی کوردەکانی باکووری کوردستانی ئێرانە. ئەو تەمەنی نزیك بە شەست و پێنج ساڵ دەبێ، ڕیشی سپی سیمایەکی تەواو ڕووحانیی پێداوە و زۆر ڕێزدارە. کاوە بیات، کردها و فرقه دموکرات آذربایجان، گزارش‌هایی از کنسولگری آمریکا در تبریز (دی ١٣٢٢- اسفند ١٣٢٥)، تهران ١٣٨٩، ل ١١٢. ڕەئیسی عەدلیە (وەزیری داد) مەلا حوسێنی مەجدییە؛ ویلیام ئیگڵتۆن، س. پ، ل ١٣٣. لە ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی کۆمار لە مەهاباد سەرجەم ١٧ کەس وتاریان پێشکەش کرد کە چوار کەس لە کەسانی ناوداری ئایینیی ناوچەی موکریان بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە: «مەلا حوسێنی مەجدی، حاجی بابەشێخ سیادەت، شێخ حەسەن شەمسیبورهان، سەید عەبدولعەزیز شەمزینی». ڕۆژنامەی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ١٠، دووشەممۆ ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤.

خاوەنمڵك، عەشیرەتەکان و خەڵکی شار[1] و سونەت و مۆدێرنیتە، بۆ ئەوەی لەژێر چەتری یەکیەتیی نەتەوەیی‌دا کۆیان بکاتەوە. لە قەوارەی حیزبیش‌دا ئەم هەوڵە ڕەچاو کراوە و باڵی چەپی نێو ژ. ك هەرچەندە ئێستا لە ڕێکخستنی نوێ‌دا دەرفەتی دەرکەوتنی پێشوو و پراکتیزە کردنی بەرنامەکانی نییە، بەڵام لە هەمان کات‌دا جۆرێك حەوانەوەی لەگەڵ باڵی ڕاست و کۆنسێرڤاتیڤ‌دا هەیە.

١. حەسەن ئەرفەع، سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتیی سپای ئێران، لەم بارەیەوە دەڵێ: خاوەنملکەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان کە وەك ئەندامانی کابینەی دەوڵەت هەڵبژێردرا بوون بە هەموو تواناوە هەوڵیان دەدا کە سیاسەتی نێوخۆیی کۆنترۆڵ بکەن و پێش بە هەر چەشنە چاکسازییەکی زەوی‌وزار و هی تر کە بەرژەوەندیی ئەوان بخاتە مەترسییەوە بگرن. لە لایەکی دیکەوە بەشێك لە کۆمەڵانی خەڵك لە چینی مام‌ناوەند و چەپی شار دەیانەویست بە هەر جۆرێك بێ بە یارمەتیی ڕووسەکان سەرەتا لە دەستی سەرۆك عەشیرەتەکان و دواتر بورژوواکانی نێو کابینەی دەوڵەت ڕزگاریان بێ. قازی محەممەد ئاگاداری ئەم ڕووداوانە نەبوو و هەوڵی دەدا بەپێی بیروبۆچوونی خۆی بارودۆخەکە مودیرییەت بکا. حسن ارفع، م. س، ص ٩۵ ڕیبەرانی فیۆدال و سەرۆك عەشیرەتەکان پلە و پایەی باشیان لە کۆمار وەرگرت بۆ نموونە: لە چوار ژەنەراڵی هێزی پێشمەرگە سێیان سەرۆك عەشیرە بوون. عباس ولی، ناسیونالیزم کرد در ایران، دوره تکوینی ١٩٤٢- ١٩٤٧، ت: رشید احمدرش، نویسا، گاهنامەی سیاسی، اجتماعی، فرهنگی، شماره ٢، تهران، ٢٠٠٤، ص ١٨۵.

## باسی دووهەم: بووژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان

ڕاست ساڵێك پاش هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ئەرتەشی شاهەنشاهی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٧ی دیسامبری ١٩٤٦) گەیشتە مەهاباد و بە خۆ بەدەستەوەدانی قازی محەممەد و هاوڕێکانی کۆتایی بە کۆماری کوردستان هات.[١] ژەنەڕاڵ هۆمایوونی، فەرماندەی سپای چوارەمی ئێران بۆ گرتنەوەی مەهاباد بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنییەی لە بابەت ئەمنییەت گیانییەوە بە قازی محەممەد و هاوڕێکانی دابووی، سەرجەم ٢٨ کەس لە ڕێبەرانی کۆماری گرت کە قازییەکان سەرقافڵەیان بوون. کاربەدەستانی دیکەی کۆمار هێندێکیان هەڵاتن بۆ عێراق و تەنیا ئەندامی کابینەی قازی کە نەگیرا حاجی بابەشێخ بوو، کە بەهۆی ئەو پلە و پایەبەرزە ئایینییەی کە هەیبوو زیندانی نەکرا. دادگایەکی نیزامی حوکمی ئیعدامی بەسەر قازی محەممەد، سەیفی قازی[٢] و سەدری قازی‌دا[١] سەپاند و چەند مانگ

---

١. حوسێن مەدەنی، س. پ، ل ٣٠٩.

٢. محەممەدحوسێن سەیفی قازی، لە ٨ی گوڵانی ١٩٠٤ لە شاری مەهاباد لەدایكبووە. باوکی مامۆستا، شاعیر و ڕۆشنبیری کوردستان، میرزا ئەبولحەسەن سەیفولقوزاتی قازییە. دوای خوێندنی سەرەتایی لە شارەکانی ورمێ و تەورێز درێژەی بە خوێندن داوە و دواتر لە کۆلێجی پاشایەتیی هۆم ڕیاڵی ئەمریکایی لە تەورێز خوێندوویەتی. ئاشنا بە

دواتر لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣١ی ئازاری ١٩٤٧) لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران.[٢]

کاربەدەستانی دەوڵەتی ناوەندی و لێپرسراوانی سەربازیی ئێران بۆ سڕینەوەی شوێنەواری قازی محەممەد بەرنامەیەکیان جێبەجێ کرد: چاپخانەی کوردی داخرا، پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی

---

چەند زمانی بیانی وەك: ڕووسی، ئینگلیسی، عەرەبی، تورکیی ئازەری و فارسی بووە. لە کابینەی حکومەتی کۆماری کوردستاندا وەزیری جەنگ بووە و پلەی ژەنەڕاڵیی وەرگرتووە. لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣١ی مارسی ١٩٤٧) لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە ئیعدام کرا. محەممەدڕەزا سەیفی قازی، س. پ، ل ٣٩-٤٠.

١. ئەبولقاسم سەدری قازی، لە ١٨ی گولانی ١٩٠٢ لە شاری مەهاباد لەدایکبووە. وەکوو قازی محەممەدی برای لە لای سەیفولقوزاتی مامی فێری خوێندن و زانست بووە. ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ك و دواتر ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٤٣ بۆتە نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە خولی چواردەیەمی پارلمان. هاوڕێ لەگەڵ برایەکەی، قازی محەممەد و ئامۆزاکەی محەممەدحوسێن سەیفی قازی لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە ئیعدام کرا. هەمان سەرچاوە، ل ٤١- ٤٢.

٢. درك کینان، کردها و کردستان، ترجمە: ابراهیم یونسی، تهران، ١٣٧٢، ص ٢٠٣. چەند ڕۆژ دوای ئیعدامی قازییەکان چوار ئەفسەری کۆمار بە ناوەکانی حامید مازووجی، ڕەسوول نەغەدەیی، عەبدوڵلا ڕەوشەنفکر، محەممەد نازمی لە مەهاباد و عەلیبەگی شێرزاد، فەرماندەی هێزی بۆکان لە شاری بۆکان لە سێدارە دران. هەروەها لە شاری سەقز یازدە کەسی دیکە بەم ناوانە لە دار دران: ئەحمەدخانی فارووقی (سالار)، عەولاخانی مەتین، حەمەخانی دانیشوەر، عەلیخانی فاتح، حەسەنئاغای کانینیاز، حەمەدبەگی باباخانبەگ، ئەحمەدخانی شەجیعی (شەنگە)، شێخ ئەمین ئەسعەدی (کەسنەزان)، ئاغا سەدیقی ئەسعەدی (بازیلاغی)، عەلیئاغای جەوانمەردی (ئەمووتە) و ڕەسووڵئاغای مەحموودی (میرەدێ). مەحموودی مەلا عیززەت، کۆماری میللیی مەهاباد، ب ٢، ل ١٨٥.

قەدەغە کرا و تەواوی کتێبە کوردییەکان لەبەرچاوی خەڵک سووتێندران.[١] هەرەس‌هێنانی کۆماری کوردستان چەك کردنی عەشیرەتە کوردەکان و دووبارە تێکهەڵکێش کردنی گرووپە ئێتنیکییەکانی غەیرەفارس لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەند بەهۆی حەمەڕەزاشای خێراتر کرد و زۆر لەو خێڵە کوردییانە کە بەشداریی هێزەکانی کۆماری کوردستانیان کردبوو گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.[٢]

شوێنەواری نەرێنیی هەرەس‌هێنانی کۆماری کوردستان لەسەر چالاکیی سیاسی لە کوردستان زۆری نەخایاند و پاش کەمتر لە ساڵێك سڕبوون و بێدەنگی، وردەوردە جموجووڵی سیاسی و خۆڕێکخستنەوە سەرلەنوێ دەستیان پێکردەوە. لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٢٦ (ژانوییەی ١٩٤٨) گۆڤاری ڕێگا[٣] بە نهێنی لە شاری مەهاباد بڵاودەکرێتەوە. «ڕێگا» یەکەم نووسراوەی

---

١. ئارچی ڕووزڤێلت، کۆماری مەهاباد، و: ئەبووبەکر خۆشناو، سلێمانی، ١٩٨٩، ل ٣٨.

٢. نادر ئێنتسار، س. پ، ل ٥٨.

٣. گۆڤاری ڕێگا بەهۆی حەسەن قزڵجی، عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی، غەنی بلووریان و محەممەد شاپەسندی و هاوکاری و کارناسانیی شێخ لەتیفی بەرزنجی، پاییزی ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی سیتەك کە ١٥ کم لە شاری سلێمانی دوورە، دەردەچێ. ئەم گۆڤارە لەژێر ناوی «ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد» بڵاودەبۆوە. غەنی بلووریان لەم بارەیەوە دەڵێ: «هۆی ئەوە کە لەو قۆناغەدا ڕۆژنامەی «کوردستان»مان دەرنەکرد و «ڕێگا»مان بۆ ئەو قۆناغە هەڵبژارد و ناوی ئۆرگانی «کۆمەڵەی ژیانی کورد»مان لەسەر دانا، ئەوە بوو کە دوژمن وریا نەبێتەوە و دیسان دژی کۆنە دیموکراتەکان ڕانەپەڕێ و خەڵك تووشی گیروگرفت نەبن. ڕامان ئەوە بوو کە پاش بەردەوامیی خەبات، ئینجا بگەڕێینەوە سەر «کوردستان» [ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، مەبەستە] و ئەو چاپ بکەینەوە و لە ناوی حیزبی دیموکراتیش کەڵك وەرگرین. غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، (بەسەرهاتەکانی سیاسیی ژیانم)، ستۆکهۆڵم، سوید، ١٩٩٧، ل ٥٨. هەڵبەت محەممەد شاپەسندی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە گۆڤاری

چاپکراوی سیاسییە کە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بڵاوەکرێتەوە.[1]

لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان کە ڕێبەرانی سیاسی و نیزامی و وەزیرەکان، هەر کامەیان بەپێی چالاکی و چەشنی تاوانی سیاسیی خۆیان ئیعدام کران، خرانە بەندیخانەوە یان دوور خرانەوە، هیچ کامیان لە ڕووی سیاسییەوە چالاك نەمان و بە شوێن ژیانی تایبەتیی خۆیاندا ڕۆیشتن.[2] هەر

---

ڕێگا لە سیەك چاپ کرابێ. تەنیا ژمارەی ١٠ی گۆڤاری نیشتمان لەوێ چاپ کراوە و بلووریان لە گەڕانەوەشیدا بۆ مەهاباد هەر تەنیا گۆڤاری نیشتمانی پێبووە. سەدیق سالح، س پ، ل ٥٠- ٥٢ بە بڕوای ئێمە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لەبەریەكهەڵوەشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبێ زەبیحی نیازی بووبێ کە سەرلەنوێ بڕواتەوە سەر ڕێچکەی کۆمەڵەی ژ. ك کە لە کاتی خۆیشی بە گۆڕینی بە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕازی نەبوو و بۆیەش ناوی گۆڤارەکە «نیشتمان» و ژمارەی ١٠ بووە کە ٩ ژمارەی لە کاتی خۆی لێ چاپ ببوو و ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ك بووە. شاپەسندی دەڵێ: بەڵام دەبێ بلووریان لە مەهاباد و لەژێر کاریگەریی کەسانی دیکە و لەوانە «کومیتەی کۆمۆنیستی کوردستان» پێش بڵاوبوونەوەی ناوی «ڕێگا»ی لەسەر نابێ. هەمان سەرچاوە ل ٥٢ یان هەر لە بنەڕەتدا «ڕێگا» ئەو بڵاوکراوەیە نەبێ کە لە «سیەك» چاپ کراوە و یان دەکرێ سەرەتا ژمارەیەکی لێ بڵاوکرابێتەوە و دواتر بەناوی «ڕێگا» بڵاوبووبێتەوە، بەتایبەتی کە هێمن موکریانی لەم بارەیەوە دەڵێ: «ژمارەیەکی «نیشتمان» بڵاوبۆوە و گەیشتە دەستم و هومێدم پەیدا کردەوە». بڕوانە: دیوانی هێمن، س پ، ل ٦٤

١. کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، کوردستانی ئێران، ١٩٤٧- ١٩٧٨، بەرگی دووهەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٨، ل ٥٢

٢. اسماعیل مختاری، نگرشی بر جنبش مسلحانەی ١٣٤٦- ١٣٤٧، کردستان (مکریان) در رژیم شاه، سلیمانیە، ٢٠١٧، ص ١٥. لە زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتدا بەڕێوەبەرانی پێشووی حیزبی دیموکرات هیچیان بەشدار نەبوون، بەشی هەرە زۆری بەڕێوەبەران و کادرەکانی ئەو کاتەی حیزبی دیموکرات، واتە ئەوانەی

بۆیە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی لەسەر دەستی ژمارەیەك لاوی خاوەن هەست و ئازادیخوازی کورد ژیایەوە کە زۆربەیان خاوەنی ئەزموونی بەڕێوەبەرایەتیی کاری ڕێکخراوەیی و ڕاپەڕاندنی چالاکی نهێنی و ژێرزەمینی نەبوون و لە سەرەتادا جیا لە یەك و بە چەند ناوی جیاوازەوە کەوتنە چالاکی و هاندانی خەڵك بەدژی ڕژیم.[1] واتە لە بووژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەڕێوەبەرانی کۆمار دەوریان نابێ. ئەو وەچەیە کە شاهیدی هەڵسوکەوتی توندوتیژی ڕژیم،[2] پشتگیریی هەمەلایەنەی زلهێزێکی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا لە ڕژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی و پاشەکشەکردنی

---

نە ئیعدام و نە زیندانی کرابوون و نە بۆ دەرەوە هەڵاتبوون، دەستیان لە سیاسەت هەڵگرت و خەریکی کار و کاسبیی خۆیان بوون. ژمارەیەك سەرۆك عەشیرەت لە بەرپرسانی حیزب کە هەر لە زەمانی کۆماری کوردستانیش‌دا هەر کام بە شێوەیەك پێوەندییان لەگەڵ ڕژیمی شادا دامەزراندبوو، وێڕای هێندێك کەسی دیکە کە ڕەنگە ئەو وەختە پێوەندییان نەبووبێ، بەڵام پاشان شانازییان بەوەوە دەکرد کە دژی کۆماری کوردستان تێکۆشاون، ڕەنگی خۆیان گۆڕی و بوون بە پیاوی شا و ڕژیم و چەندین ساڵ خزمەتی ڕژیمی شاهەنشاهییان کرد. (عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم (١٣٣٢- ١٣٢٦)، کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٩٩١، ل ١٤.)

١. د. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران...، ل ٢٨٥.

٢. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە کاردانەوەی ڕژیمی شاهەنشایی بەرامبەر بە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بێجگە لە زیندانی‌کردن و دوورخستنەوە، سەرجەم ١٩ کەس (٧ کەس لە مەهاباد، یەك کەس لە بۆکان و ١١ کەسیش لە سەقز) لە سێدارە دران. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: کەریم حیسامی، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستان، س. پ.

یەکیەتیی سۆڤیەت لە کوردستان بوون، هیوابڕاو دەبن و ئەوە لاوانی ڕادیکاڵن کە شوێنی وەچەی کۆنسێرڤاتیڤ دەگرنەوە.

ئەو لاوانە چونکی تاقی کردنەوەی سیاسییان کەم بوو و کەسیش نەبوو ڕێنوێنیان بێ لەسەر دووڕییان مابوونەوە، بەشێکیان هەر لە سەرەتاوە لەو بڕوایەدا بوون کە دەبێ ڕێکخستنێکی بەتەواوی کۆمۆنیستی دابمەزرێ و هێندێکی دیکە پێیان خۆش بوو لەسەر ڕێبازی حیزبی دیموکرات بن.[1]

سارمەددین سادقوەزیری[2] کە لە نزیکەوە لەگەڵ ئەم لاوانە لە پێوەندیدا بووە، دەڵێ: «ئەو لاوانە بەتەواوی بەسەر دوو ڕوانگە و بیرکردنەوەی جیاوازدا دابەش بوون. بەشێکیان کە زۆرینەی نیزیک بەتەواویان پێکدەهێنا لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە لە ڕابردوودا بەرنامە و پێڕەوی حیزب گرینگی و بایەخ و هەوڵی پێویستی بۆ دابین‌کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی نەداوە و تەنیا پێداگریی لەسەر دروشمی ناسیۆنالیستی کردووە و بەگشتی دامەزراندنی سۆسیالیزمیان وەك ئامانجی

---

١. عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم، ل ١٥.

٢. سارمەددین سادقوەزیری ڕووناکبیر و تێکۆشەر و سیاسەتمەداری کوردە. لەدایك‌بووی ساڵی ١٩٢١ لە شاری سنەیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سنە و دواناوەندیشی لە شاری تەورێز تەواو کردووە. لە کۆلێجی یاسا درێژەی بە خوێندن داوە و پاشان بۆتە دادوەر. ساڵی ١٩٤٩ بۆتە ئەندامی حیزبی توودەی ئێران. یەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری «کۆمەڵەی میللی بۆ خەبات لەدژی ئیمپریالیزم» و کراوەتە سەرنووسەری ئۆرگانی کۆمەڵە کە «شهباز»ی ناو بووە. ئەو کۆمەڵەیە لە ئەساس‌دا ڕێکخراوێکی نارەسمیی حیزبی توودە بوو. لە پاش کودەتای ئاگۆستی ١٩٥٣ حکوومەتی ئێران دەیگرێ و چەند ساڵێك لە زینداندا دەمێنێتەوە. لە ١١ی ئاوریلی ساڵی ٢٠١٨ کۆچی‌دوایی کرد، بڕوانە: جووتیار حاجی تۆفیق، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی‌دا (١٩٠٨- ١٩٩٨)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٣٢.

دواڕۆژی حیزب مەبەست بوو. لە بەرامبەر ئەم زۆرینەیەش‌دا لایەنی کەمینە گرینگی‌دان بە دابین‌کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە هەل‌ومەرجی ئەو کاتی کوردستانیان بە دروست نەدەزانی و پێیان وابوو کە تەنیا دەبێ سەرنج بدرێتە پرسی نەتەوەیی.[1]

شکستی کۆماری کوردستان شوێنەواری قووڵی سایکۆلۆژیی لەسەر کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەت گەنجە ڕادیکاڵەکان دانا و لەوەی‌ڕا کە پشت تێکردنی سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگەکانی ناوچەی موکریان لە کۆماری کوردستان و تەنانەت بە لای دەسەڵاتی ناوەندی‌دا کەوتنی بەشێکیان کە پلە و پایەیان لە کۆماردا هەبوو[2] لە لایەک و پشتگیریی هەمەلایەنەی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهانی سەرمایەداری وەک ئەمریکا و

1. صارم‌الدین صادق‌وزیری، دفاع از دو چهره برجسته جنبش ملی کرد زنده‌یادان، (قاضی محمد و احسان نوری‌پاشا) و ماجرای انتخابات دوره‌ی هفدهم مجلس شورای ملی در مهاباد، چاپ دوم، لندن، ۲۰۱۶، ص ۶۲

2. هێشتا کۆماری کوردستان هەرەسی نەهێنابوو بەتایبەتی دوای پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤیەت لە کوردستان کە هەڵتڕزهەڵتز و ڕۆیشتن بۆ لای دوژمن و پێوەندی گرتن بە ئەفسەرانی ئێرانی لە سەقز و پێوەندی بە باڵوێزخانەکانی ئینگلیس و ئەمریکا بۆ بنکۆڵ کردنی حکومەتی میللیی کوردستان دەستی پێکرد. قازی محەممەد لە وتارێک‌دا بەداخ بوون و گازندەی خۆی لە پشت تێکردنی ئەم چینە ئاوا دەردەبڕێ: هێندێ لە براکانمان بە قسە کێوی پێستوون بوون، بەڵام بە کار مێشوولەش تەواو نەبوون. کورد ئەوانەی یەک‌بەیەک ناسی و زانی کە بە قسەی گەورە کورد سەر ناکەوێ، بە کار میللەتی کورد دەگاتە هیوای خۆی و لە وەختی خۆی‌دا هەر کەس بە میزانی خزمەت جەزای دەدرێتەوە. بەشێک ویستیان کە بۆ ئازادی هەوڵ بدەن و مەرامی خۆیان بەرنە سەر، بەڵام داخەکەم هێندێ کاری ناشیرینیان کرد کە بووە لەکە لەسەر خۆیان. کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ۷۲، ۸ی گەلاوێژی ۱۳۲۵.

بریتانیا له ڕژیمی حەمەڕەزاشا بۆ سەرکوتی کۆماری کوردستان له لایەکی دیکه هۆکار بوون بۆ ئەوەی له دوای هەرەسی کۆمار گەنجەکان بەرەو ڕادیکالیزم بڕۆن و پرسی کۆمەلایەتییان بە لاوە گرینگتر بێ تا پرسی نەتەوەیی.

سەرەتا له شاری مەهاباد ڕێکخراوێکی سیاسی بەناوی کومیتەی کۆمۆنیستی کوردستان (ك. ك. ك) بە ڕێبەرایەتیی ڕەحیمی سولتانیان که گەنجێکی خوێندەوار بوو، دادەمەزرێ.[1] ئەم ڕێکخراوەیە توانی «کۆمەڵەی لاوانی دێ»[2] بە ڕیزەکانی خۆی پەیوەست بکا. ئەوە بۆ یەکەم جار بوو که له ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕێکخراوێك بەناوی ڕێکخستنی کۆمۆنیستی خۆی پێناسە بکا. دەردەکەوێ که ڕێبەرانی گەنج و کەم ئەزموونی ئەم ڕێکخراوە هەلومەرجی کۆمەلایەتیی کۆمەلگای کوردستان و هەستیاربوونی خەلکیان بە کۆمۆنیزم بەتایبەتی له ڕووی ئایینییەوە لەبەرچاو نەگرتووە. حیزبی توودەی ئێران که نیزیك بەتەواوی ڕێبەرەکانی دنیابینیی مارکسیستییان هەبوو، له بەکار بردنی زاراوەی کۆمۆنیزم لەسەر ناوی حیزبەکەیان خۆیان پاراستبوو. یەکەم بەرنامەی

---

١. کریس کوچرا، م. ق، ص ٢٢٩.

٢. کۆمەڵەی لاوانی دێ، کۆمەڵێك له لاوانی ناوچەی سندووس و لاجان و شنۆ بوون که یەك لەوان کەریم حیسامی دەبێ. له پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان له هاوینی ١٣٢٦ (١٩٤٧) ڕێکخراوێکی نهێنی بەناوی «کۆمەڵەی لاوانی دێ» پێك‌دێنن که ئامانجیان خەبات بەدژی دەرەبەگی کوردە، چونکی پێیان وایە ئەوان هۆکاری هەرەس‌هێنانی کۆمار بوون. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: کەریم حیسامی، بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆلم، ١٩٨٦، ل ١٤٠- ١٤١.

ئەو حیزبە زۆرتر وەك حیزبێكی ڕیفۆرمیست دەچوو تا حیزبێكی شۆڕشگێڕی ڕادیكاڵ.[1]

كۆمەڵەی كۆمۆنیستی كوردستان لە ڕێگەی سارمەددین سادقوەزیری پێوەندیی بە باڵوێزخانەی یەكیەتیی سۆڤیەت لە تاران دەگرن.[2] نوێنەری

---

١. لە سەروتاری یەكەم ژمارەی بلاوكراوەی حیزبی توودەدا هاتووە: ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین كە سۆسیالیزم و كۆمۆنیزم بەرهەمی هەلومەرجێكی تایبەتین كە لە ئێران بوونی نییە، ئەگەر ڕۆژێك حیزبی كۆمۆنیست لە ئێران پێكبێ، ئەو حیزبە بە دڵنیاییەوە حیزبی توودە نابێ. مسعود بهنود، از سید ضیا تا بختیار، دولت‌های ایران از سوم اسفند ماه ١٢٩٩ تا بهمن ماه ١٣٥٧، چاپ هفتم، تهران، ١٣٧٧، ص ١٩٩. حیزبی توودە لە سەرەتای دامەزرانی لە ڕووی ڕێكخستن و ئایدۆلۆژییەوە لە ڕاستیدا حیزبی كۆمۆنیست نەبوو. جان فوران، م. ق، ص ٤٠٣.

٢. سارمەددین سادقوەزیری لەم بارەیەوە دەڵێ: «لە بەهار یان هاوینی ١٣٢۶ (١٩٤٧)دا بوو كە هاوڕێیان ڕەحیم سوڵتانیان و ڕەحیم خەرازی لە تاران هاتنە ماڵی من و داوای هاوكارییان لێكردم بە مەبەستی بووژاندنەوەی تێكۆشانی سیاسی لە كوردستان و ڕێنوێنییان بكەم بۆ كاری ڕێكخستن و چالاكیی سیاسی. مانگێك پاش ئەم چاوپێكەوتنە ئەو هاوڕێیانە جارێكی دی هاتنەوە لام و گوتیان نامەیەكیان بۆ «ژوزیف ستالین»، ڕێبەری زەحمەتكێشانی جیهان نووسیوە. ئێمە ئەو نامەیەمان لە ڕێگەی كەسێكەوە گەیاندە باڵوێزخانەی سۆڤیەت.» صارم‌الدین صادق‌وزیری، م. ق، ل ٥٨.

هەوڵێكی دیكەش بەهۆی ئەو گەنجانەی كە لە پاش كۆماری كوردستان هەوڵی بووژاندنەوەی ڕێكخستنەكانی حیزبی دیموكرات دەدەن، بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ یەكیەتیی سۆڤیەت لە ڕێگەی حیزبی توودەوە دەدرێ. غەنی بلووریان لەم بارەیەوە دەڵێ: «لە ڕەشەمەی ١٣٢۶ (مارسی ١٩٤٨)دا لە ماڵی ئێمە كۆبوونەوەیەكمان بە مەبەستی زیندووكردنەوەی حیزبی دیموكرات لەگەڵ سێ كەسی دیكە گرت. سەرەتا پێویستییمان بە چاپكردنی بەیاننامەیەك هەبوو. لەو كۆبوونەوەیەدا ساغ بووینەوە كەسێك بنێرینە لای حیزبی توودە. حیزبی توودە ئەو كات تەنیا حیزبی چەپ و پێشكەوتنخواز بوو لە ئێراندا و بەئاشكراش خەباتی دەكرد. بۆ ئەنجام دانی ئەم كارە «قادر مەحموودزادە»مان نارده تاران بۆ لای «ئیحسان تەبەری»، ئەندامی سەركردایەتیی

باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی (ك. ك. ك) هەڵوێستی وڵاتەکەی ڕادەگەیەنێ و دەڵێ: «[...] لە وڵاتێکدا دوو حیزبی کۆمۆنیست نابن، لە ئێراندا حیزبی توودە هەیە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە، باشترە ئێوە لە کوردستان هەر بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان درێژە بە تێکۆشان بدەن. لەوەش باشتر ئەوەیە بچن لەگەڵ حیزبی توودە دانیشن و هاوکاریی یەکتر بکەن.»[1]

بەگشتی هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان و یەك لەوان حیزبی توودە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە نابێ لە چوارچێوەی وڵاتێکدا چەند حیزبی کۆمۆنیست هەبن و تەنانەت ئەگەر ئەو وڵاتە فرەنەتەوەش بێ، لەبەر ئەوەی هێزی چینی کرێکار دابەش و لاواز دەکا. کریس کۆچێرا،

---

حیزبی توودە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تەبەری ڕێکخستەکانی ئێمەی پێ لاواز دەبێ، وڵامێکی ئەوتۆیان نەدایەوە.» غەنی بلووریان، ل ٧٩- ٨٩. ئەم دیدارە دوای چاوپێکەوتنی ڕەحیمی سوڵتانیان و ڕەحیمی خەرازی بووە و هەروەها قادر مەحموودزادە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لەژێر ناوی «خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو»دا هیچ ئاماژەیەك بە چوونی بۆ تاران بە مەبەستی پێوەندی کردن بە حیزبی توودە و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیحسان تەبەری ناکا.

١. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، کوردستانی ئێران ١٩٤٧- ١٩٧٨، بەرگی دووهەم، ستۆکهۆلم، ١٩٩٧، ل ٦٦ ویدەچێ باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە تاران لەگەڵ حیزبی توودە کە ئەو کات چالاکی ئاشکرای هەبوو، ڕاوێژ و هەماهەنگییان بووبێ، چونکی هێمن موکریانیش لەم بارەیەوە دەڵێ: «حیزبی توودە لە پاراستنی ناوی حیزب ڕۆڵێکی باشی هەبوو، چونکی هێندێك لە لاوە ئازادیخواز و کەم ئەزموونەکان خەریك بوون ناوی حیزب بگۆڕن و بیکەنە کۆمەڵەی کۆمۆنیستی ئێران و وەك پێستومە بەرێوەبەرانی حیزبی توودە مانع بوون.» هێمن موکریانی، س، پ، ل ٦٤ حیزبی توودە لەوە تێگەیشتبوو کە بەناوی حیزبی دیموکرات دەتوانێ لە کوردستان سیاسەت و بەرنامەکانی پیادە بکا و ئەوە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بوو نەك بۆ دڵسۆزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

نووسەر و مێژوونووس دەڵێ: «حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەگەڵ ڕەت کردنەوەی تێزی کۆمۆنیستە کوردەکان کە جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد هەر نەتەوەیەك دەبێ حیزبی کۆمۆنیستی تایبەت بە خۆی هەبێ، داکۆکی لە تێزی کلاسیکی نێو جووڵانەوەی کۆمۆنیستی دەکا کە بریتییە لە خەباتی هاوبەش لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی تاقانانەدا لەدژی چەوسانەوەی خەڵك و ئیمپریالیزم کە سەرەنجام بە ئازادیی هەمووان، واتە کورد و عەرەب کۆتایی دێ.»[1] بەم جۆرە دەردەکەوێ کە کۆمۆنیستەکانی نەتەوەی باڵادەست لەو وڵاتانە کە فرەنەتەوەن ئەو مافە بە کۆمۆنیستەکانی نەتەوەی ژێردەستە نادەن حیزبی خۆیان هەبێ، تەنانەت ئەگەر ئەو حیزبە پەیڕەوی لە ڕێبازی ئینتێرناسیۆنالیزمیش بکا و ئایدۆلۆژیا و دنیابینیی هاوشێوەی ئەویشی هەبێ.

وڵام و ڕێنوێنیی باڵوێزخانەی یەکیەتیی سۆڤیەت لەسەر ڕێبەرانی (ك. ك. ك) شوێندانەر بوو و ئەوان واز لە ڕێکخستنی کۆمۆنیستی دێنن و لەوە بەدوا بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان درێژە بە چالاکیی خۆیان دەدەن و لە هەمان کاتدا ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی «سەدیق ئەنجیری ئازەر»[2]ەوە بەردەوام دەبن لە پێوەندی گرتن بە سارمەددین سادقوەزیری

---

١. کریس کوچرا، م. ق، ص ١٩٠.

٢. سەدیق ئەنجیریئازەر، کوڕی حەمەڕەسووڵ، ساڵی ١٩٢٤ لە مەهاباد لەدایكبووە. لاوێکی هەڵسووڕ و چالاکی یەکیەتیی جەوانانی دیموکراتی کوردستان بووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا مودیر مەسئوولی ڕۆژنامەی «هاواری نیشتمان»، ئۆرگانی یەکیەتیی جەوانانی دیموکراتی کوردستان بووە. دوای ڕووخانی حکوومەتی کوردستان چۆتە تاران، لە گوندی «گەلەندووەك» بووەتە مامۆستای قوتابخانە. پێوەندیی بە حیزبی توودەوە کردووە و پاشان بۆتە کارمەندی وەزارەتی فەرهەنگ. ئەخشی بەرچاوی لە زیندووکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هەبووە. ئۆکتۆبری ١٩٦٤

کە لە دوای ڕووداوی هەوڵی تیرۆری حەمەڕەزاشا[1] لە ڕێبەندانی ١٣٢٧ (فێورییەی ١٩٤٩)دا بەڕەسمی دەبێتە ئەندامی حیزبی توودەی ئێران.[2] هەر لەو ساڵەدا حیزبی توودە لە کۆنگرەی دووهەمی خۆیدا (خاکەلێوەی ١٣٢٧/ ئاوریلی ١٩٤٨) خوازیاری پێوەندیی نزیکتر لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبێ و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی وەك لقی ئەیالەتیی حیزبی توودە لە نێوخۆی ئازەربایجان ناساند و لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتیدا تەبلیغاتەکانی چڕ کردەوە.[3] لە ڕاستیشدا بەکردەوە سیاسەتی حیزبی توودە لە ئاست پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا هەر لە چوارچێوەی دروشمی تەبلیغاتیدا مایەوە.

بەم شێوەیە یەکەم ڕێکخستنی سیاسیی کوردستان لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان واتە (ك. ك. ك) ناوەکەی خۆی دەگۆڕێ و لەوە

---

چۆتە ناوچەی قەلادزێ بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ٢ی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئیدی نەگەڕاوەتەوە و درێژەی بە تێکۆشانی سیاسیی خۆی داوە. سەرەتای مانگی مایی ١٩٦٦ بە پیلانێك و بە شێوەی گوماناوی کوژراوە. بڕوانە: جووتیار حاجی تۆفیق، س، پ، ل ١٣١- ١٣٢.

١. لە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٧ (٤ی فێورییەی ١٩٤٩) حەمەڕەزاشا لە کاتی سەردانی بۆ زانکۆی تاران لەلایەن کەسێك بەناوی «ناسر فەخرئارایی» کە کارتی هەواڵنێریی پێبوو، تەقەی لێکرا، شا لەم هەوڵی تیرۆرکردنە ڕزگاری بوو. دوای ئەم ڕووداوە بوو کە لە تاران حکوومەتی سەربازی ڕاگەیاندرا و چالاکیی حیزبی توودە قەدەغە کرا. پیتر آوری، تاریخ معاصر ایران، جلد دوم، ترجمە: محمد رفیعی مهرآبادی، چاپ سوم، تهران، ١٣٧٧، ص ٣٢٩.

٢. سارمەددین سادقوەزیری دەڵێ: «ئەمن لە دوای بوونم بە ئەندامی حیزبی توودە لە ساڵی ١٣٢٧ (١٩٤٩)دا هەروا پێوەندیی خۆم لەگەڵ هاوڕێیانی مەهاباد پاراستبوو.» صارم‌الدین صادق‌وزیری، م. ق، ص ٦١

٣. بڕواند آبراهامیان، م. ق. ص ٥١٠.

بەدوا لەژێر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان چالاکی دەبێ و لە ڕێگەی سارمەددین سادقوەزیری و دواتر سەدیق ئەنجیری‌ئازەرەوە سەرەتای پێوەندی لەگەڵ حیزبی توودە بنیات دەنرێ. ئەم پێوەندییە ڕۆژبەڕۆژ بەرفرەوانتر دەبێ تا بەتەواوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەچێتە ژێر باڵی توودە و سەربەخۆیی سیاسیی بۆ نامێنێتەوە. ئەمە سەرەتای وەرچەرخانێکی گرینگ بوو لە ژیانی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کە تا ساڵانێکی زۆر شوێنەواری لەسەر ڕێباز و ستراتێژی و قەوارەی ئەم حیزبە دانا. هەروەها لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەوە بەدوا خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا پێناسە بکا.

## باسی سێیەم: گەشەسەندنی چالاکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغی دەسەڵاتداریی موسەددیقدا (١٩٥١ ـ ١٩٥٣)

لە نێوان ساڵەکانی (١٩٥١ ـ ١٩٥٣)دا دووهەمین بزاوتی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی سەدەی بیستەم لە ئێران هەموو وڵاتی گرتەوە. بزاڤی خۆماڵی کردنی نەوت بە ڕێبەریی محەممەد موسەددیق،[1] بزاوتێک کە تێیدا

---

١. د. محەممەد موسەددیق ١٩ی مانگی مای ١٨٨٢ (٢٩ی گوڵانی ١٢٦١) لە تاران لە بنەماڵەیەکی قاجاری ئەریستۆکراسیدا لەدایکبوو. خوێندنی سەرەتا لە فەرانسە و دواتر لە سویس درێژە پێدا و هەر لەو وڵاتە بڕوانامەی دوکتورای لە یاسادا وەرگرت. ژیانی سیاسیی موسەددیق بە والی (پارێزگاری)ی ئەیالەتی فارس و دواتر ئازەربایجان دەستی پێکرد. نوێنەری شاری ئیسفەهان و تاران بوو لە پارلماندا. لە قۆناغی یەکەمی ژیانی سیاسیدا بەهۆی ڕاستگۆیی و دەسپاکی و دژایەتیی توندی سیاسەتی سەرەڕۆیانەی نیزامی پاشایەتی و چوونە سەر تەختی پاشایەتیی ڕەزاخان ناوبانگی دەرکرد. ساڵی ١٣١٥ (١٩٣٦) بەهۆی ڕاوەستانی بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ڕەزاشا خرایە زیندان و دوور خرایەوە. لە دوای ڕووخانی ڕەزاشا لە ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١) گەڕایەوە گۆڕەپانی چالاکیی سیاسی. لە دەورەی چواردەیەمی هەڵبژاردن وەک نوێنەری تاران بۆ پارلمان هەڵبژێردرا و داکۆکی لە یاسایەک کرد کە بەربەست بوو لە دانی ئیمتیازی نەوتی ئێران بە بێگانە (یەکیەتیی سۆڤیەت). لە پارلمانی شازدەیەمدا سەرلەنوێ بوو بە نوێنەری تاران. ساڵی ١٩٤٩ بەرەی نیشتمانیی پێکهێنا. موسەددیق پاش ئەوەی پارلمان بڕیاری خۆماڵی کردنی پیشەسازیی نەوتی دەرکرد، ساڵی ١٩٥١ بوو بە سەرۆکوەزیران. لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩ ئاگۆستی ١٩٥٣) بەهۆی کودەتایەک کە کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی

کۆمەڵانی خەڵك بەرامبەر بە شا و هێزە دەرەکییەکان وەستایەوە و ئامانجی ئەوە بوو ئێران لە بازنەی بەستراوەیی بە ڕۆژاوا و هێزە دەرەکییەکان بەتایبەت بریتانیا ڕزگار بکا و لە نێوخۆی وڵات ڕێچکەی کۆمەڵێك چاکسازیی بەربڵاو بگرێتە بەر و سەڵتەنەتی مەشرووتە بخاتە سەر هێڵی دیموکراسیی ڕاستەقینە.[1]

ئەنجومەنی نوێنەران لەژێر فشاری خەڵك و هەوڵی کەمینەی نوێنەرانی نێو ئەنجومەن لە ۱۲ی ئازاری ۱۹۵۱دا بڕیاری خۆماڵی کردنی نەوتی دەرکرد و ئەنجومەنی پیرانیش لە ۲۰ی ئازاری ۱۹۵۱دا ڕەزامەندیی لەسەر دا.[2] پەسندکردنی خۆماڵی کردنی پیشەسازیی نەوت بوو بەهۆی دڵخۆشیی زۆری خەڵکی ئێران و ئەو ڕووداوە گرینگەیان کرد بە جێژن.

لە ۱۶ی ئازاری ۱۹۵۱ هەموو ئەو حیزب و گرووپانەی خەباتیان کردبوو بۆ خۆماڵی کردنی نەوت، لە مەیدانی «بەهارستان» کۆبوونەوە و پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی نوێنەران ڕاگەیاند.[3]

لە ۲ی مای ۱۹۵۱ (۱۲ای بانەمەڕی ۱۳۳۰) محەممەدی موسەددیق بۆ جێبەجێ کردنی یاسای خۆماڵی کردنی نەوت بوو بە سەرۆکوەزیران.[4] پەسندکرانی یاسای خۆماڵی کردنی نەوت بۆ پێشکەوتنی ئابووری و

---

سپای شاهەنشاهی بە یارمەتیی دەزگای سیخوڕیی MI6ی بریتانیا و دەزگای هەواڵگریی CIA کردیان، کۆتایی بە دەسەڵاتی موسەددیق هات. الکساندر ماتیل، دایرةالمعارف ناسیونالیسم، شخصیت‌ها و مفاهیم، ترجمە: کامران فانی و نورالله مرادی، جلد سوم، تهران، ۱۳۸۳، ص ۱۳۸۲.

۱. جان فوران، م. ق، ص ۳۲۲.

۲. د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، د. خەلیل عەلی موراد، مێژووی ئێران و تورکیە، ل ۲۱۴.

۳. ا. آ. گرانتوسکی، م. ق، ص ۵۲۶.

٤. د. عزیزالله بیات، تاریخ معاصر ایران، تهران، ۱۳۵۷، ص ۲۸۸.

سیاسیی ئێران گرینگیی زۆری هەبوو و چەسپاندن و جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە بە مانای تێداچوونی بەهێزترین پاڵپشتی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو.[1] خۆماڵی کردنی کۆمپانیای نەوتیی ئەنگلۆ ـ ئێرانی دەیتوانی کۆتایی بە تاڵان کردنی چەندین ساڵەی سەرچاوە سروشتییەکانی ئێران بێنێ و دوورەدیمەنێکی نوێ و بەرفراوانی بە ڕووی گەشە کردنی ئابووری و نەهێشتنی هەژاری و پتەو کردنی سەربەخۆیی سیاسیی ئێراندا بکاتەوە.[2]

بزاڤی جەماوەری بۆ خۆماڵی کردنی نەوت کە هەستی دژە بریتانیایی گەیاندبووە لووتکە و بە دەسەڵات گەیشتنی موسەددیق کە کەش‌وهەوایەکی تا ڕادەیەك کراوە و ئازادی لێکەوتەوە، دەرفەت و دەرەتانی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕەخساند کە سەرلەنوێ بووژێتەوە.[3] ئەم بووژانەوەیە لە خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە بڕیاری پارلمان بۆ خۆماڵی کردنی نەوت لە مەهاباد لە یەکەم میتینگی سیاسی لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بوو کە بەهۆی «کومیتەی مەهاباد»ی[4]

1. ا. آ. گرانتوسکی، م. ق، ص ٥٢٦.

2. جان فوران، م. ق، ص ٣٢٢.

3. کریس کوچرا، م. ق، ص ٢٣٠.

4. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای بووژانەوە و خۆ ڕێکخستنی‌دا بەهۆی «کومیتەی مەهاباد»ەوە ڕێبەری دەکرا. پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩ی ئاگوستی ١٩٥٣) ئەم کومیتەیە بوو بە کومیتەی کوردستان، د. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا «تێکۆشەر»، پاشکۆ، ئامیلکەی نێوخۆیی (حدکا)، دەوری دووهەم، ژمارە ٢٧، خەزەڵوەری ١٣٦٨، ل ٧. ئەندامانی ئەم کومیتەیە بە قسەی غەنی بلووریان بریتی بوون لە: ڕەحیم سوڵتانیان، عەزیز یووسفی، ڕەحیم خەرازی، عەزیز حیسامی، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، کەریم وەیسی و غەنی بلووریان. غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، ل ١٠٧. د. قاسملوو ئەندامانی ئەو کومیتەیە ئاوا ناو دەبا:

حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکخرابوو.[1] پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان قەت وەك سالانی ١٣٢٩ تا ١٣٣٢ (١٩٥٠ - ١٩٥٣) لە باری عەینی و زەینی هەل بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هەڵنەکەوتووە.[2]

حیزبی توودە زیندووبوونەوەی ڕێکخستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەهۆی لاوەکانییەوە بە دەرفەتێکی باش زانی و ئەو پێوەندییە ناڕاستەوخۆیەی کە کەم و زۆر چەند ساڵێك بوو هەیبوو، بەهێزتری کرد و ئەم جارە ڕاستەوخۆ و بە شێوازێکی ڕەسمی درێژەی بەو پێوەندییە دا. د. قاسملوو دەڵێ: «لەو هەلومەرجەدا بەڕێوەبەریی حیزبی توودە نە دەیتوانی تەشکیلاتی خۆی ڕاستەوخۆ لە کوردستان و ئازەربایجان دابمەزرێنێتەوە و بەناوی حیزبی توودەوە تێبکۆشێ، نە بە دروستیشی دەزانی کە ئەم دوو ناوچە گرینگە لە تێکۆشانی حیزبی بێ بەش بن. بۆیە بڕیاری دا وەك بەشەکانی دیکەی ئێران ڕێکخراوەکانی

---

عەزیز یووسفی، ڕەحیم سوڵتانیان، کەریم وەیسی، عەبدوڵلا ئیسحاقی و غەنی بلووریان.
د. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم، ل ٧٢.
هەروەها کریس کۆچێرا لە قۆناغی دوای کۆدەتای ١٩٥٣ ئاماژە بەناوی ڕەحمەت شەریعەتی لە شاری سنە لە کومیتەی کوردستاندا دەکا. کریس کوچرا، م. ق، ص ٢٣١.

١. غەنی بلوریان کە ئەندامی کومیتەی مەهاباد بوو، دەڵێ: «دوای ئەو خۆپیشاندانە مەزنە حیزبی توودە کە زانی حیزبی دیموکرات لە نێو خەڵکدا ڕیشەی هەیە و ئەندامانی بە نهێنی خۆیان ڕێکخستۆتەوە، داوای پێوەندیی لێ کردین تا وەك دوو حیزبی پێشکەوتنخواز لەسەر دروشمە هاوبەشە سەراسەرییەکان دژی ڕژیم هاوکاریی یەکتر بکەین.» غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، ل ١١١. دیارە پێوەندیی نێوان ئەو دوو حیزبە پێشتر لە ڕێگای سارمەددین سادق‌وەزیری و سەدیق ئەنجیریئازەر کە هەر دووکیان ئەندامی حیزبی توودە بوون، پێکهاتبوو و دەبێ دوای ئەو خۆپیشاندانە جیددیتر بووبێ.
٢. هێمن موکریانی، س، پ ل ٧٢.

حیزبی لە ئازەربایجان و کوردستانیش زیندوو بکرێتەوە، پێڕەوی لە سیاسەتی حیزبی توودە بکەن و ڕێنوێنیی تەشکیلاتی لە بەڕێوەبەریی حیزبی توودە وەربگرن؛ بەڵام ناوی فیرقە و حیزبی دیموکراتیان لەسەر بێ.»[1]

سەرەتای ئەم قۆناغە بە ناردنی ڕۆژنامەکانی حیزبی توودە بۆ کوردستان دەستی پێکرد کە بە چەشنێکی هەراو و بەربڵاو لە شارەکانی کوردستان بڵاودەبوونەوە.[2] بلووریان لەم بارەیەوە دەڵێ: «وەرگرتنی ڕۆژنامەی ئۆرگانەکانی حیزبی توودە لە ساڵی ١٣٢٩ (١٩٥٠)ەوە دەستی پێکرد و ئەو دەم پێوەندی لەگەڵ حیزبی توودە وردەوردە فۆڕمی دەگرت. ئەو ڕۆژنامانە لە نێو ڕووناکبیرانی نێو ڕێکخستەکاندا بڵاودەبوونەوە.»[3] ئەم پێوەندییانە دواتر بوون بە هاوکاریی ڕاستەوخۆ و سەرەنجام بەدەستەوەگرتنی ڕێکخستەکانی حیزبی دیموکرات لەلایەن حیزبی توودەی لێکەوتەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٣٣١ (١٩٥٢) حیزبی توودە ئیزنی پێدرا ڕێکخستەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی

---

١. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم، ل ٧٣.

٢. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە ٢، ل ٦٨. حیسامی دەڵێ: «کە دەچوومە سابلاغ، ڕۆژنامەی نهێنیی حیزبی توودەیان دەدامێ و منیش بۆ هێندێ برادەری خوێندەوارم دەنارد.» کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل ١٥٦. ئەو ڕۆژنامانە بریتی بوون لە: «بسوی آینده»، «شهباز» و «جوانان دمکرات» کە لە تاران چاپ و بڵاودەکرانەوە و بە نهێنیی دەگەیشتنە کوردستان. ئەم ڕۆژنامانە سەر بە ڕێکخراوە نافەرمییەکانی حیزبی توودە بوون. غەنی بلووریان، ئاڵەکۆک، ل ١١١.

٣. برایم فەرشی، سەدەی کارەسات، گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلووریان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٩٠.

کوردستان ڕێك‌بخا و بۆ ئەم مەبەستە ئۆرگانێك لە ڕێکخستەکانی گشت شارەکان بەناوی کومیتەی ئازەربایجان و کوردستان «کاك» پێکهات.[١]

لە تەنیشت دەستەی کارگێڕیی کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە کە ڕۆڵی مەکتەبی سیاسیی هەبوو لە تاران کۆمیسیۆنێکی تایبەتی بەناوی «کاك»، واتە کۆمیسیۆنی ئازەربایجان و کوردستان پێکهاتبوو کە ئەرکەکەی هەڵسووڕاندنی کاروباری حیزبیی ئەو دوو ناوچەیە بوو.[٢] ئەوە بەو مانایەیە کە مەکتەبی سیاسیی حیزبی توودە ڕۆڵی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەگێڕێ کە ئەو کات ئەو ئۆرگانەی نەبوو.

پێوەندیی ڕێکخراوەیی نێوان حیزبی توودە و حیزبی دیموکرات ڕۆژبەڕۆژ پتەوتر و بەربلاوتر دەبوو. حیزبی توودە بۆ یارمەتی دان و ڕێنوێنی کردنی هەڵسووڕانی حیزبی دیموکرات چەند کادرێکی خۆی لە چەند قۆناغدا نارده کوردستان.[٣] یەکێك لەو کادرانە عەبدوڕڕەحمان قاسملوو[٤] بوو کە بە قسەی سارمەددین سادقوەزیری بە پێشنیاری

١. صارم‌الدین صادق‌وزیری، م. ق، ص ٨٩ سادقوەزیری دەڵێ: «بەرپرسی ئەو ئۆرگانە حوسێن جەودەت، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی توودە بوو و من بە نوێنەرایەتیی کوردستان و کەسێکی دیکە بەناوی خوازراوی «هادی‌خان» لەو ئۆرگانەدا ئەندام بووین.» پێشین، ص ٨٩

٢. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم، ل ٧٢.

٣. ئەو کادرانە بریتی بوون لە: عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، بێهنام، جەوهەری و ئیحسانوڵلا. غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، ل ١١٣ و ١١٤. سمایل موسەڵلایی کە بلووریان بەهەڵە بە مستەفایی ناوی دەبا یەکێکی دی لەو کادرانە بووە. صارم‌الدین صادق‌وزیری، م. ق، ص ٨٩

٤. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو کوری محەممەدئاغای زیرۆیە لە ١٩٣٠/١٢/٢١ لە گوندی قاسملوو لە ناوچەی ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك‌بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شارەکانی ورمێ و تاران تەواو کردووە. تێکۆشانی سیاسیی خۆی ساڵی

ناوبراو لە شوێنی ئەو بوو بە بەرپرسی کومیتەی کوردستانی حیزبی دیموکرات و ڕێکخەری پێوەندی لەگەڵ حیزبی توودە.[١] جەلیل گادانی[٢]

---

١٩٤٦ بە دامەزراندنی لقی بەکیەتیی لاوان لە ورمێ دەستپێدەکا و ساڵی ١٩٤٧ بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە پاریس. دوای ساڵێك دەچێتە چێکۆسلۆڤاکی و بەکالۆریۆس لە بواری ئابووری‌دا وەردەگرێ. لە ساڵی ١٩٥٢ لە سەردەمی حکوومەتی د. محەممەد موسەددیق‌دا گەڕاوەتەوە ئێران و لە ڕیزی حیزبی توودەدا درێژەی بە چالاکی سیاسی داوە. بەهاری ١٩٥٣ لەلایەن حیزبی توودەوە دەکرێتە بەرپرسی حدك لە کوردستان. ساڵی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، بەڵام دەوڵەتی عێراق ناچار بە گەڕانەوە بۆ چێکۆسلۆڤاکیی دەکا. ساڵی ١٩٦٢ لە زانکۆی پراگ بڕوانامەی دوکتۆرا لە بواری ئابووری‌دا وەردەگرێ و تا ساڵی ١٩٧٠ لەم زانکۆیە دەبێتە مامۆستا. هەر لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان و سەرەتا لە کۆنفرانسی سێهەم (١٩٧١) و دواتر لە کۆنگرەی سێهەم (١٩٧٣) بە سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا و تا ڕۆژی تیرۆرکرانی لە ١٣ی تەمووزی ١٩٨٩دا لە ڤییەنا، لەم پۆستەدا مایەوە، بڕوانە: کۆمبیۆنی کۆمەڵایەتی حدکا، ئالبۆمی شەهیدان، ژمارە ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٥.

١. صارم‌الدین صادق‌وزیری، م. ق، ص ٩٠. غەنی بلووریان دەڵێ: «بە هاتنی قاسملوو پێوەندیی نێوان حیزبی توودە و حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕەسمییەتی پێ‌درا.» برایم فەڕشی، س، پ، ل ١١١. بە بڕوونی «کاك» کە سادق‌وەزیری پێش لە قاسملوو تێیدا ئەندامە و بەرپرسی کومیتەی کوردستانە، ئەو پێوەندییە ڕەسمیەتی پێ‌دەدرێ. بە هاتنی قاسملوو، چونکی ڕاستەوخۆ لە کوردستان (مەهاباد)ە و سەرپەرستی کومیتەی کوردستان دەکا نەك لە تارانەوە؛ ئەو پێوەندییە جیددیتر و بەتینتر دەبێ.

٢. جەلیل گادانی لەدایك‌بووی ساڵی ١٩٣٣ی شاری مەهابادە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵی ١٩٤٨ بۆتە ئەندامی حدك. سەرجەم ١٣ ساڵ لە زیندانەکانی ڕژیمی پەهلەوی‌دا زیندانی بووە. لە کۆنگرەی چواری حدکا (١٩٨٠) تا کۆنگرەی ١٢ (٢٠٠٠) ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لە کۆنگرەکانی چوار و پێنج و شەش و یازدە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لە «حدکا- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» (١٩٨٨- ١٩٩٧) پۆستی سکرتێری گشتی هەبووە. خاوەنی چەند بەرهەمی مێژوویی و وەرگێڕانە.

کە ئەو کات کادریکی گەنج و چالاکی حیزبی دیموکرات بوو، دەڵێ: «قاسملوو بە زانایی خۆی زۆر زوو جێگای خۆی کردەوە و جڵەوی کارەکان و سەرۆکایەتیی گشتیی بەدەستەوە گرت.»[1] ئەمە دەسپێکی ڕۆڵگێرانی قاسملوو بوو لە ژیانی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزاڤی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تا ئەمانی لە ژیاندا (١٩٨٩) وەك کاراکتێریکی شوێندانەر لەسەر دیاری کردنی سیاسەتی حیزب و ئاراستە کردنی ستراتێژیی بزاڤی کورد لەم بەشەی کوردستان شوێنپەنجەی دیارە.

لەم قۆناغەدا پێوەندیی پاڵەوپاڵی نێوان حیزبی توودە و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەجۆرێك بوو کە حیزبی دیموکرات بەکردەوە ڕۆڵی ڕێکخراوی ئەیالەتیی حیزبی توودەی دەگێڕا لە کوردستان[2] و لە ڕووی پێوەندی و ڕێکخستنەوە ئەگەر ئەندامێکی حیزبی دیموکرات لە کوردستانەوە چووبا تاران، لەوێ بە ئەندامی حیزبی توودە قەبووڵ دەکرا و ئەگەر لە تارانیشڕا ئەندامێکی حیزبی توودە هاتبا بۆ کوردستان، تەنانەت کوردیش نەبا، دەبوو بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان.[3]

حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکردەوە بەڕێوەبەری سیاسەتەکانی حیزبی توودە بوو لە کوردستان. کەریم حیسامی لەم بارەیەوە دەڵێ: «ڕاستە لە نێو خەڵکدا تێکۆشان بەناوی حیزبی دیموکرات بوو، بەڵام هیچ

---

١. جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم، دهۆك، ٢٠٠٨، ل ٩٥.

٢. کامران امین‌آوه، چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر روشنگری، ١٣٩٥، ص ٥٩.

٣. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، ئەسڵی سێهەم، س. پ، ل ٧٢.

بەرنامە و سیاسەتێکی نەتەوایەتی و کوردستانییمان نەبوو، دەستوورات و ئەوامیری حیزبی توودە دەهاتن و بەگوێرەی ئەوان تێکۆشان بەڕێوەدەچوو.»[١]

١. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل ١٦٨.

## باسی چوارەم: حدک و ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی (١٩٥٢ - ١٩٥٣)

لە نێوان ساڵانی (١٣٣١ - ١٣٣٢/ ١٩٥٢ - ١٩٥٣)دا سێ ڕووداوی گرینگ لە شانۆی سیاسیی ئێران و کوردستان ڕوویان دا. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئاست ئەم ڕووداوانە نەك بێ‌لایەن نەمایەوە، بەڵکوو کەم و زۆر تێیاندا بەشدار بوو. ڕۆڵ گێڕانی حدك لەو ڕووداوانەدا وەك لاپەڕەیەك لە مێژووی ئەم حیزبەدا تۆمار کراون و دەرکەوتنی شوێن پەنجەی حدك نیشانەی کەوتنە سەرپێی ئەم حیزبەیە لە دوای هەرەس‌هێنانی کۆمار. هەروەها شوێندانەر بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەگەیەنێ.

### أ) هەڵبژاردنی خولی حەڤدەیەمی پارلمان:

سەرەتای ساڵی ١٣٣١ (١٩٥٢) بە تێپەڕبوونی دوایین ڕۆژەکانی پارلمانی شازدەیەم، دەوڵەتی موسەددیق خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی خولی حەڤدەیەمی پارلمان ئامادە دەکرد. ئەم هەڵبژاردنانە هەلێك بوو بۆ د. موسەددیق تا لە سایەی پشتیوانیی جەماوەردا نوێنەرانێك بۆ پارلمان هەڵبژێردرێن کە داکۆکی لە سیاسەت و بەرنامەکانی دەوڵەت بکەن.[1] لە

---

١. احمد بنی‌جمال، آشوب، مطالعه‌ای در زندگی و شخصیت دکتر محمد مصدق، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٧، ص ٣٠٧.

ناوبراو له شوێنی ئەو بوو بە بەرپرسی كومیتەی كوردستانیی حیزبی دیموكرات و ڕێكخەری پێوەندی لەگەڵ حیزبی توودە.[1] جەلیل گادانی[2]

---

١٩٤٦ بە دامەزراندنی لقی یەكیەتیی لاوان لە ورمێ دەست‌پێدەكا و ساڵی ١٩٤٧ بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە پاریس. دوای ساڵێك دەچێتە چێكۆسلۆڤاكی و بەكالۆریۆس لە بواری ئابووری‌دا وەردەگرێ. لە ساڵی ١٩٥٢ لە سەردەمی حكوومەتی د. محەممەد موسەددیق‌دا گەڕاوەتەوە ئێران و لە ڕیزی حیزبی توودەدا درێژەی بە چالاكیی سیاسی داوە. بەهاری ١٩٥٣ لەلایەن حیزبی توودەوە دەكرێتە بەرپرسی حدك لە كوردستان. ساڵی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە باشووری كوردستان، بەڵام دەوڵەتی عێراق ناچار بە گەڕانەوە بۆ چێكۆسلۆڤاكیی دەكا. ساڵی ١٩٦٢ لە زانكۆی پراگ بڕوانامەی دوكتۆرا لە بواری ئابووری‌دا وەردەگرێ و تا ساڵی ١٩٧٠ لەم زانكۆیە دەبێتە مامۆستا. هەر لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە باشووری كوردستان و سەرەتا لە كۆنفرانسی سێهەم (١٩٧١) و دواتر لە كۆنگرەی سێهەم (١٩٧٣) بە سكرتێری گشتیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران هەڵبژێردرا و تا ڕۆژی تیرۆركرانی لە ١٣ی تەمووزی ١٩٨٩دا لە ڤیەنا، لەم پۆستەدا مایەوە، بڕوانە: كۆمیسیۆنی كۆمەڵایەتیی حدكا، ئالبۆمی شەهیدان، ژمارە ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٥.

١. صارم‌الدین صادق‌وزیری، م. ق، ص ٩٠. غەنی بلووریان دەڵێ: «بە هاتنی قاسملوو پێوەندیی نێوان حیزبی توودە و حیزبی دیموكراتی كوردستان ڕەسمییەتی پێدرا.» برایم فەرشی، س، پ، ل ١١١. بە بڕوای «كاك» كە سادق‌وەزیری پێش لە قاسملوو تێیدا ئەندامە و بەرپرسی كومیتەی كوردستانە، ئەو پێوەندییە ڕەسمیەتی پێ‌دەدرێ. بە هاتنی قاسملوو، چونكی ڕاستەوخۆ لە كوردستان (مەهاباد)ە و سەرپەرستیی كومیتەی كوردستان دەكا نەك لە تارانەوە؛ ئەو پێوەندییە جیددیتر و بەتینتر دەبێ.

٢. جەلیل گادانی لەدایك‌بووی ساڵی ١٩٣٢ی شاری مەهابادە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان. ساڵی ١٩٤٨ بۆتە ئەندامی حدك. سەرجەم ١٣ ساڵ لە زیندانەكانی ڕژیمی پەهلەوی‌دا زیندانی بووە. لە كۆنگرەی چواری حدكا (١٩٨٠) تا كۆنگرەی ١٢ (٢٠٠٠) ئەندامی كومیتەی ناوەندی و لە كۆنگرەكانی چوار و پێنج و شەش و یازدە ئەندامی مەكتەبی سیاسی و لە «حدكا- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» (١٩٨٨- ١٩٩٧) پۆستی سكرتێری گشتی هەبووە. خاوەنی چەند بەرهەمی مێژوویی و وەرگێڕانە.

کە ئەو کات کادریکی گەنج و چالاکی حیزبی دیموکرات بوو، دەڵێ: «قاسملوو بە زانایی خۆی زۆر زوو جێگای خۆی کردەوە و جڵەوی کارەکان و سەرۆکایەتیی گشتیی بەدەستەوە گرت.»[1] ئەمە دەسپێکی ڕۆڵگێڕانی قاسملوو بوو لە ژیانی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزاڤی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تا ئەمانی لە ژیان‌دا (١٩٨٩) وەك کاراکتێریکی شوێندانەر لەسەر دیاری کردنی سیاسەتی حیزب و ئاراستە کردنی ستراتێژیی بزاڤی کورد لەم بەشەی کوردستان شوێن‌پەنجەی دیارە.

لەم قۆناغەدا پێوەندیی پاڵەوپاڵی نێوان حیزبی توودە و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەجۆرێك بوو کە حیزبی دیموکرات بەکردەوە ڕۆڵی ڕێکخراوی ئەیالەتیی حیزبی توودەی دەگێڕا لە کوردستان[2] و لە ڕووی پێوەندی و ڕێکخستنەوە ئەگەر ئەندامێکی حیزبی دیموکرات لە کوردستانەوە چووبا تاران، لەوێ بە ئەندامی حیزبی توودە قەبووڵ دەکرا و ئەگەر لە تارانیش‌ڕا ئەندامێکی حیزبی توودە هاتبا بۆ کوردستان، تەنانەت کوردیش نەبا، دەبوو بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان.[3]

حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکردەوە بەڕێوەبەری سیاسەتەکانی حیزبی توودە بوو لە کوردستان. کەریم حیسامی لەم بارەیەوە دەڵێ: «ڕاستە لە نێو خەڵك‌دا تێکۆشان بەناوی حیزبی دیموکرات بوو، بەڵام هیچ

١. جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم، دهۆك، ٢٠٠٨، ل ٩٥.

٢. کامران امین‌آوه، چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر روشنگری، ١٣٩٥، ص ٥٩.

٣. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم، س. پ، ل ٧٢.

بەرامبەردا شا و سپاکەی هاوڕێ لەگەڵ نوێنەرانی نەیاری موسەددیق لە هەر دوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران کە وەك لایەنگری شا هەڵس‌وکەوتیان دەکرد، بڕیاریان دا کە هەوڵەکانی موسەددیق بۆ پارلمانێکی تەواو لایەنگری ئەو، پووچەڵ بکەنەوە.[١]

حیزبی توودە کە ئەو کات نایاسایی بوو و چالاکیی ئاشکرای نەبوو، کاندیداکانی نەیاندەتوانی ڕاستەوخۆ بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن، بەلام لە ڕێگەی ئۆرگانەکانی ئاشکرای سەر بە حیزب وەك: کۆمەڵەی لایەنگرانی ئاشتی، کۆمەڵەی نیشتمانیی خەبات بەدژی داگیرکاری و ڕێکخراوەکانی لاوانی دیموکرات، کاندیداکانی خۆیان دەسنیشان کردبوو. سارمەددین سادق‌وەزیری کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمەڵەی نیشتمانیی خەبات بەدژی داگیرکاری بوو، لەسەر پێشنیاری خۆی و بە ئاگاداریی حیزبی توودە بوو بە کاندیدای ئەو کۆمەڵەیە لە بازنەی هەڵبژاردنەکان لە مەهاباد.[٢] لە شاری مەهاباد لایەنە سیاسییەکانی

---

١. سپهر ذبیح، ایران در دوره دکتر محمد مصدق، ترجمه: محمد رفیع مهرآبادی، چاپ سوم، تهران، ١٣٨١، ص ٦٣

٢. صارم‌الدین صادق‌وزیری، م. ق، ص ٨٥ و ٨٦ غەنی بلووریان دەڵێ: «بەر لەوەی ئەندامانی پاڵێوراو بۆ خولی ١٧ی پارلمان بە خەڵك بناسێندرێن، ڕێبەرانی حیزبی توودە داوایان لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد نوێنەرێکمان بچێتە تاران و ئەوان ببینێ. ئێمە «ڕەحیم سوڵتانیان»مان نارد، نوێنەری حیزبی توودە بە سوڵتانیانی گوتبوو: ئەگەر حیزبی توودە کەسێك بۆ نوێنەرایەتیی خەڵکی مەهاباد لە پارلمان بناسێنێ ئێوە ئامادە دەبن دەنگی بدەنێ؟ سوڵتانیان لە وەڵامدا گوتبووی ئەگەر ئەو پاڵێوراوەی ئێوە کورد بێ و بەو شەرتەی ڕژیم بە زۆری سەرنێزە پێشمان پێ نەگرێ، ئێمە دەتوانین لە هەموو ناوچەکانی مەهاباد دەنگی بۆ کۆ بکەینەوە. تەنانەت ئەگەر ڕژیم بە زەبری سەرنێزەش پێشمان پێ‌بگرێ، دیسانەکەش ئێمە دەتوانین بە شێوەی نهێنی خەبات بکەین و دەنگی بۆ وەرگرین. ڕێبەرایەتیی حیزبی توودە بەپێی ئەو

دیکەش کاندیدایان هەبوو کە گرینگترینیان محەممەد کەیوانپوور،[١] کاندیدای بەرەی نیشتمانی بوو. سەید حەسەن ئیمامی،[٢] پێشنوێژی هەینیی تارانیش یەکێکی دیکە لە کاندیداکان بوو کە دەربار پشتیوانیی لێ دەکرد.[٣]

---

بۆچوونە و بۆ ئەو مەبەستە سارمەددین سادقوەزیریی وەک کاندیدی خەڵکی مەهاباد ناساندە» غەنی بلووریان، ئاڵەکۆک، ل ١٢٧. دەبێ ئەو کەسەی سوڵتانیان لە تاران چاوی پێی کەوتبێ هەر سادقوەزیری خۆی بووبێ، کە ئاڵقەی پێوەندییان بووە لەگەڵ حیزبی توودە. چونکی سادقوەزیری دەڵێ: «ئەمن کاندیدی کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە نەبووم، بەپێچەوانەی ئەوەی غەنی بلووریان لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی هیچ وتووێژێک لە نێوان ڕێبەریی حیزبی توودە و ڕێبەریی حدک لەم بارەیەوە ڕووی نەداوە» صارم‌الدین صادق‌وزیری، م. ق، ص ٦٤- ٦٥

١. محەممەد کەیوانپوور پاش کۆدەتاکەی ٢٨ی گەلاوێژ (١٩ی ئاب) لە پاریس بڕوانامەی دوکتۆرای وەرگرت و بە «محەممەد موکری» ناوبانگی دەرکرد. بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا گەڕایەوە ئێران و بوو بە باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە مۆسکۆ. لە قۆناغی شەڕی سێ مانگەدا لە ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩) هەڵوێستی توندی بەرامبەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرت. پاش ماوەیەک لە مۆسکۆ بانگ کرایەوە بۆ تاران و بە تاوانی سیخوڕی کردن بۆ وڵاتێکی بیانی گیرا و خرایە زیندانەوە. د. عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم، ل ٦١

٢. بێجگە لەمانە کەسانێکی دیکەی وەک: جەعفەرخانی حەیدەری، سولەیمان ئەنووشیروانی، میرزا ڕەحمەت شافیعی لە مەهاباد کاندیدای هەڵبژاردنەکان بوون. صارم‌الدین صادق‌وزیری، ص ٧٦.

٣. سپێهری زەبیح، مامۆستای زانکۆی بێرکلی لە کالیفۆرنیای ئەمریکا دەڵێ: «مەهاباد و ناوچەکانی سەر بەم شارە بەکردەوە لەژێر دەسەڵاتی پیاوانی سەربازیدا بوو.» سپهر ذبیح، م. ق، ص ٦٦ سادقوەزیری باسی وردەکارییەکانی هاوکاری و پشتیوانیی هەڵسووڕاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و خەڵکی مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ سەرخستنی ئەو لەم هەڵبژاردنەدا دەکا و لە هەمان کاتدا بە هێنانەوەی

ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەری بۆ سەرخستنی سارمەددین سادقوەزیری لە هەڵبژاردنەکاندا تێکۆشانێکی هەمەلایەنە و توندیان دەستپێکرد و لەگەڵ هەموو ئەو فشارەی ستادی ئەرتەش دژی سادقوەزیری و ئەو کەسانەی پشتیوانی بوون بەکاری هێنا،[1] لەو هەڵبژاردنەدا لە خودی شاری مەهاباد لە (١٨٥٠) دەنگی دروست، (١٥٣٥) کەسیان؛ واتە ٨٧٪ی خەڵك دەنگیان بە سادقوەزیری دا... هەرچەندە سادقوەزیری خەڵکی مەهاباد نەبوو و هەرچەند حیزبی دیموکراتی کوردستان نهێنی بوو، بەڵام خەڵك ئاگایان لە ڕابردووی سیاسی، پێشکەوتنخوازانە و نیشتمانپەروەریی سادقوەزیری هەبوو و دەیانزانی کە کاندیدای حیزبی دیموکراتی کوردستانە. لە ناوچەی سندووسی نەغەدە لە (٤٨٠) دەنگ، (٤٠٠) کەسیان دەنگی بە سادقوەزیری دابوو.[2]

لە ئاکامدا لە ناوچە عەشیرەتییەکانی دەوروبەری مەهاباد ئەرتەش بە زۆر و بە فڕوفێڵ ناوی «سەید حەسەن ئیمامی»، پێشنوێژی هەینیی تارانی لە سندووقەکان هێنایەدەرێ و کردی بە نوێنەری مەهاباد، لە حاڵێکدا

---

چەندین نموونە تێشك دەخاتە سەر پیلانگێڕی و ئازاوەنانەوە و فێڵ و تەڵەکەی ستادی ئەرتەش و فشاری زۆری دەرەبەگەکان بۆ سەر ڕەعیەت و جووتیاران و گوندنشینەکان بۆ دەنگ دان بە کاندیدای جێگای پەسندی ئەوان. صارم‌الدین صادق‌وزیری، ٨٢- ٨٦

١. د. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم، ل ٦٠- ٦١

٢. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل ١٦٩. بەهۆی هەڵسووڕانی چالاکانەی کەریم حیسامی لە ناوچەی سندووسی نەغەدە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی حەڤدەیەم لەلایەن سادقوەزیرییەوە وەك هاندان، بە حیزبی توودە لە تاران دەناسێندرێ بۆ ئەوەی بۆ ماوەی مانگێك لە شانەکانی ئەو حیزبەدا ئاشنا بە کاری نهێنی بێ. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، ل ٢٠١.

ناوبراو نە لە مەهاباد ژیابوو، نە مەهابادی دیبوو و نە خەڵکی مەهاباد دەیانناسی.[1] ناوبراو پێشنوێژی هەینیی تاران و شیعەمەزهەب بوو،[2] لە کاتێکدا زۆربەی نیزیک بەتەواوی دانیشتووانی مەهاباد کورد و سوننە مەزهەبن. هەڵبەت دیاردەی موهەندسی کردنی دەنگەکان هەر تایبەت بە مەهاباد نەبوو، بێجگە لە تاران و چەند شاری گەورە لە زۆربەی شارەکان کە هەڵبژاردنیان تێدا کرا، ئەو کاندیدایانە کە سپا و دەرەبەگە ناوچەییەکان پشتگیریان دەکردن سەرکەوتن یان بڵێین سەر خران. موسەددیق کە بەو دۆخە ناڕازی بوو لە نامەیەکدا بۆ پارلمان بەداخ بوونی خۆی لە شێوەی نادروستی هەڵبژاردنەکان دەربڕی. د. موسەددیق دەنووسی: «ئێستا کەسانێک نازناوی نوێنەرایەتیان پێوە لکاوە کە ناوبانگ و ناسیاوی ناوچەکەیان نین و بە هیچ جۆرێک ناتوانن خۆیان بە نوێنەری ئەو شوێنەی لێی هەڵبژێردراون بزانن. بە لەبەرچاو گرتنی ڕابردووشیان نە تەنیا خەڵک بە نوێنەرایەتیان ڕازی نین، بەڵکوو بە بیستنی ناویان تووڕەن.»[3] سەید حەسەن ئیمامی یەک لەو هەڵبژێردراوانە بوو کە موسەددیق وەسفی کردبوون.

---

١. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات، فەسڵی سێهەم، ل ٦١

٢. کریس کوچرا، م. ق، ص ٢٢٠.

٣. احمد بنی جمال، م. ق، ص ٢٠٩. لە کۆی ١٣٦ کورسیی پارلمان لە ئەنجامدا ٧٩ کەس بوون بە خاوەنی کورسیی پارلمان. ئەو هەڵبژاردنە دەکرێ وەک هەڵبژاردنی خولی یەکەم و دووهەمی پارلمان لە ڕیزی ئەو هەڵبژاردنە بەڕاستی ئازادانە دابنرێ لە مێژووی ئێراندا؟ لە نێو نوێنەرانی پارلمان تەنیا ٣٠ کەس لایەنگری گەرموگوڕی موسەددیق بوون. نیزیکەی یەک لە سێی لەگەڵ سیاسەتەکانی پارلمان هاوڕا نەبوون و زۆرتر چاوەڕوانی سەرکەوتنی لایەنێک بوون کە لە پارلمان سەر دەکەوت تا پێی پەیوەست بن و ١٢ کەسیشیان بەتوندی داکۆکییان لە شا دەکرد و بەرەیەکی

سادق‌وەزیری هەرچەند نە بەڕەسمی، بەڵام بەکردەوە کاندیدای حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، چونکی ئەو کاتە حیزبی دیموکرات تێکۆشانی ئاشکرای نەبوو و نەیدەتوانی کاندیدای ڕەسمیی هەبێ. ئەمەش ئەزموونێکی دیکەی باش بوو بۆ حیزبی توودە کە بۆ بەرەو پێش‌بردنی سیاسەتەکانی لە کوردستان کەڵك لە پێگە و قورسایی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەرگرێ و سوورتر بێ لەسەر بەکار هێنانی بۆ ئامانجە سیاسییەکانی. ئەگەر سادق‌وەزیری دەگەیشتە پارلمان بەڕێوەبەری سیاسەت و ڕێوڕەییەکانی حیزبی توودە دەبوو، هەرچەند لەسەر حیسابی حدك و خەڵکی کورد لە بەشێك لە ناوچەی موکریان هەڵبژێردرابوو.

## ب) ڕاپەڕینی جووتیارانی موکریان:

دوکتور موسەددیق لە دوای پێکهێنانی کابینەی دووهەمی وەزارەتەکەی لە پووشپەڕی ١٣٣١ (تەمووزی ١٩٥٢) هەستی بەوە کرد کە بۆ پتەوتر کردنی پێگەی سیاسیی خۆی و لاواز کردنی نەیارانی لە نێوخۆی وڵات پێویستی بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە و وەکوو چاکسازیی کشت‌وکاڵ و چاکسازیی سیستمی باج و هەروەها ڕێنمایی دەرکرد بۆ وەزارەتی داد و پەروەردە بۆ ئەنجام دانی چاکسازیی سەرتاسەری لە فەرمانگەکاندا.[1] یەکێك لەو چاکسازییانە، چاکسازیی زەوی‌وزار بوو کە لە چەند ناوچەیەکی ئێران و یەك لەوان کوردستان، ڕاپەڕین و ڕاسانی جووتیارانی لەدژی دەرەبەگەکان لێکەوتەوە.

---

یەکگرتوویان لە نەیارانی موسەددیق لە سەرانسەری خولی حەڤدەیەمی پارلماندا پێکهێنابوو. سپهر ذبیح. م. ق، ص ٦٤

١. د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، د، خەلیل عەلی موراد، مێژووی ئێران و تورکیە، ل ٢٦١.

د. موسەددیق بۆ پیادەکردنی بەرنامە و پرۆژە چاکسازییەکانی لە ڕێگەی یاسایی، واتە پەسند کردنی پرۆژە یاساوە هەنگاوی دەنا. لە ١٤ی ڕەزبەری ١٣٣١ (۶ی ئۆکتۆبری ١٩٥٢) موسەددیق پرۆژەیاسای «زیادکردنی بەشی جووتیاران و ڕێکخراوی ئاوەدانیی کشتوکاڵ»ی بردە پارلمان کە بە «یاسای سەدی بیست» ناسرابوو. بەپێی ئەو یاسایە دەبووایە بە بڕی سەدی ٢٠ی داهاتی دەغڵودان پارە لە خاوەن ملکەکان بستێندرێ، نیوەی ئەو بڕە پارەیە واتە سەدی ١٠ی بدرێتەوە جووتیاران و نیوەکەی دیکە، واتە سەدی دەیەکەی دیکەی بۆ ئاوەدانیی گوندەکان، دروست کردنی قوتابخانە و ئاودێری تەرخان بکرێ.[1] پرۆژە یاساکەی دیکە کە لە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٣١ (٢١ی دیسامبری ١٩٥٢) پەسند کرا، یاسای هەڵوەشاندنەوە و قەدەغە کردنی سووروسات و بێگاری لە دێهات بوو.[2]

ئەو دوو یاسایە، یاسایەکی شۆڕشگێڕانە نەبوون، بەڵام ئەگەر دۆخی پێوەندیی نێوان جووتیار و خاوەن ملکی ئەو کاتە بخەینە بەرچاو، هەنگاوێك بەرەو پێش بوون؛ چونکە دەوڵەتێك کە لەسەر کار بوو ئەو یاسایەی پەسند کردبوو. ئەو یاسایە لە زۆر جێگا جووتیارانی بۆ وەرگرتنی مافی خۆیان هان دا. ئەوە بوو کە لە سەرماوەزی ١٣٣١ (دیسامبری ١٩٥٢) لە کوردستان بوو بەهۆی ڕاپەڕینێکی پان و بەرین و توندی جووتیارانی دەوروبەری بۆکان و مەهاباد، واتە ناوچەی موکریان،[3]

---

١. پیتر آوری، تاریخ معاصر ایران، ص ٣٨١.

٢. ئەمیر حەسەنپوور، ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان لە (١٣٣١- ١٣٣٢/ ١٩٥٢- ١٩٥٣)دا، پرۆژەی لێکۆڵینەوەیەك، مای ٢٠١٧، ل ٥.

٣. عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، چل ساڵ خەبات، فەسلی سێهەم، س. پ، ل ۶۴ لە نێوان ساڵانی (١٣٢٠- ١٣٣٢/ ١٩٤١- ١٩٥٣)دا تەنیا چوار ڕاپەڕینی گرینگی جووتیاران تۆمار کراون کە بەرچاون: ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١) لە ئازەربایجان بە دوای هەڵاتنی کاربەدەستانی

کە وەك گرینگترین ڕووداوی ئەو سەردەمە لە ناوچەی موکریان لەو ساڵانەدا سەیر دەکرێ.

هەر ئەو سەروبەندە لە نێو شاری بۆکانیش ڕاپەڕینێك بەهۆی خەڵکەوە بەدژی دەرەبەگەکان ڕووی دا. ئەگەرچی سەرەتای ئەم دوو ڕاپەڕینە (شار و گوند) هاوکات نەبوو، بەڵام هاوتەریبی یەکتر پەرەیان سەند.[1] «عومەر عەسری» کە بەشداریی ڕووداوەکەی کردووە، هۆکاری ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی موکریان و خەڵکی شاری بۆکان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە: «ئەو زوڵم و زۆرییە لە ڕادە بەدەرەی ئاغاوەتی ناوچەی موکریان، ئەو هەمووە خەراج و پیتاك و بێگارە[2] ناڕەوا و تاقەت

---

دەوڵەتی لە ترسی سپای سووری سۆڤیەتی، بەشێك لە جووتیاران ئەو دەغڵودانەی کە بۆ خاوەن ملکەکانیان داتابوو، خۆیان دەستیان بەسەردا گرت. ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥) لە دەوروبەری تەورێز ژمارەیەك لە جووتیاران خاوەنی زەوییەکانیان کوشت. لە گەلاوێژی ١٣٢٥ (ئاگۆستی ١٩٤٦)دا مەترسییەکی جیددی هەبوو کە لە نێوان جووتیاران و دەرەبەگەکاندا لە باشووری تاران شەڕ ڕوو بدا و لە ساڵی ١٣٣١ (١٩٥٢)دا لە کوردستان جووتیارانی چەکدار لەگەڵ خاوەن ملکەکان ماوەیەك لە شەڕدا بوون. بڕوانە آبراهامیان، مردم در سیاست ایران، ترجمە: بهرنگ رجبی، چاپ پنجم، تهران، ١٣٩٤، ص ٨٠

١. ڕەحمان محەممەدیان، بۆکان لە سەدەی بیستەمدا، تاران، ١٣٨٩، ل ٨٩ بۆکان لەو ساڵانەدا لە لایەك شار بوو بە شارەوانی، پۆلیس و بەڕێوەبەریی ناحیە و فەرمانگەکانی دیکەوە و؛ لە لایەکی تریشەوە سەرپاکی شارەکە بە زەوی و ماڵ و دووکان و باخەوە وەك گوندێکی ئاسایی ملکی بنەماڵەیەك بوو. (ئاغاوەتی ئێلخانیزادە) و هەموو باروودۆخێکی گوندەکانی دەوروبەر بەسەر ئەویشدا زاڵ بوو. بۆ نموونە: خەڵکی شارەکە خاوەنی تاپۆی زەوی و ماڵ و دووکانی خۆیان نەبوون و ئاغاکان ڕقیان لە هەر کەس بووایە لە شار دەریان دەکرد. ڕەحمان محەممەدیان، هەمان سەرچاوە، ل ٨٩

٢. خەراج و پیتاك و بێگاری (سووروسات) کە ئاغاکان بەسەر جووتیاران و خەڵکی گونددا دەیانسەپاند وەك: مەڕانە، ڕووجانە، هێلکانە، تەپاڵانە، ڕۆنانە، گوریسانە، میوانانە، جێژنانە، سەرەخۆشیانە، سوورانە، بێگارانە، بارانە، ئاشانە، بەرگنانە، بزنانە،

پرووکێنەی کە بە پشتیوانیی ڕژیمی حەمەڕەزاشا بەسەر خەڵکی هەژاری دیهات‌دا فەرز کرابوون و لە شاری بۆکانیش کە وەك گەورەدێیەك بەڕێوەدەچوو، بەجۆرێك بوو کە سیستمی ئاغا و ڕەعیەتی بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە بەسەر شارەکەدا حاکم بوو.» هەروەها بڵاوبوونەوەی بیری چەپ لە کوردستان و سووربوونی حکوومەتی موسەددیق بۆ چاك کردنی وەزعی دژواری جووتیاران و لاواز کردنی پایەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی چینی دەرەبەگ لە سەرتاسەری ئێران‌دا، دەرفەتێکی لەباری بۆ جووتیارانی کوردستان ڕەخساند تاکوو بە گژ زۆرداره چینایەتییەکان‌دا بچنەوە.[١] لەگەڵ ئەمانەش‌دا پشتیوانیی ئاشکرا و بێ‌وێنەی دەوڵەت لە جووتیاران و بوونی کەش‌وهەوایەکی لەباری سیاسی لە سەرتاسەری ئێران‌دا هاندەرێکی دیکە بوون بۆ ئەوەی جووتیاران

---

پشکەڵانە، پووشانە، جووتانە، چیلکانە، ماستانە، مەلایانە، مجێورانە، مریشکانە و زۆری دی. ئەمیر حەسەن‌پوور، ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان، ل ١١؛ عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، ل ١٨٤- ١٨٥.

١. عومەر عەسری، ڕاپەڕینی وەرزێران لە ناوچەی موکریان، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٣٧، سوید، ٢٠٠٣، ل ٣٤. سەعید کاوە کە ئەو کات چالاکی سیاسی و خۆی خەڵکی گوند بووە دەنووسێ: «ئەو کات ئاغاوەت کاری وایان دەکرد و گوشارێکی وایان بۆ سەر خەڵك هێنابوو، ئەگەر پیاو بیهەوێ بۆ لاو و خەڵکی ئێستای بگێڕێتەوە و بینووسێ، زۆر کەس نەك هەر بڕوا ناکەن بەڵکوو بۆ شێوەی چیرۆکی دەبێ و لێیان دەبێتە ئەفسانە و حەوت‌خانی ڕۆستەم، هەر وەك کە ئێستا مێژووی کۆیلە و کۆیلەداری دەخوێنینەوە تێ بە سەری‌دا تێدەپەڕین و دەزانین چونکی لە دەورانی خۆمان‌دا نەبووە، زۆر هەست بەو زوڵم و زەبر و زەنگەی کۆیلەداری ناکەین. بە بڕوای من زوڵم و زۆریی ئاغاکانی وڵاتی ئێمە لەگەڵ دەورانی کۆیلەداری تەنیا شێوە و سەردەمەکەیان جیاواز بوو.» سەعید کاوە، ئاوڕێك لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب. ش. چ، ١٩٩٦، ل ٢٢.

دەس بکەن بە سرت‌وخورت، دانیشتن، کۆبوونەوە و یەکگرتنەوە، سوێندخواردن و بڕیاری جواب نەدانەوەی ئاغاکان و نەدانی خەراج و پیتاك و بێگار نەکردن و دانانی شووڕا لە زۆربەی دێهاتەکانی ناوچەی موکریان.[1]

ڕاپەڕینی جووتیاران لە ماوەی مانگێکدا ئەو ناوچانەی موکریانی گرتەوە: لە ناوچەی بۆکان بەشی فەیزوڵلابەگی و چۆمی مەجیدخان، لە ناوچەی مەهاباد بەشی شامات و شارویران و لە ناوچەی نەغەدە گەیشتە سندووس؛ بەڵام گرژی و لەبەریەکدا بوونی ئاغا و جووتیاران لە ناوچەی فەیزوڵلابەگیان و شاری بۆکان توندتر بوو. جووتیارەکان هەر بە هێزی خۆیان توانییان لە بەرەی فەیزوڵلابەگیان و چۆمی مەجیدخان و شامات و بەشێکی مەحاڵ بەبێ خوێنڕشتن و ئازاردان و خراپە لەگەڵ کردن، ئاغاکان لە گوندەکان دەربکەن و بە خاوخێزانەوە لە شاری بۆکانیان پەستێون و لەوێش‌دا گەمارۆیان بدەن و بەپەلە خەریکی چەکداربوون بن.[2] لە شاری بۆکانیش تەنگ بە ئاغاکان هەڵچنرا و گەیشتە ئەوەی کە لە ترسی خەڵك لە ماڵ نەدەهاتنەدەر. خەڵکی شار لە ڕێگەی ئیمزا کۆکردنەوە، شکایەت و گازندەی خۆیان گەیاندە بەرپرسانی حکوومی.[3]

---

١. هەمان سەرچاوە، ل ٣٣.

٢. هێمن موکریانی، س. پ، ل ٧٥.

٣. ڕەحمان محەممەدیان، س. پ، ل٩٠. حاجی قاسم کەریمی کەسی یەکەم و ڕێکخەری سەرەکی ناڕەزایەتییەکانی شاری بۆکان بوو بەدژی ئاغاکان. ئەو دوو سەفەری تارانی کرد و شکایەت و گازندەی خەڵکی شاری گەیاندە گوێی بەرپرسانی حکوومی وەك د. محەممەد موسەددیق، سەرۆك‌وەزیران و ئایەتوڵلا کاشانی، سەرۆکی پارلمان و تەنانەت لەسەر ڕادیۆ تاران و لە هێندێك چاپەمەنیی ئەوێ‌دا دەنگی خۆی بەرز کردەوە و مەزلوومییەتی خەڵکی کوردستانی بە خەڵکی ئێران ڕاگەیاند.

ئەمیر حەسەنپوور[1] کە لەسەر ئەم ڕاپەڕینە لێکۆڵینەوە و بەدوادا چوونی چوونی بەرفرەوانی کردووە، لە ڕێگای ئەو بەڵگەنامەی کۆنسوولی ئەمریکا لە تەوریزێ بۆی دەرکەوتووە کە دەوڵەتی ئەمریکا نیگەران بووە کە ئەو ڕاپەڕینە ببێتە «ڕاپەڕینی وەرزێری» و بە ڕابەرایەتیی کۆمۆنیستانی حیزبی توودە، ئێران بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیزم.[2] لە نێوخۆش‌دا

---

حاجی قاسم سەر بە «بەرەی نیشتمانی» بوو و ڕۆژنامەی «جبهه آزادی»، ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی ئێران لە ژمارە ١٨٣، چوارشەممە، ٣ی بانەمەڕی ١٣٣٢ (٢٣ی ئاوریلی ١٩٥٣) لەگەڵ چاپ کردنی وێنەیەکی ناوبراو بە جل‌وبەرگی کوردییەوە، ڕێزی لە هەوڵ و تێکۆشانی وەك هاوڕێیەکی تێکۆشەر دەگرێ. ڕەحمان محەممەدیان، ل ٩٠ و ١٤١؛ بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٩.

١. پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەنپوور، نووسەر، زمان‌ناس و مێژوونووس لەدایك‌بووی ١٩٤٣ی شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ساڵی ١٩٦٤ لە زانکۆی تاران بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیسی وەدەست‌هێناوە و ساڵی ١٩٧٠ ماجیستێر و ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی دوکتورای لە زمانی ئینگلیسی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٨٩ لە زانکۆی ئیلینۆی ئەمریکا لە بواری زمان‌ناسیی کۆمەڵایەتی و مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوکتورا وەردەگرێ و لە ساڵی ١٩٩٦ بە دواوە لە وڵاتی کانادا دەبێتە وانەبێژ لە زانکۆکانی ویندسۆر، کۆنکوردیا و تورێنتۆ. خاوەنی دەیان کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەیە لە بواری زمان‌ناسی و مێژووی نوێی کوردان کە لە گۆڤاری ئاکادیمی و ئینسکلۆپیدیاکانی جیهان‌دا بڵاوی کردوونەوە. ساڵی ٢٠١٧ کۆچی‌دوایی کرد. ساڵح بێچار، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٣٣٢، ٢٠١٧، ل ١٦.

٢. ئەمیر حەسەنپوور، ل ١١٦. ئەو ڕووداوانەی کە لەو ساڵانەدا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕوویان دا، نیگەرانیی دەوڵەتی ئەمریکایان زۆرتر کرد. سێ ساڵ پێش ئەو ڕاپەڕینە، ڕاپەڕینی چینی وەرزێران دەورێکی گرینگی گێڕا. لەو شۆڕشەی کە لە ساڵی ١٩٢٠ەوە دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٩٤٩دا وڵاتی چینی لە چنگ حکوومەتی گومیندان و ئەمریکا و بریتانیا دەرهێنا؛ یان ئەو شۆڕشەی کە باکووری ڤیتنامی لە دەست ژاپۆن و فەڕانسە دەرهێنابوو، هێشتا لە باشوور درێژەی هەبوو؛ هەروەها ئەو شەڕەی لە کۆریا لە

ڕۆژنامەکانی لایەنگری شا دەرەبەگەکانیان بانگ دەکرد کە وشیار بن: «چونکە ئاسۆی خوێناویی شۆڕش لە دوورەوە دیارە ... کوردستان بۆتە کۆمۆنیستی.»[1]

کاربەدەستانی ڕژێم کە بە شێوەی سروشتی و لە باری چینایەتییەوە بەرژەوەندیی خۆیان لە مانەوەی دەرەبەگایەتی‌دا دەدی، کە هەستیان کرد ئاغاکان تینیان بۆ هاتووە، بەپێچەوانەی سیاسەتی دەوڵەتی موسەددیق کە لایەنگری بەڕێوەچوونی یاساکە بوو و پشتگیری دابین‌کردنی مافی جووتیاران بوو، دەستیان لەسەر دەست دانەنا و سەرهەنگ موزەففەری کە ئەو کات فەرماندەی سپای جێگیرکراو لە مەهاباد بوو، هێزی ئامادە کرد و بەئاشکرا بە لایەنگری لە دەرەبەگەکان هاتە گۆڕەپانەکە و

---

ئارادا بوو و لە گشتیان وەرزێران هێزی هەرە زۆری خەبات بوون و ئەمریکا پێی وابوو ئەو ڕاپەڕینە دەتوانێ وەك پریشكێك ئاسیای ڕۆژاوا وەك ئاسیای ڕۆژهەلات بە بلێسەی ئاوری كۆمۆنیزم لە نیزامی ئیمپریالیستی و پێوەندیی سەرمایەداری و فیئۆدالی دابڕێ. ئەمیر حەسەن‌پوور، ل ١١٧.

ئاغاوەتی ناوچەی بۆکان نیگەران بوون کە ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥) لە کوردستان دووپات ببنەوە و ئەمە لە وتاری قاسم‌ئاغای ئیلخانی‌زادە لە بەردەم شادا بە بۆنەی گەڕانەوەی تاج و تەخت لە دوای کودەتای ١٩ی ئاگۆستی ١٩٥٣ بەڕوونی باسی لێ‌دەکرێ. بۆ وردەکاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: ئەنوەر سوڵتانی، بەڵگەنامەیەك سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی و بۆکان، گزینگ، ژمارە ٣٨، سوید، بەهاری ٢٠٠٢.

شایانی باسە هەر لەم ساڵەدا (١٩٥٣) دەشتی هەولێر لە باشووری کوردستان ڕاپەڕینی جووتیاران بە خۆوە دەبینێ، بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: سالار سیامەند عەبدوللا، دەروازەیەك بۆ ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر (١٩٥٣)، کەرکووك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٦؛ ڕەشاد مەلا یەحیا، ژان و ژیانی جووتیارانی دەشتی هەولێر، ڕاپەڕینی ١٩٥٣، سلێمانی، چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٦.

١. عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، کوردستان و کورد، ل ٢١٦.

ئەمە بـوو بەهـۆی هەڵسـانەوەی ئاغاکـان و بە دووقـۆڵی پەلامـاری جووتیارەکانیان دا.[1] بەم جۆرە هاوپەیمانییەکی گونجاو لە نێوان شا و خانە گەورەکانی کورد و خاوەن ملکەکان پێکهات بە مەبەستی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی جووتیاران لە کوردستان.[2]

عـومەر عەسـری کە شـاهیدی ڕووداوەکـان بـوو، دەڵـێ: «پـاش دەستبەردانی سپا و شکستی خەڵکەکە لە کۆتـایی زسـتانی (١٣٣١/ ١٩٥٣) هێزێکی گەورە لە ئاغاوەتی دێبوکری و فەیزوڵلابەگی و دەوروبەر بۆ سەرکوت کردنی گوندنشینان پێکهات. ئەو هێزە پێشەکی هەڵیانکوتایە سەر گوندەکانی فەیزوڵلابەگی و خەڵکێکی زۆریـان تـاڵان کـرد، سـەدان سەر مەڕ و ماڵاتی خەڵکیان بە تاڵان برد و دەیان ماڵیـان جەریمە کـرد، دەیان مەلا و وەرزێر و ڕەشایی لە دێ دەرکران و چیان بۆ کـرا بەسـەر ئەم خەڵکە هەژار و داماوەیـاندا هێنـا.»[3] لە نێـو شـاری بۆکـانیش سـیما ناسراوەکانی دژبە ئاغاوەت وەك حاجی قاسم کەریمـی و میـرزا حوسـێنی برای بە بنەماڵەکەیانەوە کەوتنە بەر هێرشـی ئاغـاوەتی ئێلخانیزادە و هەر دوو ماڵەکەیان لەلایەن ئاغاکانەوە سووتێندرا و بوو بە خۆڵەمێش.[4]

١. جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، بەرگی یەکەم، ل ٩٢.

٢. نادر ئینتسار، س. پ، ل ٦٥

٣. عومەر عەسری، س. پ، ل ٣٥.

٤. ئەنوەر سـوڵتانی، ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٥٣ی خەڵکی بۆکـان و وەرزێرانـی نـاوچەی فەیزوڵلابەگی، گزینگ، ژمارە ٣٦، سوید، پاییزی ٢٠٠٢، ل ٤٦. حـاجی قاسـم کەریمـی کە ئەو کات لە ئەوروپا دەبێ ئیتر ناتوانێ بگەڕێتەوە و بەربوەی باشووری کوردسـتان دەبێ و تـا کـاتی مـاڵاوایی لە ژیـانی (٢٠٠٢)، لە شـاری هەولێـر بـۆ مـاوەی نیزیـك بە نیوسەدە مایەوە و بە کاری بەرگدروویی مەشغوول بوو. ئەنوەر سولتانی، بەڵگەنامەیەك سەبارەت بە... ل ٣٥.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئاست ئەم ڕووداوە گرینگە هەڵوێست و ڕۆڵی چ بووە؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز هەیە.[1] دۆخی شاری بۆکان و دەورووبەری بەرەو شڵەژان دەچێ. کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بۆکان لە ڕاپۆرتێکدا بەرپرسانی حیزب لە مەهاباد ئاگاداری هەلومەرجەکە دەکەنەوە. لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە غەنی بلووریان هاوڕێ لەگەڵ عەزیز یووسفی ئەرکی پێوەندی گرتن بە جووتیارانی ڕاپەڕیوی ناوچەی بۆکان و خەڵکی شاریان پێ‌دەسپێردرێ. ڕێنوێنیی حیزب بۆ جووتیارەکان و خەڵکی دژە ئاغای نێو شار لە ڕێگەی بلووریانەوە کە سەردانی ناوچەکە دەکەن بریتی دەبێ لەوە کە ڕاپەڕیوەکان دەست بۆ چەك نەبەن و نارەزایەتییەکە شێوازی توندوتیژ بە خۆیەوە نەگرێ، بەڵکوو داخوازەکانیان بە سیاسی بکەن و لە ڕێگەی شکایەت و مانگرتن لە تەلەفوون‌خانە و تێلگراف‌خانە داخوازەکانی خۆیان بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت لە تاران ڕەوانە بکەن و بەم شێوەیە پێش بە هەڵایسانی شەڕ و پێکدادان بگرن.[2]

هێمن موکریانی کە خۆی ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو و ڕاپەڕینی جووتیارانی لە سەرەتاوە تا سەرەنجامی بە چاوی خۆی دیتووە، دەنووسێ: «بێ‌گومان ئەگەر لەو سەردەمەدا ڕابەرایەتیی حدك دروشمی خەباتی چەکدارانەی هەڵگرتبایە و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی

---

١. لازاریۆف و کەریم حیسامی لەم بارەیەوە دەڵێن کە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەریی جووتیارانی موکریانی کردووە. م. س لازاریف و دیگران، تاریخ کردستان، ترجمە: منصور صدقی و کامران امین‌آوە، آلمان (کلن)، ١٩٩٧، انتشارات فروغ، ص ٢٣٢؛ کەریم حیسامی، کاروانی شەهیدانی کوردستان، ١٩٧١، ل ٣٧.

٢. برایم فەرشی، سەدەی کارەسات، س. پ، ل ٩٩؛ غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، ل ١٢٠.

هەبایە و جلەوی ئەو ڕاپەڕینەی بەدەستەوە گرتبایە و چین و توێژەکانی دیکەی بۆ یارمەتی و پشتیوانیی جووتیاران هان دابایە، ئەو ڕاپەڕینە زۆر زوو دەبوو بە ناوەندی شۆڕش، شۆڕشێکی ڕەسەن و بەرین، شۆڕشێکی سەرانسەریی کوردستان و لەوانە بوو زۆر زوو بتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیك بچەسپێنێ و جووتیارانی کوردستان ڕزگار بکا.»[1]

بەم جۆرە و لە زمان بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەکەوێ کە ئەم حیزبە ڕۆڵی ڕێبەریی ئەو ڕاپەڕینەی نەبینیوە و ئەمە بە شێوەی فەرمی لە ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی ئەم حیزبەدا دانی پێدا دەنرێ. ڕۆژنامەی کوردستان لە وتارێکدا لەژێر سەردێڕی «ڕاپەڕینی وەرزێران» دەنووسێ: «بەڕاستی حیزبی ئێمە نەیتوانی بەو جۆرەی پێویستە ڕابەرایەتیی ئەو ڕاپەڕینە بکا.»[2]

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لەو سالانەدا و لەژێر کاریگەریی حیزبی توودەی ئێران زۆرتر گرینگیی بە خەباتی چینایەتی دەدا و داخوازە نەتەوەیی‌یەکانی بەتەواوی پەراوێز خستبوون وەك «حیسامی» کە هەلسووڕاوێکی چالاکی ڕێکخستنی جووتیاران بوو، دەڵێ: «مەسەلەی خەبات دژی دەرەبەگایەتی و زوڵم و زۆریی ئاغاکان لە هەموو شت گرینگتر بوو.»[3] بۆچی دەبێ حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەم ڕووداوە گرینگە کە تەقینەوەیەکی چینایەتی بوو نەقۆزێتەوە و لە ڕێبەرایەتی کردنی‌دا ڕۆڵی پێویست نەگێڕێ؟

---

١. هێمن موکریانی، س. پ ل ٧٥.
٢. کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، ژمارە ٢٣، ١٩٧٣، ل ١ و ٢.
٣. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل ١٥٦.

پێش لە هەموو شتێك دەبێ ئاماژە بە نەبوونی کادری پێویست و بەئەزموونی ڕێبەرانی گەنجی حیزبی دیموکرات بکرێ، بەجۆرێك کە توانا و پۆتانسیەلی ڕێبەرایەتی کردنی ئەم ڕاپەڕینەی نەبوو. ڕاپەڕینێك کە لە بنەڕەتدا خۆڕسك بوو و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبێ خۆ ئامادەکردن لە ناکاو بەسەریدا کەوت.

هەڵوێستی حیزبی توودە بەرامبەر بەو پرۆژە یاسایەی موسەددیق بۆ جووتیاران ئەرێنی نەبوو و بە بیانووی ئەوەی کە ئەم پرۆژەیە ڕادیکاڵ نییە و جووتیاران ناکاتە خاوەنی ئازادی و زەوی، پشتیوانیی لێنەدەکرد.[١] لە چاوپێکەوتنی سارمەددین سادق‌وەزیری و غەنی بلووریان لە تاران لەگەڵ ڕێبەری ڕاپەڕینی شاری بۆکان، حاجی قاسم کەریمی شوێنەواری ئەم سیاسەتەی حیزبی توودە دەبینرێ. ئەمیر قازی کە شاهیدی ئەم چاوپێکەوتنە بووە، دەڵێ: «مامە غەنی بە حاجی قاسمی گوت کە حیزبی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی لەو جووڵانەوەیە ناکا، چونکە جووتیاران بە هێزی شۆڕشگێر نایەنە کایەوە و لە شۆڕشدا بەردەوام نابن. ئەو ڕاپەڕینە لە کێشەی نێوان شا و موسەددیقەوە دروست بووە و زۆر بە

---

١. بۆ وێنە: ڕۆژنامەی «روش خلق» کە لە شوێنی «بسوی آینده» دەردەچوو، لە سەروتارەکەیدا بەناوی «خەباتی جووتیاران بۆ لەنێوبردنی فیئۆدالیزم و خاوەن زەوییە گەورەکان بەرەو لووتکە دەچێ» دەنووسێ: «کە ئەم پرۆژە یاسایە فرت و فێڵە و ئامانجی پێش‌گرتنی جووتیارانی ئێران لە خەبات بۆ وەدەست‌هێنانی زەوی و ئازادییە.» راه توده، شماره ٣٧٧، مهر ١٣٩١. نووروددین کیانووری، کەسی یەکەمی حیزبی توودە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا لەم بارەیەوە دان بەهەڵەی حیزبەکەیدا دەنێ و دەڵێ: «هێنانەگۆڕی دروشمی دابەش‌کردنی بێ‌بەرامبەری زەویی خاوەن ملکەکان لە نێو جووتیارانی بێ‌زەوی و کەم‌زەوی لە بەرامبەر یاسای ٢٠٪ بەهرەی ملکانەی موسەددیق یەکێك لە هەڵەکانی ئێمە بوو.» نورالدین کیانوری، خاطرات نورالدین کیانوری، تهران، ١٣٧١، ص ٢٨٣.

حیزبی دیموکرات مەربووت نییە، هەرچەند پێمان خۆشە جووتیاران سەرکەون.»[1] بە لەبەرچاو گرتنی ناکۆکیی نێوان موسەددیق و حیزبی توودە لەو ساڵانەدا ئەم هەڵوێستەی بلووریان هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. هەروەها لەو ساڵانەدا حیزبی توودە بەرنامەی شۆڕشی نەبوو. حیزبی توودە دوای کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣ دانی بەوەدا نا کە بەرنامەی شۆڕشی نەبووە و نەیتوانیوە بزووتنەوەی وەرزێران بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەڕێوەبەرێ.[2] ڕەنگدانەوەی ئەم سیاسەتەی حیزبی توودەش لە هەڵوێستی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەئاشکرا دەبینرێ. بۆیە ئەمیر حەسەنپوور، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵی دا پێش بە چەکداربوونی وەرزێران بگرێ و هانیان بدا کە توندوتیژی نەکەن و وەدوای عەریزە و تێلگراف ناردن بۆ تاران بکەون.[3] ئەم هەڵوێستەی کە هێمن موکریانی دانی پێداناوە و لە کەمتەرخەمیی حیزبەکەی بەگلەیی‌یە.

---

١. ئەمیر قازی، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، ستۆکهۆلم، گوڵانی ٢٠١٠، ل ٣٠.

٢. ئەمیری حەسەنپوور، ل ١٠٥. حیزبی توودە لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا باسی ڕاپەڕینی وەرزێراتی لە سەرانسەری ئێراندا دەکرد و ڕۆژنامەیەکی تایبەتی وەرزێرانی هەبوو «انتقاد برای دهقانان ایران» لە دوو کتێبدا کە تایبەت بە کێشەی وەرزێران بلاوی کردۆتەوە، باسی ڕاپەڕینی موکریان ناکا. هـ. س، ل ١٠٥.

٣. لە چاوپێکەوتنی غەنی بلووریان و سارمەددین سادقوەزیری لەگەڵ حاجی قاسم کەریمی، ڕێبەری ڕاپەڕینی شاری بۆکاندا، سیاسەتی حیزبی دیموکرات کە بریتی بوو لە بە سیاسی کردنی پرسەکە و پێشگرتن لە ڕادیکالیزە بوونی ڕاپەڕینەکە دەردەکەوێ. بلووریان دەڵێ: «من و کاک سارمەددینی سادقوەزیری لە مسافیرخانەی حەقیقەت لە تاران چاومان بە حاجی قاسم کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا بۆمان دەرکەوت حاجی قاسم پێوەندیی بە «جبهه ملی» (بەرەی نیشتمانی)یەوە گرتووە و ئەوان هانیان داوە دژی خاوەن ملکەکان ڕاپەڕین وەرێبخا. ئێمە لەگەڵ حاجی قاسم دانیشتین و

حیزبی دیموکراتی کوردستان له ڕێکخستنی جووتیاران له ناوچەکانی سندووسی نەغەدە و مەهاباد بە بەراورد لەگەڵ ناوچەی موکریان و بەتایبەتی له فەیزوڵلابەگیان بەهێز نەبوو، ئەوە له حاڵێکدا بوو کە چەقی ڕاپەڕینەکە ناوچەی فەیزوڵلابەگی و شاری بۆکان بوو. ڕێبەری ناڕەزایەتییەکانی شاری بۆکان کە تەنانەت جووتیارەکانیش بەو شێوەیەیان دەناسی، ئەندامی بەرەی نیشتمانی (حیزبی ئێران) بوو. عومەر عەسری کە کوڕە وەرزێرێک بووە و بەشداریی ڕاپەڕینەکەی کردووە، دەڵێ: «ئەو کات کەم وا هەبوو کە ماڵە وەرزێرێک یان ڕەشاییەک وێنەی موسەددیقی تێدا هەڵنەواسرابێ و کەم عەکسی شا لە ماڵان مابوون کە چاویان هەڵنەکۆڵرابێ. دروشمی یان مەرگ یان موسەددیق وێردی سەر زاری گشت ماڵە وەرزێرێکی موکریان بوو. ئێستاش ساڵی موسەددیق لە نێو خەڵکی موکریان ماددە تاریخە.»[1]

لەو کاتەوە کە پێوەندییەکانی سیستمی فێئۆدالی لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتووە، ئەوە یەکەم جارە کە دەسەڵاتی ناوەندی (دەوڵەت) بە قازانجی جووتیاران و چینی چەوساوە لە گوندەکان چەند هەنگاوێکی هەڵگرتبێ و سروشتی بوو کە لەلایەن جووتیارانەوە پێشوازیی لێبکرێ و داهێنەری ئەو چاکسازییەش کە «موسەددیق» بوو خۆشەویست بێ و ئەوە بۆ حیزبێکی کۆمۆنیست کە داکۆکی لە چینی چەوساوەی کۆمەڵ تەنیا لە پاوانی خۆیدا دەبینێ، جێی ڕەزامەندیی نییە. هەر بۆیەش بە هێنانەوەی پاساوی «نیوەچڵ»، «ناشۆڕشگێڕانە» و

---

داوامان لێکرد شکڵی سیاسی بە کارەکان بدا و لە حاڵەتی تەقینەوە دەربێنێ.» غەنی بلووریان، ئاڵەکۆک، ل ١٢٠.

١. عومەر عەسری، س. پ، ل ٣٧.

«ڕیفۆرمیستانە»[1] لەبری ڕێبەری کردنی تەقینەوەیەکی چینایەتیی لەم چەشنە، خۆ دەخاتە پەراوێزەوە. کەمتەرخەمیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە ئاست ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی موکریان کە بۆخۆشیان دانی پێدا دەنێن، دەبێ لە دەلاقەی ئەم هەڵوێستەی حیزبی توودەدا بخوێندرێتەوە.

ڕاستە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم هۆکارانە نەیتوانی جڵەوی ڕاپەڕینەکە بگرێتە دەست، بەڵام بە دەیان و سەدان ئەندامی حیزبی دیموکرات چ لە ڕاپەڕینی شاری بۆکان و چ لە ڕاپەڕینی جووتیارانی موکریاندا بەشدار بوون و تووشی کارەساتی کوژران، دەربەدەری، ماڵ سووتان و ئەزیەت و ئازار هاتن. حیسامی کە خۆی شاهیدی ڕووداوەکە و هەڵسووڕاوێکی چالاکی ڕێکخستنی جووتیاران لە ناوچەی سندووس و نەغەدە بووە، دەڵێ: «زۆربەی کوژراو و تالان کراوەکانی ئەم کارەساتە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون.»[2] هەروەها حیزب

---

١. راه توده، م. ق.

٢. کەریم حیسامی، س. پ، ل ٢٠. لە ڕاپەڕینی شاری بۆکان حوسێن فاتحی بەرپرسی کومیتەی حدك لە بۆکان، میرزا حەمەڕەئووفی خەیات، میرزا حوسێن مەجیدی و میرزا حەمەساڵح کەریمی؛ ئەندامانی حیزب و لە هەڵسووڕاوان و هاوکارانی نیزیکی حاجی قاسم کەریمی لە خەبات بەدژی ئاغایان بوون. ڕەحمان محەممەدیان، س. پ، ل ١٠٤ و ١٢٦. میرزا حەمەڕەئووفی خەیات (حافیزولقورئان) وا هەیە وەك کەسایەتیی دووهەمی ڕاپەڕینەکەی نێو شاری بۆکان سەیر بکرێ. ئەو دوا بە دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩ی ئابی ١٩٥٣) هەڵات و پاشان لە شاری سلێمانی گیرسایەوە و لەوێوە بۆ ماوەیەکی دووروودرێ‌ هاوکاریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد. ئەنوەر سوڵتانی، س. پ، ل ٤٧. ئەوانەی لەو ڕاپەڕینەدا بەشدار بوون زۆربەیان ئەندامی حیزبی دیموکرات و سەر بە حیزب بوون. کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٣، ل ١ و ٢.

حیزب لە یارمەتی دان بەو جووتیارانە کە لە پاش تێکشکانی ڕاپەڕینەکە ئاوارە و لێقەوماو مابوون دریغی نەکرد.[١]

لەم قۆناغەی ژیانی سیاسیی «حدك»دا پرسی نەتەوەیی دەخرێتە پەراوێزەوە و زۆرتر پێداگری لەسەر پرسی چینایەتی دەکرێ کە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە:

**١. فەراهەم بوونی زەمینەی بابەتیی ئەم خەباتە:**

زوڵم و چەوسانەوەی لە ڕادەبەدەری دەرەبەگ و خاوەنملکەکان بەرامبەر بە جووتیاران و خەڵکی دێهات بەجۆرێك کە خەباتی دژە دەرەبەگیان بە لاوە گرینگتر بێ تا خەبات بەدژی ڕژیم. هەروەها بیرەوەریی تاڵی شکستی کۆماری کوردستانیش کە وەباڵەکەی بەهۆی ڕۆڵی نەرێنیی ئەم چینەوە دەخرایە پاڵیان.

**٢. چوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ژێر باڵی حیزبی توودە و بەهۆی پێداگریی ئەم حیزبە لەسەر خەباتی چینایەتی:**

حیزبی دیموکراتی کوردستان بەهۆی داکۆکی لە مافی جووتیاران و ئەولەویەت دان بە خەباتی چینایەتی، پێگەیەکی بەرفرەوان لە نێو جووتیار و زەحمەتکێشانی کوردستاندا وەدەست دێنێ[٢] کە

١. بۆ زانیاری لەسەر چەندەها لەو پشتگیری و هاوکارییانە بە جووتیاران لە دوای تێکشکانی ڕاپەڕینەکە، بڕوانە: عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، چل ساڵ خەبات، فەسڵی سێهەم، ل ٦٦؛ کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، ل ٢١١- ٢١٣؛ غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، ل ١٢٢- ١٢٣؛ برایم فەرشی، س. پ، ل ١٠٣- ١٠٥.

٢. کەریم حیسامی کە هەڵسووڕێکی کومیتەی وەرزێری بوو دەڵێ: «ڕاپەڕینی وەرزێران دەبێتە هۆی وریایی و یەکگرتنی جووتیارانی کوردستان و پەنگ خواردنەوەی قین و بێزاریی کۆمەڵانی خەڵك لە دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتەکانی سەر بە حکوومەت و

بەراورد ناکرێ لەگەڵ سەردەمی کۆماری کوردستان کە حەوت ساڵی لێ تێپەڕیبوو. پێگەی کۆمەڵایەتیی حدك لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە چینی مامناوەندیی شارەکان تێنەپەڕی و نەگوازرایەوە بۆ گوندەکان و نێو جووتیار و زەحمەتکێشانی لادێ، بەتایبەتی بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی کوردستان لە گوندەکان دەژیان.[1] ئەم نفووز و خۆشەویستییەی حیزبی دیموکرات لە نێو جووتیاران و زەحمەتکێشانی لادێ بەتایبەت دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ کە وا دەکا حدك ناچار بێ لە خەباتی نیوەئاشکرا ـ نیوەنهێنیدا خەباتی تەواو نهێنی بگرێتە بەر، بەڕوونی دەرکەوت، کاتێك کە بۆ پتر لە یەك دەیە گوندەکان بە هاوکاریی جووتیاران

---

توندکردنی خەباتی چینایەتی و کۆبوونەوەی زیاتریان لە دەوری حیزبی دیموکراتی کوردستان.» کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، ل ٩١. سەعید کاوە دەڵێ: «زوڵم و زۆریی ئاغاکان خەڵکی هان دەدا بێن بە ئەندامی حیزب [...] بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم هەڵگرتنی ئەو دروشم و پڕوپاگەندەی دژی دەرەبەگایەتی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە نێو خەڵکی کورددا خۆشەویست و سەقامگیر کرد.» سەعید کاوە، س. پ، ل ٢٣. «کومیتەی وەرزێریی کوردستان» کە ناوەندەکەی لە مەهاباد بوو و بە ڕێنوێنیی حیزبی توودە لە دوای تێکشکانی ڕاپەڕینەکە دامەزرا، لە ماوەی چەند مانگەدا زۆر خێرا پەرەی گرت و جووتیارانی کوردستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات، فەسڵی سێهەم، ل ٧٢.

١. لەو ساڵانەدا نزیکەی سەدی ٨٥ی خەڵکی کوردستان لە گوندەکان دەژیان. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، ل ١٠٧. ئەمیر حەسەنپوور سەبارەت بە خۆگێل کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بە پرسی جووتیاران لەو قۆناغەدا (قۆناغی کۆماری کوردستان) ئاماژە بە لووت و گوێ بڕینی جووتیارێك لەلایەن دەرەبەگەکانەوە دەکا کە بۆ لێپرسینەوە دەچێتە مەهاباد بەڵام کەس وەڵامی ناداتەوە. وتووێژی حەسەن قازی لەگەڵ ئەمیر حەسەنپوور، یەکشەممە، ٢٠١٢/١١/٩، tv sterk.

شوێنی سەرەکیی خەبات و حەوانەوەی کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون.

### ٣. ڕیفراندۆمی هەڵوەشاندنەوەی پارلمانی حەڤدەیەم

کێشە و ململانێی نێوان شا و موسەددیق کە هەر لە سەرەتای سەرۆکوەزیریی موسەددیق‌دا دەستی پێکردبوو، ڕۆژبەڕۆژ پتر پەرەی دەستاند، بەجۆرێک کە لە هاوینی ١٩٥٣ گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. موسەددیق هەوڵی دەدا شا سەڵتەنەت و شایەتیی خۆی بکا، نەک حوکمڕانی، هەروەک لە دەستووری نیزام‌دا بە پێویست دانرابوو.[١] موسەددیق پێی وا بوو خولی حەڤدەیەمی پارلمان ناوەندی پیلانگێڕی و پێگەی فشاری بەهێزی دەربار و سیاسەتی دەرەکییە. هەر بۆیە بریاری دا لە ڕێگەی ڕاپرسی (ڕیفراندۆم) کۆتایی بەو ناوەندە بێنێ. بەم شێوازە ئەگەر خەڵک ڕازین بە مانەوەی دەوڵەت دەنگ بە هەڵوەشانی پارلمان بدەن تا دەوڵەت بمێنێ و درێژە بە کارەکانی بدا.[٢]

ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی پێیان خۆش بوو ئەوەندەی دەکرێ دەوڵەتی موسەددیق بە شێوەیەکی یاسایی بڕووخێنن، واتە هەلومەرجێکی ئەوتۆ پێک‌بێنن کە پارلمان دەنگی متمانەی نەداتێ. ئەوە بوو کە لە سەرەتای مانگی ئاب‌دا موسەددیق هاتە سەر ئەو بڕوایە کە دەبێ پارلمان هەڵبوەشێ و بۆ ئەم مەبەستە بڕیار درا ڕیفراندۆم بکرێ.[٣] ئەم ڕیفراندۆمە ڕووداوێکی بێ‌وێنە بوو کە لە نێوان ١٢ ـ ١٩ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا بەڕێوەچوو. دژبەرانی موسەددیق ڕیفراندۆمیان بایکۆت کرد و لە

---

١. نادر ئینتسار، س. پ، ل ٥٦.

٢. عبدالله برهان، مصدق دولت ملی و کودتا، ص ٢١٠.

٣. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل سال خەبات، فەسلی سێهەم، ل ٥٨.

بەرامبەردا حیزبی توودە و هێندێك لە عەشیرەکانی قەشقایی و جووتیاران لە ڕاپرسی‌دا پشتگیریی موسەددیقیان کرد.[١]

حیزبی دیموکراتی کوردستان پشتیوانیی لە هەڵوەشاندنەوەی پارلمان کرد. کومیتەکانی حیزبی لە شارەکانی کوردستان بەتایبەتی لە شاری مەهاباد، بە پێکهێنانی میتینگ و خۆپیشان دان خەڵکیان هان دا کە دەنگ بە هەڵوەشانی پارلمان بدەن. لە شاری مەهاباد بۆ یەکەم جار ژنان بەهۆی ڕێکخستنەکانی حیزبەوە بەشداری خۆپیشان دانەکان بوون بۆ هەڵوەشانی پارلمان.[٢] لە شارەکانی کوردستان بەگشتی پشتیوانییەکی زیاتر لە ڕیفراندۆم و لە موسەددیق کرا. بۆ نموونە لە مەهاباد کە زیاتر لە ٥٠٠٠ دەنگ درا، تەنیا دوو کەس دژ بوون، لە شاری بانەش دوو کەس دەنگی دژیان دابوو.[٣]

پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕیفراندۆمی هەڵوەشانەوەی پارلمان لەژێر کاریگەریی حیزبی توودەدا بوو، چونکی حیزبی توودە لە

١. جان فوران، م. ق، ص ٤٣٩. ئایزێنهاوێر، سەرکۆماری ئەمریکا لەو بارەیەوە دەڵێ: «ئەمڕۆ بەیانی لە ڕۆژنامەکان‌دا خوێندووتانەتەوە کە موسەددیق توانی بەسەر پارلمان‌دا سەرکەوێ و خۆی لێ ڕزگار بکات. موسەددیق لەم کارەی‌دا لە حیزبی توودەی ئێران کەڵك وەردەگرێ.» نورالدین کیانوری، حزب توده ایران و دکتر محمد مصدق، تهران، ١٣٥٩، ص ٣٦.

٢. برایم فەرشی، س. پ، ل ١٠٩، ١٠٦.

٣. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات، فەسڵی سێهەم، ل ٦٩- ٧٠. موسەددیق بە وەدەست‌هێنانی ٢٠٤٣٣٠٠ دەنگی بەڵێ لە کۆی ٢٠٤٤٦٠٠ دەنگی سەرانسەریی وڵات و ١٠١٣٩٦ دەنگی بەڵێ لە کۆی دەنگی ١٠١٤٦٣ دەنگی دانیشتووانی تاران سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد. یرواند آبراهامیان، م. ق، ص ٣٣٧. ئایەتوڵڵا کاشانی ئەو ڕیفراندۆمەی بایکۆت کرد، بەڵام ئەو هەڵوێستەی کاریگەریی ئەوتۆی نەبوو. سعید زاهد، جنبش‌های اجتماعی معاصر ایران، تهران، ١٣٨١، ص ١٦١.

دوای ڕاپەڕینی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٣١[1] پڕوپاگەندە و هێرش کردنە سەر موسەددیقی کەم کردبۆوە و ئەگەرچی نە بە نێوەرۆك، بەڵام لە ڕواڵەتدا ئاڵوگۆڕی لە سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە موسەددیقدا پێکهێنابوو.[2] ئەو پشتیوانییەی حدك لە کاتێکدا بوو کە موسەددیق نە لە ماوەی سەرۆكوەزیریدا و نە لە ڕابردوودا سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی لە ئێرانی

١. موسەددیق بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی لە دەسەڵاتدا پڕۆژە یاسایەکی هێنایە پارلمان و تێیدا داوای کردبوو بۆ ماوەی شەش مانگ دەسەڵاتی تەواوی پێبدرێ و خۆیشی پۆستی وەزارەتی جەنگ بەڕێوەبەرێ. ئەم داوایە لەلایەن شاوە ڕەت کرایەوە. موسەددیق دەستی لە کار کێشایەوە و لە ١١ی تەمووز ئەحمەد قەوامولسەڵتەنە بوو بە سەرۆك وەزیران. ئەم ئاڵوگۆڕە کاردانەوە و نارەزایەتیی بیروڕای گشتیی لێکەوتەوە و چەند ڕۆژ تاران و شارە گەورەکان شاهیدی میتینگ، خۆپیشان دان و مانگرتن بوون. بەهۆی دەستێوەردانی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان چەندین کەس کوژران و بریندار بوون و شا ناچار کرا لە بەرامبەر ئیرادەی جەماوەردا پاشەکشە بکا و لە ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٣١ (٢٢ی تەممووزی ١٩٥٢) سەرلەنوێ موسەددیق بۆوە سەرۆك وەزیران. لەم ڕاپەڕینەدا هەموو گرووپەکان لە بەرەی نیشتمانی تا گرووپە مارکسی- لێنینییەکان (حیزبی توودە) بەشدار بوون و چەشنی ئەم ڕووداوە تا شۆڕشی ١٩٧٩ نەبینرا. موسەددیق ئەم ڕووداوەی بە هەل زانی بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی شا و لاواز کردنی پێگەی نەیارانی لە نێو سپادا. ا. آ. گرانتوسکی و دیگران، م. ق، ص ٥٢٦؛ ریچارد کاتم و دیگران، نفت ایران، جنگ سرد و بحران آذربایجان، ترجمە: کاوە بیات، تهران، ١٣٧٩، ص ٧٥.

٢. نوورەددین کیانووری، سکرتێری حیزبی توودە ئیدیعا دەکا کە لە دوای ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٣١ سیاسەتی پشتگیری و بەهێز کردنی موسەددیقیان گرتۆتە بەر. نورالدین کیانوری، خاطرات کیانوری، مؤسسە تحقیقات و انتشارات دیدگاه، تهران، ١٣٧٢، ص ٢٤٦. ئەم ئیدیعایەی کیانوری مشتومڕی لەسەرە و هێندێك لایەن ڕەتی دەکەنەوە. بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: بابك امیرخسروی، نظری از درون به نقش حزب تودە ایران، نقدی بر خاطرات نورالدین کیانوری، تهران، ١٣٧٥، ص ٣٢٨- ٣٦٧.

فـرەنەتەوەدا نە تەنیـا هەنگـاوێکی هەڵەگرتبـوو، بەڵکـوو بەرامـبەر بە هەر چەشنە پرۆژەیەك تەنانەت نیوەچڵیش بۆ چارەسەری ئەم پرسە ڕاوەستابوو و پێداگریی لەسـەر سـێنترالیزە بـوونی وڵات دەکـرد.[١]

١. ئەمریکییەکـان هەوڵیـان دەدا وەك سـەردەمی شـەڕ لە چوارچێـوەی گەڵاڵەیەکـی هاوشێوەی گەڵاڵەی کۆمـبۆنی سێ لایەنەی کەمایەتییەکانی تورك، عەرەب و کـورد، لەسەر بنەمای ئەنجومەنگەلێکی هاوشێوەی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی؛ ئێران بکەنە خـاوەنی خودموختـاری. کۆمـبۆنی سـێ لایەنە لە کـاتی سـەرۆك وەزیریی ڕەزمئارادا هەوڵی دا بە شێوەیەکی دیکە ئەم گەڵاڵەیە لە پارلمـاندا بڕیـاری لەسـەر بـدرێ، بەڵام ئەو جـارەش موسـەددیق ڕێگـر بـوو لە بەردەم پەسـند کردنـیدا. ئەو گەڵاڵەیە بە گەڵاڵەی ڕێکخـراوی ئەنجـومەنی ئەیـالەتی و ویلایەتـی نـاودێر کرابـوو. موسـەددیق وێـڕای دژایەتـی لەگەڵ ئەم گەڵاڵەیە، دروسـت بـوونی دەوڵەتە خودموختارەکانی بە دابەشبوونی ئێران بۆ چەند دەوڵەتی بچووکتر لێکدایەوە، موجتەبا بورزوویی، بارودۆخی سیاسیی کوردستان (١٨٨٠- ١٩٤٦)، ل ٤٦١.

## باسی پێنجەم: حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای کۆدەتای ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۳۲/ ۱۹ی ئابی ۱۹۵۳

کاتێك وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گەیشتە ئەو بڕوایە کە درێژەی حکوومەتی موسەددیق لە ئێران لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا لە ناوچە ناکۆکە، بڕیاری دا لە ڕێگەی کۆدەتای سەربازییەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی موسەددیق بێنێ. لەم پێوەندییەدا مانگی ئازاری ۱۹۵۳ ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا (CIA) بۆ داڕشتنی گەڵاڵەیەك بۆ ئەم مەبەستە ڕاسپێردرا.[1] ئەوە هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو بۆ کاربەدەستانی بریتانیایی کە دواجار ئەمریکایان لەگەڵ خۆیان خست بۆ ڕووخاندنی

---

١. محمود طلوعی، مصدق در پیشگاه تاریخ، تهران، ۱۳۷۹، ص ۵۱۵ ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئابی ۱۹۵۳ نیشانی دا کە کۆدەتای ۱۹ی ئاگوست زۆرتر ئۆپراسیۆنێکی ئەمریکایی بوو تا ئینگلیسی. ۲۶ ساڵ دواتر کرمیت ڕووزفێلت لە کتێبێکدا کە لەژێر ناوی «کۆدەتا لە کۆدەتا» بڵاوی کردەوە، چۆنیەتیی وردەکارییەکانی کۆدەتاکەی «CIA»ی باس کرد. ڕووزفێلت مەبەستی لە نووسینی ئەو کتێبە ئەوە بوو کە بیروڕای گشتی لە ئەمریکا لەوە تێبگەن کە کۆدەتای «CIA»، بە مەبەستی پێشگیری لە هاتنە سەر دەسەڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی «توودە» بوو کە یەکیەتیی سۆڤیەت پشتیوانی هەمەلایەنەی دەکرد. عبدلرضا هوشنگ مهدوی، بر کشور ما چه گذشت، مجموعه مقالات، تهران، ۱۳۷۹، ل ۱۰۰. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Roosevelt ،Kermit Jr ،countercoup the struggle for the control of Iran, 1979, New York ،N،Y: Mc Graw-haill.

موسەددیق. ئەوان بۆ ئەو مەبەستە پیلانێکی هاوبەشیان دارشت و لەسەر بڕیاری «کێرمیت ڕووزڤێلت»، نێردراوی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا بۆ سەرپەرستی کردن و جێبەجێ کردنی کودەتاکە بە نهێنی گەیشتە تاران.[١]

لە نێوخۆی ئێرانیش بەرەی نەیارانی موسەددیق دروست ببوو کە بریتی بوون لە دەربار، زۆربەی فەرماندەکانی سپا، گەورە سەرمایەدارەکان، ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرانی ئایینی و ئەوانەی لە بەرەی نیشتمانی دابڕابوون.[٢] پیادەکردنی کودەتای ئەمریکایی ـ ئینگلیسی کەوتبووە ئەستۆی ئەو بەرەیە. لە نیوەشەوی (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٣٢/ ١٦ی ئابی ١٩٥٣)دا نێعمەتوڵڵا نەسیری، فەرماندەی گاردی شاهەنشاهی فەرمانی حەمەڕەزاشای بۆ لە کار لادانی موسەددیق و دانانی سەرلەشکری خانەنشین، «فەزلوڵڵا زاهیدی»[٣] لە شوێن ئەو گەیاندە ماڵەکەی موسەددیق،

---

١. حسین فردوست، ظهور و سقوط سلطنت پهلوی، جلد اول، چاپ ششم، تهران، ١٣٦٩، ص ١٧٧.

٢. ڕیچارد کاتم، ناسیونالیسم در ایران، ترجمە: احمد تدین، تهران ١٣٧١، ص ٢٨١.

٣. فەزلوڵڵا زاهیدی گەورە ئەفسەری سپای ئێران و کەسی نزیك لە ڕەزاشا بوو. بەوە ناسرابوو کە هاوکاریی نازییەکانی دەکرد و مەیلی بۆ لای ئەوان هەبوو، بۆیە بریتانیاییەکان لە ئەیلوولی ١٩٤١دا دەس بەسەریان کرد و لە بەندیخانەیەك لە فەلەستین بەندیان کرد و تا کۆتایی شەری دووهەمی جیهانی لەوێ مایەوە. کاتێك گەڕایەوە ئێران وەك یاریدەدەری نۆرمەن شوارتسکۆف کە شارەزایەکی ئەمریکایی بوو، لە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی ژاندارمدا دەستی بەکار کردەوە. زاهیدی دواتر بووە لایەنگری ڕۆژاوا بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە ١٩ی ئابی ١٩٥٣دا سەرکردایەتیی کودەتاکەی کرد لە دژی محەممەدی موسەددیق؛ بۆیە شا خەڵاتی کرد و کردی بە سەرۆکوەزیران و ٦٠٠ هەزار دۆلاریشی پێبەخشی، بەڵام دواتر

بەلام موسەددیق کە پێشتر ئاگادار کرابۆوە،[١] بەهۆی گاردی پارێزەری سەرۆکوەزیران پیلانەکەی پووچەڵ کردەوە و نەسیری دەس‌بەسەر کرا و کودەتاکە سەری نەگرت.[٢] شا کە لە وەلانانی موسەددیق سەرنەکەوت، ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی گەلاوێژ (١٦ی ئاب) ڕایکردە دەرەوەی ولات. ئەو سەرەتا چووە عێراق (بەغدا) و لەوێڕا چوو بۆ ڕۆم لە ئیتالیا.[٣]

ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ (١٦ی ئاب) بە بلاوبوونەوەی هەواڵی شکستی کودەتا و هەلاتنی شا خەڵک بە خۆشی و شادی ڕژانە سەر شەقام و لە خۆپیشاندانی گشتی‌دا بەشدار بوون. لە تاران گەورەترین خۆپیشاندان لە دژی دەربار بەڕێوەچوو.[٤] ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی توودە ڕژانە شەقام و دروشمیان لە دژی شا بەرز کردەوە و پەیکەرەکانی شا و باوکیان هێنایە خوار. ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە لە هەمان ڕۆژدا داوای هەڵوەشانی سەڵتەنەت و دامەزراندنی سیستمی کۆماریی دیموکراتیک دەکا.[٥]

---

دووری خستەوە بۆ سویس، دوای ئەوەی کە زانی ئەماح لە کۆشکی شا دەکا. د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د. خەلیل عەلی موراد، س. پ، ل ٢٥٣.

١. نوورەددین کیانووری، ئیدیعا دەکا بەهۆی ڕێکخراوی سەربازیی حیزبەکەی لە نێو سپادا موسەددیقیان لە پلانی کودەتا ئاگادار کردۆتەوە. نورالدین کیانوری، حزب توده ایران و دکتر محمد مصدق، ص ٣٩.

٢. محمدعلی همایون کاتوزیان، م. ق، ص ٢٢٣.

٣. دکتر عزیزالله بیات، تاریخ تطبیقی ایران با کشورهای جهان، تهران، ١٣٨١، ص ٥٩٧ بۆ زانیاریی پتر لەسەر ئەم ڕووداوە بڕوانە: دکتر نصرالله شیفته، زندگینامه و مبارزات سیاسی دکتر محمد مصدق، چاپ دوم، تهران، ١٣٧١، ص ١٥٢- ١٥٥.

٤. جامی، گذشته چراغ راه آینده است، چاپ سوم، تهران، ١٣٨١، ص ٦٥٥

٥. ف. م. جوانشیر، تجربه ٢٨ مرداد، نظری به جنبش ملی شدن نفت ایران، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ١٣٥٩، ص ٢٨٧. کیانووری دەڵێ: حیزبی توودە دروشمی

لە کوردستانیش بە هەمان شێوەی تاران لە ١٦ی ئاگۆست خۆپیشاندانێکی گەورە کرا. بۆ یەکەم جار هێمن موکریانی لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لەو میتینگەدا شێعر دەخوێنێتەوە.[1] دوکتور عەبدوڕڕەحمان قاسملوو کە بۆخۆی ئەو ڕۆژە لە مەهاباد بوو، دەڵێ: «لە کوردستانیش دۆخێکی شۆڕشگێڕانە هاتە پێش. ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ (١٦ی ئاب) پاش تێکشکانی کودەتا یەکێک لە گەورەترین خۆپیشاندانەکانی شاری مەهاباد پێکهات. زۆر کەس کە تا ئەو وەختە بە نهێنی چالاکیان هەبوو و خۆیان دەشاردەوە لەو خۆپیشاندانەدا خۆیان ئاشکرا کرد و خەڵک یەکدەنگ هاواریان دەکرد: بڕۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ!»[2] و بە چاوڵێکەری لە ڕاگەیاندراوی کومیتەی

---

کۆماری دیموکراتیکی بەرز کردەوە. نورالدین کیانوری، خاطرات، م. ق، ص ٢٧٠.
هەڵگرتنی دروشمی کۆماری دیموکراتیک لەلایەن حیزبی توودەوە ڕەخنەی زۆری هاتەوە سەر. بۆ زانیاری لەو بارەیەوە بڕوانە: بابك امیرخسروی، م. ق، ص ٥٧٢.

١. هێمن موکریانی دیمەنی ئەو ڕۆژە ئاوا دەگێڕێتەوە: «بەڕاستی ڕۆژێکی خۆش بوو، دووکان و بازاڕ داخران و خەڵک ڕژانە نێو کووچە و خیابان. بوو بە هوڕاکێشان و چەپڵەڕێزان و سەما و هەڵپەڕین. ژن و پیاو و گەورە و بچووک لەو زەماوەندەدا بەشدار بوون. کۆبوونەوەیەکی گەورەی حیزبی لە مەیدانی شار کرا. منیش پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار شێعرم بۆ خەڵک خوێندەوە. دیارە شێعرەکانم بەپەلە دروست کردبوو و لە باری هونەرییەوە زۆر باش نەبوون، بەڵام چونکە ئیلهامم لە خەڵک وەرگرتبوو و بۆ خەڵک بوون دوو سەعاتی پێنەچوو گەورە و بچووک و ژن و پیاو و منداڵی شارەکەمان سەربەندی شێعرەکەمیان دەخوێندەوە و دەیانگوت: دە بڕۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ.» هێمن موکریانی، س. پ، ل ٧٩.
٢. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات، فەسڵی سێیەم، ل ٧٤.

مەرکەزیی حیزبی توودە، لە بڕیارنامەی میتینگەکەدا داوای دامەزراندنی کۆماری دیموکراتیك دەکرێ.»[١]

ڕاستە ڕێکخەری ئەو خۆپیشاندانە گەورەیە حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام بەشداری و شادمانیی گەورە و بچووك و ژن و پیاو و منداڵی شارەکە لە هەڵاتنی شا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەوان شایان بە تاوانباری سەرەکیی کوشتنی قازییەکان و ئەفسەرەکانی کۆمار و بەگشتی ڕووخاندنی کۆماری کوردستان دەزانی و شەش ساڵ بۆ فەرامۆش کردنی ڕووداوێکی ئەوتۆ لە یادەوەریی مێژوویی خەڵکدا ماوەیەکی زۆر کەمە.

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩ی ئابی ١٩٥٣) پلانی دووهەمی کۆدەتا خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەو پلانە بریتی بوو لە ئاژاوەنانەوە و تێکدانی دۆخی ئەمنیەتی بەهۆی بەشێك لە سپا، کەسانی گێرەشێوێن، لات و لووت و حەشاماتی باشووری تاران.[٢]

ژەنەڕاڵ زاهیدی و لایەنگرەکانی لەم دۆخە نوێیە کەلکیان وەرگرت و خۆیان بۆ هێرشی جیددیتر ئامادە کرد. بەخێرایی لە تاران یەکەکانی پیلانگێڕیی سپا خۆیان ڕێکخست و داروودەستەی کۆنەپەرستان بە لایەنگریی لە شا ڕژانە سەر شەقامەکان.[٣] یەکە سەربازییەکانی کۆدەتا

---

١. جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، ل ١٠٠.

٢. دکتر محمدعلی همایون کاتوزیان، م. ق، ص ٢٢٣.

٣. م. س. ایوانف، م. ق، ص ٥٤٨. ئایەتوڵلا بێهبەهانی و شەعبان جەعفەری بۆ هێنانی ئەو کەسانە بۆ سەر شەقام ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو. جان فوران، م. ق، ص ٤٤٢. ڕیچارد کاتم باسی «دۆلارەکانی بێهبەهانی» دەکا کە لە ڕاستیدا ئەو برە پارەیە بوو کە لەلایەن CIAوە درابوو بە مەلاکان و سەرکردەی لات و چەقۆکێشەکان. ڕیچارد کاتم، م. ق، ص ٢٨٥.

ئێزگەی ڕادیۆیان داگیر کرد و تانکەکانیان هێنایە ناوەندی شار و ماڵی موسەددیقیان گەمارۆ دا.[1] زاهیدی لە باڵوێزخانەی ئەمریکاوە گەیەندرایە ئێزگەی ڕادیۆ و لە ڕێگەی ڕادیۆوە ڕووخانی دەوڵەتی موسەددیق و سەرۆکوەزیریی خۆی ڕاگەیاند.[2]

شای ڕاکردوو دوای سەرکەوتنی کۆدەتا لە ٢ی خەرمانان (٢٢ی ئاب) گەڕایەوە ئێران و قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دەستی پێکرد. کۆتایی بەو ئازادی و دیموکراسییە ڕێژەیی‌یەی نێوان ساڵەکانی ١٩٤١ ـ ١٩٥٣ هات و هێزە چەکدارەکان هەم بەرەی نیشتمانی و هەم حیزبی توودەیان سەرکوت و لێک بڵاوکرد.[3] دوابەدوای کەوتنی دەوڵەتی موسەددیق سیستمی فەرمانڕەوایی لە ئێراندا بە ئاراستەی دیکتاتۆری و تاکڕەوی

---

١. جان فوران، م. ق، ص ٤٤٢.

٢. نصرالله شیفته، م. ق، ص ١٥٦. پاش ٩ کاتژمێر شەڕی شەقام و پاش داگیرکردنی ماڵەکەی موسەددیق، تاوبراو و یارانی خۆیان بەدەستەوە دا. ڕیچارد کاتم، م. ق، ص ٢٨٨.

٣. دەوڵەتی کۆدەتا جگە لە حوسێن فاتمی، وەزیری دەرەوەی کابینەی موسەددیق کە ئیعدام کرا و لوتفی، وەزیری داد کە کوژرا؛ لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی بەرەی نیشتمانی بەنەرمی هەڵسوکەوتی کرد و زۆربەیان بە زیندانی کەمتر لە پێنج ساڵ سزا دران. موسەددیق سێ ساڵ زیندانی بۆ برایەوە و دواتر تا کۆتایی تەمەنی لە ملکی خۆی واتە ئەحمەدئاوادا دەسبەسەر بوو. بەڵام هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بە توودەییەکان توندوتیژ و بێبەزەییانە بوو. لە ماوەی چوار ساڵی دواتردا کە حەشارگە و ماڵە نهێنییەکانی حیزبی توودە وردەوردە ئاشکرا دەبوون، ناوەندە ئەمنییەتییەکان ٤٠ کەسی پلەداری توودەیان ئیعدام کرد، ١٤ کەس لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست دا، ٢٠٠ کەس بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم دران و ٣٠٠٠ کەس لە ئەندامانی ئاسایی ئەو حیزبە دەسبەسەر و زیندانی کران. یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ص ٣٢٥.

هەنگاوی نا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو بە سەرچاوەی پشتگیریی دەرەکی بۆ دەسەلاتی دیکتاتۆریی محەممەدڕەزاشا.[١]

کوردستان و «حدك»یش لەو پەلامارە بێبەش نەکران. سەدان ئەندامی حیزب گیران و ئەشکەنجە دران و سزای زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپا، بەلام حدك پاشەکشەیەکی ڕێکوپێکی کرد و خەباتی نهێنیی خۆی درێژە پێدا و بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەندامان و ڕێکخراوەکانی و پاراستنیان لە دەستی پۆلیس،[٢] ئەو بەشە لە ئەندامان و بەرپرسانی حدك کە ناچار بوون ژیانی نهێنیی بگرنە بەر، بۆ خۆپاراستن لە تۆڕی پۆلیس بەشێکی بەرچاو لە کادرەکانی حیزب لە دێهات و زۆربەی بەرپرسەکان لە تاران و تەورێز خۆیان حەشار دا و چەند کەسێکی دی چوونە باشووری کوردستان. سێ‌کوچکەی مەهاباد، سەردەشت و بانە نە تەنیا ناوچەیەکی ئەمن بۆ چالاکانی حیزب بوو، بەلکوو وەك ناوچەیەکی ئازادکراو دادەنرا و ئەندامانی حیزب بە دوور لە چاوی ژاندەرمە و دەولەت تێیدا سەرقالی چالاکی و تەبلیغات بوون.[٣]

لەو قۆناغە نهێنییەی خەباتدا حدك لە تەورێز و بە یارمەتیی حیزبی توودە و لە چاپخانەی نهێنیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا توانی خولی دووهەمی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان دەرنەچووبوو، چاپ و لە سەرانسەری کوردستاندا بلاوبکاتەوە. «کوردستان» تەنیا پێنج ژمارەی لێ چاپ و بلاوکرایەوە و

---

١. د. یاسین سەردەشتی، بەرزانی مەلا تەها، س. پ، ل ٢٢١.

٢. عەبدوللا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، ب ١، بلاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حدکا، ١٩٩٧، ل ١٤. حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەرای ئەو راوەدوونان و گرتنانە توانی ڕێکخستنەکانی بپارێزێ، لازاریف و دیگران، م. ق، ص ٢٣٢.

٣. اسماعیل بختیاری، م. ق، ص ٥٠.

یەکەم ژمارەی لە ٢٥ی ئاوریلی ١٩٥٤ دەرکرا و ژمارە ٥ی بەر لەوەی بلاوبکرێتەوە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لە چاپخانەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دەستی بەسەردا گیرا.[١] ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە حیزبی توودە تا پێش کۆدەتا یارمەتیی «حدک»ی نەدەدا کە ڕۆژنامەی کوردستان یان بلاوکراوەیەکی دیکەی کوردی دەربکا کە ئەودەم لە کەش‌وهەوای سیاسیی ئازادی نیمچە ئازادی سەردەمی موسەددیق‌دا دەس‌ئاوەڵەتر بوون و ئیمکاناتی زیاتریان لە بەردەستا بوو.

دوای ئاشکرا بوونی ڕێکخراوی نهێنیی سەربازیی حیزبی توودە لە خەرمانانی ١٣٣٣ (سێپتامبری ١٩٥٤) بەهۆی پۆلیس، مەیدانی هەڵسووڕان و چالاکیی حیزبی توودە ڕۆژبەڕۆژ بەرتەسکتر و بازنەی فشاری دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕژیم لە دەوری ئەم حیزبە ڕۆژبەڕۆژ تەنگتر دەبوو.[٢]

---

١. فاتح ڕەسووڵ، س. پ، ل ٢٠١، جووتیار ڕەفیق، س. پ، ل ٤٨. خولی دووهەمی ڕۆژنامەی کوردستان بەهۆی ڕەحمان قاسملوو، سەدیق ئەنجیری، غەنی بلووریان و عەزیز یووسفی لە تەوریز دەرچوو. غەنی بلووریان، ئاڵەکۆک، ل ١٥٢، ١٥٣ و ١٥٤؛ کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (٢)، ل ١٠٢.

٢. کیانووری لەم بارەیەوە دەڵێ: «گەورەترین گورز کە لە دوای کۆدەتا لە حیزبی توودە درا، ئاشکرا بوون و لە نێو چوونی ڕێکخراوی سەربازیی حیزب لە خەرمانانی ١٣٣٣ (سێپتامبری ١٩٥٤)دا بوو. ڕێکخراوی سەربازی گرینگترین پارێزەر و قەڵغانی پاراستنی حیزب لە بەرانبەر گورزی دوژمن‌دا بوو. ئێمە لە ڕێگەی ئەفسەرانی توودەیی لە ناوەندەکانی گرینگی نیزامی وەک ڕوکنی دووی سپا (ئیستخبارات)، فەرماندەیی سەربازی، دادرەسیی سپا و شوێنەکانی دی دەمانتوانی زۆر زانیاریمان لەسەر زۆر بابەت دەسکەوێ و خۆمانی پێ بپارێزین. لە دوای ئاشکرا بوونی ڕێکخراوی سەربازی ئەو هەلە بەتەواوی لە کیس چوو و حیزب بێ‌قەڵغان مایەوە و بە دوای ئەودا گورز لە دوای گورز وە پەیکەری حیزب کەوت و ئیمکانات بەرتەسک و بەرتەسکتر بۆوە.» نورالدین کیانوری، خاطرات نورالدین کیانوری، ص ٢٢٥.

بە هەمان شێوە ئاشکرا بوونی ماڵە نهێنییەکانی بەرپوەبەرانی «حدك»یش و تێکەوتنیان لە تۆڕی پۆلیس ببوو بە مەترسییەکی جیددی لەسەریان،[١] چونکە لەگەڵ حیزبی توودە لە پێوەندیی ڕاستەوخۆدا بوون.[٢] هەر بۆیە زۆربەیان لە بەهاری ١٣٣٤ (١٩٥٥)دا تاران و تەورێز بەجێ دێڵن و لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و بەتایبەتی موکریان و لە موکریانیش بە زۆری لە دێهاتەکان جێگیر دەبن.[٣]

ئەو قۆناغە لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی لەگەڵ مێژووی حیزبی توودەدا گرێ دراوە. هەرچەند بەڕەسمی ڕانەگایەندرا، بەڵام لە ڕاستیدا حدك وەك لقی کوردستانیی حیزبی توودە چالاکی هەبوو. سەربەخۆیی بڕیاردانی نەبوو و لە هەموو ڕووداوە گرینگەکانی ئەو

---

١. هێلێن قاسملوو (نەسرین)، هاوسەری بە ڕەگەز چێکیی د. قاسملوو کە لە ساڵەکانی پاش کودەتا لەگەڵ بەرپرسانی حدك و قاسملووی هاوسەری لە خەباتی نهێنیدا لە تاران ژیاوە و هاوخەباتیان بووە، دەڵێ: «زۆر بێمانا بوو کە بەرپرسانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ماوەیەکی زۆر هەموو پێکەوە لە ماڵێکی نهێنیدا دەمانەوە و ئەگەر پۆلیس ئەوانی دەسبەسەر کردبا، کاری حدك تەواو کرابوو، بۆیە مانەوە لە تاران بۆ خەباتکارە کوردەکان مەترسیدار دەبوو، هەر بۆیەش بڕیار درا کە ڕێبەرایەتی حدك پەنا بەرنە شاخەکانی کوردستان.» نەسرین قاسملوو، ئورووپایییەك لە وڵاتی کوردانda، وەرگێڕانی ناهید حوسێنی: کوردستان، ٢٠١٤، ل ١٨١ و ١٢١.

٢. هێلێن قاسملوو باسی چاوپێکەوتنی نوورەددین کیانووری، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی توودە دەکا کە شەو درەنگانێك بە جلوبەرگی تایبەتی ئەفسەرێکی ڕژیمی شاهەنشاهییەوە لە ماڵە نهێنییەکەی بەرپرسانی حدك وەژوور دەکەوێ و بۆ ماوەیەك لەگەڵ قاسملووی هاوسەری دوو بە دوو دادەنیشتیان دەبێ. نەسرین قاسملوو، هـ. س، ل ١٢٠. بەم جۆرە دەردەکەوێ کە چارەنووسی هەموو بەرپرسانی حدك لەم هەلومەرجە مەترسیدارەشدا بەدەستی حیزبی توودەوە بووە.

٣. غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، ل ٩٨.

ساڵانەدا وەك: جووڵانەوەی خۆماڵی کردنی نەوت، دەسەڵاتداریی موسەددیق، هەڵبژاردنی پارلمانی حەڤدەیەم، ڕاپەڕینی جووتیارانی موکریان، ڕیفراندۆمی هەڵوەشانی پارلمان، کودەتای یەکەم و هەڵاتنی شا، کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ (١٩ی ئاب)دا بەگشتی چاوی لە بڕیار و ڕێنوێنییەکانی حیزبی توودە بوو و بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەو هەڵوێستە لە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە یان بەپێچەوانە.

لەم قۆناغەدا بە هاندانی حیزبی توودە پرسی نەتەوایەتی دەخرێتە پەراوێزەوە و زۆرتر پێداگری لەسەر دروشمی چینایەتی دەکرێ و ئەم ڕەوتە بەهۆی زەقبوونی کەلێنی چینایەتی بەتایبەتی لە گوندەکان و زاڵ بوونی سیستمی ئابووری - کۆمەڵایەتیی فیئۆدالیزم لەگەڵ پێشوازیی جووتیاران و ڕەشایی گوندەکان بەرەوڕوو دەبێ. لەم قۆناغەدا ڕێکخستنەکانی حدك کە لە پاش هەرەسی کۆمار بەتەواوی لەبەریەك هەڵوەشابوون، بە یارمەتیی حیزبی توودە بووژانەوە و حدك بوو بە خاوەن ڕێکخستنێکی تۆکمە[1] و لە پاش دروست بوونی بۆ یەکەم جار بەهۆی پێداگریی لەسەر پرسی چینایەتی شوێن و پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرفرەوانی لە نێو جووتیاران و لە گوندەکاندا پێکهێنا و دواجار پچڕاندنی پێوەندی لەگەڵ حیزبی توودە سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی «حدك»ی هێنایەوە جێگەی خۆی.

---

١. هێمن موکریانی لەم بارەیەوە دەڵێ: «پیاو حەق بڵێ حیزبی توودە لەو سەردەمەدا لە بووژانەوەی حیزبدا ڕۆڵێکی باشی بینی.» هێمن، س. پ، ل ٦٤ ئەو تەشکیلات (ڕێکخستن)ـەی زیندوو کرایەوە بە یارمەتیی حیزبی توودە بوو. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا، ل ٢.

## باسی شەشەم: کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دابڕان لە حیزبی توودە

کودەتای (٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢/ ١٩ی ئابی ١٩٥٣) کاریگەریی قووڵی لەسەر چارەنووسی سیاسیی حیزبی توودە دانا، بەجۆرێك کە ئەم حیزبە تا رووخانی رژیمی پاشایەتی لە ئێراندا (١٩٧٩) نەیتوانی پشتی لەژێر باری ئەو شکستە گەورەیە راست کاتەوە. هەڵە سیاسییەکانی حیزبی توودە لە نێوان ساڵەکانی (١٣٣٠ ـ ١٣٣٢/ ١٩٥١ ـ ١٩٥٣)دا بە رادەیەك زەق و قەرەبوو نەکراو بوون کە بوونە هۆی ئەوەی ئەم حیزبە متمانە و ئیعتباری لە نێو کۆمەڵانی خەڵكدا تا رادەیەکی یەکجار زۆر لە دەست بدا. سەرەکیترین هەڵەکانی ئەم حیزبە دەکرێ بەم شێوەیە فۆرموولە بکەین:

١. هەڵوێستی حیزبی توودە لە ئاست جووڵانەوەی خۆماڵی کردنی نەوت کە بەرەی نیشتمانی بە رێبەریی موسەددیق ئاڵاهەڵگری بوو، بریتی بوو لە بەجیددی نەگرتنی خەباتی ئەو بەرەیە بەرامبەر بە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ ـ ئێرانی؛ چونکی لە روانگەی حیزبی توودەوە بەرەی نیشتمانی چ وشیارانە و چ بەپێچەوانە ئاوی لە ئاشی کۆلۆنیالیزم دەکرد و پێی وا بوو کێشەی نەوت تەنیا ئەو کاتە چارەسەر دەبێ کە خەڵك چارەنووسی سیاسیی خۆی بەدەستەوە بگرێ و ئەوەش گرێدراوە بە سەرکەوتنی حیزبی توودە، واتە خەڵکی ئێران.[1]

---

١. جامی، گذشته چراغ راه آینده است، ص ٥٦٣.

٢. لە ڕوانگەی حیزبی توودەوە موسەددیق سەرەتا نوێنەری بووژوازیی کۆمپرادۆر (بەستراوە) و دواتر نەتەوەیی و کەسێکی سازشکار و لیبرالە کە نە شۆڕشگێڕ و نە ڕادیکاڵ بوو.[1] حیزبی توودە لە ڕۆژنامە و بلاوکراوە زۆر و جۆراوجۆرەکانیدا موسەددیقی بە کارگێڕی ئەمریکا دادەنا کە بۆ خۆ بەدەستەوە دان بە بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ئەو وڵاتە بەتەواوی ئامادەیە.[2]

٣. حیزبی توودە لە ڕۆژی کۆدەتاکەی ٢٨ی گەلاوێژ (١٩ی ئاب)دا دەستی لەسەر دەست دانا و هیچ دژکردەوەیەکی لە خۆی نیشان نەدا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەم هێز و هەم توانای سەربازیی پێویستی بۆ هاتنە مەیدان هەبوو.[3] بەڵام بە هۆکارگەلێک کە تا ئێستاش ڕوونی نەکردۆتەوە بێلایەن مایەوە.[4] لە ڕۆژی کۆدەتادا لە کوردستانیش لەسەر بنەمای پێوەندیی ڕاستەوخۆی حدك لەگەڵ حیزبی توودە هیچ

---

١. محمود طلوعی، مصدق در پیشگاه تاریخ، ص ٣٢٤.

٢. ڕیچارد کاتم و دیگران، م. ق، ص ٧٨. هەرچەندە ڕێبەرانی حیزبی توودە ئیدیعا دەکەن کە لە دوای ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٣١ (٢٢ی تەمووزی ١٩٥٢) بە سیاسەتی دوژمنایەتی کردنی موسەددیقدا چوونەتەوە، بەڵام هێندێك لایەن پێیان وایە سەرەڕای هەموارکردنێك کە لە سیاسەتی حیزبی توودەدا پێکهات، نێوەرۆك و جەوهەری سیاسەتی ڕێبەریی حیزبی توودە تا نزیك بە کۆتایی بە شێوازی پێشوو درێژەی هەبوو. بابك امیرخسروی، نظری از درون به نقش حزب توده ایران، ص ٣٣١.

٣. سپەهبود حوسێن موبەسسیر، سەرۆکی گشتیی پۆلیسی ئێران کە لە دۆزینەوە و ئاشکرا کردنی ڕێکخراوی نهێنیی سەربازیی حیزبی توودەدا ڕۆڵی بەرچاوی بینی، دەڵێ: «ژمارەی ئەو ئەفسەرانە کە لە ڕێکخستنی نهێنیی سەربازیی حیزبی توودەدا ڕێکخرابوون نزیك بە ٥٠٠ کەس و لە ستوان (ملازم) تا سەرهەنگ (عەقید) بوون.» عبدالرضا هوشنگ مهدوی، بر کشور ما چه گذشت، ص ١٥٣.

٤. محمدعلی همایون کاتوزیان، اقتصاد سیاسی ایران، ص ٢٢٣.

دژکـردەوەیەك لە دژی کۆدەتاچییەکـان کە لە تـاقمی بچـووك بچـووکدا ڕژابوونەوە نێو شەقامی شارەکان و بە قازانجی شا دروشمیان دەدا بەرچاو نەکەوت.[1] هەرچەنـدە شـوێنی یەکلا کـردنەوە بـۆ بەربەرەکـانی لە دژی کۆدەتا تارانی پێتەخت بوو.

لە ڕووی ڕێکخستنەوە پاش ئاشکرا بوونی ڕێکخراوی حیزبی تـوودە، پۆلیس بەتەواوی بەسـەر ئەم حیـزبەدا زاڵ بـوو و لە مـاوەیەکی کـورتدا چاپخانەی حیزبی، حەشارگەی چەکوچۆڵ و زۆربەی کادرەکانی حیـزب لە سەرەوە بۆ خوارەوە کەوتنە بەردەستی فەرمانداریی سەربازی و لە پێنج کەسـی دەسـتەی کـارگێڕیی حیـزب سـێ کەسیان: دوکتـۆر بەهرامـی، دوکتـۆر یەزدی و موهەنـدیس عەلەوی گیـران و دوو کەسـی دیکەیـان: دوکتـۆر کیـانووری و دوکتـۆر جەودەت بـۆ دەرەوەی وڵات ڕایـانکرد.[2] زۆربەی نیزیـك بەتەواوی زینـدانییەکان کە لە سـەرووویانەوە ڕێبەرانـی حیزبـی تـوودە بـوون بە نووسـینی بێـزاری و پەشـیماننامە لە ڕابـردوو و دەربڕینـی وەفـاداری بـۆ شـا، ئـازاد کـران؛[3] بەشـێکی کەمیـان کە بە ئایـدۆلۆژیای خۆیـان وەفـادار مـابوونەوە سـاڵانێکی دووردوودرێـژ لەژێـر ئەشـکەنجە لە زینـداندا مـانەوە؛ هێندێکیشیان بـوون بە هاوکـاری دەزگـا ئەمنییەتییەکـان و تەنـانەت سـاواك (ڕێکخـراوی زانیـاری و ئەمنییەتـی

---

١. جەلیل گادانی، س. پ، ل ١٠٧.

٢. ضیاءالدین الموتی، فصولی از تاریخ مبارزات سیاسی و اجتماعی ایران جنبش‌های چپ، تهران، ١٣٧٠، ص ٢٣٧.

٣. پەشیماننامەی بەناوبانگی دوکتۆر محەممەد بەهرامی وەك کەسـی یەکەمی حیزبی توودە لە هەمووان پتر دەنگی دایەوە. مسعود بهنود، از سید ضیا تا بختیار، چاپ هفتم، تهران، ١٣٧٧، ص ٤٠٢.

وڵات) و بە پلە و پایەی دەوڵەتیش گەیشتن.[1] بڵاوبوونەوەی ئەو پەشیمانانامانە لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتدا کە بەڕەسمی چاپ دەکران زیانی زۆری بە پێگەی کۆمەڵایەتی و پرێستیژی حیزبی توودە لە نێو کۆمەڵگادا گەیاند.[2] هەروەها کێشە و ناکۆکیی نێوان ڕێبەریی حیزبی توودە بەتایبەتی لەسەر هەڵوێستیان بەرامبەر بە جووڵانەوەی خۆماڵی کردنی نەوت و محەممەد موسەددیق و دەستەوەستانیان لە ڕۆژی کودەتادا، شۆڕ بێوە بۆ نێو کادر و ئەندامەکانیان و قەیرانی نێوخۆیی ئەو حیزبەی قووڵتر کردبوو.[3]

---

١. غلامرضا نجاتی، تاریخ بیست و پنج ساله ایران (از کودتا تا انقلاب)، چاپ ششم، تهران، ١٣٧٩، ص ٧٥.

٢. بیژن جزنی، طرح جامعەشناسی و مبانی استراتژی جنبش انقلابی خلق ایران، تهران، ص ٧٣.

٣. لە سەردەمی موسەددیقدا دووبەرەکییەکی دیکە لە حیزبی توودە لە نێوان دوو گرووپدا بە ڕێبەریی کیانووری و ڕادمەنیش پێکهاتبوو. کیانووری لایەنگری سیاسەتی غەیرە سکتاریستی بەرامبەر بە بەرەی نیشتمانی بوو، بەڵام ڕادمەنیش دوژمنایەتیی لەگەڵ بەرەی نیشتمانی تا کۆتایی ساڵی ١٩٥٢ هەر درێژە پێدا. کیانووری ئیدیعا دەکا کە ئەو تەنانەت لە مانگی ئاگۆستی ١٩٥٣دا داوای کردووە لە ڕێگەی ئەفسەران و سەربازانی توودەیی، حیزبی توودە دەسەڵات بگرێتە دەست. فرد هالیدی، دیکتاتوری و توسعەی سرمایەداری در ایران، ترجمە: فضل‌الله نیک‌آیین، تهران، ١٣٥٨، ص ٢٤٥. کەریم حیسامی کە لە پاش کودەتا دەگیرێ، دەڵێ: «دووبەرەکی و ناکۆکیی نێوان ڕێبەرانی حیزبی توودە گەیشتبووە نێو زیندانەکان و تەنانەت ڕێکخراوەکانی حیزبیشی گرتبووە» کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی ٢، ل ٢. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم ناکۆکییانە لە نێو ڕێبەریی حیزبی توودەدا بەتایبەت لەسەر نامیلکەی «لەبارەی ٢٨ی گەلاوێژەوە» کە دوای کودەتا وەک پلاتفۆرمی کومیتەی ناوەندی بڵاوکرایەوە و دواتر دیژە بە دەرخۆنە کرا و دەرکەوتنی ئاشکرای ئەو ناکۆکییانە لە پلێنۆمی چوارەمی کومیتەی ناوەندی لە مۆسکۆ؛ بڕوانە: فریدون کشاورز، خاطرات سیاسی، تهران، ١٣٨٠.

شکستی ستراتێژیکی حیزبی توودە و لاوازی و خۆ ڕانەگرتنی ڕێبەرانی و بەتایبەتی گرینگی‌نەدان بە پرسی نەتەوەیی[1] بوو بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی بەرچاو لە کادر و ئەندامانی حدك بە ڕوانگە و باوەڕەکانیان بە حیزبی توودەدا بچنەوە. جەلیل گادانی کادرێکی هەڵسووڕی حدك لەو سالانەدا دەڵێ: «ئەم دۆخەی حیزبی توودە ئەندامان و لایەنگرانی [ئەم حیزبەی] زۆر ناڕازی کردبوو، ئەم ناڕەزایەتییانە لەسەر ئەندامانی «حدك»یش کاریگەر بوو.»[2] لە ڕاستی‌دا ئەم قەیرانی سیاسی ـ تەشکیلاتییەی حیزبی توودە کاریگەریی بەجۆرێك بوو کە

---

جامی، گذشته چراغ راه آینده است. بابك امیرخسروی، نظری از درون به نقش حزب توده ایران.

١. لە بارەی گرنگی نەدانی حیزبی توودە بە پرسی نەتەوەیی (ناسیۆنالیستی) کەریم حیسامی دەڵێ: «دووی ڕێبەندان نزیك دەبۆوە. بۆ شکاندنی سامی کۆدەتاچییەکان و زیندووبوونەوەی ورەی خەڵك دەبووایە بە بۆنەی دووی ڕێبەندان چالاکییەك بکەین. لەگەڵ هاوڕێیانی کومیتە ساغ بووینەوە کە ئالای کوردستان ساز بکەین و شەوی دووی ڕێبەندان لەسەر داشامەجید و قولقولاخ کە دەڕوانە سەر شاری مەهاباد بیانچەقێنین و لە دیوارەکانی نێو شاریش دروشم بنووسین. برادەرێکی کرماشانی کە حیزبی توودە ناردبووی بۆ کاری ڕێکخراوەیی لاوان وەدەنگ هات و گوتی: دووی ڕێبەندان فکرەیەکی ناسیۆنالیستییە، ئێمە گشتمان ئێرانیین و نابێ بیری جوداییخوازی بلاوبکەینەوە، لەو بارەیەوە لەلایەن حیزبی توودەوە شتێك بۆ من نەنووسراوە و حیزبی دیموکرات چەس؟ من یەکەم جارە ئەو قسەیە دەبیستم، من تەنیا حیزبی توودە دەناسم. پاش ئەوەی ئەو هاوڕێ توودەییە قسەکەی نەچووە سەر بەناڕەحەتی کۆبوونەوەکەی جێهێشت.» کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی ١، ل ٢٢٨.

٢. جەلیل گادانی، س. پ، ل ١٠٩. ئەمیر قازی دەڵێ: «لەو سالانەدا پاش ماوەیەك دابڕان لە ڕێکخستنەکانی حدك لەلایەن بەرپرسانی حیزبی داوای دەسپێکردنەوەی هاوکارییان لێ‌کردم. ئەمن مەرجی سەرلەنوێ پێوەندی کردنم، پچڕانی پێوەندییەکانی حدك لەگەڵ حیزبی توودە بوو.» ئەمیر قازی، س. پ، ل ٤٠.

ڕێبەری و ئەندامانی «حدك»ی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کردبوو. بەرەیەك کە پاساویان بۆ هەڵەوپەڵەکانی حیزبی توودە دێنایەوە و بەرەیەکیش کە بەم پاساوانە قانع نەدەبوون.[1] ئەمە سەرەتای دەسپێکی ناکۆکی و دوو تێڕوانینی جیاواز لە نێو «حدك»دا بوو بەرامبەر بە حیزبی توودە کە لە رابردوودا بەم شێوەیە جیددی و بەربڵاو نەبوو و ڕۆژبەڕۆژیش قووڵتر دەبوو، بەجۆرێك کە پرۆکەی دابڕان لە حیزبی توودە و سەربەخۆ بڕیاردان لە لای بەشێکی ڕێبەری و ئەندامانی حیزبی دیموکرات بوو بە پرسێکی جیددی.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ مودیریەتی ئەو دۆخە و تاوتوێ کردنی هەندێ بابەتی نوێ کە لە پاش کۆدەتای ١٩ی ئاب بۆی هاتبوونە پێش، پێکهێنانی کۆبوونەوەیەك لە کادرە باڵاکانی بە پێویست زانی، ئەگەرچی لە هەلومەرجی دژواری خەباتی نهێنیشدا بوون. بۆ ئەم مەبەستە لە هاوینی ١٣٣٤ (١٩٥٥) بە بەشداریی نیزیك بە بیست کەس لە چالاکانی حیزب لە گوندێکی دەورووبەری مەهاباد کۆبوونەوەکە بە نهێنی

---

١. ڕەخنە لە ڕێبەرایەتیی حیزبی توودە و باسی کەشف بوونی ڕێکخراوەکانی حیزب و لێکدانەوەی جۆربەجۆر بیووە نەقڵی مەجلیس و دانیشتنەکان. لەو کاتەدا نامیلکەی ٢٨ی گەلاوێژ بڵاوکرابۆوە. گەلێك شێر و ڕێویان تێدا هۆندبۆوە و فەلسەفەیان ساز کردبوو کە تەنیا ساویلکە و خاوەن مەسڵەحەت توانایان هەبوو بڕوای پێبکەن. کاك سەدیق ئەنجیری داکۆکیی لێدەکرد و ئەمنیش پێی قانع نەدەبووم. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی ١، ل ٢٢٨. سەعید کاوە کە بەشداری کۆبوونەوەیەکی کادرە باڵاکانی حدك لە ساڵی ١٣٣٤ (١٩٥٥) بووە کە بە نهێنی لە گوندی «ئالیاوێ»ی سندووسی نەغەدە پێکهاتووە و بۆ ماوەی حەوتوویەك درێژەی کێشاوە دەڵێ: «هەموویان لەسەر هێڵی دژی ئیمپریالیستی و بەربەرەکانی لەگەڵ سیستمی دەرەبەگایەتی یەکدەنگ بوون، بەڵام لەسەر نزیکی و هاوکاری لەگەڵ حیزبی توودە، دوو بۆچوونی فرە لێك جیاوازیان هەبوو.» سەعید کاوە، س. پ، ل ٢٧.

پێکهات.[١] لەم کۆبوونەوەیەدا کە پاشان ناویان لێنا «کۆنفرانسی یەکەمی حدك»، سەرەڕای دەستنیشان کردنی ئەرکە هەنووکەییەکان دوو بڕیاری گرینگیان دا. دوکتۆر قاسملوو کە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوو، دەڵێ: «بڕیاریان دا لەگەڵ حیزبی توودە قەتعی ڕابیتەی تەشکیلاتی بکەن (بچڕانی پێوەندیی ڕێکخستن) و حدك بۆخۆی سەربەخۆ چالاکی خۆی بکا، چونکی ڕامان ئەوە بوو حیزبی توودە هەم لەسەر مەسەلەی موسەددیق و هەم لەسەر کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ (١٩ی ئاب) چەوت ڕۆیشتووە، هەروەها ئەزەرمان ئەوە بوو کە حیزبی توودە «پۆلیس‌زەدە» بووە و هەر تەماسێك لەگەڵ حیزبی توودە لە تاران بگیرێ ئاکامی ئەوە دەبێ کە لە داوی پۆلیس بکەوین.»[٢] هەروەها کۆنفرانس بڕیاری

---

١. کریس کوچرا، م. ق، ص ٢٢٢. سەید ڕەسوول دیهقان کە ئەندامی حدك و خەڵکی ناوچەکە بوو و ڕۆڵی سەرەکیی لە دیاری کردنی شوێنی کۆبوونەوەکە و تەداروکاتی‌دا بینیوە، لە بیرەوەرییەکانی‌دا دەڵێ: «کۆبوونەوەکە لە چیای قەڵاتەڕەشی پشتی ماڵی سەیداوا لە هاوینی ١٣٣٤ (١٩٥٥) پێکهات. لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ئەمانەم لە بیرن: ڕەحمان قاسملوو، عەزیز یووسفی، عەبدوڵلا ئیسحاقی، ئەسعەد خودایار، هاشم ئەقەلوتتوڵلاب.» ئەمیر قازی، س. پ، ل ٢٤٠. قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا، ل ٤.

٢. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا، س. پ، ل ٤. غەنی بلووریان کە لە کاتی پێکهاتنی کۆنفرانسی یەکەم لە زیندان‌دا بوو، دەڵێ: «لە بەهاری ١٣٣٤ (١٩٥٥) لە تاران بە بەشداریی سەدیق ئەنجیری، ڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵلا ئیسحاقی و سولەیمان موعینی و چەند کەسی دیکە، بەهۆی نفووزی پۆلیس لە حیزبی توودەدا بڕیارمان دا پێوەندی لەگەڵ حیزبی توودە بپچڕێنین و هەروەها ڕەخنەی جیددیمان لەسەر بێ‌هەڵوێستیی ڕێبەرانی ئەم حیزبە گرت بەرامبەر بە کودەتاکەی ٢٨ی گەلاوێژ (١٩ی ئاب). بلووریان دەڵێ قاسملوو ئەو بڕیارەی پێشێل کرد و سەرلەنوێ پێوەندیی بە حیزبی توودەوە گرت. غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، ل ١٥٥- ١٥٩. قاسملوو لەگەڵ ئەوەی دەوری سەرەکیی لە بڕیارەکانی کۆنفرانس‌دا

هەڵبژاردنی کومیتەیەکی کاتیی بەڕێوەبەریی «حدك»ی دا[1] کە لە حوکمی کومیتەی ناوەندیدا بوو.

بڕیاری پچڕانی پێوەندیی ڕێکخستن لەگەڵ حیزبی توودە لە کۆنفرانسی یەکەمی حدك، بوو بە سەرەتای ناکۆکیی نێوان حیزبی توودە و حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەم بڕیارە نە تەنیا بە مانای دژایەتی کردنی حیزبی توودە نەبوو، بەڵکوو ئەو حیزبە لە ڕوانگەی «حدك»ـەوە هەروەك حیزبێکی دۆست و هاوپەیمان سەیر دەکرا. ئەوە نییە هەر لە هەمان کۆنفرانسدا بڕیار دەدەن کە پێوەندی بە ڕێبەریی حیزبی توودە لە دەرەوەی وڵات بکەن. قاسملوو لەو بارەیەوە دەڵێ: «ئێمە ئەو کات بەهۆی ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر بوو پێوەندییمان لەگەڵ حیزبی

---

پێبوە و زانیاریی تەواوی لەسەر دۆخی حیزبی توودە هەیە، بەڵام لە تاران پێوەندیی بە ڕێکخستەکانی حیزبی توودەوە دەکا و بەهۆی ئەو پێوەندی کردنە لە داوی پۆلیس دەکەوێ و دواتر بە پێدانی بەڵێنی هاوکاری، خۆی لە دەستیان ڕزگار دەکا. قاسملوو لە دوای کۆنفرانسی یەکەم لە داوی پۆلیس دەکەوێ، چونکی هاوسەرەکەی لە مارسی ١٩٥٦ ئێران بەرەو عێراق جێ دەهێڵێ و چەند مانگ لە بەغدا دەمێنێتەوە. کە ئەم ڕووداوەی بۆ نەسرینی هاوسەری دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئەو کات کە تۆ لە بەغدا بووی من دەس بەسەر کرام،» نەسرین قاسملوو، س. پ، ل ٢٨٨ و ٢٨٩؛ غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، ل ١٩١- ١٩٣؛ کارۆل پرۆنهۆبێر، خولیا و مەرگی قاسملوو، وەرگێڕانی فەتاح کاویان، پێداچوونەوە: عەبدوڵڵا حەسەنزادە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٠٣. ئەم ڕووداوە لە کێشە و ململانێی دواتری باڵە ناکۆکەکانی نێو «حدك»دا لەلایەن باڵی ڕاستەوە وەك شمشێری دامۆکلس بەسەر باڵی چەپەوە بوو.

١. دەیڤید مەکداول، س. پ، ل ٥١؛ کریس کوچرا، م. ق، ص ٢٣١. ئەندامانی ڕێبەرایەتیی کاتیی دیاریکراو بریتی بوون لە: عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، غەنی بلووریان، عەزیز یووسفی، ڕەحمەتوڵڵا شەریعەتی، عەبدوڵڵا ئیسحاقی. دوکتۆر عەلی مەولەویش وەك ڕاوێژکار هەڵبژێردرا و عەبدوڕڕەحمان قاسملوو وەك بەرپرسی گشتی و پێوەندیی نێوخۆ و دەرەوە دیاری کرا. جەلیل گادانی، س. پ، ل ١١٥.

توودە هەبوو، بیر و باوەڕی توودەییمان تێدا زۆر بەهێز بوو، بۆیە پێمان وا بوو ئەو تەشکیلاتەی حیزبی توودە کە لە نێوخۆی وڵاتدا فەعالییەت دەکا، چەوت ڕۆیشتووە؛ بەڵام ئەوانی دەرەوە وەك «ڕادمەنیش» و «ئەسکەندەری»[1] و ئەوانی دیکە باشترن. لەسەر ئەو ئەساسە کومیتەی کوردستان بڕیاری دا کە ئێمە لە دەرەوە پێوەندییان لەگەڵ بگرین و من بۆ بەڕێوەبردنی ئەم مەئمووریەتە چوومە عێراق و لەوێڕا چوومە دەرەوە. لە دەرەوە پێوەندیم گرت هەم لەگەڵ حیزبی توودە و هەم لەگەڵ سۆڤیەتەکان. لەو پێوەندییەدا بە دووروودرێژی قسەم لەگەڵ کردن. ئەوان گوتیان: «بەڵێ داخوازەکانتان ڕاست و ڕەوان و جێبەجێیان دەکەین. تۆ بگەڕێوە نێوخۆی وڵات و بە هاوڕێیان بڵێ.»[2] دواتر قاسملوو بۆ «کارۆل پرۆنهویێر»ی گێڕاوەتەوە کە ئەوان هیچیان بۆ جێبەجێ نەکرد و ئەمە شتێك نەبوو جگە لە «خەیاڵێکی هیچ و پووچ». ئاخر ئەو کات تەمەنم بیست و پێنج ساڵ بوو.»[3]

حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێگای سەربەخۆ بڕیاردانی گرتبووە بەر، چونکی ڕێبەریی حیزبی توودە لە نێوخۆی وڵاتدا نەمابوو، یان دەس‌بەسەر کرابوون، یان بۆ دەرەوەی وڵات ڕایانکردبوو؛ بەڵام حیزبی توودە هەرگیز بەو بڕیارە ڕازی نەبوو. ڕەزا ڕادمەنیش، کەسی یەکەمی ئەو حیزبە لە دەیەی ٦٠دا ناڕازی بوونی حیزبەکەی بەم هەڵوێستە ئاوا

---

١. ڕادمەنیش و ئەسکەندەری لە نێوان ساڵانی (١٣٢٧- ١٣٥٧/ ١٩٤٨- ١٩٧٨) لە دوو قۆناغی جیاوازدا سکرتێری گشتیی حیزبی توودە بوون. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: خاطرات سیاسی ایرج اسکندری، به اهتمام: بابك امیرخسروی و فریدون آذرنور، سه جلد، نشر جنبش توده‌ای‌های مبارز انفصالی، پاییز ١٣٦٦.

٢. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا، ل ٥.

٣. کارۆل پرۆنهۆیێر، ص ٢٠٢.

# بەشی دووهەم

## حدک لە نێوان ساڵانی ١٣٣٧ ـ ١٣٤٩/ ١٩٥٨ ـ ١٩٧٠

(قۆناغی لێک‌ترازان)

## باسی یەکەم: کاریگەریی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لەسەر حدک

لە ١٤ای تەمووزی ١٩٥٨دا ئەو یەکانەی سپای عێراق کە خواستی شۆڕشگێڕییان هەبوو، دابەزینە نێو بەغدا و ڕژێمی پادشایەتی لە عێراق هەرەسی هێنا و کۆماری عێراق بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم،[1] سەرۆکوەزیران و سەرکردەی گشتیی هێزەکانی سپا دامەزرا.[2] هەر لە یەکەم ڕۆژی شۆڕش،[3] جەماوەری شارەکانی سلێمانی، کەرکووک،

---

١. عەبدولکەریم قاسم ساڵی ١٩١٤ لە شاری بەغدا لەدایکبووە و ساڵی ١٩٣٣ بۆتە مامۆستای سەرەتایی؛ ساڵی ١٩٣٤ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە و دواتر بە پلەی مولازم دەردەچێ. ساڵی ١٩٤١ چۆتە کۆلێژی ئەرکان و خوێندن لەوێشدا تەواو دەکا. ناوبراو بەشداریی شەڕی عەرەب- ئیسرائیلی کردووە و ساڵی ١٩٥٧ بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز و سەرۆکی لیژنەی باڵا بووە. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش یەکەمین سەرۆکوەزیران بووە لە عێراق تا لە ٩ی فێورییەی ١٩٦٣ لە ئەنجامی کودەتای بەعسییەکان کوژرا. ئەحمەد حەمەدەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٦٤.

٢. لازاریف و دیگران، تاریخ کردستان، ص ٢٢٤.

٣. لە ئەدەبیات و بڵاوکراوەکانی مارکسیستی لە سەرانسەری جیهاندا لە چەند دەیەی ڕابردوودا سەدان وتار لە بارەی شیکردنەوەی تیۆریی «کودەتای شۆڕشگێڕانە» و جیاوازیی لەگەڵ «کودەتای دواکەوتووانە» چاپ کراوە و دەیان کۆنفرانس و سمینای لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا پێکهاتووە. «پ. گالوپ» تیۆریسیەنی سەربازیی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٧٩دا دەڵێ: «تایبەتمەندییەکی دیاری سەردەمی ئێستا گەشەی خێرای ڕۆڵی هێزی

هەولێر، کۆیە و زاخۆ هاتنە سەر شەقامەکان و ئەفسەر و سەربازانی کورد و جەماوەری کوردستان بوونە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە و دڵسۆزیی خۆیان بۆ کۆماری تازەی عێراق دەربڕی.[1] ڕژێمی نوێ گۆڕانی بنەڕەتیی لە هەلومەرجی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری لە نێوخۆی عێراق و لە سیاسەتی دەرەوەدا پێکهێنا. هەموو ڕێکخراوە سیاسییە نهێنییەکان لەوانە حیزبی شیوعیی عێراق کە لقێکی چالاکی لە کوردستان هەبوو و پارتی دیموکراتی کوردستان؛ هەروەها هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان پشتیوانییەکی بێسنووریان لەم شۆڕشە کرد.[2]

شۆڕشی ١٤ای تەمووز ئەگەر بۆ هەموو عێراق مزگێنیی ئازادی و دەستپێکردنی قۆناغێکی تازە لە ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتەی لەگەڵ خۆی

---

چەکدار لە خەباتی سیاسیدایە. نوێترین نموونەکانی «کودەتای دواکەوتووانە» لە بەرازیل، بۆلیڤیا، شیلی و ئۆرۆگوا ڕوویان دا و لە بەرامبەردا ڕەوتێکی بەپێچەوانە دەبیندرێ کە هێزی چەکدار وەك ئامرازی چاکسازیی پێشکەوتووانە دێتە ئاراوە، وەك شۆڕشەکانی عێراق، لیبی، بیرمە، کۆنگۆ (برازاویل)، پێرۆ، پۆرتوگال، ئیتیۆپی کە بە ڕێبەریی نیزامییەکان بەڕێوەچوون. جمعی از پژوهشگران، حزب توده از شکل‌گیری، تا فروپاشی (١٣٢٠- ١٣٦٨)، مؤسسه مطالعات و پژوهش‌های سیاسی، تهران، ١٣٨٧، ص ٦٨٥؛ بەگشتی هەموو کودەتاکانی کە لە سەردەمی شەڕی سارددا کراون و لە ئاکامدا بە لای بەرەی کەمپی سۆسیالیستیدا دایانشکاندووە لە ڕوانگەی شۆڕشگێڕان و چەپەکان بە شۆڕش ناو دەبران، چونکە دەبوونە هۆی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو کۆمەڵگایەی کە کودەتای تێدا کراوە.

١. ئەحمەد حەمەدەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، ل ١٧١.

٢. ئەوشیروان مستەفا ئەمین، بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین، قوتابخانەکانی ڕۆژنامەڤانی کوردی و سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، کتێبی دووهەم، بەرگی دووهەم، بەیرووت، ٢٠١٣، ل ٣٩٣.

هێنا، بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراقیش دەسکەوتی بەرچاوی بە دواوە بوو. دەستووری نوێی عێراق بەپێی مادەی سێ دان بەوەدا دەنێ، کە عەرەب و کورد لەم وڵاتەدا هاوبەشن و بەپێی ئەم دەستوورە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە نێو عێراقدا دەچەسپێن.[1] پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەسمی ناسرا و چەندین رۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی دەردەچوون.[2]

شۆڕشی ١٤ی تەمووز هەم کاردانەوەی لەسەر جیهانی دووجەمسەری هەبوو کە بەهۆی شەڕی ساردەوە دابەش ببوو و هەم لە ئاستی ناوچەشدا. چوونە دەرەوەی رژێمی نوێی کۆماری عێراق لە پەیمانی ساڵی ١٩٥٥ی بەغدا[3] و راگەیاندنی سیاسەتی بێلایەنی لەسەر ئاستی

---

١. نازناز محەممەد عەبدولقادر، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا (١٩٦١- ١٩٧٥)، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٨٧ لە سەرووی ئەم حکومەتە تازەیەی کە قاسم دایمەزراند، رەزامەندییان لەسەر دا ئەنجومەنێکی سەروەریی سێ کەسی هەبێ کە بۆ رازی کردنی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق دانرابوو، شیعە، کورد و عەرەبی سوننە و چوار وەزیری کورد لە کابینەکەدا بەشدار بوون. فیبی مار، مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕانی حەمەشەریف حەمەغەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەویز، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٢٨- ١٢٩.

٢. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم گۆڤار و رۆژنامانە بڕوانە: ئەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم رێگاوە گوڵچنین، ل ٢٩٨ و ٢٩٢.

٣. لە فیبریوەری ١٩٥٥ عێراق و تورکیە پەیمانی بەغدایان پێکهێنا. لە هەمان ساڵ ئێران و پاکستان و بریتانیاش بەو پەیمانە پەیوەست بوون. بریتانیا و ئەمریکا پەیمانی بەغدایان وەك «ئەڵقەی باکووری» بەرگری لە بەرامبەر سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دانابوو و سۆڤیەتیش ئەو پەیمانەی پێ ئامرازێکی دەستدرێژی بوو. هاوئاهەنگیی ئەو دەوڵەتانە بەرامبەر پرسی کورد ماددەیەکی دیکەی ئەو پەیمانە بوو. داریوش آشوری، دانشنامەی سیاسی، ص ٨٩

دەرەوە و پتەو کردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت و هێندێک لە وڵاتە سۆسیالیستییەکان، نفووز و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوای لە ناوچەکەدا تووشی پاشەکشە کرد.[1] شای ئێران بەتەواوی بە ڕووداوەکانی ناوچە و لە سەرووی هەمووان بە گۆڕانی ڕژیمە پاشایەتییەکان لە میسر،[2]

---

١. د. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران...، ل ٣٦٨.

٢. لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٥٢دا ڕێکخراوی نهێنیی ئەفسەرانی ئازاد بەتەواوی دەستیان بەسەر هێزەکانی دەسەڵاتدار لە پێتەخت (قاهیرە)دا گرت و لە ماوەی چەند سەعاتدا شوێنە گرینگەکانی شاریان کۆنترۆڵ کرد و هەموو فەرماندەکانی پێشوویان قۆڵبەست کرد. بەیانیی زوو خەڵک لە ڕێگەی ڕادیۆوە ئاگاداری بەکەم ڕاگەیاندراوی ئەفسەرانی ئازاد و ڕوودانی شۆڕش بوون. مەلیک فارووق لە تەختی پادشایەتی لا درا و بۆ هەمیشە وڵاتی میسری بەجێهێشت. ئامانجی سەرەکیی ئەفسەرانی ئازاد بریتی بوو لە دامەزراندنی سیستمی کۆماری لە ڕێگەی توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە، لەنێوبردنی دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەرەبەگەکان و دەرکردنی ئینگلیسییەکان لە میسر. شۆڕشی ٢ی تەمووزی ١٩٥٢ لەژێر سەرکردایەتیی ڕاستەوخۆی جەمال عەبدوناسر (١٩١٨- ١٩٧٠) بەڕێوەچوو. د. ر. فویلیکوف و دیگران، تاریخ معاصر کشورهای عربی، ترجمە: د. محمدحسین روحانی، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٧، ص ٤١١- ٤١٢. لەم ساڵانەدا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە تای سەربەخۆییخوازی و دژایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزم‌دا دەسووتا. شەوانە میلیۆنان کەس لە خەڵکی دنیا گوێیان بۆ ڕادیۆ قاهیرە ڕادەگرت کە پەیامە وروژێنەرەکانی ناسری بڵاودەکردەوە و بە تەبلیغاتی بەردەوامی خۆی هەموو ڕژیمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەی خستبووە مەترسیی جیددییەوە. ڕژیمی حەمەڕەزاشا وەک تەنیا حکوومەتی موسوڵمان کە پێوەندیی گەرموگوڕی لەتەک ئەمریکادا هەبوو، هاوکاریی بەربڵاویشی لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو؛ ئامانجی سەرەکیی هێرشەکانی ناسر بوو. مسعود بهنود، از سید ضیا تا بختیار، ٤٢١. بێجگە لەوە لە قاهیرە ڕادیۆی کوردی کرابۆوە و خەڵک بە ئامەزرۆیی و بەدزییەوە گوێیان بۆ ڕادەگرت و هەواڵەکانیان بۆ یەکتر دەگێڕابەوە. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووهەم، ل ٣٧.

عێراق و جێگیر بوونی سیستمی کۆماری تووڕه و نیگەرانە.[1] ئەمە لە بەڵگەنامەکانی ساواکدا بەڕوونی دەردەکەوێ: «ڕاپەڕینەکانی میسر و عێراق ڕەگ و ڕیشەی کۆمۆنیستیی هەیە و نابێ بە هیچ شێوەیەك بهێڵین ئەم ڕاپەڕینە پەڕێتەوە بۆ ئێران.»[2]

ڕووداوی شۆڕشی ۱۴ی تەمووز لەسەر ژیانی کوردی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەتی لەسەر خەبات و تێکۆشانی حدك کاریگەریی هەبوو. هەڵوەشانی پەیمانی بەغدا و بەڕەسمی ناسرانی بوونی گەلی کورد لە پارچەیەکی کوردستاندا بۆ ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەسکەوتێکی پڕبایەخ بوو. بەڵام لەوەش زیاتر بەرپابوونی شۆڕشی ۱۴ی تەمووز لە عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو کاری کردە سەر بزواندنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەڵات[3] و کوورەی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی

---

۱. حوسێن فەردووست، ئەفسەری پلەدار و دۆستی نیزیکی محەممەدڕەزاشا دەڵێ: «کۆدەتای عێراق لەو سەردەمەدا گەورەترین ڕووداوی ناوچە بوو کە هەم ڕۆژاوا و هەم شای تۆقاند.» حسین فردوست، ظهور و سقوط سلطنت پهلوی، تهران، ۱۳۷۴، ص ۵۵۵.

۲. چپ در ایران به روایت اسناد ساواك (کتاب سوم)، عنکبوت سرخ، مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، ۱۳۷۸، ص ۶۷.

۳. لەسەر کاردانەوەی شۆڕشی ۱۴ی تەمووز، کەریم حیسامی کە ئەو کات ماوەیەك بوو لە زیندان ئازاد ببوو، دەڵێ: «پاش شۆڕشی عێراق خەڵك لە چایخانەکان ڕادیۆی بەغدایان دەکردەوە، دەنگ و باسی بەشی کوردی پێشوازیی گەرمی لێدەکرا، مەئموورەکانی ساواك و ڕوکنی ۲ی ئەرتەش بە شار وەردەبوون و ڕادیۆکانیان بێدەنگ دەکرد، بیانوویان بە خەڵك دەگرت. ئەو ڕۆژەی کە مامۆستا برایم ئەحمەد لە ڕادیۆی بەغدا قسەی دەکرد نێو شاری مەهاباد وەك خۆپیشاندانی لێ هاتبوو.» کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووهەم، ل ۳۸.

کوردستانی زیاتر لە پێشوو تێل دا و بەرەو پێشی برد.[١] بەتایبەتی گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکیەتی سۆڤیەت لە پاش ١١ ساڵ و سێ مانگ کە وەك قارەمانێکی نیشتمانی پێشوازیی لێ کرا،[٢] بوو بە مایەی شادمانیی کوردانی ڕۆژهەڵات و هیوا و هومێدی پێ بەخشین.

بەهۆی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە عێراق ئارامی و ئازادی تا ڕادەیەکی زۆر بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان فەراهەم بیوو.[٣] لەم سۆنگەیەوە وڵاتی عێراق بیوو بە پەناگەی ئازادیخوازانی وڵاتانی دراوسێ[٤] و بەتایبەت باشووری کوردستان بۆ تێکۆشەرانی حدك بیوو بە قەڵایەك و بارودۆخێك پێکهاتبوو کە تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات هەر کات هەستیان بە مەترسیی ڕاوەدوونان و گیران کردبا، یەکسەر پەنایان دەبردە بەر باشووری کوردستان.[٥] بوونی باشووری کوردستان وەك پەناگەیەك بۆ شۆڕشگێڕانی کوردی ڕۆژهەڵات، لە هەمان کاتدا کە خاڵێکی ئەرێنی بوو، کاریگەریی لەسەر گواستنەوەی ئەندامانی سەرکردایەتیی حدك و قورسایی تێکۆشانیان بۆ ئەم بەشە لە کوردستانیش هەبوو.

---

١. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، ل ١٩.

٢. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، ل ٣٢٢.

٣. مسعود البارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية الكرد و الثورة ١٤ تموز ١٩٥٨- ١١ ايلول ١٩٦١، ص ٨٩.

٤. بۆ وێنە: ڕادمەنیش، سکرتێری حیزبی توودەی ئێرانیش چەند ئەندامێکی خۆی هێنا بۆ بەغدا بەو نیازە کە بتوانن لە ئێراندا ڕێکخستنی حیزبی زیندوو کەنەوە. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووهەم، ل ٣٥.

٥. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل ٢٠.

## باسی دووهەم: پەلاماری بەربڵاوی پۆلیس بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حدک

لە ئەنجامی ئەو کەش‌وهەوا سیاسییەدا کە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتبوو، چالاکیی حدك گەرم‌وگوڕتر بوو. خەڵکانێکی زۆر ڕوویان لە حیزب کردبوو و ڕێکخستنەکانی فرەوانتر و هەڵسووڕتر بوون.[١] ئەمەش ساواك، ڕێکخراوی پۆلیسی نهێنیی تازە دامەزراوی (١٩٥٧) نیگەران و لە هەمان کات‌دا وشیار کردبۆوە، بەجۆرێك کە بەوردی چاوەدێریی ئەو دۆخە نوێیە بکا.[٢]

لە خەزەڵوەری ١٣٣٨ (ئۆکتۆبری ١٩٥٩)دا ساواك کە چەند مانگ پێشتر چەند ئەندامی ڕێبەری و کادری «حدك»ی دەسبەسەر کردبوو،[٣] بە ئامادەیی تەواو و بەپێی بەرنامەی لە پێش‌دا داڕێژراو پەلامارێکی بەرینی

١. لەسەر بارودۆخی کوردستان و حدك پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز، سەعید کاوە دەڵێ: «دەکرێ بڵێم حدك ژیانێکی نوێی دەست‌پێکردبوو. خەڵك پتر بەرەو حیزب رادەکشان و گەرم‌وگوڕتر لە جاران خەریکی کار و تێکۆشان بوون.» سەعید کاوە، س. پ، ل ٣٠.

٢. کەریم حیسامی، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، ل ٣٩.

٣. لە ئەندامانی ڕێبەریی حدك عەزیز یووسفی، ڕەحمەت شەریعەتی و د. عەلی مەولەوی و لە کادرەکان سمایل قاسملوو، جەلیل گادانی و هاشم جەلالی؛ پێش لە پەلاماری بەربڵاوی ساواك بۆ سەر ڕێکخستنەکانی حیزب لە ئۆکتۆبری ١٩٥٩دا گیرابوون. جەلیل گادانی، س. پ، ل ١٢٧.

هێنایە سەر ڕێکخراوەکانی حدك لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان.[١] لەو هەڵمەتی گیرانەدا نیزیکەی ٢٥٠ کەس لە کادر و ئەندامانی حدك دەسبەسەر کران[٢] و بە ئیعدام، زیندانیی هەتاهەتایی و زیندانیی درێژخایەن مەحکووم کران.[٣]

لە زیندان لە نێو گیراوەکانی «حدك»دا ناکۆکی پێك‌دێ و بەسەر لایەنگران و دژبەرانی حیزبی توودەدا دابەش دەبن. ئەم ناتەباییە لە نێوان دوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌دا، غەنی بلووریان[٤] و

---

١. ڕێکخراوەکانی حدك لە شارەکانی سنە، بانە، مەهاباد، نەغەدە، سەقز، ورمێ، سەڵماس، سەردەشت، بۆکان، شنۆ، خانێ و ساین‌قەڵا و گوندەکان کەوتنە بەر پەلاماری ساواك. کەریم حیسامی، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، ل ٤١.

٢. دەیڤید مەك‌داول، ل ٥٢٤.

٣. لەم ژمارەیە ١٢٠ کەس دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر لە تەوریز و تاران و مانەوەی چەند مانگ لە بەندیخانەی قزڵ‌قەڵا بە دوو دەستە دابەش کران و بۆ بەندیخانەکانی دژبانی تاران و قەسری قەجەر بەڕێ‌کران؛ دوایەش لە چوار دەستەدا تەحویلی دادگای نیزامی دران و بە شێوەی خوارەوە حوکم دران: ٧ کەس ئیعدام، ٥٤ کەس زیندانیی هەتاهەتایی، ٢٩ کەس ١١ ساڵ، ٢٣ کەس ١٠ ساڵ و چەندین کەسیش بە ٥ ساڵ و ٣ ساڵ. جەلیل گادانی، س. پ، ل ١٢٩. پشتگیریی ڕای گشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی عێراق شای ناچار کرد سزای لە سێدارە دان ڕا بگرێ و بیکات بە زیندانیی هەمیشەیی. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: د. هۆشمەند عەلی مەحموود، ئیسماعیل عەبدوڕڕەحمان سەعید، غەنی بلووریان، ژیان و تێکۆشانی سیاسی (١٩٢٤- ٢٠١١)، ل ٢١٤- ٢١٥.

٤. غەنی بلووریان ساڵی ١٩٢٤ لە شاری مەهاباد لەدایك‌بووە. لە دامەزرێنەرانی سازمانی جەوانانی کورد (١٩٤٢- ١٩٤٣) بووە. لە کۆمەڵەی ژ. ك ئەندام بووە و لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا بۆ خوێندنی سەربازی ڕۆڵی بینیوە. بەهۆی چالاکی لە ڕیزەکانی «حدك»دا چەند جار کەوتۆتە زیندان و سەرجەم ٢٥ ساڵ لە تەمەنی لە گرتووخانەکانی ڕژیمی پەهلەوی‌دا بەسەر بردووە. لە کۆنگرەی چوارەمی حدکا بە ئەندامی کومیتەی

عەزیز یووسفی[1] لەلایەك و دوكتۆر عەلی مەولەوی،[2] ئەندامی ڕاوێژكاری كومیتەی ناوەندی لەلایەكی دیكە بوو.[3] كادر و ئەندامانی «حدك»یش لە نێو زیندان بەسەر ئەم دوو لایەنەدا دابەش ببوون و هێندێك لە ئەندامانی

---

ناوەندی و مەكتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. لە سالی ١٣٥٩ (١٩٨٠) لەژێر كاریگەریی سیاسەتی حیزبی توودەدا لە حدكا جیابۆوە و لەژێر ناوی «حدكا- پێڕەوانی كۆنگرەی چوارەم» چالاكیی هەبوو. دوو جار بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی توودەی ئێران و لە كۆتاییەكانی تەمەنیدا ڕیزی ئەم حیزبەشی بەجێهێشت و سالی ٢٠١١ كۆچیدوایی كرد. د. هۆشمەند عەلی، ئیسماعیل عەبدوڕڕەحمان سەعید، س. پ، ل ٢٢.

١. عەزیز یووسفی سالی ١٩٢٧ لە شاری مەهاباد لەدایكبووە. لە بووژانەوەی حدك لە پاش ڕووخانی كۆماری كوردستاندا هاوڕێ لەگەڵ كۆمەڵێك گەنج ڕۆلی بەرچاوی بینیوە. لە ماوەی چالاكی لە «حدك»دا چەندین جار دەسگیر كرا و سەرجەم ٢٥ سالی لە زیندانە جۆراوجۆرەكانی ئێراندا بەسەر بردووە. عەزیز یووسفی لە زینداندا خۆی بە خوێندنەوە سەرگەرم دەكا و هەر لەم شوێنە دەست دەكا بە وەرگێرانی چەند بەرهەمێك لە زمانی ئینگلیسی بۆ سەر زمانی فارسی كە ڕۆمانی «سرزمین كف» بەناوبانگترینیانە. ناوبراو لە ڕێكەوتی ١٩٧٨/٦/٣دا پاش ئازادبوون لە زیندان بە ماوەیەكی كەم كۆچیدوایی كرد. جووتیار حاجی تۆفیق، س. پ، ل ٥٨

٢. عەلی مەولەوی لە سالی ١٩٣٤ لە شاری مەهاباد لەدایكبووە، سەرەتای چالاكیی سیاسی بۆ سازمانی جەوانانی حیزبی توودە دەگەڕێتەوە؛ ئەوكات كە خوێندكاری پزیشكی بووە لە زانكۆی تاران و دواتر لە پاش كودەتای ١٩٥٣ لە ڕیزی ڕێكخستنەكانی «حدك»دا چالاكیی سیاسی درێژە پێدا. لە پەلاماری پۆلیس بۆ سەر ڕێكخستنەكانی حدك لە ١٩٥٨دا دەسگیر كرا، سەرەتا سزای ئیعدامی بە سەردا سەپا و دواتر سزاكەی لەسەر سووك كرا و پاش چەند سال مانەوە لە زیندان ئازاد كرا. ناوبراو دواتر وازی لە چالاكیی سیاسی هێنا و سالی ١٣٩٥ (٢٠١٦) كۆچیدوایی كرد. Kurdchannel، تەلەڤیزیونی حیزبی دیموكراتی كوردستان، هەواڵەكان، ٩ ی ئابی ٢٠١٦.

٣. جەلیل گادانی، پەنجا سال خەبات، ل ١٣٢.

حیزبی توودەش کە هاوکات لەگەڵ ئەوان لە زینداندا بوون لە خۆش کردنی ئاگری ئەم دووبەرەکییەدا ڕۆڵیان هەبوو.[1]

غەنی بلووریان دان بەو ناکۆکییەدا دەنێ و دەڵێ: «دوکتۆر مەولەوی نەزەری موساعید (بۆچوونی ئەرێنی)ی سەبارەت بە من و عەزیز [نەبوو]، چونکە ئێمە باڵی بەتەواوی چەپی ڕێبەریی حیزب بووین و مەولەوی ڕووحێکی ناسیۆنالیستیی پەیدا کردبوو، پێشتر لەگەڵ حیزبی توودە بوو، دواتر گۆڕا بوو بە نەك دژە توودە، بەڵکوو دژە کۆمۆنیست.»[2] جەلیل گادانی کە خۆی لەگەڵ گیراوەکان بوو، دەڵێ: «یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم ناتەبایی و ناکۆکییانە بۆ چەپڕەوی و چوونە ژێر کاریگەریی جەوی چەپی زیندان و ڕاستئاژۆیی دوکتۆر عەلی مەولەوی دەگەڕێتەوە.»[3]

حەسەن ڕەستگار[4] کە سەر بە باڵی ڕاستی ناسیۆنالیستیی حدك بوو و لە نێو زینداندا لایەنگریی لە بۆچوونەکانی دوکتۆر عەلی مەولەوی کردووە، لەم بارەیەوە دەڵێ: «دوکتۆر مەولەوی نە باوەڕی بە کۆمۆنیزم مابوو نە هیچ متمانەیەکیشی بە حیزبی توودە دەکرد. ئەو زۆرتر پێداگریی لەسەر بیری نەتەوەیی دەکرد و تەنانەت دەیگوت ئەگەر کۆمۆنیستیش دەبن،

---

١. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل ٢٢.

٢. برایم فەرشی، سەدەی کارەسات، ل ١٢٢.

٣. جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، ل ١٣٣.

٤. حەسەن ڕەستگار لەدایكبووی ساڵی ١٣١٤ (١٩٣٥) لە شاری مەهابادە. لە ساڵی ١٣٣٦ (١٩٥٧) دەبێ بە ئەندامی حدك. ماوەی سێ ساڵی بەهۆی چالاکی لە «حدك»دا لە گرتووخانەکانی ڕژێمی پەهلەویدا بردە سەر. ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣) بەرپرسی باشووری کوردستان بووە و ساڵی ١٣٤٨ (١٩٦٩) بۆتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و تا ساڵی ١٣٩١ (٢٠١٢) ئەندامی سەرکردایەتی و زۆر جار دەفتەری سیاسی بووە. خاوەنی چەندین بەرهەمی وەرگێڕان لە بواری ئەدەب و مێژوودایە.

كۆمۆنیستی نەتەوەی خۆتان بن. من بۆ یەكەم جار ئەو بۆچوونانەم لە نێو ڕێكخستنی «حدك»دا لە مەولەوی بیست و پێشتر لە هیچ ئەندامێكی سەركردایەتیی حیزبم نەبیستبوو، هەر بۆیە بە لامەوە سەرنجڕاكێش و لۆژیكی بوون و لایەنگریم لێدەكرد.»[1]

ڕەنگە بیرۆكەی بیری ناسیۆنالیستی لە نێو ڕێبەریی «حدك»دا پێش هەموو كەس بۆ دوكتۆر مەولەوی بگەڕێتەوە، بەڵام ناوبراو هیچ كات ئەو ڕۆڵەی نەگێڕا كە كەسانی دیكەی نێو ڕێبەریی حیزب لە داهاتوودا لەسەر چەسپاندنی تێڕوانینی چەپ و ڕاست هەیانبووە و ئەوەش بۆ وازهێنان و درێژە پێنەدانی چالاكی سیاسیی ئەو دەگەڕێتەوە.

لە ساڵەكانی كۆتایی دەیەی ١٣٣٠ (١٩٥١) مەسەلەی پێوەندیی نێوان حیزبی توودەی ئێران و حدك ئیتر ببوو بە پرسێكی گرینگ و جیددیی نێوخۆی ڕێكخستنەكانی حدك. بەپێچەوانەی ساڵەكانی پاش ڕووخانی كۆماری كوردستان و بووژانەوەی حدك و بەتایبەت سەردەمی دوكتۆر محەممەد موسەددیق، كە ئەگەر ئەم پرسە هاتبێتە ئاراوەش، لاواز و زۆر دەگمەن بووە. بەڵام بە دوای ڕووداوەكانی كودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و شكستی ستراتێژیكی حیزبی توودە و لاوازیی ڕێبەرانی و پەنا بردنیان بۆ وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و دواجار كەمشوێن بوونی لە كۆمەڵگای ئێراندا بەجۆرێك كە تەنیا ناوی لێ بەجێ مابوو[2] و هەروەها گرینگی

---

١. وتووێژ لەگەڵ حەسەن ڕەستگار، كۆیە، ٢٠١٦/٩/٩.

٢. لە كۆتایی ساڵی ١٣٣٥ (١٩٥٦)دا لە سەدان كادری چالاكی حیزبی توودە بێجگە لە «خوسرەو ڕووزبیهـ»، «عەلی موتەقی» و «فەرەجوڵلا میزانی» كەس نەمابوو و هوردووی گەورەی حیزبی توودەی ئێران كە تەنیا ڕێكخراوی ئەیالەتیی ئەو لە تاران لە ساڵی ١٣٣٢ (١٩٥٣)دا پتر لە ٢٠ هەزار ئەندامی هەبوو، بوو بە كەمتر لە ١٠٠ كەس. لەم سێ كادرەش فەرجەوڵلا میزانی بۆ بەشداری لە پلینۆمی چوارەم لە ساڵی ١٣٣٦ (١٩٥٧)

## باسی سێیەم: توندبوونی ململانێی باڵی چەپ و ڕاست

یەکێک لە دەرهاویشتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە پێوەندی لەگەڵ «حدک»دا ئەوە بوو کە زۆر لە تێکۆشەرانی ئەو حیزبە وڵاتیان بەجێهێشت و ڕوویان کردە عێراق، بەتایبەتی کە لە دوای هێرشی ساواک بۆ سەر ڕێکخستەکانی حیزب لە پاییزی ١٣٣٨ (١٩٥٩)دا سروشتی بوو کە ئەوانەی پێش هەموو کەس دەکەونە مەترسیی ڕاوەدوونان و گیران ئەندامانی ڕێبەرایەتین. بەو پێیە بمانەوێ و نەمانەوێ ناوەندی بڕیاردان و بنکەی ڕێبەرایەتی لە دوای ١٤ی تەمووزی ١٣٣٨ (١٩٥٩) کەم و زۆر گوازرایەوە بۆ عێراق. بەو زەمینەیەشەوە کە بۆ ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێو کادری ڕێبەرایەتی و کادرەکانی خوارتردا هەبوو، حدک وەک حیزبێکی یەکپارچەی خاوەن ڕێبەرایەتییەکی یەکپارچە و یەکگرتوو نەما و لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوە تووشی چەند دەستەیی بوو.[1]

بە دوای پەلاماری ساواک بۆ سەر ڕێکخستەکانی حدک لە ساڵی ١٣٣٨ (١٩٥٩)دا ئەو ڕێبەرییەی کە لە کۆنفرانسی یەکەم لە ساڵی ١٣٣٤ (١٩٥٥) هەڵبژێر درابوو دەوری نامێنێ[2] و تەنیا عەبدوڵلا ئیسحاقی بەناوی

---

١. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، ل ٢٦.

٢. لە شەش کەسی ئەندامی ڕێبەریی هەڵبژێر دراوی کۆنفرانسی یەکەم (١٣٣٤/ ١٩٥٥) چوار کەسیان لە زیندان بوون. عەزیز یووسفی، غەنی بلووریان، ڕەحمەت شەریعەتی و

بوو بەهۆی قەیرانێکی جیددیی نێو ڕێکخستەکانی حدك کە لەم سۆنگەیەوە یەکتر بوغزاندن، دەرکردن، هەڵوەرین و دەستەگەری و تەنانەت حەزفی فیزیکیی یەکتری لێکەوتەوە.

---

ڕووی دا و بارزانی لە پاییز (ئۆکتۆبر)دا لە سۆڤیەت دەگەڕێتەوە. کریس کوچرا، جنبش ملی کرد، ص ٢٥٣. د. قاسملووش کە تا ئەو کاتە کادری حیزبی توودە بوو، سروشتی بوو کە لە بەرەی چەپی «حدك»دا بوو.

خوازراوی ئەحمەد تۆفیق كە لە عێراق نیشتەجێ بیوو، بەكردەوە ڕێبەریی حیزب بەدەستەوە دەگرێ و لە نەبوونی سیما ناسراوەكانی بە ڕابردووی ڕێبەری و لێهاتوویی تاكەكەسی‌دا، ئەو زەمینەیەی بۆ دەڕەخسێ كە بێتە خاوەن ئۆتۆریتەیەكی تایبەت و دەسەڵاتێكی بەرفرەوان لە نێو «حدك»دا.[1]

ڕۆژی ٧ی ئۆكتۆبری ١٩٥٨ مستەفا بارزانی بە فڕۆكە گەڕایەوە بەغدا.[2] بارزانی لە گەڕانەوەی‌دا بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ لە «پراگ» لە چێكوسلۆڤاكی چاوەڕوانی ڤیزا بوو و لەم ماوەیەدا چاوی بە قاسملوو دەكەوێ و پێشنیاری پێ‌دەكا كە بگەڕێتەوە بۆ باشووری كوردستان و لە نێزیك سنوور نیشتەجێ بێ و بەو شێوەیەش لە شوێنی خۆی درێژە بە خەبات لە دژی ڕژیمی شا بدا. قاسملوو پێشنیارەكەی قەبووڵ كرد و لەگەڵ بارزانی گەڕایەوە بەغدا.[3]

دوای گەڕانەوەی قاسملوو هەوڵ دەدرێ بەڕێوەبەریی حیزب زیندوو بكرێتەوە و ڕێكخستنەكانیان لە نێوخۆی وڵات كە لە دوای پەلاماری ساواك لەبەریەكهەڵوەشابوون، ڕێك‌بخەنەوە و ئامادەسازی بكەن بۆ قۆناغێكی نوێی خەبات، بەتایبەت كە هەلومەرجێكی لەبار هەڵكەوتبوو

---

د. عەلی مەولەوی. عەبدوڕڕەحمانی قاسملووش ساڵی ١٣٣۶ (١٩٥٧) چووبووە دەرەوەی وڵات (چێكوسلۆڤاكی) و تەنیا عەبدوڵلا ئیسحاقی مابۆوە.

١. سەعید كاوە لەم بارەیەوە دەڵێ: «هەر وەختێك گوتبامان حیزب، یانی ئەحمەد تۆفیق، ئەگەر گوتبامان كاك ئەحمەد، واتە حیزبی دێموكراتی كوردستان. هەر كات كاك ئەحمەد بە یەكێكی گوتبایە تۆ ئەندامی حیزب نی، تەواو بوو! تازە بە حەوت ئاو دەشۆراوە و لە ئەندامەتی دەكەوت و هەڵنەدەستاوە.» سەعید كاوە، س. پ، ل ٦٩.

٢. كریس كوچرا، م. ق، ص ٢٥٣.

٣. نەسرین قاسملوو؛ س. پ، ل ٢٦٧. كارۆل پرۆنهوبێر، س. پ، ل ٢٠٦.

کە دەبوو کەڵکی لێوەربگیرێ.[١] بەڵام زۆری نەخایاند کە ناکۆکیی نێوان قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق کە ڕیشەی لە ڕابردووی چەند ساڵ لەوە پێش‌دا بوو و نوێنەرایەتیی دوو تێڕوانینی جیاواز (چەپ و ڕاست)یان دەکرد، دیسان سەری هەڵدایەوە و ئەندامانی حیزب لە عێراق بەسەر ئەو دوو باڵەدا دابەش بوون.[٢]

عەبدوڵلا حەسەن‌زادە[٣] کە لەو ساڵانەدا ئەندامی ڕێکخستنی نهێنیی حدك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، دەڵێ: «باڵی قاسملوو لایەنگریی لە

---

١. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا، ل ٤٧.

٢. کەریم حیسامی کە لە نێزیکەوە شاهیدی ئەم ناکۆکی و ملململانێیەی نێو حدك بوو و خۆی سەر بە باڵی قاسملوو (چەپ) بوو لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەحمەد تۆفیق دەیگوت قاسملوو لەگەڵ حیزبی توودەیە و دەیەوێ حیزبی دیموکرات لە بەین بەرێ و بێجگە لەوەی سەلاحیەت (شیاوی)ی حیزبیی نیە، قسەشی لەسەرە، لە تاران گیراوە و قەولی هاوکاریی داوە بە ساواك. لە سەفەری ئورووپاش بۆم دەرکەوت کە لەگەڵ توودەیە و بە نیاز بوو بە دیاری بمانداتە بە توودە.» کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووهەم، ل ٥٧- ٦٥. قاسملووش لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەحمەد تۆفیق تێگەیشتنی زۆر کەم بوو، زۆریش لەخۆ ڕازی بوو، هیچ موتالەعەی نەدەکرد کە شت فێر بێ، لە ناکام‌دا ئەو شێوە عەشیرەتییەی کە پێشتر باسم کرد و بارزانیش پێی خۆش بوو لە نێو ئێمەدا جێگیر دەکرد.» عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا، ل ٤٩.

٣. عەبدوڵلا حەسەن‌زادە، لەدایک‌بووی ساڵی ١٣١٧ (١٩٣٨) لە ناوچەی سەردەشتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی ١٣٣٢ (١٩٥٣) بۆتە ئەندامی حدك و لە ڕێکخستنی نهێنیی‌دا چالاك بووە. لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپەڕینی (١٣٤٦- ١٣٤٧/ ٦٧- ١٩٦٨)دا بەناچار لە باشووری کوردستان جێگیر دەبێ. لە کۆنفرانسی دووهەم (١٣٤٨/ ١٩٦٩) تا کۆنگرەی سێزدە بێجگە لە کۆنگرەی هەشتەم، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بووە؛ لە کۆنگرەی دە تا سێزدە سکرتێری گشتیی حدکا بووە. بێجگە لە چالاکیی سیاسی سیمایەکی ناسراوی ئەدەبیی کوردییە، خاوەنی دەیان بەرهەمی ئەدەبییە.

بیر و باوەڕی چەپ و دیموکراسی و پێشکەوتنخوازانە دەکرد و باڵی ئەحمەد تۆفیق پێڕەوی لە بیرێکی ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگانە دەکرد. هەر ئەو دوو بۆچوون و بیرکردنەوەیە دوو هەڵوێست، یان دوو سیاسەتی دیکەشیان هێنابووە کایەوە. قاسملوو لایەنگری سەرسەختی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردانی حدك بوو، لە بەرامبەردا ئەحمەد تۆفیق بە هەر دەلیلێك کە بۆخۆی پێی قانع بوو، «حدك»ی کردبوو بە کلکەیەك لە پارتی دیموکراتی کوردستان و بەکردەوە لەژێر ڕێبەرایەتیی پارتی و شەخسی مستەفا بارزانیدا بەڕێوە دەڕۆیشت.[1] لەو ساڵانەدا قاسملوو کادری حیزبی توودە بوو و لەم حیزبە هەڵنەبڕابوو، کە وا بوو نەیدەتوانی لە ڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە ڕێبازێکی جیاواز لە حیزبی توودە ڕەچاو بکا. کە وا بوو پرسی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان لەلای هەر دوو باڵی چەپ و ڕاستی حدك لەبەرچاو ناگیرێ.

باڵە ناکۆکەکانی نێو حدك لەسەر بابەتێکی دیکەش جیاوازیی بیروبۆچوونیان هەبوو. ئەحمەد تۆفیق هاتبووە سەر ئەو بڕوایە لە ڕێگەی ئەمریکاوە هەوڵی ڕزگار کردنی کوردستان بدەن.[2] بەپێچەوانە باڵی

---

١. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، ل ٢٨.

٢. لە کۆبوونەوەی کادرە باڵاکانی حدك لە ماڵی کەریم حیسامی لە بەغدا ئەحمەد تۆفیق دەڵێ: «دەوڵەتی ئەمریکا هاتۆتە سەر ئەوە کە یارمەتی کورد بدا، قەولی داوە و ئێمە پێویستە لەو هەلومەرجە کەلك وەرگرین. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووهەم، ل ٦٨ جەلیل گادانی، س. پ. ل ١٣١. ئەحمەد تۆفیق لە پاییزی ساڵی ١٩٦٢دا بە قاچاخی سەردانی ئیسفەهانی کرد تاکوو بتوانێ چاوی بە کونسوولی ئەمریکا بکەوێت و هەلومەرجی شۆڕشی کوردستان (باشوور)ی بۆ ڕوون بکاتەوە و سەرنج و دیدی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بەکێشەی کورد بزانێت.» د. یاسین سەردەشتی، ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵلا ئیسحاقی)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١١٨. هەژار موکریانی کە لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی ئەحمەد تۆفیق زۆر نزیکە، بۆ یەکەم

چەپیش یەکیەتیی سۆڤیەتی بە دۆست و پشتیوانی گەلانی بندەست بۆ ڕزگاری لەژێر چنگی کۆلۆنیالیزم دەزانی کە یەك لەوان گەلی کورد بوو. لەو ساڵانەدا جۆرێك کێبەرکێ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و

---

جار کە ئەحمەد تۆفیقی بینیوە لە شام بووە. ئەو لە بارەی ئەحمەد تۆفیقەوە دەڵێ: «ئەحمەد تۆفیق لاوێکە دە- دوازدە ساڵ لە من کەمتەمەنترە. گوتی دەچمە چێکۆسلۆڤاکی. وردە کێشەمان کرد. ئەو کە زۆر مارکسی و زانا بوو، لای وا بوو ئەو دەوڵەتانەی لەوپەڕی دەریاوە دێن وڵاتان داگیر دەکەن و ئیستعمارچی و سەگ و سەگبابن. من دەمگوت فەرقی چییە لە وشکانی بێ و لە دەریا بێ و... دەیگوت: ئێمە دەبێ وێڕای ئێرانییەکانی دیکە وەبەر ڕەحمەتی شیوعی کەوین و کوردی عێراقیش وێڕای عەرەب و کوردی تورکیە وێڕای هەموو تورکان.» من دەمگوت: «ئەمن بڕوام وا نییە کورد ئێرانی و عێراقی و تورکیەیی هەبێ، من خەلکی وڵاتێکی گەورەم ناوی کوردستانە، سێ- چوار دەوڵەت داگیریان کردووە...» زۆرمان لەو قسانە دەکرد، نە ئەو لە بیری خۆی دەهاتە خوار، نە منیش بەرەو عیلمەکەی ئەو سەر دەکەوتم.» هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، ل ٣٦٦. لەو سەفەرەدایە کە ئەحمەد تۆفیق بڕیار بوو لەگەل قاسملوو لە فێستیڤاڵی لاوان لە مۆسکۆ بەشدار بێ، بەلام لە پراگ بۆ ماوەی سێ مانگ دەگیرسێتەوە و ناتوانێ بڕوا بۆ مۆسکۆ. قاسملوو بەشداریی فێستیڤاڵەکە دەکا و «لە شوێن ئەحمەد تۆفیق نەسرین قاسملوو چوو بۆ مۆسکۆ و بەشداریی فێستیڤاڵی لاوانی کرد.» وتووێژ لەگەل عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٩. نەسرینی قاسملوو لە کتێبی «ئوروپاییەك لە وڵاتی کوردان» کە بیرەوەرییەکانی ناوبراون هیچ ئاماژەیەك بە بەشدار بوونی لە فێستیڤاڵی مۆسکۆ ناکات. بڕوانە: نەسرین قاسملوو، س. پ. ناکام بوونی عەبدوللا ئیسحاقی لە بەشداری کردنی لە فێستیڤاڵی لاوانی مۆسکۆ کە خۆی بەرێکەوتی نازانێ لە پاڵ هۆکاری دیکەی سیاسی کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکاری لە ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئەحمەد تۆفیقدا پێکهێناوە بەجۆرێك کە سەعید کاوە وتەنی: «خەباتی گەلی ڤیەتنام بخاتە ژێر پرسیار و ئەو وڵاتە بە نۆکەری سۆڤیەت و چین دابنێ.» سەعید کاوە، س. پ، ل ٥٠. بۆیە کەریم حیسامی دەڵێ: «عەبدوللا ئیسحاقی لەگەل ناوگۆڕینی، فکر و باوەڕیشی گۆڕاوە.» کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووهەم، ل ٥٥.

حیزبی شیووعی له ئارادا بوو و له نێو پارتیش‌دا باڵه ناكۆكه‌كان واته باڵی چه‌پ و ڕاست له‌سه‌ر نیزیكی و دۆستایه‌تی به‌رامبه‌ر به حیزبی شیووعی هه‌ڵویستی جیاوازیان هه‌بوو.[1] بۆ وێنه هه‌مزه عه‌بدوڵلا كه سكرتێری ئه‌و حیزبه بوو هه‌میشه له شیووعییه‌كان نیزیك بوو و ئه‌وانی به هێزی زاڵی ئایه‌نده ده‌زانی.[2] پرێشكی ئه‌و ناكۆكییانه به‌ر «حدك»یش ده‌كه‌وێ. كه‌ریم حیسامی له‌و باره‌یه‌وه ده‌ڵێ: «ئه‌حمه‌د تۆفیق كه به نوێنه‌ری حدك ناسرابوو به‌گوێره‌ی بیر و باوه‌ڕ و هه‌ڵویستی خۆی نه‌یكردبوو بێ‌لایه‌نی خۆی بپارێزێ. نه‌ك هه‌ر پتر له‌گه‌ڵ پارتی هاوكاریی ده‌كرد و نیزیك ببۆوه، به‌ڵكوو به قسه هێندێ جار پتر له ئه‌ندامانی پارتی دژی حیزبی كۆمۆنیستی عێراق ده‌بزووته‌وه. هه‌ر ئه‌م هه‌ڵویسته‌ش له‌لایه‌ك له مه‌لا مسته‌فای وه نیزیك خستبوو، له لایه‌كی دیكه ئه‌ندامانی حیزبی شیووعی به چاوی دۆستانه ته‌ماشای ئێمه‌یان نه‌ده‌كرد.»[3]

---

۱. باڵی چه‌پی پارتی دیموكراتی كوردستان بریتی بوون له: هه‌مزه عه‌بدوڵلا، نه‌ژاد ئه‌حمه‌د عه‌زیزئاغا، خوسره‌و تۆفیق، نووری شاوه‌یس، حه‌مید عوسمان و... كریس كوچرا، م. ق، ص ۲۵۵. هه‌ر یه‌ك له پارتی دیموكراتی كوردستان و حیزبی كۆمۆنیستی عێراق تێده‌كۆشان ببنه پارتی جه‌ماوه‌ری و بووشن. هه‌ر دوو خۆیان به ماركسی ـ لێنینی ده‌رده‌خه‌ن و به‌وه‌ی كه حیزبی كۆمۆنیست لقی له كوردستان‌دا كرده‌وه و ئه‌ندامانی كوردی تێدا كارا بوون ـ سه‌ركردایه‌تیشیان پێكهاتبوو له تێكه‌ڵیكی نه‌ته‌وه‌یی ـ و به‌وه‌ی سه‌رچاوه‌ی ئه‌ندامانی هه‌ر دوو پارت له هه‌مان چینی كۆمه‌ڵ بوون، له كوردستان‌دا به‌ربه‌ره‌كانێ زۆری یه‌كتریان ده‌كرد. حیزبی كۆمۆنیستی عێراق «پێدك»ی تاوانبار ده‌كرد به‌وه‌ی كه هه‌ستی ڕه‌گه‌زایه‌تی له نێو ورده‌بوورژوازیی كورددا ده‌بزوێنێ. زێرار شالیان و ئه‌وانی تر، گه‌لێكی بێ‌ژمورده و نیشتمانی پارت (كورد و كوردستان) وه‌رگێرانی: م. گۆمه‌یی، سوید، ۱۹۸۸، ل ۲۸.

۲. ده‌یڤید مه‌كداول، س. پ، ل۴۲۹.

۳. كه‌ریم حیسامی، له بیره‌وه‌رییه‌كانم، به‌رگی دووهه‌م، ل ۶۱

لە بەرامبەریش‌دا باڵی چەپ (قاسملوو) پێوەندیی گەرم‌وگوڕی لەگەڵ حیزبی شیوعی[١] و باڵی چەپی نێو پارتی دادەمەزرێنێ و ئەمەش نە تەنیا لە چاوی باڵی ڕاستی نێو پارتی ون نەبوو، بەڵکوو لێی بە گومان و تووڕە بوون.[٢]

دواجار لە پرۆسەی توندبوونی ململانێی نێوان دوو باڵی چەپ و ڕاست لە نێو «حدک»دا سەرەتا قاسملوو دەچێتە پەراوێزەوە و دواتر لە

---

١. پێوەندیی قاسملوو لەگەڵ هێزە چەپەکان لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٥٤- ١٩٥٥. ئەو بەهۆی بیر و بۆچوونە مارکسییەکانی خۆیەوە هەوڵی داوە ڕۆڵی سیاسیی خۆی باش نیشان بدا لەگەڵیان و بەتایبەت کاتێک لە ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوو کە چەپەکان لە سێ باڵی جیاواز پێکهاتبوون، وەک (وحدة الشیوعیین)، (رایة الشغیلة) و (وحدة العمل). قاسملوو چەند جار بە نهێنی سەردانی عێراقی کردووە و چاوی بە یەکە یەکەی ئەو لایەنە جیاوازانە کەوتووە و هەوڵی زۆری لەگەڵ داون بۆ یەکگرتنەوە و یەکپارچەیی‌یان کە سەرەنجام هەوڵەکانی جێی خۆیان گرت و یەکیان گرتەوە لەژێر ناوی حیزبی شیوعی. هۆشمەند عەلی مەحموود، عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، ل ١٤٥.

٢. کەریم حیسامی لەو بارەیەوە دەڵێ: «لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی‌دا، ئەحمەد تۆفیق گوتی: مەلا مستەفا لە قاسملوو تووڕەیە. ئەو لەگەڵ شیوعییەکان و لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلا ڕێگەی خۆی جیا کردۆتەوە. لەم پێوەندییەدا ڕۆژێک لە بەغدا چوومە ماڵی مەلا مستەفا. ساڵحی خوارزای هاتە لام و گوتی بە خوا ئێمە تۆمان بە کوردێکی دڵسۆز دەزانی، ئەمانزانیوو تۆش لەگەڵ قاسملوو و دەستەی نەژاد و هەمزە عەبدوڵلا و شیوعییەکانی.» کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (٢). ل ٦٧ و ٧٦. ئەم کەشە گوماناوی و تووڕەبوونە بە دوای لادانی هەمزە عەبدوڵلا و هاوبیرانی‌دا هەر درێژەی هەیە. ئەوە نییە کاتێک ڕەحمان قاسملوو دەچێتە لای برایم ئەحمەد کە شوێنی هەمزە عەبدوڵلای گرتبۆوە بە لەونێکی نادۆستانە پێی دەڵێ: «ئێمە ئەحمەد تۆفیق بە نوێنەری حدک دەناسین، ئێوە شەو و ڕۆژ لەگەڵ هەمزە و نەژاد دژی پارتی کار دەکەن، ئێوە لەگەڵ شیوعییەکانن.» هـ. س، ل ١٣١.

ساڵی ١٩٦٠ وڵاتی عێراق جێدەهێڵێ. قاسملوو لەم بارەیەوە دەڵێ: «لە عێراق پێیان گوتین لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا دەبێ بڕۆن و سەرەنجام لە ماوەی حەوتوویەکدا لە عێراق وەدەریان نایین. ئەوە ساڵی ١٣٣٩ (١٩٦٠) بوو. بەو پێچەشنە من لە ساڵی ١٣٣٩ هەتا ١٣٤٩ (١٩٦٠ ـ ١٩٧٠) بەشبەحاڵی خۆم تەنیا لە دەرەوە و لە دوورەوە ئاگاداری دۆخی حیزب بووم.»[1]

---

١. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا، ل ٣٧. دەرکردنی قاسملوو لەلایەن دژبەرانیەوە (ئەحمەد تۆفیق) بە پیلانی ناوبراو و پشتیوانەکانی دادەنرێ. بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: سەعید کاوە، س. پ، ل ٥٠ـ ٥٢؛ کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووهەم، ل ٨٨، ٨٩ و ٩٠؛ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، ل ٢٩. کارۆل پرۆنهوبێر دەڵێ: «ڕەنگە هۆی ئەم دەرکردنە لەئەکاوە بگەڕێتەوە بۆ لای بارزانی کە دەگەڵ عەبدوڵڵا ئیسحاقی و کادر و پێشمەرگەکانی دیکەی حدک چەشنێك هاوبیری و هاوکاریی لە دژی قاسملوو پێکهێنابوو. ئەوان [ئیسحاقی و هاوکارەکانی] سەر بە باڵی ناسیۆنالیست بوون و هەر وەك بارزانی پێیان وا بوو قاسملوو ئامرازێکی حیزبی توودەیە و لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی عێراق پێوەندییەکی تەواو نیزیکی هەبوو. بەپێی زانیاریی کۆمەڵێك لە کۆنە ئەندامەکانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، بارزانی داوای لە دەوڵەتی عێراق کردبوو قاسملوو لە عێراق دەرکا.» کارۆل پرۆنهوبێر، س. پ، ل ٢٠٨. د. یاسین سەردەشتی پێی وایە قاسملوو لەبەر ئەقڵیەتی توودەیی ئەم ڕێبازە نەتەوایەتییەی ئەحمەد تۆفیقی قەبووڵ نەبوو و ڕێگای ئورووپای خۆرهەڵاتی گرتە بەر و گەڕاوە بۆ لای حیزبی توودە. د. یاسین سەردەشتی، هەڵوێستی حیزبی توودە لە ئاست کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١ـ ١٩٨٣)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٨٠. نەسرین قاسملوو کە بە بڕیاری گەڕانەوەی هاوسەرەکەی بۆ عێراق (١٩٥٨) ناڕازییە و قاسملوو ئەوی لەسەر دووڕێیانی جیابوونەوە و چوونەوە لەتەکی بۆ عێراق دادەنێ، دەڵێ: «ڕەحمان گوتی بزانە کە من چی دیکە ناگەڕێمەوە بۆ ئێرە و تا ڕزگاریی کوردستان لەوێ دەمێنمەوە.» نەسرین قاسملوو، س. پ، ل ٢٦٨. جێی ئاماژە پێکردنە، قاسملوو لە بەغدا وەك مامۆستا لە زانکۆی بەغدا وانەی دەگوتەوە و نەسرینی هاوسەری لە وەزارەتی نیشتەجێ بوون دامەزرابوو. کارۆل

ئەگەر باڵی چەپ باوەڕی بە بەڕێوەبردنی حیزب بە شێوەیەکی مۆدێرن (دیموکراتیك) و دوور لە نەریتەکانی عەشیرەیی بوو، بەڵام خۆی لە ئێفکرینی توودەیی و بەستنەوەی چارەنووسی حدك بەم حیزبە ڕزگار نەدەکرد. باڵی ڕاستیش ئەگەر کوردایەتی و بیری نەتەوەیی بە لاوە گرینگە و خۆ ڕزگار کردنی لەژێر سێبەری قورسی توودە ئامانج بوو، بەڵام چارەنووسی خۆی بە پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی لەم بەشەی کوردستانەوە گرێ دابوو. لە ڕووی دۆزینەوەی دۆست و پشتیوانێك لە ململانێی جیهانیی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی‌دا، هیوا هەڵچنینی خاوەن ئێڕوانینە چەپەکان بە یەکیەتیی سۆڤیەتی وەك پشتیوانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوە بن‌دەستەکان و خاوەن ئێڕوانینە ڕاستەکان بە ئەمریکا وەك تاکە دۆست و دڵسۆزی پرسی کورد؛ خەیاڵێکی خاو بوو. چونکی هەر کام لەو دوو زلهێزە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە لاوە گرینگتر بوو، تا گەیشتنی نەتەوەیەکی ژێردەستە بە مافەکانی و ئەگەر جاروبار لەسەر پرسی کورد دەهاتنە سەر خەت، لە ڕووی ستراتێژیکییەوە نەبوو و تەنیا بەرژەوەندیی کاتی پێی دەکردن و لە تاکتیکی کورت‌خایەن بەو لاوە هیچی دیکە نەبوو. ئەزموونی ساڵەکانی ١٩٤٦ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت و ١٩٧٥ لە باشووری کوردستان بۆ ئەمریکا بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە.

---

برۆنهوێتر، س. پ، ل ٢٠٨. هێشتا پێوەندیی نێوان کورد و قاسم بەرەو گرژی نەچووبوو. هەر بۆیە جێ‌هێشتنی عێراق لەلایەن «قاسملوو»ەوە کە تەنیا ساڵێك و چەند مانگێکی لێ تێنەپەڕیبوو، زەحمەتە بڕیارێکی ئارەزوومەندانە بێ.

## باسی چوارەم: لێکدابڕان

تەمەنی ئەو لیبرالییەتەی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە بەدبەختیی کورد کورتخایەن بوو. عەبدولکەریم کە چنگی لە کورسی گیر بوو، بوو بە دیکتاتۆریکی سپادۆست و لە گشت بەڵێنەکانی پاشگەز بۆوە[١] و یەك لەوان ئەو بەڵێنانەی کە بە کوردی دابوون. بەکار هێنانی سیاسەتی «هاوسەنگی ڕاگرتن» واتە بە دەمەوە گرتنی چەپەکان هێندێ کات و ڕاستڕەوەکان هەندێ کاتی دیکە، شێوازێکی تاکتیکی بوو بۆ دەست هەلگرتنی حکومەت لە ڕێبازی پەرە پێدانی دیموکراسیەت و گەڕانەوە بۆ سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندن و ڕاوەدوونانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان، بەتایبەتیش ڕاوەدوونانی وڵاتپارێزانی کورد، ئەوانەی لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانیاندا خەباتیان دەکرد.[٢]

بلاوکراوەکانی فەرمیی عێراق دەستیان کرد بە هێرش بۆ سەر سەرکردایەتیی کورد و لەبەرچاو نەگرتنی تایبەتمەندیی کوردستان و کەم کەم لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان کوردستانیان بە بەشێك لە دەوڵەتانی عەرەبی ناو برد و عەبدولکەریم قاسم داوای توانەوەی کورد و عەرەب لە نێو

---

١. سوزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد، توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە (١٩٤٧- ١٩٧٥)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٧٤.

٢. م. س لازاریف و دیگران، م. ق، ص ٢٤٠.

یەکتری‌دا کرد[1] و «خەبات»، ڕۆژنامەی پارتی دیموکرات بە تووڕەیی وڵامی دایەوە.[2] لە ئازاری ١٩٦١ حکوومەت دەرچوونی ڕۆژنامەکەی قەدەغە کرد، هەروەکوو زۆربەی بنکەکانی پارتی داخران و سەرکردەکانی لەگەڵ زۆربەی ئەندامەکانی خرانە نێو زیندانەکانەوە.[3]

مستەفا بارزانیش کە لە بەغدا لە خۆی ئەمین نەبوو، گەڕایەوە بارزان و زۆر کەس لە کوردەکان کە مەترسیی گیرانیان هەبوو، خۆیان شاردەوە یان چوون بۆ کوردستان بۆ پاڵ بارزانی و لایەنگرەکانی. بەهاری ساڵی ١٩٦١ دۆخەکە لە کوردستانی باشوور شپرزەتر بوو، حکوومەتی قاسم بە یارمەتیی هێندێك سەرۆك عەشیرەت و خاوەن مڵکە گەورەکان دەستی کرد بە ئاژاوەنانەوەیەکی چەکدارانە بۆ ئەوەی لە کوردستان شەڕ هەڵایسێنێ.[4] لە سێپتامبری ساڵی ١٩٦١ حکوومەت فەرمانی دەرکرد بۆ سەرکردایەتیی فیرقەی دووی سپای عێراق کە لە کەرکووك جێگیر کرابوو بە پێشڕەوی کردن بۆ ناوچەی بارزان ـ بە مەبەستی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی یاسا ـ و لە ٧ی سێپتامبر فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق ناوچەی بارزانیان بۆردومان کرد و ١١ی ئەیلوول بۆردومانەکان پەرەیان سەند و

---

١. ئازناز محەممەد عەبدولقادر، س. پ، ل ١٠٥.

٢. دەیڤید مەکداول، س. پ، ل ٦٣٥.

٣. شێرکۆ فەتحوڵلا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە عێراقدا (١٩٤٦- ١٩٧٥)، وەرگێڕانی سوارە قەڵادزەیی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ١٧٢. هەروەها دەسەڵاتدارەتیی عێراق بڕیاری دەسگیر کردنی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دەرکرد کە دوو سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. م. س. لازاریف، م. ق، ص ٢٤١.

٤. عەبدورڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، ل ٣٤٤.

هەموو ناوچەکەی گرتەوە. ئەو ڕۆژەش دادەنرێ بە سەرەتای جەنگی ڕزگاریخوازانەی درێژخایەنی کوردستانی باشوور.[١] بەم جۆرە شەڕێکی درێژی چەند ساڵە دەستی پێکرد کە تا ئازاری ١٩٧٥ کۆتایی نەهات.

حدك دەبوو هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە شۆڕش دیاری بکا. بەشێك لە کادر و ئەندامانی حدك بە ڕێبەریی ئەحمەد تۆفیق چوونە پاڵ شۆڕش و لە ڕێگەی کۆکردنەوەی پێتاك (جل‌وبەرگ، پێڵاو، داودەرمان و پارە) لە هەر دوو دیوی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان یارمەتییان بە شۆڕش کرد. دیارە ئەحمەد تۆفیق هاوڕێ لەگەڵ بەشێك لە پێشمەرگەکان بەمە ڕانەوەستا و بەشداریی چالاکانەی بەرەکانی شەڕی بەتایبەتی لە ناوچەی بارزان و باڵەکایەتی‌دا کرد.[٢]

شۆڕشی ئەیلوول کاردانەوەی لەسەر خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەبوو و وزە و هیوای دووبارەی بە خەڵك بەخشی و بەتایبەتی چالاکیی حدك کە لە دوای پەلاماری پۆلیس لە ساڵی ١٣٣٨

١. م. س. لازاریف، م. ق، ص ٢٤٣.

٢. مەسعوود بارزانی لەم بارەیەوە دەڵێ: «پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٦١ سەرکردایەتیی ئەو حیزبە و جەنگاوەرەکانی بەکردەوە بەشدارییان لە شۆڕش‌دا کرد و دەمەوێ لە هەڵوێستەکانی سکرتێری حیزب ئەحمەد تۆفیق و قارەمانەتی و سڵ نەکردنەوە و دڵسۆزیی کەم‌وێنەی بدوێم. هەڵوێستی قارەمانانە و نائاساییی ئەوم لە یادە کە ساڵی ١٩٦٣ لە شەڕی چیای پیرس پیشانی دا، چەند سەرکردەی قارەمانی بەناوبانگی وەك شەهید عوزێر دۆڵەمەری و حاجك چەمی شایەتیان بۆ دەدا و هەمیشە باسی هەڵوێستی قارەمانانە و لەخۆ بوردوویی و دڵسۆزیی ئەویان دەگێڕاوە. جا چ شایەتییەك لەسەر هەڵوێستی قارەمانانە لە شایەتیی کەسانێ بەهێزترە کە خۆیان بە چەندین قارەمانەتی ناوبانگیان دەرکردبێ.» مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، شۆڕشی ئەیلوول، (١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێهەم، بەشی دووهەم، ل ١٩٠.

(١٩٥٩) تووشی کزی هاتبوو، وردەوردە بووژایەوە. ڕەسووڵ پێشنماز[١] دەڵێ: «هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردەواری‌دا وەك تۆپ تەقییەوە و لە هەموو جێگەیەك هەر ئەو باسانە بوو بەتایبەت لە نێو سیاسییەکان‌دا.»[٢] هەر بۆیە زۆر لاوی خوێن‌گەرم و خاوەن هەڵوێست لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەهاتن بۆ نێو ڕیزەکانی حدك و ڕاستەوخۆ لەگەڵ شۆڕش پێوەندییان دەگرت.[٣]

بە ڕۆیشتنە دەرەوەی قاسملوو، ئەو بەشە لە ململانێی کە مۆرکی تێڕوانینی چەپ و ڕاستی بەخۆوەگرتبوو، ئەگەر نە بەتەواوی بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر کۆتایی پێهات و ئەحمەد تۆفیق بەبێ ڕکەبەر و نەیارێك کە خاوەن سیمای سیاسیی ناسراو بێ دەمێنێتەوە و بەکردەوە حدك لە ئیختیاری‌دا بوو. بەڵام کێشە و ناکۆکی و دەستەگەری بەرۆکی ئەم حیزبە بەر نادەن و لە ماوەی نێوان ساڵەکانی (١٣٣٩ ـ ١٣٤٣/ ١٩٦٠ ـ ١٩٦٤) واتە لە دوای ڕۆیشتنە دەرەوەی قاسملوو تا پێکهێنانی کۆنگرەی دووهەمی حدك

---

١. ڕەسووڵ پێشنماز لەدایك‌بووی ساڵی ١٣١٣ (١٩٣٤) لە شاری مەهابادە. لە هەرەتی لاوەتی‌دا تێکەڵ بە ڕیزەکانی حدك دەبێ. لە ساڵی ١٩٦٣وە لە باشووری کوردستان دەگیرسێتەوە. بۆ ماوەیەك بەشداری ڕاپەڕینی چەکدارانەی (١٣٤٧- ١٣٤٦/ ١٩٦٧- ١٩٦٨)ی کردووە و لە کۆنگرەی ٣ی «حدك»دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ و تا ساڵی ١٩٨٢ لە ڕیزی «حدك»دا چالاك بووە. ڕەسووڵ پێشنماز، سەربردەی ژیانم.

٢. هـ. س، ل ٧٤.

٣. جەلیل گادانی، س. پ، ل ١٣٩. محەممەد خزری کە یەکێك لەو لاوانە بووە، دەڵێ: «ئاگری شۆڕشی کوردستان تینی وەبەر گەڕابوو، لاوانی کورد دەستە دەستە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو شۆڕش دەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی، ئەوانەی دەهاتن بۆ نێو شۆڕش زۆرتریان دەچوونە لای کاك ئەحمەد تۆفیق.» محەممەد خزری، لاپەڕەیەك لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢- ٤٧ (١٩٦٣- ١٩٦٨)ی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ل ٤٥.

له ساڵی ١٩٦٤ تووشی دوو جار دابڕان بەهۆی ژمارەیەك لە كادرە باڵاكان و ئەندامانی دەبێتەوە.

دامەزرانی كۆمەڵەی ڕزگاریی كوردستان لە كۆتایی پووشپەڕی ١٣٤٢ (١٩٦٣) لە گوندی پیرەكەپری ناوچەی بارزان لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و پێشمەرگەی «حدك»ـەوە وەك: محەممەد ئێلخانی زادە، مەلا عومەر سادق نگڵی، جەمیل مەردۆخ و مەلا ئەحمەد ناسراو بە مەلا ئاوارەی شەڵماشی بە ڕێبەرایەتی سەلاحەددین موهتەدی؛ دەتوانرێ بە یەكەم هەوڵ دابنرێ بۆ دەستەبەندی و خۆ جیا كردنەوە لە حدك و ڕێبەرایەتیی ئەحمەد تۆفیق.[1] كۆمەڵەی ڕزگاریی كوردستان بەرنامە و پرۆگرام بۆ خۆی دادەنێ[2] و چەند كۆپییەكیان لە بەرنامە و پرۆگرامی كۆمەڵەی ڕزگاریی بە ڕۆنیۆی حدك كە مەلا سەید ڕەشید بەرپرسی بوو بە دزی چاپ كرد و لە نێو خەڵكی سەر سنوور و لایەنگرەكانیاندا بڵاویان كردۆتەوە و بەرەبەرە ژمارەیەك لە خزم و دۆستانی خۆیان بەرەو حیزبەكەیان ڕاكێشاوە.[3]

كۆمەڵەی ڕزگاریی كوردستان بە نیوە نهێنی لە باشووری كوردستان و بە نهێنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی كوردستان (بۆكان، سەردەشت و لە نێو خوێندكارانی زانكۆ لە تاران) تا ساڵی ١٩٦٥ بەردەوام بوو لە چالاكیی سیاسی و تەشكیلاتی، لەم ساڵەدا دوای ئەوەی ڕژیمی ئێران لێ‌خۆش

١. د. یاسین سەردەشتی، ژیان و تێكۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق، ل ١٣٣.

٢. بۆ زانیاری لەسەر دەقی پازدە مادەكەی بەرنامە و پرۆگرامی كۆمەڵەی ڕزگاریی كوردستان بڕوانە: كەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەكانم، بەرگی چوارەم (١٩٧٠- ١٩٧٥)، ستۆكهۆلم، ١٩٩٠، ل ٦١- ٦٣

٣. حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق سەركردەیەكی ون لە مێژوویەكی شێوێندراو، هەولێر، ٢٠١٥، ل ١٧٧.

بوونی دەرکردبوو، سەلاحەددین موهتەدی گەڕایەوە بۆ ئێران[١] و بەم جۆرە کۆتایی بە تەمەنی کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان هات. بە وردبوونەوە لە پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان دەردەکەوێ کە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستیە و هیچ مۆرکێکی تێفکرین و ڕوانگەی چەپڕەوانەی پێوە نییە. کە وا بوو ناتوانێ کێشەی فکری و سیاسی لەگەڵ حدك بووبێ و تەنیا بەهۆی نەحاوانەوە و وێك هەڵنەکردن بووە کە ئەم دابڕانە ڕووی داوە.[٢] ئەمە لە دانیشتنی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و سەلاحەددین موهتەدیدا بەڕوونی دەخرێتە ڕوو؛ موهتەدی دەڵێ: «ئێمە [خۆی و محەممەد ئێلخانیزادە] بە بارزانییمان ڕاگەیاند کە بڕیارمان داوە جیا ببینەوە لە ئەحمەد تۆفیق و ناتوانین لەگەڵی هەڵبکەین.»[٣]

---

١. وتوویێژ لەگەڵ سەلاحەددین موهتەدی، سلێمانی، ٢٠١٦/٥/١٧. سەلاحەددین موهتەدی ساڵی ١٩٣٨ لە بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦١ لە زانکۆی تاران ڕێکخراوی خوێندکاری کورد پێکدێنێ و لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان پێوەندی دەگرێ، بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەرپرسی باشووری کوردستان بوو و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا گیرساوەتەوە، هەڵگری بڕوانامەی یاسایە لە زانکۆی تاران و وەکوو کەسایەتییەکی سیاسی و ئەدەبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە.

٢. لە مادەی چوارەمی پرۆگرامی کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستاندا نووسراوە: «کۆمەڵە خەبات دەکا بۆ وەدەستهێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا.» لە مادەی شەشەمدا نووسراوە: «کۆمەڵە بە هەموو تواناوە تێدەکۆشێ بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هەموو چینەکانی گەلی کورد لە نێو ڕێکخراوەیەکی سیاسی و ناسیۆنالیستدا.» کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی چوارەم، ل ٦١- ٦٣

٣. وتوویێژ لەگەڵ سەلاحەددین موهتەدی، سلێمانی، ٢٠١٦/٥/١٧. شایانی باسە کە ئەحمەدی موفتیزادە کە دامەزرێنەری یەکەم ڕێکخراوی ئیسلامی (مەکتەبی قورئان ١٩٧٧) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لە ڕێگەی موهتەدییەوە لەو خوێندکارانە بوو کە

ئەم لێكترازانە شوێنەواری كێشە و ململانێی مستەفا بارزانی و مەكتەبی سیاسی پارتی پێوە دیارە، بۆ وێنە لایەنی دابڕاو (كۆمەڵەی ڕزگاریی كوردستان) بە لایەنگری لە باڵی مەكتەبی سیاسی و پشتگیری لەوان دەناسرێن. ڕەسووڵ پێشنماز كە خۆی ئەو كات لە نێو ڕووداوەكاندا بووە، دەڵێ: «سەلاحەددینی موهتەدی لای مام جەلال و مامۆستا برایم ئەحمەدی دەگرت.»[1]

جیابوونەوەی دووهەم لە حدك، بەناوی «كومیتەی ساغكەرەوەی حیزبی دیموكراتی كوردستان» خۆی پێناسە كرد. ئەم كومیتەیە سەرەتا لە پێنج ئەندام پێكهات كە بریتی بوون لە: قادر شەریف (هاشم اقل طلاب)، مەلا ئاوارە، حەسەن ڕەستگار، حوسێن مەدەنی، و سەعید كوێستانی.[2]

---

پێوەندیی بە حیزبی دیموكرات وەك ڕێكخراوێكی ناسیۆنالیستییەوە گرت و لەم سۆنگەیەوە ماوەیەك لەلایەن ڕژیمی پەهلەوییەوە زیندانی كرا. وتوویژ لەگەڵ سەلاحەددین موهتەدی، سلێمانی، ٢٠١٦/٥/١٧. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە:
Ezzatyar ‹A. (2016) The last Mofti of Iranian Kurdistan. New York: Palgrave Macmillan

١. ڕەسووڵ پێشنماز، سەبردەی ژیانم، ل ١٣٩.

٢. عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیوسەدە تێكۆشان، بەرگی یەكەم، ل ٣١. سەعید كوێستانی كە خۆی لە دامەزرێنەرانی كومیتەی ساغكەرەوە بوو، لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەو برادەرانە كە لەو كاتە سەخت و پڕ تەنگ و چەڵەمەیەدا پێكەوە بووین و خۆمان بۆ خەبات و بەربەرەكانیی درێژخایەن و پتەو كردنی حدك ئامادە دەكرد، بریتی بوون لە ٢٣ كەس كە تەنیا ئەوانەی خوارەوەم لە بیر ماون: عوسمانی مام سەعید، عوسمان عەزیزیان، خەلیل شەوباش، قادر چاپچی، حەسەن نەغەدەیی، جەعفەر كەریمی، محەممەد كاكاغازادە، قادر قازی، ڕەحمان سەدیقی، میرزا خدر ڕۆستەمی، ئەحمەد جەوانمەرد، یوونس ئاهەنگەری، سەید فەتاح نیزامی، ڕەسووڵ پێشنماز، حوسێن مەدەنی، حەسەن ڕەستگار، قادر شەریف (هاشم اقل طلاب) و دواتر مەلا ئەبووبەكر فەلسەفی و مەلا ئاوارە شەڵماشی.» سەعید كاوە، ئاورێك لە بەسەرهاتی خۆم...، ل ٩٨- ١٠٠.

ئەو کومیتەیە بە دەرکردنی بەیاننامەیەك لە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٤٣ (١٩٦٤/٦/١٧) بوونی خۆی ڕاگەیاند[1] و دەستی بە چالاکی کرد و سەرنجێکی تایبەتی دایە کاری حیزبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە چوار دەستەدا بۆ کاری ڕێکخستن چوونەوە نێوخۆی وڵات و دەستیان بە کاری ڕێکخستن کرد.[2]

بەر لەوەی کومیتەی ساغکەرەوەی حدك جیابوونەوەی خۆی ڕابگەیەنێ بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان و ئەحمەد تۆفیق دەچنە لای بارزانی. حوسێن مەدەنی[3] کە بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بووە دەڵێ: «لە سەنگەسەر نیزیك بە ٦ سەعات لەگەڵ بارزانی دانیشتین، سەرەنجام گوتی من ئەحمەد تۆفیق نادەم بە ئێوە و ئێوە بەدژی ئەحمەد تۆفیق هان دراون.»[4] کە دەبێ مەبەستی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بێ. کومیتەی ساغکەرەوەش کە چەند کەسیان (قادر شەریف و سەعید کوێستانی) پێشتر پێوەندییان لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی هەبوو، بەرەو گوندی مالوومە لە دۆڵی جافایەتی، شوێنی نیشتەجێ بوونی مەکتەبی سیاسیی پارتی دەچن و لە پەنا ئەواندا بە یارمەتیی

---

١. بۆ زانیاری لەسەر ئەم بەیاننامەیە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٦

٢. وتووێژ لەگەڵ حوسێن مەدەنی، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٣. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: ڕەسووڵ پێشنەماز، سەربردەی ژیانم، ل ١٥٨ – ١٦١.

٣. حوسێن مەدەنی لەدایکبووی ساڵی ١٣١٧ (١٩٣٨) لە شاری مەهابادە. سەرەتای شەستەکان بۆتە ئەندامی حدك و دواتر لە باشووری کوردستان گیراوەتەوە. لە کۆنگرەکانی ٤ تا ١٢، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بووە.

٤. وتووێژ لەگەڵ حوسێن مەدەنی، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٣.

مەکتەبی سیاسی بنکە دادەنێن و پێداویستییەکانیان وەك چەك و ... بۆ دابین دەکرێ.[١]

دابڕانی کومیتەی ساغکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە حدك کە بە نیسبەت دابڕانی پێشوو (کومەڵەی ڕزگاریی کوردستان) بەرفرەوانتر بوو، هۆکارەکەی زۆرتر بۆ نەحاوانەوە و ویكهەڵنەکردن دەگەڕێتەوە و ئەمە لە یەکەم ڕاگەیاندراوی کومیتەی ساغکەرەوەدا بەڕوونی دەردەکەوێ کە تێیدا هێرشێکی توند دەکرێتە سەر ئەحمەد تۆفیق و تاوانبار دەکرێ بە لادان لە ڕێبازی حیزب و پێڕەو کردنی هێڵی خێڵەکی و بە کەسێکی تاکڕەو و پاوانخواز دەناسرێ.[٢]

ئەم دابڕانە شوێنەوارێکی ئەوتۆی کە گوزارشت لە جیاوازیی سیاسیی چەپ و ڕاست بکا تێیدا نابینرێ، هەرچەند لەوانەیە لە نێو ئەندامانی کومیتەی ساغکەرەوەدا کەسێك یان کەسانێك خۆیان بە چەپ زانیبێ، بەڵام بەگشتی ئەم دابڕانە ناچێتە ململانێی ئایدۆلۆژی و دوو تێڕوانینی چەپ و ڕاست و تەنانەت لە بەیاننامەیەکی کومیتەی ساغکەرەوەدا بەرچاوڕوونییەك لە بەرنامە، تاکتیك و ستراتیژیی سیاسیی دوارۆژی کومیتەی ساغکەرەوە بەرامبەر بە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان نابینرێ. ململانێی نێوان ڕیزەکانی حدك هاوکاتە لەگەڵ توندبوونی کێشە و ناکۆکیی نێوان مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی و

---

١. سەعید کاوە، ل ٩٨- ٩٩. جەلال تاڵەبانی دەڵێ: «مەلا ئاوارە و قادر شەریف لە کۆنەوە پێوەندییان لەگەڵ ئێمەدا هەبوو، لە کاتی ناکۆکیی نێوان مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفادا، ئەوان لایەنی مەکتەبی سیاسییان گرت و لەگەڵ مەلا مستەفا نەبوون.» سەلاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن (لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری) بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٢٨١.

٢. بڕوانە بەیانامەی کومیتەی ساغکەرەوەی حدك، پاشکۆی ژمارە ١٠.

ئەمەش شوێنەواری لەسەر قووڵبوونەوەی ئەو ناکۆکییانە و دواجار لێک ترازان هەبوو.[١]

١. چارەنووسی کومیتەی ساغکەرەوە بە دوای پەنابردنی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ ئێران لەلایەک و کێشە و ناکۆکیی نێو خۆیان و نەبوونی بەرنامە و ستراتێژییەکی ڕوون لە دوای ١٧- ١٨ مانگ کۆتایی پێ دێ و لە گەڕانەوەیان بۆ باشووری کوردستاندا، بەشێکیان تێکەڵ بە حدک دەبنەوە و چەند کەسیان تەسلیم بە دەوڵەتی ئێران دەبنەوە و ژمارەیەکیشیان لە باشووری کوردستان و لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش ژیانی ئاسایی هەڵدەبژێرن و ئەوانی دیکە لەو ناوچانەی کە لەژێر چاوەدێریی شۆڕشدا نەبوون گیرسانەوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: سەعید کاوە، س. پ، ل ١٤٠- ١٤٢؛ محەممەد خزری، س. پ، ل ٣٥- ٣٦؛ ڕەسوول پێشنماز، س. پ، ل ١٦٥- ١٦٦.

## باسی پێنجەم: چالاکیی خوێندکارانی کورد لە زانکۆ و ڕێکخستنی «حدک»دا

لە نێوان سالانی (١٩٦٠- ١٩٦٣/ ١٣٣٩- ١٣٤٢) شای ئێران لەگەڵ ئەزموونێکی دژوار بەرەوڕوو بوو. لە نێوخۆ لەگەڵ بزووتنەوە جەماوەرییەکان و لە دەرەوە لەتەك پاڵەپەستۆی ئەنجام دانی چاکسازی، واتە کرانەوەیەکی سنوورداری کەش‌وهەوای سیاسی و بەڕێوەبردنی چاکسازی لە زەوی‌وزاردا.[1] لە ڕاستی‌دا بە هاتنی دیموکراتەکان بۆ کۆشکی سپی لە سالی ١٩٦١دا شنەبایەکی نوێ لە ئێران هەڵی کرد و هیوای بە ئازادیی زۆرتر، بەهێز کرد. دەوڵەتی کێنێدی، سەرکۆماری نوێی ئەمریکا چاکسازیی لیبرالی پێ باشترین لەمپەری پاراستن بوو لە بەرامبەر شۆڕشی

---

١. ژان پیر دیگار و دیگران، ایران در قرن بیستم (بررسی اوضاع سیاسی، اجتماعی، اقتصادی و فرهنگی ایران در یکصد سال اخیر)، ترجمه: عبدالرضا (هوشنگ) مهدوی، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨، ص ١٥٨. ١٥ی مانگی مای ١٩٦١ لە ڕاپۆرتی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکادا هاتبوو کە وەزعی ئێران هەروا بەرەو ئاڵۆزی و بێ‌سەرەوبەرەیی دەچێتە پێش و پێویستە ئەمریکا بەپەلە هەنگاو بنێ. عەباس میلانی، مەتەڵۆکەی هوووەیدا، وەرگێرانی: عەبدوڵلا حەسەن‌زادە، کوردستان، ٢٠١٠، ل ٢٢١.

کۆمۆنیستەکاندا. هەر بۆیە پاڵەپەستۆیان خستبووە سەر حەمەڕەزاشا بۆ ئەنجام دانی زنجیرەیەك چاکسازی.[1]

حەمەڕەزاشا ناچار پەنای بردە بەر تاکتیکی کۆنی خۆی، واتە لیبرالیزە کردن و بۆ ئەو مەبەستە لە سەروبەندی هەڵبژاردنی پارلمان لە وتارێکدا بەڵێنیی هەڵبژاردنێکی ئازادی دا و ئەوە چرا سەوزێك بوو بۆ هێزە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن تا سەرلەنوێ دەست بە چالاکی بکەنەوە.[2]

بەشێك لە ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن ئەم هەلەیان قۆستەوە و بەخێرایی «بەرەی نیشتمانیی دووهەم»یان پێکهێنا.[3] ڕێکخستنی کۆبوونەوەی جەماوەریی ڕێگەپێدراو لەلایەن عەلی ئەمینی[4]، سەرۆکوەزیرانەوە، بووە

---

١. یرواند آبراهامیان، م. ق، ص ٥١٨.

٢. محمدعلی همایون کاتوزیان، اقتصاد سیاسی ایران، ص ٢٥٨.

٣. لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٣٩ (١٣ی تەمووزی ١٩٦٠)دا لەسەر بانگهێشتی غولامحوسێن سەدیقی، ١٧ کەس لە کەسایەتیە سیاسیەکان لە ماڵی ئەو کۆبوونەوە و لەسەر پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی ڕێککەوتن. ڕۆژی دواتر ناوی «بەرەی نیشتمانیی دووهەم»یان بۆ ئەو ڕێکخراوە پەسند کرد. غلامرضا نجاتی، تاریخ بیست و پنج سالە ایران (از کودتا تا انقلاب)، جلد اول، چاپ ششم، تهران، ١٣٧٩، ص ١٤٦. بەرەی نیشتمانیی دووهەم ساڵی ١٣٤٣ (١٩٦٤) هەڵوەشایەوە. پیشین، ص ٢٤٧.

٤. عەلی ئەمینی ساڵی ١٢٨٤ (١٩١٥) لە تاران لەدایكبووە. لە دارولفنوونی تاران خوێندوویەتی. لە زانکۆی پاریس دوکتورای لە زانستی ئابووری وەرگرتووە (١٣١٠/ ١٩٣١)، لە چەند کابینەدا پۆستی وەزارەتی وەرگرتووە و باڵوێزی ئێران بووە لە ئەمریکا. جان. ئێف کێنێدی، سەرکۆماری ئەمریکا فشاری بۆ شا هێنا تا عەلی ئەمینی، ڕەخنەگری لیبرالی ڕژیم بۆ جێبەجێ کردنی چاکسازیی زەویوزار بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دیاری بکا. لە مانگی بانەمەڕی ١٣٤٠ (مای ١٩٦١)دا بوو بە سەرۆکوەزیران. شا لە ئەمینی بێزار بوو. بەهۆی هاوکاریی پێشتری لەگەڵ قەوام و موسەددیق باوەڕی پێی نەبوو و لە گەڵاڵەی ئاڵوگۆڕە سیاسی و چاکسازییە ئابوورییەکانی بەگومان بوو و دواتر دانی بەوەدا نا کە ئەمریکاییەکان بە سەریاندا

هۆی ئەوەی بەرەی نیشتمانیی دووهەم لە مانگی مای ١٩٦١دا لە مەیدانی جەلالییە لە تاران نمایشی هێزەکانی خۆی بکا. هەرچەندە ئەوە دوایین کۆبوونەوەی جەماوەریی بەرەی نیشتمانی بوو تا پێش شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧/ ١٩٧٩).[1]

دەوڵەتی ئەمینی لە پووشپەڕی ١٣٤١ (تەممووزی ١٩٦٢) پاش چوار مانگ بەهۆی حەمەڕەزاشا وەلانرا. هەروەك لە ڕاپۆرتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکادا بەڕاشکاوی هاتبوو، شا دەیەویست لەو ڕێگایەوە چاکسازییەك کە خواستی ئەمریکا بوو بیکاتە هی خۆی.[2] هەرچەندە چاکسازیی زەوی[3] هی دەوڵەتی ئەمینی[1] بوو، شا خۆی

سەپاندووە. جعفر مهدی‌نیا، زندگی سیاسی علی امینی، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٨، ص ١٥- ١٨؛ جان فوران، م. ق، ص ٤٦٢؛ یرواند آبراهامیان، م. ق، ص ٥١٩.

١. غلامرضا نجاتی، م. ق، ص ١٧٧. کاتێك کەریم سەنجابی، یەکێك لە وتاربێژان ناوی موسەددیقی هێنا بۆ ماوەی پانزدە چرکە چەپڵە لێ درا و هۆتاف کێشرا. مسعود بهنود، از سید ضیا تا بختیار، ص ٥٦١.

٢. عەباس میلانی، مەتەڵۆکەی هووەیدا، ل ٢٢٩.

٣. چاکسازیی زەوی کە شابەیتی «شۆڕشی سپی»ی شا بوو لە گوندەکانی ئێران هەللا و هەنگامەیەکی زۆری نایەوە، چونکە ویدەچوو کە دەرەبەگ دەسەلاتی تەواوی خۆی بەسەر گونددا لە دەست دەدا و لەمە بەدوا دانیشتووانی گوند بەرەو ئارەزووی خۆیان هەنگاو دەنێن. لە سەرەتا خۆشحالی لە چاکسازیی زەوی لەوەڕا سەرچاوەی دەگرت کە جووتیاران بەگشتی دەبنە خاوەنی زەوی و ئەمە بەتەواوی هەڵە بوو. بەپێی سەرژمێریی ڕەسمی و دەوڵەتی لە قۆناغی یەکەمی چاکسازییەوە هەتا ساڵی ١٩٧٢، واتە دە ساڵ دوای دەسپێکی چاکسازیی زەوی‌وزار ئەو یاسایە تەنیا سەدا ٣٠ی گوندەکانی ئێران (١٤٦٤٨) گوندی دەگرتەوە و لەم بەشە تەنیا ١٠٪ (٣٩٢٠) گوند بەتەواوی دابەش کراوە. لە گوندەکانی دیکە تەنیا چەند دانگ (یەك بەش لە شەش بەش) بە جووتیاران فرۆشرا. ژمارەی گشتی ئەو بنەماڵانەی کە لەم قۆناغەدا بوون بە خاوەنی زەوی (٤٦٦٦٩٠) بوو و بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە ژمارەی دانیشتووانی گوند لە ئێران ٣/٥

لێ بەخاوەن کرد و لایەنی ڕادیکاڵیی ئەو پرۆژەیەی وەلابرد و بە کەلك وەرگرتن لێی گەلالە شەش ماددەیی‌یەکەی ڕاگەیاند کە بە «شۆڕشی سپی» بەناوبانگە.[2] بەم جۆرە ڕەوتی مۆدێرن‌گەرایی دەستی پێکرد.[3]

شا دەیهەویست لە ڕێگەی ئەم چاکسازییەوە هەم لە نێو چینی نێونجیی ئێران و بەتایبەت جووتیاران‌دا پێگەیەکی پتەوی دەسکەوێ و هەم خەونە

---

میلیۆن بنەماڵە بوو (١٧ میلیۆن کەس)، کە وا بوو تەنیا یەك لە پێنجی جووتیارانی ئێران لەو قۆناغەدا لە چاکسازیی زەوی سوودمەند بوون. فرد هالیدی، دیکتاتوری و توسعەی سرمایەداری در ایران، ترجمە: فضل‌الله نیک‌آیین، تهران، ١٣٥٨، ص ١١٩. چاکسازیی زەوی کە لەلایەن جووتیارانەوە پێشوازیی لێ‌کرا بەپێچەوانە بوو بەهۆی نارەزایەتیی دەرەبەگەکان و تەنانەت بوو بەهۆی ڕاپەڕین و پێکدادانیان لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت بەتایبەت لە ناوچە عەشایرییەکان. بۆ وێنە هۆزی قەشقایی کە ڕێکخراوی چەپی ماویستی ڕێکخراوی ئینقلابیی حیزبی توودە هەوڵی دا ئاراستەی سیاسیی پێ‌بدا بەڵام سەرنەکەوت. نورالدین کیانوری، خاطرات نورالدین کیانوری، ص ٤٢٨- ٤٣٩.

1. چاکسازیی زەوی هەر لە دەوڵەتی ئەمینی بەهۆی حەسەن ئەرسەنجانی، وەزیری کشت‌وکاڵ کە لە پێوەندی لەگەڵ چاکسازیی زەوی‌دا لە هەمووان ناسراوتر و لیبراوتر بوو، هەر زوو دەستی پێکرابوو، واتە لە سەرەتای هاوینی (١٣٤٠/ ١٩٦١). غلامرضا نجاتی، م. ق، ص ١٨٥.

2. ئەو شەش ماددەیە بریتی بوون لە: هەڵوەشاندنەوەی پێوەندیی کۆیلەیی زەوی کە لە نێوان خاوەن زەوی و جووتیاران‌دا لە ئارادا بوو، خۆماڵی کردنی دارستان، فرۆشتنی پشکی کارگەکان بە کرێکاران، دانی مافی دەنگ‌دان بە ژنان، فرۆشتنی کارگە و کارخانە دەوڵەتییەکان بە کەرتی تایبەت و دامەزراندنی دەزگای بنەبڕ کردنی نەخوێندەواری بەتایبەت لە گوندەکان. ژان پیر دیگار و دیگران، ص، ١٦٤. ئەمریکاییەکان بەم شۆڕشەی محەممەدڕەزاشایان دەگوت: «شۆڕشی هەوسارکراو» عباس میلانی، نگاهی به شاه، تورنتو (کانادا)، ٢٠١٣، ص ٢٨٤.

3. فریدون هویدا، سقوط شاه، ترجمە: ح. ا. مهران، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٥، ص ٧.

لەمێـژینەکەی وەدی بێنـێ و ئێـران بکـاتە کـۆمەڵێکی نوێخـواز و هەم دەسەلاتی تاکەکەسی خۆی قایمتر بکا و بە پشتیوانی و خۆشەویستی خەڵك پشت‌ئەستوور بێ.[1] گۆڕانکارییەکانی ئەم چوار ساڵە (١٩٦٠ ـ ١٩٦٣) پێکهاتەی بنەڕەتی و بنەمای توانای ئابووریی ئێرانی سەرەوژێر کرد و پەرەی دا بە لافاوی کۆچی میلیۆنیی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان، کە گەورەترین کۆچی نێوخۆیی مێژووی ئێران بوو، سیستمی دەرەبەگایەتی لەبەریەك‌هەڵتەکاند و سیستمی سەرمایەداری شوێنی گرتەوە.[2]

بەم جۆرە نیوەی دانیشتووانی ئێران فۆرمی کۆمەڵایەتییان دەگۆڕی و ئامادەی چوون بۆ بازاڕی خەرج کردن دەبوون، بەپێچەوانەی سیستمی دەرەبەگایەتیی داخراو کە بەرهەمەکانی خۆی لێ سەروزیاد بوو.[3] پاڵەپەستۆی ئەمریکا بۆ ئەنجامی چاکسازیی زەوی ئەگەر لایەنێکی ترس لە نارەزایەتی و ڕاپەڕینی جووتیاران و قۆستنەوەی بەهۆی هێزە چەپەکان بوو، لایەنێکی دیکەی بۆ وردکردنەوەی کالا و فرەوان بوونی بازاڕی کەل‌وپەلی مەسرەفیی ولاتەکەی بوو.

لە سالانی (١٩٦٠ ـ ١٩٦٣)دا بزووتنەوەی خوێندکاری بە کەلك‌وەرگرتن لەو هەل‌ومەرجە سیاسییە کە لە ولات‌دا پێکهاتبوو، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕووداوە سیاسییەکان‌دا گێڕا. پەناگیریی ٥٠٠٠ خوێندکار لە کۆلێژی مافی زانکۆی تاران بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە دەوری دووهەمی هەڵبژاردنەکانی خولی بیستەمی پارلمان لە تاران،[4] خۆپیشاندان بەدژی هاتنی ئێلیزابێت، شاژنی بریتانیا، پشتیوانیی بەربلاو لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەلکی

---

١. عەبباس میلانی، مەتەڵۆکەی هوەیدا، ل ٢٢٩.

٢. عباس میلانی، نگاهی بە شاه، ص ٢٨٨.

٣. مسعود بهنود، از سید ضیا تا بختیار، ص ٤٧٠.

٤. محمدعلی همایون کاتوزیان، اقتصاد سیاسی ایران، ص ٢٥٩.

ئەلجەزایر و ڕاپەڕینی دووبارە بە دوای گرانەوەی زانکۆ لە خاکەلێوەی ١٣٤١ (ئازاری ١٩٦٢)دا، لەبەرچاوترین چالاکییەکانی سەردەمی ئەو بزووتنەوەیە بوون.[١] زانکۆ لەم ساڵانەدا چەند جار لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسەوە هێرشی کرایە سەر و سەدان خوێندکار بریندار کران و خرانە بەندیخانەوە. چالاکیی بزووتنەوەی خوێندکاری بەجۆرێك بوو کە شوێنەواری لەسەر ڕووداوەکانی دەرەوەی زانکۆش هەبوو و لەم سۆنگەوەیە ئەم قۆناغە بە سەردەمی زێڕین، بەڵام کورتی بزووتنەوەی خوێندکاری ناو دەبردرێ.

لەم قۆناغەدایە کە بۆ یەکەم جار خوێندکارانی کوردیش کە هەرچەند ژمارەیان زۆر نەبوو[٢] لە زانکۆی تاران لە دەوری یەك کۆ دەبنەوە و «یەکیەتیی خوێندکارانی کورد» دادەمەزرێنن. سەلاحەددین موهتەدی، دامەزرێنەری سەرەکیی ئەو ڕێکخراوەیە دەڵێ: «ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوەیە ڕزگاریی کوردستان بوو و لە هەمان کاتدا گرینگیدان بە

١. ئیسماعیل بازیار، گرینگیی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کۆمەڵگای ئێراندا، گۆڤاری تیشك، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حدکا، ساڵی دووهەم، ١٣٧٨، ل ١١٢؛ ا. آ. گرانتوسکی و دیگران، م. ق، ص ٥٧٢- ٥٧٤.

٢. ئەمیر قازی کە ئەو کات خوێندکار و ئەندامی یەکیەتیی خوێندکارانی کورد بوو، ژمارەی خوێندکارانی کورد بە ١٧٠- ١٨٠ کەس دەقەبڵێنێ. ئەمیر قازی، لە بیرەوەرییەکانم، ل ٤٢. ژمارەی خوێندکارانی زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣٤٠ (١٩٦١) ١٢ هەزار کەس بوو. ڕێکخراوی خوێندکارانی زانکۆی تاران ڕێکخراوی سەرەکیی خوێندکاران لە ئێراندا بوو و پتر لە دە هەزار ئەندامی هەبوو. ئەم ڕێکخراوە سەر بە بەرەی نیشتمانی بوو و ڕێکخەر و بەڕێوەبەری هەموو چالاکییەکانی زانکۆ بوو. گذرستان، نشریە الکترونیکی تاریخ سیاسی معاصر ایران، http://gozarestan.ir/#/start.

زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کورد.»[١] لەگەڵ گەرم بوونی خەباتی گەلی کورد لە باشووری کوردستان یەکیەتیی خوێندکارانی کورد ئەرکی یارمەتی کۆ کردنەوەی پیتاك و گەیاندنی بە شۆڕش بە کاری خۆی دانابوو.[٢] یەکیەتیی خوێندکارانی کورد پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٦١ لە تاران پێوەندیی بە ئەحمەد تۆفیقەوە دەکەن کە بە نهێنی هاتبووە تاران بە فەرمی بە حدك پەیوەست دەبن و لەوە بەدوا وەك بەشێك لە ڕێکخستنی حدك درێژە بە چالاکیی خۆیان دەدەن.[٣]

لە مێژووی «حدك»دا ئەوە بۆ یەکەم جارە کە پێوەندیی نێوان زانکۆ و ئەو حیزبە پێك‌دێ و خوێندکار وەك توێژێکی گەنج، ڕووناکبیر و ڕادیکاڵ دێتە نێو ڕیزی ڕێکخستەکانی و مۆرکی خۆیان کە هەڵگری دوو تایبەتمەندیی ڕادیکالیزم و ئارمانخوازییە لە قۆناغەکانی داهاتووی مێژووی حدك دەدەن. لە ڕەوتی چالاکیی خوێندکارانی کورد لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠ ـ ١٩٦٣دا کۆمەڵێك لە خوێندکارەکان بەرەو هێڵی فکریی چەپ دەڕۆن و لە هێڵی فکریی یەکیەتیی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی تاران کە ناسیۆنالیستی بوو، هەڵدەبڕێن. ئەمیر حەسەن‌پوور کە ساڵی ١٩٦١ دەبێتە خوێندکار لە زانکۆی تاران[٤] دەڵێ: «چالاکیی خوێندکارانی کورد

---

١. وت‌ووێژ لەگەڵ سەلاحەددین موهتەدی، سلێمانی، ٢٠١٦/٥/١٧. حەمەدەمین سیراجی، عەلی حەسەنیانی، عەزیز ژیان و ڕەحمان شەریف‌زادە ئەندامانی سەرەتایی یەکیەتیی خوێندکارانی کورد بوون. هەمان سەرچاوە.

٢. ئەمیر قازی، س. پ، ل ٣٦.

٣. وت‌ووێژ لەگەڵ سەلاحەددین موهتەدی، سلێمانی، ٢٠١٦/٥/١٧.

٤. ئەمیر حەسەن‌پوور بەم شێوەیە ئەو خوێندکارانە ناو دەبا: سمایل شەریف‌زادە، حەمەدەمین سیراجی، فاتحی شێخولئیسلامی، مستەفا ئیسحاقی، عەلی حەسەنیانی،

لەو سالانەدا بەتەواوی لەژێر کاریگەریی ناسیۆنالیزمی کورد و خەباتی چەکدارانەی شۆڕشی ئەیلوولدا بوو. باس باسی ئەوانە بوو، بەلام لە سالی ١٣٤٢ (١٩٦٣) خوێندکارەکان بوون بە دوو بەش، بەشێکیان وەك خۆم و فاتحی شێخ و ... بەرەو مارکسیزم ڕۆیشتین و ئەوانەی دیکە لە بەرەی ناسیۆنالیستیدا مانەوە.»[١]

لە دوارۆژەکانی زستانی (١٣٤٢/ ١٩٦٤)دا جاریکی دیکە پۆلیس پەلاماری هێنایە سەر ڕێکخراوەکانی حدك. لەو پەلامارانەدا کە تا دووسێ ڕۆژ پاش ئەورۆزیش درێژەی کێشا، دەیان کەس لە تێکۆشەرانی حدك گیران[٢] و ژمارەیەکیش کە نەکەوتبوونە دەست پۆلیس شار و گوندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانیان بەجێهێشت و خۆیان گەیاندە باشووری کوردستان. لە نێو ئەواندا ژمارەیەك خوێندکاری کوردی زانکۆش هەبوون کە کەوتبوونە بەر هێرش و ڕاوەدوونانی ساواك.[٣]

سەلاحەددین موهتەدی، ئەمیر قازی، ڕەحمان شەریفزادە. وتوویژی حەسەنی قازی لەگەل ئەمیر حەسەنپوور، Rawej ،Sterk ،Tv، یەکشەممە، ٢٠١٤/١٢/٩.

١. هـ. س.

٢. عەبدوللا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل ٣٢.

٣. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی٢، ل ١٥٠. ئەو خوێندکارانە بریتی بوون لە: حەمەدەمین سیراجی، سمایل شەریفزادە، سالار حەیدەری و عەبدوللا موعینی (دیپلۆم)، ڕەسوول پێشنماز، س. پ، ل ١٤٦؛ ئەمیر قازی، س. پ، ل ٨٠.

## باسی شەشەم: کۆنگرەی دووهەمی حدک و زاڵبوونی باڵی ڕاست

بەگوێرەی دەقی بەیاننامەی کۆنگرە، دووهەمین کۆنگرەی حدك لە مانگی سەرماوەزی (١٣٤٣/ ١٩٦٤) لەژێر سێبەری ئاڵای شۆڕشگێڕانە و دروشمی «یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی» لە نێوان لوتکەکانی چیای زاگرۆس دەستی پێکرد.[1] کۆنگرە بە یارمەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئیزنی بارزانی پێکهاتبوو و ژمارەی بەشدارانی زیاتر لە ٥٠ کەس دەبوو.[2] کۆنگرەی دووهەم لە پاش ١٩ ساڵ بەسەر یەکەم کۆنگرەی حدك لە ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥)دا پێکهات و کومیتەی ناوەندیی

---

١. وەرگیراو لە بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕەشید فەلاحی، ناسراو بە ڕەشەی قاچاخچی، بیرەوەرییەکان لە شۆڕشدا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٩٧. ڕەشید فەلاحی هەم بەشداربووی کۆنگرە بوو و هەم وەك ئەندامی کومیتەی چاوەدێریی بەرز هەڵبژێردراوە. هەمان سەرچاوە، ل ٥. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بەیاننامەی کۆنگرەی دووهەم بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١١. محەممەد خزری کە یەکێك لە بەشداربووانی کۆنگرەی دوو بوو دەڵێ: «کۆنگرە لە پشت سونێ -گوندێکی سەر بە ناوچەی پشدەر نیزیك لە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە- لە داوێنی چیای مامەندە لە دۆڵێك پێکهات. لەم شوێنە سێ خێوەتی گەورەی لێ هەڵدرابوو کە یەکێك لە خێوەتەکان خێوەتی کۆنگرە بوو.» محەممەد خزری، س. پ، ل ٣٩.

٢. محەممەد خزری، س. پ، ل ٤٠. لە هێندێك سەرچاوەی دیکەدا ژمارەی بەشداربووان بە سەد و سی کەس هاتووە. حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق، ل ٢٥١.

نوێی لە ١٥ کەس هەڵبژارد و کومیتەیەکی دیکەش بەناوی کومیتەی چاوەدێریی بەرز هەڵبژێردرا.[1] لەم کۆنگرەیەدا عەبدوڵلا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) وەك کەسی یەکەم دانرا.[2] کۆنگرەی دووهەمی حدك یەکێك لەو کۆنگرانەیە کە تا ئێستاش ڕاوبۆچوونی جیاوازی تەنانەت لە نێو ڕیزەکانی

١. ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بریتی بوون لە: ئەحمەد تۆفیق، سەدیق ئەنجیری‌ئازەر، سولەیمان موعینی، ئەمیر قازی، مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، مەلا ڕەحیم ویردی، بایز شکاك (نحو)، عەزیز یوسفی، غەنی بلووریان، عەبدوڕڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار)، دوکتور عەلی مەولەوی، سەید کامیل ئیمامی، حەبیب قەرەگوێزی (وەرزێر)، دوکتور ڕەحیم سەیفی قازی و سەنار مامەدی. ئەندامانی کومیتەی چاوەدێریی بەرز ئەمانە بوون: ڕەئووف مەلاحەسەن، عەبدوڵلا موعینی، ڕەشید فەلاحی، مەلا قادر لاچینی، سەید حاجی کەلەوی، مەلا کەریم سارده‌کۆستانی، مەلا نەجمەددین کەوکەبی، سەید تاهیر ئیمامی، مستەفا ئیسحاقی، عەبدوڵلا مەولەوی و سەید ڕەسوول دیهقان. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، ل ١٤٠؛ حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق، ل ٢٥٦؛ جەلیل گادانی، س. پ، ل ١٤٥. محەممەد خزری، بەشداربووی کۆنگرەی دووهەم ناوی سەنار مامەدی لە نێو هەڵبژێردراوانی کومیتەی ناوەندی‌دا نەهێناوە و لە جێگەی ئەو ناوی سارمەددین سادق‌وەزیریی نووسیوە. محەممەد خزری، س. پ، ل ٤٨. لەم پازدە کەسەی هەڵبژێردراوی کومیتەی ناوەندی تەنیا حەوت کەسی پێشەوەیان لە ڕیزی بە کردەوەی خەبات‌دا بوون و ئەوانەی دیکە هەر لە کۆنگرەش‌دا نەبوون و دەنگیان پێدرا. عەبدوڵلا حەسەنزادە، س. پ، ل ٤٢.

٢. جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، ل ١٤٥. حەسەنزادە لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەمن لە هیچ بڕیارێکی حیزبی‌دا نەمدیوە کە ئەحمەد تۆفیق وەك سکرتێری حیزب هەڵبژێردراوە. ئەحمەد تۆفیق نەفەری یەکەمی حیزب بوو، بەڵام عینوانی سکرتێری لەسەر نەبوو.» هەیاس کاردۆ، ئەزموونی خەبات، ئاوڕێك لە ژیان و خەباتی عەبدوڵلا حەسەنزادە، هەولێر، ٢٠١١، ل ٧٢.

«حدك»یش‌دا له‌سه‌ره‌ و له‌لایه‌ن مێژوونووسانی حدك[1] و بیره‌وه‌رییه‌كانی دژبه‌رانی ئه‌حمه‌د تۆفیق و به‌تایبه‌تی باڵی چه‌پی «حدك»ه‌وه‌ كه‌وتۆته‌ به‌ر ره‌خنه‌ و به‌پێچه‌وانه‌ش له‌لایه‌ن لایه‌نگرانی، هه‌ڵوێست و بڕیاره‌كانی كۆنگره‌ی دووهه‌م داكۆكیی لێ‌ده‌كرێ. ئه‌وه‌ی وه‌كوو به‌ڵگه‌ و دیكۆمێنت له‌م كۆنگره‌یه‌ له‌به‌رده‌ستدایه‌ «بڕیاره‌كانی دووهه‌مین كۆنگره‌ی حیزبی دیموكراتی كوردستان» و «به‌یاننامه‌ی دووهه‌مین كۆنگره‌ی حیزبی دیموكراتی كوردستان»ن. بێجگه‌ له‌م دوو به‌ڵگه‌نامه‌یه‌، هیچ شتێكی دیكه‌ له‌ به‌رده‌ستدا نییه‌؛ بیره‌وه‌ریی ده‌گمه‌نی یه‌ك‌دوو كه‌س نه‌بێ كه‌ به‌شداری كۆنگره‌ بوون.

له‌باره‌ی هه‌ڵوێست و سیاسه‌ت و بڕیاره‌كانی كۆنگره‌ی دووهه‌م ده‌كرێ ئاماژه‌ به‌م نموونانه‌ بكه‌ین:

١. ره‌خنه‌ی توند ئاراسته‌ی به‌ڕێوه‌به‌رانی كۆماری كوردستان ده‌كا كه‌ كه‌م‌ئه‌زموون و سه‌ركاڵ بوون و له‌ شوێن ئه‌وه‌ی كه‌ گرینگی به‌ خه‌باتی چه‌كدارانه‌ بده‌ن، هیوایان له‌سه‌ر خه‌باتی پارلمانی هه‌ڵچنیوه‌ و خۆیان ته‌سلیم به‌ سیاسه‌تی قه‌زا و قه‌ده‌ر كردووه‌.

٢. سه‌باره‌ت به‌ حیزبی تووده‌ هه‌ڵوێستی كۆنگره‌ نه‌ ته‌نیا زۆر لێبڕاوانه‌ بوو بۆ پچڕاندنی هه‌ر جۆره‌ پێوه‌ندییه‌ك له‌گه‌ڵ ئه‌م حیزبه‌، به‌ڵكوو سیاسه‌ت و هه‌ڵوێسته‌كانی له‌ نێوان ساڵه‌كانی (١٣٢٩ ـ ١٣٣٢/ ١٩٥٠ ـ ١٩٥٣) خسته‌ ژێر پرسیار و له‌ به‌رامبه‌ردا داكۆكیی له‌ سیاسه‌ته‌كانی به‌ره‌ی نیشتمانی و محه‌ممه‌د موسه‌ددیق له‌و ساڵانه‌دا كرد.

---

١. مه‌به‌ست له‌ مێژوونووسانی حدك، ئه‌مانه‌ن: مێژوویه‌كی كورتی رێبه‌رایه‌تیی حدكا، عه‌بدوڕڕه‌حمان قاسملوو؛ نیوسه‌ده‌ تێكۆشان، عه‌بدوڵلا حه‌سه‌ن‌زاده‌؛ په‌نجا ساڵ خه‌بات، جه‌لیل گادانی.

٣. لەسەر شێوازی خەبات، کۆنگرە خەباتی چەکدارانە پێڕەو دەکا و هیوابەستن بە خەباتی شەقام (مەدەنی)ی بەهەڵە و بێ‌سوود لێکدەداتەوە. (هەڵبەت گرتنە بەری شێوازی خەباتی چەکدارانە بەهۆی ڕێبەریی کۆنگرەی دووهەم نەچووە قۆناغی کردەوە و هەر لەسەر لاپەڕەکانی کاغەز مایەوە).

٤. لە کێشە و ململانێی جیهانی دووجەمسەری (کەمپی سەرمایەداری و کەمپی سۆسیالیستی)، کۆنگرە سیاسەتی بێ‌لایەنی هەڵدەبژێری و وڵاتانی سەربەخۆ و بێ‌لایەن بە دۆست و هاوپەیمانی خۆی دەزانێ.[1]

٥. لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی زەوی‌وزار و پێوەندیی نێوان «عەرز» و «ئاغا» و «ڕەعیەت»دا، بەپێی بڕیاری کۆنگرە پەیڕەوی لە ماددەی سی‌ونۆی پرۆگرام دەکرێ.[2] ئەم ماددەیەی پرۆگرام ڕێکاریکی کۆنکرێت و دیاری‌کراوی بۆ ئەو پرسە دیاری نەکردووە و تا ڕادەیەکی زۆر لێڵ و ناڕوونە.

---

١. ڕەشید فەلاحی، پیرەوەرییەکان لە شۆڕش‌دا، (بڕیارەکانی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، ل ١٦٠- ١٦٢.

٢. ماددەی سی‌ونۆیەمی پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی دووهەم دەڵێ: «حدك لەسەر ئەم باوەڕەیە کە زەوی‌وزار و کشت‌وکاڵ، داروودەوەن، ئاوەکانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردە و مافی ڕەنیو هێنان و دابەشینی عەرز بەتایبەتی لە مافە تایبەتیە هەرە گرینگەکانی حکومەتی دیموکراتی کوردە کە بەهۆی بەڕێوەبەرایەتی حدك وەدی دێ. ئەو کاتەیە کە حاکمیەتی نەتەوایەتی و حدك بە شێوەیەکی دادپەروەرانە عەرز و ئاو و زەوی‌وزار و دار و دارستان دادەبەشێنێ و بەو پێیە مەسەلە و گیروگرفتی عەرز جێبەجێ دەکەین.» هـ. س، ل ١٦٢.

٦. لەسەر پرسی نەتەوەیی کۆنگرە بۆ چارەسەری ئەو پرسە لە ئێرانی فرە نەتەوەدا شێوازی «ئۆتۆنۆمی» یان «فیدڕاڵی» پێشنیار دەکا.[1]

کــۆنگرە بەرامــبەر بە نەیــارانی ئەحــمەد تۆفیــق کە هەڵوێــستیان بەرامبەری گرتبوو و ڕیزی خۆیان لێ جیا کردبۆوە (کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان و کومیتەی ساغکەرەوەی حدك) بڕیاری توندی دەرکرد و بە خایین و جاسووس ناوی بردن و لە حیزب دەرکران.[2]

هەروەها کۆنگرە بڕیاری لەسەر دەرکردنی قاسملوو وەك نوێنەری سەرەکیی باڵی چەپی نێو حدك دەرکرد و هۆکاری دەرکردنەکەشی ئاوا هێناوە: «ڕەحمان قاسملوو (عەباس ئەنوەری) بە خائین و دزی ناوی حیزب ناسی و پاش ماوەیەك دزی [و] خەیانەت، دەستی پێکرد بە جاسووسی کردن و هاتوچۆ و دراو وەرگرتن لە ساواك، دەزگای جاسووسیی حکوومەتی تاران.» لایەنەکانی دژبەری نێو حدك لەو ساڵانەدا جگە لە بەکار بردنی ئەدەبیاتێکی زبر و ناشیرین بەرامبەر بە یەکتر، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگە و دیکۆمێنتێك بخەنە ڕوو زۆر بە سانایی بۆ بەدناو کردنی نەیارانی خۆیان کە تا دوێنێ یار و یاوەری یەکتر بوون، تۆمەتی

---

١. مافی هەڵبژاردنی ژمارەیەك لە نوێنەرانی زیر و تێگەیشتوو و خاوەن بیروڕاوێژ لە هەر نەتەوەیەك بۆ دانانی پارلمانتاریکی خۆولاتی و حوکمڕەوایی نەتەوایەتی، چ بەناوی حکوومەتی ئۆتۆنۆمی و چ بەناوی حکوومەتی فیدڕالی (یەکگرتوو)، کاروباری سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و... خۆی بەڕێوەبەر بێ. هەروەها نوێنەرایەتی تایبەتی ئەو نەتەوانە لە حکوومەتی مەرکەزی و لە «پارلمانی گشتیی نەتەوەکان» بەشدار و خاوەن مافی تایبەتین. هـ. س، ل ١٦٠؛ یاسین سەردەشتی، ئەحمەد تۆفیق، ل ٢١٢- ٢١٣؛ حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق، ل ٢٧١.

٢. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (٢)، ل ١٧٠؛ حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق، ل ٢٥٢؛ د. یاسین سەردەشتی، ئەحمەد تۆفیق، ل ٢١٥؛

فورسی «خائین»، «سیخوڕ» و «هاوکاری دەزگا ئەمنییەتییەکانی ئەمریکا، عێراق و ئێران»یان دەخەنە پاڵ.[1] ئەم شێوازە لە هەڵوێست گرتن بەرانبەر بە نەیارانی سیاسی و جیابووەکان دواتریش کەم و زۆر دووپات بۆتەوە، کە سەرچاوەکەی بۆ هەژاریی کولتووری دیموکراتیکی ژینگەی سیاسیی کوردستان و تێڕوانینی فەناتیکی بۆ جیهانبینی و باوەڕەکانی تاکی حیزبی دەگەڕێتەوە و ئەمەیە بۆتە هۆی ئەوەی لە دەلاقەی ڕەش و سپییەوە بڕوانە ڕووداو و دیاردە سیاسییەکان.

شایانی باسە هەشت ساڵ دواتر و بە دوای کۆنفرانسی سێهەمدا (١٣٥٠/ ١٩٧١) کە باڵی چەپ لە حدک (ئێران) باڵادەست دەبێ ئەم جار ئەحمەد تۆفیق (نوێنەری سەرەکیی باڵی ڕاستی ناسیۆنالیستی) بە هەمان چارەنووسی قاسملوو دوچار دەبێ و لە حیزب دەردەکرێ. ڕۆژنامەی کوردستان بە نووسراوەیەکی کورت دەرکردنی ئەحمەد تۆفیقی ڕاگەیاند: «لەبەر زۆر کردەوەی وا کە لەگەڵ ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکناکەوێ و لەبەر جووڵانەوەی دژی حیزبی، لە حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) دەرکرا.»[2]

---

١. بۆ وێنە بڕوانە بەیاننامەی کومیتەی ساغکەرەوەی حدك و وڵامی ئەحمەد تۆفیق بە جیابووەکان و بڕیارنامەی کۆنگرەی دووهەمی حدك. پاشکۆی ژمارە ١٠ و ١١. محەممەد خزری، س. پ، ل ٤٢.

٢. کوردستان، ژمارە ١٢، بەفرانباری ١٣٥٠ (ژانویەی ١٩٧٢). دیارە ئەحمەد تۆفیق نەیدەتوانی لەگەڵ پێکهاتە و ڕێبازی نوێی حدك (ئێران)دا خۆی بگونجێنێ و لایەنگرانیشی بوونە کەمینەیەکی لاواز لە نێو حیزبدا، کە وا بوو گەڕانەوەی بۆ نێو حیزب زۆر بە دوور بوو بۆیە پێویست بە بڕیاری دەرکردن نەبوو؛ لێرەدایە کە هەڵە بە هەڵە وڵام دەدرێتەوە.

نەریتــی ئەم شــێوازە لە هەڵوێســت گرتن بەرامــبەر بە جیابووەکــان لە ڕێکخراوی سیاسی و ململانێی نێوخۆیی زۆر پێشتر بۆ حیزبی تــوودەی ئێران دەگەڕێتەوە. بۆ وێنە کاتێك لە ساڵی ١٣٢٦ (١٩٤٧) خەلیل مەلەکی و هــاوبیرانی لە حیزبــی تــوودەی ئێــران جیــا بــوونەوە، چــۆن لەلایەن ســەرکردایەتیی حیزبــی تــوودەوە کەوتــنە بەر هێرشــی تەبلیغــاتی و ناووناتۆرەیان لێنان، بەجۆرێك کە کار گەیشتە ڕادیۆ مۆسکۆش کە بەپەلە بێتە سەر هێڵ و جیابووەکان پرۆتستۆ بکات. ڕاگەیاندراوی دەستەی کارگێڕیی حیزبی توودە بەم جۆرە لەسەریان دەدوێ: «ئەو جیابوونەوەیە پێوەندیی بە چالاکیی نهێنی و گوماناویی ئیمپریالیزم لە نێوخۆی حیزبی ئێمە بووە کە بە هەموو ئامرازێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لێزانانە جوولایەوە و لە هەموو لادانە فکری، خۆویستی و بیرتەسکییەکان کەلکی وەرگرت.»[1] لە ڕوانگەی ئیحسان تەبەریش جیابووەکان تەنیا بۆ ڕەخنە، ڕەخنەیان دەگرت و تووشی ئەو تایبەتمەندییە نێگەتیڤانەی کەسێتیی باو لە کۆمەڵگای ئێرانی ببوون، وەك: ئاژاوەگێڕی، ڕەشبینی، کەلبیمەرام و تاك گەرایییەکی پەڕگیر.[2]

هەڵوێســت و سیاســەت و بڕیارەکــانی کــۆنگرەی دووهەم لەلایەن نەیارانی ئەحمەد تۆفیق و بەتایبەتی باڵی چەپی نێو حدك بە ڕاستگەری، ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ و دواکەوتووانە هەڵدەسەنگێندرێن. کۆنگرەی سێهەمی حدك کە ئەم جارە باڵی چەپ تێیدا باڵادەست دەبێ بەرنامەی

١. بابك امیرخسروی، نظر از درون به نقش حزب توده ایران، ص ١٥٢.

٢. یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ص ٢٨٣. شایانی باسە کە نوورەددین کیانووری دوای ٥٥ ساڵ لە تێپەڕ بوونی ئەم ڕووداوە هەر هەوانی کۆن لێدەداتەوە و بە هەمان شێواز لەسەر جیابووەکان و خەلیل مەلەکی دەدوێ. بڕوانە: خاطرات نورالدین کیانوری، ص ١٦٤- ١٧٠.

کۆنگرەی دووهەم ئاوا لێکدەداتەوە: «بەرنامەی کۆنگرەی دووهەم بێجگە لە پایەی نزمی سیاسی و فەرهەنگی، بەرنامەی حیزبێکی دواکەوتووی ناسیۆنالیستیيە کە لەگەڵ ڕابردووی پێشکەوتنخوازی و دیموکراتیکی حیزبی ئێمە ڕێکناکەوێ. هێندێك بڕیاریش لەسەر چەند کەسێك لە تێکۆشەرانی حیزب وەرگیراوە کە نموونەی زاڵبوونی شێوەی پۆلیسییە لە نێو حیزبدا.»[1] کەریم حیسامی کە سەر بە باڵی چەپی حدك بوو، دەڵێ: «بەرنامەی کۆنگرەی دوو هیچ شتێکی کۆنکرێتی لە بارەی ئامانج و تاکتیك و ستراتێژیی خەبات و ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی دوارۆژی کوردستان تێدا نییە. هەموی دانانی شەرت و مەرجی ئەندامەتی و وەرگرتن و دەرکردن و سزادان و فێرکردنی کادر و دانانی کلاسی کادر و بەخشینی پلە و پایە و دەرەجەیە [...] بەرنامە و پێڕەو لەگەڵ سەردەم نەدەگونجا و بە شێوەیەکی گشتی لادانێك بوو لە ڕێبازی پێشکەوتووانەی حیزب.»[2] دەیڤید مەکداول لەم بارەیەوە دەڵێ: «حدك بە ڕێبەرایەتیی ڕێبەرە نوێیەکەی [ئەحمەد تۆفیق] بەخێرایی لە هەڵوێستی چەپی خۆی دوورکەوتەوە.»[3] کریس کۆچێراش پێی وایە: «حیزبی دیموکراتیش هاوشێوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کە کەوتبووە نێوان ململانێی چەپڕەوەکانی مەیلەو کۆمۆنیزم و ڕاستڕەوەکانی سەرووی نەتەوایەتی لەژێر کاریگەریی ئەحمەد تۆفیقدا بەرەو ڕاست وەرچەرخا و پێشکەوتنخوازەکانی کومیتەی ناوەندیی (١٩٥٤)ی بە تاوانی لادان مەحکووم کرد.»[4]

---

١. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حدك بۆ کۆنگرەی سێهەم، ساڵی ١٣٥٣، ل ٢٤.

٢. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (٢)، ل ١٦٩.

٣. دەیڤید مەکداول، س. پ، ل ٥٢٤.

٤. کریس کوچرا، جنبش ملی کرد، ص ٢٢٨.

لایەنی دژبەری ئەحمەد تۆفیق چۆنیەتی بەشداربووانی ئەندامانی کۆنگرەش دەخەنە ژێر پرسیار. حەسەنزادە دەڵێ: «هەم لە نێوخۆی وڵاتدا و هەم لە کوردستانی عێراق نوێنەرانی کۆنگرە لە نێو ئەو کەسانەدا گوڵبژێر دەکران کە لە خەتی ئەحمەد تۆفیقدا بوون و بەو پێیە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب لە مافی چوون بۆ کۆنگرە یان ناردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە بێبەش کران.»[1] محەممەد خزری کە خۆی بەشداری کۆنگرە بووە، پێی وایە: «بەشی هەرە زۆری نوێنەرانی کۆنگرە لە کەسانی سادەی نەخوێندەوار و لایەنگری خودی ئەحمەد تۆفیق بوون.»[2]

کۆنگرەی دووهەم کە لووتکەی ململانێی باڵی چەپ و ڕاستی نێو حدك بوو، بە گرینگیدان بە پرسی نەتەوەیی وەك تەنیا لایەنی کێشەی کۆمەڵگای کورد و پاکانەحسێب لەگەڵ باڵی چەپ هەم هێژمۆنی باڵی ڕاستی مسۆگەر کرد و هەم لێبڕاوانە کۆتایی بە هەر چەشنە پێوەندییەك

١. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل ٣٨. لەگەڵ دەسێکی کۆنگرە ژمارەیەك لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەحمەد تۆفیق کە بۆ کۆنگرە بانگهێشت نەکرابوون، هەوڵ دەدەن بەشداریی کۆنگرە بکەن، بەڵام ڕێگریان لێدەکرێ. ڕەسووڵ پێشنماز کە یەکێك لەو کەسانە بوو ڕووداوەکە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: «دوای ئەوەی کە ئەمابڕاو بووین لە بانگهێشتنمان بۆ کۆنگرە، ئەو چەند کەسەی خوارەوە بەرەو شوێنی کۆنگرە کەوتینە ڕێ. حەسەن ڕەستگار، حەمەدەمین سیراجی، سمایل شەریفزادە، سالار حەیدەری، خدر محەممەدی (مەرەسەنە)، عوسمان عەزیزیان، قادر قازی، ڕەشید سمێل، سەید فەتاح نیزامی، عەبدوڵلا خەیات (ئەورۆز)؛ بەڵام پاش ئەوەی لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارێزەری کۆنگرە کە بەربەست بوون لە چوونمان بۆ کۆنگرە تووشی گرژی و ئاڵۆزی هاتین، دواجار پێش بە بەشداربوونمان گیرا.» ڕەسووڵ پێشنماز، س. پ، ل ١٦٧ – ١٦٨.

٢. محەممەد خزری، س. پ، ل ٤٣.

لەگەڵ حیزبی توودە هێنا و بوو بە بەربەست لە بەردەم قووتدانی حدك بەهۆی ئەم حیزبەوە.

ناکۆکیی نێو باڵەکانی حدك کە چاوەڕوان دەکرا بە دوای کۆنگرەدا کۆتایی پێ بێ، زۆری نەخایاند سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە و لە نێو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و بەتایبەتی لە نێوان ئەحمەد تۆفیق و سەدیقی ئەنجیری، کەسانی یەکەم و دووهەمی نێو «حدك»دا چڕ بۆوە. ئەمیر قازی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لە دژبەرانی باڵی چەپی نێو حدك دەڵێ: «سەدیق ئەنجیری لەگەڵ چەند کادریکی دیکەی حیزب کە ماڵیان لە دەربەند بوو و چونکە خۆیشیان بە چەپ دەزانی، لایەنگر و دۆستی حیزبی شیووعیی عێراق و گوێ ڕادێریان بۆ ئەوان زیاتر بوو، تا لە حیزبەکەی خۆیان [واتە] حیزبی دیموکرات. ئەوان سەریان پێکەوە نابوو و هەر بە پێوانەی خۆیان دەیان پێوا.»[١] نەیارانی ئەحمەد تۆفیقیش نامۆ بوون و خۆ نەگونجاندنی ئەحمەد تۆفیق بە دۆخی نوێی پاش کۆنگرە کە دەبوو پرس و ڕاوێژ بە کومیتەی ناوەندی بکا و نەك تاکەکەسی بڕیار بدا، بە هۆکاری توندبوونی ناکۆکییەکان دەزانن.[٢]

درێژەی ڕەوتی ململانێی نێوان سەرکردایەتیی حدك و بێسەروشوێن بوونی سەدیق ئەنجیری[٣] و دەست لە کار کێشانەوەی ئەحمەد تۆفیق[١]

---

١. ئەمیر قازی، س. پ، ل ١٣٢.

٢. محەممەد خزری دەڵێ: «سولەیمان موعینی کە پێشتر لە کێشە و ململانێکاندا لایەنگری ئەحمەد تۆفیق بوو، لە پاش کۆنگرە و بە دوای دەست لە کار کێشانەوەی ئەحمەد تۆفیق‌دا گوتی: ئەحمەد تۆفیق هەر بە «گەز و ڕەی» ڕابردوو دەیپێوێ و ئیتر چی دی وەهای بۆ نالوێ.» محەممەد خزری س. پ، ل ٧٨.

٣. سەدیق ئەنجیری چەند ساڵ دوای کۆدەتای ١٩٥٣ لە حیزبی توودە دادەبڕێ و بەتوندی دژایەتییان دەکا. ماوەیەکی کورت پێش کۆنگرەی دووهەم دێتە باشووری

## باسی حەوتەم: ڕاپەڕینی چەکدارانەی (١٣٤٦ - ١٣٤٧/ ١٩٦٧ - ١٩٦٨)

ئەو ڕووداوانە کە لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٥ (١٩٦٦)دا تووشی حدك هاتن وەك کوژرانی سەدیق ئەنجیری و دوورخرانەوەی ئەحمەد تۆفیق لەلایەن سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بۆ ناوچەی بادینان،[1] دۆخی نێوخۆیی «حدك»ی تووشی قەیران و کێشەی پتر کرد.[2] هەروەها پێشهاتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەو قۆناغەدا کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوکانی نێوخۆی ئەو حیزبە دانا. هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان شۆڕش و حکوومەتی عەبدوسسەلام عارف لە سەرەتای ١٩٦٥دا، گەڕانەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی کۆنی پارتی و لایەنگرانیان لە

---

١. بارزانی بۆ خۆی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق دانیشتووە و دوای ڕوونکردنەوەی دۆخی شۆڕش و داخوازیی ئێران سەبارەت بە ڕادەست کردنەوەی، داوای لێ کردووە بۆ ماوەیەك بچن و میوانی ئەسعەد خۆشەوی لە لەشکری یەکی بادینان بێ و بەم جۆرە ئەحمەد تۆفیق لە مارسی ١٩٦٦دا لەگەڵ شەش پێشمەرگەی هاوڕێی خۆی لە گوندی قومری لە «بەرواری»ی باڵا جێگیر دەبێ. حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق، ل ٢٨٧- ٢٨٨.

٢. سەعید کاوە لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کومیتەی ناوەندی جگە لە سولەیمانی موعینی و سەدیق ئەنجیری و یەك- دووانێکی دی، ئەوانی دیکە بەرچاو نەبوون، یان جێگەی متمانەی کادرەکانی حیزب نەبوون. کاتێك سەدیق ئەنجیری بێ‌سەروشوێن بوو، سولەیمان موعینیش بە تەنیا مایەوە و هەر بە ناو حیزب و کومیتەی ناوەندییمان هەبوو.» سەعید کاوە، س. پ، ل ١٥٧.

له سەرکردایەتی، دابڕانێکی دیکەی له نێو «حدك»دا لێکەوتەوە. بە سەرنجدان بە ململانێ و ناکۆکییەکانی نێو حدك دەردەکەوێ کە بێجگە لەوەی ئەندامانی حدك وەك خۆیان خاوەن ئایدۆلۆژیا و دنیابینیی جۆراوجۆر بوون و ئەمە تێڕوانینی جیاوازی لەسەر پرسە سیاسییەکان لە لا دروست دەکردن؛ بەڵام کێشە و ناکۆکیی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستانیش چ لە نێوخۆی پارتیدا (بارزانی و مەکتەبی سیاسی) و چ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعیی عێراق و دابەش بوونی ئەندامانی حدك بەسەر ئەم ناکۆکییانەدا، لە قووڵتر کردنی کێشە و ململانێی نێو «حدك»دا شوێنەواری بەرچاوی داناوە.

---

کوردستان و هاوڕێ لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و سولەیمان موعینی ڕۆڵی بەرچاو لە کۆنگرەدا دەگێڕێ. لە ساڵی ١٣٤٥ (١٩٦٦) بە شێوەیەکی گوماناوی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا دەکوژرێ. نەیارانی ئەحمەد تۆفیق پەنجەی تاوان بۆ ناوبراو درێژ دەکەن و لایەنگرانی ئەحمەد تۆفیق ئەو بە بێتاوان دەزانن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محەممەد خزری، س. پ، ل ١١٣- ١٢٦؛ کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (٢)، ل ١٧٧- ١٨٠؛ سەعید کاوە، س. پ، ل ١٥١- ١٥٤؛ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل ١٤٢؛ د. یاسین سەردەشتی، ئەحمەد تۆفیق، ل ١٥٠- ١٥٤؛ حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق، ل ٢٩٠- ٢٩٦.

١. لە یەکەم پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی پاش کۆنگرەی دووهەمدا کێشە لەسەر نێوەرۆکی بەیاننامەی کۆنگرەی دووهەم پێكدێ. بەتایبەتی دوای دەربڕینی نارەزایەتی لەسەر هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بەیاننامەکە بەرامبەر بە ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، لە نێوان ئەحمەد تۆفیق و سەدیق ئەنجیریدا دەمەقاڵەی توند دێتە ئاراوە و ئەحمەد تۆفیق تووڕە دەبێ و دەست لە کار کێشانەوەی خۆی ڕادەگەیەنێ و دواتر کە لێی قەبووڵ ناکرێ داوای شەش مانگ پشوودان دەکا و لە قەندیل بنکەیەك دادەنێ. محەممەد خزری، س. پ، ل ٦٥- ٧٠؛ ئەمیر قازی، س. پ، ل ١٢٤- ١٢٧.

هەمەدانی ئێرانەوە بۆ نێو شۆڕش، بەهێز بوونی پێوەندییەکانی شۆڕش و ڕژیمی شاهەنشاهی ئێران، هەڵاتنی چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆن لە ناوچەی دۆڵەڕەقەوە و کار کردنیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەناوی پارتی باسکی جەلالییەوە (لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی) و گرێدانی پێوەندییان بە ڕژیمی عێراقەوە و قووڵ بوونەوەی دووبەرەکی و هەڵگیرسانی شەڕی کوردکوژیی ناسراو بە «مەلایی و جەلالی»[1] بەشێك لەو ڕووداوانە بوون کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر حدك هەبوو.

لەم هەلومەرجەدایە کە کۆمەڵێك لە کادرەکانی حدك کە ناهومێد دەبن لەو چەند کەسەی کومیتەی ناوەندی کە ماون،[2] دەکەونە بیری ئەڵتێرناتیڤێك بۆ ئەوەی بتوانن بە گرتنە بەری شێوازێکی نوێ لە خەبات و بە کۆ کردنەوەی کادرەکانی دیکە ڕووحێکی دی وەبەر جەستەی سڕبووی حدك بێننەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژی ١٤ی سێپتامبری ١٩٦٦ لە گوندی «ئالانێ»ی ناوچەی باڵەکایەتی «کومیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دیموکراتی کوردستان»یان پێکهێنا. دامەزرێنەرانی کومیتەی شۆڕشگێڕی بریتی بوون لە: سمایل شەریفزادە، حەمەدەمین سیراجی، سالار حەیدەری، مەلا ئاوارە، سەعید کوێستانی، سەنار مامەدی و مەلا عەبدوڵلا سەرباز.[3]

---

١. د. یاسین سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژووی جووڵانەوە چەکدارییەکەی...، ل ٣٢.

٢. لەو کاتەدا تەنیا پێنج کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بەکردەوە مابوون کە بریتی بوون لە: سولەیمان موعینی، ئەمیر قازی، مەلا ڕەحیم ویردی، مەلا سەید ڕەشید، هەڵبەت نحۆ پاشایی (بایز شکاك) لە بەهاری هەمان ساڵدا (١٣٤٥/ ١٩٦٦) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی هێزەکانی ڕژیمی شاهەنشاهی لە نێو دەچێ. محەممەد خزری، س. پ، ل ۶.

٣. سەعید کاوە، س. پ، ل ١٥٩.

کومیتەی شۆڕشگێڕی لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا وەك سالار حەیدەری باسی دەکا دوو بڕیاری گرینگی دا: «یەکەم ڕۆژنامەیەك بلاوبکەینەوە کە ناوی «تیشك»، ئۆرگانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێ و سمایل شەریفزادە و حەمەدەمین سیراجی بابەتەکانی ئەو ڕۆژنامەیە ئامادە بکەن، دووهەم ئەوە کە ڕێکخستنێکی تۆکمە پێك بێنین.»[1] دامەزرێنەرانی کومیتەی شۆڕشگێڕ جموجوولێکی فکری و ڕێکخراوەیی ڕێكوپێکیان دەستپێکرد و لەگەڵ ئەوەی ئیمکاناتێکی یەکجار کەمیان لە بەردەستدا هەبوو، بەلام توانییان لە نێو قەوارەی حیزبدا شوێنێك بۆ خۆیان بکەنەوە و بۆ ئەوەی بیروباوەڕی خۆیان بلاوبکەنەوە «تیشك»یان دەرکرد.[2] کومیتەی شۆڕشگێڕ دواتر پەرەی گرت و دوای تەقینەوەی ناکۆکی لە نێو ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەدا چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیشیان چوونە پال، لەوانە: سولەیمان موعینی.[3]

کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی بۆ ماوەی ١٨ مانگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرپا کرد. ئەو ڕاپەڕینە لە مێژووی هاوچەرخی ئێران و کوردستاندا وەك ڕووداوێکی مێژوویی تۆمار کراوە و بە گرینگترین فەسڵی مێژوویی حدك لە نێوان ساڵەکانی پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)دا دادەنرێ.

لەسەر چۆنیەتی و هۆکاری بەرپابوونی ئەم ڕاپەڕینە ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز هەیە. ڕاپۆرتی کۆنگرەی سێهەمی حدك لێکدانەوەی بۆ

---

١. حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق، ل ٣٠٧.

٢. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل ٤٢.

٣. هەمان سەرچاوە، ل ٤٥.

سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە بەم جۆرەیە: «بارودۆخی نێوخۆیی حدك لە ساڵەکانی ١٣٤٦ (١٩٦٧)دا لە لایەکەوە و ئەو فشارەی کە بۆ حیزب دەهات لە لایەکی دیکەوە هێندێك لە بەڕێوەبەران و کادرەکانی «حدك»یان ناچار کرد کوردستانی عێراق جێبهێڵن و بێنەوە کوردستانی ئێران. ڕژیمی شا کەوتە ترسەوە و هێزێکی چەکداری زۆری بۆ لەنێوبردنی ئەوان تەرخان کرد. کادر و ئەندامانی حیزب بێجگە لە دەستکردنەوە و بەربەرەکانی کردن هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان بۆ نەمایەوە. بەم جۆرە خەباتی چەکدارانە بەسەر هێندێك لە کادر و ئەندامەکانی ئێمە لەلایەن ڕژیمەوە سەپێندرا.»[1]

ئەوەی پرسیار دەخاتە سەر ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە چۆنە بە دەیان ئەندامی ڕێبەری، کادر و ئەندامی حدك ناچار نەبوون باشووری کوردستان جێبهێڵن و تا کۆتایی ڕاپەڕینەکە و تا سالانی دواتریش لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگەدا حەوانەوە؟[2] کە وا بوو ئەم دەرفەت و مەجالە بۆ بەشداربووانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش ڕەخسابوو و ئەوانیش دەیانتوانی ناچار نەبن باشووری کوردستان جێ بهێڵن و خەباتی چەکدارییان بەسەردا نەسەپێ.

---

١. ڕاپۆرتی کومیتە ناوەندیی حدك بۆ کۆنگرەی سێهەم، ل ٢٤- ٢٥. ئەم بۆچوونە لەلایەن کەسانێکی دیکەشەوە دووپات بۆتەوە، بۆ وێنە بڕوانە: عەبدوللا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل ٢٤٦؛ محەممەد خزری، س. پ، ل ١٤٤- ١٤٥؛ کارۆل پرۆنهوبێر، س. پ، ل ١٨٢.

٢. بۆ نموونە: ٤٠- ٥٠ کەس لە کادر و ئەندامانی حدك بە سەرپەرستیی ئەمیر قازی و بەناوی کومیتەی ناوەندیی حدك لە سەنگەسەر و دەوروبەری لە ناوەندی دەسەلاتی شۆڕش‌دا دانیشتن. برایم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول ١٩٧١- ١٩٧٥؛ بنیاتنان و هەڵتەکاندن، ١٩٦١- ١٩٧٥، چاپی سێهەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٢٨- ٢٢٩.

گەورەی وەك شەڕی هەندرێن (١٩٦٦)ی کردووە.[١] مەسعوود بارزانی دەڵێ: «پاش ئەو کودەتایە (١٩٦٣) و پاش ئەو کوشتارگە گەورانەی ڕژێمی نوێ بۆ شیوعیەکانی ساز کرد، باری سەرنجی شیوعی گۆڕا و شیوعییەکان هاتنە پاڵ شۆڕش و بەشدارییەکی کاریگەریان لە شۆڕشی ئەیلوولدا کرد (١٩٦٣ ـ ١٩٧٠).»[٢] هاوپەیمانیی حیزبی شیوعی و دەوڵەتی ناوەندی (بەعس) دەگەڕێتەوە سەرەتای حەفتاکان (١٩٧٣)، واتە پاش کودەتای دووهەمی بەعسیەکان لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨[٣] کە ئەو کات سێ مانگ بوو ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی پێهاتبوو.

هیچ ڕووداوێکی مێژوویی نە لە عەردی ڕووتوقووت شین دەبێ و نە دابڕاو و سەربەخۆیە، بەڵکوو لە پێوەندییەکی دیالێکتیکیدایە لەتەك ئەو قۆناغە کە تێیدا لەدایكبووە بە ڕووداوەکانیەوە. هەروەها هەر ڕووداوێك دەبێ لەو بەستێنەی کە تێیدا دروست بووە پێناسە بکرێ و هەڵبسەنگێندرێ. لەم سۆنگەیەوە تیشك دەخەینە سەر ئەو هەلومەرجە کە فاکتەرێکی گرینگ بوو لە پێکهاتنی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨دا:

### ١. زەمینەی کوردستانی ـ ئێرانی:

بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٦٠دا بەگشتی سەقامگیر نەبوو. ئاڵوگۆڕەکانی ناسراو بە «شۆڕشی سپی»

---

١. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە: کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، و: جەلال دەباغ، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٢. مەسعوود بارزانی، س. پ، ل ١٨٧.

٣. کەریم ئەحمەد، س. پ، ل ٢٤٨– ٢٥٦.

لە بواری ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لە ئێراندا نەیانتوانی ببنە هۆکاری گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکی پرسی مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد هەروەك ڕابردوو لەلایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە پشت‌گوێ خرابوون و ڕێگر بوون لە بەردەمی‌دا.[1] پرسی زمان و ئازاد نەبوونی خوێندن و نووسین و تەنانەت چاپی کتێبی ئاسایی بە زمانی کوردی و بە سەرنج‌دان بە لایەنەکانی دیکە؛ ستەمی نەتەوایەتی ناکۆکیی سەرەکیی کۆمەڵگای کوردستان بوون.[2]

کوردستان پتر لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران لەژێر باڵەپەستۆی دەسەڵاتی سپادا بوو. دەسەڵات بەگشتی کەوتبووە ژێر دەستی ئەفسەرانی سپا، پۆلیس و ژاندارمە و بەتایبەتی ساواك؛ کە زۆر بە قورسی چاو دەبڕنە گشت جم‌وجوولێکی دانیشتووان. بۆ وێنە کە جووتیارێکی کورد سەردانی گوندی دراوسێی بکا، ئەوا دەبێ کوێخای هەر دووك ئاوەدانی ئاگادار بن، چونکە پێویستە سەردانی گشت نەناسێك بە ژاندارمە ڕابگەیەنن.[3] ڕێگاوبان زۆرتر سەربازین و لەو ناوچانە کە بە کەلکی بازرگانی نایەن دروست دەکرێن. گرینگی‌دان بە میلیتاریزە بوونی

---

١. لازاریف و دیگران، م. ق، ص ٢٧٦. لەگەڵ ئەوەی چاکسازیی زەوی نەبوو بەهۆی نەهێشتنی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە گوندەکانی کوردستان و تەنیا ڕادەیەکی کەم لەو کەسانەی کە خاوەن بەتۆو (بەرەجووت) بوون و ئەویش بە شێوەی نایەکسان بوون بە خاوەنی زەوی؛ بەڵام لە بەرامبەردا سیستمی زاڵمانەی ئاغا و ڕەعیەت لەبەریەك‌هەڵوەشا. گوندنشینەکان لە کۆت و زەنجیری کۆیلەتی ڕزگاریان بوو و لە ڕووی ڕووحی و فکرییەوە بەرەو قۆناغێکی نوێتر لە سیستمی داخراوی دەرەبەگایەتی هەڵدەکشان. حسین مدنی، دینامیزم شیوەهای مبارزاتی کردستان ایران، آذرماه ١٣٦٩، ص ٣٤.

٢. حمید مؤمنی، درباره مبارزات کردستان، انتشارات شباهنگ، تهران، ١٣٥٨، ص ٢١.

٣. کەندال نەزان و ئەوانی تر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت (کورد و کوردستان)، ل ٢٢٩.

ناوچەکە بەڕوونی دیارە. سەرەڕای سەربازگەکانی سپا، پۆلیس و ژاندارمە بەم دواییانەدا هێزی بەرگریی نیشتمانی و پەروەردە کردنی چریکی دەوڵەتی (جاش)یش لە کوردستان زیاد بووە و شارەکان پڕ بوون لەم تاقمانە.[1] لەم بەشەی کوردستان گرژی و ئاڵۆزییەکان بەخێرایی لە زۆر بوون‌دا بوون و ئەمەش بەهۆی توندوتیژ بوونی زۆرداریی دەسەڵاتداران لە دژی دانیشتووانی کورد؛ چونکی ژاندارمەکانی شا سەربەستی ڕەهایان هەبوو لەو کردەوانەدا کە لە ناوچەکانی کوردستان ئەنجامیان دەدا بەجۆرێك کە دەستیان کردبوو بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و بە تاڵان بردنی ماڵ و سامانیان و ئەمەش چەند جار تێکهەڵچوونی چەکداریی لە نێوان جووتیارەکان و ژاندارمەی شادا لێکەوتەوە و ئەمەش زەمینەی بۆ ئەو کەسانە خۆش کردبوو کە دەیانەویست چەك هەڵگرن.[2]

لە ئێران‌دا کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩ی ئابی ١٩٥٣) شکستێکی مێژوویی بوو بۆ ئەو دیموکراسیە ڕێژەیی‌یە کە لە ماوەی ١٢ ساڵ‌دا (١٩٤١ ـ ١٩٥٣) کەم و زۆر لە کەش‌وهەوای سیاسیی ئێران‌دا هەبوو و ڕێگەی خۆش کرد بۆ سەرەڕۆیی و توندوتیژی. دواجار حەمەڕەزاشا لە ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣) کۆتایی بەو نیمچە کەشە سیاسیە کراوەیە کە بەهۆی قەیرانی نێوخۆیی و پاڵەپەستۆی دەرەکی (ئەمریکا) پێکهاتبوو هێنا و تێیدا حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە یاسایی‌یەکان[3] (بەرەی نیشتمانیی دووهەم) و

---

١. حمید مؤمنی، م. ق، ص ٣١.

٢. کەندال نەزان و ئەوانی تر، ل ٢٢٥.

١. گرووپێکی دی کە لە دەرەوەی بەرەی نیشتمانی چالاکی هەبوو «جامعەی سۆسیالیست»ـەکان بوو بە ڕێبەریی خەلیل مەلەکی کە لە «حیزبی توودە، حزبی زەحمەتکێشان و هێزی سێهەم» دابڕابوون؛ بە هاوڕێیەتیی ڕووناکبیرانی وەك جەلال ئالی‌ئەحمەد، مەنووچێهر سەفا، محەممەدعەلی هومایوون کاتووزیان،

بزووتنەوەی خوێندکاری سەرلەنوێ چالاک بوونەوە.[1] سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی جۆزەردانی ١٣٤٢ (١٩٦٣)[2] کە ڕووحانییەتی شیعە سەرکردایەتی دەکرد و دواتر دوورخستنەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی و دادگایی کردنی ڕێبەرانی «نیهزەتی ئازادی»[3] و چەند کەس لە پیاوانی ئایینی لێکەوتەوە، سەرەتای دەس پێکردنی سەردەمی دیکتاتۆریی تازەی

---

داریووش ئاشووری و... بە خێرایی لە نێو خەڵکدا پێگەیان وەدەستهێنابوو. سۆسیالیستەکان باوەڕیان وا بوو کە دەبێ لە ناکۆکیی نێوان دەربار و ئەمنیی کەلک وەربگیرێ بۆ خەبات و پڕوپاگەندە و چالاکیی مەدەنی. مسعود بهنود، از سید ضیا تا بختیار، ص ٤١٢.

٢. ئاراس، وەچەیەکی ئەهلی کار و لەخۆبوردوو، کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٦٧٩، ١٢ی بانەمەڕی ١٣٩٥، ل ٥. ئەو هۆکارانە کە بوون بەهۆی پاشەکشەی ڕژیم بریتی بوون لە: شکستی سیاسی و ئابووریی ڕژیمی ئێران، پەرەسەندنی بشێوییەکان، پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ڕژیمەکانی تورکیە و عێراق و گۆڕانکاری لە ڕێبازی سیاسی دەوڵەتی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ڕژیمە دیکتاتۆرەکاندا. غلامرضا نجاتی، م. ق، ص ٢٤٥.

٣. ڕاپەڕینی ١٥ی جۆزەردان، چاکسازییەکانی شا لەگەڵ نارەزایەتی بەشێکی بەرچاوی ڕووحانییەتی شیعە بەرەوڕوو بۆوە، بەتایبەتی چاکسازیی زەویوزار و دانی مافی دەنگدان بە ژنان. لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ (ژووەنی ١٩٦٣)دا ڕژیم خۆپیشاندەرانی نارازیی کە سێ ڕۆژ بوو لە تاران و چەند شارێکی دیکە بە هاندانی پیاوانی شیعە ڕاپەڕیبوون بە زەبری هێز دامرکاند و لە ئەنجامدا سەدان کەس کوژران. خومەینی ڕێبەری نوێی ڕووحانییەتی شیعە دەسبەسەر کرا و سەرەتا بۆ تورکیە و دواتر بۆ عێراق دوور خرایەوە. یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ص ٥٢٣. جان فوران، م. ق، ص ٤٦٢.

٣. نیهزەتی ئازادیی ئێران، لە ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٤٠ (١٧ی مای ١٩٦١)دا دامەزرا. ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە زۆرتر ڕێبەران یان دامەزرێنەران و چالاکانی بزاڤی بەرگریی نیشتمانی بوون کە لە دوای کودەتای دژی موسەددیق پێکهات. نیهزەتی ئازادی زۆرتر بەرهەمی بیر و ئەندێشەی خەباتکارانی وەک؛ ئایەتوڵڵا سەید مەحموود تاڵەقانی، موهەندس میهدی بازرگان و دوکتور یەدوڵڵا سەحابی بوو. غلامرضا نجاتی، م. ق، ص ١٦٣.

شاهانه بوو به سەرکوت کردنی هەموو نەیارانی سیاسی و مەزهەبی و پێکهێنانی کەشێکی پڕ له تیرۆر و تۆقاندن.[1]

دوو هێزی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژیم که بریتی بوون له بەرەی نیشتمانی و حیزبی توودە له چ بارودۆخێكدا بوون؟ به دوای هەڵوەشانی «بەرەی نیشتمانیی دووهەم» له ساڵی ١٣٤٣ (١٩٦٤)دا هەوڵ درا بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی سێهەم له ساڵی ١٣٤٤ (١٩٦٥)دا، بەڵام پۆلیس زۆر زوو ئەم هەوڵەی پووچەڵ کردەوە و پێش ئەوەی ئەم بەرەیە هەنگاوێکی جیددی هەڵبگرێ نوێنەران و گرووپەکانی پێکهێنەری دەس‌بەسەر کرد.[2] بەم جۆرە ڕێبەرانی بەرەی نیشتمانیی ئێران ئیتر نەیانتوانی درێژە به بەرخۆدان بدەن و له تێکۆشان سارد بوونەوە.

حیزبی توودەش دوای کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و ئەو زەبرەی که لەلایەن ڕژیمەوە بەری کەوت، له ڕاستی‌دا تا شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩) نەیتوانی پشت ڕاست بکاتەوە و لەم ساڵانەدا وەك حیزبێکی دوورخراوە که ڕێبەرانی له لایپزیکی ئاڵمانی ڕۆژهەڵات بارگەوبنەیان خستبوو، زۆرتر له دەرەوەڕا چاولێکەر و بینەری ڕووداوەکان بوو. ئەمە وای کردبوو که پێوەندیی به کۆمەڵانی خەڵکەوە نەبێ و نەتوانێ له ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگادا ڕۆڵی هەبێ. هەروەها گەرم بوونی پێوەندییەکانی ئێران و

---

١. پەرویز بابایی، مێژووی هاوچەرخی ئێران، و: سەرتیپ زەندی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٣٢.

٢. بیژن جزنی، تاریخ سی ساله ایران، ص ١٠٢. گرووپە پێکهێنەرەکانی بەرەی نیشتمانیی سێهەم بریتی بوون له: نێهزەتی ئازادی، حیزبی میللیی ئێران، حیزبی مەردومی ئێران، جامعەی سۆسیالیستەکان و ڕێکخراوی خوێندکاریش نوێنەرێکی لەم بەرەیەدا هەبوو. پێشین، ص ١٠٢.

سۆڤیەت لەو ساڵانەدا و هەڵگوتنی ئەو حیزبە بەو پێوەندییانەدا بەجارێک حیزبی توودەی بێ‌ئیعتبار کردبوو.[١]

٢. زەمینەی نێونەتەوەیی:

جیهان لە هەل‌ومەرجێک‌دا پێی نابووە دەیەی ٤٠ (٦٠) کە چەند ڕووداوی گەورە لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ڕوویان دابوو، چین لە ساڵی ١٣٢٨ (١٩٤٩) شۆڕشەکەی بە ڕابەریی حیزبی کۆمۆنیست و لە ڕێگەی خەباتی چەکدارانەی درێژخایەن سەرکەوت.[٢] ڤیەتنامییەکان لە شەڕی «دیان بیان فۆ» لە ساڵی ١٩٥٤دا سپای داگیرکەری فەڕانسەیان تێکشکاند.[٣] لە کووبا و لە ئەمریکای لاتین لە بن‌دەستی ئەمریکا شۆڕشی چەکدارانە بە ڕێبەریی فیدل کاسترۆ لە ساڵی ١٩٥٩دا سەرکەوت.[٤] بەم پاشخانەوە جیهان پێی نایە دەیەی ٦٠ ئەو دەیە تۆفانییە کە تێیدا گوتاری ڕادیکالیزم و شۆڕشگێڕی باو بوو.[٥]

---

١. محمدعلی همایون کاتوزیان، اقتصاد سیاسی، ص ٢٦٢؛ ئیسماعیل بازیار، خوێندنەوەیەکی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٦- ٤٧، تیشک، گۆڤاری سیاسی- ڕۆشنبیری، ساڵی نۆیەم، ژمارە ١٩، ١٣٨٦، ل ٦٠.

٢. ئەردەڵان عەبدوڵڵا، چین زلهێزی نوێی جیهان، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی، مێژوویی، ئابووری و سۆسیۆلۆجییە، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٢٨- ١٣٩؛ دەیڤید پێترۆزا، شۆڕشی کولتووری لە چین، و: هەژار ڕەحیمی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل ١٦- ١٧.

٣. الکساندر ماتیل، دایرةالمعارف ناسیونالیسم، جلد سوم، ص ٩٥٥.

٤. آندره فونتن، تاریخ جنگ سرد، جلد دوم، ترجمە: عبدالرضا (هوشنگ) مهدوی، تهران، ١٣٦٦، ص ٤٦٠- ٤٦٢.

٥. ئیریک هابزباوم لەم بارەیەوە دەڵێ: «لە ساڵەکانی ١٩٦٨- ١٩٦٩دا شەپۆلێک لە شۆڕش و ڕاپەڕین سەرتاسەری سێ کیشوەری یان بەشێکی بەرچاوی گرتبووە،»

له ئەمریکا جوولانەوەی مافی مەدەنیی ڕەشپێستەکان[1] و بزافی ژنانی ئەمریکایی بۆ یەکسانی و ئازادی (فیمینیزم) بە ئیلهام وەرگرتن لە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی دەیەی ١٩٥٠، شەڕە ڕزگاریخوازە خۆجێییەکان لە ئاستی جیهانی لە دەیەی ١٩٦٠دا و بزافی دژی شەڕی ڤیەتنام بەتایبەتی لە ئەمریکا و ئورووپا، ڕاپەڕینی خوێندکارانی فەڕانسەیی لە ساڵی ١٩٦٨دا[2] ئەم وڵاتەی هەژاند و چەندین شاری دیکەی ئورووپای گرتەوە و لەگەڵ خۆی زۆر نۆرم و بایەخی نوێی هێنان و چەندین بزووتنەوەی دیکە کە سیستمی سەرمایەدارییان کردبووە ئامانج، لە دەیەی ٦٠دا پێچمیان گرت.[3]

لە دوای جەنگی دووهەمی جیهانی و لە ئاکامی سەرکەوتنی جوولانەوە ڕزگاریخوازەکان و شکانی مێژوویی کۆلۆنیالیزم دەیان وڵات بە وەدەر نانی داگیرکەران بە سەربەخۆیی گەیشتن. لووتکەی ئەم سەرکەوتنانە دەیەی ٦٠ بوو. لە ماوەی کەمێك زیاتر لە بیست ساڵدا پتر

---

اریك هابزباوم، عصر نهایت‌ها، تاریخ جهان ١٩١٤-١٩٩١، ترجمه: حسن مرتضوی، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٣، ص ٥٧١.

١. بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ڕەشپێستەکان لە ئەمریکا بەهۆی زنجیرە یاسایەك و دەنگەکانی دیوانی بەرزی وڵاتی ئەمریکا لە بارەی مافەکانی ڕەشپێستەکان و دژایەتیی سپیپێستەکانی هێندێك ویلایەتەکان لەگەڵ بەڕێوەبەراتیان؛ ڕەشپێستەکان زنجیرە خەباتێکیان دەستپێکرد. لە سەرەتا خەباتەکە بە ڕێبەریی مارتین لوترکینگ (١٩٢٩- ١٩٦٨) لایەنی هێمنانەی هەبوو، بەلام دواتر ڕەنگی توندوتیژیی بە خۆوە گرت. ڕۆزا لیندرۆزنبێرگ، مێژووی سەدەی بیستەم، زانکۆی کۆلۆمبیا، و: مەسعوود ڕەواندووست، دهۆك، ٢٠٠٩، ل ١٧٦.

٢. بڕوانە: جۆرج ترایشی و ئەوانی تر، شۆڕشی خوێندکارانی ٦٨، و: شوان ئەحمەد، هەولێر، ٢٠١٠.

٣. ڕۆزا لیندرۆزنبێرگ، س. پ، ل ١٧٦.

لە سەد دەوڵەتی نوێ سەریان هەڵدا.[١] ئەوەی کە نەیارانی شۆڕش و شۆڕشگێڕانی سەرسام کردبوو، شێوەی سەرەکیی خەباتی شۆڕشگێڕی لە جیهانی سێهەم بوو، واتە شەڕی چریکی و پارتیزانی لەمسەر تا ئەوسەری جیهان.[٢] مێژوونووس، ئێریک هابزباوم (١٩١٧ - ٢٠١٢) گوتەنی: «لە چارەگی سێهەمی سەدەی بیستەم (١٩٥٠ - ١٩٧٥)دا هەموو چاوەکان بۆ چریکەکانیان دەڕوانی.»[٣]

لە هەلومەرجێکدا کە ڕووح و گوتاری شۆڕشگێڕانە و ڕادیکالیزم لە جیهان و بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، ئاسیا و ئەفریقا زاڵە و شێوازی خەباتی چەکدارانە و سیما بەناوبانگەکانیان بوون بە

---

١. اریك هابزباوم، عصر نهایت‌ها، ص ٥٥٨- ٥٧٠. «قەوام نکرومە» لە غەنا؛ «ئەحمەد سێکۆتوورە» لە گینە؛ «پاتریس لۆمۆمبا» لە کۆنگۆ؛ «جەماڵ عەبدوناسر» لە میسر و «جەمیلە بووحیرە» لە ئەلجەزایر سیما ناسراوەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی بوون لە لای خەباتگێڕانی جیهانی سێهەم. ڕۆزا لیندرۆزنبێرگ، مێژووی سەدەی بیستەم، وەرگێڕانی: مەسعوود ڕەواندووست، دهۆك، ٢٠٠٩. ئیسماعیل بازیار، خوێندنەوەیەکی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی چەکداریی ٢٦-٢٧، ل ٣٤- ٣٥.

٢. سەرجەمی خەباتی چەکداری لە چوار کیشوەری گۆی زەوی لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بەم شێوەیە تۆمار کراوە: ئاسیا ٤٨، ئەفریقا ٥٢، ئەمریکای باشوور ١٢، ئەمریکای نێوەڕاست ١٨، سەرجەم ١٢٠. حیکمەت محەممەد کەریم (مەلا بەختیار)، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم، سوید، ١٩٩٢، ل ٢٨٤.

٣. اریك هابزباوم، م. ق، ص ٥٦٣. ماوتسی تۆنگ، کاسترۆ و گیڤارای سەرنجڕاکێش و ماڵ بە کۆڵ و ڕێژە دیری بە ڕەچەڵەك فەرانسەیی ڕێبەرانی تیۆریکی ئەم ڕەوتە بوون. هەرچەند کۆمۆنیستەکانی ڤیەتنام سەرکەوتووترین و بەشکۆترین بەڕێوەبەرانی شەڕی پارتیزانی بوون و لە ڕووی نیونەتەوەییەوە بەهۆی تێکشکانی فەرانسە و ئەمریکای بەهێز ستایش دەکران. پێشین، ص ٥٦٣.

ئۆلگووی خوێندکار و گەنجە ڕادیکاڵەکان[1] و لە ئێراندا هیچ دەرەتانێک بۆ خەباتی ئاسایی و هێمنانە نەماوە، وەچەیەکی نوێ لە تێکۆشەرانی سیاسی و بەتایبەتی بەشێکی بەرچاویان کە خۆیان لە ڕەوتێکی چەپی نوێدا دەدیتەوە،[2] هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای بەربەرەکانی لەگەڵ ڕژیم خەباتی چەکدارانەیە. مەهدی بازرگان لە ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو کات و یەکەم سەرۆکوەزیرانی پاش شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩) ساڵی ١٣٤٣ (١٩٦٤) لە بەردەم دادگای سەربازیدا بەڕێوەبوونی تارمایی سەردەمێکی نوێ لە خەبات ڕادەگەیەنێ و دەڵێ: «ئێمە دوایین

---

١. مەسعوود بێهنود، مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لەم پێوەندییەدا وتاریەک لە کەش‌وهەوای سیاسی ئەو ساڵانە بەدەستەوە دەدا و دەنووسێ: «کاسترۆ نموونە (ئولگوو)ی کۆمەڵگای بێ‌نموونە بوو، دواتر دەرکەوت لەو کۆمەڵگایانەی قارەمانیشیان هەبوو، جێگا و شوێنی کاسترۆ لە تەنیشت پاڵەوانە نەتەوەیی‌یەکان بوو. لاوەکانی مێری هیچ وتەیەکیان لە عەبدوناسر لە لا خۆشەویستر نەبوو مەگەر ئەو وتەیەی کە ناسر لە لای ئەو کوویاییە باڵابەرزە ڕاوەستابوو. لەوانە بوو لە بۆگۆسلاڤی و هیندوستان، تیتۆ و نەهرۆش ئەم وتانەیان لە هۆدەی گەنجەکانیان بینیبا.» مسعود بهنود، ما می‌مانیم، تهران، ١٣٧٧، تهران، ١٣٧٧، ص ٢٢٤.

٢. چەپی نوێ ئەو بەشە لەو مارکسیستە گەنجانەی ئێرانن کە لە دەیەی ٤٠ (٦٠)دا بە بەرنامەیەکی نوێوە هاتبوونە گۆڕەپانی خەبات و سیاسەتەوە و سەرەڕای دژواری و گیروگرفتی گەورە، ئامادە بوون بۆ ئەنجام دانی. ئەو دەیەیە نوێنگەی تێپەڕ بوونی قۆناغێک و زیندووبوونەوەی جووڵانەوە بوو، وەچەی نوێی مارکسی لە ڕێکخستن بە شێوازی حیزبی توودە کە تەنیا لە دۆخی یاسایی و نیوە یاسایی دەیتوانی چالاکی هەبێ و پاڵی بە هێزە دەرەکییەکانەوە دابوو. چەپی نوێ ڕێکخستنێکی سەربەخۆ لە نفووزی دەرەکی و گونجاو لەگەڵ هەل‌ومەرجی سەرکوت و دەسەڵاتی پۆلیسی دامەزراند و ئەزموونی شۆڕشەکانی چین، کووبا، ئەلجەزایر و ڤیەتنامی بە لاوە گرینگتر بوو، تا ئەزموونی شۆڕشی بۆلشۆڤیکی. مازیار بهروز، شورشیان آرمانخواه، ترجمه: مهدی پرتوی، تهران، ١٣٧٩، ص ٨٥

کەسانێکین کە لە ڕێگەی دەستوورەوە (یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە) خەباتی سیاسی دەکەین، ئێمە چاوەڕوانیمان لە سەرۆکی دادگا ئەوەیە کە ئەم تێبینییە بە کاربەدەستانی سەرەوەتر ڕابگەیەنێ.»[1] عەلی‌ئەسغەر حاجی سەیدجەوادی، ڕووناکبیر و لە سیما ناسراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژیم لەم ساڵانەدا دەڵێ: «ڕووحی سەردەم هیچ ڕێگەیەکی لە بەردەم جەماوەردا نەهێشتۆتەوە بێجگە لەوەی کە مافی خۆی لە جیاتی پارلمان بە خەبات لە لێڕەوار (جەنگەڵ)دا وەدەست بێنێ.»[2]

لەم قۆناغە (دەیەی ۶۰) کە کێشەی نێوان چین و یەکیەتیی سۆڤیەت گەیشتە لووتکەی خۆی و سەرەنجام کەرت بوونی کامپی سۆسیالیستی لێکەوتەوە. ئەو ئاکۆکییانە کە لە دوای کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت (۱۹۵۶) بە بیانووی ڕەخنەگرتن لە ستالین و بیردۆزیی «پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە» ڕۆژبەڕۆژ پەرەی دەگرت.[3]

---

۱. غلامرضا نجاتی، م. ق، ص ۲۷۳.

۲. پیمان وهاب‌زاده و دیگران، ساربان سرگردانی، مجله اندیشه پویا، سال دوم، ۱۳۹۲، شماره ۱۲، ص ۷۲.

۳. لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت (۱۹۵۶) نیکیتا سێرگێویچ خرۆشچێڤ (۱۸۹۴- ۱۹۷۱) لە بەردەمی نوێنەرانی حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی ستالین و مودیریەتی ناوبراو لە بەڕێوەبردنی یەکیەتیی سۆڤیەت گرت و «ستالین سڕینەوە» و بیردۆزیی «پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە»ی خستە ڕوو، کە بریتی بوو لەوەی کە سەرکەوتنی سۆسیالیزم بەسەر سەرمایەداری‌دا تەنیا بە پەنابردن بۆ شەڕ دەستەبەر نابێ، بەڵکوو لە ڕێگەی کێبەرکێی ئاشتیخوازانەی ئابوورییەوە بە ئاکام دەگا و حیزبە کۆمۆنیستەکانیش بۆ گەیشتن بە دەسەڵات پێویست ناکا لە هەموو شوێنێک دەست بۆ چەک ببەن و بەڵکوو دەتوانن لە ڕێگەی پارلمانەوە سەرکەون. غلامرضا علی‌بابایی، فرهنگ علوم سیاسی، ص ۸۲۵ بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: اسماعیل رائین، شوروی و چین جنگ سرد دو ابرقدرت، چاپ دوم، تهران، ۱۳۵۲.

ئەو کەرت بوونە بەرۆکی زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان و یەك لەوان حیزبی توودەی ئێرانیشی گرتەوە.[1] لایەنگرانی بیر و بۆچوونەکانی ماوتسێ تۆنگ[2] (ماویستەکان) ڕیزی خۆیان لە حیزبەکانی لایەنگری

---

۱. کۆمەڵێك گەنجی توودەیی لە دەرەوەی وڵات کە زۆربەیان خوێندکار بوون و نارازی لە سیاسەتەکانی حیزبی توودە، بە ئیلهام وەرگرتن لە چین و کوویا بە پێکهێنانی کۆنفرانسی ئامادەکاری لە فێوریەی ۱۹۶۴دا لە شاری موونیخی ئاڵمان بناغەی «ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە»یان دامەزراند. بەشدارانی کۆنفرانس بریتی بوون لە: مەهدی خانبابا تارانی، یووسف ڕەزوانی، کوورش لاشایی، حەسەن قازی، حەمید مەدەنی و خوسرەو سەفایی و چەند کەسی دیکە. دواتر سێ کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە بە ناوەکانی فرووتەن، قاسمی و سەغایی بەهۆی لایەنگری و تێڕوانینی ماویستی لە ساڵی ۱۳۴۳ (۱۹۶۴)دا ڕیزی حیزبی توودەیان بەجێ هێشت و چوونە پاڵ ڕێکخراوی ئینقلابیی حیزبی توودە. بەڵام پاش ماوەیەك لێی دابڕان و بە ناوێکی دیکە چالاکیان هەبوو. بڕوانە: مهدی خانبابا تهرانی، م. ق، مازیار بهروز، م. ق، ص ۶۸۹ سیروس نهاوندی، باقر مرتضوی، حلقەی گمشدە، چاپ دوم، آلمان (کلن)، ۱۳۹۴.

۲. ماویزم: ئەم زاراوەیە ڕوانگە و ئەندێشەکانی ماوتسێ تۆنگ (۱۸۹۳- ۱۹۷۶) ڕێبەری شۆڕشی کۆمۆنیستی چین لەخۆ دەگرێ کە بەکورتی بریتی بوو لە: گواستنەوەی ناوەندی خەبات لە شارەوە بۆ گوند و لەبری چینی کرێکار گرینگی بە چینی جووتیار دەدرێ و ئەوان دەبنە هێزی سەرەکیی شۆڕش، کە ئەمانە بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی مارکس و لێنین بوون. تێکەڵاو کردنی شۆڕشی نەتەوەیی و کرێکاری، ڕزگار کردنی گەلانی ژێردەستەی کۆلۆنیالیزم لە ڕێگای خەباتی پارتیزانی بە پشتیوانیی جووتیاران، گەمارۆدانی شارەکان لە ڕێی گوندەکانەوە، ئیمپریالیزم شێرە بەفرینەیە و هەر بۆیە دژی سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی «خرۆشچێف»ە و خوازیاری شۆڕشی بەردەوام لە سەراسەری جیهان لە دژی پێگەکانی ئیمپریالیزم بوو. غلامرضا بابائی، م. ق، ص ۶۹۸ ئەردەلان عەبدوڵڵا، س. پ، ل ۱۳۹.

سۆڤیەت جیا کردەوە.[1] ئەم دیاردەیەش بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندیی توندئاژۆیانەی بۆچوونەکانی ماو ئەوەندەی دیکە یارمەتی بە ڕادیکاڵیزە بوونی کەشوهەوای سیاسیی ئەو قۆناغە کرد.

لەسەر بنەمای ئەم زەمینەیە بوو کە چەندین گرووپ و شانەی نوێ لە قەبارەی جۆراوجۆر و بە ئایدۆلۆژیی جیاواز پێکهاتن بە مەبەستی پیادە کردنی ڕێبازی نوێ، واتە خەباتی توندوتیژ (خەباتی چەکدارانە).[2] لە نێو ئەو شانە و گرووپانەدا دوو ڕێکخراوی «چریکە فیدایییەکانی گەل»[3] و

---

١. ئەم دیاردەیە کوردیشی گرتەوە. جەلال تاڵەبانی دەڵێ: «ناکۆکی کەوتبووە نێوان ڕووس و چینەوە. تەیارێك لە نێو ئێمە پەیدا بیوو بۆچوونی چینی بە ڕاست دەزانی و ماوتسی تۆنگی بە سەرکردەیەکی گەورەی شیووعی ئەدایە قەڵەم. ئێمە گەنجانی چەپی نێو پارتی لە ئەنجامدا هەموو بووین بەو تەیارە و کەوتینە بن کاریگەریی خەتی چینەوە. ماوتسی تۆنگمان خۆش دەویست، کار گەیشتبووە ئەوەی ئێمە لە بارەگاکانی خۆمان لە بەکرەجۆ و قەرەداغ وێنەی ماوتسی تۆنگمان هەڵاوەسیبوو، مەدالیایەکی ماوتسی تۆنگ بە سینگمەوە بووە. نەوشیروان مستەفا و هەندێکی دیکە و هەموومان لەژێر هەمان کاریگەریدا بووین.» سەلاح ڕەشید، س. پ، ل ٣٢٥.

٢. بیژن جزنی، تاریخ سی سالەی ایران، ص ١٢٩. لایەنگرانی خەباتی چەکداری بەسەر دوو گرووپی فکری- سیاسیدا دابەش دەبوون: گرووپە ئیسلامییەکان و گرووپە مارکسی- لێنینییەکان. حسن ماسالی، سیر تحول جنبش چپ ایران و عوامل بحران مداوم آن، چاپ دوم، آلمان، ٢٠٠١، ص ١٠١.

٣. ڕێکخراوی چریکە فیدایییەکانی گەلی ئێران: لە کۆتایییەکانی خاکەلێوەی ١٣٥٠ (١٩٧١) لە یەکیەتیی دوو گرووپ پێکهات کە ڕابردووی چالاکییان لە نێوەڕاستی دەیەی ٤٠ (٦٠) دەستپێکردبوو. گرووپی یەکەم لە کۆتایی ساڵی ١٣٤٥دا لە زانکۆی تاران بەهۆی شەش خوێندکار بە ناوەکانی: بیژەن جەزەنی، عەباس سورکی، عەلیئەکبەر سەفایی فەراهانی، محەممەد سەفاری ئاشتیانی، زورار زاهیدیان و حەمید ئەشرەف دامەزرا. گرووپی دووهەمی پێکهێنەری ڕێکخراوی فیدایییەکان، دوو خوێندکار بەناوەکانی مەسعوود ئەحمەدزادە و ئەمیرپەرویز پوویان ڕێبەرییان دەکردن.

«موجاهیدینی گەلی ئێران»[1] شوێندانەرترین و بەناوبانگترینیان بوون کە توانییان بە چالاکیی خۆیان ڕژێمی حەمەڕەزاشا لەگەڵ قەیرانی جیددی بەرەوڕوو بکەن.[2] شایانی باسە کە پێکهاتەی سەرەکیی ڕێبەریی ئەم

---

له ۱۹ی ڕێبەندانی ۱۳٤۹ (فێورییەی ۱۹۷۱)دا گرووپی جەزەنی (جەنگەڵ) بە هێرش بۆ سەر بنکەیەکی ژاندارمە لە «سیاهکەل» لە پارێزگای گیلان دەسپێکی خەباتی چەکداریی بەدژی ڕژێمی شا ڕاگەیاند. غلامرضا نجاتی، م. ق، ص ۳۸۰؛ مازیار بهروز، م. ق، ص ۱۰۶.

۱. ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران: لە خەرماناتی ۱۳٤٤ (سێپتامبری ۱۹٦٥)دا بەهۆی کۆمەڵێك خوێندکار و دەرچووی زانکۆ بە ناوەکانی: محەممەد حەنیف‌نەژاد، سەعید موحسین، عەلی‌ئەسغەر بەدیع‌زادەگان، محەممەد عەسکەری‌زادە، ڕەسووڵ مشکین‌فام و ئەحمەد ڕەزایی کە پێشتر ئەندامی نێهزەتی ئازادی بوون، دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە چالاکیی چریکیی خۆی لە گەلاوێژی ۱۳٥۰ (۱۹۷۱)دا دەستپێکرد. موجاهیدینی گەل مارکسیزمیان وەك شێوازی پێشکەوتووی شیکاریی کۆمەڵایەتی پەسند کردبوو، بەڵام ماتریالیزمیان ڕەت دەکردەوە و ئیسلامیان وەك شێوازی ئیلهام وەرگرتن، کولتوور و ئایدۆلۆژیای خۆیان دادەنا. پرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ص ٦۰۳- ٦۰۷؛ غلامرضا نجاتی، م. ق، ص ۳٦۱.

۲. زیندانەکانی ڕژێمی شا لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا پڕاوپڕ بوون لەو گەنجانە کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕەوتە و هێزەکانی دیکەی نەیاری ڕژێمدا دەس‌بەسەر کرابوون. ڕژێم بەجۆرێك بەدەست چریکەکانەوە تەنگەتاو بوو کە محەممەدڕەزاشا چەند مانگێك بەردەوام بۆ خۆی لە چارەنووسی حەمید ئەشرەف، لە ڕێبەرانی چریکە فیدایی‌یەکانی دەپرسی و کوژران و گیرانی لە ساواك و ئەسیری کە سەرۆکی ساواك بوو، دەویست. مسعود بهنود، از سیدضیا تا بختیار، ص ٥٦٦؛ عباس میلانی، نگاهی به شاه، ص ۲٦۱.

ڕێکخراوانە لە خوێندکارانی زانکۆ پێکدەهات و لە ڕاستیدا ئەم چەشنە خەباتە لە هەناوی بزاڤی خوێندکاریدا لەدایکبوو.[1]

ڕاپەڕینی چەکدارانەی (١٣٤٦ ـ ١٣٤٧/ ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨)یش کە بەهۆی کومیتەی شۆڕشگێڕیی «حدك»ەوە بەرپا بوو، دەبێ لەو چوارچێوەیەدا و لەسەر بەستێنی ئەم دۆخەی ئێران و جیهان هەڵبسەنگێندرێ. گوتاری شۆڕشگێڕی و ڕادیکالیزمی دەیەی ٦٠ کەشوهەوای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتبۆوە و خەباتی گەلانی ژێردەستەی کۆلۆنیالیزم و شێوازی خەباتەکەیان لە چاوی ڕێبەرانی کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك نە تەنیا ون نەبوو، بەڵکوو وەك نموونە و ئولگوو چاوی لێدەکرا و ئەمە لە نامەی سولەیمان موعینیدا بۆ کەریم حیسامی بەڕوونی دەردەکەوێ: «چاوگێڕانێك بەسەر ڕابردووی گەلانی دیل و ژێرچەپۆکە و تێبینی و بیرکردنەوە لەسەر جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بۆ قەڵاچۆ کردنی خێرای ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، ئێمە بەسەر ئەو ڕاستییەدا دەخا کە خەباتمان سەرکەوتنی تێدایە.»[2]

ڕێبەرانی کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك وەك زۆربەی ڕێبەرانی ناوداری جیهانی سێهەم و بزاڤی چریکی، گەنج، خوێندکار و دەرچووی زانکۆبوون و بەشداری سەردەمی زێڕینی بزاڤی خوێندکاری لە ئێراندا

---

١. بۆ وێنە: لە ساڵەکانی (١٣٤٩- ١٣٥٧/ ١٩٧٠- ١٩٧٩) لە شەڕ و پێکدادانی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار و ڕژێمی محەممەدڕەزاشادا ٣٤١ چریك بە شێوازی جۆراوجۆر کوژران کە ١٣٩ کەسیان خوێندکار و ٤٤ کەسیان پزشك و ئەندازیار و دەرچووی زانکۆکان بوون و ئەو کوژراوانە زۆرتریان سەر بە ڕێکخراوی مارکسی- لێنینیی چریکە فیدایییەکانی گەل بوون. یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ص ٥٩٣.

٢. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێهەم، ل ٣٦.

بوون (١٩٦١ ـ ١٩٦٣)[1] و ڕاپەڕینەکەیان ئاوێتە بوو بە چەشنێك ڕۆمانتیزمی شۆڕشگێڕی.[2] سمایل شەریف‌زادە بەهۆی بەشدار بوونی لە بزاڤی خوێندکاری‌دا پێوەندی بە خوێندکاران و ڕووناکبیرانی کورد و ئێرانییەوە دەگرێ، بۆ وێنە پێوەندی بە «عەلیڕەزا نابدڵ»، هاوڕێی سەردەمی خوێندکاریی و «بێهرووز دیهقانی»یەوە دەگرێ کە دواتر لە ڕیزی ڕێکخراوی چریکە فیدایی‌یەکانی گەلی ئێران‌دا کوژران.[3]

---

١. لە ٧ـ ٨ کەس لە ڕیبەرانی کومیتەی شۆڕشگێڕی سمایل شەریف‌زادە، حەمەدەمین سیڕاجی، سالار حەیدەری خوێندکار و دەرچووی زانکۆبوون و سولەیمان موعینی و عەولای موعینیش خاوەن بڕوانامەی دیپلۆم بوون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محەممەد خزری، س. پ؛ کەریم حیسامی، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستان. سیڕاجی و شەریف‌زادە لە سەردەمی چالاکبوونەوەی بزاڤی خوێندکاری لە سالانی ١٩٦٠ـ ١٩٦٣ لەم بزاڤەدا و لە کومیتەی خوێندکاریی کوردەکان‌دا ئەندام و چالاك بوون. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە: ئەمیر قازی، س. پ؛ ئیسماعیل بازیار، گرینگیی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کۆمەڵگای ئێران‌دا.

٢. مازیار بێهرووز لەو بارەیەوە دەڵێ: «ئەم وەچە نوێیە کە لە دەیەی ٦٠دا هاتە گۆڕەپانی سیاسییەوە و ئامادە بوو لەگەڵ نیزامی شاهەنشاهی شەڕ ڕابگەیەنێ، لە سفرەوە دەستی پێ‌کرد، بێ‌ئیمکانات بوو، لە خەباتی چەکداری بێ‌ئەزموون بوو و تەنیا دەسمایەکەی ئازایەتی بوو و بێ‌چاوەڕوانی لە یارمەتیی دەرەکی لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستان.» مازیار بهروز، م. ق، ص ٥٥ جیا لە خاڵی جیاوازیی ڕاپەڕینی ١٩٦٧ـ ١٩٦٨ لەگەڵ شۆڕشی کووبا (١٩٥٩) لە هێندێك لایەنەوە ویکچوونیان هەیە. ئێریك هابزباوم دەڵێ: «شۆڕشی کووبا خاوەنی هەموو شتێك بوو، کەشی ڕۆمانتیك، قارەمان‌گەرایی لە چیاکان، ڕیبەرانی پێشتر خوێندکار و فیدایی بوونی خۆبەخشانەی سەردەمی لاوەتی.» اریك هابزباوم، م. ق، ص ٥٦٦ سمایل شەریف‌زادە و عەولا موعینی لە کاتی کوژرانیان‌دا تەمەنیان ٢٦ و ٢٤ ساڵ بوو. محەممەد خزری، س. پ، ل ٩٣ـ ٩٦؛ کەریم حیسامی، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستان، ٧٢ـ ٨١

٣. بیژن جزنی، تاریخ سی سالەی ایران، ص ٥٧

زۆربەی نیزیك بەتەواوی ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ سەر بە باڵی چەپی حدك بوون و لە هێڵە فکرییە جۆراوجۆرەکانی چەپ لەژێر کاریگەریی بیر و ئەندێشەی «ماویزم»دا بوون. د. یاسین سەردەشتی لەم بارەیەوە دەڵێ: «سولەیمان موعینی کە لە پاش کوژرانی سەدیق ئەنجیری و دوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق بە تەنیا مابۆوە، ئەویش خۆی بە لای چەپ و مارکسییەکاندا ساغ کردەوە و بەتوندی بانگەشەی بۆ جەنگی پارتیزانی و هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدژی ڕژیمی شاهەنشاهی دەکرد و بۆ ئەو مەبەستەش چەند ژمارەیەکی لە «گۆڤاری ڕۆژ» بەناوی لقی ٣ی حدك بلاوکردەوە و تێیدا لایەنگریی لە ڕێبازی ماویزم دەکرد و دژی سۆڤیەت بابەتی بلاودەکردەوە و بانگەشەی بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکدارانە بە پشت بەستن بە ئۆردووی جووتیار و زەحمەتکێشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد.»[1]

هەمدیسان شوێنەواری ئەو هێڵە فکرییە (ماویزم) لە نامەیەکی سمایل شەریفزادە بۆ کەریم حیسامیدا لە ساڵی ١٩٦٦ بەڕوونی دەردەکەوێ کە تێیدا بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی شۆڕشی چین کە پشتی بە گوندەکان و چینی جووتیار دەبەست، هەمان نموونە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاو دەکا: «ئەمڕۆ تۆفانێکی بەتەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتووە، کۆمەڵانی خەڵك هاتوونە سەر ئەوەی کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاری دەبێ دانە چەك و وەشانی کەوتنە. ئەمڕۆکە ڕێگەی ڕزگاریی هەموو نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوە هەر ڕێگەی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە، واتە شەڕی پارتیزانی کە دەبێ

---

١. د. یاسین سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژوویی جوولانەوە چەکدارییەکەی...، ل ٤٤- ٤٥.

لە پێش‌دا لە دێهاتەوە دەست پێ‌بکرێ و کۆمەڵانی هەراوی جووتیارە تێکۆشەرەکان هان بدا، بۆ خەباتی چەکدارانە.»[١] کاریگەریی ڕێبازی ماویزم بەسەر ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەدا بەجۆرێك بوو کە کوورش لاشایی، ئەندامی کومیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە کە ماوەی چەند مانگێك لەگەڵ ڕاپەڕینەکە بوو، هۆکاری تێکشکانی ڕاپەڕینەکە بۆ شێوازی چەپی چینی دەگەڕێنێتەوە کە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازیی لە تەبلیغاتەکەیان نەدەکرا.[٢]

خاڵێکی دیکەی جێی هەڵوێستە کردن لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپەڕینی چەکدارانەی (١٣٤٦- ١٣٤٧/ ١٩٦٧- ١٩٦٨)دا، پێوەندیی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەی ئێران بە کومیتەی شۆڕشگێڕیی «حدك»ـەوەیە. سەرەتا ئەم پێوەندییە لەسەر داوای کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك لە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە لە ئورووپا دادەمەزری.[٣]

---

١. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێهەم، ل ١٠٢. کاریگەریی ڕێبازی ماویزم چەند ساڵ دوای تێکشکانی ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨ لە نێو بەشێك لە ئەندامانی «حدك»دا هەر مابوو. مەلا ڕەسووڵ پێشنماز کە لە سەرەتادا بەشداری ڕاپەڕینەکە بوو، دەڵێ: «کاتی یەکگرتنەوەمان (١٩٧٠) حەمەدەمینی سیڕاجی بەتەواوی لەژێر کاریگەریی کومیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەدا بوو و هەم بەشێك لە برادەران کە لە بەکرەجۆ بوون و هەر یەکێکیان میدالیایەکی ماوتسی تۆنگیان بە سنگەوە هەڵاوەسیبوو.» ڕەسووڵ پێشنماز، س. پ، ل ٢٦٣.

٢. حمید شوکت، گفتگو با کورش لاشایی، نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران، چاپ سوم، نشر اختران، تهران ١٣٨٦، ص ١٣٠، سەلاح ڕەشید، س. پ، ل ٣٢٢.

٣. ئیرەج کەشکوڵی، ئەندامی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە لە بارەی ئەم پێوەندی گرتنەوە دەڵێ: «هاوڕێیەکی کوردمان لە ئۆتریش هەبوو کە لەگەڵ سمایل شەریف‌زادە لە پێوەندی‌دا بوو. شەریف‌زادە بەهۆی ئەوەوە پەیامی بۆ ناردبووین ئەگەر هاوڕێ چەپەکان بیانەوێ بێنەوە کوردستان و بەشداری خەباتی چەکدارانە بن، پێشوازییان

مەهدی خانبابا تارانی کە لە ڕیبەرانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە بوو، لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەوان بەهۆی ئەو کوردانەوە کە ئەندامی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە بوون ئاگاداریان کردین کە خوازیاری وتوویژ لەتەك ئێمەن و ئامادەن بۆ یارمەتیدان و گواستنەوە و دامەزراندنی هێزەکانی ئێمە لە کوردستان. ئەم پێشنیارە لە بەرەبەری پێکهاتنی کۆنفرانسی ئامادەکاریدا گەیشتە دەستمان و لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بڕیارمان دا «کوورش لاشایی» بۆ پێوەندی گرتن بە کوردەکانەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە سەفەری کوردستان بکا.»[1]

کوورش لاشایی دەگەڕێتەوە کوردستان و لە ڕێگەی جەلال تاڵەبانییەوە بە کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك پەیوەست دەبێ و چەند مانگ لە ناوچەی بانە و سەردەشت لەگەڵ سمایل شەریفزادە و حەمەدەمین سیراجی و پێشمەرگەکاندا هەڵدەسووڕێ.[2] ماوەیەك دوای گەڕانەوەی

---

لێدەکەین.» حمید شوکت، گفتگو با ایرج کشکولی، ص ٩٨. لاشایی باوەڕی وایە ئەو کەسە ئامۆزای عەبدوڕڕەحمان قاسملوو بوو، کە لەگەڵ شەریفزادە لە پێوەندیدا بوو، دواتر لە ڕێگەی کوردێکی عێراقییەوە کە لە بێرلین نیشتەجێ بوو ڕێوشوێنی گەڕانەوە بۆ عێراقمان دارشت. حمید شوکت، گفتگو با کورش لاشایی، ص ١١٦.

١. مهدی خانبابا تهرانی، نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران، ل ١٦٤. کاتێك ڕێکخراوەکەمان ئاگادار بوو کە لە کوردستان خەباتی شۆڕشگێڕانە و چەکدارانە لە ئارادایە بە خێرایی [و] بە هاوکاریی کوردەکانی عێراق ڕێگای چوون بۆ کوردستان بۆ لای کومیتەی شۆڕشگێڕیی «حدك»مان گرتە بەر. حمید شوکت، گفتگو با کورش لاشایی، ص ١١٧.

٢. کوورش لاشایی بیرەوەرییەکانی ئەم سەفەرەی کە بۆ کوردستانی کردووە لە وتوویژێکدا لەگەڵ حەمیدی شەوکەت بەناوی «نگاهی از درون بە جنبش چپ» باس کردووە، کە یارمەتیدەرێکی بەکەڵکە بۆ ڕوونکردنەوەی چەند لایەنێکی نادیاری ئەم ڕاپەڕینە. لاشایی دەڵێ: «ئەوان (ڕیبەرانی کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك) مارکسیزمی

لاشایی بۆ ئورووپا ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودە لەسەر داوای ڕێبەرانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حدك دەگەڕێنەوە بۆ باشووری کوردستان، بەڵام گەڕانەوەیان هاوکاتە لەگەڵ تێکشکانی ڕاپەڕینەکە و کوژرانی زۆربەی ڕێبەرانی.[1]

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨ بەتەواوی لەژێر کاریگەریی بیر و ئەندێشەی ماوتسێ تۆنگ و ئەزموونی شۆڕشی چیندا بوون و لەگەڵ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەدا کە ڕێکخراوێکی ماویستی دابڕاو و دژبەری حیزبی توودە بوو پێوەندییەکی

---

چینیان بە لاوە لۆژیکتر بوو هەتا مارکسیزمی ڕووسی و ئەو ڕۆژەی لە کوردستان دەگەڕامەوە، عەبدوڵڵا موعینی پێی گوتم: کاتێک گەڕایەوە هەرکام لە ئێمە دەسڕۆکەیەکی سوور لە مل و کتێبێکی سوور لە دەست، شۆڕش هەڵدایسێنین.» [مەبەست کتێبی سووری ماوتسێ تۆنگە] حمید شوکت، گفتگو با کورش لاشایی، ص ١٣٩.

١. ئیرەج کەشکولی، ئەندامی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودە کە لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان گەڕایەوە باشووری کوردستان دەڵێ: «شەریفزادە کە مارکسی بوو و لە کوردستان خەباتی چەکداریی وەڕێخستبوو، پەیامی بۆ ئێمە کە لە ئورووپا نیشتەجێ بووین نارد کە دەتوانن لەو خەباتەدا بەشدار بن، بەتایبەت کە پێویستیان بەوە بوو کە بە یارمەتیی ئێمە بە تیۆریی مارکسیزم ئاشنا بن. بیرۆکەی ئێمە ئەوە بوو کە ئەگەر هەلومەرجەکە لەبار بێ لە کوردستان خەبات درێژە پێبدەین و ئەگەر دەرفەت هەبوو بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران بڕۆین. شەریفزادە پەیامی بۆ ناردبووین کە پێوەندی بە تاڵەبانییەوە بگرین بۆ ئەوەی ئامادەکاریی گەیشتنمان بۆ کوردستان بکا. بەڵام کە گەیشتینەوە کوردستان، هەواڵی کوژرانی موعینییەکان، شەریفزادە و مەلا ئاوارەمان بیست و بەم جۆرە هەموو هیواکانمان بوون بە هەڵم.» حمید شوکت، گفتگو با ایرج کشکولی، ص ١١٨- ١٢١.

گەرموگوڕیان هەبوو، بە بڕوای ئێمە ئەو بۆچوونانەی پێیان وایە ئەم ڕاپەڕینە بە پلانی حیزبی توودە بەرپا بووە لە ڕاستی بە دوورە.[١]

چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حدك و سکرتێری حیزبی توودە و هاوڕێیانی لە بەغداش ناتوانێ بەڵگە بێ بۆ ئەم ئیدیعایە، چونکە ئەم چاوپێکەوتنە لە ١٩٦٨/٢/٩ کراوە،[٢] لە کاتێکدا کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك لە ١٩٦٦/٩/١٤ دامەزراوە و نیزیك بە دە مانگیش لە ڕاپەڕینەکە تێدەپەڕێ[٣] و هەر کام لەلایەنەکانی وتوویژ بە مەبەستی تایبەت بەشداریی وتووێژەکانیان کردبوو. حیزبی توودە بەو مەبەستەی لە ڕێکخراوی ڕکەبەری خۆی (ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە) جێنەمێنێ کە جێپێی خۆیان لە کوردستاندا کردبۆوە، بەشداری ئەم وتووێژە دەبێ. کەریم حیسامی کە بەشداری کۆبوونەوەکە بوو دەڵێ:

---

١. ئەمیر قازی پێی وایە: هۆیەکی دیکەی هەڵاییسانی ڕاپەڕینی ساڵەکانی ١٩٦٧- ١٩٦٨ دەست لە کاردا بوون و دەستێوەردانی حیزبی توودە بوو لە کاروباری نێوخۆیی «حدك»دا. ئەمیر قازی، س. پ، ل ١٩٨. حامید گەوهەریش ئەمە بە پلانی نوێی حیزبی توودە بۆ حدك دادەنێ. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق، ل ٢٩٩- ٣٠٩.

٢. ڕۆژی ١٩٦٨/٢/٩ کۆبوونەوەی ڕەسمی لە نێوان نوێنەرانی کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك واتە سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی و ڕەزا ڕادمەنیش، سکرتێری حیزبی توودە و عەبدوڕڕەحمان قاسملوو و کەریم حیسامی پێکهات. سولەیمان موعینی هەر لە سەرەتاوە ڕایگەیاند کە ئەوان وەك ڕێکخراوێکی سەربەخۆ هاتوون. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێهەم، ل ٩٤.

٣. کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك سەرجەم نیزیك بە سەد کەس دەبوون و لە دوو دەستەدا بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ کەوتن. دەستەی یەکەم لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ١٣٤٦ (مارسی ١٩٦٧)دا و دەستەی دووهەم لە بەفرانباری هەمان ساڵدا (١٣٤٦/ ژانوییەی ١٩٦٨)؛ کریس کوچرا، م. ق، ص ٣٢٩.

«لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کە نابێ سولەیمان موعینی و سێڕاجی لەگەڵ ماویستە ئێرانییەکان (ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە) کە هاتبوونە لای مام جەلال پێوەندی و هاوکارییان هەبێ.»[1]

ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەش کە لە ماوەی ئەو دە مانگەدا بەکردەوە بۆیان دەرکەوتبوو دەستیان داوەتە چ کارێکی دژوار و لەوپەڕی بێئیمکاناتی و بێپشتیوانیدا بوون، لە هەموو دەرگایەکیان دەدا بۆ ئەوەی بە ڕوویاندا بکرێتەوە. دیارە ئەو دەرگایەش بە ڕوویاندا نەکرایەوە و وادە و بەڵێنەکانی حیزبی توودەش هیچی لێ شین نەبوو. نێوەرۆکی ئەو ڕێککەوتنە هەر لەسەر لاپەڕەکانی کاغەز مایەوە و حیزبی توودەی ئێران کە زۆریشی بەڵێنی هاوکاری و پشتگیریی مالی و سیاسی بە ڕێبەرانی ئەم ڕاپەڕینە دابوو، لە کاتی تەنگانەدا هیچ هەنگاوێکی هەڵنەهێنایەوە و «ئاگر سوور بێ، لە من دوور بێ» لە دوورەوە پاڵی لێدایەوە.[2] زۆر بیسراوە کە دەڵێن تەنیا چیاکان پشتیوانی کوردەکانن، ئەم وتەیە لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپەڕینی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨دا هیچ کات ئەوەندە لە ڕاستی نیزیك نەبووە.

لە ڕاستیدا حیزبی توودە هەر لە بنەڕەتدا باوەڕی بە خەباتی چەکدارانە نەبوو و زۆر بەتوندی لە دەزگا تەبلیغاتییەکانییەوە بەرامبەر بەو

---

١. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێهەم، ل ١٠١.

٢. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل ٣٩. پشتیوانیی حیزبی توودە بەکردەوە لە چوارچێوەی دەربڕینی هاودەردی و ڕەنگدانەوەی هەواڵەکان لە چاپەمەنیی خۆیدا و بەشی ڕادیۆ پەیکی ئێران دەرنەچوو، ئەوەش پاش ئەوەی ڕاپەڕینەکە تێکشکا و زۆربەی ڕێبەرانی کوژران. جیا لەوەش نە ناوی حیزبی دیموکرات و نە ناوی کومیتەی شۆڕشگێڕیی «حدك»ی هێنابوو. کامران امینآوە، م. ق، ص٦٠؛ کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (٢)، ل ١٩٧.

شێوازە نوێیەی خەبات، واتە خەباتی توندوتیژ لە دەیەی ٤٠ (٦٠)دا کە لە ئێراندا هاتبووە ئاراوە ڕاوەستا و بە دەیان وتار و نووسراوەی لە ڕەددی خەباتی چەکدارانەدا لە «ڕادیۆ پەیك» و چاپەمەنییەکانیدا بڵاوکردەوە.[١] هەر بۆیەش ڕێبەرانی کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك نە تەنیا گوێیان بۆ داخوازی حیزبی توودە لە بارەی پێوەندی نەکردن بە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەوە شل نەکرد، بەڵکوو ئاگاداری ئەو ڕێکخراوە دەکەن کە ژمارەیەکی زۆرتر لە ئەندامانیان لە ئورووپاڕا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.[٢]

ڕاپەڕینی چەکدارانەی (١٣٤٦ - ١٣٤٧/ ١٩٦٧ - ١٩٦٨)ی کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك پاش ئەوەی ١٨ مانگ بەرامبەر بە هێرشی بەربڵاو و هەمە لایەنەی دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران خۆی ڕادەگرێ، سەرەنجام بە کوژرانی زۆربەی ڕێبەرانی کۆتایی پێ دێ.[٣] تێکشکانی ئەم ڕاپەڕینە بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە کە گرینگترینیان بریتین لەمانە: لە کاتی

---

١. نوورەددین کیانووری، سکرتێری حیزبی توودە لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئێمە لە دەرەوەی وڵات نووسراوەی چریکەکانمان دەخوێندەوە و بە تێروتەسەلی ڕەخنەمان لێدەگرتن کە لە چاپەمەنییەکانی حیزب لە دەرەوە و ڕادیۆ پەیکی ئێران بڵاودەبوونەوە. بە باوەڕی ئێمە ڕوانگەی ئەوان هەڵە بوو.» نورالدین کیانوری، خاطرات نورالدین کیانوری، ص ٤٦٦. بۆیە کەریم حیسامی دەڵێ: «ڕێبەرایەتیی حیزبی توودە خەڵەتی شۆڕشگێڕی و وزەی خەباتی لە باراندا نەبوو و هەر بیریشیان لە مەسەلەیەکی ئاوا نە دەکردەوە.» کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (٢)، ل ١٩٢.

٢. حمید شوکت، گفتگو با ایرج کشکولی، ص ١٢٠.

٣. لە ڕێبەرانی ڕاپەڕین سولەیمان موعینی، سمایل شەریفزادە، مەلا ئاوارە (شەڵماشی) و عەبدوڵلا موعینی و دەیان پێشمەرگە لەو ماوەیەدا کوژران. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە و چۆنیەتیی کوژرانیان بڕوانە: محەممەد خزری، س. پ؛ عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان؛ کەریم حیسامی، کاروانێك لە شەهیدان.

ڕاپەڕینەکەدا نەك هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە سەرانسەری ئێرانیش‌دا هەلومەرجی شۆڕش ئامادە نەبوو،[1] هەر لەبەر ئەوە بوو کە پێوەندیی ڕاپەڕین لەگەڵ هێزە سەرانسەرییەکان لە چوارچێوەیەکی تەسك دەرنەچوو و بە تەنیا مایەوە؛ ناوچەی ڕاپەڕین بە سێ‌گۆشەی مەهاباد، بانە و سەردەشت بەرتەسك دەبۆوە، نەبوونی ئیمکاناتی لۆجستیکی[2] و یەکدەست نەبوونی حدك و نەبوونی پشتی جەبهە (مانەوە لە نێوان دوو بەرداش‌دا).

ڕاستە ڕاپەڕینی ۱۹٦۷ ـ ۱۹٦۸ تێکشکا، بەڵام شوێنەوار و دەنگدانەوەی چ لە ئاست کوردستان و چ لە ئاست ئێران‌دا هەبوو. شای ئێران کە لەو ساڵانەدا هەستی بە سەقامگیری و ئاسایش دەکرد، ئێرانی بە دوورگەی ئارامی دەریای پڕ گێژاوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناو دەبرد، هەر بۆیە پاش ۲٦ ساڵ دەسەڵات، لە ساڵی ۱۳٤٦ (۱۹٦۷) تاجی پادشایی لەسەر نا.[3] کەچی ڕاپەڕین ئارامیی ئەو دوورگەیەی شڵەقاند و بوو بەهۆی بەخشینی ورە و هیوا بە ڕێبازی چریکی کە هێشتا لە ئێران نەچووبووە قۆناغی کردارییەوە و دوو ساڵ دواتر ڕووداوی «سیاهکەل» بوو بە دەسپێکی

---

۱. کەریم حسامی، پێداچوونەوە (۲)، ل ۱۹۷. سمایل بازیار، ڕێبەرانی جوڵانەوەی ۲٦-٤۷ کوردستانیان تێکەڵ بە ئەو ڕووحی خەباتگێڕییەی کرد کە لە شەستەکان‌دا لە سەرانسەری جیهان‌دا وەڕێ‌کەوتبوو. کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ۷۰۳، بانەمەڕی ۱۳۹۲ (مای ۲۰۱۷).

۲. کریس کۆچێرا دەڵێ: «بە دەگمەن ڕاپەڕینێکی لەم چەشنە هەبووە کە بەم شێوازە خراپە تەداروك کرابێ. هەموو ئەو چەك‌وچۆڵەی کە ڕاپەڕیوەکان بەدەستیانەوە بوو، بریتی بوو لە چوار کلاشینکۆف، دوو تفەنگی ئۆتۆماتیك و هەشتا و پێنج تفەنگی کۆنە.» کریس کوچرا، م. ق، ص ٤۳۹.

۳. عباس میلانی، نگاهی به شاه، ص ٤۰۲.

خەباتی چەکدارانەی هێزە سەرانسەرییەکان.[1] هەروەها فۆڕمی خەباتی پێشمەرگانەیان بردە نێو سیاسییەکانی ئەو سەردەم، واتە تۆوی ئەم شێوازە لە خەباتیان بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاند.

لە ڕووی مەعنەویشەوە بەشداربووانی ئەو ڕاپەڕینە بۆ دوو وەچە پاش خۆیان بوون بە سیمبول و ئیلهام بەخشی خەبات و تێکۆشان لە کوردستان، بەتایبەتی لەسەر ئەو گەنج و خوێندکارە کوردانە کە چەند ساڵ دواتر یەکەم ڕێکخراوی چەپی مارکسی ـ لێنینیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراند.[2]

---

١. ئاراس، وەچەیەکی ئەهلی کار و لەخۆبوردوو، ل ۶ لە ڕێکەوتی ۱۹ی ڕێبەندانی ۱۳۴۹ (۸ی فێوریەی ۱۹۷۱) گرووپێك کە دواتر بە چریکە فیداییەکانی گەل ناسران، هێرشیان کردە سەر پاسگای ژاندارمە لە شارۆچکەی «سیاهکەل» لە پارێزگای گیلان لە باکووری ئێران کە وەك یەکەم ڕووداوی چریکی لە مێژووی خەباتی چریکی لە ئێراندا تۆمار دەکرێ. ئەو ڕووداوە لە باری سەربازییەوە شکستێکی تەواوی هێنا و بە هێرشی هێزەکانی سەرباز و ناوەندەکانی ئاسایش بۆ سەر چریکەکان لە ماوەی چەند ڕۆژدا ۱۵ چریك کوژران و برینداربوون یان دەستگیر کران؛ بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە خاڵی کۆتایی حەوت ساڵ بێجووڵەیی و بێگیانی لە بەرامبەر دامودەزگای ڕژیمدا بوو و لانیکەم لە نێو خوێندکاران و گەنجەکاندا هێزی دوارۆژی ئەو گرووپانە ڕەنگدانەوەی بەرفراوانی هەبوو. فرد هالیدی، م. ق، ص ۲۵۲. هەڵبەت نووسەر یان ڕاپەڕینی ۱۹۶۷-۱۹۶۸ی لە بیر کردووە، یان ئاگاداری نەبووە؛ دەنا ڕووداوی سیاهکەلی وەك لێدانی یەکەم چەخماخەی خەباتی چریکی لە ئێراندا ناو نەدەبرد.

٢. عەبدوڵڵا موهتەدی و ساعید وەتەندۆست لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، ڕێکخراوی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و یەکەم ڕێکخستنی مارکسی- لێنینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەوردی باسیان لە کاریگەریی ئەم ڕاپەڕینە لەسەر خۆیان کردووە. موهتەدی دەڵێ: «ئێمە بۆ خۆمان ئەو وەختە ڕاستە هێشتا کۆمەڵە پێکنەهاتبوو و وەکوو ڕێکخراو دروست نەکرابوو، بەڵام لە دوو سێ ساڵ پێش دروست کردنی کۆمەڵە زۆر قسە و باسێکی چڕ و پڕ لە نێو سیاسییەکان و ڕۆشنبیران و خوێندکارانی

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ ئەڵقەیەك بوو لەو زنجیرە بزووتنەوە و ڕاپەڕینانە کە لە دەیەی ٤٠ (٦٠)دا لە گۆشە و کەناری جیهان لە ئارادا بوون و خاوەن تایبەتمەندیی ئازادیخوازانە و یەکسانخوازی و لە هەمان کات‌دا دژە کۆلۆنیالیزم و دەرهاویشتەکانی سیستمی سەرمایەداری بوون. ئەم ڕاپەڕینە کوردستانی تێکەڵ بەو ڕووحە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەیە کرد کە لەو ساڵانەدا لە فەڕانسە، ڤیەتنام، ئەلجەزایر، کووبا، چێکۆسلۆڤاکی و گینە (غەنا) لە کەف‌وکوڵ‌دا بوو.

دابڕانی کومیتەی شۆڕشگێڕیی حدك بەپێچەوانەی دوو دابڕانەکەی دیکەی نێو ڕیزەکانی حدك تەنیا بەهۆی نەحاوانەوە و یەکتر تەحەمول نەکردن نەبوو، بەڵکوو تێڕوانینی جیاوازی فکریش هۆکارێکی گرینگ و سەرەکیی ئەم دابڕانە بوو. زۆربەی ڕێبەرانی کومیتەی شۆڕشگێڕی

---

کوردی ئەو وەختە هەبوو. ئێمەمانان کە دیارە من ئەو وەختە تەمەنیشم ئەوەنندە زۆر نەبوو کە خۆم سەربەخۆ کار بکەم، هێشتا کەمتر لە ٢٠ ساڵم تەمەن بوو، بەڵام بە هەر حاڵ شوێنەوارێکی زۆر قووڵی لەسەر دانابن و [...] ئەوان بە خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەی خۆیان تەکان و جووڵەیەکی زۆریان خستە نێو کۆمەڵگای کوردستانی ئێران، بەتایبەت بەشی موکریانەکەی و شوێنەواری زۆریشیان لەسەر ڕووناکیری ئەو سەردەمی کورد هەبوو.» بەهمەن ساعیدی، پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵلا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە، ٢٠١٠، ل ٦١ ساعید وەتەن‌دۆست دەڵێ: «لە ساڵەکانی (١٣٤٦ ـ ١٣٤٧/ ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨) کە هەواڵی پێکهاتنی بزافێکی چەکدارانەم بیست و دواتر گیرانی ژمارەیەك لە خەباتکارانی سەر بەم بزافە؛ ئێمە لە ڕێگەی سەلاحەددین موهتەدی پێوەندیمان بەو دەستەیەوە کرد و لە کۆتایی ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٨) لە شاری سەقز کۆبوونەوەیەکمان پێکهێنا بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانیان و چۆنیەتیی یارمەتی کردن و پێوەست بوون بە ڕاپەڕینەکە.» گلرخ قبادی، شقایق‌ها بر سنگلاخ (زندگی و زمانه‌ی یك زن كرد از كردستان ایران)، سوئد، ٢٠١٥، ص ٦٩ ـ ٧٠.

گەنج و خوێندکار بوون و لەژێر کاریگەریی بیری چەپی ماویزم‌دا بوون کە لەو ساڵانەدا باو بوو و ئەمە دەرخەری ئەم ڕاستییە بوو، کە لایەنگری لە بیر و ئەندێشەی چەپ دەتوانێ سەربەخۆ لە حیزبی توودە و تەنانەت لە دژی تێڕوانینی ئەم حیزبە لە کۆمەڵگای کوردستان و لە نێو ڕیزەکانی «حدک»دا سەرهەڵبدا.

# بەشی سێیەم

## حدک لە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازار تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران (١٩٧٠ - ١٩٧٩)

## باسی یەکەم: دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و شوێنەواری لەسەر بووژانەوەی حدک

حیزبی بەعس بۆ جاری دووهەم لە تەمووزی ١٩٦٨دا بە کۆدەتایەکی دوو قۆناغی دەسەڵاتی گرتەوە دەست و لە بەیانیی یەکەمی کۆدەتادا لە ١٧ی تەمووز بەڵێنی بەهێز کردنی پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت دابوو، ڕاستییەکەشی دەسەڵاتی بەعس لە سیاسەتی دەرەوەیدا هەوڵی بەهێز کردنی پێوەندیی ئابووری، سیاسی، دیپلۆماسی و جەنگی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی دا و لەو نێوەش هەوڵی سەودا کردن لەگەڵ حیزبی شیوعی و قەومییەکانی عەرەب و هەوڵی چارەسەر کردنی پرسی کوردی دا.[1] لەم پێوەندییەدا بەعسییەکان و شیوعییەکان بەیەکەوە بەرەیەکی نیشتمانییان دامەزراند و تا ماوەیەك بەیەکەوە مانەوە.[2] لەتەك کوردیش نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان چوونە نێو گفتوگۆ لەگەڵ حیزبی بەعسی فەرمانڕەوادا. ئەو گفتوگۆیەی ئەنجامەکەی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ بوو، کە چارەسەر کردنی بە ئاشتی و دیموکراسیانەی پرسی کوردی لەسەر بنەمای دانان بە مافی گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراق و بەشداری کردنی نەتەوەی

---

١. ئەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، چاپی دووهەم، ١٩٩٨، ل ٩٠.

٢. ئەحمەد حەمەدەمین، س. پ، ل ١٩٧.

کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی بارستایی خۆی لە نەخشەکێشان و دیاری کردنی سیاسەتی وڵات لەسەر بنەمای دیموکراسییەت گرتە خۆ.[1]

مەسعوود بارزانی کە خۆی بەشداری ئەو گفتوگۆیانە بووە لە بارەی ئەم ڕێکەوتننامەیە دەڵێ: «بۆ یەکەمین جار لە مێژووی میللەتی کورددا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بەهۆی بەڵگەنامەیەکی یاساییەوە، دانی بە مافە سیاسییەکانی گەلی کورددا دانا و ئەو بەڵگەیە هەتاهەتایە دەمێنێتەوە، نە دەخرێتە پشت‌گوێ و نە کەس دەتوانێ بەهای ئەو بڕیارە کەم کاتەوە کە لەو بەڵگەنامەیەدایە.»[2] بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازار شەپۆلێك لە خۆشحاڵی و جەژن و شادمانیی نەك هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە سەرانسەری عێراق وەڕێخست و کۆمەڵانی گەلی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش‌دا هێنایە سەر کەیف و شادی و بەتایبەتی ئەندامانی حدك لە هەموان پتر بەو ڕووداوە خۆشحاڵ بوون و لە هەموان زیاتر شاییان لە دڵدا دەگەڕا، چونکی لەمپەرەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانیان وەلادەنران و دەرفەتی تێکۆشان و هەڵسووڕانیان بۆ دەڕەخسا.[3]

بارودۆخی حدك لە دوای شکانی ڕاپەڕینی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ و کوژرانی پۆلێك لە سەرکردەکانی بەتەواوی تووشی قەیران ببوو؛ کاریگەریی سایکۆلۆژیی ئەم تێکشکانە بەم زووانە نەدەڕەویەوە، کادر و ئەندامانی لە باشووری کوردستان بە چەند دەستە دابەش بوون و هەر کامەیان لە

١. سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد، ل ٢١٣.

٢. مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێهەم، بەشی دووهەم، س. پ، ل ٣٤.

٣. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، س. پ، ل ٥٨.

ناوچەیەك جێگیر بوون.[1] پێكهێنانی كۆنفرانسی دووهەم لە ساڵی ١٩٦٩ش دا[2] نەیتوانیبوو چارەسەری دۆخی نێوخۆی حدك بكا، هەر بۆیە لە كۆبوونەوەی بەرفرەوانی كادر و ئەندامانی ڕێبەریدا بڕیار دەدەن و داوا لە قاسملوو دەكەن كە بگەڕێتەوە و كومیتەی ناوەندی لە هەموو كاروباری حیزبیدا پرسی پێبكا تا دەگەنە كۆنگرە یان كۆنفرانسێك.[3]

قاسملوو كە هەم داوای لێدەكرێ بۆ گەڕانەوە بۆ كوردستان و هەم هەلومەرجی پاش ١١ی ئازار هەلی تێكۆشان و چالاكی نوێی ڕەخساندبوو، دەگەڕێتەوە بۆ كوردستان و پاش وتوویژ لەگەڵ ڕێبەریی حدك لە باشووری كوردستان لەسەر پێكهێنانی كومیتەیەكی كاتیی سەركردایەتیی حدك تا بەستنی كۆنفرانسێك ڕێكدەكەون، ئەم كومیتەیە

---

١. بەشێك لە ئەندامانی حدك لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوون، ژمارەیەكیان كە بەشداریی ڕاپەڕینی چەكدارانەی (١٩٦٧- ١٩٦٨)یان كردبوو لە بەكرەجۆ لای پارتی دیموكراتی كوردستان (باڵی مەكتەبی سیاسی) گیرسابوونەوە و هەندێكیان لە شارەكانی كوردستان و بەغدا جێگیر بوون. ڕەسووڵ پێشنماز، س. پ، ل ٢٢٦- ٢٢٨.

٢. لە ٢٤ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٤٨ (١٤ی ئاب ١٩٦٩) كۆنفرانسی دووهەمی حدك لە بناری چیای قەندیل پێكهات و چەند ڕۆژێكی خایاند. لەم كۆنفرانسەدا لە هەڵسوكەوتەكانی پاش كۆنگرەی دووهەمەوە تا ڕۆژی بەسترانی كۆنفرانسەكە ئاوڕیان لێ دراوە و پوخت و تەسەل قسەیان لێكرا و جێگای ئەندامانی كومیتەی ناوەندیی گیان بەختكردوو لە ڕێگەی كۆنفرانسەكەوە بە هێنانی چەند هاوڕێیەكی دی پڕ كرایەوە، لەوانە: عەبدوڵلا حەسەنزادە، حەسەن ڕەستگار، مامۆستا هێمن موكریانی. ئەمیری قازی، س. پ، ل ١٩٩. شایانی باسە كۆنفرانسی دوو تەنیا بەمەبەستی چارەسەری ئەو پەرشوبڵاوییەی كە حدك تووشی هاتبوو بەتایبەتی لە دوای شكستی ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨ و ئەرمەی كومیتەی ناوەندی پێكهاتبوو لە ڕووی دارشتنی بەرنامە و ستراتیژی و سیاسەتی نوێوە هیچ هەنگاوێكی هەڵنەگرت.

٣. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێكۆشان، بەرگی یەكەم، س. پ، ل ٦١.

بریتی بوو لە هەشت کەس. بە پێشنیار و پێداگریی قاسملوو، کەریم حیسامی، حەمەدەمین سیراجی و یووسف ڕیزوانی دەبنە ئەندامی ئەم کومیتەیە.[1] هاتنی ئەم سێ کەسە بۆ نێو کومیتەی کاتیی سەرکردایەتی کە خاوەن تێڕوانینی چەپ بوون بە یەکگرتنەوە لەگەڵ قاسملوو، سازان و تەوافوقی باڵی چەپ و ڕاست (ناسیۆنالیست) نێو حدك بوو.

بەیانی ۱۱ی ئازار هەلومەرجێکی لەباری بۆ حدك ڕەخساند، کە لەو پەرش‌وبلاوییە ڕزگاری بێ، بەجۆرێك کە تەنانەت خاوەن تێڕوانینە ناکۆکەکانیش (چەپ و ڕاست) پێکەوە بحەوێنەوە، حدك بووژانەوەیەك بە خۆیەوە ببینێ و قۆناغی نوێ لە خەبات و تێکۆشان دەست پێ‌بکا.

---

۱. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (۲)، س. پ، ل ۲۱۲- ۲۱٤، چوار کەسەکەی دیکەی ئەندامانی کومیتەی کاتیی سەرکردایەتی بریتی بوون لە: ئەمیر قازی، عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، حەسەن ڕەستگار و هێمن موکریانی. هـ. س، ل ۲۱۳. ئەمیر قازی کە سەر بە باڵی ڕاستی حدك بوو دەڵێ: «لە پێوەندی و هاوکاری دەگەڵ خودی دوکتۆر قاسملوو قسەیەکمان نەبوو، بەڵام لەسەر هاورێکانی (سیراجی، حیسامی و ڕیزوانی) و لەسەر توودەیی بوونی ئەو هاوڕییانە قسەمان هەبوو.» ئەمیری قازی، س. پ، ل ۲۱۱. ڕەسوولی پێشنماز پێی وایە ئەمیر قازی بە هیچ جۆر ئەو یەکگرتنەوەیەی پێ خۆش نەبوو. ڕەسوولی پێشنماز، س. پ، ل ۱۲۸. ئەمیر قازی، عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، هێمنی شاعیر و حەسەن ڕەستگار، ئەو چوارە وەك باڵی ناسیۆنالیست لە حیزب دەهاتنە بەرچاو لەلایەکی دیکەشەوە سیراجی و ڕیزوانیش بە ئیسلاح باڵی پێشکەوتنخوازی حیزب بوون، عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا، س. پ، ل ٥.

## باسی دووهەم: کۆنفرانسی سێهەم و زاڵبوونی بیری چەپی ڕادیکاڵ

کومیتەی کاتیی سەرکردایەتیی حدك خۆی بۆ پێکهێنانی کۆنفرانس ئامادە کرد بۆ ئەوەی هەم ڕەوایی بە بەڕێوەبەرایەتییەکەی بدا و هەم بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی نوێ پەسند بکا. عەبدوڵلا حەسەنزادە کە خۆی ئەندامی کومیتەی ناوەندی بووە دەڵێ: «پاش ئەوەی کەمێك جێی خۆمان کردەوە، قاسملوو ئەرکی نووسینی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی وەئەستۆ گرت و هەر لەو کاتەدا کاردروستایی بۆ کۆنفرانسی حیزبی دەستی پێکرا.»[1] قاسملوو کە ئەرکی نووسین و گەڵاڵە کردنی ڕەشنووسی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی وەئەستۆ گرت، دەڵێ: «ئێمە کە ویستمان حیزب وەکار بخەینەوە لە ڕاستیدا ڕێکخستنێك لە گۆڕێدا نەبوو، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ نەبوو، ئەوەی کۆنگرەی دووهەمیش پێی ڕازی نەبوون، ڕێبەرایەتیش نەبوو، بە کورتی دەبووایە لە سفرەوە دەست پێ‌بکەین. یەکەم شت کە من پێشنیارم کرد ئەوە بوو کە ئێمە لە پێش‌دا بەرنامە و پرۆگرام دابنێین هەتا بزانین لە باری سیاسییەوە ئەزەرمان یەکە، پاش ماوەیەك لەژێر سێبەری ئەو بەرنامەیەدا تێبکۆشین، دوای ئەوە پاشماوەی تێکۆشەرانی حیزبی هەرچی هەیە لە ئێران و عێراق ئەوانەی کە

---

1. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، س. پ، ل ۶۵.

دەستمان کەوێ کۆ بکەینەوە و کۆنفرانسێک پێک بێنین و تێیدا هەڵبژاردنێک بکەین و ڕەوایی بدەین بە بەڕێوەبەرییەکەی.»[1]

ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢١ (١١ی جۆزەردانی ١٣٥٠) کۆنفرانسی سێهەم بە بەشداریی ٣٢ ئەندام لە شاری کۆیە لە پارێزگای هەولێر لە ماڵی حەسەن ڕەستگار پێکهات.[2] کۆنفرانس بنەماکانی حیزبی پەسند کرد، ڕێبازی سیاسیی دارشت، بەرنامە و پێڕەوی تازەی بۆ حیزب پەسند کرد و کومیتەی ناوەندیی نوێی هەڵبژارد.[3] گرینگترین بەشی کاری کۆنفرانس پەسند کردنی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ بوو، چونکە هەر ڕێکخراوێک پێویستە خاوەن بەرنامەیەکی زانستیی ڕێکوپێک و ڕێبەرایەتییەکی هەڵبژێردراو بێ لە بارەی ئامانجی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی ڕێکخراوەکەی و بە شێوازی دیاریکراو و بەوردی سیاسەت و بەرنامەی خۆی بۆ وێنە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک: پیشەسازی، کشتوکاڵ، قەوارەی دەسەڵات، پرسی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و هتد شی بکاتەوە.

لە پێشەکیی ئەو بەرنامەیەدا حدک تێڕوانینی خۆی بەم شێوەیە بۆ نیشانە و تایبەتمەندییەکانی جیهان و قۆناغی ئەو سەردەمە دەخاتە ڕوو. «سەردەمی ئێمە سەردەمی نەتەوەکانی زوڵم لێکراو و ژێردەستەی ئیمپریالیزمە، قۆناغی لاوازیی بەرەی ئیمپریالیستی لە سەرانسەری جیهان و

---

١. عەبدورڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا، س. پ، ل ١٤.

٢. ڕەسوولی پێشنماز، س. پ، ل ٢٤٧.

٣. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، س. پ، ل ٦٩ کومیتەی ناوەندی بریتی بوون لە: دکتور قاسملوو، حیسامی، سیڕاجی، هێمن موکریانی، ڕەستگار، پێشنماز، سەید ڕەسووڵ دیهقان، قادر ویردی، کەریم حەدداد، ئەمیر قازی و حەسەنزادە؛ ڕەسوولی پێشنماز، س. پ، ل ٢٤٨.

سەردەمی دەرکەوتن و بەرفرەوان بوونی سۆسیالیزم و بەرەو پێش چوونی هێزەکانی دیموکراتیك و ئازادیخوازە لە سەرانسەری جیهاندا»[١]، کە هەمان بۆچوونی حیزبە کۆمۆنیستەکانی لایەنگری یەکیەتیی سۆڤیەتە. ئیحسانی تەبەری بیردۆزی سەرەکیی حیزبی توودەی ئێران لەم بارەیەوە دەڵێت: «نێوەرۆکی قۆناغی ئێمە شەڕی دوو سیستمی سەرمایەداری و سۆسیالیستیە و زاڵ بوونی بەرەبەرەی سیستمی سۆسیالیستی لە ڕێگەی سەرکەوتنی شۆڕشە دیموکراتیك و سۆسیالیستیەکانە.»[٢]

هەر لەو بەشەدا بە کەڵك‌وەرگرتن لە چەمك‌گەلێکی وەك ئیمپریالیزم، کۆلۆنیالیزمی کۆن، بەرەی دژی ئیمپریالیستی، فیئۆدال، بورژوازی، چین، سەرمایەداری، پێویستیی مێژوویی و هتد، لە چوارچێوەی ڕوانگەی مارکسییەوە پێوەندیی نایەکسانی ناوەند و پەراوێز هەڵدەسەنگێندرێ،[٣] هەروەها لە پێشەکیی بەرنامەکەدا باس لە بەرەیەکی بەربڵاوی دژە ئیمپریالیستی دەکرێ کە پێکهاتبوو لە وڵاتانی سۆسیالیستی و دیموکرات،

---

١. برنامه و اساسنامەی حزب دمکرات کردستان (ایران) مصوب کنفرانس سوم حزب، خرداد ١٣٥٠ (١٩٧١)، ص ٥. لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حدك بۆ کۆنگرەی ٣ کە دوو ساڵی دواتر پێکهات هەمدیسان دەگوترێ: «نێوەرۆکی سەردەمی ئێمە، سەردەمی کزبوونی ئیمپریالیزم، سەردەمی بە یەکجاری لە نێو چوونی کۆلۆنیالیزم و ڕزگار بوونی نەتەوە بە زۆر لکێندراوەکان و سەردەمی پێش‌کەوتنی هێزەکانی سۆسیالیستی و دیموکراتی و دژی ئیمپریالیستیە.» کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، ڕەزبەری ١٣٥٢ (سێپتامبری ١٩٧٣)، ل ٣٤.

٢. احسان طبری، نوشته‌های فلسفی و اجتماعی مختصات جهان و دوران ما، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ١٣٥٨ ص ٤٠٧.

٣. بڕوانە: برنامه و اساسنامەی حزب دمکرات کردستان (ایران) مصوب کنفرانس سوم، م. ق، ص ٥ و ٦. خالد توکلی، بررسی تأثیر اندیشه چپ بر تفکر اقتصادی حدکا، فصلنامه رۆژهەڵات، سیاسی، اجتماعی، فرهنگی، شماره ٤ و ٥، زمستان و بهار ٨٤– ١٣٨٥، ص ١٣٢.

وڵاتانێك كە تازە ڕزگار كراون و ئەو نەتەوانەی كە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازی‌دان، كە بە پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی پێشكەوتوو بووە بە فاكتەرێكی گرنگ لە سیاسەتی جیهان‌دا.[1] بیرۆكەی پێكهاتنی بەرەیەكی دژە ئیمپریالیستی لەو هێزانە لە ساڵی ١٩٦٩دا لە بەڵگەنامەی سەرەكیی كۆنفرانسی نێونەتەوەیی حیزبە كۆمۆنیست و كرێكارییەكان‌دا هاتووە.[2] ئەم بیرۆكەیە لە ئەدەبیاتی «حدك»دا لانی‌كەم تا ساڵی ١٣٦٤ (١٩٨٥) وەبەر چاو دەكەوێ.[3]

فەسڵی یەكەمی بەرنامەكە ئامانجە گشتییەكان لەخۆ دەگرێ و لە چوار خاڵ‌دا فۆرموولە كراوە. لە یەكەم ماددەدا حدك خۆی وەك حیزبی پێشڕەو پێناسە دەكا،[4] سیفەتی پێشڕەو یان (ڤانگارد)[1] لێنین ڕێبەری شۆڕشی

---

١. برنامه و اساسنامەی حزب دمكرات كردستان (ایران) مصوب كنفرانس سوم، ص ۵.

٢. بەڵگەنامەی سەرەكیی كۆنفرانسی نێونەتەوەیی حیزبە كۆمۆنیست و كرێكارییەكان (١٩٦٩) بەم دێڕانە دەست‌پێدەكا: «لە جیهان‌دا ڕەوتێكی بەهێزی شۆڕشگێڕی پەرە دەستێنێ. لە خەبات لە دژی ئیمپریالیزم سێ هێزی مەزنی هاوچەرخ یەك دەگرن و ئەو سێ هێزە بریتین لە: سیستمی جیهانیی سۆسیالیزم، چینی كرێكاری نێونەتەوەیی و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی.» خسرو روزبه، واژەهای نو، برخی از واژەهای آموزشی، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ١٣٥٨، ص ٨٢.

١. بۆ نموونە قاسملوو لەمەڕ هەڵسەنگاندنی كۆماری كوردستانەوە دەڵێ: «كۆماری كوردستان ئاكامی جووڵانەوەیەك بوو كە بۆ یەكەم جار لە مێژووی نەتەوەی كورددا بوو بە بەشێك لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانە و پێشكەوتووانەی جیهانی كە باڵێكی وڵاتەكانی سۆسیالیستی و جووڵانەوەی كرێكاریی جیهانی و باڵێكی دیكەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆر لێ‌كراوی جیهان بوو.» عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات...، س. پ، ل ١٦٤.

٤. خاڵی یەكەم لە ئامانجە گشتییەكان‌دا هاتووە: حیزبی دیموكراتی كوردستان حیزبی پێشڕەوی گەلی كورد لە كوردستانی ئێرانە؛ برنامه و اساسنامەی حدك (ایران)، مصوب كنفرانس سوم، م. ق، ص ١٦.

سۆسیالیستیی ڕووسیه بۆ حیزبی پرۆلیتاری داهێنا و بەپێی ئەو تیۆره پێشڕەو تاقمێکی ڕۆشنبیره که له ئامانجەکان و ڕەوتی مێژوو له گرووپەکانی دیکه باشتر تێگەیشتووه و دەتوانێ بەناوی خەڵك پێشخەری پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکان بێ، که سەرەڕای ئەوەش ئامانجی کۆتایی گەشه کردنی مێژوویی‌یە.[٢]

حدك ئامانجی دوارۆژی خۆی لەم بەشەی بەرنامەدا ئامانجە گشتییەکان دیاری کردووه که بریتییه له پێکهێنانی کۆمەڵێکی دادپەروەری سۆسیالیستی. ئەوه بۆ یەکەم جاره که حیزبێکی کوردی له ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خودی «حدك»یش بەراشکاوی له بەرنامەکەی خۆیدا باس له پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی بکا. ئەم پرۆژەیه له هەڵویستی باڵی چەپی حیزبەوه سەرچاوەی دەگرت، که به تازەیی لەگەڵ باڵی ناسیۆنالیستی حدك لەسەر زیندوو کردنەوه و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی حیزب ڕێککەوتبوون، ئەمه ئاشت بوونەوەی حدك لەگەڵ ئەندیشەی چەپ بوو، که نزیك به ده ساڵ بوو لێی دوورکەوتبۆوه.[٣] ئەمه به مانای ڕەتکردنەوەی سیستمی سەرمایەدارییه و بەم جۆره حدك ڕێبازی خۆی لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانه ڕوون دەکاتەوه که لایەنگری و پێڕەوی له سیستمی ئابووریی بازاڕی ئازاد و خاوەنداره‌تیی تایبەتی دەکەن. ئەو

---

١. ئینگڤار کارلسۆن و ئان ماری لیندگرین، سۆسیال دیموکراسی چییه؟ و: کەمال حەسەنپوور، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٣٩.

٢. میروس لاوئیك، تحولات سیاسی در اتحاد شوروی، مترجم: قاسم کبیری، تهران، ١٣٦۴، ص ١١.

٣. ماددەی سێهەم له ئامانجه گشتییەکان: ئامانجی دوارۆژی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهێنانی کۆمەڵی دادپەروەرانەی سۆسیالیستییه؛ برنامه و اساسنامەی حدك (ایران) مصوب کنفرانس سوم، م. ق، ص ١۶.

سۆسیالیزمەی کە حدك لە دوارۆژدا بونیادی دەنێ دادپەروەرانەیە و ئەوە بە مانای ئەوە دێ کە «سۆسیالیزمی مەوجوود» واتە ئەو سۆسیالیزمەی کە لە وڵاتانی سۆسیالیستی دامەزراوە لانیکەم لە ڕووی سیاسییەوە (دیموکراسی و ئازادی) دادپەروەریی تێدا ڕەچاو نەکراوە و لەم بارەیەوە کەموکووڕیی هەیە.

بەرنامەی حدك لە بەشی سیاسەتی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی‌دا، پێی لەسەر بە پیشەسازی کردنی وڵات داگرتووە و بە ڕێگای سەرەکیی پێش‌کەوتنی ئابووریی داناوە،[1] لەسەر بنەمای ئەو دەسکەوتە مەزنانە کە پێش‌کەوتنی زانست و تێکنیك لە جیهان‌دا بەدەستی هێناون. لە بەشێکی تری سیاسەتی ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی «حدك»دا، بەشی گشتیی ئابووری، بە بەشی بنەڕەتی بۆ پێش‌کەوتنی ئابووری دادەنرێ و لە تەنیشت بەشی گشتیی ئابووری، بەشی هەرەوەزی و ئینجا بەشی تایبەتی لە پیشەسازی‌دا بەشدار دەبن.[2] بەو پێیە کەرتی گشتی یان کەرتی دەوڵەتی لە ئابووریی وڵات‌دا، کە بە سەرمایەی دەوڵەت وەڕێ‌دەخرێ، پشکی سەرەکی و هەرە زۆری لە پیشەسازی وڵات‌دا پێ‌دەبڕێ و کەرتی تایبەتی کەمترین پشکی پێ دەبڕێ لە دوای بەشی هەرەوەزی. سیاسەتی ئابووریی حدك هەمان سیاسەتی بیردۆز و خاوەنڕاکانی قوتابخانەی سۆسیالیزمە، کە تەنیا ڕۆڵێك بە دەوڵەتانی ڕەوا دەبینێ بریتی بوو لە دەستێوەردانی هەمە لایەنە یان

---

١. گیت گریفین باوەڕی وایە کە لە ستراتێژیی پەرەسەندنی ئابووری‌دا کە لە یەکیەتی سوڤیەت بەڕێوەچوو پێداگری لەسەر پیشەسازیی خێرا دەکرا بەنرخی پاڵەپەستۆ بۆ سەر بەشی کشت‌وکاڵ؛ علیرضا اقبالی، مقدمه‌ای برتشکیل سرمایه و تفکر اقتصادی احزاب و گروه‌های سیاسی در ایران، تهران، ١٣٨١، ص ١٧٩.

٢. بڕوانە: مادەی ١٧ و ١٨ برنامە و ئاساسنامەی حدك (ایران) مصوب کنفرانس سوم، م. ق، ص ١٩ و ٢٠.

ڕۆڵی تەنیا کارگێڕی سیستمی ئابووریان بە دەوڵەت دەبەخشی، بەپێچەوانەی ئابووریناسانی سیستمی سەرمایەداری، کە بە هیچ جۆر لایەنگری دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری‌دا نەبوون، بەڵکوو ئەرکی دیکە بۆ دەوڵەت دیاری دەکەن وەك: بەڕێوەبردنی نەزم و یاسا و بەتایبەتی یاسای خاوەنداریەتی و دابین کردنی کارئاسانی گشتی و دەسەڵات.[1]

لە درێژەی سیاسەتی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی‌دا بەرنامەی حدك سیاسەتی خۆی بەرامبەر سەرچاوە ژێر زەوییەکان و ئاو و لێڕەوار و لەوەڕگەکان ڕوون کردۆتەوە و هەمووان دەکاتە ملکی گشتی، واتە دەکرێتە ملکی دەوڵەت و بۆ قازانجی خەڵك و بۆ پێش‌خستنی وڵات کەڵکیان لێ وەردەگیرێ،[2] واتە بەپێچەوانەی سەردەمی دەرەبەگایەتی کە بۆ قازانجی تایبەتی کەڵکیان لێ‌وەردەگیرا. هەروەها ئاوڕی لە باشتر کردنی دۆخی ژیانی چین و توێژە زەحمەتکێش و چەوساوەکانی کۆمەڵگا داوەتەوە بەجۆرێك کە بردنەسەری پلەی ژیانی خەڵك بەتایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان بە نێوەرۆکی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی کوردستان دادەنێ و لەم پێوەندییەدا بنەمای ٤٠ سەعات کار لە حەوتوودا و کەم کردنەوەی کاری ئەو کرێکارانەی کە کاری دژوار دەکەن و بیمە کردنیان بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پەك‌کەوتەیی و پیری، لەبەرچاو گیراوە.[3]

بۆ چارەسەری مەسەلەی زەوی‌وزار کە یەکێك لە کێشە ئاڵۆز و گرینگەکانی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە هێشتا پاشماوەی سیستمی

---

١. علیرضا اقبالی، م. ق، ص ١٨٤.

٢. مادەی ١٨، برنامە و اساسنامەی حدك (ایران) مصوب کنفرانس سوم، م. ق، ص ٣٠.

٣. مادەی ٢١ و ٢٢، برنامە و اساسنامەی حدك (ایران) مصوب کنفرانس سوم، م. ق، ص ٣١.

دەرەبەگایەتییان تێدا هەیە و زۆربەی دانیشتووانیان لە گوندەکان دەژین و لە خاوەنداریەتیی زەوی بێبەشن و یەك لەو کۆمەڵگایانە کوردستانی ئەو قۆناغ و سەردەمەیە، حدك فۆرموولی «زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا»ی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندووە[1] و پێی وایە دەبێ لە شێوەی خاوەنداریەتیی زەویدا ئاڵوگۆڕی گرینگ بە قازانجی گوندنشینانی زەحمەتکێش و بێزەوی ڕوو بدا. بەپێی فۆرموولی زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا نەك ئەو کەسەی کە دەیکێڵێ، واتە زەوی بدرێ بەو کەسەی کە خۆی ڕاستەوخۆ کاری تێدا دەکا و ڕەنێوی دێنێ، نەك ئەوە کە کەسێکی سەرمایەدار هەزاران دۆنم زەوی بۆ خۆی پاوان بکا، بە ئامرازی کشتوکاڵی ڕەنێوی بێنێ و سوودێکی زۆری لێ بەدەست بێنێ، بێئەوەی خۆی پێوە ماندوو کردبێ. لە بەرنامەی زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەدا کە لەگەڵ کێشەی زەویوزار بەرەوڕوون و یەك لەوان حیزبی توودەی ئێران، هەمان فۆرمولی «زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا»، بۆ چارەسەری کێشەی زەویوزار ڕەچاو کراوە.[2]

پێڕەوی نێوخۆیی پەسندکراوی کۆنفرانسی سێهەم لە ماددەی یەکەمدا کە باس لە ناو و نێوەرۆکی حیزب دەکا، حدك بە حیزبی شۆڕشگێڕی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە بەتایبەتی کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لە ڕیزی خۆیدا کۆ دەکاتەوە، پێناسە دەکا.[3] واتە واتە حدك حیزبێکی ڕیفۆرمیست نییە و باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە

---

١. ماددەی ٢٣، پێشین، ص ٢١.

٢. حیزبی توودە لە بەرنامەی نوێی خۆیدا فورمولی «زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا»ی گونجاند؛ یرواند آبراهامیان، م. ق، ص ٥٦١.

٣. مادەی یك، برنامە و اساسنامەی حدك (ایران)، مصوب کنفرانس سوم، م. ق، ص ٢٥.

هەمــوو بوارەکــانی سیاســی، ئــابووری، کــۆمەڵایەتی و کولتــووری لە کۆمەڵدا هەیە و بەتایبەتی سێ چینی کرێکار، جووتیار و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە، ئەو سێ چینەی کە بەپێی بیردۆزیی مارکسیەکان لە قۆناغی دامەزراندنی سۆسیالیزم‌دا تەنیا ئەو سێ چینە دەمێننەوە کە دژایەتیی پێکەوەسازانیان (غەیرە ئانتاگۆنیستی) هەیە و ئەم سێ چینە دەتوانن کۆمەڵگا بەرەو قۆناغی سەرووی سۆسیالیستی واتە کۆمۆنیستی بەرن.[١]

لە هەمان ماددەی پێڕەوی نێوخۆدا هاتووە حدك لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا پەیڕەوی لە تیۆریی زانستی پەرەئەستاندنی کۆمەڵ دەکا،[٢] ئەم تیۆرییە لەسەر فەلسەفەی جەبرگرایی (determinism)ی مارکسی دامەزراوە، واتە ئەو ڕوانگەیەی کە پێی وایە پەرەئەستاندن بەپێی یاساکان بەڕێوەدەچێ و هەر بۆیە هیچ شوێنێك بۆ گفتوگۆ نامێنێ[٣] و بەپێی ئەو یاسایانەی فەلسەفەی مارکسی بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵ، مێژووی مرۆڤایەتی پێنج فۆرماسیۆنی ئابووری - کۆمەڵایەتیی بە خۆوە بینیوە کە بە دوای یەکدا شوێنی یەکتریان گرتۆتەوە کە بریتین لە کۆمۆنی سەرەتایی،

---

١. امیر نیك‌آیین، ماتریالیزم تاریخی، ماتریالیزم دیالکتیك، جلد دوم، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ١٣٥٩، ص ١٧٢؛ احسان طبری آموزش فلسفه علمی، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ١٣٥٨، ص ٨٤ بۆ وێنە: لە ساڵی ١٩٨٤دا ژمارەی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت دەگاتە ١٨،٢ ملیۆن کەس لە کۆی ئەم ژمارەیە ٤٤،٤٪ لەو ئەندامانە کرێکاران و ١٢،٢٪ جووتیاران و ٤،٣٣٪ ڕووناکبیرانی فەنی، بەڕێوەبەران و کارگێڕانی خزمەت‌گوزاری پێکیان دەهێنا. میروس لاوێسك، م. ق، ص ١٣.

٢. ماددەی ١، برنامه و اساسنامەی حدك (ایران) مصوب کنفرانس سوم، م. ق، ص ٢٥.

٣. ئینگفار کارلسۆن و ئان ماری لینداگرین، م. ق، ل ٣٩.

کــۆیلایەتی، دەرەبەگــایەتی، ســەرمایەداری و کۆمــۆنیزم.[١] کە وا بــوو بمــانەوێ و نەمــانەوێ دوا مەنزڵــی هەمــوو کۆمەڵگــای مرۆڤایەتی و یەك لەوان کۆمەڵی کوردەواری، گەیشتن بە قۆناغی سۆسیالیستییە.

پێڕەوی نێوخۆ و بناغەی قەوارەی ڕێکخستنی حیزب، لەسـەر بنەمـای «سانترالیزمی دیموکراتیك» دادەڕێژرێ.[٢] داهێنەری ئەم بیرۆکەیە لێنین،[٣]

---

١. امیــر نیــك‌آیین، م. ق، ص ۵۵ یاســای ئەو جێ‌گــۆڕکێیە فۆرماســیۆنە ئابووری ـ کۆمەڵایەتییانە، گەشەسەندنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دواجار نەگونجانی لەگەڵ پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانە و ململانێی چینی نوێ لەگەڵ چینی کۆنە. احسان طبری، الفبای مبارزه، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ۱۳۵۸، ص ۲۵- ۲۶.

٢. ئەسڵی بنەڕەتیی دارشتنی قەوارەی حیزب سانترالیزمی دیموکراتیکە، سانترالیزمی دیموکراتیك بەو مانایە کە: هەمـوو ئۆرگـانێکی حیزبـی لە خـوارەوە بـۆ سـەرێ هەڵدەبژێردرێ، ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێك‌وپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیانبژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە. ئەندام پەیڕەوی ڕێکخراوە و کەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە. لە نێو حیزب‌دا بۆ هەموو ئەندامان بەبێ جیاوازی یەك دیسیپلین هەیە و بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرەوە دەبێ لەلایەن ئۆرگانەکانی خوارەوەترەوە جێبەجێ بکرێ. باس کردن و بڕیاردان لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارووترین ئۆرگان بە کۆمەڵە، تاك‌پەرستی و سەرەڕۆیی لە حیزب‌دا جێگای نییە. مادەی هفتم، ساختمان سازمان حزب، برنامە و اساسنامەی حدك (ایران) مصوب کنفرانس سوم، م. ق، ص ۲۸. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: احسان طبری، یادداشت‌ها و نوشته‌های فلسفی، م. ق، ص ۲۸۳.

٣. ڤلادیمیر ئیلیچ ئولیانۆف لێنین (۱۸۷۰- ۱۹۲۴)؛ لە بنەماڵەیەکی خۆش‌بژیوی شاری سیمبیرسك لە ڕووسیە لەدایك‌بوو، باوکی پشکنەری کاروباری پەروەردەیی بوو. لێنین حیزبی بۆلشۆڤیکی وەك حیزبێکی بە دیسیپلین و پێڕەوی «سانترالیزمی دیموکراتیك» دامەزراند کە ساڵی ۱۹۱۷ ناوی گۆڕا بۆ حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ئۆکتۆبری ۱۹۱۷دا بوو بە دامەزرێنەری یەکەم وڵاتی سۆسیالیستی لە جیهاندا. میروس لاونیك، م. ق، ص ۲۹. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە

ڕێبەری شۆڕشی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبری ١٩١٧ له ڕووسیه بوو. هەر بۆیه به یەکێك له بنەماکانی بیروباوەڕی لێنینی دادەنرێ و وەك بنەمایەکی ڕێکخراوەیی له هەموو حیزبه کۆمۆنیستەکان به کار دەهێنرێ.[1] له هەندێك تایبەتمەندیی دیکەی ڕێکخراوەییدا وەك: شانه (بناغەی ڕێکخراوی حیزب)، کومیته، کومیتەی ناوچه، کومیتەی گەڕەك، کومیتەی شار (بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکانی حیزب) و کومیتەی ناوەندی، بۆرۆی سیاسی و سکرتێری گشتی (سەرکردایەتی و کارگێڕانی حیزب) و پێکهێنانی کۆنفرانس و کۆنگره (بەرزترین ئۆرگانی حیزبی)[2] به هەمان شێوه که له پێڕەوی نێوخۆی حیزبه چەپ و کۆمۆنیستەکاندا هاتووه له پێڕەوی نێوخۆی «حدك»یشدا ڕەچاو کراون[3] و ستراکتۆری ڕێکخستنی حیزبیان لەسەر دامەزراوه.

بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ له نێوان دەوڵەتی عێراق و بزووتنەوەی کورددا شوێنەواری دیاریکراوی لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. ئەو ڕێککەوتنه بوو بەهۆی پێکهێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ چالاکیی حدك و سەرلەنوێ وەسەریەك کەوتنەوەی ئەندامانی پەرش‌وبڵاوی ئەم حیزبه و خۆڕێکخستنەوەیان. کۆنفرانسی سێهەم خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانی مێژوویی حدك بوو، لەم

---

بروانه: بهرام دانش، زندگی و آموزش لنین، نشریه حزب توده ایران، آوریل ١٩٧٠ (اردیبهشت ١٣٤٩).

١. داریوش آشوری، دانشنامه سیاسی، م. ق، ص ١٩٥.

٢. برنامه و اساسنامەی حزب دمکرات کردستان (ایران)، ماده ٨، ٩، ١٠ و ١١، م. ق، ص ٢٩، ٣٠، ٣١ و ٣٢.

٣. بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بروانه: حزب توده از شکل‌گیری تا فروپاشی (١٣٢٠- ١٣٦٨)، م. ق، ص ٣٩٥- ٤٥٩؛ میروس لاوئیسك، م. ق، ص ١٢ و ٢٣.

کۆنفرانسەدا باڵی چەپ کە ماوەی نزیك بە دە ساڵ لە پەراوێزدا بوو، توانی بەهێز بێتەوە و ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی لەو کۆنفرانسەدا بچەسپێنێ. ئەگەر سەرکەوتنی باڵی ڕاست لە کۆنگرەی دووهەمدا ناوێتە بە کەڵكوەرگرتن لە ئەھرۆمی دەسەڵات و مێتۆدی دەرکردن بوو، لە کۆنفرانسی سێهەمدا سەرکەوتنی باڵی چەپ بۆ هەژاریی کەسایەتی و فکریی باڵی ڕاست و بەپێچەوانە کەسایەتیی خاوەن ئۆتۆریتەی باڵی چەپ دەگەڕێتەوە کە توانیبیان هەژموونیی فکریی خۆیان بچەسپێنن.[1]

لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٣)دا بە بەشداریی ٤٩ ئەندام کۆنگرەی سێهەمی حدك لە شاری بەغدا پێکهات. کۆنگرە هەمان بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ و دروشم و پرەنسیپەکانی پەسندکراوی کۆنفرانسی سێهەمی پەسند کردەوە و بێجگە لە ئاڵوگۆڕ لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب کە چەند کەسێکی دیکەی پێ زیاد بوو، ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ پێکنەهات. لە ڕاستیدا کۆنگرە بۆ ئەوە بەسترا کە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی حیزب و هەموو هەنگاوەکانی کۆنفرانس بارێکی

---

١. کوژرانی ژمارەیەك لە کادرە بەوەجەکانی حدك لە ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨دا، بەجێ هێشتنی کوردستان و نیشتەجێ بوونی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا و بەشدار نەبوونی لە کۆنفرانسدا و دواجار دەرکرانی لە حدك لە بەفرانباری ١٣٥٠ (١٩٧٢)دا، گۆڕەپانەکەی بۆ قاسملوو وەك کۆنترین و بەئەزموونترین کادری حدك کە لەم ماوەیەدا لە ئورووپا بوو و لە زانستی ئابووریدا پلەی دوکتورای وەرگرتبوو، فەراهەم کرد تا بە هاوکاریی هاوبیرانی وەك حیسامی، سێراجی و ڕێژوانی بۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆی بچەسپێنێ. حەسەنزادە لەم بارەیەوە دەڵێ: «پاش چەند ڕۆژ کێشە و هەرا جەبهەکەی ئێمە (ڕاستی ناسیۆنالیست) کەلێنی تێکەوت، حەسەن ڕەستگار ڕایگەیاند کە من شەڕی قاسملووم پێناکرێ و ئەگەر ئێوە لەگەڵی ڕێکناکەون ئەمن خواحافیز. ئەم بڕیارە هەڵوێستی ئێمەی زۆر لاواز کرد.» عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، س. پ، ل ٦٢

## باسی سێهەم: قاسملوو لە چەپێکی کوردەوە بۆ کوردێکی چەپ

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدك ساڵی ۱۹۷۱ وەك دەستووری هەر حیزبێك، پێناسەیەکی نوێی بەم حیزبە بەخشی. ئەرکی دانانی گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ بە قاسملوو دەسپێردرێ. حیسامی لەم بارەیەوە دەڵێ: «دانان و ئامادە کردنی گەڵاڵەی پێڕەو و پرۆگرام بە قاسملوو ئەسپێردرا و لە ڕاستی‌دا ئەنجام‌دانی ئەم ئەرکە هەر لە دەست ئەو هاتووە، چونکە ئەوانی دیکە هیچیان ئەهلی نووسین و بیر و دانانی پێڕەو و پرۆگرام نەبوون. قاسملوو گەڕایەوە بۆ چێکۆسلۆڤاکی و خەریکی ئامادە کردنی پێڕەو و پرۆگرام بوو.»[1]

بەرنامەی نوێی حدك لەسەر چارەسەر کردنی دوو پرسی گرینگ داڕێژرابوو، چارەسەری پرسی نەتەوەیی و دابین کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کە بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی «خودموختاری بۆ کوردستان»[2] و بۆ دابین کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی «سۆسیالیزم» دیاری دەکات،[3] بەڵام پرسی نەتەوەیی پێ پرسی سەرەکی و بنەڕەتیی کوردستانە و چارەسەری ئەم پرسە بەلایەوە لە ئەولەویەت‌دایە و ئەمە لە

---

١. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (٢)، س. پ، ل ٢١٥.

٢. برنامە و اساسنامەی حدك (ایران) مصوب کنفرانس سوم، م. ق، ص ١۶.

٣. پیشین، ص ١۶.

شەرعی و ئوسوولی بە خۆیانەوە بگرن.[1] شایانی باسە لە هەر دوو کۆنفرانس و کۆنگرەدا عەبدوڕڕەحمان قاسملوو بە سکرتێری گشتیی حدك هەڵبژێردرا.[2] قاسملوو تا ئەو کاتەی زیندوو بوو ئەم پۆستەی بەدەستەوە بوو.

پەسندکرانی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدك پەسندکراوی کۆنفرانسی سێهەم کە گوزارشتی لە بەرنامەیەکی چەپ و ڕادیکاڵ دەکرد لە کۆنگرەی سێهەمدا، نیشانەی زاڵبوونی خاوەن تێڕوانینە چەپەکان لە نێو «حدك»دا بوو. ئەم زاڵبوونە تا کۆنگرەی نۆهەم (١٩٩١) درێژەی هەیە. باڵی ڕاست لەم ماوەیەدا نە تەنیا نەیتوانی شوێن بە پێگەی باڵی چەپ لێژ بکا، بەڵکوو بە لاوازی و لە پەڕاوێزدا مایەوە و ململانێی فکریی زۆرتر لە نێوان لایەنگرانی چەپی ڕادیکاڵ و چەپی میانەدا بوو. ئەم ئاڵوگۆڕە کەمەش کە لە بەرنامە و پێڕەو لە کۆنگرەکانی دیکەدا کران زۆرتر پێوەندیی بەم ململانێیەوە هەبوو و بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسندکراوی کۆنفرانسی سێهەم لە چوارچێوەی گشتیدا وەك خۆی دەمایەوە.

---

١. عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، س. پ، ل ٧٩.

٢. هۆشمەند عەلی مەحموود، عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، س. پ، ل ٥٥؛ جەلیل گادانی، س. پ، ل ١٩٦.

ماددەی یەکەمی ئامانجە گشتییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.[١] بەم جۆرە بەلای نووسەری بەرنامەوە کێشەی چینایەتی لە کوردستان کێشەی بنەڕەتی نییە و پرسی نەتەوایەتی لە کاناڵی خەباتی چینایەتی تێپەڕێ و ناکۆکیی نێوان کار و سەرمایە بە ناکۆکیی سەرەکیی کۆمەڵگای کوردستان دانانرێ.

ئەم تێڕوانینە نوێیەی قاسملوو بەو مانایە بوو کە ئەو ماڵاوایی لە میتافیزیکی کۆمۆنیزم کردووە، میتافیزیکی کۆمۆنیزم کێشەی چینایەتی وەك پرسی بنەڕەتیی هەموو ڕاڤە کردنێکی سیاسی بەکار دەهێنن و پرسەکانی دیکە وەك پرسی نەتەوەیی، ژنان، کولتوور و ڕەگەز، تەنانەت بوونیان بە شێوازی نیوە سەربەخۆش لە لێکدانەوەی مارکسیدا وەلانراون.[٢]

قاسملوو لە قۆناغێکی ژیانی سیاسیدا (١٩٤٨ ـ ١٩٧١) وەك چەپێکی کورد پێناسە دەکرا، واتە پرسە چینایەتییەکان بۆ ئەو گرینگیی سەرەکییان هەیە و وەك هەموو مارکسییەکان کە چین و بەرژەوەندیی چینایەتی لە سەرووی نەتەوە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی دادەنێن، بیری دەکردەوە. بەلام لەمە بە دواوە وەك کوردێکی چەپ پێناسە دەکرێ چون بۆ ئەو پرسی نەتەوەیی لە سەرووی هەموو پرسەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوەیە و دواتر پرسە چینایەتییەکان و ئەوە بەو مانایە نییە کە پرسی چینایەتیی پشت

١. حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران خەبات دەکا. ئامانجە گشتییەکان، ماددەی یەکەم، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدك (ئێران) پەسندکراوی کۆنفراسی سێهەم، س. پ، ل ٦

٢. عباس ولی، مارکسیسم، هویت ملی و طبقاتی، نویسا، شمارە ٢، تابستان، ١٣٨٣، ص ٧٤. کارۆل پرۆنهوێر کە لە سەرەتای هەشتاکان چاوی بە قاسملوو کەوتووە دەڵێ: «لە دیمەنی ئەودا پیاوێکم دەدی کە لە کۆمۆنیزم دوورکەوتۆتەوە.» کارۆل پرۆنهوێر، س. پ، ل ٢١٨.

گوێ خستبێ، قاسملوو لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەو حیزبەی زیاتر بە گیروگرفتەکانی نەتەوەیی بایەخ دەدا و مەسەلەکانی کۆمەڵایەتی کەم و زیاد لە بیر دەباتەوە و چ ئەو حیزبەی تەنیا مەسەلەی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرێ و پرسی نەتەوەیی گەلی کورد کە لەم قۆناغەدا پرسێکی بنەڕەتییە لە بیر دەباتەوە یان بایەخی کەمتری بۆ دادەنێ ناتوانن لە قۆناغی ئێستای خەباتدا بەڕێوەبەرایەتیی جووڵانەوەی گەلی کورد بەدەست بگرن و بیگەیەننە پلەی ئاخری سەرکەوتن.»[1]

پاش ئەوەی قاسملوو بەناچاری کوردستان جێدەهێڵێ (١٩٦٠) و لە ئورووپای ڕۆژهەڵات (چێکۆسلۆڤاکی) جێگیر دەبێ، لە نێوخۆ و لە نیزیکەوە شاهیدی تێڕوانینی ناسیۆنالیستیی زۆربە (نزیک بەتەواو)ی ڕێبەرانی بە ڕەگەز فارسی حیزبی توودە[2] بەرامبەر پرسی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بە «فیرقە» کردنی حدك دەبێ، لە کاتێکدا لە بنەڕەتدا نابێ ڕێکخراوێکی چەپ کە ئایدۆلۆژیای مارکسی ـ لێنینیی هەیە خاوەن ئەم تێڕوانینە ناسیۆنالیستانەیە بێ، ئەمە کاریگەریی لەسەر ئاڵوگۆڕی فکریی قاسملوو هەبوو.

---

١. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی کومیتەی ناوەندیی حدکا، گەلاوێژی ١٣٦٢، ل ٢.

٢. دوای ٤٠ ساڵ لە دامەزراندنی حیزبی توودە، لە ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١) و لە پلێنۆمی ١٧ی حیزبی توودەدا دوو کورد دەبن بە کومیتە ناوەندی (عەلی گەلاوێژ و حەسەن قزلجی) لە پاش کۆنگرەی دووهەمی حیزبی توودە (١٣٢٧/ ١٩٤٨) محەممەد قازی وەك ڕاوێژکار هەڵبژێردرا؛ بڕوانە: نورالدین کیانوری، خاطرات کیانوری، م. ق، ص ٥٢٣؛ سەردار محەممەد، کورد لە یادداشتەکانی سەرانی حیزبی توودە (ئیحسان تەبەری و نوورەددین کیانووری)دا، گەلاوێژی نوێ، گۆڤاری ئەدەبی و ڕووناکبیری، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، ژمارە ١٦، ل ٦٦- ٨٥

قاسملوو لەم قۆناغەدا بەردەوام لەسەر پرسی کورد و سەرنج نەدانی ڕێبەرایەتیی حیزبی توودە بەم پرسە لە کێشە و ناکۆکیدا بوو و لە نامەیەکدا کە بۆ کەریمی حیسامیی نووسیوە بەئاشکرا دەردەکەوێ کە لە هەڵوێستی ڕێبەرانی حیزبی توودە بەرامبەر بە پرسی کورد ناڕازی و گلەمەندە،[1] قاسملوو نووسیویەتی: «ڕۆژنامەی کوردستان وەك شتێکی پلە چوار و پلە پێنجە و لە هەموو لایەکیش بە ناسیۆنالیست و لادەرمان دەزانن بەتایبەتی من.»[2] هەمدیسان لە نامەیەکی دیکەدا دەنووسێ: «چاوم بە ڕام (ڕادمەنیش سکرتێری گشتیی حیزبی توودە) کەوتووە، دەڵێ: «هەمووتان ناسیۆنالیستن و دەبێ وەزعی خۆتان ڕوون کەنەوە و دەست لە حدك هەڵگرن.»[3]

ڕەخنە گرتن لە ڕوانگەی قاسملوو لەسەر پرسی کورد لەو ساڵانەدا هەرچەند هاوڕێی حیزبیشیانە تەنانەت لە بڵاوکراوەکانی حیزبی توودەشدا بەئاشکرا دەردەکەوێ. ئیحسانی تەبەری لە گۆڤاری «دنیا»دا لە ناساندنی کتێبی «کوردستان و کورد»ی قاسملوو بە خوێنەران، ڕەخنە لە قاسملوو دەگرێ کە بۆ لوڕەکانی باکووری ڕووباری ئاودز بە کورد دەزانێ و بۆ کوردی پێ ئێرانی نییە. تەبەری لەم بارەیەوە دەڵێ: «ناکرێ هێندێك

---

١. لە پلینۆمی حەوتەم (بەرفراوان)ی حیزبی توودەدا لە گەلاوێژی ١٣٣٩ (ئاگوستی ١٩٦٠) ڕێوشوێنی یەکیەتیی حیزبی توودە و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لەلایەن ئەندامانی ڕێبەری و کادرەکانەوە پەسند کرا و بە دوای پێکهێنانی کۆنفرانسی یەکگرتنەوەدا، فیرقەی توودە وەك ڕێکخراوی ئەیالەتیی حیزبی توودە لە ئازەربایجان ناسرا و فیرقەی دیموکرات ڕاکێشی نێو حیزبی توودە کرا. احسان طبری، کژراهە، م. ق، ص ١٩٥.

٢. کەریم حسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێهەم، س. پ، ل ٩.

٣. کەریم حسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێهەم، س. پ، ل ٩.

شوێنی ئەم کتێبە هەڵوێستەی لەسەر نەکرێ. بۆ وێنە: دابەش کردنی لوڕەکان بە دوو بەشی دانیشتووانی باکوور و باشووری ڕووباری ئاودز و بە کورد زانینی لوڕەکانی بەشی باکوور.» وە ئەوە کە قاسملوو دەڵێ: «هەندێك کەس بەهۆی خزمایەتیی زمانی کوردی و فارسی، کوردەکان بە ئێرانی دەزانن و ئەوە واتە فارس.»[١]

پاش ئەوەی قاسملوو بەڕەسمی ڕیزی حیزبی توودەی ئێرانی جێ هێشت (١٩٧٠) و گەڕایەوە کوردستان و بە هاوکاریی ئەندامانی دیکەی حدك ڕێکخستەکانی ئەم حیزبەیان سەرلەنوێ بووژاندەوە، حیزبی توودە بەم دۆخە و سەربەخۆ بوونی حدك ناڕازی و بەتایبەتی لە قاسملوو تووڕە بوو. ئەمە لە دان پێدانانی ئیحسانی تەبەری دەردەکەوێ کە دەڵێ: «ڕەحمانی قاسملوو ڕێگەی خۆی لە حیزبی توودە جیا کردەوە و لە بەغدا جێگیر بوو و ڕۆژنامەی کوردستانی بە قسەی نەرم لە دەست ڕێبەریی حیزبی توودە دەرهێنا و لە بەغدا ڕێکخراوی سەربەخۆی «حدك»ی پێکهێنا.»[٢]

ڕێکخراوی سەربەخۆی حدك، حیزبی توودەی زۆر تووڕە کرد، بەتایبەتی لە قاسملوو ئەم ناڕازی بوونە لە سەربەخۆ بوونی حدك لە دوایین کۆبوونەوەی نوێنەرانی هەر دوو حیزب لە مانگی تەمووزی ١٩٧٥دا لە بێرلین بەئاشکرا ڕادەگەیەنن.[٣] کەریم حیسامی کە بەشداری

---

٢. دنیا، نشریەی سیاسی ـ تئوریك کمیته مرکزی حزب توده ایران، تقریظ کتاب کردستان و کردها، شماره ۴، سال ششم، ١٣٤٤، ص ١١١ ـ ١١٢، بڕ: پاشکۆی ژمارە ١٢.

٢. احسان طبری، کژراهه، م. ق، ص ٢٠٣.

٣. بەشدارانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە: عەبدولڕەحمان قاسملوو، کەریمی حیسامی و حەمەدەمینی سیراجی لەلایەن «حدك»ەوە و ئیرەج ئەسکەندەری،

کۆبـوونەوەکە بـوو دەڵـێ: «کیـانووری گـوتی موخـالیفم، حیزبـی ئـێمە «حـدك»ی بەڕەسـمی نەناسـیوە و [...] دەبـێ بنووسـرێ ئەم کۆبـوونەوەیە لەگەڵ چەنـد کـوردی ئێرانـی بـوو و دواتـر بە تـووڕەیی گـوتی مـن بەشداریی ئەو کۆبوونەوە ناکەم و بەجێی‌هێشت.»[1] بەم جۆرە پێوەندیی نێوان ئەو دوو حیزبە بەرەو ساردی ڕۆیشت، بەتایبەتی دوای بانگەوازی حیزبی توودە بۆ ئەندامانی حدك بەتەواوی تێك چوو. حیزبـی تـوودە داوا لە هەمـوو تێکۆشـەرانی کـورد دەکـا وەك تێکۆشـەرە شۆڕشـگێڕەکانی ئازەربایجان و گەلانی تری ئێران پاڵ وە حیزبی توودەوە بدەن و نەریتی شۆڕشگێڕانەی یەکیەتیی ڕێکخراوەیـی و سیاسیی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان لەگەڵ حیزبـی دایـك، حیزبـی تـوودەی ئێـران، حیزبـی سەرانسەری چینی کرێکاری ئێران دووبارە زیندوو بکەنەوە.[2]

---

نـوورەددین کیـانووری و عەلـی گەولایـێ لەلایەن حیزبـی تـوودەوە و بە بەشـداریی حەسەنی قزڵجی؛ کەریمی حیسامی، بیرەوەرییەکانم، بەرگی چوارەم، س. پ، ل ١٦٣- ١٦٤.

١. هەمان سەرچاوە، ل ١٦٤.

٢. مردم، ارگان مرکزی حزب توده ایران، شماره ١٣٦، مرداد ماه ١٣٥٤. (وەرگیـراو لە بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، بەرگی پێنجەم، س. پ، ل ٤٦.) حیزبی تـوودە لە ئاراستەی سیاسەتی هێنانی حدك بۆ ژێر باڵی خۆی هەر بە دوای ئەم بانگەوازەدا لە بەفرانبار (ژانوییە)ی هەمان ساڵ (١٣٥٤/ ١٩٧٦)دا بە بۆنەی ٣٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە، کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە لە ڕاگەیاندراوێکدا دەنووسێ: «حیزبی تـوودە بە ئەرکـی خـۆی دەزانـی کە یارمەتی بە زینـدوو کـردنەوەی خەبـاتکارانی شۆڕشگێڕی کورد لە ئێران بکا، بە لەبەرچاو گرتنی بنەماکانی کاری نهێنی و ڕێنوێنییە ڕێکخراوەیی‌یەکان، بە جیا گرووپەکانی حدك پێك‌بهێنن، لەگەڵ ناوەندی حیزبی توودە پێوەندی بکەن.» مردم، ارگان مرکزی حـزب تـوده ایـران، شـماره ١٥٠، پـازدهم ١٣٥٤. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ١٢.

«حدک»یش لە بەرامبەر ئەم بانگەوازەدا کاردانەوەی نیشان دا. لە ڕۆژنامەی کوردستان‌دا بە نووسینی وتارێك لەژێر ناوی «وڵامی پەیامێك»دا، پێداگریی «حدک»ی لەسەر سەربەخۆ بوون دووپات کردەوە و بانگەوازی حیزبی توودەی بە هەند وەرنەگرت و دەنووسێ: «کاتێك لە ڕۆژی (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤/ ١٦ی ئابی ١٩٤٥)دا حدك دامەزرا، نە حیزبی توودە لەو مەڵبەندەدا ڕێکخراوی هەبوو و نە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیش هەبوو.»[1]

حیزبی توودە هەڵوێستی سەربەخۆ بوونی ڕێکخراوەیی «حدک»ی لە قاسملوو دەزانی. کیانووری لەم بارەیەوە دەڵێ: «قاسملوو سەردەمێك ئەندامی حیزبی توودە بوو، دواتر لە حیزب دەرکرا، بەهۆی ئەو ڕێبازە هەڵەیەی کە گرتبوویە بەر، ئەو دەرکردنە ڕاگەیاندرا، ڕێکەوتی دروستی نازانم، دەبێ ١٢ ساڵ پێش لە ئێستا بێ، واتە ساڵی ١٩٧٠.»[2] واتە ئەو کاتەی کە قاسملوو ڕیزی حیزبی توودەی بەجێ‌هێشت و هاتەوە کوردستان و لەگەڵ هاوڕێیانی ڕێکخراوەکانی «حدک»یان بووژاندەوە. هەمدیسان کیانووری لە شوێنێکی دیکەدا سیاسەتی حیزبەکەی بەرامبەر «حدک»ی سەربەخۆ و قاسملوو دووپات دەکاتەوە: «سەرەڕای هەوڵەکانی چەند ساڵەی دوکتۆر قاسملوو، ئامادە نەبوو بەناوی ڕەسمیی حدك لەگەڵی دانیشێ.»[3]

---

١. کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، ژمارە ٣٧، گەلاوێژی ١٣٥٤ (ئابی ١٩٧٥).

٢. مردم، دوره هفتم، سال اول، شماره ٦٢، چهار شنبه ١١ مهرماه ١٣٥٨ (١٩٧٩).

٣. پرسش و پاسخ، مسائل داخلی و خارجی انقلاب ایران، شماره ٩، ص ٧٦. (وەرگیراو لە کامران امین‌آوە، م. ق، ص ٦٢)

## باسی چوارەم: ڕەنگدانەوەی بیری چەپ لە خولی نوێی ڕۆژنامەی کوردستان‌دا

پاش ئەوەی ڕێکخستەکانی حدك تا ڕادەیەك جێی خۆیان کردەوە، سەرکردایەتیی حدك بڕیار دەدەن بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی حیزب ڕۆژنامە دەربکەن و بە پەسندی کومیتەی ناوەندی ناوی «کوردستان» بۆ ئورگانی حیزب هەڵدەبژێرن، کە پێشتریش هەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان و هەم لە قۆناغی خەباتی نهێنیی‌دا ئورگانی حیزب بەو ناوە دەردەچوو.[1] یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕێبەندانی ۱۳۴۹ (ژانوییەی ۱۹۷۱) بلاوبۆوە. لە ژمارەی یەکەمی کوردستان‌دا لەژێر ناوی «دیسان کوردستان» نووسراوە: «... خوێنەرانی خۆشەویست! ئەوە یەکەمین ژمارەی کوردستان، ئورگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبەرچاوتانە...» کوردستان لە ساڵەکانی ۱۳۲۴ - ۱۳۲۵ (۱۹۴۵ - ۱۹۴۶) وەك بلاوکراوەی بیری حدك بە نهێنی

---

۱. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، س. پ، ل ۶۶

کەواتە بە وەپێش خستنی چارەسەری پرسی نەتەوەیی لەکوردستان لەسەر هەموو پرسەکانی تر، لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بە دامەزراندنی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی هەیە بۆ دابین کردنی دادپەروەریی کۆمەلایەتی، پێناسی سیاسیی قاسملوو لە چەپێکی کوردەوە بۆ کوردێکی چەپ جێ گۆڕکێی بەسەردا دێ.

بڵاوکرایەوە، لە ساڵی ١٣٤٣ (١٩٦٥)یش لە دەرەوە بڵاوکرایەوە هەرچەندە ئەم جارە ئۆرگانی حدك نەبوو.[1]

ئەگەر بابەتەکانی «کوردستان» بەپێی نێوەرۆك و سروشتی وتارەکان هەڵوەژێرین، نێوەرۆك و سروشتی بابەت و وتارەکانیش ئەم بوارانە دەگرێتەوە: بەیاننامە و هەڵوێستە ڕەسمییەکانی حیزبی دیموکرات، پرسەکانی تایبەت بەم حیزبە، مەسەلە نێونەتەوەیی‌یەکان، بارودۆخی ڕژیم، سیاسەتە نێوخۆیی‌یەکان، سیاسەتی دەرەوەی ڕژیم، بارودۆخی ئێران و کوردستان، مێژووی پرسی نەتەوایەتی، دیموکراسی و ئەڵتێرناتیڤی سیاسی لە ئێران، پرسی چینایەتی، خەباتی خەڵك، ستراتێژییەکانی خەبات، خەباتی چەکداری و ...[2] بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی چەپگەرایی حدك لە ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتە ناوەندی لەم قۆناغەدایە.

ڕۆژنامەی کوردستان لەم قۆناغەدا (١٩٧١- ١٩٧٩) کە سەرجەم ٥٣ ژمارەی لێ‌دەرچوو، پشتگیریی خەباتی گەلانی ئازادیخواز دەکا کە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی لە دژی داگیرکەرانی کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیست

---

١. کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١، (ڕێبەندانی ١٣٤٩/ ژانویەی ١٩٧١)، ل ٢. ڕۆژنامەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، ئەو ڕۆژنامەیە بوو کە لە (ڕێبەندانی ١٣٤٣/ ژانویەی ١٩٦٥) تا (خاکەلێوەی ١٣٤٩/ مارسی ١٩٧٠) ٢٦ ژمارەی لە پراگ پێتەختی چێکۆسلۆڤاکی لێ بڵاوکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە پاش ناکۆکی و مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی توودە، دواجار بەناوی «کوردستان» و بە کوردی دەرچوو؛ قاسملوو سەرنووسەر، حیسامی، قزلجی و عەلی گەلاوێژ دەستەی نووسەرانی بوون؛ کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێیەم، س. ب، ل ٧- ٨

٢. ئاسۆ حەسەن‌زادە، مەنسوور مروەتی، بیبلیۆگرافیای سیاسی ڕۆژنامەی کوردستان، بەهاری ١٣٩٦ (٢٠١٧)، ل ٤.

خەبات دەکەن، هەروەها پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ڤیەتنام و پرۆتێستۆ کردنی دەستێوەردانی سەربازیی ئەمریکا لەم وڵاتە هەوێنی چەندین وتار و بابەتی ڕۆژنامەی کوردستانە.[١] لە پەیامی کۆنگرەی سێهەم بۆ گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین‌دا هاتووە: «کۆنگرەی سێهەمی حدك بۆ هەموو نەتەوەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین چ ئەوانەی کە سەربەخۆیی سیاسییان وەرگرتووە و چ ئەوانەی بۆ وەدەست‌هێنانی سەربەخۆیی خەبات دەکەن، سڵاو دەنێرێ و هیواداره کە خەباتی شێلگیر و هاودەردی و هاوپێوەندیی گەلانی تینووی ئازادی و سەربەخۆیی و پشتیوانیی وڵاتانی سۆسیالیستی و بزووتنەوەی کرێکاری و دیموکراتیی دنیا لەو خەباتە بتوانێ بە یەکجاری نفووزی ئیمپریالیزم لەو سێ کیشوەرە خاشەبڕ بکا.»[٢]

١. بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك، شکستی ئەمریکا لە لائۆس سەرکەوتنی هەموو گەلانی ئازادیخوازە، ژمارە ٢، بانەمەڕی ١٣٥٠/ مای ١٩٧١؛ ڕۆژنامەی کوردستان، سیمای دڕندانەی ئەمریکا لە ڤیەتنام، ژمارە ١٦، بانەمەڕی ١٣٥١/ مای ١٩٧٢؛ ڕۆژنامەی کوردستان، گەلی ڤیەتنام هەر سەردەکەوێ، ژمارە ٢٢، سەرماوەزی ١٣٥١/ دیسامبری ١٩٧٢؛ ڕۆژنامەی کوردستان، بەیاننامەی حدك (ئێران) لەسەر ڕێککەوتنی ڤیەتنام، ژمارە ٢٣، ڕێبەندانی ١٣٥١/ فێورییەی ١٩٧٣؛ ڕۆژنامەی کوردستان، پاش هیند و چین نۆرەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، ژمارە ٢٤، ڕەشەمەی ١٣٥١/ مارسی ١٩٧٣؛ ڕۆژنامەی کوردستان، پەیام بۆ گەلی کامبۆج، ژمارە ٢٩، خەزەڵوەری ١٣٥٢/ نوامبری ١٩٧٣؛ ڕۆژنامەی کوردستان، سەرکەوتنی مێژوویی گەلانی ڤیەتنام و کامبۆج، ژمارە ٢٦، جۆزەردانی ١٣٥٤/ جوولای ١٩٧٥.

٢. ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك (ئێران)، ژمارە ٣٠، سەرماوەزی ١٣٥٢/ دیسامبری ١٩٧٣.

هەروەها پشتیوانی کردن له خەباتگێرانی زوفار له عومان که هێزه چەپەکان ڕێبەریی جووڵانەوەکەیان بەدەستەوە بوو[١] و پێشوازی کردن له دامەزراندنی کۆماری گەلی ئانگۆلا له ساڵی ١٩٧٥دا که لەلایەن وڵاتانی سۆسیالیستییەوە پشتیوانیی لێدەکرا.[٢] جێی ئاماژە پێکردنه پشتیوانی له خەباتی گەلی زوفار له عومان و پێشوازی کردن له کۆماری گەلی ئانگۆلا له هەمان ساڵدا له بڵاوکراوەکانی حیزبی توودەدا ڕەنگی داوەتەوە.[٣]

له ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا (١٩٧١ ـ ١٩٧٩) ڕۆژنامەی کوردستان، چوار جار له یادی ساڵڕۆژی شۆڕشی سۆسیالیستیی ١٩١٧ له ڕووسیەی کردۆتەوە و وتاری دوورودرێژی لەسەر نووسیوه و تێیدا باسی: «دەسکەوته مەزنەکانی ئەو شۆڕشه و کاریگەریی لەسەر خەباتی گەلانی

---

١. ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك (ئێران)، بەیاننامەی حدك (ئێران) له بارەی شەڕی زوفارەوە، ژماره ٣٨، خەزەڵوەری ١٣٥١/ نوامبری ١٩٧٢؛ خەباتی گەلی زوفار درێژەی هەیه، هـ. س، ژماره ٤٥؛ بۆچی سەربازە کوردەکان له زوفار بەکوشت دەدەن، هـ. س، ژماره ٣٦؛ شەڕی چریکی له زوفار له دژی ڕژیمی سەدەکانی نیوەڕاستی سوڵتان قابووس، بەهۆی گرووپێکی ناسیونالیست که زمانی تایبەتی «مارکسی ـ لێنینی»یان بە کار دەهێنا، بەڕێوەدەچوو، ڕژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی بە ناردنی هێز، یارمەتیی سوڵتان قابووسی دەکرد و بەمەنی دیموکراتیك پشتیوانی شۆڕشگێرانی زوفاری دەکرد؛ د. محمدعلی همایون کاتوزیان، اقتصاد سیاسی ایران، م. ق، ص ٣٦٨.

٢. کوردستان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك (ئێران)، دامەزراندنی کۆماری گەلی ئانگۆلا، ژماره ٣٨، خەزەڵوەری ١٣٥٤/ نوامبری ١٩٧٥.

٣. دنیا، نشریه سیاسی ـ تئوریك کمیته مرکزی حزب توده ایران، مبارزان ظفار قهرمانانه پیکار می‌کنند، شماره ٩، آذرماه ١٣٥٤، ص ١١٧؛ دنیا نشریه سیاسی ـ تئوریك کمیته مرکزی حزب توده ایران، جمهوری جوان آنگولا، شماره ١١، بهمن ١٣٥٤، ص ٣٢ ـ ٣٠.

ژێردەستە»[1] کردووە. کوردستان هەر بەوەندە ڕازی نەبووە و لە یەکێك لە ژمارەکانی‌دا بە بۆنەی ٥٠ ساڵەی مردنی ڕێبەری ئەو شۆڕشە (لێنین) هەندێك لە وتەکانی گوڵبژێر کردووە و چاپی کردوون.[2]

ڕۆژنامەی کوردستان زۆرتر لە هەر چینێکی دیکە ئاوڕی وەسەر جووتیارانی کوردستان داوەتەوە، بەهۆی ئەوەی کە لە پێکهاتەی دانیشتووانی کوردستان‌دا گوندنشینەکان زۆرترین ژمارەیان پێ‌دەبڕا و بەهۆی ڕیفۆرمی زەویی شا، کە نووسەرانی کوردستان نە تەنیا پێیان ڕادیکاڵ نییە، بەڵکوو بە بڕوای ئەوان بۆتە هۆی زیان گەیاندن بەم چینە لە کوردستان. ڕۆژنامەی کوردستان دەنووسێ: «محەممەدڕەزاشا لە شوێن چارەسەر کردنی مەسەلەی زەوی بە قازانجی وەرزێران و زەحمەتکێشانی لادێ، مەیدانی تێکۆشانی سەرمایەداریی لە دێهات خۆش کردووە، ئەمڕۆ ئەو جووتیارانەی کە بەڕواڵەت بوونە خاوەن‌زەوی و گۆیا دەستی خاوەن ملکەکانیان لەسەر هەڵگیراوە»[3] لەلایەن بانك و کۆمپانیا و ژاندارمە و

---

١. ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك (ئێران)، ئۆکتۆبر و جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد، ژمارە ١٠، خەزەڵوەری ١٣٥٠/ نوامبری ١٩٧١؛ باجی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبر، هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢١، خەزەڵوەری ١٣٥١/ نوامبری ١٩٧٢؛ دامەزراندنی یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی نموونەیەکی نوێی پێوەندیی نێو نەتەوەکان، هـ. س، ژمارە ٢٢، سەرماوەزی ١٣٥١/ دیسامبری ١٩٧٢؛ بیرەوەریی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبر، هـ. س، ژمارە ٥٠، خەزەڵوەری ١٣٥٦/ نوامبری ١٩٧٧.

٢. کوردستان (ڕۆژنامە) ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك (ئێران)، لە قسەکانی لێنین، ژمارە ٣٢، ڕێبەندانی ١٣٥٢/ فێورییەی ١٩٧٤.

٣. ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك (ئێران)، بەرووبوومی ئیسلاحاتی زەویی شا پاش دە ساڵ، ژمارە ٢٠، ڕەزبەری ١٣٥١/ ئۆکتۆبری ١٩٧٢؛ شۆڕشی سپیی شا و جووتیاران، هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٢، سەرماوەزی ١٣٥١/ دیسامبری ١٩٧٢؛ سەری ساڵی «ئینقلابی سپی»ی شا، هەمان سەرچاوە، ژمارە ٤١،

## باسی پێنجەم: شۆڕشی ئێران (١٩٧٩/١٣٥٧) و چالاکیی ئاشکرای حدک (ئێران)

پاش زیاتر لە یەک ساڵ ڕاپەڕین و قوربانی دان، گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١١ی شوباتی ١٩٧٩)دا توانیان کۆتایی بە دەسەڵاتی حەمەڕەزاشا (١٣٢٠- ١٣٥٧/ ١٩٤١- ١٩٧٩) و ڕژیمی پتر لە ٥٠ ساڵەی شاهنشاهیی بنەماڵەی پەهلەوی بێنن.[1] بەم جۆرە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئێران بەگشتی و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی دەستی پێکرد. گەلی کوردیش چالاکانە لە شۆڕشی سەرانسەریی ئێراندا بەشداریی کرد و بە سەدان کەس لە ڕۆڵەکانی لە ڕەوتی شۆڕشدا گیانیان لە دەست دا، هەر بۆیە کوردستانیش وەک ناوچەکانی دیکەی ئێران پێشوازیی لە ڕووخانی ڕژیمی پەهلەوی کرد و کوردەکان

1. کاتژمێر ٦ی دوانیوەڕۆی ٢٢ ڕێبەندان ١١ی فێبریوار ڕادیۆی تاران ڕایگەیاند: «ئێرە تارانە دەنگی ڕاستیی ئێران، دەنگی شۆڕشە». بەم جۆرە دوای دوو ڕۆژ شەڕ و پێکدادان لە ڕۆژەکانی ٢١- ٢٢ی ڕێبەندان (١٠- ١١ی فێوریە) شۆڕشی ئیسلامی تەکمیل کرا و سەڵتەنەتی ٢٥٠٠ ساڵە بەتەواوی هەرەسی هێنا؛ یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، م. ق، ص ٦٥٢؛ جان فوران، م. ق، ص ٥٦٦.

سپای جۆربەجۆر و سوود و سەلەم خۆرەکانی لادێ و شارەوە دەڕووتێنەوە و هەر تێتۆلێکیان بەدەست یەکێکەوەیە.[1]

هەر لە درێژەی ئەم سەرنجدانە بە چینی جووتیاراندایە کە کوردستان یادی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣١ (١٩٥٢)ی جووتیارانی ناوچەی موکریان دەکاتەوە، کە یەکەم تەقینەوەی چینایەتی بوو لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەلاتی کوردستان و بە خاڵێکی گرنگی مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەژمێردرێ.[2] پاش بیست ساڵ لە تێپەڕ بوونی ڕاپەڕینی جووتیاران بۆ یەکەم جار بوو کە حدك باسی لەو ڕاپەڕینە دەکرد و پێشتر لە هیچ بەڵگەنامە یان نووسراوەیەکدا باسی لێنەکردبوو.

---

ڕێبەندانی ١٣٥١/ فێوریەی ١٩٧٣؛ نامەی جووتیارێکی کورد لە پەراوێزی ئیلاحاتی ئەرزیدا، هەمان سەرچاوە، ژمارە ٣، خاکەلێوەی ١٣٥٠/ ئاوریلی ١٩٧١.

١. ڕۆژنامەی کوردستان، شۆڕشی سپی شا و جووتیاران، ژمارە ٢٢، سەرماوەزی ١٣٥١/ دیسامبری ١٩٧٢.

٢. ڕۆژنامەی کوردستان، ڕاپەڕینی وەرزێرانی کوردستان، ژمارە ٢٣، ڕێبەندانی ١٣٥١/ فێوریەی ١٩٧٣.

ئەم هەلەیان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان قۆستەوە،[1] ئەو ئامانجانە کە بەهۆی دەسەلاتی بنەماڵەی پەهلەوی (١٣٠٤ ـ ١٣٥٧/ ١٩٢٥ ـ ١٩٧٩)، کە بریتی بوو لە ماف و ئازادییە نەتەوەیی‌یەکان پێی نەگەیشتبوون.

حدك کە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان (١٣٢٥/ ١٩٤٦) چالاکی سیاسیی لێ قەدەغە کرابوو و بە شێوازی نهێنی خەباتی کردبوو، هەلی بۆ ڕەخسا دوای ٣٢ ساڵ بە کەلکوەرگرتن لەو دۆخە سیاسییە کە بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشەوە بۆی ڕەخسابوو، چالاکی ئاشکرای خۆی ڕابگەیەنێ.

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ (١ی ئازاری ١٩٧٩) حدك بۆ ڕاگەیاندنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆی میتینگێکی گەورەی لە یاریگای شاری مەهاباد پێکهێنا. لەو میتینگەدا بێجگە لە خەڵکی ناوچەی مەهاباد، نوێنەرانی هەموو ناوچەکانی کوردستان و زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسانی نێوخۆی وڵاتیش بەشدار بوون. پاش زیاتر لە سی ساڵ خەباتی نهێنی حدك ڕایگەیاند کە لەمەودوا خەباتی ئاشکرا و یاسایی خۆی دەستپێدەکا.[2]

---

١. دەیڤید مەکداول، س. پ، ل ٥٤٣ لە کوردستانیش زۆرینەی زۆری چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەشدار بوون لە خۆپیشاندانی شارەکانی کوردستان، کە ئەم چینانە بریتی بوون لە: مامۆستایان، خوێندکاران، ژنان، لاوان، پیاوانی ئایینی، کرێکاران، جووتیاران و... کە هەر یەکە هەڵگری ئایدیا و بۆچوونێکی سیاسیی جیاواز لە یەکتری بوون و لە ڕەوتە نەتەوەیی، چەپ و مارکسی و ئایینییەکان پێکهاتبوو؛ د. هۆشمەند عەلی مەحموود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٧٩- ١٩٨٩)، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٤٩.

٢. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، ب ١، س. پ، ل ١٣٧. چەند مانگ پێش سەرکەوتنی شۆڕش چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی حدك لەژێر ناوی «کومیتەی زاگرۆس» بە نهێنی هاتبوونەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نزیکەوە ئاگاداری

لەو قۆناغە دوورودرێژەدا کە حدك دوورخراوە بوو، کۆمەڵگای کوردستان زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو، هێزی کۆمەڵایەتیی نوێ و نوێباو، هاتبوونە کایەوە، خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە شار و لە دێ پەرەی ئەستاندبوو، ڕێکخراوی گەنج و نوێخواز (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) ژیانی سیاسیی کوردستانی گۆڕیبوو، شێخ عیززەددین حوسێنی[1] وەك کەسایەتییەکی سیاسی ـ ئایینی لە نێو خەڵکدا لایەنگری زۆری هەبوو، ڕێکخراوی چەپ و کۆمۆنیستی خەریکی چالاکی بوون.[2] خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ یەکەم جار

---

ڕووداوەکان بوون کە بریتی بوون لە: عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، هاشم کەریمی، حەمەدەمین سیراجی، حەسەن شیوەسەڵی، سەید ڕەسووڵ دێهقان، ئەمیر قازی و سەلیم بابانزادە؛ هـ. س، ل ١٧٠.

١. شێخ عیززەددین حوسێنی ساڵی ١٩٢١ لە ناوچەی بانە لەدایكبووە، لە سەردەمی دەسەڵاتداریی محەممەدڕەزاشادا بووەتە پێشنوێژ و وتارخوێنی نوێژی هەینی لە مزگەوتی سووری مەهاباد، هەستی کوردایەتیی بەهێزی هەبووە و ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ك بووە. بەهۆی ئەو پێگە کۆمەڵایەتی- ئایینییەی کە هەیبوو خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و هەم لە ڕۆژانی خۆپیشاندانەکانی شاری مەهاباد و هەمیش لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش و هەوڵەکانی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە چوارچێوەی ڕژیمی نوێدا ڕۆڵی هەبوو. دژایەتیی خۆی بۆ خومەینی و سیستمی حوکمڕانیی وەلی فەقیە دەربڕیوە و لە بەرامبەریدا ڕاوەستاوە. بە یەکێك لە هاوکارەکانی «کۆمەڵە» ناسراوە. ڕۆژی ٢٠١١/٢/١١ لە وڵاتی سوید کۆچیدوایی کرد و لە باشووری کوردستان لە گردی سەیوانی سلێمانی بەخاك سپێردراوە؛ د. هۆشمەند عەلی، س. پ، ل ٣٨.

٢. عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی، ل ٣٣. لە پاش سەرکەوتنی شۆڕش هەندێك ڕێکخراوی چەپ و سۆسیالیستی لە ئێران و لە هەمان کاتدا لە کوردستان چالاکییان هەبوو، وەك: ڕێکخراوی پەیکار و ئازادیی چینی کرێکار، ڕێکخراوی یەکیەتیی کۆمۆنیستەکان، حیزبی ڕەنجبەران، ڕێکخراوی ڕێگای

بوو هەست بە ئازادی بکەن؛ چەندین تاقمی سیاسی لە شارەکانی کوردستان کەوتنە هەوڵی پێکەوەنانی ڕێکخستن. کادرەکانی حدك کە تازە گەڕابوونەوە، خەریکی خۆ کۆ کردنەوە و سازدانی خەڵك و پێکەوەنانی ڕێکخراوی ئاشکرا بوون، کادرەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (سازکا)ش خەریکی پێکەوەنانی «ڕێکخراوی چەپتر» بوون بەناوی جیاجیاوە، چریکی فیدایی و حیزبی توودە و دەیان ڕێکخراوی دیکەی وەکوو: سازمانی موجاهدین، پەیکار، وەحدەتی کۆمۆنیست و هیتر خەریکی خۆ ڕێکخستن بوون و ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی ئێران بوو.[1] دیارە لە نێو ڕێکخراوە چەپ و سەرانسەرییەکاندا حیزبی توودە بەهۆی ڕابردووی چالاکی و چریکە فیداییەکان بەهۆی خەباتی لەخۆبردووانەیان لە دژی ڕژیمی شا ڕۆڵی بەرچاوتریان لە شانۆی سیاسیی کوردستاندا هەبوو.

حدك کە تا پێش لە سەرکەوتنی شۆڕش تاقانە حیزبی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لەگەڵ دۆخێکی نوێ بەرەوڕوو بوو. کارنامەی درەوشاوەی سیاسیی ئەم حیزبە بەهۆی چالاکیی ڕابردووی لە دژی ڕژیمی شا و بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد و تۆمار کردنی چەند ڕووداوی مێژوویی و خاوەنداره‌تی لە سیما ناسراوەکانی خەبات و تێکۆشان کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بوون بە

---

کرێکار. ئەم ڕێکخراوانە لە نێوان خوێندکاران، ڕووناکبیران، چینی ناوەندیی نوێ، پسپۆڕان، کرێکارانی پیشەسازی و نەتەوەکان وەك: کورد، تورکمان و بەلووچدا چالاك بوون؛ سمیع فارسون، مهرداد مشایخی، فرهنگ سیاسی در جمهوری اسلامی، ترجمە: معصومە خالقی، تهران ١٣٧٩، ص ٣١.

١. ئەنشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٢٢.

سیمبول،[1] وای کردبوو کە ئەم حیزبە لە یادەوەریی مێژوویی کۆمەڵانی خەڵکدا بمێنێتەوە، بەتایبەت لە ناوچەکانی موکریان و سەرووی موکریاندا، هەر بۆیە بەخێرایی لە نێو چین و توێژە جوراوجۆرەکانی خەڵکدا جێ‌پێی خۆی کردەوە.[2] نەوشیروان مستەفا لەم بارەیەوە دەڵێ: «حدك بەهۆی ئەو ناو و ناوبانگەی کە لە سەردەمی قازی محەممەدەوە و جەمهوورییەتی مەهابادەوە بە میرات بۆی بەجێ مابوو، لە ماوەیەکی کورتدا، هەزاران کەسیان کۆ کردەوە و هەزاران چەکداریان ڕێکخست و توانییان بین بە حوکمڕانی ڕاستەقینەی زۆر شار و ناوچە.»[3]

بەرنامەی حدك کە لەسەر چارەسەری دوو پرسی گرینگی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی داڕێژرابوو، جۆرێك بوو کە کۆمەڵانی خەڵك هەم چین و توێژە نەریتییەکان کە تەنیا پرسی نەتەوەیی‌یان بە لاوە گرینگ بوو و هەم بۆ گەنج و خوێندەوار و ڕووناکیران کە ئایدۆلۆژیای چەپ کەمەندکێشی کردبوون، سەرنجڕاکێش بوو. هەر بۆیە هەموویان خۆیان لەم بەرنامەیەدا دەدۆزییەوە.

---

١. قاسملوو لە یەکەم کۆبوونەوەی جەماوەریی ئاشکرا بوونی چالاکیی «حدك»دا دەڵێ: «حیزبی ئێمە حیزبی شەهیدانی چوارچرا، حیزبی مەلا ئاوارەکان، موعینییەکان و عەزیز یووسفییەکانە و تا وەدەستهێنانی هەموو مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد ناوەستێ.» وەرگیراو لە کاسێتی تۆمارکراوی ڕێوڕەسمی مێتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ (١ی مارسی ١٩٧٩) لە ستادیۆمی مەهاباد.

٢. لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی لە ١٣٥٨/١٢/٢٤ (١٩٨٠/٢/١٤)دا بێجگە لە دوو- سێ حەوزە کە هەڵبژاردن کەوتە قۆناغی دووهەم، یان بە هەندێك بروبیانوو لەلایەن دەوڵەتەوە ڕاگیرا، لە هەموو ناوچەکاندا ئەو کاندیدانە سەرکەوتن کە حدك پشتیوانیی لێ کردبوون. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، س. پ، ل ٢٢٧.

٣. نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٢٣.

گرتنی کۆنگرە لە هەلومەرجی نوێی تێکۆشاندا بۆ حدك پێویستییەکی جیددی بوو. لەلایەك شەش ساڵ بەسەر بەستنی کۆنگرەی سێهەمدا تێپەڕیبوو و لەلایەکی دیکەشەوە دەبوو ڕێکخراوەکانی حیزبی بۆ دۆخی نوێ ڕێك بخرێن. لە ئێران و کوردستان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ڕووی دابوو. ڕژیمێکی سیاسیی نوێ (کۆماری ئیسلامی) ئێرانی بەڕێوەدەبرد و ڕووحانییەتی شیعە دەسەلاتداری سەرەکی لە وڵات بوون و دەبوو حیزب هەڵوێست و لێکدانەوەی بۆ ئەم دۆخە نوێیە هەبێ و سیاسەت و دروشمەکانی گەلاڵە بکا.

ڕۆژی ١٣٥٨/١١/٣٠ تا ١٣٥٨/١٢/٥ (١٩٨٠/٢/١٩ تا ١٩٨٠/٢/٢٤) بە بەشداریی ٣١٠ ئەندام کۆنگرەی چوارەمی حدك لە شاری مەهاباد بەڕێوەچوو.[1] لە کۆنگرەدا مشتومڕێکی زۆری سیاسی و فکری هەبوو. قاسملوو ڕەوتەکانی نێو کۆنگرە بەم جۆرە دابەش دەکا: «یەکەم: ڕەوتی توودەیی کە نوێنەری هەرە گەورەی غەنی بلووریان و هێندێکی دیکەی وەك حەمەدەمینی سیراجی[2] و ئەوانی دیکە بوون؛ دووهەم: دیسان نوێنەرانی ئەو شێوە عەشیرەتییە کە هەر مابوو؛ سێهەم: ژمارەی هەرە زۆری بەشدارانی کۆنگرە کە لە هیچ لایەك نەبوون و ئەوانە بوون کە تازە هاتبوون و نوێنەرانی هەر کام لەو سێ ڕەوتە بۆ کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.»[3]

بە چاوخشاندن بە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی و بڕیارنامەی کۆنگرە و ئەو ئاڵوگۆڕانەدا کە لە بەرنامەی «حدك»دا هاتبوو، دەردەکەوێ کە

---

١. جەلیل گادانی، س. پ، ل ٢٥٩.

٢. سیراجی کە پێشتر لایەنگری ڕێبازی ماویزم بوو دەبێ لەم ساڵانەدا بە لای سۆڤیەت و حیزبی توودەدا وەرسووڕابێتەوە.

٣. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا، س. پ، ل ٢٢.

ڕەوتـی چەپـی ڕادیکـاڵ (تـوودەیی) لە کـۆنگرەدا توانیـویەتی زۆر لە بیروبۆچوونەکـانی خـۆی بچەسـپێنێ. لە ڕاپـۆرتی کـومیتەی ناوەنـدی‌دا سیاسـەتەکانی ئەمریکـا لە ڕۆژهەلاتـی نێوەڕاسـت پڕۆتـسـتۆ دەکـرێن. هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ئاشتیی میسر و ئیسرائیل لە کامپ دەیڤید لە دژی بەرژەوەنـدیی گەلـی فەلەسـتین هەلّدەسـەنگێندرێ و هۆشـداریی دەدرێتە ئەمریکا کە دەست لە دوژمنایەتی بەرامبەر بە شۆڕشی ئێران هەلگرێ و لە ئەگەری هەر چەشنە دەسـتێوەردانی سـەربازی‌دا لەگەڵ بەربەرەکـانیی توندی کۆمەلانی خەلْك بەرەوڕوو دەبێ[1] و ئەمە لە کاتێك‌دایە کە سپای سووری سۆڤیەت ئەفغانسـتانی دراوسێی ئێرانی داگیـر کـردووە و لەگەڵ بەربەرەکانیی توند بەرەوڕوویە، بەلام ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەنـدی نە تەنیا لە ئاستی‌دا بـێ‌دەنگیـی هەلبـژاردووە، بەلکـوو یەکیەتیـی سـۆڤیەت بە لەمپەریکـی دیـکەی سـەر ڕێگەی دەسـتێوەردانی ئەمریکـا لە نـاوچە و کەنداو دەزانێ.

---

١. لە ڕاپۆرتی کومیتە ناوەندی بۆ کۆنگرەی چواردا هـاتووە: «ئەمریکـا هەوڵ دەدا کە میـسر و ئیـسرائیل بە ئاراستەی بەرژەوەندیی خۆی و ئیـسرائیل‌دا لێك نزیك بکاتەوە و لە دژی بەرژەوەندیی گەلی فەلەستین هەنگاو بنێ. ئیمپریالیزمی ئەمریکا بۆ دەستێوەردان لە نـاوچەی دەوڵەمەنـد بە نەوتـی کەنـداو لەگەڵ لەمـپەری گەورە بەرەوڕوویە. پـاش ئەزموونی ڤیەتام و بەو هەموو تەبلیغاتە ژەهراوییەی کە لە دژی شۆڕشی ئێران وەڕێی خستووە، بۆ بیـروڕای گشتیی ئەمریکـا و جیهـان هەروا بە ئاسـانی قەبـووڵ نـاکرێ و هەرچەشنە دەستێوەردانێکی سـەربازی لەگەڵ بەربەرەکـانیی ئازایانەی هەمـوو گەلانـی ئێران بەرەوڕوو دەبێ و ئەگەر پێویـست بێ ئێران دەبێ بە گۆڕسـتانی ئیمپریـالیزمی ئەمریکا و هەروەها هۆشـدارییەکانی یەکیەتیی سـۆڤیەتیش بە ئەمریکـا دەبێ بە هەنـد وەربگیـرێ.» اسـناد کنگرەی چهـارم، حـزب دمکـرات کردسـتان ایـران، کمیـسیون انتشارات و تبلیغات کمیتە مرکزی حزب دمکرات کردسـتان ایـران، اسـفند ١٣٥٨ (فوریەی ١٩٨٠)، ل ٦٨ و ٦٩

ڕاپۆرت پێی وایە سیستمی سەرمایەداری کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تایبەتی سەرمایەداران و پاوانکاری ڕاوەستاوە، بۆتە خولقێنەری دەیان گیروگرفتی چارەسەر نەکراو وەك هەڵاوسانی بێ وێنەی دراوی، بە میلیۆنان کەسی بێکار و دارمانی ئەخلاقی و کولتووری، ئەمە پاڵی بە خەڵکانی ئەو وڵاتانەوە ناوە بۆ خۆ ڕزگار کردن لە سیستمی سەرمایەداری و ئەمە مەیلی سۆسیالیستی لە نێو زەحمەتکێشان‌دا بەهێز دەکا.[١]

ڕاپۆرت ڕەخنە لە حدك دەگرێ کە لە کاتێك‌دا زۆربەی ئەندامانی حیزب لە زەحمەتکێشان پێك‌دێ و بەڕێکەوت نییە کە بە حیزبی دیموکرات دەگوترێ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان؛ «بەڵام ژمارەی ئەوبەرپرسانەی حیزبی کە سەر بە چین و توێژە زەحمەتکێشەکانن کەمن.»[٢] لەم سۆنگەیەوە ڕاپۆرت داوا لە کۆنگرە و کومیتەی ناوەندیی نوێ دەکا: «سەرنج‌دان بە کەسانی زەحمەتکێش لە نێوخۆی حیزب‌دا و پەروەردە کردنیان بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریی حیزبی کە لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکانی حیزبییە و لەم بوارەدا دەبێ سەرنجی تایبەتی بە گوندەکان بدرێ کە بەشی سەرەکیی زەحمەتکێشانیان تێدا نیشتەجێن، بەجۆرێك کە هەر گوندێك لە کوردستان دەبێ ڕێکخراوی حیزبیی خۆی هەبێ.»[٣]

---

١. بڕوانە: ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چوارەم، س. پ، ل ٧٠.

٢. هەمان سەرچاوە، ل ٨٠

٣. هـ. س، ل ٨١ ساڵی ١٣٥٩ (١٩٨٠) کە شەڕ لە کوردستان لە دژی دەوڵەتی ناوەندی دەستی پێکردەوە، هێزی پێشمەرگە زۆر زوو شارەکانی جێ‌هێشت و قورسایی و تێچووی ئەم شەڕە بەپێی سروشتی خەباتی پارتیزانی و سروشتی شاخاویی کوردستان کەوتە سەر گوندەکانی کوردستان و لەم سۆنگەیەوە پێکهاتەی چینایەتی (قەوارە و

هەڵوێستی حدک بەرامبەر بە شۆڕش و کۆماری ئیسلامی و ڕێبەریی خومەینی، ڕوون و ڕاشکاوە و دەڵێ: «ئێمە جارێکی دیکە ڕایدەگەیەنین هاوڕێ لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری ئێران داکۆکی لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئێران دەکەین. ئێمە پشتیوانیی دووبارەی خۆمان لە ڕێبەریی ئیمام خومەینی و سیاسەتی دژی ئیمپریالیستیی ئەو ڕادەگەیەنین و ئامادەین ئەو پشتیوانییە بەکردەوە بسەلمێنین.»[1]

---

سەرکردایەتی)ی حدک وەک هێزی سەرەکیی بزاڤەکە بەجۆرێک بوو کە ٨٠٪ی خەڵکی گوندەکان بوون و ئەو ٢٠٪ە کە خەڵکی شار بوون سەر بە چینی مامناوەندی و کەم داهات و گەڕەکە پەراوێزخراوەکان بوون. ئیسماعیل بازیار، سمیناری ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە سێ قۆناغی جیاواز لە کوردستاندا، Tv- kurd chanel، ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٥ (١٧ی دیسامبری ٢٠١٦).

١. ڕاپۆرتی کومیتە ناوەندی بۆ کۆنگرەی چوارەمی حدک، س. پ، ل ٨٣ یەکێک لەو پرسانە کە لە کۆنگرەی چوارەمدا زۆرترین کێشە و مشتومڕیان نایەوە، هەڵوێست بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی بوو. دیارە هێڵی چەپی لایەنگری حیزبی توودە توانی هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی بچەسپێنێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبووە، کە ڕوانگەی پێچەوانەی ئەو باڵە لە کۆنگرەدا نەبووبێ. بۆ وێنە: مانگێک پێش پێکهاتنی کۆنگرە لە بەفرانباری ١٣٥٨ (ژانویەی ١٩٨٠)دا شاندێکی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا بە سەردان دێنە ئێران و لە ماوەی سەفەرەکەیاندا لەگەڵ قاسملوو و کیانووری، سکرتێری حیزبی توودە دیدار و چاوپێکەوتنیان دەبێ. ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ قاسملوو لەسەر بانگهێشتنی حدک (ئێران) بوو. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ١٢. شاندەکە لە گەڕانەوەدا ڕاپۆرتێکی نهێنی لەو چاوپێکەوتنانە و نامەیەکی قاسملوو بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا دەدەنەوە بە حیزبەکەیان. لەو ڕاپۆرتەدا باس لە داکۆکی، خۆشباوەڕی و هەواخەڵچنی کیانووری بە خومەینی دەکەن و بەپێچەوانە، قاسملوو جۆرێکی دیکە بیر دەکاتەوە. قاسملوو پێیان دەڵێ: «چۆن دەکرێ لەسەر هەندێک پرسی وەک دەسەڵاتی خەڵک، پلۆرالیزم، مافی کەمینەکان و... لەگەڵ کەسێک وتووێژ بکەی کە خۆی بە نوێنەری خوایە لەسەر زەوی و گەورەترین ناکۆکیی خۆی لەگەڵ خومەینی لە تێنەگەیشتنی خومەینی لە

ئەم سیاسەتەی حدك کاریگەریی ڕەوتی توودەیی نێوخۆی ئەو حیزبەی بەتەواوی بەسەرەوەیە و لە ڕاستیدا ئەمە هەڵوێستی حیزبی توودە بوو کە هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی و خومەینی گرتبوویە بەر و تیۆریزەشی کردبوو. جەوانشێر، دەبیری دووهەمی حیزبی توودە لەم بارەیەوە دەڵێ: «پشتیوانی ئێمە لە ئیمام خومەینی بەپێچەوانەی بانگەشەی تێکدەران و گومانی ناڕاستی منالانە، هەلپەرستی نییە، بەرهەمی چل ساڵ شەڕ لە دژی ئیمپریالیزم و خۆرئاوا هەڵێتان لە دەستی سازشکارانە.»[1]

لە بەشی بڕیارنامەی کۆنگرەدا دوو خاڵی بڕیارنامەکە بە شێوازێکی ڕادیکاڵ سەرنجی داوەتە ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و جووتیاران. داوا کراوە کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار و گوندەکانی ئێران دەبێ لە بەڕێوەبردنی چارەنووسی خۆیاندا بەشدار بن تا لەم دۆخە بەزەیی بزوێنە ڕزگاریان بێ، کە مەبەست پێکهێنانی شووراکانی کرێکارییە و لە پێوەندی لەگەڵ جووتیاراندا داوا دەکرێ و بە ئەنجامدانی یاساکانی شۆڕشگێڕی کێشەی خاوەنداریەتیی زەوی بە قازانجی جووتیارانی بێزەوی کۆتایی پێ بێ.[2]

---

دیموکراسی دەبینێ و پێی وایە ڕووحانییەتی شیعە لەگەڵ چەمکی دیموکراتیك تەواو بێگانەیە.» سەرچاوە:

https://events.manchester.ac.uk/event/event:u2j- jainnybn- z377tk/under- 8- diverse- hammer- and- slele- interlinkayes- between- caroppean- and- iraniancommunisms1917- 1991.

١. ف. م. جوانشیر، م. ق، ص ٢٢٨. حیزبی توودە لە ئاراستەی پشتیوانی لە هێڵی دژە ئیمپریالیستی خومەینی تەنانەت ڕابردووی مێژوویی بۆ دانا. بەهاری ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١) کتێبێکی لەژێر ناوی «٨٠ ساڵ پشتیوانی حیزبی توودەی ئێران لە هێڵی ئیمام و جووڵانەوەی خۆرئاوایی ٥»ی جۆزەردان»دا چاپ و بلاوکردەوە. پاشکۆی ژمارە ٩.

٢. اسناد کنگرە چهارم حدکا، م. ق، ص ١١٠.

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی «حدک»یش ئاڵوگۆڕی تێدا ئەنجام درابوو؛ لە فەسڵی یەکەم و لە ئامانجە گشتییەکاندا، ئامانجی دوارۆژی حدک کە پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستیی دادپەروەرانە بوو، گۆڕا بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی کە بنچینەکانی لەسەر پرەنسیپی زانستیی بینای سۆسیالیزم دامەزراوە.[1] لابردنی پاشگری «دادپەروەرانە» بەو مانایە بوو کە سۆسیالیزم پێویستیی بە پاشگری دادپەروەرانە نییە و خۆی لە خۆیدا ئەو نیزامە لە هەموو ڕوویەکەوە دادپەروەرە و ئەگەر بەکار هێنانی زاراوەی «دادپەروەر» لە بەرنامەی پەسندکراوی کۆنفرانسی سێهەم و دواتر کۆنگرەی سێهەم (١٣٥٢/ ١٩٧٣) سنووربەندیی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجود (سۆسیالیزمی دامەزراو لە یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستی) کردبوو، ئەم سنووربەندییە نامێنێ، واتە سۆسیالیزمی مەوجود لە ڕووی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بێ‌کەم‌وکوورییە. ئەم ئاڵوگۆڕە داشکاندن بوو بەلای سۆڤیەتدا و پێکهێنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لەسەر بنەمای سۆسیالیزمی زانستی، ئەو ناوونیشانەیە کە مارکسیزم بە خۆی داوە لە بەرامبەر «سۆسیالیزمی خەیاڵی»دا.[2]

١. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەم، کومیسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی کومیتەی ناوەندیی حدکا، ڕەشەمەی ١٣٥٨ (فێوریەی ١٩٨٠)، ل ١٤.

٢. سۆسیالیزمی خەیاڵی: مارکس و ئەنگلس، سۆسیالستەکانی پێش لە خۆیان بە سۆسیالیستی خەیاڵی ناو دەبرد، چونکە پێیان وا بوو لایەنگرانی ئەو ئەندیشەیە هەوڵی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئایدیالیستی دەدەن بەبێ لەبەرچاو گرتنی یاسامەندیی مێژوو و بەبێ ناسینی پێویستی و ئیمکاناتی کۆمەڵگا و ڕوانگەکانیان زۆرتر مرۆڤدۆستانە و ئەخلاقی بوو تا مێژوویی. مارکسیزم بە هێنانەئارای «ماتریالیزمی دیالێکتیک» و «ماتریالیزمی مێژوویی» هەوڵی دەدا نیشان بدا کە سۆسیالیزم بەپێی «جەبری مێژوو» قوناغێکی ناچارییە لە گەشە کردنی فۆرماسیۆنەکانی کۆمەڵایەتی- ئابووری. سان

کە بنەماکەی لەسەر ڕاڤە کردنی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و دۆزینەوەی یاساکانی ناچاریی مێژوو «determinism» دانراوە.[1]

حدك کە لە بەرنامەی پەسندکراوی کۆنفرانسی سێهەم و کۆنگرەی سێهەم (١٣٥٢/ ١٩٧٣) لە ماددەی چوارەمی ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەدا پشتیوانیی خۆی لە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلان بەدژی ئیمپریالیزم ڕاگەیاندبوو، ئەم جارە لە خەباتی گەلان بەدژی ئیمپریالیزم، ناوی ئەمریکاش دەهێنێ وەك سەرکردەی جیهانیی ئیمپریالیستی[2] و لەوە بەدوا دژایەتی کردنی ئیمپریالیزمی ئەمریکا وەك سەرکردەی ئیمپریالیزمی جیهانی لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دیموکراتدا و لە ماددەی چوارەمی ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەدا تا کۆنگرەی نۆهەم (١٣٧٠/ ١٩٩١) دەمێنێتەوە.

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩ی ئابی ١٩٥٣)ـوە تا ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) کە ڕژیمی سەڵتەنەتی لە ئێران ڕووخا، واتە نزیك بە ٢٥ ساڵ، قۆناغی باڵادەستیی سیاسەتی ئەمریکا لە ئێرانە و بێجگە لە قۆناغی کورتی سەرەتای حوکمڕانیی کێنێدی لە ساڵی ١٩٦١ و سەرەتای سەرکۆماریی کارتەر لە ساڵی ١٩٧٧دا سەرکۆمارەکانی ئەمریکا پشتیوانی بێ ئەملاوئەولای ڕژیمی پەهلەوی بوون.[3] ڕووخاندنی دەوڵەتی

---

سیمۆن، شارل فۆریە، ڕۆبێرت ئۆوێن و لویس بلان لە سیما ناسراوەکانی سۆسیالیزمی خەیاڵی بوون. حسن علی‌زادە، م. ق، ص ٢٦٥؛ غلامرضا علی بابایی، م. ق، ص ٢٨٦.

١. داریوش آشوری، دانشنامە سیاسی، م. ق، ص ٢٠٦.

٢. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەم، ل ١٤.

٣. محمود طلوعی، خواندنی‌های تاریخی، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨١، ص ٢٨٠. لەو قۆناغەدا ئەمریکا تاقە سواری گۆڕەپانی سیاسەت و ئابووریی ئێرانە. ئەمریکا گەورەترین هەناردەکەری کەلوپەلی بازرگانی بۆ ئێرانە و گەورەترین کڕیاری چەك لە ئەمریکا لە جیهاندا ئێرانە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ (١٣٥٦- ١٣٥٧) پتر لە ٤٠ هەزار

موسەددیق و گەڕاندنەوەی شای ڕاکردوو پتر لە هەر ڕووداوێکی دی ڕق و بەدگومانیی ئێرانییەکانی لە ئەمریکا هان دابوو،[1] ڕووداوێك کە دوای ٥٠ ساڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، مادلین ئۆلبرایت داوای لێبوردنی لە ئێرانییەکان کرد.[2] لە کوردستانیش دوژمنایەتیی ئەمریکا و بریتانیا لە دژی کۆماری کوردستان حاشاهەڵنەگر بوو، قاسملوو دەڵێ: «ئیمپریالیزمی ئەمریکا و بریتانیا ئەوەندە لە کۆماری کوردستان بێزار بوون و ئەوەندەیان ڕق لە پێشکەوتنی جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستان هەستابوو، کە بۆ تێکشکاندنی بە هەموو هێزیانەوە یارمەتیی دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانیان دەدا.»[3] بەجۆرێك کە ئەفسەرانی ئەمریکا لە داگیر کردنەوەی کوردستان و ئازەربایجاندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو و تەنانەت دوکتۆر عەزیز شەمزینی پێی وایە بە فەرمانی باڵوێزی ئەمریکا لە تاران و بەپێی پێشنیاری ژەنەڕاڵ شوارتسکۆفی ئەمریکایی کە لە ئێران بوو، قازی محەممەد و حەمەحوسێن‌خانی سەیفی قازی دەستگیر کران.[4]

---

ئەمریکایی لە ئێران بە کار مەشغوڵن کە بەشێکی گرنگ لەمانە وەك ڕاوێژکار و پسپۆڕ بە نێو هێزە چەکدارەکانی ئێراندا بڵاوبوونەوە. پیشین، ص ٢٨٠.

٢. محمود طلوعی، مصدق در پیشگاه تاریخ، تهران، ١٣٧٩، ص ٤٢٥.

٢. پیشین، ص ١٧٦. هەروەها «ساواك» کە بە ڕێکخراوێکی ئیتلاعاتیی ئۆقێنەر و بەدناو لە نێو کۆمەڵانی خەڵك ناوی دەرکردبوو، دامەزراندنی بەهۆی ئەمریکایی‌یەکانەوە لە چاوی خەڵك شاراوە نەبوو. حوسێن فەردووست ئەفسەری پلەبەرزی سپا کە ماوەی دە ساڵ جێگری سەرۆکی ساواك بوو، دەڵێ: «ڕێکخراوی ئیتلاعاتیی «ساواك» بەهۆی ئەمریکایی‌یەکانەوە ساڵی ١٣٣٥ (١٩٥٦) لە ئێران دامەزرا و تا ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣) دە ڕاوێژکاری ئەمریکایی لەو ڕێکخراوەدا چالاکانە بوونیان هەبوو.» حسین فردوست، م. ق، ص ٣٣٧.

٣. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی‌دا، س. پ، ل ١٣٢.

٤. عەزیز شەمزینی، س. پ، ل ٣١٣.

ئەم هەڵویست و سیاسەتانەی ئەمریکا لە بیرەوەریی میژوویی کۆمەڵانی خەڵکدا نەسڕدرابوونەوە و ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ گرتنی هەڵویستی ڕادیکاڵ بەرامبەر بە ئەمریکا بۆ ماوەی پتر لە دەیەیەك لە سیاسەتی حیزبی دیموکراتدا.

لە کۆنگرەی چوارەمدا ئاڵوگۆڕ بەسەر ناوی حیزب دیموکراتدا هات. دیارە لە کۆنفرانسی سێهەمدا (۱۹۷۱) ناوی «ئێران» بە دوای ناوی «حدك»دا و لە نێو کەوانەدا زیاد بوو، بەڵام بە وتەی حەسەنزادە: «ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران کە لەسەر دانانی ناوی ئێران لە کەوانەدا تێبینییان هەبوو و ئەمەیان بە نیشانەی ئەوە دادەنا، کە حیزبی دیموکرات بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان یەك حیزبە و دانانی ناوی «ئێران» لە کەوانەدا بۆ ئەوەیە نیشان بدا لقی حیزب لە ئێراندا مەبەستە و بۆ لابردنی ئەم گومانە لە کۆنگرەی چوارەمدا کەوانەکە لابرا و ناوی حیزب بوو بە **حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**.»[1] ئاڵوگۆڕ لە ناوی «حدك»دا هەم کاریگەریی ڕێکخراوە چەپەکانی ئێرانی بەسەرەوە بوو، چونکە هەموویان لەسەر سەروەریی خاکی ئێران مکوڕ بوون[2] و هەم خاوەن تێڕوانینە چەپەکانی نێو «حدك»یش، بەتایبەتی لایەنگرانی حیزبی توودە نەیان دەویست وەك حیزبێکی ناسیۆنالیست پێناسە بکرێن.

گەڕانەوەی ڕێبەرانی حیزبی توودە بۆ ئێران و دەستپێکردنی چالاکیی ئاشکرای ئەم حیزبە و هەوڵدانی بۆ بەرەو پێش بردنی سیاسەتەکانی لە کوردستان بەتایبەتی لە ڕێگەی لایەنگرانی لە نێو «حدکا»دا، بوونی دەیان

---

۱. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی دووهەم، س. پ، ل ۶۹.

۲. لە یەکەم مەرامنامەی حیزبی توودەی ئێراندا و لە یەکەم ماددە لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەریی ئێران جەخت کراوەتەوە؛ تحسین مرامنامه حزب توده ایران، راه توده، شماره ۳۲۷، ۱۹ دی‌ماه ۱۳۶۰.

ڕێکخراوی چەپگەرای کوردستانی و زۆرتر ئێرانی لە کوردستان کە پتر لە هەموو شوێنێکی ئێران مەجالی چالاکییان هەبوو بەتایبەتی بۆ پیادە کردنی تێۆرییە شۆڕشگێڕانەکان،[1] داگیر کردنی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاران،[2] لە زاڵبوونی گوتاری چەپ بەسەر کەشوهەوای فکری لە کوردستان و ڕادیکاڵیزە بوونی جەوی کوردستاندا، ڕۆڵی سەرەکییان بینی.[3] کۆنگرەی چوارەمی «حدکا»ش شوێنەواری ئەم کەشوهەوایەی

---

١. بۆ وێنە: لە بەهار و سەرەتای هاوینی (١٣٥٨/ ١٩٧٩)دا ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران (لقی کوردستان) لە ئاوایی ئەرمنیبلاغی لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان سەر بە مەهاباد لە هەوڵی پێکهێنانی چەشنێك «کالخۆز» (زەوی و مەزرای هاوبەشی سۆسیالیستی کە لە سۆڤیەت هەبوو)دا بوون. پەرەپێدانی شۆڕش، کوردستان، ئۆرگانی کومیتە ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ١٠٢، بەفرانبار و ڕێبەندانی ١٣٦٣/ ژانوییە و فێورییەی ١٩٨٥، ل ٣٣.

٢. نەسرین قاسملو دوای پتر لە ٢٠ ساڵ لە ئورووپاوە پاش سەرکەوتنی شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەچێتە مەهاباد (ناوەندی چالاکیی حدکا) کە لە ڕیزی بزووتنەوەی چەپدا بوو و تازە لە دۆخی نائاسایی بوون هاتبووە دەرەوە، هێشتا پێگەی خۆی لە کومەڵگەی سەرانسەری و ئاڵۆزیی ئێراندا قایم نەکردبوو کە لەگەڵ شەڕ ڕووبەڕوو بۆوە. «زۆرێك لە کوردەکان ڕاستگۆیانە باوەڕیان بەوە هەبوو کە کۆمۆنیزم، ئازادییان بۆ دەستەبەر دەکا. هەرچەند باوەڕم بە کۆمۆنیزم تێدا کاڵ بۆوە، بەڵام نەمویست ببمە هۆی برینداد کردنی ئەو گەنجانەی بە هەموو مانا ئۆگری ئەو بزووتنەوەیە بوون.» نەسرین قاسملو، س. پ، ل ٣١١ و ٣١٢.

٣. ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ (٤ی نوامبری ١٩٧٩) دەوروبەری سەعات ١١ی بەیانی ٤٠٠ لاو کە خۆیان بە «خوێندکارانی پەیڕەوی ڕێبازی ئیمام» دەناساند، هێرشیان بردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و داگیریان کرد، سەعات ٣ی پاشنیوەڕۆ خوێندکاران ڕاگەیاندراوێکیان بلاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو: «ئێمە خوێندکارانی موسوڵمانی پەیڕەوی ڕێبازی ئیمام خومەینی بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین بە پیلانەکانی ئیمپریالیستی و سەهیۆنیستی، باڵوێزخانەی سیخوڕیی ئەمریکا لە تارانمان

بەسەرەوە بوو، بۆیە ئەو بەشەی کە قاسملوو لە پێکهاتەی کۆنگرەدا بە زۆرینەی بێلایەنی ناو دەبا، بە لای هێڵی چەپی توودەییدا دایشکاند. کۆنگرەی چوارەم گوزارشت لە لووتکەی ڕوانگەی چەپی ڕادیکاڵ لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا دەکا و ئەمە بەتایبەتی بە بەراوردکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی ڕێبەرانی ئەم کۆنگرەیە لەگەڵ کۆنگرەی یەکەم، کە لە بەرنامەی حدك لەو سەردەمەدا، کونسێرڤاتیزم ڕەنگی دابۆوە، دەتوانێ بەڵگەیەکی دیکە بێ بۆ نیشان دانی ئاڵوگۆڕی قووڵ لە بەرنامە و هەروەها پێگەی کۆمەڵایەتی ڕێبەرانی ئەم حیزبە لە دوو قۆناغی جیاوازدا.[١]

---

داگیر کرد تا دەنگی نارەزایەتی خۆمان بە گوێی دنیا بگەیەنین.» مسعود بهنود، ٢٧٥ روز با بازرگان، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨، ص ٧٩٩. ئەم ڕووداوە لەلایەن بەشی زۆری هێزە چەپەکان و لە سەرووی هەموان حیزبی توودەی ئێرانەوە پشتیوانی لێکرا و ئەوەندی دیکە کەشوهەوای دژی ئیمپریالیستی لە ئێران گەرمتر بوو.

١. زۆربەی نزیك بەتەواوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی ڕێبەریی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (١٣٥٨/ ١٩٧٩) سەر بە چینی مامناوەند و ڕووناکبیرن، کە ئەمە لەچاو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕێبەریی کۆنگرەی یەکەم (١٣٢٤/ ١٩٤٥) کە پتر لە نیوەی تەواوی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب خاوەن زەویی گەورەن و لە چینی دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرە و بازرگانان پێکهاتبوون. حامید گەوهەری، کۆماری کوردستان، س. پ، ١٢٥- ١٢٦؛ ئەنوشیروان مستەفا ئەمین، کورد لە گەمەی سۆڤیەتدا، س. پ، ل ٨٣ و ٨٤. ئەم خشتەیە بەهاوکاریی عەبدوڵلا حەسەنزادە، بەشداربووی کۆنگرەی چوارەم و هەڵبژێردراوی ڕێبەریی کۆنگرە، ڕێکخراوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- عەبدوڕڕەحمان قاسملوو | مامۆستای زانکۆ | ١٤- ئەبووبەکر هیدایەتی | مامۆستا |
| ٢- سادق شەرەفکەندی | مامۆستای زانکۆ | ١٥- جەهانگیر ئیسماعیلزادە | ئەندازیار |
| ٣- حەبیبوڵلا عەباسی | ئەفسەری سپا | ١٦- ڕەحمان کەریمی | مامۆستا |
| ٤- عەبدوڵلا حەسەنزادە | ڕ ووناکبیر | ١٧- ئەحمەد عەزیزی | ڕووناکبیر |
| ٥- جەلیل گادانی | ڕووناکبیر | ١٨- مستەفا شەڵماشی | ڕووناکبیر |
| ٦- مستەفا هیجری | مامۆستا | ١٩- سەید ڕەسووڵ دیهقان | جووتیار |
| ٧- حەسەن ڕەستگار | ڕووناکبیر | ٢٠- کەماڵ دەباغی | مامۆستا |
| ٨- حوسێن مەدەنی | مامۆستا | ٢١- سەتار مامەدی | سەرۆک عەشیرەت |
| ٩- هاشم کەریمی | مامۆستا | ٢٢- فەوزیە قازی | خانەدار |
| ١٠- ئەمیر قازی | ڕووناکبیر | ٢٣- غەنی بلووریان | ڕووناکبیر |
| ١١- حەسەن شیوەسەڵی | ڕووناکبیر | ٢٤- فارووق کەیخوسرەوی | ئەندازیار |
| ١٢- قادر عەبدی | مامۆستا | ٢٥- ئەوید موعینی | مامۆستا |
| ١٣- ڕەحیم سەیفی قازی | مامۆستای زانکۆ | ٢٦- مامۆستا هێمن | ڕووناکبیر |

# بەشی چوارەم

## حدکا لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە
## بۆ چەپێکی سۆسیال دێموکرات (١٩٨٠ - ١٩٩١)

## باسی یەکەم: دابڕانی باڵی چەپی توودەیی لە حدکا

بەهاری ١٣٥٩ (١٩٨٠) ئاکامی وتووێژەکانی نوێنەرانی گەلی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، کە لە دوای شەڕی «سێ مانگە»وە[1] دەستی پێکردبوو و چەند قۆناغی جیاوازی بڕیبوون (گەلاڵەی ٢٦ ماددەیی و گەلاڵەی ٦ ماددەیی) کە داواکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان تێدا گەڵاڵە کرابوو، بە بنبەست گەیشت[2] و بە هێرشی سەربازیی دەوڵەتی ناوەندی بۆ سەر هەندێك شار و شارۆچکەی کوردستان و بەرگریی هێزی پێشمەرگە، دووبارە دۆخی کوردستان بەرەو گرژی و ئاڵۆزی ڕۆیشت و شەڕ دەستی پێکردەوە.[3]

1. شەڕی سێ مانگە: بەو شەڕە دەگوترێ کە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ (١٩ی ئابی ١٩٧٩) بە دوای فتوای جیهادی خومەینی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان، دەستی پێکرد و تا پەیامی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستان لە ٢٦ی خەزەڵوەر (١٧ی نوامبر)ی هەمان ساڵ کە ئاگربەسی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لێ کەوتەوە، درێژەی هەبوو. (جەلیل گادانی، س. پ، ل ٢٤٢- ٢٥٧.)

2. کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، وەرگێڕانی: حەسەن ڕەستگار، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٢٩٧.

3. دەیڤید مەکداول، س. پ، ل ٥٦٦- ٥٦٧. قاسملوو بە هەواڵدەریی فرانس پرێسی ڕاگەیاند: حکوومەت کوردەکان بەرەو شەڕێکی هەمەلایەنە ڕادەکێشێ، بەنیسەدر وەك سەرکۆمار بەڵێنی دابوو کە بیروڕای ئێمە لە بەرنامەیەکی ٦ ماددەییدا سەبارەت بە

حیزبی توودە لەلایەك بە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان ڕازی نەبوو، لە لایەکی دیکە چەك دانەنان و نەرمی نەنواندنی هێزە کوردییەکانی لە ئاست ویست و داخوازییەکانیان بۆ گەلی کورد، بە هۆکاری پێکهاتنی ئەم دۆخە دەزانی و لە بنەڕەتیش‌دا پرسی نەتەوەیی بۆ حیزبی توودە وەك پرسێکی پلە ٣ و ٤ بوو، هەر وەك عەلی گەلاوێژ؛ ئەندامی بە ڕەگەز کوردی سەرکردایەتیی ئەم حیزبە ئایشارێتەوە و لە کۆبوونەوەیەکی ئەندام و لایەنگرانی ئەم حیزبەدا لە شاری مەهاباد دەڵێ: «مەسەلەی گرینگی ئەوڕۆی ئێران ڕزگار کردنی شۆڕش و وەدە رنانی ئیمپریالیزمە، مەسەلەکانی دیکە لەچاو ئەم دووە ناگرینگن. مەسەلەی ئەمڕۆکەی ئێمە یەکیەتییە، یەکیەتیی ئوسوولی لەسەر بنچینەی هاوکاریی تەواوی هێزەکانی مەردومی لەژێر ڕابەرایەتیی ئیمام خومەینی‌دا کە سەلماندوویەتی دەتوانێ تەواوی میللەت لە دژی شەیتانی گەورە (ئەمریکا) یەکگرتوو بکا.»[1]

کێشەی حیزبی توودە لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە نەتەوەیی‌یەکان (خودموختاریخوازەکان) ئەوە بوو، کە ئەم حیزبانە پرسی نەتەوەیی‌یان بە لاوە گرینگتر بوو تاکوو تەواوەتیی خاکی وڵات (ئێران) و خەبات لە دژی ئیمپریالیزم[2] و ئەمە پێچەوانەی سیاسەتی حیزبی توودە بوو، هەر بۆیە

---

خودموختاری دابین بکا، بەڵام پێش هەموو شتێك داوا لە ئێمە دەکا چەکەکانمان دا بنێین، واتە دەستەکانمان بپڕینەوە.» کریس کۆچێرا، ل ٢٩٧.

١. د. یاسین سەردەشتی، هەڵوێستی حیزبی توودە، س. پ، ل ١٠١. بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٤.

٢. اصغر شیرازی، مدرنیته و شبهه مدرنیست و دمکراسی، برمبنای یك بررسی موردی درباره حزب توده ایران از آغاز تا سال ١٣٧٨، تهران، ١٣٨٦، ل ٢٨٤.

لەگەڵ قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی هێزە سیاسییەکانی کورد و کۆماری ئیسلامی حیزبی توودە لە ڕیزی داکۆکی لە کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستا.

حیزبی توودە کاتێك لەوە تێگەیشت کە ناتوانێ حدکا کە هێزی سەرەکیی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بخاتە ژێر ڕکێفی سیاسەتەکانی خۆی بڕیاری دا ئەو بەشە لە لایەنگرانی خۆی لە نێو «حدکا»دا لەم حیزبە دابڕێ تا بە شێوەیەکی سەربەخۆ چالاکیان هەبێ.[1] حیزبی توودە لەم کەرتکردنەی حدکا چەند ئامانجی هەبوو؛ لە ڕێگەی جیابووەکان سیاسەتەکانی خۆی لە کوردستان کە پێشوازی لێ نەدەکرا، پیادە بکا. کیانووری بە سەربەخۆیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە تووڕە بوو و ئەوەی لە قاسملوو دەزانی و لە بیری نەچووبۆوە و ئەمە هەلێك بوو بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانەی وێیان کەوتبوو. هەروەها بۆ نیشاندانی وەفاداری بە کۆماری ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە سیاسەتی «کجدار و مەریز» لەگەڵ حدکا و دواجار بۆ ئەوەی هیچ شك و گومانێك لە لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نەمێنێ و پابەند بوونی خۆی بۆ سەروەریی خاکی ئێران

---

١. حیزبی توودە سەرەتا وێستی لە ڕێگەی وەلانانی قاسملوو لە سکرتێریی حدکا و پڕکردنەوەی پلە و پۆستەکەی بەهۆی غەنی بلووریانەوە بە ئامانجی خۆی بگا کە سەری نەگرت. کە ئەم هەوڵە سەری نەگرت کیانووری بە حەمەدەمین سیراجی دەڵێ: «ئەگەر دەتانەوێ حیزبی توودە و حیزبی دیموکرات وەك دوو حیزبی سەربەخۆ کە ڕێز لە یەکتر دەگرن و هاوکار بن و تەنانەت حدکا لە هەموو ئیمکاناتی ئێمە بۆ خەبات کەلك وەربگرێ، دەبێ بۆ ماوەی ٢ - ٥ مانگیش بێ قاسملوو لە سکرتێری وەلابنێن.» بۆ زانیاریی پتر لەم بارەوە بڕوانە: عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، س. پ، ل ٢٢٠- ٢٢١؛ کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، س. پ، ل ٣٠٠؛ قاسم احمدی، کرد و اندیشەی چپ، فصلنامە ڕۆژەڤ، س. پ، ل ١١١.

بسەلمێنێ، چون لە ڕابردوودا و لە سەردەمی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان‌دا بە پشتیوانیی بزووتنەوە جوداییخوازەکان ناسرابوو.[1]

سیاسەتی حیزبی توودە بەرامبەر بە حدکا لە پاش شۆڕشی ئێران بە هێڵێکی ڕاستەوخۆدا تێنەدەپەڕی و هەوراز و نشێوی بە خۆیەوە بینی، هەر کات حدکا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی نەرمیی نواندبێ بە هەنگاوێکی پۆزەتیف سەیری کردووە و پێچەوانەکەی بە نەگەتیف هەڵسەنگاندووە و ڕەخنە و گازەندەی ئاراستە کردووە. واتە بەسترابۆوە بەوەی کە هەڵوێستی حدکا چەندە لە ئاراستەی ستراتێژیی
حیزبی توودەدایە، کە ئەویش پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە پاساوی خەباتی دژە ئیمپریالیستیی ئەو ڕژیمە بوو.[2]

---

١. کیانووری خۆی دان بە دەستێوەردانی ئەم کەرتبوونەی «حدکا»دا دەنێ و دەڵێ: «عەلی گەلاوێژ، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە لە ڕەوتی دابڕانی غەنی بلووریان لە گرووپی قاسملوودا ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو و لە هەموو بوارێکدا ئەوانی ڕێنوێنی دەکرد.» نورالدین کیانوری، خاطرات کیانوری، م. ق، ص ٥٢٣.

٢. بۆ وێنە کیانووری لە ٢٢ی بەفرانباری ١٣٥٨ (١٩٨٠/١/١٢) حدکا لە ڕیزی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە دیموکراتەکان، بەڵام هەڵەشە و چەپ‌ئاژۆ دادەنێ؛ جمعی از پژوهشگران، حزب توده از شکل‌گیری تا فروپاشی...، م. ق، ص ٢٨٢. لە ٢٢ی هەمان مانگدا لە ڕێگەی عەلی گەلاوێژەوە حیزبی توودە نامەیەکی دۆستانە ئاراستەی حدکا دەکا و دواتر بڵاوکرایەوە و تێیدا داوای لێدەکا کە لەگەڵ گرووپە دژە شۆڕشەکان و خەیانەتپیشەکان سنووربەندی بکا؛ نامه مردم، ارگان مرکزی حزب توده ایران، نامه کمیته مرکزی حزب توده ایران به کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان، شماره ١٣٢، چهارشنبه ٢٦ دیماه ١٣٥٨. هەمدیسان کیانووری مانگێک دواتر (ڕێبەندانی ١٣٥٨/ فێورییەی ١٩٨٠) لە کۆبوونەوەی وڵام و پرسیاردا، لە بابەتی قەیرانی کوردستان و هێزە شۆڕشگێڕ و دژە شۆڕشگێڕەکان‌دا حدکا لە هیچ کام لەو دوو

ڕۆژی ٢٥ /٢/ ١٣٥٩ (١٥/٦/١٩٨٠) بەشێك لە ڕێبەرانی حدكا[1] بە دەركردنی نامیلكەیەكی ٢٨ لاپەڕی، وێڕای شیكردنەوە و پێداچوونەوەی هۆیەكانی ناتەبایی دوو ساڵی ڕابردووی حدكا دابڕانی خۆیان ڕاگەیاند و لەژێر ناوی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران (پەیڕەوانی كۆنگرەی چوارەم)دا دەستیان بە چالاكی كرد و هەموو ئەو كادر و ئەندام و پێشمەرگانەی كە لە ڕیزەكانی «حدكا»دا لایەنگریان بوون، ڕەگەڵیان كەوتن. پەیڕەوانی كۆنگرەی چوارەم، «حدكا»یان بە لادان لە ڕێباز و پەسندكراوەكانی كۆنگرەی چوارەم و پێوەندی كردن بە ڕژێمی عێراقەوە تاوانبار دەكرد.[2] مەبەست لە لادان لە ڕێبازی كۆنگرەی چوارەم ئەوە بوو كە دەبێ بەپێی بڕیاری پەسندكراوی كۆنگرە پشتیوانی لە شۆڕشی ئێران (كۆماری ئیسلامی بە ڕێبەریی ئیمام خومەینی) بكرێ و هەوڵ بدرێ لە ڕێگەی وتوویژەوە بە شێوەی ئاشتیخوازانە پرسی كورد

---

ڕەوتەدا داناین و لە بنەڕەتدا هەر ناوی ناهێنێ؛ نورالدین كیانوری، مواضع ما درباره شوراها، مسئلەی كردستان و جبهه متحد خلق، پرسش و پاسخ، شماره ۶ بهمن ماه ۱۳۵۸. چەند مانگ دواتر بە دەستپێكردنەوەی شەڕ لە كوردستان، حیزبی توودە ئیتر ساغ بۆوە و حدكا (قاسملوو)ی لە ڕیزی دژە شۆڕش دانا و قاسملوو و حیزبەكەی وەك «باند» و «بەكرێگیراوی بەعسی» و «بەكرێگیراوی ناتۆ» ناو دەبا؛ نامه مردم، كردستان جبههها آشكارتر میشود، ارگان مركزی حزب توده، شماره ۲۷۸۵، چهارشنبه، ۱۸ تیرماه ۱۳۹۵. بڕوانە پاشكۆی ژمارە ۱۵.

١. ئەم كەسانە بریتی بوون لە: غەنی بلووریان، محەممەدئەمین شێخولئیسلامی (هێمن شاعیر)، فارووق كەیخوسرەوی، ڕەحیم سەیفی قازی، ئەحمەد عەزیزی، فەوزیە قازی، نەوید موعینی. اعلام مواضع بخشی از رهبری حزب دمكرات كردستان ایران (پیروان كنگره چهارم)، ل ٢٧.

٢. پیشین؛ چرا اعلام موضع كردیم؟ كوردستان، ارگان كمیته مركزی حزب دمكرات كردستان ایران (پیروان كنگره چهارم)، دورەی جدید، دوشنبه ۱۶ تیرماه ۱۳۵۹.

چارەسەر بکرێ و خەباتی چەکدارانە و هەر چەشنە بەرگرییەکی بەرامبەر بە دەوڵەتی ناوەندی ڕەت دەکردەوە.

حیزبی توودە هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای جیابوونەوەی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم لەگەڵ دەربڕینی خۆشحالی، پشتیوانیی خۆی لە دابڕاوەکان دەربڕی[1] و ئەم جار بەڕوونی و ئاشکرایی بەرامبەر بە حدکا هەڵوێستی گرت و لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانی خۆی و بەتایبەتی «نامە مردم»، ئۆرگانی ناوەندیی ئەو حیزبەوە هێرشی توندی دەکردە سەر ئەم حیزبە،[2] بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە حیزبی توودە نەك هەر بە وتەی غەنی بلووریان، کەسی یەکەمی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم کە دەڵێ:

---

١. نامە مردم، ارگان مرکزی حزب تودە، شمارە ٢۶٢، پنجشنبە، ٢٩ خرداد ١٣۵٩. لەو ژمارەیەی «نامە مردم»دا لە لاپەڕەی یەکەم و بە مانشێتی گەورە ئەم جیابوونەوەیە ڕاگەیاندرابوو و وەك «هەنگاوی گەورە بەرەو دابین کردنی ئاشتی لە کوردستان» لێك درابۆوە. ئاشتییەك کە تا ئێستاش هەر دابین نەکرا. لە ژمارەیەکی دیکەی «نامە مردم»دا کە سێ ڕۆژ دواتر بڵاوبۆوە دەنووسرێ: «ئاڵوگۆڕی ئەرێنی لە حدکا هەڵوێستی لیبڕاوانەی بەشێکی گرنگە لە ڕێبەریی ئەو حیزبە لە دژی شەڕ هەڵایسێنەران، دژی بۆچوونی ناسالمانەی بەشەکەی دیکەی ڕێبەریی حیزب و هەڵوێستی لیبڕاوانەی ئەو بەشە لە ئاراستەی پشتیوانی لە ڕێبەری شۆڕش و دەسکەوتەکانی شۆڕش و لە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ڕژێمی بەعس، گورزی توندی لە پەیکەری پیلانەکانی دژە شۆڕش وەشاند.» نامە مردم، ارگان حزب تودە، شمارە ٢۶۴، یکشنبە ١ تیرماه ١٣۵٩. بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١۶.

٢. لەم هێرشانەدا، حدکا (قاسملوو) تاوانبار دەکرا بە پێوەندی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکا، ئاڵمانی ڕۆژاوا، ناتۆ و بەعسی عێراقی و وەرگرتنی ٩ میلیۆن دۆلار لە ناتۆ، چاوپێکەوتن لەگەڵ شاپووری بەختیار، دیداری نوێنەرانی حدکا لەگەڵ ئوەیسی، پالیزبان و ئەشرەف پەهلەوی لە نزیك هەڵەبجە. نامە مردم، ارگان مرکزی حزب تودە، شمارە ٢٧۶، تیرماه ١٣۵٩؛ نامە مردم، شمارە ٣٠۵، ٣٠ مرداد ١٣۵٩؛ نامە مردم، شمارە ٣١۵، دوم شهریور ١٣۵٩.

«بە داخەوە یارمەتییە ماددییەکانی حیزبی توودە زۆر بەرچاو تەنگانە بوو.»[1] بەڵکوو دواتر تەنانەت خۆشیان لە بەرپرسیارێتیی ئەم دابڕانە دەرهاویشت و عەلی گەلاوێژ کە بە قسەی ڕێبەرانی حیزبی توودە (کیانووری و ئیحسان تەبەری) ئەندازیاری ئەم دابڕانە و نووسەری نامیلکەی ڕاگەیاندنی هەڵوێستی بەشێک لە کادری ڕێبەرانی حدکا (پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم) بوو، ئەم جیابوونەوەیەی بەهەڵە لێکداوەتەوە.[2]

حیزبی توودە پاش ئەوەی لە لێکدانەوەی خۆیدا کە پێی وا بوو بەم دابڕانە بەشی هەرە زۆری حدکا بە لای پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمدا دەکەوێ، تووشی هەڵە بوو و نەیتوانی ئالتێرناتیڤێکی توودەیی لە بەرامبەر «حدکا»دا پێک بێنێ و کۆمەڵانی خەڵک پێشوازییان لەم هەڵوێستەی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم نەکرد، خۆی لێ‌دزییەوە و لە کەش‌وهەوای سیاسیی ئەو کاتی کوردستان ـ کە بەهۆی بوونی حیزب و ڕێکخراوە چەپە شۆڕشگێڕەکان لە لایەک و خۆگێل کردنی کۆماری ئیسلامی لە ئاست چارەسەری پرسی نەتەوەیی و دەست‌پێکردنەوەی شەڕ لە بەشێکی

---

١. غەنی بلووریان، ئاڵەکۆک، س. پ، ل ٣٢٧.

٢. غەنی بلووریان لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەمن دیداری خۆم و عەلی گەلاوێژم بۆ حەمەدەمین سیراجی گێڕایەوە و گوتم ناوبراو بەو کارەی ئێمە (دابڕان لە حدکا) ڕازی نییە و دەیگوت من لێرە بایەم ڕازی نەدەبووم لە حیزبی دیموکرات جیا بینەوە و دژتان ڕادەوەستام. سیراجی بە بیستنی ئەمە سەری ڕاوەشاند و گوتی: ئەگەر من لە لای ئێوە بایەم، عەلی گەلاوێژ نەیدەتوانی ئەو قسەیە بکا، چونکە عەلی گەلاوێژ بۆخۆی دەقی ئەو نووسراوەیەی نووسیوە و داویتیە دەستی من و فارووق کەیخوسرەوی و بەناوی (بیروبۆچوونی بەشێک لە کادرەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات) بلاومان کردۆتەوە.» هـ. س، ل ٣٢٧.

کوردستان لەلایەکی دیکە بەتەواوی ڕادیکاڵیزە بیوو - سروشتی بوو کە سیاسەتی چەکدانان و گرینگیدان بە خەباتی دژی ئیمپریالیستی کە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم بانگەشەیان بۆ دەکرد، لەگەڵ پێشوازیی کۆمەڵانی خەڵك بەرەوڕوو نەبێ.[1]

لە ڕاستیدا حیزبی توودە لە بنەڕەتڕا باوەڕی بە چالاکیی حیزبێکی سەربەخۆی نەتەوەیی لە کوردستان نەبوو، ئەوە نییە لە بەیاننامەی کومیتە ناوەندیی ئەو حیزبە لە ساڵی ١٣٥٤ (١٩٧٦) بە بۆنەی «سی ساڵەی حکوومەتی میللیی کوردستان»دا، داوا دەکا کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد ڕیزی حدك جێبهێڵن و بێنە نێو ڕیزی حیزبی توودە؛[2] دواجار دەبینین کە لە ساڵی ١٣٦٤ (١٩٨٥)دا «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» لەسەر داوای حیزبی توودە خۆیان هەڵوەشاندەوە و تێکەڵ بە حیزبی توودە بوون.[3]

حدکا هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم جیابوونەوەیەی بەم شێوەیە دیاری کردووە: «هۆی ئەسڵیی جیابوونەوەکە جیا لە لاوازیی فکری و بیروباوەڕی، دەتوانین بڵێین دوو شت بوو: یەکیان دەستێوەردانی

---

١. حەسەنزادە کە لە دوای دابڕانی «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» بەڕێوەبەری یەکەم مێتینگی حدکا لە شاری مەهاباد بوو، کە تێیدا قاسملوو وتاری دا، دەڵێ: «قاسملوو گوتی: فەلسەفەبافیی پێناوێ، مەسەلەکە ئەوەیە چەك دابنێین یا دایەنێین؟ زیاتر لە شەست هەزار کەس یەك دەنگ هاواریان دەکرد، دای نانێین.» عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، س. پ، ل ٢٤١.

٢. مردم، ارگان مرکزی حزب توده ایران، فرخنده یاد سی‌امین سال جنبش ملی و مترقی کردستان ایران، شماره ١٥٠، ١٥ دیماه ١٣٥٤.

٣. حوسێن بەخشی، س. پ، ل ٦٦- ٦٧ غەنی بلووریان لەم بارەیەوە دەڵێ: «عەلی خاوەری، سکرتێری نوێی حیزبی توودە و حەمیدی سەفەری، جێگری ناوبراو داوایان لێ‌کردم کە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم تێکەڵ بە حیزبی توودە بن.» غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، س. پ، ل ٣٦٣.

ڕاستەوخۆ و هاندانی حیزبی توودە و دووهەمیان ماندوویەتی و بێ‌وورەیی ئەم گرووپە لە خەبات بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی.»[١] ڕێبەریی حدکا بەرامبەر بەم دابڕانە هەڵوێستی توندی گرت و لە یەکەم ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم»، ئاگادارییەکی زۆر بەکورتی لەژێر ناوی «خەیانەتی گرووپی حەوت کەسی»ی‌دا بڵاوکردەوە و لەوێ‌دا وێڕای ڕاگەیاندنی ڕۆیشتنی ئەم چەند کەسەی حدکا، باسی کۆبوونەوەی کومیتە ناوەندیی هێنابووە گۆڕێ و هیواخوازی ئەوە بوو لەو کۆبوونەوەیەدا، ئەوانە بە جاش بناسرێن.[٢] سروشتی بوو هەڵوێستی لەم چەشنە هەڵس‌وکەوتی توندوتیژی لێ‌بکەوێتەوە و لە درێژەی ڕەوتی ڕووداوەکان‌دا ئەندامانی «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» لەلایەن «حدکا»وە تووشی زیندان بوون و تەنانەت لێیان کوژرا.[٣]

«پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» لە درێژەی چالاکی خۆیان‌دا بەتەواوی دەچنە ژێر ڕکێفی حیزبی توودە و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە لە کوردستان پیادە دەکەن. حوسێن بەخشی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی پەیڕەوانی کۆنگرە چوارەم، لەو پێوەندییەدا دەڵێ: «چارەنووسی پەیڕەوانی کۆنگرە چوارەم بەتەواوی کەوتە بەردەستی حیزبی دایك (توودە) و هەر چەشنە سەربەخۆیی بڕیاردانیان لێ زەوت کرا. سیاسەتی حیزبی توودە لە کوردستان بە شێوەی سەرەکی و ڕاستەوخۆ بەدەستی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم بەڕێوەدەچوو و سەرکردایەتیی حیزبی توودەش بەبێ ئەوەی

---

١. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتی حدکا، س. پ، ل ٢٥.

٢. حزب دمکرات کردستان ایران، دفتر سیاسی: اطلاعیه در بارەی خیانت گروه ٧ نفری، ١٣٥٩/٢/٢٨.

٣. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: حامید گەوهەری، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ‌دا، بەرگی دووهەم، س. پ، ل ٤٧؛ غەنی بلووریان، ئاڵەکۆك، س. پ، ل ٣٢٨.

تایبەتمەندییەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لەبەرچاو بگرێ لە مەسەلەی کوردستان، بە قازانجی پتەو کردنی جێ‌پێی خۆی لەلای کاربەدەستانی ئێران کەلکی وەردەگرت.»[1]

بەهاری ۱۳۶۰ (۱۹۸۱) سێ ئەندامی دیکەی کومیتەی ناوەندیی حدکا بە ناوەکانی (سەنار مامەدی، جەهانگیر ئیسماعیل‌زادە و ڕەحمان کەریمی) چوونە نێو ڕیزەکانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم[2] و بە پەیوەست بوونی ئەم سێ کەسە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم چوونە نێو کایەیەکی مەترسیداری سیاسییەوە. بەهۆی پێگە و نفووزی ئەم سێ کەسە لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بوونی بنکە و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (قیادە موەقەتە) لەم ناوچەیە، کە لەگەڵ حدکا لە ناکۆکیی توندا بوون، کۆماری ئیسلامی توانی هاوپەیمانییەک لەم هێزانە بە ڕاوێژکاریی ڕاستەوخۆی حیزبی توودە لە ناوچەکە پێک‌بێنێ[3] و لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی هاوبەش‌دا لە دژی حدکا بە کاری هێنان و ناوچەیەکی بەرفراوانی پێ چۆڵ کردن.[1]

---

۱. حوسێن بەخشی، لێک‌دابڕان (پێداچوونەوەیەک بەسەر چۆنیەتیی پێکهاتنی پێڕەوانی کۆنگرەی چواری حدکا)، ئاڵمان (بۆن)، ۲۰۰۷، ل ۳۹. حیزبی توودە ماوەیەک دوای دابڕانی «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» سێ کادری کوردی خۆی ناردە نێو «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم»، کە دوو کەسیان لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی‌دا بەشدارییان دەکرد هـ. س، ل ۳۸.

۲. غەنی بلووریان، ئاڵەکۆک، س. پ، ل ۳۵۱- ۳۵۲.

۳. حیزبی توودە بە ڕێگەی ڕاسپاردەکانی وەک ڕەزا شەڵتوکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و عەلی گەلاوێژ بۆ لای پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم بەتایبەت سەنار مامەدی ڕاستەوخۆ بەشداریی لە هەڵوێست و بڕیارەکانی‌دا دەکرد. حوسێن بەخشی، س. پ، ل ۴۴. بۆ وێنە بڕوانە «اطلاعیە»ی سەنار مامەدی لە پێوەندی لەگەڵ جیابوونەوەکەی کە تەواو لەژێر کاریگەریی سیاسەتی حیزبی توودەدایە و ئەدەبیاتی ئەم حیزبەی پێوە دیارە.

سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە حیزبی توودە کە بەتوندی دژی چەکدار بوونی حدکا بوو[٢] و «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم»یش هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەیان بۆ دەسبردن بۆ چەك و دژایەتی لەگەڵ شەڕ و خوێنڕشتن دەگەڕاندەوە، بەڵام بۆ وەدەرنانی حدکا لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان لە پەنا بردن بۆ توندوتیژی سڵیان نەدەکردەوە.

١٧ی ڕێبەندانی ١٣٦١ (٦ی شوباتی ١٩٨٣) لەلایەن دەزگا ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هێرشێکی بەربلاو کرایە سەر حیزبی توودە و بەشێکی بەرچاو لە ڕێبەریی ئەو حیزبە و لە سەرووی هەموانەوە

---

بۆ وێنە: هێرش بۆ سەر ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتیی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، لایەنگری لە ولاتانی سۆسیالیستی و تاوانبار کردنی قاسملوو بە سیخوڕیی «CIA» و بەعسی بوون. بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٨. شایانی باسە کە سەنتار مامەدی بیرەوەرییەکانی خۆی لەژێر ناوی «حمله، اعدام، یورش، یاوەسرایی بلوریان و فهرستی از خاطرات سیاسی من»، نشر باران، سوئد، ١٩٩٩ بلاوکردەوە و ئاوڕی وەسەر ئەم ڕووداوانەی باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان داوەتەوە کە لە هەندێك شوێن لەگەڵ بیرەوەرییەکانی غەنی بلووریاندا لە ناتەباییدایە.

١. جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، بەرگی یەکەم، س. پ، ل ٣٠٢؛ حامید گەوهەری، ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵدا، بەرگی دووهەم، س. پ، ل ٣٠٩.

٢. حیزبی توودە نە تەنیا دژی چەکدار بوونی حدکا بوو، بەڵکوو دژی بوونی هێزی چەکداری «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم»یش بوو، غەنی بلووریان لەسەر ئەم هەڵوێستەی حیزبی توودە دەڵێ: «کیانووری بەرهەڵستیی ڕاگرتنی پێشمەرگەی دەکرد، دەیگوت: ئەمن ناموەێ لەگەڵ حیزبێکی کە «پێشمەرگەبازی» بکا پێوەندیم هەبێ. ئەگەر ئێوە حیزبێکی چەکدارن ئەمن ناتوانم لەگەڵ ئێوە پێوەندی بگرم، ئەوە یاسا هەیە، فەرموون بچن تفەنگی دانێن.» برایم فەرشی، سەدەی کارەسات، س. پ، ل ٢٤٩.

نوورەدین کیانووری دەستگیر کران.[١] چەند مانگ دواتر ڕۆژی ١٣٦٢/٢/١٥ (١٩٨٣/٥/٥) دادوەری گشتیی شۆڕشی ئیسلامی، حیزبی توودەی بە حیزبێکی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و ڕاوەدوونان و گرتنی بەربڵاوی پاشماوەی کادری ڕێبەری و ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێکرد.[٢]

بە دوای هێرش بۆ سەر حیزبی توودەدا، ڕێکخراوی فیداییانی گەل (زۆرینە) کە لە ڕووی سیاسییەوە بە شوێن‌پێی حیزبی توودەدا هەنگاوی دەنا و پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم کە بەشێوەی نیوە نهێنی و نیوە ئاشکرا چالاکییان هەبوو، کەوتنە بەر مەترسی و هەر بۆیە ڕێکاری خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی نوێیان گرتە بەر. لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣)دا زۆربەی نزیک بەتەواوی ڕێبەران و ئەندامانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم لە ترسی ڕاوەدوونان و گرتن بەهۆی دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان جێهێشت و

---

١. احسان طبری، از دیدار خویشتن (یادنامه زندگی) بەکوشش: ف. م. شیوا، سوئد، ١٩٩٧، ص ٣٢.

٢. بۆ وردەکارییەکانی هێرشی دەزگا ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی توودە کە لە دوو قۆناغدا (١٣٦١/١١/١٧/ ١٩٨٣/٢/٦) و (١٣٦٢/٢/٧/ ١٩٨٣/٤/٢٧) لەژێر ناوی «عملیات امیرالمؤمنین (ع)» بەڕێوەچوو، بڕ: جمعی ازپژوهشگران، حزب توده از شکل‌گیری تا فروپاشی، م. ق، ص ٧٩٢- ٧٩٦. لە دوای ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣) حیزبی توودە ئیتر لە نێوخۆی وڵات چالاکیی سیاسیی نەما و زۆربەی ڕێبەرایەتییەکەی لە زیندان بوون، چەند ئەندامی ڕێبەری لە سۆڤیەت و ئاڵمانی دیموکرات هەوڵیان دا کە ئەو حیزبە زیندوو بکەنەوە و ئەو هەوڵانە پێکهاتنی چەند گرووپی بەرهەڵستکاری لێ کەوتەوە. لەبەریەکهەڵوەشانی وڵاتانی سۆسیالیستی و دواجار یەکیەتیی سۆڤیەت، پاشماوەی حیزبی توودەی لە پشتیوانیی ماڵی و لۆجیستیکی بێبەش کرد و بەم جۆرە ئەو حیزبە بەکردەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران ماڵاوایی کرد؛ مازیار بهروز، م. ق، ص ٢٢١.

سەرەتا لەلای پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتر لەلای حیزبی شیووعی (سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان) لە ناوچە ڕزگار کراوەکانی باشووری کوردستان گیرسانەوە.[١]

١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٤ (١٩٨٥) لە دانیشتنی نێوان عەلی خاوەری، سکرتێری حیزبی توودە، حەمید سەفەری، جێگری سکرتێر و غەنی بلووریان لە چێکۆسلۆڤاکی لەسەر پێشنیاری حیزبی توودە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم تێکەڵ بە ڕیزەکانی حیزبی توودە دەبن و ئەم ڕێکخستنە کۆتایی بە تەمەنی کورتی دێ.[٢] ئەم یەکگرتنە زۆری نەخایاند و لە ساڵی ١٣٦٩ (٣٠ی ئاداری ١٩٩٠)دا پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمی پێشوو و کوردەکانی نێو حیزبی توودە بەیاننامەیەکیان بەناوی بەشی زۆربەی ئەندامان و کادرە کوردەکانی حیزبی توودە لە دەرەوەی وڵات بڵاوکردەوە و تێیدا دابڕانی یەکجارەکیی خۆیان لە حیزبی توودە ڕاگەیاند و بە دوای ئەمەش‌دا غەنی بلووریان و حەمەدەمین سیراجی، دوو کوردی ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی توودەش بەیاننامەیەکی کورتی دووقۆڵییان لە هەمان ڕێکەوت‌دا (٣٠ی ئاداری ١٩٩٠) ڕاگەیاند و جەختیان کردەوە کە هیچ پێوەندییەکیان بە حیزبی توودەوە نەماوە.[٣]

لە تووش بوون بەم چارەنووسەی «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم»دا دوو فاکتەری سەرەکی ڕۆڵیان هەبوو:

---

١. حوسێن بەخشی، س. پ، ل ٥٥؛ هۆشمەند عەلی مەحموود، س. پ، ل ٢٢١.

٢. بڕایم فەرشی، سەدەی کارەسات، س. پ، ل ٢٩٤؛ غەنی بلووریان، ئاڵەکۆک، س. پ، ل ٣٦٢- ٣٦٣.

٣. هۆشمەند عەلی مەحموود، ئیسماعیل عەبدوڕڕەحمان سەعید، س. پ، ل ٢٢٥؛ حوسێن بەخشی، س. پ، ل ٩٠- ٩١.

١. پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم لە لێکدانەوەی خۆیاندا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێیان وا بوو کە توانایی و بەهرەی ئەوەیان هەیە کە پرسی کورد لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکەن و لەم پێناوەدا لە دروشمە سیاسییەکانیاندا ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاڵ کردەوە.[1] هەمدیسان لە سۆنگەی ئەم متمانەیە بە کۆماری ئیسلامی بوو کە تەنانەت بەرامبەر بە چالاکیی چەکدارانەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاوەستان، بەڵام ئەم متمانەیە یەکلایەنە بوو،[2] کۆماری ئیسلامی هیچ کات گوێی بۆ سیاسەت و پێشنیارەکانی «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» شل نەکرد. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بەپێی ئایدۆلۆژی و دنیابینیی خۆی هەر لە بنەڕەتڕا باوەڕی بە پرسی نەتەوایەتی لە ئێرانێکی فرە نەتەوەدا نەبوو، چونکە لە ڕوانگەی «ئوممەتی ئیسلامی»یەوە دەیڕوانییە پرسی نەتەوایەتی.

---

١. دروشمی ستراتێژیکی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم خودموختاری بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران بوو، بەڵام دواتر لە کۆنفرانسێکدا کە پاییزی ١٣٦١ (١٩٨٢) بەسترا، دروشمی ستراتێژیکی دەگۆڕێ بۆ «سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵک و دژە ئیمپریالیستیی ئێران و دابین کردنی خودموختاریی ئیداری و فەرهەنگیی کوردستان لە ئێرانی [...]» حوسێن بەخشی، س. پ، ل ٤٩.

٢. غەنی بلووریان دەڵێ: «کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەو ئاکامە گەیشتوون کە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم پیلانێکی سازکراوی یەکیەتی سۆڤیەت و حیزبی توودەیە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ئێراندا و لە هەرێمی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمی دامەزراندووە» غەنی بلووریان، ئاڵەکۆک، س. پ، ل ٣٥٧. لە نووسراوەکانی سپای پاسداران ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە غەنی بلووریان خواستی ئەوەیە کە هەرچی زووتر ئیمتیازات لە دەوڵەت وەرگرێ، بەو نیازەی کە کوردستان بکاتە پێگەی کۆمۆنیزمی سۆڤیەتەکان؛ دفتر سیاسی، پاسداران انقلاب اسلامی، کردستان، امپریالیزم و گروەهای وابستە، ١٣٦٠، ص ٤٩.

٢. گرێدانی چارەنووسی سیاسیی خۆیان بە حیزبی توودەی ئێران، وەك حیزبێکی کۆمۆنیستیی سەرانسەری، کە پرسی نەتەوایەتی بە لایەوە پلە ٢ و ٤ بوو، کە دەبووە پاشکۆی «خەباتی چینایەتی» و لەو قۆناغەدا پاشکۆی «خەباتی دژی ئیمپریالیستی»ی کۆماری ئیسلامی. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم ڕێکخراوێکی لۆکالی و نەتەوەیی بوو کە پرسی نەتەوەیی بۆ ئەو سەرەکی بوو.

پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم کاتێك لەو ئەزموونە پەندیان وەرگرت و بڕیاریان دا کە بۆ هەمیشە مالاوایی لە حیزبی توودە بکەن، کە ئیتر درەنگ ببوو و لە بیرەوەریی مێژوویی خەڵکدا سڕابۆوە و هیچ ڕۆڵێکیان لە شانۆی سیاسیی کوردستاندا نەمابوو، بەتایبەتی غەنی بلووریان کەسی یەکەمی ئەو ڕەوتە، کە نزیك بە ٢٥ ساڵ تەمەنی لە زیندانەکانی ڕژیمی شاهەنشاهیدا بەسەر بردبوو، وەك قارەمانێکی سەرەنجام تراژیك لە مێژوودا ناوی تۆمار کرا.

## باسی دووهەم: سۆسیالیزمی دێموکراتیک و هەنگاوەکانی حدکا بەرەو سۆسیال دێموکراسی

لە نیوەی دووهەمی مانگی (گەلاوێژی ١٣٦٢/ ئابی ١٩٨٣)دا، واتە پێنج مانگ بەر لە پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەم، لەلایەن «قاسملوو»ڕا نامیلکەیەک بەناوی «کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم» لە نێو ڕێکخستنەکانی «حدکا»دا بلاوبۆوە، بۆ ئەوەی کادر و ئەندامانی حیزبی بە ڕوانگە و بۆچوونەکانی لە بارەی «سۆسیالیزمی دیموکراتیك» ئاشنا بن، تا لە کۆنگرەدا بخرێتە بەر باس و وەك ئامانجی دوارۆژی حدکا پەسند بکرێ.[1] قاسملوو هەر لە کۆنفرانسی سێهەم (١٣٥٠/ ١٩٧١) لەسەر بیرۆکەی «سۆسیالیزمی دیموکراتیك» کە خۆی هێنابوویە نێو حیزب پێداگر بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشێك لە بەشدارانی کۆنفرانس لەگەڵ پاشگری دیموکراتیك نەبوون، لە شوێنی دیموکراتیك وشەی «دادپەروەر» بە سۆسیالیزمەوە لکێندرا.[2] بەم جۆرە دەردەکەوێ کە باڵی چەپی نێو حدکا لەسەر چەشنی سۆسیالیزم کۆك نەبوون و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ سۆسیالیزم هەبوو.

---

١. حامید گەوهەری، ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵدا، بەرگی دووهەم، س. پ، ل ٢٤٩.

٢. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی دووهەم، س. پ، ل ٤٢- ٤٣. لە کۆنگرەی چوارەمدا (١٣٥٨/ ١٩٨٠) «سۆسیالیزمی زانستی» و لە کۆنگرەی پێنجەمدا (١٣٦٠/ ١٩٨١) «سۆسیالیزمێك کە وەڵامدەری هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتمان» بێ پەسند

سۆسیالیزمی پێناسەکراو لە «کورتەباس»دا کۆمەڵێک سنووربەندیی لەگەڵ بیروبۆچوونی باو لە نێو هێزە چەپە کلاسیکەکاندا دەکرد، لەوانە:

١. سنووربەندی لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانە کە بێ ئەملاوئەولا پەیڕەوییان لە وڵاتانی سۆسیالیستی دەکرد و «سۆسیالیزمی مەوجوود»یان بە بێ کەم‌وکووڕی دەدی.[1] قاسملوو لە «شی‌کردنەوەی کورتەباس»دا لەم بارەیەوە دەڵێ: «هەڵوێستی حیزبی ئێمە بەرامبەر بە وڵاتانی سۆسیالیستی نە دژایەتی کردن و نە پەیڕەوی کردنی بێ ئەملاوئەولایە، بەڵکوو هەڵوێستێکی دۆستانە و هەر لەو کاتەش‌دا ڕەخنەگرانەیە. بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری سۆسیالیزمی مەوجوود دەکا، لە هەموو لایەنە ئەرێنییەکانی کەڵک وەردەگرێ و هەموو لایەنە نەرێنییەکانی وەلادەنێ.»[2] لە نێوان دوو بەرەی سۆسیالیزم و سەرمایەداری‌دا، سۆسیالیزمی دیموکراتیک بە لای سۆڤیەت‌دا دایشکاندووە و بە دۆستی ستراتێژیی خۆی داناوە،[3] بەڵام کلکایەتیی لێ نەکەوتەوە.

---

کرا. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەم، س. پ؛ بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی پێنجەم، سەرماوەرزی ١٣٦٠/ دیسامبری ١٩٨١.

١. بەراشکاوی دەبێ پێ لەوە بنێین کە شێوە هەڵدانی «سۆسیالیزمی مەوجوود» لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا بەتەواوی جێگای ڕەزامەندی نییە و هەندێک هەڵە لەم بارەوە کراون کە زۆربەیان لە هەلومەرجی تایبەتی و بابەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە. کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، گەلاوێژی ١٣٦٢، ل ٥- ٦.

٢. شی‌کردنەوەی «کورتەباس»، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پووشپەڕی ١٣٦٣، ل ١٢.

٣. ئێمە لە خەباتی درێژخایەنی نەتەوەکەمان‌دا یەکیەتیی سۆڤیەت بە دۆست و هاوپەیمانی ستراتێژیی خۆمان دەزانین؛ کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم، ل ٣٥.

٢. سنووربەندی لەگەڵ بیروباوەڕی توودەیی کە لە نێوخۆی «حدکا»دا پاشماوەی مابوو. مەبەستی «سۆسیالیزمی دیموکراتیک» لە پاشماوەی بیروباوەڕی توودەیی، سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی توودە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو لە خوێندنەوەیان بوو بۆ سۆسیالیزم لە ئێراندا. لە شی‌کردنەوەی «کورتەباس»دا هاتووە: «ساڵەهای ساڵە ئەدەبیاتی سۆسیالیستی لە ئێراندا ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ نەوەد لە سەدی هی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودەیە کە پڕە لە بیروباوەڕی ناڕاست و چەوت.»[١] لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا سەرەتا ئەحمەد تۆفیق بە پێداگری لەسەر ناسیۆنالیزمێکی تۆخ و دواتر قاسملوو بە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزم و پێدانی پێناسەیەکی چەپی دیموکرات بەم حیزبە، توانیان لە دوو قۆناغ و بە شێوازی جیاواز لەگەڵ حیزبی توودە سنووربەندی بکەن و ئەم حیزبە (توودە) لە گەیشتن بە ئامانجی بە پاشکۆ کردنی حیزبی دیموکرات ناکام بکەن.

«سۆسیالیزمی دیموکراتیک»ی پێناسە کراو لە «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم»دا لە خوێندنەوەی بۆ سۆسیالیزم پێداگریی لەسەر ئەم پرەنسیپانە دەکا:

١. پێداگری لەسەر پێگەی ئازادی و دیموکراسی و ڕەت‌کردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک لەژێر هەر ناوێکدا. قاسملوو دەڵێ: «سۆسیالیزم نانی دەدا، خانووی دەدا، خوێندن و لەش‌ساخیی دەدا، بەڵام مرۆڤ تەنیا بە نان ناژی؛ کە وا بوو لە بەرامبەر ئەوانەدا، نەک تەنیا نابێ ئازادییەکەی لێ بستێنێ، بەڵکوو بەپێچەوانە دەبێ زۆر زیاتریش لە سەردەمی سەرمایەداریی بداتێ. ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێک دروست بکەین کە نە تەنیا

---

١. شی‌کردنەوەی کورتەباس، ل ٧.

دیموکراسی بەربەست نەکا، بەڵکوو پەرەشی پێبدا.»[1] لە پێوەندی لەگەڵ «دیکتاتوریی پرۆلیتاریا»ش‌دا وەك بنەمایەکی گرینگی ڕێبازی حیزبە کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لایەنگری لە دیکتاتوریی پرۆلیتار بۆ ئەندامێکی حیزبێکی میللی ـ دیموکراتیك وەك حیزبی ئێمە بێ‌مانایە و لەلایەکی دیکەش تەنانەت ئەگەر وەك مارکسییەك چاو لە مەسەلەکە بکەین بە هیچ جۆر لایەنگری لە دیکتاتوریی پرۆلیتاریا وەك بنەمایەکی بێ‌ئەملاوئەولا نابێ سەیری بکرێ.[2]

٢. بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردەواری، «سۆسیالیزمی دیموکراتیك» لە هەر چەشنە مۆدێل و نموونەسازییەك خۆ دەپارێزێ و سۆسیالیزمێکی دەوێ کە وەڵامدەری هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێ. لە شی‌کردنەوەی «کورتەباس»دا هاتووە: «لە پرۆسەی دروست کردنی سۆسیالیزم‌دا ئەو کارانە بکەین کە وڵاتانی سۆسیالیستی تێیدا سەرکەوتوو بوون و ئەو کارانە نەکەین کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون و زیانیان هەبووە. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە هیچ کام لەم وڵاتانە کە ئێمە بە سۆسیالیستیان دەزانین بە نموونە و ئولگوو دانەنێین، چ یەکیەتیی سۆڤیەت بێ و چ چین و یۆگۆسلاڤی یان ڤیەتنام بێ.»[3] کۆمەڵی کوردەواری هێشتا خۆی لە پێوەندییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار نەکردووە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەمان و پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵی ئێمە، جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ کۆمەڵی سەرمایەداری هەیە و کولتوور و داب‌ونەریتی گەلەکەشمان تایبەت و لەگەڵ کولتوور و داب‌ونەریتی گەلانی دیکە جیاوازیی هەیە. هەر بۆیە

---

١. کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم، ل ٢٥.

٢. هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

٣. شی‌کردنەوەی کورتەباس، س. پ، ل ۶

زۆر ڕوونە ئەو سۆسیالیزمەی دەمانەوێ دایمەزرێنین، دەبێ لەگەڵ ئەو سۆسیالیزمەی یەکیەتیی سۆڤیەت، فەڕانسە یا ڤیەتنام یا هەر شوێنێکی دیکە جیاوازیی هەبێ.[١]

سۆسیالیزمی دیموکراتیك بە پێداگری لەسەر سۆسیالیزمێك کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان بگونجێ، ئەو ئامانجەشی مەبەستە کە چیی دیکە چەپی کورد نەیێتە پاشکۆی چەپی سەرانسەری هەر وەك کە لە ڕابردوودا بووە. چەپێك کە کاریگەریی ناسیۆنالیزمی ئێرانیی بەسەرەوە بووە و بەردەوام هانی چەپی ناوچەیی و بەتایبەتی چەپی کوردی داوە، کە بە لای کوردایەتی‌دا نەچێ و پرسی چینایەتیی بە لاوە گرینگ بێ.[٢]

٢. ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆ لە بەرامبەر وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا و دەستنیشانکردنی کەموکوورییەکانی نیزامە سۆسیالیستییەکانی بەرەی ڕۆژهەڵات (سۆسیالیزمی مەوجوود) تایبەتمەندییەکی دیکەی «سۆسیالیزمی دیموکراتیك»ـە. «سۆسیالیزمی دیموکراتیك» پێوەندیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای

---

١. کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم، س. پ، ل ٢٣.

٢. ئیسماعیل بازیار، قاسملوو، ناسیۆنالیزم و ئەندێشەی چەپ، قاسملوو تیئۆری کورد، کوردستان، ژمارە ٧٠٩، ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٦/ ٦ی سێپتامبری ٢٠١٨، ل ٢. ئیرەجی کەشکۆلی لە کادرەکانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە دەڵێ: «قاسملوو لە وەی کە مارکسیە ئێرانییەکان لە کوردستان لاوانی کورد بەرەو کۆمۆنیزم کەمەندکێش بکەن نارازی بوو.» حمید شوکت، نگاهی از درون به جنبش چپ ایران، گفتوگو با ایرج کشکولی، م. ق، ص ١٢٩. ڕێکخراوی چەپی بچووکی سەرانسەریی «اتحاد مبارزان کمونیست» (سەهەند) بە تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی ئێران، ئەم ڕێکخراوەی لە هێڵی نەتەوەیی بەتەواوی دوور خستەوە. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: بەهمەن سەعیدی، ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی، س. پ، ل ٦٧– ٩٠؛ وحید عابدی، بازنگری کومله در مسیر تاریخ، سلیمانیه، ٢٠١٢.

«پێوەندیی دۆستانە» دادەمەزرێنێ، واتە نە دوژمنانە کە هەندێک دەستە و تاقم کە یەکیەتیی سۆڤیەت بە «سۆسیال ئیمپریالیست»،[1] یا بە ئیمپریالیستی تەواوی دادەنێن و نە وەک حیزبی توودە کە هەر سیاسەتێک کە لەلایەن دەوڵەتی سۆڤیەتەوە بەڕێوەبچێ بەخێرایی پەسندی دەکەن و تەپڵی بۆ هەڵدەگرن.[2] «سۆسیالیزمی دیموکراتیک» دەیهەوێ خۆی لەژێر هەژموونیی «ئینتێرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری»[3] ڕزگار بکا، چونکە لەژێر دروشمی پاراستنی پرۆلیتاریای جیهانی بەرژەوەندیی یەکیەتیی سۆڤیەتی دەپارێزرێ.

قاسملوو داهێنەری بیرۆکەی «سۆسیالیزمی دیموکراتیک» لە کوردستاندا ساڵانێکی زۆر لە وڵاتانی سۆسیالیستی ژیابوو، لە نزیکەوە

---

١. دوای دەرکەوتنی ناکۆکییەکانی چین و سۆڤیەت لەسەر پرسی ئایدۆلۆژی، چینییەکان ئەو ناو و نیشانەیان لە سۆڤیەت نا و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سۆڤیەت هێزێکی ئیمپریالیستییە تا بەکەڵکوەرگرتن لە ناوی سۆسیالیزم بەسەر وڵاتانی دیکەدا زاڵ بێ. گرووپەکانی وەک: کۆمەڵە، یەکیەتیی کۆمۆنیستەکان (سەربەداران)، پەیکار و چەند گرووپی دیکە بە هەمان شێوە دەیانڕوانییە سۆڤیەت؛ حسن علی‌زادە، م. ق، ص ٢٦٢.

٢. کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم، س. پ، ل ٣٢.

٣. ئینتێرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری: ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار بەهۆی مارکس و ئەنگلس لە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست و لە دروشمی «کرێکارانی جیهان یەک گرن»دا هاتە ئاراوە، کە مەبەست هاوپێوەندیی پرۆلیتاریای هەموو جیهان لە شەڕی دژی سەرمایەداری‌دایە. بە دوای پێکهاتنی یەکیەتیی سۆڤیەت و بەتایبەتی لە سەردەمی ستالین‌دا، ئەم وڵاتە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ناوەندی ئینتێرناسیۆنالیزمی پرۆلیتارییە و نازناوی ناوەندی زەحمەتکێشانی جیهانی بە خۆی دا. ئینتێرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری لەلای ستالین مانای پەیڕەو کردنی بێ‌ئەملاوئەولا لە یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو؛ بڕوانە: کارل مارکس و فریدریک ئەنگلس، مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست، وەرگێڕانی: م. ا. ڕەوەند، ب. ش. چ، ١٩٧٠؛ داریوش آشوری، دانشنامه سیاسی، م. ق، ص ٢٢٥؛ حسن علیزادە، م. ق، ص ٢٣٢.

کەم‌وکوورییەکانی سیستمی سۆسیالیستیی ئەو وڵاتانەی بۆ دەرکەوتبوون، بەتایبەتی لە بواری نەبوونی دیموکراسی و ئازادی و بوونی دەوڵەتانی تۆتالیتاردا. ئەمانە و ڕووداوەکانی پۆلۆنیا،[1] هەنگاریا (مەجارستان)[2]

---

١. لە ١٩ی ئۆکتۆبری ١٩٥٦دا «ڤلادیسلاف گومولکا» بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی پۆلۆنیا (لەهێستان) کە لە ڕوانگەی کۆمەڵانی خەڵکەوە بە سیمبولی بەربەرەکانی لە بەرامبەر زێدەخوازی و دەسڕۆیشتوویی سۆڤیەت لەو وڵاتە دادەنرا. لە کۆتایی هەشتەمین پلینۆمی حیزبدا، بڕیار درا سنوورێك بۆ دەسەڵاتی پۆلیسی ئاسایش دابنرێ، سانسۆر کز بکرێ، ئەنجومەنە تازە دامەزراوەکانی کرێکاران کرانە ڕەسمی و بڕیاری ڕەچاو کردنی سیاسەتێکی هێور و ماقووڵ بەرامبەر کۆمەڵەی جووتیاران و کلیسەی کاتۆلیك درا و نرخ و بایەخی پارلمانی زیادی کرد. لە سەرتاسەری پۆلۆنیادا و بە لای سنووریشەوە، هیوای هەڵتەکاندنی سیستمی بڕۆکراتی و بەرقەرار کردنی سیستمێکی سۆسیالیستانەی دیموکراسیانە گەشەی کرد. ڕێبەرانی سۆڤیەت بەم ڕووداوانە تووڕە بوون و هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازیان کرد. گومولکا، ڕێبەرانی سۆڤیەتی دڵنیا کردەوە کە پۆلۆنیا وەك هاوپەیمانی بلۆکی سۆڤیەت دەمێنێتەوە و ساڵی ١٩٥٨ دەزگای بڕۆکراتی جێ‌پێی خۆی قایم کردەوە و کۆتایی بە گشت هەنگاوە دیموکراسییەکانی هێنرا و ژیانی سیاسی لە قەفەز خزێندرایەوە و گومولکا لە بوونی هێزەکانی سۆڤیەتی لە پۆلۆنیا خۆی گێل کرد. عباسقلی غفاری‌فرد، تاریخ اروپا از آغاز تا پایان قرن بیستم، چ سوم، تهران، ١٣٨٧، ص ٦١٠- ٦١١؛ ڤۆلگانگ لیۆنهارد، کۆمۆنیزمی ئورووپایی، ڕاست بوونەوەیەك بە ڕووی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، وەرگێڕانی: د. کوردۆ عەلی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٠٣- ٢٠٤.

٢. لە ساڵی ١٩٤٥، ئیمیره ناگی بوو بە سەرۆك‌وەزیرانی هەنگاریان (مەجارستان) و لە وڵات ئازادیی ڕاگەیاند و یاسای دەسەڵاتی تاك‌حیزبیی کۆمۆنیستی هەڵوەشاندەوە و کۆمۆنیستەکانی سەر بە سۆڤیەتی لە کار وەلانا و خۆی دەوڵەتێکی بێ‌لایەنی پێکهێنا و لە پەیمانی وارشەو هاتەدەرێ. لە بەرامبەریدا بەرەیەکی کۆمۆنیستی بە ڕێبەریی یانوش کادار پێکهات و داوای یارمەتیی سەربازی لە سۆڤیەت کرد. سپای سۆڤیەت دەستێوەردانی کرد و بە کوشتاری هەزاران مەجاریی ئازادیخواز کە لایەنگری ناگی بوون، ڕاپەڕینی خەڵکی سەرکوت کرد. ناگی لە ساڵی ١٩٥٦دا ئیعدام کرا و لایەنگرانی

لە دەیەی ٥٠ی زایینی و بەتایبەتی ڕووداوی «بەهاری پراگ»[1]ی ساڵی ١٩٦٨ لە چیکۆسلۆڤاکی، کە بۆخۆی نیشتەجێی ئەو وڵاتە بوو، شوێنەواری قووڵیان لەسەر دانا، بەجۆرێک کە لە ڕوانینی خۆیدا سەبارەت بە «سۆسیالیزمی مەوجود» پێداچوونەوە بکا. ئەو ڕووداوانەی کە ئامانجیان سەربەخۆ لە سۆڤیەت بڕیاردان و باڵکشانی دیموکراسی بەسەر گشت لایەنەکانی ژیاندا بوو. هەروەها دەرکەوتنی ڕەوتەکانی فکری «چەپی نوێ»[2] و «ئورۆکۆمۆنیزم»[1] کە هەر کامەیان بە شێوازێک لەگەڵ چەپی

---

دەسبەسەر کران و دەوڵەتی کادار بەهێز کرا. محمود محجوب، فرامرز یاوری، گیتی شناسی کشورها، جغرافیای طبیعی، سیاسی، اقتصادی و تاریخی، چاپ چهارم، تهران، ١٣٦٥، ص ٣١١.

١. لە ساڵی ١٩٦٨ ئەلێکساندر دۆبچێک بوو بە سەرۆکوەزیرانی چیکۆسلۆڤاکی و بوو بە هۆکاری سەرەکی جووڵانەوەی لیبرالیزم لەو وڵاتە و سانسۆر لەسەر چاپەمەنی کەم بۆوە، ڕێگری لەسەر هاتنی چاپەمەنیی دەرەکی لابرا و ڕۆژبەڕۆژ هەنگاوی نوێ لە پێناوی وەدیهاتنی «سۆسیالیزم بە سیمای مرۆڤ دۆستانە»دا دەهاوێژرا. لە پرۆگرامی نوێی چاکسازیخوازانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆڤاکیدا کە بەهاری ١٩٦٨ ڕاگەیاندرا، هاتبوو: «ئێمە مۆدێلێکی نوێی سۆسیالیزممان دەوێ، دەمانەوێ هەوڵی هێنانە کایەی مۆدێلێکی نوێی ئەوپەڕی دیموکراسیانە بدەین کە لەگەڵ هەلومەرجی چیکۆسلۆڤاکی گونجاو بێ.» ئەم دۆخە جێی پەسندی ڕێبەرانی یەکیەتیی سۆڤیەتی نەبوو و هەر بۆیە بڕیاریان دا کۆتایی بە مۆدێلی «سۆسیالیزم بە سیمای مرۆڤانە» بهێنن. لە ٢٠ی ئاگۆستی ١٩٦٨دا هێزەکانی پەیمانی وارشەو بە ٢٤ لەشکر چوونە نێو چیکۆسلۆڤاکی و کۆتاییان بە «بەهاری پراگ» هێنا و دوبچێکیان لەسەر کار لابرد. غلامرضا علی بابایی، م. ق، ١١٩؛ عباسقلی غفاریفرد، م. ق، ص ٦٢٢؛ ڤۆلگانگ لیۆنهارد، س. پ، ل ٢٧٥.

٢. چەپی نوێ بزاڤێکی سیاسی بوو کە لە دوو دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا لە ئورووپا و ئەمریکا و ژاپۆن دەرکەوت و هۆکاری دەرکەوتنی نارازی بوون لە چەپی کۆن بوو. ئارمانخوازی (ئایدیالیزم)ی چەپی نوێ لێڵتر و ڕۆمانسیتر لە چەپی کۆنە و زۆرترین

کلاسیك و ئەرسەدۆکس (ئۆرتۆدۆکس) سنووربەندییان دەکرد، وای کرد کە قاسملوو لە دەلاقەیەکی نوێوە بڕوانێتە پرسە سیاسی و فکرییەکان.

---

مەیلی بە «کردەوەی ڕاستەوخۆیە تا شێوازێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی چەپی کۆن. چەپی نوێ پانتاییەکی زۆر و ئاراستەی سیاسیی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ وەك: سۆسیالیزم، ئانارشیزم، کاسترۆئیزم، ترۆتسکیزم، ماویزم و فۆرمی جۆراوجۆری مارکسیزمی نوێ. گرنگترین دەرخستنی پراکتیکیی بزاڤی فکریی چەپی نوێ ڕاپەڕینی مانگی مای ١٩٦٨ بەتایبەت لە فەڕانسە بوو. ئەو بزاڤە بوو بەهۆی سەرسام بوونی زۆر لە مارکسی و سۆسیالیستەکان، چون دەرکەوت کە پێکهاتنی دۆخی شۆڕشگێڕی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەسازییەکان لە دۆخی ئارام و سەقامگیری سیاسی و خۆشگوزەرانیی ئابووریش‌دا مەیسەرە. لە بزاڤی چەپی نوێ ئیتر حیزب و ئەنجومەن و تەنانەت چینی کرێکار بە هۆکاری ڕزگاری دانانرێن. ئەم بزاڤە بەتایبەت لە دەیەی ١٩٦٠ لە نێو خوێندکاران، لاوەکان و کەمینە ڕەگەزییەکان لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایی پێگەی هەبوو. کاردانەوەی هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا بە چەپی نوێ دوژمنانە بوو؛ حسین بشیریه، اندیشه‌های مارکسیستی، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨، ص ٢٠٥- ٢١١؛ داریوش آشوری، م. ق، ص ١٢١.

١. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٦٧ بەهۆی ڕۆژنامەنووسێکی ئیتالیایی خەڵکی میلان بەناوی «فرانکۆ باریری» بە کار هێنرا و بە واتەی وەلانانی پرەنسیپی مارکسیی «دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا» و پێداگری لەسەر ئازادییە گشتییەکان و هەڵبژاردنی ئازاد بوو. ئەو ئامانجە هاوبەشانەی کۆمۆنیزمی ئورووپا تێیدا یەك دەگرنەوە لە کۆتایی حەفتاکان‌دا بریتین لە: سەربەخۆیی و مافی وەك یەك، گرتنە بەری ڕێبازێکی دیموکراسیانە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم، بەرەیەکی سیاسیی بەربڵاو بەبێ داواکردن بۆ پێشڕەوایەتی، مارکسیزمێکی کراوەتر و پشت‌بەستن بە دیالۆگ، هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بەرامبەر سۆڤیەت و ئورووپای خۆرهەڵات، هەوڵ‌دان بۆ هێنانە کایەی سیستمێکی سۆسیالیستیی پلۆرالیستی دیموکراسیانە و سەربەخۆیی سیاسەتی دەرەوە. گرینگترین پارتەکانی کۆمۆنیزمی ئورووپایی بریتین لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا، حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە، پارتی کۆمۆنیستی سوید، پارتی کۆمۆنیستی یۆنان و پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانیا؛ ئۆلگانگ لیۆنهارد، س. پ، ل ٢٢- ١٤٧ حسن علی‌زاده، م. ق، ص ١٠٧.

سۆسیالیزمی دیموکراتیک خوێندنەوەیەکی نوێ بوو لە سۆسیالیزم، کە بۆ یەکەم جار لە کوردستان دەهاتە ئاراوە[1] و گرینگترین ئامانجەکانی بریتی بوون لە: هاوسەنگ کردنی دوو چەمکی دادپەروەری و ئازادی کە لە وڵاتانی سۆسیالیستی ناڕێک بوون؛ ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک لەژێر هەر ناوێک؛ ڕەچاو کردنی سەربەخۆیی بڕیاردان و بەپیرۆز نەکردنی بیردۆزە سیاسییەکان. سۆسیالیزمی دیموکراتیک لە کەشوهەوای سیاسیی ئەو کاتی کوردستاندا کە تێیدا چەپی ڕادیکاڵ گوتاری زاڵ بوو، وەک مەلەکردن بەپێچەوانەی ئاراستەی ڕووبار بوو؛ هەر بۆیەش نە تەنیا لەگەڵ پێشوازیی هێزە چەپ و مارکسی - لێنینییەکان و بەشێکی بەرچاوی کادر و ئەندامانی حدکا بەرەوڕوو نەبوو، بەڵکوو ڕەخنەی لێ گیرا و هێرشی توندیشی کرایە سەر.

«کۆمەڵە» ڕێکخراوی چەپی مارکسی - لێنینی لە وتارێکدا بەناوی «حیزبی دیموکرات: سۆسیالیزم یا سەرمایەداری؟» هەوڵ دەدا بیسەلمێنێ

---

١. بیرۆکەی لە چەشنی «سۆسیالیزمی دیموکراتیک» لە ئێراندا بۆ خەلیل مەلەکی، ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی توودە دەگەڕێتەوە کە ساڵی ١٣٢۶ (١٩٤٧) لەو حیزبە جیابۆوە. هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەی مەلەکی لە حیزبی توودە بەستراوەیی بێمەرجی ئەو حیزبە بە سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەت و گوێڕایەڵیی کوێرانە بوو. مەلەکی بە ڕەتکردنەوەی سەرمایەداریی ڕۆژاوا و کۆمۆنیزمی ڕۆژهەڵات، ڕێگا چارەی سێهەمی هێنایە ئاراوە، واتە پێکهاتەیەک لە ئەندێشەی سۆسیالیستی و نەتەوەیی کە بە سۆسیالیزمی ئێرانی ناوی دەرکرد. مەلەکی یەکەم ئێرانی بوو کە ساڵی ١٣٤٠ (١٩٦١) لەلایەن ڕێکخراوی «ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست»، وەک نوێنەری «کۆمەڵەی سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی ئێران»، وەک چاوەدێر بەشداریی لە کۆنگرە و کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە لە نەمسا (ئۆتریش) و ئیتالیا کردووە. خەلیل مەلەکی، خاطرات سیاسی، با مقدمه محمدعلی همایون کاتوزیان، چاپ دوم، اروپا، آذر ١٣٦٠؛ محمد طیبیان، اندیشه آزادی، م. ق، ص ۴۶– ۴۷ و غلامرضا نجاتی، م. ق، ص ۱۵۷.

کە «سۆسیالیزمی دیموکراتیک»ی حدکا ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە و وەفاداریی خۆی بۆ سیستمی سەرمایەداری دووپات کردۆتەوە.[1] ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕێگای کرێکار) لە وتارێکی ڕەخنەگرانەدا پێی وایە تا ڕۆژی قیامەت دەبێ چاوەڕوانی وەدیهاتنی ئەم پرۆژەیەی حدکا بین، چونکە سۆسیالیزم بەبێ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەدەی نایە و «سۆسیالیزمی دیموکراتیک» ئەو چەمکەی ڕەت کردۆتەوە.[2]

کۆنگرەی شەشەمی حدکا لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ (٢٢ی ژانویەی ١٩٨٤)دا بە بەشداریی ٢٣٠ ئەندام پێکهات. لە کۆنگرەدا پرسی «کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم» (سۆسیالیزمی دیموکراتیک) خرایە بەر باس. ئەو باسە چەند کۆبوونەوەی کۆنگرەی بە خۆیەوە خەریك کردن و تەنانەت دوو ـ سێ جاریش فەزای کۆنگرەی ئاڵۆز کرد.[3] سۆسیالیزمی دیموکراتیك دوای باسێکی زۆر لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە دەنگی پێویستی نەهێنا،[4] چون لە سەرەتاوە نەیارانی زۆرتر بوون، بەڵام دواجار

---

١. جەعفەر شەفیعی، حیزبی دیموکرات: سۆسیالیزم یا سەرمایەداری؟ کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم، پێشڕەو، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، ژمارە ١٠، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٦٣/ ١١ی دیسامبری ١٩٨٤.

٢. سارا محمود، سوسیالیزم دمکراتیك «یا انتظار برای روز قیامت»، نقدی بر نگرش حزب دمکرات، راه کارگر توریك، ارگان سازمان کارگران انقلابی ایران (راه کارگر)، شماره ۶، مرداد ۱۳۶۷.

٣. عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی دووهەم، س. پ، ل ٥٢. گادانی پێی وایە ئەم کۆنگرەیە تا ئەو کات پڕ کێشەترین کۆنگرەی حیزب بووە. جەلیل گادانی، س. پ، ل ٣٢٥.

٤. د. حوسێن خەلیقی، ژان و ژیان، بەرگی سێهەم، ١٩٨٣- ١٩٨٨، سوید، ٢٠٠٢، ل ١٢٥؛ حامید گەوهەری، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا، س. پ، ل ٢٥٥.

پەسند دەکرێ و پێکهاتەی کۆمەڵی دیموکراتیکی سۆسیالیستی دەبێتە ئامانجی دوارۆژی حدکا.[1]

بەشێکی بەرچاوی نەیارانی سۆسیالیزمی دیموکراتیک لە نێوخۆی «حدکا»دا ئەم بیرۆکەیەیان بە هاوشێوەی «سۆسیال دیموکراسی»ی ئورووپا دەزانی[2] و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە قاسملوو بەڕوونی و بەڕاشکاوی لە «کورتەباس»دا، دەڵێ: «مەبەستی لە سۆسیالیزمی دیموکراتیک، سۆسیال دیموکراسی نییە، سۆسیالیزمی دیموکراتیک، لەگەڵ سۆسیال دیموکراسی جیاوازیی هەیە، سۆسیال دیموکراسی ڕێبازێکی ڕیفۆرمیستییە کە بەناوی سۆسیالیزم، سەرمایەداری دەپارێزێ و هەڵیدەسووڕێنێ؛ بەناوی سۆسیالیزم کرێکاران هان دەدا بۆ ئەوەی سەرمایەداری پەسند بکەن و بەکورتی دەیەوێ گیروگرفتە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوورییەکانی کرێکاران لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا چارەسەر بکا، بێ‌ئەوەی ئەم چوارچێوەیە تێک بدا؛ لە حاڵێکدا

---

١. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پەسندکراوی کۆنگرەی شەشەم، ڕێبەندانی ١٣٦٢/ فێورییەی ١٩٨٤.

٢. حامید گەوهەری کە لە نەیارانی «سۆسیالیزمی دیموکراتیک» بوو دەڵێ: «سۆسیالیزمی دیموکراتیک» لادان بوو لە ئامانجی حدکا لە سۆسیالیزمەوە بۆ سۆسیال دیموکراسی؛ حامید گەوهەری، ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵدا، س. پ، ل ٤٥٢. حوسێن خەلیقی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم پێی وایە: «سۆسیالیزمی دیموکراتیکی پێناسەکراو لە «کورتەباس»دا بە کورتی و پوختی سۆسیال دیموکراسیی ئورووپای ڕۆژاوایە.» د. حوسێن خەلیقی، س. پ، ل ١٣٢. کەریم حیسامی کە بەشداری کۆنگرە نەبوو، دواتر ئامیلکەیەکی لەسەر کورتەباس بلاوکردەوە و تێیدا «کورتەباس» بە ڕێبازی سۆسیال دیموکراسی دادەنێ. بڕوانە: کەریم حیسامی، لێکۆڵینەوە، کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم، بەفراتباری ١٩٨٤.

سۆسیالیزم بە مانای ڕووخاندنی سەرمایەداری بەتەواوی و پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوێیە.»[1]

بە سەرنجدان بە نامیلکەی «کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم» جیاوازییەکانی دوو چەمکی «سۆسیالیزمی دیموکراتیك» و «سۆسیال دیموکراسی» پتر دەردەکەون. سۆسیال دیموکراسی ڕێبازێکی چاکسازیخوازییە و ڕیفۆرمیستی، لە کاتێکدا حدکا خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ پێناسە دەکا[2] و ئەمە بەو مانایە دێ کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵدا. «سۆسیالیزمی دیموکراتیك»ی پێناسەکراو لە «کورتەباس»دا سیستمێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتییە کە تێیدا هەر کەس بەپێی لێهاتوویی کاری پێدەسپێردرێ و بەپێی کارەکەی مافی لە کۆمەڵ وەردەگرێ،[3] بەپێچەوانە سۆسیال دیموکراسی تێڕوانینی بۆ سۆسیالیزم، ئەخلاقی (مۆڕاڵی)یە،[4] نە وەك سیستمی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی. «سۆسیالیزمی دیموکراتیك» سەرەڕای ئەو جیاوازییە نێوەرۆکییانە کە لەگەڵ سۆسیال دیموکراسی هەیەتی، بۆ پێداگری لەسەر دیموکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەك و ئەو پاوانخوازی (تۆتالیتاریزم)ـەی کە سۆسیالیزمی مەوجوود بەڕێوەدەبا، هاوڕا و هاودەنگە.

---

١. کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم، س. پ، ل ٢٧.

٢. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی شەشەم، ل ٢١.

٣. کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم، ل ٩.

٤. داریوش آشوری، م. ق، ص ٢٠٦.

لە «کورتەباس»دا نە تەنیا ڕەخنەی توند ئاراستەی سیاسەتەکانی ستالین کراوە، بەڵکوو بەگشتی ڕەت کراوەتەوە،[1] بەڵام هەرچەندە لەگەڵ هەندێک بنەمای مارکسیزم ـ لێنینزم ماڵاوایی کراوە، وەک «دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا»، هەمدیسان شوێنەواری تێڕوانینی مارکس و لێنین بە سەریەوە دیارە. لە پێوەندی لەگەڵ سیستمی سەرمایەداریدا بۆچوونی مارکسی لەسەر سەرمایەداری بەکارهێناوە: «سەرمایەداری وەک نیزامێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن مێژووەوە مەحکوومە.»[2]

---

١. «کورتەباس» لەسەر ستالین بەم چەشنە دەدوێ: «پێڕەوانان بۆ پێڕەوی نێوخۆی حیزب بۆ ستالین بێگانە بوو. لە زەمانی دەسەڵاتدارەتیی «ستالین»دا زۆربەی ئەوانەی کە لەگەڵ شێوەی بەڕێوەبەریی ستالین هاودەنگ نەبوون وەلانران و پاک کرانەوە، نموونەی بەرچاوی ئەو کارە کومیتەی حیزبی بۆلشۆڤیک بوو لە لێنینگراد کە لە نێو بران، هەروەها شکستی پرۆژەکانی ستالین لە ڕووی ئابوورییەوە بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵدا و بە زۆر دروست کردنی کاڵخۆز و ساڵخۆز کە چ شوێنەوارێکی خراپی لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵیی سۆڤیەت دانا. کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم، ل ١٥.

٢. کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم، س. پ، ل ٧. مارکس لە بارەی سیستمی سەرمایەدارییەوە دەڵێ: «پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان تێیدا پەکی دەکەوێ و دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم هێزی بەرهەمهێناندا، بەتایبەتی لە نێوان تەنگژە ئابوورییەکانی نێودەوڵەتی و شەڕی بەردەوام و درێژخایەن و هەژاریی کرێکاران و کەڵەکە بوونی زیادەی بەرهەم لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە، ئەم ناسازییانە لە سیستمی سەرمایەداریدا کاتێک دەگەنە ئەوپەڕی خۆیان ئیدی هیچ چارەیەکی نابێ و دەبێتە مایەی بەرپا بوونی شۆڕش و چینی کرێکارانیش دەسەڵات و دەوڵەت و ئامرازی بەرهەمهێنان بەدەستەوە دەگرن و سەردەمێکی نوێ پەیدا دەبێ.» د. هاشم یەحیا ئەلمەلاح، دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژوو، لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە لە فەلسەفەی مێژوو، وەرگێرانی: دەوەن حەسەن، چاپی دووهەم، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣٦٨. ئیدریس ئەحمەدی پێی وابە ڕاستە قاسملوو وەک نووسەری «کورتەباس» بەپێی تێگەیشتنی دیالێکتیکی پێی وابوو سەرمایەداری کۆتایی پێ دێ، بەڵام پێمان ناڵێ کە حەتمەن دواشێوەیەک لە کۆمەڵگادا

لینین، ڕێبەری شۆڕشی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی ڕووسیە، بۆ گەیشتنی وڵاتەکەی بە قۆناغی سۆسیالیستی بیردۆزیی «ڕێگەی گەشەی ناسەرمایەداری»[١]ی هێنایە ئاراوە، چونکە هێشتا پێوەندییەکانی سیستمی

---

بەدوای‌دا دێ و بەو شێوەیە مێژوو کۆتایی پێ دێ. بە واتایەکی دیکە قاسملوو بۆچوونی دیتێرمینیستی (determinist)ی نیە و ئەوەش ئەوەك تەنیا لە مارکسیستەکان جیای دەکاتەوە بەڵکوو لە مارکسیش جیا دەکاتەوە؛ ئیدریس ئەحمەدی، لە هێگڵەوە هەتا قاسملوو، تێنك، گۆڤاریکی سیاسی- ڕۆشنبیری گشتیە، ژمارە ٢١، کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا، ١٣٨٧، ل ١٥- ٦٥.

١. پاش بە دەسەلات گەیشتنی خرۆشچێف (١٩٥٥- ١٩٦٤) و پێکهێنانی کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، پرۆفیسۆر ئولیانۆوسکی و هاوکارانی دیکەی بیردۆزیی «گەشەی ناسەرمایەداری»یان بۆ وڵاتە گەشە نەکردووەکانی ئاسیایی و ئەفریقایی دارشت. بنەمای ئەو بیردۆزییە لە سیاسەتی دەرەوەدا داشکان بە لای وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا، بەتایبەتی ئەگەر تێکەڵ بە سیاسەتی دژە ئەمریکا دەبوو لەلایەك و لەلایەکی دیکە لەسەر پەرەسەندنی دەوڵەت (فراوان کردنی بەشی پیشەسازیی قورس) دامەزرابوو. هۆکاری سەرەکی ئاڵوگۆڕ لەم بیردۆزییە دەوڵەتانی «دیموکراتیکی نەتەوەیی» بوون کە بریتی بوون لە: دەسەڵاتێکی سیاسی لە هاوپەیمانییەتیی بەربڵاوی زەحمەتکێشان، وەك پرۆلیتاریای گەشەکردوو؛ توێژەکانی وردەبورژوازی لە شار و گوند و هەروەها بورژوازییەوەی نەتەوەیی کە لە هەڵوێستی دژە ئیمپریالیستی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هاتوونەتە مەیدان. مهرداد مشایخی، جنبش سوسیالستی و پروبلماتیك وابستگی، گفتگو، فصلنامە فرهنگی و اجتماعی، شمارە ٣١، تهران، ١٣٨١، ص ٩٦. بنەمای ستراتیژیی حیزبی توودە، بیردۆزیی «گەشەکردنی ناسەرمایەداری» بوو، خاوەنڕایەکانی سۆڤیەتی ئەم بیردۆزییەیان داهێنا و دەیانگوت کە ڕیشەی لە ئەندێشەی «لینین»دا هەیە. بەهۆی ئەم بیردۆزییە ئەو وڵاتانە کە بەرەو گەشەکردن دەچوون بە ڕێبەریی شۆڕشگێرانی ڕەگەزەکانی غەیری کۆمۆنیست بە مەرجی هاوکاریی نزیك لەتەك سۆڤیەت دەتوانن، سەرمایەداری تێپەڕێنن یا بەتوندی بەربەستی بکەن و دواجار بەرەو سۆسیالیزم هەڵکشێن. مازیار بهروز، م. ق، ص ٢١٦. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە

سەرمایەداری لە ڕووسیە نەبیوونە سیستمی زاڵ و پێوەندییەکانی سیستمی دەرەبەگایەتیی تێدا بەهێز بوون. «کورتەباس» ئەم بیردۆزییەی بۆ گەیشتنی کوردستان بە قۆناغی سۆسیالیستی بە لاوە پەسندە، چونکە کوردستانیش بە هەمان شێوەی ڕووسیەی ١٩١٧ هێشتا پێوەندییەکانی دەربەگایەتی تێدا ماون و سیستمی سەرمایەداریی تێدا جێگیر نەبووە. شیکردنەوەی کورتەباس ئەم بیردۆزییەی بۆ گەیشتنی کوردستان بە قۆناغی سۆسیالیستی کە هێشتا پێوەندییەکانی سەرمایەداریی تێدا دانەمەزراوە، ڕەچاو دەکا. لە «شیکردنەوەی کورتەباس»دا هاتووە: «لێنین لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە سەرمایەداری لە نێوان ئەو سیستمانەی کە لە مێژوودا ناسراون سیستمێک نییە کە بە زۆر بێ، سیستمێکە دەکرێ بەسەریدا باز دەی، بەو مەرجە وڵاتێکی دیکەی سۆسیالیستی هەبێ یارمەتیی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتەدا بدا، ئەو کاتە ئەم وڵاتە بۆخۆی دەتوانێ بەرەو سۆسیالیزم بڕوا، مێژوو نیشانی دا کە ئەم بۆچوونە دروست بوو.»[1]

بەڵام لە بیرمان بێ یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی هەرەس‌هێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت (١٩٩١) بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە هێشتا پێوەندییەکانی سەرمایەداری بەتەواوی لەم وڵاتە جێگیر نەبیوون کە شۆڕشی سۆسیالیستی تێدا بەڕێوەچوو. لە کاتێکدا لە ڕوانگەی مارکسەوە شۆڕشی پرۆلێتێری دەبوو ئاکامی کۆتایی پیشەسازی بوون بووایە نە پێچەوانەی و لەم سۆنگەیەوە مارکس مەزەندەی دەکرد ئەو شۆڕشە سەرەتا لە وڵاتانی پیشەسازی و زۆر دواتر لە ڕووسیە ڕووی دابا، کەچی لێنین بە هێنانە ئارای بیردۆزیی پچڕانی زنجیری ئیمپریالیزم لە لاوازترین ئەڵقەیدا

---

بڕوانە: شولودونیکوف و بوگوسلافسکی، تجربه تاریخی راه رشد غیرسرمایەداری، ترجمه: غلامحسین متین، علیرضا جباری، تهران، ١٣٥٩.

١. شیکردنەوەی کورتەباس، س. پ، ل ٢٢- ٢٣.

شۆڕشی پرۆلێتێریی لە ڕووسیە بەڕێوەبرد. هەروەها لە بیرمان نەچێ لێنین ئەم تێپەڕاندنەی بەهۆی حیزبی کۆمۆنیست و چینی پرۆلیتاریا ئەنجام دا نەك بەهۆی دیموکراتە نەتەوەیی‌یەکانی سەر بە چینی نێوەڕاست و بوورژوازیی نەتەوەیی.

هەروەها نموونەکانی تری پرۆژەی گەشەی ناسەرمایەداری لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم لە وڵاتانی ئاسیایی و ئافریقایی بەهۆی «دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان» و نە «پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ»یش و لە ئاکام‌دا هەڵکشان بەرەو سۆسیالیزم هەر زۆر زوو هەرەسی هێنا. نزیکترین نموونەکانی بەردەست، عێراقی سەردەمی دەسەڵاتداریی حیزبی بەعس و ئێرانی سەردەمی کۆماری ئیسلامی بوون، کە حیزبی شیوعیی عێراق و حیزبی توودە بۆ بەڕێوەچوونی ئەم پرۆژەیە هیوایان لەسەر هەڵچنیبوو.

شی کردنەوەی کورتەباس بۆ سەلماندنی سەرکەوتنی ڕێگەی گەشەکردنی ناسەرمایەداری نموونە بە وڵاتی مەغوولستان دێنێتەوە کە لە قۆناغی شوانی و کۆچەری‌دا بە بازدان بەسەر سەرمایەداری‌دا بەرەو سۆسیالیزم دەچێ.[1] هێنانەوەی مەغوولستان بە نموونەی سەرکەوتووی «ڕێگەی گەشەی ناسەرمایەداری» جێی هەڵوێستە کردنە، چونکە مەغوولستان لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئاست وڵاتانی سۆسیالیستی دواکەوتووترینیان بوو.[2]

---

١. هەمان سەرچاوە، ل ٢٢- ٢٣.

٢. ساڵی ١٩٢٤ کە کۆمۆنیستەکان لە مەغوولستان بە دەسەڵات گەیشتن، پاش ٥٥ ساڵ (١٩٧٩) گرینگترین پیشەسازیی ئەو وڵاتە بریتییە لەو پیشەسازییە کە پێوەندیی بە بەرهەمی ئاژەڵییەوە هەیە. بەرهەمی نەپاڵێوراوی مەغوولستان لە ساڵی ١٩٧٩دا ١٠٢ میلیارد دۆلار بووە و لە هەمان ساڵ‌دا بەرهەمی نەپاڵێوراوی ئاڵمانی ڕۆژهەڵات (سۆسیالیستی)

تێڕوانینی کورتەباس بۆ قۆناغی ئێستای سیستمی سەرمایەداری هەمان بۆچوونی «لێنین»ە لەم بارەیەوە کورتەباس دەڵێ: «ئێمە کاتێك دەڵێین «بمرێ ئیمپریالیزم» لە ڕاستیدا لە دژی سەرمایەداری دروشممان هەڵگرتووە، چونکە ئیمپریالیزم سیستمی جیهانیی قۆناغی ئێستای سەرمایەدارییە.[1] لێنین پێی وابوو سیستمی سەرمایەداری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە پێی ناوەتە دوایین قۆناغی خۆی، واتە قۆناغی ئیمپریالیستی (قۆرغکاری) و سەردەمی کێبەرکێی ئازادی سەرمایەداری کۆتایی پێ هاتووە. لێنین بۆ شرۆڤە کردنی ئەم بیردۆزییەی بوو کە لە ساڵی ١٩١٦دا کتێبی «ئیمپریالیزم وەك بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری»ی نووسی.»[2]

کورتەباس هەڵگری پارادۆکسە. کورتەباس پێی وایە لە دوای بەدەسەلات گەیشتنی سۆسیالیستەکان لە فەڕانسە تاقی کردنەوەیەکی نوێ دەستی پێکردووە کە ئەگەر سەرکەوێ دەبێتە نموونەیەك لە سۆسیالیزمی دیموکراتیك،[3] بەڵام سۆسیالیستەکانی فەڕانسە دژی سیستمی

---

٨٩،٠٨ میلیارد دۆلار بووە. محمود محجوب، فرامرز یاوری، گیتاشناسی کشورها، م. ق، ص ٣٢٢ و ٤.

١. کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم، ل ٧.

٢. لنین، آثار منتخب در دو جلد، امپریالیسم به مثابه بالاترین مرحله سرمایەداری، ترجمە: م. پ هرمز، مسکو، ١٩٥٧.

٣. ساڵی ١٩٨١ لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی فەڕانسەدا، فرانسوا میتران لە حیزبی سۆسیالیست سەرکەوت و سێ وەزیری لە حیزبی کۆمۆنیست لە کابینەدا بەشدار کرد. دەوڵەتی سۆسیالیستی میتران لە ساڵانی ١٩٨١- ١٩٩٢ پێداگر بوو لەسەر بەرپرسیارییەتیی دەوڵەت بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڵام توانای ڕکەبەری لەگەڵ دژبەرەکانی وەك تاچێر و «ڕەیگان»ی نەبوو کە خوازیاری کەم کردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا بوون و دواجار بە ئاراستەی ئەواندا هەنگاوی نا. عباسقلی غفاری‌فرد، تاریخ اروپا، م. ق، ص ٥١٨.

سەرمایەداری نەبوون؛ ئەوان خوازیاری چاکسازی لە چوارچێوەی ئەم سیستمەدا بوون و ئەو سۆسیالیزمەی کە بەنیازن دایمەزرێنن وەک سیستمێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی نییە. لە کاتێکدا خوێندنەوەی کورتەباس بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک بەڕوونی و بەئاشکرایی دژی سیستمی سەرمایەدارییە و ئەو سۆسیالیزمەی کە لە دوارۆژی کوردستان بونیادی دەنێ سیستمێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتییە، کە تێیدا هەر کەس بەپێی لێهاتوویی کاری پێدەسپێردرێ و هەر کەسیش بەپێی کارەکەی مافی خۆی لە کۆمەڵ وەردەگرێ.[1] بەو پێیە ئەم دوو «سۆسیالیزمی دیموکراتیک»ـە لە نێوەرۆکدا جیاوازن، کە وا بوو چۆن دەکرێ «سۆسیالیزمی دیموکراتیک»ی فەرانسەیی نموونە و ئەزموونێک بێ بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیکی پێناسەکراو لە «کورتەباس»دا؟[2]

سۆسیالیزمی دیموکراتیکی پێناسەکراو لە «کورتەباس»دا ڕێگەی سێهەم بوو لە نێوان سۆسیال دیموکراسی و سۆسیالیزمی مەوجوود، واتە هەم سنووربەندی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود بوو، هەم لەگەڵ سۆسیال

---

١. میشێل ڕۆکار، سەرۆکی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست لە حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە لە وتارەکەی خۆیدا لە بەردەم کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە لە «لیما»، پێتەختی پیرۆ لە ساڵی ١٩٨٦دا دەڵێ: «ئەزموونی کۆمۆنیستی نیشانی داوە هەرچەندە لەوانەیە بە دڵی ئێمە نەبێ هیچ شتێک ناتوانێ ئاڵتێرناتیڤی هاندانی بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای قازانجی تایبەت بێ. ئەو هاندانەی دەبێ کونترۆڵ و بەربەست بکرێ، بەڵام وەلانانی بە مانای سەقەت کردنی کۆمەڵگەیە و گشتگیر کردنی خاوەنداریەتیی گشتی لەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوویر، دواجار گرفت و کێشەی زۆرتر و ئاڵۆزتر لەوەی کە خۆی چارەی دەکا، بەدوادا دێ و ئیدارە کردنی بە هیچ کەس ناکرێ.» سخنرانی میشل روکار در کنگره اینترناسیونال سوسیالست، م. ق، ص ۶

٢. کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم، ل ٩.

دیموکراسی و هەوڵێك بوو بۆ دابین کردنی سۆسیالیزمێك تێکەڵ بە دیموکراسیەکی حەقیقی.

لەگەڵ ئەوەدا کە حدکا حیزبێکی مارکسی ـ لێنینی یان کۆمۆنیست و بەگشتی حیزبی چینی کرێکار نەبوو و سەرەڕای جیابوونەوەی «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» و شکستی مێژوویی حیزبی توودە لە ئاکامی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەم حیزبەدا، بەجۆرێك کە نە لە کوردستان و نە لە ئێراندا ڕۆڵی نەما، بەرهەڵستکاریی لەگەڵ سۆسیالیزمی دیموکراتیك لە نێوخۆی حدکا نیشانەی قووڵایی هاوسۆزیی ئەندامانی ئەم حیزبەیە بۆ گوتاری چەپی ڕادیکاڵ و لەوە بەدوا کێشە و ململانێ لە نێوان باڵی چەپ و باڵی ڕاستدا نیيە لە نێوخۆی «حدکا»دا، بەڵکوو لە نێوان چەپەکاندایە لەسەر خوێندنەوەی جیاواز بۆ سۆسیالیزم، واتە تێڕوانینی ڕادیکاڵی و نێوەند.

بایەخنەدانی یەکیەتیی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستی بە ڕووداوەکانی کوردستان، ڕێبەرانی جووڵانەوەی نەتەوەیی ـ دیموکراتیکی کوردی ناچار کرد، بە ڕوانگەکانی خۆیاندا بچنەوە. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو توانی لەگەڵ حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئورووپا کە لە چوارچێوەی بەرنامەی مافی مرۆڤدا یارمەتی ماددی و مەعنەوییان دەکرد، پێوەندی بگرێ.[1] لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتە نوێیەدا کە قاسملوو داوای لە سۆسیالیستەکانی فەڕانسە کرد بۆ دامەزراندنی پێوەندیی حیزبەکەی دەگەڵ حیزبە سۆسیالیستەکانی دیکە یارمەتی بدەن و لە ئاکامدا پشتیوانیی فەڕانسەییەکان، نەمساوییەکان و سویدییەکانی وەدەستهێنا. حیزبی

---

١. او. ای. ژیگالینا و دیگران، کردستان معاصر، مترجم: کامران امین‌آوه، نشر روشنگری، ١٣٩٥، ص ١٣٩.

سۆسیالیستی فەڕانسە لە ڕێگەی ڕێکخراوی ٢١ی ژووئیەوە یارمەتی بە حدکا دەکرد.[١] کریس کۆچێرای فەڕانسەیی لەم بارەوە دەڵێ: «سکرتێری حدکا زۆر زوو بەکردەوە دەبێتە لایەنێکی کەموێنە بۆ دیپلۆماتەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕانسە و حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە. قاسملوو کە پێشتر بەهۆی لیۆنێل ژۆسپەن، سکرتێری یەکەمی حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە ڕێگەی دیداری پێدرابوو، لەمە بە دوا هەمیشە بۆ کۆنگرەکانی حیزبی سۆسیالیست بانگهێشت دەکرێ و لە ڕەوتی ئەو پێوەندییە دۆستانەیەدا، لەگەڵ ڕێبەرانی چەپی ئورووپاش پێوەندی دادەمەزرێنێ.»[٢] بێگومان گرتنە بەری ڕێبازی سۆسیالیزمی دیموکراتیک لەلایەن «حدکا»وە لەم پشتیوانی و پێشوازییەی حیزبە سۆسیالیستەکانی ئورووپادا ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە.

توندوتۆڵ بوون و بەردەوامیی ئەو پێوەندییانە دواجار بوو بەهۆی ئەوەی کە حدکا ڕێگەی بۆ گەورەترین ڕێکخراوی حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دیموکراتەکانی دنیا بکرێتەوە. ساڵی ١٩٨٦ حەڤدەهەمین کۆنگرەی «ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست»[٣] لە شاری «لیما»ی پێتەختی پێرۆ

---

١. کارۆل پرۆنهوبێر، س. پ، ل ١٤٤- ١٤٥. لە کۆنگرەی حەوتەمی حدکا (١٣٦٤/ ١٩٨٥) ئەم حیزبانە پەیامی پیرۆزباییان ناردبوو: حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا، حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە، حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە، حیزبی کۆمۆنیستی بەلجیکا (بێلژیک)، حیزبی کۆمۆنیستی نەمسا (ئوتریش)، حیزبی کاری سویس؛ اسناد کنگره هفتم حدکا (٢٦- ٢٩ آذرماه ١٣٦٤)، کمیسیون انتشارات کمیته مرکزی حدکا، اسفند ماه ١٣٦٤.

٢. کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، س. پ، ل ٣١٢.

٣. ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست بریتییە لەو هاوپەیمانەتییە جیهانییەی حیزبەکانی سۆسیالیست، سۆسیال دیموکرات و کار. ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست بە شێوەی ئێستای ساڵی ١٩٥١ دامەزرێندرا، هەرچەندە پێش لە جەنگی جیهانیی دووهەم و پاشتریش پێشینەی جیاجیای هەبووە. ئەندامەکانی پێکدێن لە ١٦٧ حیزب یان ڕێکخراوی سیاسی.

پێکهات. قاسملوو بە نوێنەرایەتیی حدکا لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوو. لەو کاتەوە حدکا بۆ هەموو کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی ئەو کۆمەڵە جیهانییە بانگهێشت کراوە و دواجار لە ١١ی سێپتامبری ١٩٩٦ لە بیستەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست‌دا بە ئەندام وەرگیرا.[١] ڕێبەریی حدکا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەبێ سیاسەتێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی لە کوردستان پیادە بکا، مەیلی زۆری ئەوان بە ئەزموونەکانی سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپا لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئیداری، لەوەڕا سەرچاوەی دەگرت؛ بەتایبەتی کە دەسکەوتەکانی سۆسیال دێموکراتەکان بە پلەی یەکەم لەگەڵ داکۆکی لە بارودۆخی ماددیی زەحمەتکێشان، چوونە سەری ڕادەی خۆشگوزەرانییان و هەنگاوی کاریگەر لە بواری ئابووری‌دا بوو.[٢]

---

ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست هاوپەیمانێکی حیزبە خوبەڕێوەبەرەکانە و لەبەر ئەوە، ئەو مافە بە خۆی نادا کە هیچ بڕیارێکی ناچاری لەبری ئەندامانی بدا. گردبوونەوە سەرەکییەکەی بریتییە لە کۆنگرە، کە هەر سێ یان چوار ساڵ جارێک دەبەسترێ. لە ماوەکانی ئەم نێوانەدا، ئەنجومەن هەموو ساڵێك کۆبوونەوە دەکا، سکرتاریەتی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال (SI) لە لەندەنە؛ کارزان کاوسین، ئاشنا بوون بە سۆسیال دێموکراتی، زنجیرە بیری سۆسیال دێموکراتی (٦)، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاریی (ی.ن.ك)، ٢٠٠٨، ل ٢٧. دوو ئامانجی سەرەکی لە بەرنامەی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست‌دا بریتین لە: بەرهەڵستی توندی بەرنامە دارشتنێکی سەرمایەداری و هەر جەشنە بەرنامەڕێژییەکی تۆتالیتار، چونکە هەر دووکیان لەمپەرن لە بەردەم چاوەدێریی گشتی بەسەر بەرهەمهێنان و دابەش کردنی دادپەروەرانەی بەرهەمدا. سۆسیالیزم بەبێ دێموکراسی پیادە ناکرێ و بە «سۆسیالیست» ناوبردنی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بە مێتۆدی تۆتالیتار یان دیکتاتۆری بەڕێوەدەچن هەڵەیە. داریوش آشوری، م. ق، ص ٢٠٩.

١. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی دووهەم، س. پ، ل ١٣٢.

٢. ژیگالینا، م. ق، ص ١٣٩.

حدکا ڕێبازی نوێی خۆی کە لە کردەوەدا بەرەو سۆسیال دیموکراسی ڕۆیشتبوو لە ڕووی سیاسی - تیۆرییەوە بە دیکومێنت نەکرد،[1] ئەگەر مەرگ مەجالی بە قاسملوو دابا[2] ئەم کارەی دەکرد، بەتایبەتی تیرۆر کردنی لە ١٣ی تەمووزی ١٩٨٩دا تا ڕووخانی دیواری بێرلین لە نوامبری هەمان ساڵدا کەمتر لە چوار مانگی خایاند. ڕووخانی دیواری بێرلین و هەرەس‌هێنانی وڵاتانی سۆسیالیستی کە شکستێکی گەورە بوو بۆ بەرەی چەپ، بێ‌گومان شوێنەواری جیددی لەسەر خاوەن تێڕوانینە چەپە

---

١. تەنیا بەڵگەیەك کە لە بارەی ڕێباز و بەرنامەی سۆسیال دیموکراسی لەلایەن «حدکا»وە چاپ و بڵاوکرایتەوە، تا ئەم سەردەم وتاری «مێشێل ڕۆکار»، سەرۆکی ئەو کاتی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست بوو کە لە کۆنگرەی لیما (پێرو) سەبارەت بە ڕێباز و ئامانجی سۆسیال دیموکراتەکان پێشکەشی کردبوو؛ سخنرانی میشل روکار در کنگره اینترناسیونال سوسیالیست، لیما (پرو)، خرداد ١٣٦٥.

٢. لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ عەبدوڕڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی حدکا لەگەڵ دوو کوردی دیکە بە ناوەکانی عەبدوڵڵا قادری، ئەندامی سەرکردایەتیی حدکا و نوێنەری ئەم حیزبە لە ئورووپا و فازڵ مەلا مەحموود (فازڵ ڕەسووڵ) کوردی باشووری کوردستان لە ڤیەنا، پێتەختی نەمسا، لەکاتی وتووێژ بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کران، کە وەك لایەنی وتووێژکەر لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون؛ بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی حدکا لەسەر تیرۆری هاوڕێی تێکۆشەر، دوکتور عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتی؛ کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدکا، ژمارە ١٥١، پووشپەڕی ١٣٦٨/ ژووئیەی ١٩٨٩. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: کارۆل پرۆنهوێبر، س. پ؛ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، س. پ؛ هۆشمەند عەلی مەحموود، عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، س. پ؛ پیتەر پیلچ، ئیسکورت بەرەو تاران، قاسملوو چۆن بەرەو مەرگ ڕاکێش کرا؟، وەرگێڕ: حەسەن ئەیووبزادە، ب. س، ب. ش.

ڕادیکاڵەکان لە نێو «حدکا»دا[1] دەبوو و قاسملوو کە ئەزموونی وەرنەگرتنی «سۆسیالیزمی دیموکراتیکی» لەلایەن چەپە ڕادیکاڵەکانەوە هەبوو، ئیتر نیگەران نەدەبوو لە بە سیاسی - تیۆریزە کردنی ئەو ڕێبازە نوێیە.

١. قاسملوو دەیگوت: «بەشی زۆری کادرەکان، لانیکەم لە هەر سێ کەسان دوو کەس بە بیروبڕوای حیزبی توودە پەروەردە کراون، بۆیە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە شێوەی فکر و بیریاندا کارێکی ئاسان نییە.» کارۆل پرۆنهوبێر، س. پ، ل ١١٧.

## باسی سێیەم: ڕاگەیاندنی حدکا ـ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ

دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی هەشتەمی حدکا لە ساڵی ١٣٦٦ (١٩٨٨)دا بۆ جاری دووهەم، حدکا لە پاش شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩) تووشی لێک ترازانی سیاسی هات. لە ڕۆژی ١٣٦٧/١/١ (١٩٨٨/٣/٢١) پازدە کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆنگرەی حەوتەم (١٣٦٤/ ١٩٨٥) لە ڕاگەیاندراوێکی دە ماددەیی‌دا کاری ڕێکخراوەیی خۆیان لەژێر ناوی «حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ»دا ڕاگەیاند و دەستیان بە کاری حیزبی و پێشمەرگانەی خۆیان کرد، بە هەمان ناو و شێوەی حدکا.[1] هۆکاری سەرەکیی ئەم دابڕانە بۆ شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەری لە کۆنگرەدا دەگەڕێتەوە، کە بەشێک لە ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەدا لە هەڵبژاردن بە شێوازی «لیستی فیکس»[2] نارازی بوون و بە نادیموکراتیکیان دەزانی.[3]

---

١. د. هۆشمەند عەلی مەحموود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان...، س. پ، ل ٢٣٠.

٢. «لیستی فیکس» بریتی بوو لە ناوی ٢٥ کەس، کە لەسەر بۆچوونی قاسملوو و هاودەنگەکانی ڕێکخرابوو. هیچ کەسی دیکە نەیدەتوانی خۆی کاندید بکا بۆ ڕێبەری و بەشداربووانی کۆنگرەش دەبوو دەنگ بە لیستەکە بدەن، نە بە یەک یەکی ناوەکان؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن ڕەسنگار، کۆیە، ٢٠١٧/٥/٦.

٣. جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، بەرگی دووهەم، س. پ، ل ١٥- ١٩.

مەبەست لە بەکارهێنانی «لیستی فیکس» چ بوو؟ قاسملوو لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئێمە پێمان وا بوو وەختی ئەوە هاتووە ڕیشەی شێوەکاری عەشایری کە پاشماوەی زەمانی کۆن بوو بە یەکجاری لە نێو بچێ و هەم دەرویشی بۆ وڵاتانی سۆسیالیستی (توودەئیزم)؛ واتە ئەو بیر و باوەڕە چەوتە کە هەر مابوو کۆتایی پێ بێ.»[1] بەکارهێنانی ئەم شێوازە (لیستی فیکس) بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتیی حدکا بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە لایەنگرانی سۆسیالیزمی مەوجوود (توودەئیزم) و هەڵتەکاندنی شێوەکاری عەشایری،[2] گەورەترین جیابوونەوەی مێژوویی حیزبی دیموکراتی لێکەوتەوە.

حدکا بەتوندی بەرامبەر ئەم دابڕانە هەڵوێستی گرت و بەتایبەتی هەڕەشەی بە کار نەهێنانی ناوی «حدکا»ی لە جیابووەکان کرد، بەم شێوەیە دووبەرەکی، کوشتن، ڕاونان و هەڵبەستنی ناووناتۆرە و ڕیسواکردنی یەکتری، لەوپەڕی توندوتیژیدا بوو.[3] بەکارهێنانی چەك لەلایەن «حدکا»وە بەدژی «ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» بڕیارێکی هەڵە بوو کە بەپێچەوانەی بانگەشەی دیموکراتیی ئەم حیزبە بوو کە بەردەوام پێداگریی

١. د. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی حدکا، س. پ، ل ٨

٢. لە «لیستی فیکس»دا تەنیا حەسەن ڕەستگار، هاشم کەریمی و نەبی قادری دەرهاویژرابوون کە پێشتر ئەندامی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی بوون؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسێن مەدەنی، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٧؛ بەو پێیە دەبێ لە ڕوانگەی «قاسملوو»وە ئەم سێ کەسە نوێنەرانی هێڵی توودەئیزم و شێوەکاری عەشایری بووبن.

٣. د. هۆشمەند عەلی مەحموود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، س. پ، ل ٢٢٨. بۆ وێنە بڕوانە: لە فیتنە و پیلانگێڕانەوە بەرەو خیانەت و جینایەت، بانەمەڕی ١٣٦٨، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی تەبلیغات و چاپەمەنیی حدکا- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ؛ ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ڕاگەیاندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی، کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدکا، ژمارە ١٣٦، خاکەلێوەی ١٣٦٧/ ئاوریلی ١٩٨٨.

لەسەر دەکرد و خۆی پێ ئاڵاهەڵگری ئەم بایەخە لە نێو پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو.[1]

---

١. عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەم بارەیەوە دەڵێ: «بڕیاری بەکارهێنانی چەك بەدژی ئەو دۆستانە بە بڕیارێکی دروست دانانرێ. ئەو بڕیارە بوو بەهۆی شەڕی براکوژی و چەند پێشمەرگەی کوردی تێدا لە دەست چوون کە دەکرا لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ دوژمندا لە نێو چووبان.» عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی دووهەم، س. پ، ل ١٧٠. جێی ئاماژە پێکردنە کە لە نێوان حدکا و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) کە ڕێکخراوێکی چەپی مارکسی- لینینی بوو، بۆ ماوەی چەند ساڵ شەڕ و پێکدادان ڕووی دا. سەپاندنی ئیرادەی کۆمەڵە و حدکا لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەو ناوچانەی کە تێدا باڵادەست بوون و پێداگریی حدکا لە بە شۆڕشگێڕ ناساندنی لەلایەن کۆمەڵەوە بە پاساوی دوورپات نەبوونەوەی شەڕ، یارمەتیدەر بوو بۆ درێژە کێشانی ئەم شەڕە. بێجگە لەمانە تێگەیشتنی هەڵە لە مارکسیزم- لینینیزم و لەم سۆنگەیەوە لێکدانەوە بۆ حدکا وەك هێزێکی بوورژوازیی دژی پرۆلیتاریا لەلایەن کۆمەڵەوە، فاکتەرە سەرەکییەکانی هەڵایسانی ئەم شەڕە بوون. لەم پێوەندییەدا عەبدوڵڵا موهتەدی، یەکەم سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خوێندنەوەی بۆ ئەم شەڕە لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژییەوە بەم شێوەیە فۆرمولە دەکا: «ئێوە لە کوردستان تەنیا لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی سادە و دوو لایەنەی بوورژوازی و پرۆلیتاریا تووش نەهاتوون، بەڵکوو لەگەڵ سێ گۆشەیەکی سیاسی - جینایەتی بەرەوڕوون. سێ گۆشەیەك کە سەرێکی پرۆلیتاریا و دوو سەرەکەی تریشی بوورژوازی پێکی دێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەیەکی زەقە ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە ئێمە تەنیا بە ئامرازە سیاسییەکان دەتوانین - یا توانیومانە - کە پێش بە هێرشکاریی چەکدارانەی بوورژوازیی کورد لە کوردستان بگرین. دەستەبەر کردنی دۆخێکی دیاریکراوی لەم چەشنە لە خەباتی سیاسی و جینایەتی لە کوردستان پێویستی بە ئامادەبوونی تەواو بۆ بەرەنگاریی هەمە لایەنە لە بەرامبەر هەر ئاستێك لە دەستدرێژی (توندوتیژی)ی بوورژوازی هەیە و هەروەها پێویستی بە ڕەچاو کردنی جۆرێك سیاسەتی کرداری هەیە کە حیزبی دیموکرات بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە دەست بردن بۆ ئەم شێوازە بێ سوودە و بەپێچەوانەش پەشیمانی نەسیبی دەبێ.» نشریە کمونیست، ارگان مرکزی

«ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی مەوجوودییەتی خۆیدا «ڕێبازی بنەڕەتیی سیاسەتەکانی» لە دە خاڵدا فۆرموولە کردبوو، ئەو بنەمایانەی کە وەك ئەوان دەیانگوت حدکا لە زۆر بارەوە دەسکاری و پێشێلی کردبوون. جیابووەکان ڕێبەریی «حدکا»یان بە سازش لەگەڵ وڵاتانی ئیمپریالیستی و دژە شۆڕش؛ بایەخ نەدان بە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی؛ کەمڕەنگ کردنەوەی خەباتی دژە ئیمپریالیستی و بەگشتی هەنگاونان بەرەو ڕاستئاژۆیی تاوانبار دەکرد.[1]

هەڵوێستی ڕادیکاڵ و چەپاژۆی ئەم بەیاننامەیە وا دەکا کە لێکۆڵەری ڕووس، ژیگالینا ڕێبەرانی جیابوو بە «مارکسیی ئەرسەدۆکس»[2] ناوزەد بکا[3] و نادری ئینتسار لێکۆڵەری بە ڕەگەز فارس دەڵێ: «یەکیەتیی چەپ لە دەوری ئەندامە دەرکراوەکانی حیزبی دیموکرات کۆبوونەوە و بزووتنەوەیەکی نوێیان بەناوی «حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» دروست کرد.» ئەوان واتە

---

حزب کمونیست ایران، عبدالله مهتدی، تعرض مسلحانه به کومله نشان هراس و درماندگی بوورژوازی کرد، شماره ١٦- ٢٠ آذر ١٣٦٢.

١. جەلیل گادانی، س. پ، ل ٢٦.

٢. مارکسی ئەرسەدۆکسی بە مارکسیزمی سەرەتایی یان ئەریتی دەوترێ، بەپێی ئەم ڕوانگەیە تەنانەت دەبێ سەرنج بدرێتە وردەکارییەکانی وتەکانی مارکس و نابێ بە لەبەرچاو گرتنی پێداویستییەکانی سەردەم ئاڵوگۆڕیان تێدا بکرێ. بەگشتی لە مارکسیزمی ئەرسەدۆکسیدا، تایبەتمەندیی گەشەکردنی مێژوویی لەسەر بنەمای هاوکاریی خودی و زەینی (سوبژە و ئۆبژە) شوێنی خۆی دەگۆڕێ بۆ ئەندێشەی گەشەکردنی سروشتی لەسەر بنەمای یاسا سروشتییەکان. کارل کائوتووسکی (١٨٥٤- ١٩٣٨) و گێئۆرکی پلێخانۆف (١٨٥٦- ١٩١٨) لە بەناوبانگترین مارکسییە ئەرسەدۆکسییەکانن. حسین بشیریه، م. ق، ص ٢٤- ١٤٢؛ حسن علیزاده، م. ق، ص ٩٨.

٣. ژیگالینا، م. ق، ص ١٤٤.

چەپە غەیرە توودەیی‌یەکانی نێو حدکا، قاسملوو و بوورژوازیی کوردیان بە دوورکەوتنەوە لە دۆزی کورد تاوانبار دەکرد، ئەویش بەهۆی وازهێنانیان لە بنەما سەرەتایی‌یەکانی ئەو پارتە و حەز کردنیان لە بنیاتنانی سیاسەتێك کە مەبەستی ئاشت بوونەوەیەکی نیشتمانی بوو لەگەڵ بوورژوازیی نیشتمانیی فارس‌دا و لەگەڵ کۆماری ئیسلامی.[1]

لە یەکەم کۆنفرانسی «ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ»دا کە پووشپەڕی ١٣٦٧ (ژووئیەی ١٩٨٨) پێکهات و بە کۆنفرانسی چوارەم ناودێر کرا، ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنفرانس، حدکا بەم جۆرە پێناسە دەکا، کە بەرەو ڕێبازی سۆسیال دیموکراسیی ڕۆژاوا و سازش لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە ئیمپریالیستییەکان ڕۆیشتووە و کەوتۆتە خانەی ڕاست و دواکەوتووانە و سازش‌کارانەی جووڵانەوەی کوردستان.[2] ڕاپۆرت دووبارە پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە وڵاتانی سۆسیالیستی، جووڵانەوەکانی کرێکاریی جیهان و جووڵانەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی، هاوپەیمانی سروشتیی گەلی زوڵم لێ‌کراوی کوردن و ڕێبەریی حیزب دەبێ بۆ بە کرداری بوونی ئەم واقعیەتە هەنگاو بنێ.[3] لە بەرنامە و پێڕەوی پەسندکراوی کۆنفرانس‌دا دروشمی ستراتێژیکی هەر وەك بەرنامە و پێڕەوی پەسندکراوی کۆنگرەی هەشتەم مایەوە، واتە: «دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»، بەڵام ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە ماددەی دووهەمی فەسڵی یەکەم (ئامانجە گشتییەکان)دا پێکهاتبوو و بەم شێوەیە گۆڕابوو: «ئامانجی دوارۆژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

١. نادر ئینتسار، س. پ، ل ٩٥-٩٦.

٢. اسناد کنفرانس چهارم، حزب دمکرات کردستان ایران- رهبری انقلابی، ص ١٣-١٦.

٣. پیشین، ص ٢٩.

پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستییە»[١]، نەك «کۆمەڵێکی دیموکراتیکی سۆسیالیستی»، ئەمەش بە مانای ڕەتکردنەوەی «سۆسیالیزمی دیموکراتیك»ی پێناسەکراو لە «کورتەباس»دا بوو، کە لە کۆنگرەی شەشەمی حدکا (١٣٦٢/ ١٩٨٤) پەسند کرابوو.

ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە هەر ساڵێك دوای کۆنفرانسی چوارەمی (١٣٦٧/ ١٩٨٨) «ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» لە وڵاتانی سۆسیالیستی ڕووی دا (١٣٦٨/ ١٩٨٩) و بوو بەهۆی لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمی سۆسیالیستی لەم وڵاتانە، دەریدەخا کە ئەم گۆڕانکارییانە بەپێچەوانەی خوێندنەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بەرامبەر بە سۆسیالیزمی مەوجوود بوو، کە بە خاڵی سەرەکیی ناکۆکیی نێوان خۆی و «حدکا»ی دادەنا. کاتێك کە یەکیەتیی سۆڤیەت لە دیسامبری ١٩٩١دا لەبەریەکهەڵوەشا، ڕاپۆرتی کومیتە ناوەندیی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بۆ کۆنگرەی دەهەم، هۆکاری ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتی بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕاندەوە کە زۆر پێش لە ڕووخانی ئەو وڵاتە وەك کەموکووڕی لە سیستمی سۆسیالیستیدا لە «کورتەباس»دا ئاماژەی پێکرابوو[٢] و ئەوەش نیشاندەری تێڕوانینی واقعبینانەی «کورتەباس» بوو لە خوێندنەوە بۆ ڕەوتە جیهانییەکاندا.

---

١. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، پەسندکراوی کۆنفرانسی چوارەم، پووشپەڕی ١٣٦٧/ ژووئیەی ١٩٨٨.

٢. لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی دەیەمدا هاتووە: «حیزبی کۆمۆنیست و ڕێبەرەکانی لە یەکیەتیی سۆڤیەت بە کەلکوەرگرتن لە تەبلیغات و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و ڕۆژبەڕۆژیش توندوتیژ کردنیان، سەر پۆشیان لەسەر نارەسایی و کەموکوورییەکان دادەنا و بە دەمارگرژیی هەرچی زیاترەوە پێشی هەر چەشنە ڕیفورمێکیان دەگرت و تا ئەو جێگایەی لەبەر درێژە دانی سیاسەتە چەوتەکانیان،

لە بەرنامە و پێڕەوی پەسندکراوی هەمان کۆنگرەدا (کۆنگرەی دەهەمی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ) ئەم جارە ناوێك لە سۆسیالیزم نامێنێ و لە فەسڵی یەکەم و بەشی ئامانجە گشتییەکاندا «پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی» دەگۆڕدرێ بۆ «پێکهێنانی سیستمێکی دادپەروەری کۆمەڵایەتیی دوور لە چەوسانەوە»[1]، ئەوە لە کاتێکدا بوو حدکا کە لەلایەن «ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ»ەوە بە «ڕاست و ڕیفۆرمیست» پێناسە دەکرا، هەروا بە نەریتی سۆسیالیستیی خۆی پابەند بوو و لە بەرنامە و پێڕەوی پەسندکراوی کۆنگرەی نۆهەم (١٣٧٠/ ١٩٩١) و کۆنگرەی دەهەم (١٣٧٤/ ١٩٩٥)دا پێکهێنانی کۆمەڵێکی دیموکراتیکی سۆسیالیستی ئامانجی دوارۆژی ئەو حیزبە بوو[2].

بەم جۆرە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کە «حدکا»ی بە کەمتەرخەم بەرامبەر بە وڵاتانی سۆسیالیستی و ڕاست و ڕیفۆرمیست پێناسە دەکرد، خۆی ماڵاوایی لە پرەنسیپەکانی چەپ و سۆسیالیستی دەکا. دیارە هەرچەندە لە سەرەتای جیابوونەوەدا خاڵە ناکۆکە سەرەکییەکانی خۆی لەگەڵ حدکا بۆ ئەم پرەنسیپانە دەگەڕاندەوە، بەڵام دەردەکەوێ پێداگریی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لەسەر ڕادیکالیزم و چەپبوونی هەڵوێست و سیاسەتەکانی، زۆرتر بە مەبەستی تۆخکردنی هێڵە سنوورییەکانی خۆی و حدکا بووە،

---

ماڵەکەیان کە لە بناغەوە سەقفت بوو بە سەریاندا ڕووخا» ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حدکا- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بۆ کۆنگرەی دەیەم، ١١- ١٥ بانەمەری ١٣٧٢، ل ١٨.

١. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، پەسندکراوی کۆنگرەی دەیەم، بانەمەری ١٣٧٢/ مای ١٩٩٣، ل ١٩.

٢. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی نۆهەم، سەرماوەزی ١٣٧٠/ دیسامبری ١٩٩١. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی دەهەم، خاکەلێوەی ١٣٧٤/ ئاوریلی ١٩٩٥.

چونکە خاڵە هاوبەشەکانی هەر دوو لایەن وەك: مێژوو، سیمبولەکان، شەهیدەکان، بەرنامە و پێڕەو، ستراتێژی، دروشمەکان، ستراکتۆری حیزبی و چارتی ڕێکخراوەیی پاساوی سروشتی بوونی دوو حیزبی بەناوی هاوبەش لە هەمان کات‌دا جیاواز، لاواز دەکرد. کە وا بوو دابڕانەکە بۆ گیروگرفتی حیزبی و یەکتر تەحەمول نەکردن دەگەڕایەوە، نەك کێشەی ئایدۆلۆژی و فکری، هەر وەك لە یەکەم بەیاننامەی «ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ»دا هەوڵ دراوە لە چوارچێوەی سیاسی ـ فکری‌دا بیگونجێنێ. لە بنەڕەت‌دا وەلانانی سێ کەس پێویستی بە «لیستی فیکس» نەدەکرد، دیاردەیەك کە بۆ ڕێکخستنی حدکا بەتەواوی نامۆ و زوو بوو لە هەمان کاتیش‌دا کاندید نەکردنی سێ کەس نەدەبوو دابڕانێکی قورس و گرانی لێبکەوێتەوە، کە هەم بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بکا، بەجۆرێك کە خەباتی چەکدارانەی کوردیشی دوچاری پەرتەوازەیی و شپرزەیی کرد و هەم شوێنەواری نەرێنیی سایکۆلۆژیی لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێ، بەجۆرێك کە تووشی ناهومێدی و ورە دابەزین بن.

## باسی چوارەم: لێکهەڵوەشانی سیستمی سۆسیالیستی و حدکا

ساڵی ١٩٨٥ میخائیل گۆرباچۆف بە سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت هەڵبژێردرا و پێداگر بوو کە سۆڤیەت لەژێر سێبەری قورسی مێژوویی ستالین[1] و ئابووریی بەرەو پووکانەوە ڕزگار بکا. ئەو لە شەش مانگی یەکەمی ڕێبەری کردنی سۆڤیەتدا سیمایەکی تەواو جیاواز و نوێی لە شێوازی حوکمڕانی لە سۆڤیەت نیشانی جیهانییان دا،[2] گۆرباچۆف پرۆژەی چاکسازییەکانی لە دوو بواردا هێنایە ئاراوە: «پریسترۆیکا» کە لە زمانی ڕووسیدا بە مانای بونیاتنانەوە (نوژەن کردنەوە)یە و لە یەکیەتیی سۆڤیەت بە بونیاتنانەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگا دەگوترێ، بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا؛ «گلاسنۆست» کە بە مانای شەفافیەت دێ، مەبەست لێی دیموکراتیزە کردنی کەشوهەوای

---

١. ابل آقابگیان و دیگران، درباره پریسترویکا (مجموعه مقالات)، ترجمه: کاظم فرهادی، سیاوش مریدی، تهران، ١٣۶٨، ص ١١. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: میخائیل گورباچوف، پریسترویکا دومین انقلاب روسیه، مترجم: عبدالرحمان صدریه، چاپ هشتم، تهران، ١٣۶۶.

٢. عباسقلی غفاری، م. ق، ص ۶٠١- ۶٠٢.

سیاسییە کە پێویستیی بێ‌ئەملاوئەولای گەشەی ئابوورییە و تەواوکەری پریسترۆیکایە.[1]

حدکا بەرامبەر بەو چاکسازییانەی کە لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەکران، هەڵوێستی گرت و بە گەشبینییەوە دەیڕوانییە دەرەنجامی و لە نامیلکەیەکدا کە لەم بارەیەوە بلاوی کردەوە دەڵێ: «ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەو چاکسازی و ئاڵوگۆڕانە لە یەک دێڕدا کورت دەکرێتەوە ئەویش [بریتییە لە] پەرەسەندنی دیموکراسی و پێکهێنانی زەمینەی پێویست بە مەبەستی بەشداریی داهێنەرانەی کۆمەڵانی خەڵک لە ئیدارەکردنی وڵاتدا.»[2] نامیلکەی «گلاسنۆست» ئەم چاکسازییانەی وەک بەڵگە بۆ دروست بوونی ڕوانگەکانی «سۆسیالیزمی دیموکراتیک»ی پێناسە کراو لە «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم»دا هێناوەتەوە و لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ میخایل گۆرباچۆف و حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت و هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە دەخوازێ لە - بەرەوپێش بردنی ئامانجی پیرۆز و مەزنی دامەزراندنی دیموکراسیی سۆسیالیستی و «بونیاتنانەوەی کۆمەڵگای سۆسیالیستی بە مەبەستی وەدیهاتنی - ئارمانە

---

1. میخائیل گورباچوف، گلاسنوست، کمیسیون انتشارات کمیته مرکزی «حدکا»، اسفند ماه ١٣٦٥ (١٩٨٧)، ص ٦

2. لە «کورتەباس»دا هاتبوو: «ئایا لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا تاک دەتوانێ ڕای خۆی لەسەر سیاسەتی دەسەڵات دەربڕێ و ئەم ڕایە لە کۆمەڵدا بلاوبکاتەوە؟ بەداخەوە دەبێ بڵێین لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا ئەم دیموکراسییە بوونی نییە.» کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم، ل ٢١. بەڕێکەوت نییە کە گورباچۆف دەڵێ: «دەبێ لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا یاساگەلێک پەسند بکرێ کە تاک بتوانێ بەرامبەر بە دەزگا دەوڵەتییەکان بەرگری لە مافی خۆی بکا و دەبێ لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی یەکیەتیی سۆڤیەتدا، دیموکراسی پەرە بستێنێ». میخائیل گورباچوف، گلاسنوست، ل ٢.

ئینسانییەکانیە.[١] هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتە ناوەندیی حدکا لە چەند ژمارەی خۆیدا و لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی حەوتەم (١٣٦٤/ ١٩٨٥)، ئاوڕیان لەو مەسەلەیە داوەتەوە و گرینگیان پێداوە.[٢]

سالی ١٩٨٩ هەوڵە بەگوڕوتینەکانی گۆرباچۆف بۆ زیندوو کردنەوە و ئازاد کردنی سیستمی یەکیەتیی سۆڤیەت، هانی دا کە ئەو ئاماژەیە بدا بە ئورووپای ڕۆژهەلات کە لەو ولاتانەش چاکسازیی دیموکراتیك دەکرێ. ئەو پەیامە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو و لە ماوەی چەند مانگێکدا ڕژیمە کۆمۆنیستەکان لە سەرانسەری ئورووپای ڕۆژهەلاتیش ڕووخان و دیواری بێرلین تێکدرا (نوامبری ١٩٨٩) و ئالمان سەرلەنوێ یەکی گرتەوە.[٣]

---

١. میخائیل گورباچوف، گلاسنوست، ل ٢.

٢. بڕوانە: کوردستان، کۆنگرەی بیست و حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت، ژمارە ١١٢، خاکەلێوەی ١٣٦٥/ ئاوریلی ١٩٨٦؛ کوردستان، نوێ کردنەوە لە یەکیەتیی سۆڤیەت، ژمارە ١٣٢، خەزەڵوەری ١٣٦٦/ نوامبری ١٩٨٧؛ کوردستان، گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە، ژمارە ١٣٩، بووشپەری ١٣٦٧/ تەمووزی ١٩٨٨؛ کوردستان، قەیران لە ڕێکخراوە چەپەکاندا، ژمارە ١٤٨، خاکەلێوەی ١٣٦٨/ ئاوریلی ١٩٨٩؛ کوردستان، ڕۆژی گەشینی لە بارەی دوارۆژەوە، ژمارە ١٤٩، بانەمەڕی ١٣٦٨/ مای ١٩٨٩؛ کوردستان، ئاوڕێك بۆ سەر ڕووداوەکانی ولاتانی سۆسیالیستی، ژمارە ١٥٤، ڕەزبەری ١٣٦٨/ ئۆکتوبری ١٩٨٩؛ کوردستان، پرێسترۆیکا لە بەرامبەر ئەزموونێکی مێژووییدا، ژمارە ١٥٨، ڕێبەندانی ١٣٦٨/ فیوریەی ١٩٩٠؛ کوردستان، پرێسترۆیکا لە مەترسیدا، ١٦٩، بەفرانباری ١٣٦٩/ ژانویەی ١٩٩١؛ ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی حەوتەمی حدکا، سەرماوەزی ١٣٦٤/ دیسامبری ١٩٨٥.

٣. ڕۆزا لیندرۆزتبێرگ، س. پ، ل ٤٧٢.

هەوڵەکانی گۆرباچۆف بۆ چاکسازی لەگەڵ بەرەنگاریی کۆنەپارێزەکانی نێو حیزبی کۆمۆنیست بەرەوڕوو بوون. دواجار کۆنەپارێزەکان لە ١٩ی مانگی ئابی ١٩٩١دا ئەنجومەنێکی ولاتیان پێکهێنا و باری نائاسایییان ڕاگەیاند و بانگەشەیان کرد بۆ ڕزگاریی ولات لە مەترسیی لەبەریەکهەڵوەشان و دابەش بوون، هەموو دەسەلاتیان بەدەستەوە گرتووە. بەلام بەربەرەکانی بووریس یەلتسین (١٩٣١ _ ٢٠٠٧)، ڕێبەری تازە هەڵبژێردراوی کۆماری ڕووسیە هەوڵەکانی کودەتاچییەکانی پووچەڵ کردەوە و گۆرباچۆف سەرلەنوێ دەسەلاتی بەدەستەوە گرتەوە.[١] گەڕانەوەی گۆرباچۆف زۆری نەخایاند و لە ٢٦ی دیسامبری ١٩٩١دا یەلتسین شوێنی گرتەوە[٢] و بەم جۆرە یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتیی ٧٤ ساڵە، بە مردوو داندرا. ڕێبەرانی نوێی ڕووسیە و دەوڵەتانی دیکەی جێنشین، بەخێرایی سۆسیالیزمیان ڕەت کردەوە و وەفاداریی خۆیان بۆ کاپیتالیزم، نەتەوەخوازی و گەلسالاری ڕاگەیاند.[٣]

لەبەریەکهەڵوەشانی سۆسیالیزمی مەوجوود زۆر لە هێز و ڕەوتە چەپەکانی لە سەرانسەری جیهاندا ڕاچڵەکاند و بەشێکیانی تووشی سەرلێ شێواوی و ناهومێدی کرد، بەجۆرێک کە تەنانەت هەندێکیان بەلای ڕاستدا دایانشکاند، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کە سۆسیالیزمی مەوجوود لەلایان شێوازێکی پیرۆزبوونی بەخۆوەگرتبوو. شوێنەواری ئەم ڕووداوە لەسەر حدکا و هەڵوێستی ئەم حیزبە بەرامبەر بەم ئاڵوگۆڕانە چۆن بوو؟

لەبەریەکهەڵوەشانی سۆسیالیزمی مەوجوود بۆ حدکا ڕووداوێکی لەناکاو و سەرسوڕهێن نەبوو، حدکا زۆر پێشتر مەترسیی جیددیی کەم

---

١. عباسقلی غفاری، م. ق، ص ٤٠٢.

٢. پێشین، ص ٤٠٢.

٣. ڕۆزا لیندرۆزێنبێرگ، س. پ، ل ٤٧٢.

وکووڕییەکانی «سۆسیالیزمی مەوجوود»ی بۆ سەر ئەم سیستمە مەزەندە کردبوو. لە «کورتەباس»دا لەسەر سۆسیالیزم هاتووە: «هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر ئیمکان بدرێ خەڵک بە ئازادی ڕای خۆیان دەربڕن، گیروگرفتەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی باشتر چارەسەر دەکرێن و سۆسیالیزم نەك لە مەترسی ناکەوێ، بەڵکوو زۆریش قازانج دەکا.»[1] هەروەها حدکا ئەم ئاڵوگۆڕانە لە وڵاتانی سۆسیالیستیی پێشوو وەك سەرکەوتنی دیموکراسی شرۆڤە دەکا و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: «لووتکەی سەرکەوتنی دیاردەی دیموکراتیزاسیۆن کە بەتایبەتی لە دە ساڵی ڕابردوودا ڕەوتێکی ڕوو بە گەشەی لە جیهاندا بە خۆیەوە بینیوە دەبێ لەم ئاڵوگۆڕانەی وڵاتانی سۆسیالیستیدا سەیر بکرێ.»[2] هەروەها پێی وایە یەکێك لە ئاکامەکانی سەرکەوتنی دیموکراسی لە وڵاتانی سۆسیالیستیی پێشوو ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژی، واتە دەسەڵاتێك کە لەسەر تەوەری بیروباوەڕێکی فکری و ئایینی پێکهاتبێ بەکردەوە لەگەڵ دیموکراسی و بنەماکانی دیموکراتیەت ناکۆك دەبێ.[3]

پێکهاتنی کۆنگرەی نۆهەمی حدکا (٣٠ی سەرماوەز بۆ ٦ی بەفرانباری ١٣٧٠/ ٢١ - ٢٧ دیسامبری ١٩٩١) هاوکات بوو لەگەڵ لووتکەی ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی، واتە لەبەریەکهەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت (٢٥ی دیسامبری ١٩٩١). لە ڕووی سیاسییەوە ئەم ڕووداوە بوو بەهۆی ئەوەی کە دابەش کردنی جیهان بەسەر دوو بەرەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات یان سەرمایەداری و سۆسیالیستیدا فۆرم و شێوازی ڕابردووی

---

١. کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم، ل ٢٢.

٢. اسناد کنگره نهم حدکا (کنگره قاسملو)، گزارش سیاسی کمیته مرکزی به کنگره، دیماه ١٣٧٠/ دسامبر ١٩٩١، ص ١٥.

٣. پێشین، ص ١٥.

ئەمێنێ و قۆناغی شەڕی سارد، واتە کێبەرکێی هەمە لایەنەی نێوان ئەو دوو بەرەیە کۆتایی پێبێنێ،[١] هەروەها خێرا بوونی ڕەوتی جیهانی بوون، سەرکەوتنی ئابووریی ئازاد، شۆڕش لە تێکنۆلۆژیی زانیاری و پێوەندی گرتن، پەرەسەندنی دیموکراسی، گەشەی ناسیۆنالیزم و پەیدا بوونی دەیان وڵاتی تازە لەسەر نەخشەی جوغرافیا و زۆر ئاڵوگۆڕی دیکە[٢] سیمای جیهانیان گۆڕیبوو.

کۆنگرەی نۆهەمی حدکا بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕە نوێیانە کە لە سیستمی جیهاندا پێکهاتبوون، بە بەرنامە و پێڕەوی نێوخودا دەچێتەوە و هەوڵ دەدا خۆی لەگەڵ پێوەر و دۆخی سیستمی نوێی نێونەتەوەیی بگونجێنێ و ئەم ئاڵوگۆڕانەی لە بەرنامە و پێڕەودا پێکهێنا:

| بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی پەسندکراوی کۆنگرەی هەشتەم (١٩٨٨) | بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی نۆهەم (١٩٩١) |
|---|---|
| ١. سەردەمی ئێمە سەردەمی سەرکەوتنی دیموکراسی لە سەرانسەری جیهان، سەردەمی پەیدا بوون و پەرەگرتنی سۆسیالیزم و گەشە کردنی هێزە دیموکرات و ئازادیخوازەکانە لە جیهاندا.<br>٢. شۆڕشی پڕ شکۆی ئێران ئاکامی سروشتی ئەو وەزعە ئالەبارە و دژکردەوەی بێئەملاوئەولای خەڵک بەدژی دیکتاتوریەتی پادشایەتی و | ١. سەردەمی ئێمە سەردەمی سەرکەوتنی دیموکراسی و سەردەمی گەشە کردنی هێزە دیموکرات و ڕزگاریخوازەکانە لە جیهاندا.<br>٢. شۆڕشی پڕ شکۆی ئێران ئاکامی سروشتی ئەو وەزعە ئالەبارە و دژکردەوەی بێئەملاوئەولای خەڵک بەدژی دیکتاتوریەتی پادشایەتی و بەستراوەیی ئەو ڕژیمە بە ئیمپریالیزم بوو. |

١. اسناد کنگرە نهم حدکا، گزارش سیاسی کمیتە مرکزی، م. ق، ص ١١.
٢. سمایل بازیار، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک، ل ٢٠.

| | |
|---|---|
| بەستراوەیی ئەو ڕژیمە بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بوو.<br>٣. حدکا لە خەباتی ڕزگاریخوازیی هەموو گەلان دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و دژی ڕژیمە زۆردار و کۆنەپەرستەکان پشتیوانی دەکا و لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتی گەلانی ولاتانە.<br>٤. دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران سیاسەتێکی دەرەوەی بێلایەن (غیرمتعهد) و سەربەخۆ بگرێتە پێش و لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی یەکتر و مافی دەسەڵاتی نیشتمانی و دەسوەرنەدان لە کاروباری یەکتر پێوەندی دابمەزرێنێ و لەگەڵ ولاتانی سۆسیالیستی و ئەو ولاتانە کە سیاسەتێکی دیموکراتیکی و دژە ئیمپریالیستییان هەیە، پێوەندیی دۆستانە پێکبێنێ.[1] | ٣. حدکا لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی جیهان بۆ ڕزگاری و بەدژی ڕژیمە زۆردار و کۆنەپەرستەکان پشتیوانی دەکا و لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتی گەلانی هەموو ولاتانە.<br>٤. دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران سیاسەتێکی دەرەوەی بێلایەن (غیرمتعهد) و سەربەخۆ بگرێتە پێش و لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی یەکتر و ناسینی مافی دەسەڵاتی نیشتمانی، پێوەندی دابمەزرێنێ و لەگەڵ ولاتانی پێشکەوتنخواز و دیموکرات و ئەو ولاتانەی کە ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دادەنێن پێوەندیی دۆستانە پێکبێنێ.[2] |

لە بەشی پێڕەوی نێوخۆ، لە ماددەی یەکەم، ناو و نێوەڕۆکی حیزب، خاڵی سێهەم کە بریتی بوو لە: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا لە «تیۆری زانستیی پەرەئەستاندنی کۆمەڵ

١. بڕوانە: بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی هەشتەم، ڕێبەندانی ١٣٦٦/ ژانویەی ١٩٨٨.

٢. بڕوانە: بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی نۆهەم، بەفرانباری ١٣٧٠/ دیسامبری ١٩٩١.

پەیڕەوی دەکا،[1] ئەم خاڵە کە لە کۆنفرانسی سێهەمەوە (١٣٥٠/ ١٩٧١) لە پێڕەوی نێوخۆدا مابوو، لابرا کە لێکدانەوەیەکی مارکسی بوو لەسەر پەرەئەستاندنی کۆمەڵ، کە بەپێی یاساگەلێك کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕەوتی گەشەی خۆی بۆ دوا مەنزڵگەی مێژوو، واتا قۆناغی «کۆمۆنیزم» دەپێوێ.

حدکا هەروا بە نەریتی سۆسیالیستیی خۆی وەفادار مابووە و «ئامانجی دوارۆژی پێکهێنانی کۆمەڵێکی دیموکراتیکی سۆسیالیستی»[2] بوو. تەنانەت سادق شەرەفکەندی،[3] جێنشینی قاسملوو کە پاش کۆنگرەی نۆهەمی حدکا بەڕەسمی بوو بە سکرتێری گشتی و لە ڕابردوودا لە ململانێی نێوان دوو هێڵی فکریی چەپی ڕادیکاڵ و چەپی دیموکرات‌دا پشتیوانی بێ ئەملاوئەولای چەپی دیموکرات بوو، کە قاسملوو نوێنەرایەتیی دەکرد،[4]

1. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی هەشتەم، س. پ.
2. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی نۆهەم، س. پ.
3. سادق شەرەفکەندی، ناسراو بە د. سەعید لەدایكبووی ١٣١٦ (١٩٣٧) لە گوندی تەرەغەی سەر بە شاری بۆکانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دوکتورای لە کیمیا لە فەرانسە بەدەست هێناوە، مامۆستای زانکۆ بووە لە تاران. لە ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٣) بۆتە ئەندامی حدك. لە کۆنگرەی چوارەمەوە تا کۆنگرەی هەشتەم ئەندامی دەفتەری سیاسی حدکا بووە لە پاش کوژرانی قاسملوو وەك جێنشینی ئەو، بوو بە سکرتێری گشتی و لە کۆنگرەی نوهەم (١٣٧٠/ ١٩٩١) بەڕەسمی بوو بە سکرتێری گشتیی حدکا. ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) لە بێرلینی ئاڵمان تیرۆر کرا. کوردستان، ژمارە ١٩٠، ڕەزبەری ١٣٧١/ ئۆکتۆبری ١٩٩٢. بۆ زانیاریی پتر لەسەر ژیان و تێکۆشانی سیاسیی سادق شەرەفکەندی، بڕوانە: د. هۆشمەند عەلی مەحموود، محەممەدسادق شەرەفکەندی ژیان و تێکۆشانی سیاسی (١٩٣٧- ١٩٩٢)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، بڵاوکراوەی زانکۆی کۆیە، ژمارە ٣٦، ٢٠١٦.
4. ئیسماعیل بازیار، دوکتۆر سەعید سیمای تێکۆشەرێکی نەتەوەیی و چەپێکی دیموکرات، گۆڤاری تیشك، ژمارە ١١.

بوونی حیزبێکی سۆسیالیستیی گەورە بۆ ئێران بە پێویست دەزانی.[1] ئەم ئاڵوگۆڕانەش زۆرتر بە مەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ سیستمی نوێی ئێونەتەوەیی بوو، کە لە پاش هەڵوەشانی سۆسیالیزمی مەوجوود هاتبووە ئاراوە. حدکا بەتایبەتی لە بەشی پێڕەوی نێوخۆ و ستراکتوری ڕێکخستنی حیزبدا هەروا لەژێر کاریگەریی کلیشەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی سەردەمی جیهانی دووجەمسەریدایە.

لەبەریەکهەڵوەشانی سۆسیالیزمی مەوجوود و پاشەکشەی هێزە چەپەکان لە هەموو جیهان، کۆتایی بە تەمەنی تێڕوانینی چەپی ڕادیکاڵ ـ هەرچەندە بەتەواوی بێ‌توانا ببوو ـ لە نێو «حدکا»دا هێنا. ئەو ڕەوتەی کە پاساوی دوو دابڕانی لە حدکا لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ لە هەڵوێستە چەپئاژۆ و ڕادیکاڵەکانی وەردەگرت. لە هەمان کاتدا ئەم ئاڵوگۆڕە یارمەتیدەرێک بوو بۆ تێڕوانینی چەپی دیموکراتی نێو حدکا کە سیاسەت و ڕێبازی خۆی جێگیر و پتەو بکا.

حوسێن بەشیریە، مامۆستای زانستی سیاسی، حیزبە سیاسییەکان بە چوار دەستەی سەرەکی دابەش دەکا:

١. حیزبە سیاسییەکانی ڕاستی دیموکرات، وەک حیزبە لیبڕاڵ و کۆنسێرڤاتیڤ (کۆنەپارێز)ەکان و دیموکراتە مەسیحییەکان.

٢. حیزبە سیاسییەکانی چەپی دیموکرات، وەک حیزبە سۆسیال دیموکرات و کرێکارییەکان.

٣. حیزبە ڕاستە دەسەڵاتخوازە تۆتالیتارەکان، وەک حیزبە فاشیست و نەتەوەیی‌یەکان.

---

١. سعید رهنما، حزب دمکرات کردستان و تحولات چپ در ایران، مصاحبه با صادق شرفکندی، مهرگان، نشریه سیاسی- فرهنگی، سال دوم، شماره ٣، پائیز ١٣٧٢، ص ٧٣.

٤. حیـــزبە چەپە دەســـەڵاتخوازە تۆتالیتارەکـــان، وەك حیـــزبە کۆمۆنیستەکان.[١]

ئەگەر ئەم پۆلێن بەندییەمان پەسند بێ، حدکا لە دوای پەسند کردنی سۆســیالیزمی دیموکراتیــك (١٣٦٢/ ١٩٨٣) و ڕەچــاو کردنــی لە ڕادەی ویژمان و ستراتێژیی درێژخایەنی سیاسی‌دا، بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوی «ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست»دا (١٣٧٥/ ١٩٩٦) و دەسکاری کردنی بەرنامە و پێڕەوی خــۆی لە کــۆنگرەی نــۆهەمدا (١٣٧٠/ ١٩٩١)، بە مەبەســتی خۆگونجاندن لەگەڵ سیستمی نێونەتەوەیی نوێی دوای نەمانی جیهانی دووجەمســەری و شەڕی سارد، لە خانەی حیزبە سیاسییەکانی چەپی دیموکرات‌دا جێ‌دەگرێ.

---

١. حسین بشیریه، آموزش دانش سیاسی (مبانی علم سیاست نظری)، م. ق، ص ١٦٦.

## ئەنجام

١. بیری چەپ لە ڕێگەی جۆراوجۆر وەك بزاڤی سۆسیال دیموکراسی، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی توودەی ئێران و هاتنی هێزەکانی سپای سوور بۆ ئێران و پشتیوانییان لە کۆماری کوردستان هاتۆتە کوردستان.

٢. بانگەشەی چەپ بۆ دادپەروەری و نەهێشتنی هەر چەشنە ستەمێك و ڕزگار بوونی بەشێکی ناوچە کوردییەکان لەژێر ستەمی دەوڵەتی ناوەندی، لە ئەنجامی هاتنی سپای سوور، سەرنج و پێشوازیی ڕووناکبیران و بەشێکی دەستەبژێری کوردی لە بیری چەپ لێکەوتەوە.

٣. یەکەم ڕێکخراوەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی ئازادیی کوردستان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ك) کە پێناسی نەتەوەیی ـ ئایینییان لەلایەن هێندێك لێکۆڵەرەوە پێدرابوو، بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەریی بیر و ئەندیشەی چەپیان بەسەرەوەیە.

٤. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر داروپەردووی ژ. ك دامەزرا. بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕێبەرانی حدك بەرنامەی ئەم حیزبە ڕادیکاڵیزمی «ژ. ك»ی پێوە دیار نییە و بە بەراورد لەگەڵ حکوومەتی میللیی ئازەربایجان؛ کۆماری کوردستان، هەنگاونانی بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی، خۆپارێزانە بوو. خاوەن تێڕوانینە چەپەکان کە

لە «ژ. ك»دا دەسڕۆیشتوو بوون لە «حدك»دا خراونەتە پەراوێزەوە و گوتاری نەتەوەیی باڵادەستە.

٥. لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، حیزبی توودە لە بووژانەوەی «حدك»دا یارمەتیدەر بوو، لەم سۆنگەیەوە توانی بەهۆی کەمئەزموونیی ئەو لاوانەی کە بۆ بووژانەوەی حدك هەوڵیان دەدا، ئەم حیزبە بخاتە ژێر باڵی خۆی و سیاسەتەکانی خۆی پێ دیکتە بکا، دواجار بەکردەوە حدك وەك لقی کوردستانیی ئەم حیزبە چالاکیی دەکرد و بەهۆی بەرجەستەبوونی ناتەبایی چینایەتی و هاندانی حیزبی توودە بۆ دوورکەوتنەوە لە پرسی نەتەوەیی، دروشمە نەتەوەیییەکان کاڵ دەبنەوە.

٦. سەردەمی دەسەڵاتداریی محەممەدی موسەددیق هەلێکی لەبار بوو بۆ حدك تا ڕێکخراوەکانی گەشە بکەن و پەرە بستێنن و لە ڕووداوەکانی وەك: هەڵبژاردنی خولی حەڤدەهەمی پارلمان، ڕاپەڕینی جووتیاران و ڕیفراندۆمی هەڵوەشانی پارلماندا، ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێ.

٧. شکستی ستراتێژیکیی حیزبی توودە لە ئەنجامی کودەتا لە دژی موسەددیقدا، کە بوو بەهۆی بێشوێنەوار بوونی ئەم حیزبە لە کۆمەڵگای ئێرانیدا، ئەو هەلەی بۆ بەشێك لە ئەندامانی ڕیبەریی حدك ڕەخساند کە چیتر هەیمەنەی حیزبی توودە بەسەریانەوە پەسند نەکەن و گرینگی بە پرسی نەتەوەیی بدەن تاکوو پرسی چینایەتی؛ ئەمە بوو بەهۆی ململانێی نێوان دوو باڵی چەپ و ڕاستی نێو حدك.

٨. گواستنەوەی سەرکردایەتی و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حدك بۆ باشووری کوردستان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی لە عێراق، دابەشبوونی ئەوانی بەسەر باڵە ناکۆکەکانی نێو پارتی دیموکراتی کوردستان و ململانێی نێوان پارتی و حیزبی «شیوعی»دا لێکەوتنەوە و

ئەمە توندبوونی ململانێی نێوان باڵی چەپ و ڕاستی نێو «حدك»ی پتر کرد، بەجۆرێك کە لەسەر لێكترازانی ڕیزەکانی کاریگەریی هەبوو.

٩. کۆنگرەی دووهەمی حدك لە باشووری کوردستان یەكلا کردنەوەی ململانێی نێوان باڵی چەپ و ڕاستی نێو حدك بوو، کە تێیدا باڵی ڕاست سەرکەوت و بە پێداگری لەسەر بەرجەستە بوونی پرسی نەتەوەیی؛ مەترسیی قووت‌دانی حدك بەهۆی حیزبی توودەوە ڕەوییەوە.

١٠. هاتنی توێژی خوێندکار بۆ نێو ڕیزەکانی حدك کە هەڵگری دوو تایبەتمەندیی ڕادیکاڵیزم و ئارمانخوازی بوون، مۆرکی خۆیان لە قۆناغەکانی داهاتووی مێژووی حدك دەدەن.

١١. ململانێی دوو باڵی چەپ و ڕاست بوو بەهۆی جیابوونەوەی باڵی چەپی حدك کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی فکریی ماویزم و گوتاری شۆڕشگێڕی و باوی ئەو سەردەم (چەپی نوێ) و بە چاو لێکەریی ئەزموونی شۆڕشی چین لە ساڵی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێخست.

١٢. کۆنفرانسی سێهەم و بەدوای‌دا کۆنگرەی سێهەم ئاشت بوونەوەی حدك بوو لەگەڵ بیری چەپ، کە ماوەی نزیك بە دە ساڵ بوو لێی دوورکەوتبۆوە: حدك بوو بە خاوەن بەرنامە و پێڕەوێکی کۆنکرێت. سیاسەتی ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی گونجاو لە بەرنامەدا گوزارشتی لە چەپێکی ڕادیکاڵ دەکرد و پێڕەوی نێوخۆش کۆپیی پێڕەوی حیزبە کۆمۆنیستەکان بوو. پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی بۆ یەکەم جار لە بەرنامەی «حدك»دا وەك ئامانجی دوارۆژ دیاری کرا، باڵی ڕاستی حدك بە یەکجاری چووە پەراوێزەوە و کۆتایی بە ململانێی ئەو دوو باڵە هات، کە وەك هێڵێکی سووری ململانێ لە دامەزراندنی «ژ. ك»ەوە بە مێژووی ئەم

حیزبەدا تێدەپەڕی. لەوە بەدوا ململانێی فکری لە نێو «حدك»دا تایبەت بوو بە لایەنگرانی چەپی ڕووسی و چەپی دیموکرات.

١٣. بێ‌هیوا بوونی حیزبی توودە لە ڕاکێشانی حدکا بە ئاراستەی سیاسەتەکانی‌دا بەتایبەت لە دوای شۆڕشی ئێران، دابڕانی باڵی چەپی توودەیی نێو «حدکا»ی لێکەوتەوە.

١٤. بە هێنانە گۆڕی سۆسیالیزمی دیموکراتیك، کە خوێندنەوەیەکی نوێ بوو بۆ سۆسیالیزم، حدکا سنووربەندیی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود، ستالینیزم و توودەئیزم کرد و دواجار بە چوونە نێو ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست؛ بەکردەوە بەرەو ڕێبازی سۆسیال دیموکراسی هەنگاوی نا.

١٥. نارازی بوون بە سۆسیالیزمی دیموکراتیك، بە سنووربەندی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود، ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و شێوازی غەیرە دیموکراتیکی بەڕێوەبەری و ئیدارەی حیزب، پاساوی «ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» و چەپە ڕادیکاڵەکان بۆ دابڕان لە حدکا بوو.

١٦. لەبەریەك‌هەڵوەشانی سۆسیالیزمی مەوجوود و نەمانی جیهانی دووجەمسەری ڕادیکاڵیزمی بەرنامەی «حدکا»ی کەمڕەنگ کردەوە، بەڵام لە نەریتی سۆسیالیستی دووری نەخستەوە و لە خانەی حیزبە سیاسییەکانی چەپی دیموکراتیك‌دا مایەوە.

## سەرچاوەکان

### ١ ـ سەرچاوە کوردییەکان

**یەکەم: بەڵگەنامەکان:**

**بڵاونەکراوەکان:**

**بە زمانی کوردی:**


١ـ نامەی دوکتۆر عەبدوڕڕەحمان قاسملوو بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا، ١٩٧٩.


**بڵاوکراوەکان:**

**(١) بە زمانی کوردی:**


١. بڕیارەکانی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

٢. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی نۆهەم، سەرماوەزی ١٣٧٠/ دیسامبری ١٩٩١.

٣. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی هەشتەم، ڕێبەندانی ١٣٦٦/ کانوونی دووهەمی ١٩٨٨.

٤. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی پێنجەم، سەرماوەزی ١٣٦٠/ دیسامبری ١٩٨١.

٥. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی دەهەم، خاکەلێوەی ١٣٧٤/ نیسانی ١٩٩٥.

٦. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی دەهەم، ١٣٦٠/ ١٩٨١.

٧. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەم، کۆمیسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی کومیتەی ناوەندیی حدکا، ڕەشەمەی ١٣٥٨/ شوباتی ١٩٨٠.
٨. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حدکا - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، پەسندکراوی کۆنگرەی دەیەم، ١٣٧٣.
٩. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، پەسندکراوی کۆنفرانسی چوارەم، پووشپەڕی ١٣٦٧/ ژووئیەی ١٩٨٨.
١٠. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پەسندکراوی کۆنگرەی شەشەم، ڕێبەندانی ١٣٦٢/ شوباتی ١٩٨٤.
١١. د. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کورتە مێژووی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بڵاوکراوەی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٦٨.
١٢. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حدکا - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بۆ کۆنگرەی دەیەم، ١١ - ١٥ بانەمەڕی ١٣٧٣.
١٣. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی حەوتەمی حدکا، سەرماوەزی ١٣٦٤/ دیسامبری ١٩٨٥.
١٤. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەم، ساڵی ١٣٥٣.
١٥. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، شی کردنەوەی «کورتەباس»، ١٣٦٣.
١٦. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی کومیتەی ناوەندیی حدکا، گەلاوێژی ١٣٦٢.
١٧. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کورتەیەك لە مێژووی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە ٢٧، ١٣٦٨.
١٨. کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، ڕەزبەری ١٣٥٢/ سێپتامبری ١٩٧٣.

(٢) بە زمانی فارسی:

١. اسناد کنفرانس چهارم، حزب دمکرات کردستان ایران - رهبری انقلابی.

٢. اسناد کنگره چهارم، حزب دمکرات کردستان ایران، کمیسیون انتشارات و تبلیغات کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران، اسفند ١٣٥٨/ فوریه ١٩٨٠.
٣. اسناد کنگره نهم حدکا (کنگره قاسملو)، گزارش سیاسی کمیته مرکزی به کنگره، دی‌ماه ١٣٧٠/ دسامبر ١٩٩١.
٤. اسناد کنگره نهم، حدکا گزارش سیاسی کمیته مرکزی.
٥. اسناد کنگره هفتم حدکا (٢٦ ـ ٢٩ آذرماه ١٣٦٤)، کمیسیون انتشارات کمیته مرکزی حدکا، اسفند ماه ١٣٦٤.
٦ اعلام مواضع بخشی از رهبری حزب دمکرات کردستان ایران (پیروان کنگره چهارم).
٧. برنامه و اساسنامەی حدك (ایران)، مصوب کنفرانس سوم، ١٣٥٠/ ١٩٧١.
٨. حزب دمکرات کردستان ایران ـ دفتر سیاسی: اطلاعیه دربارەی خیانت گروه ٧ نفری، ١٣٥٩/٢/٢٨.
٩. سخنرانی میشل روکار در کنگره اینترناسیونال سوسیالیست، لیما (پرو)، خرداد ١٣٦٥.
١٠. میخائیل گورباچوف، گلاسنوست، کمیسیون انتشارات کمیته مرکزی حدکا، اسفند ماه ١٣٦٥/ ١٩٨٧.
١١. نخستین مرامنامه حزب توده ایران، راه توده، شماره ٣٤٧، ١٩ دی‌ماه ١٣٩٠.
١٢. نورالدین کیانوری، مواضع ما درباره شوراها، مسئلەی کردستان و جبهه متحد خلق، پرسش و پاسخ، شماره ٦ بهمن ماه ١٣٥٨.

**دووهەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

**بە زمانی کوردی:**

**یەکەم/ گۆڤارەکان:**

١. ئۆرگانی سازمانی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، جەعفەر شەفیعی، حیزبی دیموکرات، سۆسیالیزم یا سەرمایەداری؟ کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم، پێشڕەو، ژمارە ١٠، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٦٣/ ١١ی دیسامبری ١٩٨٤.

٢. ئیدریس ئەحمەدی، لە هێنگلەوە هەتا قاسملوو، تیشک، گۆڤاری سیاسی - ڕۆشنبیری گشتیە، ژمارە ٢١، کۆمیسۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا، ١٣٨٧.
٣. ئیسماعیل بازیار، چەپ و هەڵوێستی ئێمە، تیشک، گۆڤاری سیاسی - ڕۆشنبیری، ژمارە ١، هەولێر، ١٣٧٥.
٤. ئیسماعیل بازیار، خوێندنەوەیەکی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧، تیشک، گۆڤاری سیاسی - ڕۆشنبیری، ساڵی نۆیەم، ژمارە ١٩، ١٣٨٦.
٥. ئیسماعیل بازیار، گرینگیی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کۆمەڵگای ئێراندا، تیشک، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حدکا، ساڵی دووهەم، ١٣٧٨.
٦. ئینقلابی گەورەی ئۆکتۆبر، نیشتمان، ژمارە ٥، ساڵی یەکەم، ڕێبەندانی ١٣٢٣.
٧. ئیسماعیل بازیار، دوکتور سەعید سیمای تێکۆشەرێکی نەتەوەیی و چەپێکی دیموکرات، تیشک، گۆڤاری سیاسی - ڕۆشنبیری، ژمارە ١١، هەولێر، ٢٠٠٠.
٨. ئامانجی ئێمە، نیشتمان، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی ١٣٢٢/ تەمووزی ١٩٤٣.
٩. ئێمە و مەردم، نیشتمان، ژمارە ٢، ساڵی یەکەم، خەزەڵوەری ١٣٢٢.
١٠. بلاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، کوردستان، ژمارە ١، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤/ ٦ی دیسامبری ١٩٤٥.
١١. د. هۆشمەند عەلی، ئیسماعیل عەبدوڕڕەحمان سەعید، غەنی بلووریان، ژیان و تێکۆشانی سیاسی (١٩٢٤ - ٢٠١١) لێکۆڵینەوی مێژوویی، ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٤، هەولێر.
١٢. د. هۆشمەند عەلی مەحموود، سادق شەرەفکەندی، ژیان و تێکۆشانی سیاسی (١٩٣٧ - ١٩٩٢)، زانکۆی کۆیە، بلاوکراوەی زانکۆی کۆیە، ژمارە ٣٦، ٢٠١٦.
١٣. دوو کچە کورد لە تورکیە، نیشتمان، ژمارە ٧ - ٨ - ٩، ساڵی یەکەم، خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردانی ١٣٢٤.

١٤. سکالایەك لەگەڵ نیشتمان، نیشتمان، ژمارە ٦، ساڵی یەکەم، ڕەشەمێی ١٣٢٢.
١٥. سەردار محەممەد، کورد لە یادداشتەکانی سەرانی حیزبی توودەدا، ئیحسان تەبەری و نوورەدین کیانووری، گەلاوێژی نوێ، گۆڤاری ئەدەبی و ڕووناکیری، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکیریی گەلاوێژ، ژمارە ١٦، ١٩٩٩.
١٦. شێعری م. ش. هێمن، نیشتمان، ژمارە ٣ و ٤، ساڵی یەکەم، سەرماوەز و ڕێبەندانی ١٣٢٢.
١٧. عەبدوڕڕەحمان زەبیحی: وڵامێکی نامیلکەی بەڕێز ئارچی ڕووزڤێلت، ئاینده، و: جووتیار حاجی تۆفیق، گۆڤاری ئەدەب و هونەر و هزری هاوچەرخ، ژ ٤، ساڵی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

دوووهەم/ ڕۆژنامەکان:
١. ئاوڕێك بۆ سەر ڕووداوەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی، کوردستان، ژمارە ١٥٤، ڕەزبەری ١٣٦٨/ ئۆکتۆبری ١٩٨٩.
٢. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدکا، کوردستان، ژمارە ١٣٦، خاکەلێوەی ١٣٦٧/ نیسانی ١٩٦٨.
٣. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك (ئێران)، کوردستان، ژمارە ٣٠، سەرماوەزی ١٣٥٢/ دیسامبری ١٩٧٣.
٤. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك، شکستی ئەمریکا لە لائۆس سەرکەوتنی هەموو گەلانی ئازادیخوازە، کوردستان، ژمارە ٤، بانەمەڕی ١٣٥٠/ مای ١٩٧١.
٥. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك (ئێران)، بەرویئۆمی ئیسلاحاتی زەویی شا پاش دە ساڵ، کوردستان، ژمارە ٢٠، ڕەزبەری ١٣٥١/ ئۆکتۆبری ١٩٧٢.
٦. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك (ئێران)، دامەزراندنی کۆماری گەلی ئەنگۆلا، کوردستان، ژمارە ٣٨، خەزەڵوەری ١٣٥٤/ نوامبری ١٩٧٥.
٧. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك (ئێران)، ئۆکتۆبر و جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد، کوردستان، ژمارە ١٠، خەزەڵەوەری ١٣٥٠/ نوامبری ١٩٧١.

٨. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدك (ئێران)، لە قسەکانی لێنین، کوردستان، ژمارە ٣٢، ڕێبەندانی ١٣٥٢/ شوباتی ١٩٧٤.
٩. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، کوردستان، ژمارە ٣٧، گەلاوێژی ١٣٥٤/ ئاگوستی ١٩٧٥.
١٠. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، کوردستان، ژمارە ٢٣، ١٩٧٢.
١١. ئەسای بیداخەش پیاوان بەکام، بە ڕاوێژی هەورامی گوتراوە، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ٧٨، ساڵی یەکەم، ١٣٢٥.
١٢. الوداع ئەی کالێنینی عظیم، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ٥٦، ساڵی یەکەم، ١٣٢٥.
١٣. ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ٧٢، ساڵی یەکەم، ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥.
١٤. ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ٧٩، ساڵی یەکەم، ٢٩ی گولانی ١٣٢٥.
١٥. ئاونگی سوور، بە مناسبەتی ڕۆینی لەشکری سوور گوتراوە، شێعری هێمن، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ٤٤، ساڵی یەکەم، ١٣٢٥.
١٦. بایەخی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبر، کوردستان، ژمارە ٢١، خەزەڵوەری ١٣٥١/ نوامبری ١٩٧٢.
١٧. بەیاننامەی حدك (ئێران) لەسەر ڕێککەوتنی ڤیەتنام، کوردستان، ژمارە ٢٣، ڕێبەندانی ١٣٥١/ شوباتی ١٩٧٣.
١٨. پاش هیند و چین نۆرەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستە، کوردستان، ژمارە ٢٤، ڕەشەمەی ١٣٥١/ ئازاری ١٩٧٣.
١٩. پریسترۆیکا لە بەرامبەر ئەزموونێکی مێژوویی، کوردستان، ژمارە ١٥٨، ڕێبەندانی ١٣٦٨/ شوباتی ١٩٩٠.
٢٠. پرویسترۆیکا لە مەترسیدا، کوردستان، ژمارە ١٦٩، بەفرانباری ١٣٦٩/ ژانوییەی ١٩٩١.

٢١. پەرە پێدانی شۆڕش، کوردستان، ژمارە ١٠٢، بەفرانبار و ڕێبەندانی ١٣٦٣/ ژانویە و فێوریەی ١٩٨٥.
٢٢. پەیام بۆ گەلی کامبۆج، کوردستان، ژمارە ٢٩، خەزەڵوەری ١٣٥٢/ نوامبری ١٩٧٣.
٢٣. تاڵ و شیرین، شێعری هێمن، کوردستان (مەهاباد)، ژمارەی ٣٢، ساڵی یەکەم، ١٣٢٤.
٢٤. جێژنی ئازادی، شێعری هێمن، کوردستان (مەهاباد)، ژمارەی ١٢، ١٣٢٤.
٢٥. دامەزراندنی یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی نموونەیەکی نوێی پێوەندیی نێونەتەوەکان، کوردستان، ژمارە ٢٢، سەرماوەزی ١٣٥١/ دیسامبری ١٩٧٢.
٢٦. دەرەوەی سۆویاتی، کوردستان مەهاباد ژمارە ٤٧، بانەمەڕی ١٣٢٥.
٢٧. ڕابەرینی وەرزێرانی کوردستان، کوردستان، ژمارە ٢٣، ڕێبەندانی ١٣٥١/ شوباتی ١٩٧٣.
٢٨. ڕۆژی گەشینی لە بارەی دواڕۆژەوە، کوردستان، ژمارە ١٤٩، بانەمەڕی ١٣٦٨/ مای ١٩٨٩.
٢٩. ژنرالیسیمۆس ستالین (بە بۆنەی شەست و شەشەمین ساڵی لەدایکبوونی)، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، ١٣٢٤.
٣٠. ساڵح بێچار، ئەمیری حەسەنپوور، کوردستانی نوێ، سلێمانی، ژمارە ٧٣٣٢، ٢٠١٧.
٣١. سمایل بازیار، ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ ـ ٤٧ کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕۆحە خەباتگێڕییە کرد کە لە شەستەکاندا لە سەرانسەر جیهاندا وەڕێ کەوتبوو، کوردستان، ژمارە ٧٠٣، بانەمەڕی ١٣٩٢/ مای ٢٠١٧.
٣٢. سمایل بازیار، قاسملوو، ناسیۆنالیزم و ئەندیشەی چەپ، قاسملوو تێتۆی کورد (٣)، کوردستان، ژمارە ٧٠٩، ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٦/ ٦ی ئەیلوولی ٢٠١٨.
٣٣. سەرکەوتنی مێژوویی گەلانی ڤیەتنام و کامبۆج، کوردستان، ژمارە ٣٦، جۆزەردانی ١٣٥٤/ ژوونیەی ١٩٧٥.

٣٤. سەری سالی «ئینقلابی سپی»ی شا، کوردستان، ژمارە ٤١، ڕێبەندانی ١٣٥١/ شوباتی ١٨٧٣.
٣٥. سپای سوور، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ٢٠، سالی یەکەم، ١٣٢٤.
٣٦. سیمای دڕندانەی ئەمریکا لە ڤیەتنام، کوردستان، ژمارە ١٦، بانەمەڕی ١٣٥١/ مای ١٩٧٢.
٣٧. سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە، شیعری هەژار، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ١١، سالی یەکەم، ١٣٢٤.
٣٨. سەربەستیی دین لە ڕووسیەی ئیشتراکی، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ٧٣، سالی یەکەم، ١٣٢٥.
٣٩. سەمەد سیامەندۆف: ڕۆلەی ڕەشیدی میللەتی کورد، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ٦، سالی یەکەم، ١٣٢٤.
٤٠. شۆڕشی سپی شا و جووتیاران، کوردستان، ژمارە ٢٢، سەرماوەزی ١٣٥١/ دیسامبری ١٩٧٢.
٤١. قانوونی ئەساسیی «ستالینی» ژنرالیسمۆس ستالین پێشەوای بەرزی یەکەتی شۆڕەوی، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ٤، سالی یەکەم، ١٣٢٤.
٤٢. قەیران لە ڕێکخراوە چەپەکاندا، کوردستان، ژمارە ١٤٨، خاکەلێوەی ١٣٦٨/ نیسانی ١٩٨٩.
٤٣. کوردستان، ژمارە ١٢، بەفرانباری ١٣٥٠/ کانوونی دووهەمی ١٩٧٣.
٤٤. کوردستان، نوێ کردنەوە لە یەکیەتیی سۆڤیەت، کوردستان، ژمارە ١٣٢، خەزەلوەری ١٣٦٦/ نوامبری ١٩٨٧.
٤٥. کۆنگرەی بیست و حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت، کوردستان، ژمارە ١١٣، خاکەلێوەی ١٣٦٥/ نیسانی ١٩٨٦.
٤٦. گەلی ڤیەتنام هەر سەردەکەوێ، کوردستان، ژمارە ٢٢، سەرماوەزی ١٣٥١/ کانوونی یەکەمی ١٩٧٢.
٤٧. گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە، کوردستان، ژمارە ١٣٩، پووشپەڕی ١٣٦٧/ تەمووزی ١٩٨٨.

۴۸. لە جێژنی شیرکەتی تەرەقی کوردستان خوێندراوەتەوە، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ۲۴، ساڵی یەکەم، ۱۳۲۴.
۴۹. م. ای. کالتین، کوردستان، ژمارە ۲۴، ساڵی یەکەم، ۱۳۲۴.
۵۰. میللەتی گەورەی ڕووس، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ۳۰، ساڵی یەکەم، ۱۳۲۴.
۵۱. نامەی جووتیارێکی کورد (لە پەراوێزی ئیسلاحاتی ئەرزی‌دا)، کوردستان، ژمارە ۳، خاکەلێوەی ۱۳۵۰/ ئاوریلی ۱۹۷۱.
۵۲. هاوپرسەکی ژنرالیسیمۆس ستالین دەگەڵ پەیام‌نووسی ڕۆژنامەی «پراودا»، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ۲۹، ساڵی یەکەم، ۱۳۲۴.
۵۳. هۆردووی پێشکەوتن، کوردستان (مەهاباد)، ژمارە ۲۳، ساڵی یەکەم، ۱۳۲۴.

### بەزمانی فارسی

### یەکەم/ گۆڤارەکان:

۱. افشین متین، از سوسیال دموکراسی تا سوسیال دموکراسی، گفتوگو فصلنامه فرهنگی و اجتماعی، تهران، شماره ۳۱، بهار ۱۳۸۰، ص ۳۹.
۲. امیر سجادی، ژ. ك از پارادایم فربەسازی فرهنگی تا رادیکالیسم سیاسی، ڕۆژهەلات، ژ ۱۷.
۳. باباعلی، اصلاحات قطره‌چکانی، آرش، نشریه فرهنگی و اجتماعی، شماره ۷۵ ـ ۷۶، پاریس، ۲۰۱۱، ص ۲۴.
۴. پیمان وهاب‌زاده و دیگران، ساربان سرگردانی، مجله اندیشه پویا، سال دوم، شماره ۱۲، ۱۳۹۲.
۵. حسین جودت، ۲۱ آذر یك روز تاریخی در جنبش انقلابی ایران، دنیا، نشریه سیاسی ـ تئوریك، کمیته مرکزی حزب توده ایران، شماره ۸، آبان‌ماه ۱۳۵۴.

۶ خالد توکلی، بررسی تاثیر اندیشه چپ بر تفکر اقتصادی حدکا، فصلنامه ڕۆژەڤ، سیاسی، اجتماعی، فرهنگی، شماره ۴ و ۵، زمستان و بهار ۸۴ ـ ۱۳۸۵، ص ۱۳۲.
۷. دنیا، نشریه سیاسی - تئوریك کمیته مرکزی حزب توده ایران، تقریظ کتاب «کردستان و کردها»، شماره ۴، سال ششم، ۱۳۴۴.
۸ دنیا، نشریه سیاسی - تئوریك کمیته مرکزی حزب توده ایران، جمهوری جوان آنگولا، شماره ۱۱، بهمن ۱۳۵۴، ص ۳۴ ـ ۴۰.
۹. دنیا، نشریه سیاسی ـ تئوریك کمیته مرکزی حزب توده ایران، مبارزان ضفار قهرمانانه پیکار می‌کنند، شماره ۹، آذرماه ۱۳۵۴، ص ۱۷.
۱۰. دنیا، نشریه سیاسی - تئوریك کمیته مرکزی حزب توده ایران، مبارزان ضفار قهرمانانه پیکارمی کنند، شماره ۴، سال ششم ۱۳۴۴.
۱۱. راه کارگر تئوریك، ارگان سازمان کارگران انقلابی ایران (راه کارگر)، سارا محمود، «سوسیالیزم دمکراتیك» یا انتظار برای روز قیامت، نقدی بر نگرش حزب دمکرات، شماره ۶ مرداد ۱۳۶۷.
۱۲. سامان رجائی، نگاهی به ریشه‌های چپ مذهبی، نشریه راه آزادی، ژماره ۵۹. سعید رهنما، حزب دمکرات کردستان و تحولات چپ در ایران، مصاحبه با صادق شرفکندی، مهرگان، نشریه سیاسی ـ فرهنگی، سال دوم، شماره ۳، پائیز ۱۳۷۲، ص ۷۳.
۱۳. صلاح‌الدین خدیو (دکتر)، در دفاع از تاریخ نقدی بر مقاله احسان هوشمند در (چشم‌انداز ایران) پیام کردستان، ۲۱ دسامبر ۲۰۰۰.
۱۴. ع. شهباز، مارکسیسم ـ لنینسم و آموزش آن، دنیا، نشریه سیاسی و تئوریك کمیته مرکزی حزب توده ایران، سال اول، دوره چهارم، شماره ۲، ۱۳۵۸.
۱۵. ع. م. ناظر، چپ دمکرات با اندیشه‌های کهن در قالب نو، نشریه راه آزادی، شماره ۵۱، ۱۳۷۶.

۱۶. عباس ولی، ناسیونالیزم کرد در ایران، دوره تکوینی ۱۹۴۲ - ۱۹۴۷، ت: رشید احمدرش، نویسا، گاهنامەی سیاسی، اجتماعی، فرهنگی، شماره ۲، تهران، ۲۰۰۴.

۱۷. عبدالله ابریشمی (دکتر)، کردستان همیشه قابل کشف، چشم‌انداز ایران، ویژه‌نامه، نشریه سیاسی - راهبردی، تهران، شماره ۳، ۱۳۸۳.

۱۸. گلناز سعیدی (دکتر)، شکل‌گیری احزاب سیاسی در ایران، مجله سیاسی - اقتصادی، تهران، شماره ۱۹۳ - ۱۹۴، ۱۳۸۳.

۱۹. مهرداد مشایخی، جنبش سوسیالیستی و پروبلماتیك وابستگی، گفتوگو، فصلنامه فرهنگی و اجتماعی، شماره ۳۱، تهران، ۱۳۸۱.

**دووهەم/ ڕۆژنامەکان:**

۱. نامه مردم، ارگان مرکزی حزب توده ایران، شماره ۵۲، دی‌ماه، ۱۳۵۸.

۲. نامه مردم، کردستان جبهه‌ها آشکارتر می‌شود، ارگان مرکزی حزب توده، شماره ۲۷۸۵، چهارشنبه، ۱۸ تیرماه ۱۳۵۹.

۳. نامه مردم، شماره ۳۱۵، دوم شهریور ۱۳۵۹.

۴. نامه مردم، شماره ۳۰۵، ۳۰ مرداد ۱۳۵۹.

۵. نامه مردم، ارگان مرکزی حزب توده ایران، نامه کمیته مرکزی حزب توده ایران به کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان، شماره ۱۳۲، چهارشنبه ۲۶ دی‌ماه ۱۳۵۸.

۶. نامه مردم، ارگان مرکزی حزب توده، شماره ۲۷۶، تیرماه ۱۳۵۹.

۷. نامه مردم، ارگان حزب توده، شماره ۲۶۴، تیرماه ۱۳۵۹.

۸. مردم، دوره هفتم، سال اول، شماره ۶۲، چهارشنبه ۱۱ مهرماه ۱۳۵۸ (۱۹۷۹).

۹. مردم، ارگان مرکزی حزب توده ایران، شماره ۱۵۰، پانزدهم دی‌ماه ۱۳۵۴.

۱۰. مردم، ارگان مرکزی حزب توده ایران، شماره ۱۳۶، مرداد ماه ۱۳۵۴.

۱۱. مردم، ارگان مرکزی حزب توده ایران، فرخنده باد سی‌امین سال جنبش ملی و مترقی کردستان ایران، شماره ۱۵۰، ۱۵ دی‌ماه ۱۳۵۴.

## سێهەم: کتێبەکان

### یەکەم/ بەزمانی کوردی

١. برایم جەلال، خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول (١٩٧١ - ١٩٧٥)، بنیاتنان و هەلتەکاندن، ١٩٦١ - ١٩٧٥، چاپی سێهەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٢. برایم فەڕشی، سەدەی کارەسات، گفتوگۆ لەگەل غەنی بلووریان، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣. بەهمەن ساعێدی، ٥ سال لەگەل عەبدوللا موهتەدی سکرتێری کۆمەلەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە بلاوکراوەکانی کۆمەلە، ٢٠١٠.
٤. پەرویز بابایی، مێژووی هاوچەرخی ئێران، وەرگێڕانی سەرتیپ زەندی، سلێمانی، ٢٠١٠.
٥. جووتیار حاجی تۆفیق، بیلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و دەرەوەیدا (١٩٠٨ - ١٩٩٨)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٦ جۆرج ترایبشی و ئەوانی تر، شۆڕشی خوێندکارانی ٦٨ وەرگێرانی: شوان ئەحمەد، هەولێر، ٢٠١٠.
٧. جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، لێکۆلینەوەیەکی بەراوردکارانەیە لە بارەی سەرهەلدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و گەشەسەندنی لە ڕۆژگاری بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود و قازی محەممەددا، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٨ جەلیل گادانی، پەنجا سال خەبات، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم، دهۆک، ٢٠٠٨.
٩. حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراو، هەولێر، ٢٠١٥.
١٠. حامید گەوهەری، کۆماری کوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١.
١١. حامید گەوهەری، کۆمەلەی ژیانەوەی کوردستان، ستۆکهۆلم، ١٩٩٩.
١٢. حوسێن بەخشی، لێکدابڕان (پێداچوونەوەیەک بەسەر چۆنیەتی پێکهاتنی پێرەوانی کۆنگرەی چواری حدکا)، ئالمان (بۆن)، ٢٠٠٧.

١٣. حوسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ب ٢، هەولێر، ٢٠٠١.
١٤. حیکمەت محەممەد کەریم (مەلا بەختیار)، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم، سوید، ١٩٩٢.
١٥. دەیڤید پیترۆزا، شۆڕشی کولتووری لە چین، وەرگێڕانی: هەژار ڕەحیمی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١.
١٦. دەیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبووبەکر خۆشناو، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٧. ڕیچارد. ئەی. موبلی، پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، و: حەسەنی قازی، ب. ش. چ، ب. س.
١٨. ڕۆزا لیندرۆزێنبێرگ، مێژووی سەدەی بیستەم، زانکۆی کۆلۆمبیا، و: مەسعوود ڕەواندووست، دهۆک، ٢٠٠٩.
١٩. ڕەحمان محەممەدیان، بۆکان لە سەدەی بیستەمدا، تاران، ١٣٨٩.
٢٠. ڕەشاد مەلا یەحیا، ژان و ژیانی جووتیارانی دەشتی هەولێر، ڕاپەڕینی ١٩٥٣، سلێمانی، چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٦.
٢١. سالار سیامەند عەبدوڵلا، دەروازەیەک بۆ ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر (١٩٥٣)، کەرکووک، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٦.
٢٢. سەلاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن - لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری - بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٧.
٢٣. سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد، توێژینەوەیەکی مێژوویی - سیاسیە (١٩٤٧ - ١٩٧٥)، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٤. سەید محەممەدی سەمەدی، ژ. ک چی بوو، چی دەویست و چی لێ بەسەر هات؟ بلاوکراوەی چاپەمەنیی سەیدیان، مەهاباد، ١٣٦١.
٢٥. شێرکۆ فەتحوڵلا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە عێراقدا (١٩٤٦ - ١٩٧٥)، وەرگێڕانی سوارە قەلادزەیی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢٦. عزیز شەمزینی، جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٧. عەلائەددین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٩.
٢٨. عەباس میلانی، مەتەڵۆکەی هووەیدا، وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەنزادە، کوردستان، ٢٠١٠.
٢٩. عوسمان عەلی (دوکتۆر)، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزافی هاوچەرخی کورد، و: کامەران بابانزادە، ب ٢، چاپخانەی ڕێتوین، سلێمانی، ٢٠١٠.
٣٠. عەباسی وەلی، پەیدابوون و بناغەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران، و: حەسەن قازی، سوید، ١٩٩٥.
٣١. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی - ئابووری)، و: عەبدوڵلا حەسەنزادە، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣.
٣٢. عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم (١٣٣٢ - ١٣٣۶)، کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٩٩١.
٣٣. عەبدولقادر دەباغی، ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژ. ك، بلاوکراوەی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣۶٧.
٣۴. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی دووهەم، بلاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حدکا، ١٩٩٧.
٣۵. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، بلاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حدکا، ١٩٩٧.
٣۶. عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما) چ ٢، سلێمانی، ٢٠٠۵.
٣٧. فاتح ڕەسووڵ، بنچینەی مێژوویی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی دووهەم، سلێمانی، ٢٠٠۵.

٣٨. فیبی مار، مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕانی حەمەشەریف حەمەغەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەویز، هەولێر، ٢٠١٠.
٣٩. فەرید ئەسەسەرد، ڕەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووهەمی جیهان، بلاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران، سلێمانی، ٢٠١٢.
٤٠. فۆلگانگ لێونهارد، کۆمۆنیزمی ئورووپایی، ڕاستبوونەوەیەک بە ڕووی خۆرهەلات و خۆرئاوادا، وەرگێڕانی: د. کوردۆ عەلی، سلێمانی، ٢٠١٤.
٤١. ویلیام ئیگلتۆن، کۆماری مەهاباد (١٩٤٦)، و: سەید محەممەد سەمەدی، چاپەمەنیی سەیدیان، مەهاباد، ١٣٥٨.
٤٢. کارۆل پرۆنهویێر، خولیا و مەرگی قاسملوو، وەرگێڕانی فەتاح کاویان، پێداچوونەوە: عەبدوللا حەسەنزادە، هەولێر، ٢٠٠٩.
٤٣. کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، وەرگێڕانی: حەسەن ڕەستگار، هەولێر، ٢٠١٣.
٤٤. کەریم حیسامی، کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری؟ چ ٢، ستۆکهۆلم، ١٩٨٦.
٤٥. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، کوردستانی ئێران (١٩٤٧ - ١٩٧٨)، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆلم، ١٩٩٦.
٤٦. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، کوردستانی ئێران (١٩٤٧ ـ ١٩٧٨)،
٤٧. بەرگی دووهەم، ستۆکهۆلم، ١٩٩٧.
٤٨. کەریم حیسامی، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، بلاوکراوەی پێشەوا، ١٩٧١.
٤٩. کەندال نەزان و ئەوانی تر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت (کورد و کوردستان)، وەرگێرانی: م. گۆمەیی، سوید، ١٩٨٨.
٥٠. محەممەد خزری، لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوولانەوەی ساڵەکانی ٤٢ ـ ٤٧ (١٩٦٣ ـ ١٩٦٨)ی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

٥١. محەممەدڕەزا سەیفی قازی، نهێنییەکانی دادگایی کردنی قازی محەممەد و هاوڕێیانی - بەڵگەنامەکان ـ و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٥٢. مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١ ـ ١٩٧٥)، بەرگی سێهەم، بەشی دووهەم، ب. ش. چ، ب. س.
٥٣. موجتەبا بۆرزوویی، بارودۆخی سیاسیی کوردستان (١٨٨٠ - ١٩٤٦)، وەرگێرانی نازناز محەممەد عەبدولقادر، سۆران عەلیپوور، یووسف خزرچوویان، هەولێر، ٢٠٠٥.
٥٤. مەحموودی مەلا عیززەت، کۆماری میللیی مەهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ـ سیاسی، بەرگی دووهەم، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٤.
٥٥. مەهدی محەممەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق (١٩٤٥ ـ ١٩٥٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٥٦. نادر ئینتسار، ئێتنۆنەتەوایەتیی کوردی، و: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٥٧. نازناز محەممەد عەبدولقادر، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا (١٩٦١ - ١٩٧٥)، هەولێر، ٢٠٠٨.
٥٨. نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن (دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستان عێراق ١٩٧٩ ـ ١٩٨٣) چاپی دووهەم، ١٩٩٨.
٥٩. نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، قوتابخانەکانی ڕۆژنامەڤانیی کوردی و سەردەمی قەڵەم و موڕاجەعات، کتێبی دووهەم، بەرگی دووهەم، بەیرووت، ٢٠١٣.
٦٠. نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەت دا)، چاپی دووهەم، هەولێر، ١٩٩٣.
٦١. هاشم یەحیا ئەلمەلاح (دوکتۆر)، دەروازەیەك لە فەلسەفەی مێژوو، لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە لە فەلسەفەی مێژوو، وەرگێرانی: دەوەن حەسەن، چاپی دووهەم، هەولێر، ٢٠١٣.

٦٢ هۆشمەند عەلی مەحموود (دوکتۆر)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد (١٩٧٩ - ١٩٨٩)، هەولێر، ٢٠١٢.

٦٣ هۆشمەند عەلی مەحموود (دوکتۆر)، عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا (١٩٣٠ - ١٩٨٩)، هەولێر، ٢٠٠٧.

٦٤ هیمداد حوسێن (دوکتۆر)، ڕۆژنامەوانیی کوردی (سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢ ـ ١٩٤٧)، هەولێر، ٢٠٠٨.

٦٥ هێمن موکریانی، دیوانی هێمن، سلێمانی، بەهاری ٢٧٠٨ی کوردی (٢٠٠٧).

٦٦ هیوا عەزیز سەعید، خۆبیوون، هیوا، ژ. ك (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری)، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٦٧ هەیاس کاردۆ، ئەزموونی خەبات، ئاوڕێك لە ژیان و خەباتی عەبدوڵلا حەسەنزادە، هەولێر، ٢٠١١.

٦٨ وەدیع جوەیدە (دوکتۆر)، جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد و بنەما و پەرەسەندنی، و: د. یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٦٩ ئارچی ڕووزڤێلت، کورد لە یادداشتەکانی ئارچی باڵد ڕووزڤێلت، و: کارزان محەممەد، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٧٠. ئاسۆ حەسەنزادە، مەنسوور مروەتی، بیبلیۆگرافیای سیاسیی ڕۆژنامەی «کوردستان»، بەهاری ١٣٩٦ (٢٠١٧).

٧١. یاسین سەردەشتی (دوکتۆر)، ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵلا ئیسحاقی)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٧٢. یاسین سەردەشتی (دوکتۆر)، هەڵویستی حیزبی توودە لە ئاست کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١ ـ ١٩٨٣)، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٧٣. یاسین سەردەشتی (دوکتۆر) و بەرزانی مەلا تەها، مێژووی هاوچەرخی ئێران، چ ٢، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٧٤. یاسین سەردەشتی (دوکتۆر)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ب ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٧٥. یاسین سەردەشتی (دوکتۆر)، کوردستانی ئێران (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩ - ١٩٧٩))، چاپی دووهەم، سلێمانی، ٢٠١١.
٧٦. یاسین سەردەشتی (دوکتۆر)، خوێندنەوەیەکی مێژوویی جووڵانەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٧٧. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد (دوکتۆر)، خەلیل عەلی موراد (دوکتۆر)، مێژووی ئێران و تورکیە، وەرگێرانی: بەهائەددین جەلال مستەفا، هەولێر، ٢٠١١.
٧٨. ئینگڤار کارلسۆن و ئان ماری لیندا گرین، سۆسیال دیموکراسی چییە؟ وەرگێرانی: کەماڵ حەسەنپوور، هەولێر، ٢٠١٠.
٧٩. ئەحمەد حەمەدەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، هەولێر، ٢٠١٠.
٨٠. ئەردەلان عەبدوللا، چین زلهێزی نوێی جیهان، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی، مێژوویی، ئابووری و سۆسیولۆجییە، هەولێر، ٢٠١٠.
٨١. ئەفراسیاو هەورامی (دوکتۆر)، پێوەندییەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەس‌هێنانی هەر دوو لا لە ساڵی ١٩٤٦ (لە بەڵگە و سەرچاوەکان‌دا)، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٨٢. ئەفراسیاو هەورامی (دوکتۆر)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووهەم جەنگی جیهانی‌دا، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی یەکیەتیی سۆڤیەت، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، ٢٠٠٦.
٨٣. ئەمیر حەسەنپوور، ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان لە ١٣٣١ - ١٣٣٢ (١٩٥٢ - ١٩٥٣)دا، پڕۆژەی لێکۆڵینەوەیەک، مای ٢٠١٧.
٨٤. ئەنوەر سوڵتانی و حەسەن قازی، ژیان و شێعرەکانی سەیفولقوزاتی قازی (١٨٧٦ - ١٩٤٥)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٨٥. ئەنوەر سوڵتانی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێڕاوی کوردی ١٣٠ بەڵگەنامە)، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٨٦. ئەیووب ئەیووبزادە، لە «ژ. ک»ـەوە بۆ کۆمار (مێژوونووسی حیزب لەژێر تیشکی ڕەخنەدا)، هەولێر، ٢٠٠٨.

دووهەم/ بە زمانی فارسی:

١. ا. آ. گرانتوسکی و دیگران، تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ترجمه: کیخسرو کشاورز، چاپ سوم، تهران، ١٣٦١.
٢. ابل آقاییگیان و دیگران، درباره پرسترویکا (مجموعه مقالات)، ترجمه: کاظم فرهادی، سیاوش مریدی، تهران، ١٣٦٨.
٣. احسان طبری، یادداشت‌ها و نوشته‌های فلسفی، انتشارات حزب توده ایران، ١٣٥٠.
٤. احسان طبری، الفبای مبارزه، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ١٣٥٨.
٥. احمد بنی‌جمال، آشوب، مطالعه‌ای در زندگی و شخصیت دکتر محمد مصدق، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٧.
٦. احمد کسروی، تاریخ مشروطه ایران، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨.
٧. ادوارد براون، تاریخ ادبیات ایران (از صفویه تا عصر حاضر)، ترجمه: د. بهرام مقدادی، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٥.
٨. اریك هابزباوم، عصر نهایت ها (تاریخ جهان ١٩١٤ - ١٩٩١)، ترجمه: حسن مرتضوی، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٣.
٩. اسماعیل رائین، حیدرخان عمواوغلی، چاپ سوم، ١٣٥٥.
١٠. اسماعیل رائین، شوروی و چین، جنگ سرد دو ابرقدرت، چاپ دوم، تهران، ١٣٥٢.
١١. اسماعیل مختاری، نگرشی بر جنبش مسلحانه‌ی ١٣٤٦ - ١٣٤٧، کردستان (مکریان) در رژیم شاه، سلیمانیه، ٢٠١٧.
١٢. اصغر شیرازی، مدرنیته و شبهه مدرنیست و دمکراسی، برمبنای یك بررسی موردی درباره حزب توده ایران از آغاز تا سال ١٣٧٨، تهران، ١٣٨٦.

۱۳. امیر نیک‌آیین، ماتریالیزم تاریخی، ماتریالیزم دیالکتیک، جلد دوم، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ۱۳۵۹.
۱۴. احسان طبری آموزش فلسفه علمی، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ۱۳۵۸.
۱۵. آندره فونتن، تاریخ جنگ سرد، جلد دوم، ترجمه: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، تهران، ۱۳۶۶.
۱۶. انور خامه‌ای، پنجاه نفر و سه نفر، (خاطرات سیاسی)، تهران، نشر علم، ۱۳۷۲.
۱۷. او. ای. ژیگالینا، کردستان معاصر، مترجم: کامران امین‌آوه، نشر روشنگری، ۱۳۹۵، ص ۱۳۹.
۱۸. بابك امیرخسروی، نظری از درون به نقش حزب توده ایران، نقدی بر خاطرات نورالدین کیانوری، تهران، ۱۳۷۵.
۱۹. بهرام دانش، زندگی و آموزش لنین، نشریه حزب توده ایران، آوریل ۱۹۷۰/ اردیبهشت ۱۳۴۹.
۲۰. بهروز طیرانی، اسناد احزاب سیاسی ایران، ۱۳۲۰ - ۱۳۳۰، انتشارات سازمان ملی ایران، تهران، ۱۳۷۶.
۲۱. بهزاد کریمی، طرح اولیه پیرامون سیر گفتمانی ما، آلمان (کلن)، ۱۹ بهمن ماه ۱۳۹۴.
۲۲. بیژن جزنی، طرح جامعه‌شناسی و مبانی استراتژی جنبش انقلابی خلق ایران، تهران، ۱۳۵۷.
۲۳. پیتر آوری، تاریخ معاصر ایران، از تأسیس سلسله پهلوی تا کودتای ۲۸ مرداد، جلد دوم، ۱۳۳۲، ترجمه: محمد رفیعی مهرآبادی، تهران، ۱۳۷۷.
۲۴. تورج اتابکی، آذربایجان در ایران معاصر، ترجمه: محمدکریم اشراق، تهران، ۱۳۷۶.
۲۵. جامی، گذشته چراغ راه آینده است، چاپ سوم، تهران، ۱۳۸۱.
۲۶. جان فوران، مقاومت شکننده، تاریخ تحولات اجتماعی ایران از سال ۱۵۰۰ میلادی تا انقلاب ۱۹۷۹، ترجمه: احمد تدین، تهران، رسا، ۱۳۷۷.

۲۷. جعفر مهدی‌نیا، زندگی سیاسی علی امینی، چاپ دوم، تهران، ۱۳۶۸.
۲۸. جمعی از پژوهشگران، حزب توده از شکل‌گیری تا فروپاشی (۱۳۲۰ ـ ۱۳۶۸) چاپ دوم، تهران، ۱۳۸۷.
۲۹. چپ در ایران به روایت اسناد ساواك (کتاب سوم)، عنکبوت سرخ، مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، ۱۳۷۸.
۳۰. حسن ماسالی، سیر تحول جنبش چپ ایران و عوامل بحران مداوم آن، آلمان (ساروبرگن)، ۲۰۰۰.
۳۱. حسن علی‌زاده، فرهنگ خاص علوم سیاسی، تهران، ۱۳۷۷.
۳۲. حسین فردوست، ظهور و سقوط سلطنت پهلوی، جلد اول، چاپ ششم، تهران، ۱۳۶۹.
۳۳. حسین مدنی، دینامیزم شیوه‌های مبارزاتی کردستان ایران، آذرماه ۱۳۶۹.
۳۴. حمید شوکت، گفتوگو با مهدی خانبابا تهرانی (نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران)، آلمان.
۳۵. حمید شوکت، گفتگو با ایرج کشکولی، (نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران)، ۱۳۸۰.
۳۶. حمید شوکت، گفتگو با کورش لاشایی، (نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران)، چاپ سوم، ۱۳۸۶.
۳۷. حمید مؤمنی، درباره مبارزات کردستان، انتشارات شباهنگ، تهران، ۱۳۵۸.
۳۸. خسرو روزبه، واژه‌های نو، برخی از واژه‌های آموزشی، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ۱۳۵۸.
۳۹. د. حمید احمدی، ایران (هویت، ملیت، قومیت)، تهران، ۱۳۸۳.
۴۰. د. ر. فویلیکوف و دیگران، تاریخ معاصر کشورهای عربی، ترجمه: د. محمدحسین روحانی، چاپ دوم، تهران، ۱۳۶۷.
۴۱. د. عزیزالله بیات، تاریخ معاصر ایران، تهران، ۱۳۵۷.

۴۲. د. محمدعلی همایون کاتوزیان، اقتصاد سیاسی ایران (از مشروطیت تا پایان سلسله پهلوی)، ترجمه: محمدرضا نفیسی و کامبیز عزیزی، چاپ دوازدهم، تهران، ۱۳۸۵.
۴۳. داریوش آشوری، دانشنامه سیاسی (فرهنگ اصطلاحات و مکتب‌های سیاسی)، چاپ سیزدهم، تهران، ۱۳۸۵.
۴۴. درک کینان، کردها و کردستان، ترجمه: ابراهیم یونسی، تهران، ۱۳۷۲.
۴۵. دفتر سیاسی پاسداران، انقلاب اسلامی، کردستان، امپریالیزم و گروه‌های وابسته، ۱۳۶۰.
۴۶. دکتر عزیزالله بیات، تاریخ تطبیقی ایران با کشورهای جهان، تهران، ۱۳۸۱.
۴۷. دکتر نصرالله شیفته، زندگینامه و مبارزات سیاسی دکتر محمد مصدق، چاپ دوم، تهران، ۱۳۷۱.
۴۸. ریچارد کاتم و دیگران، نفت ایران، جنگ سرد و بحران آذربایجان، ترجمه: کاوه بیات، تهران، ۱۳۷۹.
۴۹. ریچارد کاتم، ناسیونالیزم در ایران، ترجمه: احمد تدین، تهران ۱۳۷۱.
۵۰. زهرا شجیعی، نخبگان سیاسی ایران: از انقلاب مشروطه تا انقلاب اسلامی، وزرات و وزیران در ایران، جلد سوم، تهران، ۱۳۷۲.
۵۱. ژان پیر دیگار و دیگران، ایران در قرن بیستم (بررسی اوضاع سیاسی ـ اجتماعی ـ اقتصادی و فرهنگی ایران در یك صد سال اخیر)، ترجمه: عبدالرضا (هوشنگ) مهدوی، چاپ دوم، تهران، ۱۳۷۸.
۵۲. سپهر ذبیح، ایران در دوره دکتر محمد مصدق، ترجمه: محمد رفیع مهرآبادی، چاپ سوم، تهران، ۱۳۸۱.
۵۳. سعید زاهد، جنبش‌های اجتماعی معاصر ایران، تهران، ۱۳۸۱.
۵۴. ستار مامدی، حمله، اعدام، یورش و یاوه‌سرائی بلوریان و فهرستی از خاطرات سیاسی من، نشر باران، سوئد، ۱۹۹۹.
۵۵. سیروس نهاوندی و باقر مرتضوی، حلقه گمشده، چاپ دوم، آلمان (کلن)، ۱۳۹۴.

۵۶. شولودونیکوف و بوگوسلافسکی، تجربه تاریخی راه رشد غیرسرمایه‌داری، ترجمه: غلامحسین متین و علیرضا جباری، تهران، ۱۳۵۹.

۵۷. ضیاالدین الموتی، فصولی از تاریخ مبارزات سیاسی و اجتماعی ایران (جنبش‌های چپ)، تهران، ۱۳۷۰.

۵۸. عباسقلی غفاری‌فرد، تاریخ اروپا از آغاز تا پایان قرن بیستم، چ سوم، تهران، ۱۳۸۷.

۵۹. علیرضا اقبالی، مقدمه‌ای بر تشکیل سرمایه و تفکر اقتصادی احزاب و گروه‌های سیاسی در ایران، تهران، ۱۳۸۱.

۶۰. غلامرضا علی‌بابایی، فرهنگ علوم سیاسی، چاپ دوم، تهران، ۱۳۶۹.

۶۱. غلامرضا نجاتی، تاریخ بیست و پنج ساله ایران (از کودتا تا انقلاب)، جلد اول، چاپ ششم، تهران، ۱۳۷۹.

۶۲. ف. م جوانشیر، تجربه ۲۸ مرداد، نظری به جنبش ملی شدن نفت ایران، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ۱۳۵۹.

۶۳. فرد هالیدی، دیکتاتوری و توسعه سرمایه‌داری در ایران، مترجم: فضل‌الله نیک‌آیین، تهران، ۱۳۵۸.

۶۴. فرد هالیدی، دیکتاتوری و توسعه‌ی سرمایه‌داری در ایران، ترجمه: فضل‌الله نیک‌آیین، تهران، ۱۳۵۸.

۶۵. فریدون کشاورز، خاطرات سیاسی، تهران، ۱۳۸۰.

۶۶. فریدون آدمیت، اندیشه‌های میرزا آقاخان کرمانی، چاپ دوم، تهران، ۱۳۵۷.

۶۷. فریدون آدمیت، فکر دمکراسی اجتماعی در نهضت مشروطیت ایران، تهران، ۱۳۸۸.

٤. پارەیەکی ئەستوور کە لە ساڵەکانی ٣٧-٣٨دا بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەڵگەی یارمەتی کۆکرایەوە کە بریتی بوو لە شەش هەزار دیناری عێراقی= سەد و بیست هەزار تمەن، لەو پووڵە تەنیا سێ سەد و شەست دینار= حەوت هەزار و دووسەد تمەن، وەدەست حیزبمان کەوت، باقیەکەی خائین ئەحمەد تۆفیق وەک هەژدیها هەڵیلووشی. سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو پووڵە کە لە کوردستانی ئێران لەم ساڵانەدا بە ناوی شۆڕش کۆکراوەتەوە تا ئەو جێگەی ئێمە ئاگادارین لە ١٠%ی لەلایەن خائین ئەحمەد تۆفیق ـەوە بە شۆڕشگێڕان نەدراوە.

لێرەدا بە پێویست دەزانین سەرلەنوێ کورتەی کردەوە و ئاکارە گڵاوەکانی خائین ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵای ئیسحاقی) بخەینەوە بەرچاوی گشتی:

١. بەجێنەگەیاندنی ئەرکی پێسپێردراوی حیزبی لە دەرەوە و خۆخڵافاندنی بۆ ماوەی ١٣مانگ.

٢. گێڕانی دەوری گێرەشێوێنی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکانی دەرەوەدا کە بوو بە هۆی نزمبوونەوەی حورمەت و پەرستیژی حیزبمان.

٣. سەرپێچی لە دەستور و فەرمانی حیزب بۆ گەڕانەوەی کە بە شەش مانگ نووسرا و پێی ڕاگەیێندرا.

٤. ڕفاندنی کەرەسە (وەسایل)ی چاپەمەنی و بلاوکردنەوەی نەشریات لەسەر بیروبڕوای لادەرانەی فەردی بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە.

٥. دەربڕینی نهێنییەکانیس حیزب و تەنسیری کردەوە ناڵەبارەکانی لەسەر ڕۆحیە مەعنویاتی ئیسماعیلی قاسملو کە بوو بە هۆی پەلاماردانی بەرینی ساڵی ١٣٣٨ی دوژمن بۆسەر حیزبمان.

٦. تێکەڵاوی پەیوەندی دەگەڵ ئەمنی عێراق و پەرتەوازەکردنی هاوڕێیانی حیزب بە شێوەی تەبعید و خۆشاردنەوە و خۆبەدەستەوەدان بە حکومەتی ئێران.

٧. ئیستعفاکردنی لە مەسئولیەتی حیزب و تێهەڵچوونەوە و دەستپێکردنەوە بە ئاکاری ناپەسەند و لادەرانە بە پێچەوانەی ئیستعفاکە.

٨. خۆفرۆشتن و تەسلیم بوونی بە دامودەزگای جاسوسی ئەمریکا.

٩. گێرەشێوێنی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و پارتی دیموکراتی سوریە و دەرچوونی بەیاننامەی ئەو دوو حیزبە لەسەر خەیانەتکار ئەحمەد تۆفیق.

١٠. خۆنواندنی بە دۆلاری ئەمریکا و دزینی پارەیەکی ئەستوری حیزب.

١١. لادان لە جەوهەر و ماهیەتی حیزبە و بەجێهێنانی ئەرکی (کۆمەڵی شۆڕش)ی گۆڕکراوی سوپەهود بەختیار لەژێرناو و حورمەتو پەرستیژی حیزبدا.

١٢. نانەوەی ئاژاوە و پێکهێنانی دوودڵی لەنێوان هێزەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانی عێراقدا کە ناوبراو دەستێکی باڵای هەیە لە قووڵکردنی ئەو ناکۆکییە.

١٣. گێرەشێوێنی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوانیاندا بە چەشنێک کە زیانێکی گەورەی هەیە بۆ شۆڕشە پیرۆزەکەی کوردستانی عێراق.

هاونیشتیمانانی خۆشەویست، دڵسۆزانی هەمیشەیی گەلە بەشخوراوەکەمان، ئەندامانی بەشەرەف و پێگەیشتووی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوا حیزبە پێشڕەوەکەمان پێ دەنێتە تەمەنی ١٩ ساڵییەوە، وێڕای دەور و زەمان بەسەر ڕێبازی مێژوویی خۆیدا بەرەوپێش دەڕوات، گە بەردەمی خەبات و تێکۆشانی تاقە پێشڕەوەکەمان دوژمنانی خوێنمژ بەدرێژایی ئەو تەمەنەی بە دەیان

ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا 224

پیلان هەست و بڕوای پیرۆزەمان کوێر بکەنەوە" بەڵام قارەمانانی پێگەیشتووی ئەو شۆڕشە و پیاوانی خەباتکەر و شۆڕشگێڕی نیشتمانپەروەر زۆر چالاکانە و ژیرانە دەپێناوی پاراستنیدا تێکۆشاون و هەرگیز تەسلیم نەبوون و نابن.

لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژووی نەتەوەکەمان شاهیدی دەردەوەی ئەو هەڵمەت و خۆبەختکردنەن کە لە پێش هەموویانەوە وێنەی پێشەنگی کاروانی ڕێگای سەربەستی شەهیدی نەمرمان پێشەوا قازی محەمەد دەخاتەبەر چاو کە ئەمامی (مردن بۆ ژیان) لە ئاسۆیەکی دوارۆژدا بۆ ڕزگاریی گەلەکەمان ئاوەدێر دەکات. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەرەنگاری دەگەڵ ڕۆژانی ڕەش و تەماویدا قۆناغی دوورودرێژی خۆی بڕیوە و بە پشتیوانی شەهەلی بیروبڕوای ڕاستەقینە بەسەر ناهەمواریەکانیدا تێپەڕیوە و لە هەنگاوی بەرەوپێشچوونی لە بزتەی تێکۆشاندا قاڵ بووە و هۆشیارانە و ژیرانە نەزەر و فەلسەفەی دوژمنانی گۆڕ کردووە.

پاش ئەوەی دوژمن بۆی ڕوون بووەوە کە نەتەوەی کورد بەتایبەتی ڕێبەرانی حیزبە پێشڕەوەکەی پلەی پێگەیشتن و زانستی گەیشتۆتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە بە هیچ داو و تەڵەکەیەکی دەرەوە ئەو بڕوا پیرۆزەی کە شارەگی لەمێژینەی لەنێو جەرگەی زۆربەی خەڵکی کوردستاندا کوتاوە قابیلی هەڵکەندن و لەنێوبردن نییە هاتەسەر ئەو ڕایە کە بە هەر جۆرێک بێ خەیانەتکارێکی وەک ئەحمەد تۆفیق لەنێو ڕیزی حیزبدا بەکرێ بگرن بەڵکو لەو ڕێگەیەوە بتوانن ئامانجە پیس و پەڵۆخەکەی وەدیبێنن و هەر لە درێژەی ناوی کوردایەتی و حیزبایەتیدا هەستی پاک و خاوێنی نەتەوایەتیمان بنجبڕ و شوێن ون بکات. بەڵام دیسانەوە دوژمنانی کورد سەری خۆیان دا لە بەرد بە خەیاڵێکی خاوەوە خۆیان ماندوو کرد و ئەو پووڵ و پارە و دۆلارەیان بە فیڕۆدا "دەبێ بڵێین وەک قومارچی دۆڕاو بە هەناسەساردی و داخ لە دڵی دەستەونەژنۆ کەوتنە گۆڕێ، هەروا خائینی نیشتیمانفرۆش ئەحمەد تۆفیقیش بێجگە لە سەرشۆڕی چی دی بۆ نەمایەوە. هەر وەکو دەبینین لەنێو تەواوی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی جیهان بەتایبەتی ئەحزابە دیموکراتیەکانی کوردستاندا نابڕو و شەرەفی تکا و نەما". هەروەکو شەیتان بۆ هەتا هەتایە بە لەعنەت کرا.

بۆیە کۆمیتەی ساغ کەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا لە هەموو ئەحزاب و نەتەوە ئازادیخوازەکانی جیهان و بەتایبەتی خەڵکی دڵسۆزی

کوردستان دەکات کە بە هیچ جۆرێک بڕوا و اعتماد نەکەنەسەر ئەو بەیان و ڕۆژنامانەی کە لەلایەن ئەحمەد تۆفیق و کلکەکانی وەکو فایەق ئەمین (سلێمان مەعینی) کە شەریکی تاوانەکانی ناوبراوە لە ساڵەکانی پێشوو ئێستا بە ناوی حیزبەوە دەردەچن تاکو بە هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزانەی (کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان) بە بەستنی کۆنگرە و هەڵبژاردنی قانوونی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ حیزب پێکدێتەوە چونکە تەنیا و تەنیا هەر ئەوە جەنایەتکارە کە چەند ساڵە لەژێر ناوی حیزب، سکرتێر، مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەی مەرکەزی، نوێنەری کورد هتد چارەنووسی حیزبمان دەپێناوی بنیات و مەسڵەحەتی فەردی و ئاواتی ئاغاکانی بەرەو هەڵدێرگە بردووە.

جووتیاران، کرێکاران، ڕووناکبیران، مامۆستایان، پیشەوەران، عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، لەو هەلە بەترخ و مێژووییەدا کە پەردەی خەیانەت و جینایەت لەسەر ڕووی ڕەشی ئەحمەد تۆفیق (عبداللە ئیسحاقی) هەڵدەدرێتەوە وەرن یەک بگرن هاوقەول و پەیمان لەسەر شەرەف و کەرامەتی ڕابردووی حیزبمان دەستبدەینە یەکتر بۆ یەکیەتی و هاوکاری و خەباتی تێکرایی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو سەرچاوە مێژووییەمان کە حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

پاش بڵاوکردنەوەی ئەو بەیانە هەر کەسێک پەیوەندی موستەقیم یا غەیری موستقیم بە جنایەتکار ئەحمەد تۆفیق (عبداللە ئیسحاقی) بکات بە لادەرە لە ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتی و دەرچوو لە قانوونی حیزبایەتی دەدرێتە قەڵەم.

سەرکەوتن بۆ حیزبە مێژووییەکەمان حیزبی دیموکراتی کوردستان، تاقە ئاڵاهەڵگری ئامانجی بەرز و دروشمی تایبەتی گەلەکەمان. پتەو و بەهێز تر بێ ڕیزی حیزبمان دەپێناوی یەکگرتنەوە و یەکیەتی ڕاستەقینە.

شانازی بۆ شەهیدە قارەمانەکانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان. سەرکەوتوو بێ بزووتنەوەی نەتەوەکانی ئێران بۆ ئازادی و دیموکراتی دژی ئیرتیجاع و ئیمپریالیزم. پەرەگرتوو تر بێ جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی نەتەوەکانی جیهان دەپێناوی ئازادیی و ڕزگاریی بۆ گۆڕکردنی کەلاکی کەوتووی ئیستعمار و ئیمپریالیزم. سەرشۆڕی بۆ خائینانی ڕەوت و ڕێبازیی نەتەوە و حیزبمان.

سەرکەوتوو بێ شۆڕشی پیرۆزی کورد لە کوردستانی عێراق بە ڕابەری پارتی دیموکراتی کوردستان.

کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

۲۷ی جۆزەردانی ۱۳٤۳ - ۱۹٦٤/٦/۱۷ (پاشبەندی ۲۵)

لادان و سەرشێواوی چەند خۆپەرستی ناجوامێر بە ناوی "کۆمیتەی ساختەکەرەوە"

ئەمساڵ لە ٢٥ی خەرمانانی ١٣٤٣- ٢٥ی گەلاوێژ دروستە- نوسەر- میللەتی کورد بەتایبەت تێکۆشەرانی ڕێگای ژیانەوەی نەتەوایەتی کورد و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جەژنێکی مەزنیان تێپەڕاند و لە زۆر جێگادا لەو ڕۆژە جەژنیان گێرا. لەو ڕۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی نایە بیستەمین ساڵی تەمەنی پڕشانازیی خۆی. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەموو کۆششی خۆی لەڕێگەی خەبات و فیداکاری لەپێناوی ئازادیی میللەتی کورد و ڕزگاریی نیشتمانی خۆشەویست کوردستان بەخەرج داوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شانازییەوە لە ماوەی ١٩ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام و بێ هیچ پشوودانێک لە ڕێگای یەکڕیزی و یەکێتیی خەڵکی کوردستان و لەپێناو جەنگ و بەرگریی لە بەرامبەر دوژمنان تێکۆشانی زۆری هەبووە و لەپێناو ئەو کۆسپانەی کە لەبەردەم ڕێچکەی نەتەوەیی کورد بوونتا تێکۆشاوە. لە هەموو دەرفەت و ئیمکانێتێک بۆ پەکخستنی ڕیزەکانی تێکۆشانی گەلی کورد سوودی وەرگرتووە و بە باشترین شێوە ئاستی زانیاری سیاسیی گشتیی بردۆتە سەرێ و یادەوەرییەکانی تێکۆشانی گەلی لە دڵی میللەتدا بە پارێزراویی و زیندوویی هێشتۆتەوە. لە ئەنجامی کارە پڕ فیداکارییەکانی حیزب کە پەیوەندیی نەپچراوی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا پەیدا کردووە بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دوایی کە هەوڵ و کۆششی خۆی لەگەڵ ڕاپەڕین و شۆڕشی میللەتی کورددا هاوجووت کردووە و پێوەی پەیوەست بووە بە تەواوی شانازییەوە لەنێو دڵی جەماوەردا شوێنی خۆی کردۆتەوە. ئەم جارە بەشی زۆری کادرەکانی سیاسەتی دەرەوە و پڕۆپاگەندە لەنێو بەرپرسەرانی ڕۆژنامەکانی جیهان و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ئاگادارییەکانی بە باشترین شێوە ئەنجامداوە. ئازایەتی و چارنەترسیی کەسایەتی بەتوانامان کاک عیسمەت شەریف وانلی، سکرتێری کۆمیتەی بەرگریی لە مافەکانی گەلی کورد، و سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیروت لە ساڵی ١٣٤١- ١٩٦٢ شایەنی ئافەرینە.

لە ئاکامی خۆنەویستی و فیداکاری نوێنەری لێهاتووی ئێمە کاک ئەحمەد تۆفیق "ع-١" بوو کە بۆ یەکەمین جار ڕێگا بۆ هەواڵنێران و ڕۆژنامەوانانی جیهان کرایەوە و لە ئەنجامی ئەو خۆنەویستییەی ئەحمەد تۆفیق- کە حیزبی

دێموکراتی کوردستان گەیشتۆتە ئەو شوێن و پایەیە. کۆشش و تەقەلای ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەم ١٩ ساڵەدا لەگەڵ شاڵاو و پەلاماری بەردەوامی دوژمن ڕووبەڕوو بووە و دەیان جار بە مەبەستی دەستەبەرکردنی چەند کەسی ئازای سەر بە حیزبمان شاڵاویان هێناوە بەڵام ئایا بە کۆمەڵگرتن و ئازار و شکەنجە خەڵکانی ئێمە کۆتاییان هاتووە.

لە ساڵی ١٣٢٦- ١٩٤٧ چل و نۆ کەسیان لە ئەندامانی دەستەبژێری حیزبەکەمان لە سێدارەدا. بەڵام دوژمن بەم چەشنە دەستی لە جەنگ لەگەڵ میللەتی ئێمە نەکێشاوەتەوە. ئەم جارەیان دەستیداوەتە حیزبسازی و دەستەبەندی و هەر ڕۆژەی بەناو و نیشانێکی جیاواز گورز لە پەکریزی حیزبەکەمان دەوەشێنێ. لەسەر کێلی گۆڕستانی دوژمن ئەو بەشەی کە لە جەنگدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکشکاوە بەم شێوەیە ناودەبرێت.

حیزبی پان ئیرانیست، حیزبی سادات، سعادت ملی، کۆمیتەی ئنورش، دەستەبەندی ڕەحمانی قاسملو و خیانەت و خۆفرۆشی ئیسماعیلی قاسملو، دەستەبەندی ئەو شوێنکەوتە شکستخواردووە، واتە هاشمی حوسێن زادە "قادر حسن"، ئەو مرۆڤە ناکام و تازەکارە کە هێشتا دەمی بۆنی شیری لێ دێت واتە سەلاحەدینی ئیلخانی زادەی موفتەی "مستەفا" "م. پ. س" مەلا ئەبوبەکرد شەلەی فەلەفی، کێلی مەزاری تازە داڕێژراو بە ناوی "کۆمیتەی ساخکەرەوە" کە دوا سەرکەشیی و خیانەتەکانی قادر شەریفە. نووسراوەی سەر کێلی مەزاری ئەو سەگوەڕەی دوایی و ڕەنگرێژی ئەو کارە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی ڕاونراوە کە خودی خۆی پەروەردەی دەستی "سەنتۆ" و ساواکە.

ئەمە بەشێکە لەو نووسراوەی بەیاننامەکەی ڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی لەشکری شۆڕشی کوردستان و کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری ١٩٦٤/٧/٧ پێیان ڕادەگەیەنێن "بە تەواوی بۆ کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوون بووە "م. س" ی دەرکراو و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە پەیوەندیان بە بێگانەوە هەبووە و هەیە هەموو مانگێک بڕی پەنجا هەزار دینار "دە ملیۆن ڕیال" لە بێگانە بۆ دوژمنایەتی گەلی کورد وەرنەگرن. ئەمە بەشێک لە بەیاننامەکەی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابردووی تێکۆشانی گەلی کوردە.

بەڵێ بێگانە لەپێناوی بەملا و ئەولا بردن و پەرتکردنی ڕیزەکانی حیزبەکەمان ئەو پارە و پاداشتانەی داوەتە ئیبراهیم ئەحمەد و ناوبراویش ئەو پارانەی لەلایەن خۆیەوە بە ناوی هاوکاری داوەتە سەلاحەدین و مەلا ئەبوبەکرە شەلە و قادر شریف و چەند کەسی دیکە لە هەڵخەڵتاوان و لادەران. لە دوایین قۆناغدا ئەو پارانە دراونەتە ئەندامانی داوێن پاکی کۆمیتەی ساخکەرەوە بەڵام ئەوان نەیانتوانی کە بەو پارەیە لەنێو شارەکاندا بە ژیانی پڕ زەوق و خۆشگوزەرانی ڕابوێرن بەڵکو پارەکەیان داوەتە کەوشی توندوتۆڵ و سووکەڵە تا بە هۆیەوە لە بەردەم تووڕەیی و غەزەبی میللەت و لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان هەڵبێن و گیانی خۆیان نەجات دەدەن. ئایا ئەوانە بە یەکجاریی ڕۆیشتن، مەگەر لە کوردستاندا سۆزاخخوازان لایەنێک هەیە پەنایان بدات. ئەوانە لەلایەن جەماوەرەوە چەک کراون، سەرشۆڕ و سەرگەردان و وێڵ و شەرمەزارن. بەهەر لایەکدا بچن سەرئەنجام ڕۆژێک دێت گرفتاری میللەت و ئەندامە تێکۆشەرەکانی ئەم گەلە دەبن. کۆمیتەی ساخکەرەوە لە سەفەری خۆی بەرەو مەزاری مەرگ بەرگێکی ڕەشی لە ژیانی خۆی جێهێشت بەتایبەت مامۆستای "دانا" و "دووربین" و "گێوەشاوە" واتە قادر شریف و شەش کەس لە هاوکارانی هاوشێوەی خۆی کە چەندێ لەوانە هەڵخەڵەتابوون و پاشتر لە ڕێگەی نووسینی ئەفرەتنامە لەم کۆمیتەیە و ڕووڕەشی قادرە کوێر و سەعیدە کوێر و مەلا شەلە بەرەو دادگای دادپەروەری ڕێبەرایەتی تێکۆشانی میللەتەکەمان واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان گەڕانەوە و ئەوەش بەشێک لە نووسینی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوەیە کە لەخوارەوە دەیخەینە بەرچاوی هاونیشتمانانی خۆشەویست، بەتایبەت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەو بەم شێوەیەی نووسیوە:

- "... لە منتان پرسیار فەرمووە تا بیر و باوەڕی خۆم دەربارەی ئەو لایەنە لە کۆمیتەی ساخکەرەوەتان پێ ڕابگەیەنم. وا لە خوارەوە وەڵامی پرسیارەکەتان دەدەمەوە.

١. بەڵێ من ئەندام بووم لە کۆمیتەی ساخکەرەوەدا...! بەڵام ئەم کۆمیتەیە بەدەست نەخۆشی جیاوازیی بیر و باوەڕەوە گرفتارە چونکە ڕاستگۆیی و پاکی کەمتر تێدا دەبینرێت هەربۆیە پاش ماوەیەک هەڵوەشایەوە "انا لله وانا الیه راجعون".

٦. سەبارەت بەو بەیاننامەیەی کە لەلایەن کۆمیتەی ساخکەرەوە نووسراوە پێویستە بڵێم کە نێوەرۆکەکەی دوور لە ڕاستی و دروستی دەزانم هەربۆیە خۆم لە بڵاوکردنەوەی پاراست و بەشێکم سووتاند چونکە ئەو هەواڵانەی تێیدا هاتبوو کەسێک نووسیبووی "مەبەستی قادر شەریفە" کە ئەومان وەک کەسێکی ڕاستگۆ و پاک نەهاتە بەرچاو. بە ئێوە و هەموو هاوڕێیانی حیزبی ڕادەگەیەنین کە پێویستە ئەو بەیاننامەیە وەک مەسەلەیەکی کینە و مەبەستی نووسەرەکەی چاولێبکەن "مەبەستی قادر شەریفە" نەک وەک بەیاننامەیەکی حیزبی بەتایبەت ئەوەی دەربارەی کاک ئەحمەد تۆفیق نووسراوە. ئیمزای نووسەر..."

لە بەدبەختی نووسەر بەیاننامەی هەمان نووسراوی ئەم برادەرە پەشیمانە ئێستا لەبەردەست حیزب دایە. حیزب لە بنەڕەتەوە بە پێویستی نازانێت تا دەربارەی بەرگی ڕەشی ئەو ڕووڕەشانە واتە قادر شەریف و مەلا ئەبوبەکرە شەلە شتێک بڵێت چونکە بێئابروویی و درۆ و ڕیاکاریی ئەوانە لە ڕووخساریان بەتەواوی ئاشکرایە و بەکورتی کاتێک دەبێت دەرکەوێت کە تەواوی قسەکانیان دژ و پێچەوانەن و بەو جەشنە خۆیان وەڵامی درۆکانی خۆیان داوەتەوە. شاڵاوێک کە بۆسەر ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ئەم دەسترشانەوە دەهێنرێت پەلاماری ناجوامێرانەیە بۆسەر سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاوڕێی چاونەترس و بێباک کاک ئەحمەد تۆفیق "عبدالله اسحاقی".

میللەتی کورد نەک تەنیا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش شانازی بەم مرۆڤە ئازا و تێکۆشەرەوە دەکات کە بە ئەندازەی تەواوی تەمەنی حیزب فیداکاریی و لێهاتوویی و خۆنەویستیی و پاکیی و ڕاستگۆیی نیشانداوە و هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا لەگەڵ تێکڕای مرۆڤە دلێر و تێکۆشەرەکانی حیزبمان هەنگاوی ناوە، ئەوش مایەی شانازیی حیزبمانە. ناوی ئەم هاوڕێ دلێرە لە ڕیزی ڕابەرانی تێکۆشەری حیزبەکەمان دایە کە بەشێک لەوانە تا ئێستا لە زینداندان و گەنجێکی زێڕینیان لە مێژووی تێکۆشانی حیزب و میللەتی کورد پێکهێناوە.

کاک عیسمەت شەریف وانلی کە مایەی شانازیی میللەتی کوردە لە نامەیەکیدا کە بە ناوی ڕابەری تێکۆشانی هەموو کورد نووسیویە: "... بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەو جەنابە کاک ئەحمەد تۆفیق هاتە بێروت و

ئێمە دوای ئەوە هەردووکمان گەیشتینە بێروت لە بەرواری ١٤ی حوزەیران "یووشیەر" ی ١٩٦٢ گفتوگۆ و کاری گرنگمان ئەنجامدا. لە ڕاستیدا کاک ئەحمەد تۆفیق لە هاوکاریکردنی لێپرسراوانی پارتی سوریە و ئازادیی میللەتی کورد لە سوریا و لوبنان چالاکیی کاریگەر و بەرچاوی هەبووە. کاک ئەحمەد تۆفیق لە سوریا چەند کاری ئازایانەی کردن لەوانە بانگەوازێکی ئەو بەڕێزە بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و هەروەها چاپکردنی بڵاوکراوە جۆربەجۆرەکان وەکو "دیسان بارزانی و چاپکردنی سەرلەنوێی دوا ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات" و بڵاوکردنەوەیان لەنێو هەواڵنامەکان و هەروەها پەیوەندیگرتنی ژیرانە و بەسوودی شۆڕش لەگەڵ ڕۆژنامەنیگارانی جیهانی. بۆ بانگەوازەکەی ئەو بەڕێزە بۆ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کە بە زمانی عەرەبی چاپی کردبوو لە ڕاستیدا زۆر پاراو و سەرنجراکێش بوو کە هەڵبەتە خودی کاک ئەحمەد تۆفیق لەنێو بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکاندا بڵاویکردنەوە و یەک کۆپیشی لەوانە بۆ ئێمە ناردۆتە ئەوروپا، ئێمەش پێکەوە لەوێ لەگەڵ کاک فریاد ڕەواندوزی وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی و بڵاومان کردەوە. پێویستە عەرزتان کەم کە ئەم بانگەوازە کاریگەرییەکی زۆر چاکی هەبوو و شوێنێکی ڕێکوپێکی لە بۆچوونی جیهانی لە دەرەوە هەبوو. کاریگەرە موسبەتەکانی ئەم بانگەوازە تا ئەو شوێنە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە ئیستگەکانی ڕادیۆیی جیهان بڵاویان کردەوەو لە زۆربەی شوێنە جیاوازەکانی دنیا لێی ئاگادار بوون.

گاک ئەحمەد بەردەوام وەک سەربازێکی نەترس و بێباک لەم ڕێگایەدا چاوی لە گەنجێتی و خۆشگوزەرانی خۆی پۆشیوە و بێ هیچ کەمترین لادان بە کارەکانی هەستاوە. نابراو یەک لە ئەندامە هەرە چالاک و ئازاکانە کە هەمیشە شانبەشانی هاوڕێ ئەحمەد تۆفیق کە لە ڕاستیدا لەو پێناوەدا ڕەنجیان کێشاوە و ئەرکی نەتەوایەتی خۆی لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ناوبراودا بەجێهێناوە کە تێکڕا مایەی شانازیی میللەتی کوردە. هەر برایەکی کورد بە چاوێکی دڵسۆزانە و نەتەوەییانە بڕوانێتە ژیانی ڕابردووی هەڵسووڕێنەرە چالاک و گیانبازە شەرەفمەندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆی دەردەکەوێت کە ئەم ئەفرادە شەرەفمەندانە کەسانێکن کە لە دامێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا پەروەردە بوون و لە هەموو کات و شوێنێکدا بەوپەڕی شانازیی و سەربڵندییەوە بەرەوپیری مەرگ و

لەنێوچوونی خۆیان بوونەتەوە تاکو هەستی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لەنێو میللەتی کورددا بە زیندوویی بهێڵنەوە.

قادرە کوێر و مەلا شەلە لە دامێنی گڵاوی بەرگی ڕەشی خۆیان هێرشیان کردۆتە سەر هەڤاڵی ئازا و خەباتگێڕمان کاک فایەق ئەمین "سولەیمانی موعینی" کە لە سەرتاسەری ژیانی خۆیدا بە دڵسۆزیی و تەواو پاکی و ڕاستگۆییەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا گیانبازیی کردووە. هاوڕێیانی حیزبی زۆر باش ناوبراو دەناسن و ئەو ئەندامێکی چالاکی حیزبمانە. لەبەرئەوە میللەتی کوردی خۆشەویست بەتایبەت ئەندامانی یەکگرتووی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بڕواننە ئەم ئاگادارییەی خوارەوە:

١) ئەندامانی کۆمیتەی ساختەکەرەوە بریتین لە: ١- قادر شەریف "هاشم اقل گلاب"، ٢- مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی گەرماوی "مەلا شەلە"، ٣- سەعیدی مەلا کەریم "سەعیدە کوێر"، ٤- سەید حوسێنی مەدەنی، ٥- عەبدوڵڵا سەدیق، ٦- مەلا ئەحمەدی شەڵماشی "مەلا ئاوارە" کە بە ئێوەیان دەناسێنین.

٢) لە بەرواری یەکی خاکەلێوەی ١٣٤٣ و بەپێی پێداگریی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و بە ڕەزامەندیی ڕابەری خەباتی تێکڕای کورد و بە بەیاننامەی ڕەسمی قادر شەریف و سەعیدە کوێر، لە حیزب دەرکران و هەموو لایەک لەو بارەیەوە ئاگادار کراونەتەوە.

٣) مەلا ئەبوبەکرە شەلە لەبەرەوەی کە ئەندامی حیزبی ئێمە نییە تەنیا پێدانی ناونیشانی خائین و خۆفرۆش و شوێنکەوتەی بەسە.

٤) لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و هەڵسووڕێنەرانی حیزب بڕیاردرا کە سەید حوسێنی مەدەنی و عەبدوڵڵا سەدیق بە تۆمەتی دەستەبەندی و شوێنکەوتەیی و بوونە ئامرازی دەستی چەند کەسی ناشایستە لە ڕیزی کەسانی باش وەلابنرێن.

٥) لەم ڕێگایەوە مەلا ئەحمەدی شەڵماشی ئاگادار دەکەینەوە کە لە بەرواری دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەوە تا سێ مانگی دیکە ئەگەر لە کردەوەی خۆی پەشیمان بێتەوە و پەنا بۆ بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان بێنێت سزای ئەو تەنیا دەرکردن دەبێت لە حیزب و بەم شێوەیە بە هەموانی ڕادەگەیەنین "ئەوانەی خوازیاری گەڕانەوەن حیزب سزایەکی کەمتریان بۆ لەبەرچاو دەگرێت.

٦) باقی دیکەی ئەندامانی کۆمیتەی بەناو ساختەکەرەوە کە گەڕاونەتەوە هێندێک نامەیان نووسیوە ئەگەر دەتوانن لە گەیشتن بە ئامانجی نەتەوایەتیی کورد لەگەڵ ئەندامانی یەکگرتووی حیزب هەنگاو هەڵێنن و بەو ڕێگایەدا وەفادار دەمێنن دەتوانن دوبارە بگەڕێنەوە بارەگای بەخشندەی حیزب.

لەم ڕێگایەدا ئاگادارتان دەکەینەوە کە قادر شەریف "هاشم اقل گلاب" و سەعیدی مەلا کەریم کە هەردووکیان لەوانەن لەخواییەوە کوێر و نابینان هەروەها ئەو مرۆڤە فێڵبازە واتە مەلا ئەبوبەکرە شەلەی هەڵاتوو مقدارێکی زۆریان پارە و چەکی حیزب دزیوە هەربۆیە ناوبراوان بە تەواوی هاونیشتمانان بەتایبەت ئەندامانی حیزب دەناسێنین و خوازیارین ئەو سێ کەسە خەتابارەیان لە هەر کوێ دەستکەوت بێ وەستان دەستگیریان کەن و تەسلیم بە دەرگای دادپەروەری حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بکەنەوە.

پەندێکی ناسراوە "ئەگەر کەسێک مرد چەندە خراپ و پیسیش بێت نابێت نەفرەتی لێبکرێت چونکە بۆ مردووان ڕەحمەت چاکترە". لێرەوە ئەگەرچی کۆمیتەی ساختەکەرەوە مردووە بەڵام لە ئەنجامی پێداگریی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە لە بەرواری ۱۳٤۳/٥/۲٤-۱۹٦٤/۸/۱۵ پێکهات تا بەم شێوەیە دواکار و هەواڵی ژمارەیەک لادەر لە حیزبمان کە لە واقیعیەت دوورکەوتوونەوە بە جەماوەر بناسێنین و بزانن کە شوێنکەوتەیی لە حیزبی مەدا کە "ساواک" لەڕێگەی ئیبراهیم ئەحمەدی هەڵاتوو هێناویەتە بوون خەڵکی لێ ئاگادار بکەینەوە. بەڵکو ژیانی ئەنگین و ئەفرەت ئەنگیزی ئەم شوێنکەوتانە و تێکڕای ئەو دەستانەی پێشتر خراونەتە ژێرگڵ بتوانێت وانەیەکی باش بداتە ناحەزان و دوژمنان کە لە تاریکیدا تیغی ژەنگاویی و داپۆشراوی خۆیان لەپێناو دژایەتی لەگەڵ حیزبەکەماندا تیژ دەکەنەوە.

لێگەڕێ هەمیشە لە ئازاردا بمێنن کەسانێک لە ڕاستی بێ ئاگا بمێنن.

هەر شەکاوە بێت ئاڵای خەبات و تێکۆشانی ڕیزی یەکگرتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان. شەرەف و شانازیی و دڵسۆزیی بۆ ئەندامانی وەفادار و دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان. مردن و ڕووڕەشی بۆ دوژمنانی میللەتی کورد و ناحەزانی یەکریزی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرکەوتوو بێت خەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد. بژی کورد، بژی کوردستان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان (پاشبەندی ۲۷)

سەرچاوە: حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراو، هەولێر، ۲۰۱٥، ل ۲۱۳ – ۲٤۹.

## پاشکۆی ژمارە ١١

### دەقی بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

Kurdistani Nwe K21 ٢٠٠٩ / ١٠-١١ / ٦٠١

گەنجینەی بەڵگەنامەکان - کۆ ئەرشیف

یەکێتی ، خەبات ، سەربەخۆیی و دیموکراتی

**بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان**

یەکێتی • خەبات • سەربەخۆیی و دیموکراتی

بەیاننامەی ٢ەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان

دووهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ هەتاوی بەرامبەری نۆڤەمبەری ١٩٦٤ لە ژێر سێبەری ئاڵای شۆڕشگێرانەی دروشمی یەکێتی • خەبات • سەربەخۆیی و دیموکراتی لەنێوان لوتکەکانی چیای زاگرۆس دەستی پێکرد •

**ئەم بەیاننامەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی کۆنگرەی دووەمەوە زیندە دەکەینەوە، کاتی خۆی لە هیچ سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن بڵاو نەکراوەتەوە، لەوانەشە تازە دانە بێ K21**

دووەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ هەتاوی بەرامبەر نۆڤەمبەری ١٩٦٤ لەژێر سێبەری شاڵاوی شۆڕشگێرانە و دروشمی یەکێتی (خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی لەنێوان لوتکەکانی چیای زاگرۆس دەستی پێکرد [illegible]

[illegible]

K21 مەهاوی نوو وەرز / (٤١٠٦) ٢٠٠٩

راگشان؛

دیارە حزب لەسەرەتای کاریدا لەکاتی خۆی دەیتوانی کەعەم دەولای خەبات یانی پەرلەمانی و چەکداری ڕێگرا بگرێتە پێش و بەڕێزی و ڕووبایی لەشەروری حەڵ و فرستە پێشهاتوورەکان سوورە وەربگرێت و فریو نەخوا، بەڵام لەپێش ئەم کارەدا ح. د. ک ئەبوایە لەشێکی ساغ و پێو و پاوێژێکی تەواو و شارەزا و تێبینی گرنگی لەسەر ئەشتەوەی خۆی و دوژمنەکانی هەبا.

لەدنیای ئەمڕۆدا سزا دەگرێت هەم خودای بڕێی هەم خۆیدا بەڵام لەپێش ئەم کارانەدا لەسەری پێویست و فەرزە کەخۆی بناسێ و خودا و خۆرماش بناسێ ئاینجا و شەڕیش خۆرما خۆی لێ نەگۆڕێ و بەهەڵە نەچێت و بەبڕەنی ناوی خۆیدا خۆی لەقەر و لووتا و خەڵکیش بەکوێر نەبا.

گورتی و کەم و کوری گەورەی خەباتی ح. د. ک ئەوەبوو لەخەباتی چەکدارانەی سمکۆ و قەدەم خێر و ... هتد، دەرس و سەرمەشقی وەرنەگرت، شێوەی ژیندوو و ئەسری ئەو کارەسانانەی ڕێگای ڕزگاری و خەباتی بۆ گەڵە و سوورە هێنشتەوە

## لەمەڕ تەسلیم بەدوژمن و هاتنەوەی سوپای داگیرکەر

هەروەها گۆنگرە هاتنەسەر باسی کشانەوە و تەسلیمی بوو قیبە و شەڕی حکومەتەکانی کوردستان و ئازەربایجان لەکاتی خۆی حزبی دیموکراتی قەوام السلطنة لەگەڵ زۆر لەکاربەدەستان و خاوەن بیر و باوەڕپێکراوانی سیاسی و حزبی لەئاران قەرار و سەدریان بەستبوو بەجوورێ قەوام السلطنة بۆ سمکۆ و کۆبوونەوە لەگەڵ ستالین و دەروبەرەکەی ئەوی پێزی بەدەستی دانانشراو عرشی خەڵکیان بەوە ساپێژ دەکرد کەگوایا زۆری خەستی چارەنووس و ڕێشکی و گەوێزبوونەوی لەشەرەکانی کورد و ئازربایجان بۆلە گۆڕانی و بەڵاکەردنی ئازادی گەل چوو.

لەلایەکەوە حزبی تودەی ئێران و دەستەکانی سیاسی ئەو کەپێشوو بەرزمان و فەلسە و قەول و قەرار پشتیوانیان لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی دوو نەتەوەی کورد و ئازربایجان کردبوو لەکاتێ بەجووڵانەوەی ئازادی ئێران یان

ئاوەدیرە و ویستیان بەو بەڵیە پووچەڵە خۆ حەشاردەن و وەک گەمرەک سەریان لەبەفر کردبوو لەشیان بەدەرەوە بوو دەیانەویست ئەو ڕاستییە بشارنەوە کەلەو کاتەدا ئەوری هێزی ڕەش و بەدەفەری شا ئیمپریالیزم و دوژمنە سوێندخۆرەکان کلکیان لێک بەستبوو لەکارنەوە بەشکێنای پووبان کەوە کوردستان و ئازربایجان و ئەوانیش لەجیاتی پەرەستی لەپەلاماری ئەو دوژمنە هاوبەشییە بگەن وەیا لەلای کەم لەپشتی جەبهە زەرەبانی قەوس و بەشێوەی ئێکەمرانە و سابوتاژ لەدوژمن بدەن خۆیان خستبووە گوێی گا و چوونە ئاو ئەوی سەرە دەرگەوە بەو مانایە مرۆڤیان لەحۆبان بیری و هەتا بەستاوی ئازادی بەجوولانەوەی شۆڕشگێڕانە و دیموکراتانەیان دەرئەمری ئابەر جۆرە ئەو دەمەوە تا ئێستا شا و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و دوژمنانی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێرانیان لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلەکانی ئێراندا زاڵ کرد و دوابەش دیتمان قەوام السلطنة بەریشی سوبارەکی هاوبەشەکان و سمکۆ- ئاران پێدەکەنی.

خۆپەرستی سەرۆک و سەرانی ئەم جۆرە حزبانە لەسەر ئەم دەست ئەو دەست کردن بۆ وەشاندنی زەربە و خۆخەڵاتندن و خۆدەرخستن لەکاتی هەڵکەوتنی شۆڕشگێڕانە لەپاشەڕۆژەکانی داهاتوودا یانی ڕۆژانی ڕەش و لەگەڵانەی کودەتای ٢٨ مراد دا ڕووناک ئەو و ئاشکراتر وەدی هات، لێرەدا بێ جێ نییە کەپەندی پڕوەکی شاعیری مەزن لەم بابەتەوە بهێنینە بەر چاو کەشێ: هرکە نامۆختە از گزشت روزگار هیچ نامۆزد زهیچ اموزگار

## لەخشی شۆڕشگێڕە پێشوا بارزانی

پێویستە بزانین کەهەر لەو کاتانەدا بوو کەهۆزی بارزان لەکوردستانی گەمریان بەرامبەرەی پێشوا بارزانی مستەفایی لەقرتانی خەباتی چەکدارانەی خۆیان بۆناو کوردستانی کورتستان گوێستبوە پاش ئەوەی گەلەجووەی شۆڕتاوی و پرلەمانی ئەوان دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و حکومەتی شای بۆگەنیو لەزۆرەی عێراق لەکاتی پێویست و لەنگانە ح. د. ک بەکاری نەهێنا.

بارزانیان بۆ ئەوەی چەک دانێن بەسەربەرزی و زۆری و

K21 هەفتانەی نوێ وەرز / ١١-٠٦-٢٠٠٩

گەنجینەی بەڵگەنامەکان - کنز الوثائق

گورج و گۆڵی دەستیان بەگشتاندنەوەیەکی چەکدارانەی شۆڕشگێڕی بۆ ئاوی پەخشی شۆڕەوی کرد

کەئەمانیا چەک و تەواوی هێزی حکومەتەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و فرۆشێکی ئیستعمار ئەیتوانی بەرهەڵستیان بکا. بەڵکو گشت پسپۆڕەکانی سیاسی و جەنگی دنیا لەدۆست و دوژمن لەسەر پەنری بیروراوێژی چەکدارانە و شۆڕشگێڕانەی بارزانیان و پێشڕەوا (مستەفای بارزانی) کۆڵنەدەر سەریان لێدا سوڕماوە

بەو هۆیەوە ئەمەنیا شادبوو و شەڕەفی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کوردییان کردەوە بەڵکو دەرسەکی سەرزی مرۆڤایەتی و بەر هەڵمەت و سەربەرزی بوو بۆ هەموو تێکۆشەرانی خەباتکەری گیتی

ئەو کوردەوە شاز و پڕ لەقارەمانێتییە بۆتە ئاڵای سەربەخۆیی بیروباوەڕی نەتەوەی کورد و بەو پەندەڵۆڵ و جوامێرانە نەتەوەی کورد بەدنیای ڕاگەیاند. کەبۆلێکی سیاسی و چەکداری پەککەوتوو و ژێ و پشو لەژێر سێبەری بیروبۆچوونی مرۆڤێکی فیکری و جەنگی ئەتوانێ ئەمەنیا لەگەڵ لەشکرێکی پڕچەک و چەسوق دەوڵەمەندیک بەربەرەکانی بکا و پووسەر و سەربەرز سەرکەوێ بەڵکو توانای ڕووخاندن و تێکدانی ئەو حکومەتانەیشی هەیە کەبەهەموو چەک و چۆڵ و تفاق و پارەیەک لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانی ئیستعماریش یارمەتی بدرێن

بەڵام زۆر لەسەرۆک و ڕابەرانی ئەمحزاب و دەستە سیاسییەکان کەلەسەر بەخۆبوون لەسەر مێز و سازەوی شارخوولادان لەوێناری کردەوە و هەمدی شۆڕشگێڕانە و چەکدارانەی ئەوڕۆ و کاتی ئەمکانە و پێویستدا دەستە و لەژێر لەدوژمن پاڕەمینن دەمار و کەسانی و بەستنەوەیان و عەیبەیا و خۆیان بۆ گەل و حزب بێ کەڵک و سوود دەهێڵنەوە لێرەدا پێویستە بەسەربەرزییەوە بڵێین کەزۆربەی ئەو هەڤاڵانەی کەماوەی ١٧ ساڵی ژیانی ڕابردووی حزبمان خاوەن بیر و باوەڕێکی ژیر و پتەو و خاوەن مەسئولییەت و شەرەف و خاوەن قەڵەم و دڵ و دەروونێکی خاوەنی مرۆڤایەتی و کوردایەتی بوون. لەماوەی ئەو ١٩ ساڵەی خەباتدا بیر و کردەوەی سەرزی فیکری بارزانیان لەیاد نەکرد هەر ئەوانەی ئاڵای پەخشێنی خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتیان لەدەست دوژمن ڕفاند و کولان بەکولان شار بەشار و پایتەخت بەپایتەخت لەسەر شان و شەپێکی خوێناوی خۆیان ڕاگرت و پاراستیان تاگەیاندیانە سەر لووتکەی شاخەکانی زاگرۆس و لەناو دڵ و هەناوی دووهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان بەرزیان کردەوە

لەناو نوێنەری کۆنگرەدا کەم نەبوون ئەوانەی کەلەزیندان و پەشە چیاکەکانی شاران وەک (قزل قەلا) و (لەشکری ٢ ی زرێ پوش) و (قەسری قاجار) جەزرێبە و شکەنجە و چەرمە سەریان کێشابوو و هەزاران کۆسپە و کوێرەوەری و هەڕەشە و گوڕەشەی دوژمنی سەربەرزی و ژیری و بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و کوردایەتی و ڕاتی تێک شکاندبوو

## لادانی کۆمیتەچییەکانی حزبی توودەی ئێران

هەروەها لەکۆنگرەدا کەم نەبوون ئەو نوێنەرانەی کەبیر و کردەوەی خۆیان شاهیدی زیندووی لادان و بەهەڵەچوونی سەرانی و ڕابەرانی توودەی ئێران لەدووری هاتنە سەر کاری حکومەتی ڕەشی (ڕەزم ئارا) و بەربەرەکانی لەگەڵ دروشمی (میللی کردنی نەوت) و ئووربەڵدانی تەکووزی ئابووری و سیاسی ئیستعماری ئینگلیز لەئێران دکتۆر محەمەد مەصدق و هاوڕێ و هاوخەباتەکانی وری لەجەبهەی میللییان دەکرد و لەکاتی ئەمکانە و گرنگی مێژوویی و نەتەوایەتی دا بەدروشمی چەوت و چەپەڵ و ناتەبا، ناوخیانی بەکورەکەی ناشتی دوژمنانی سوێند خۆری نەتەوەکانی ئێران دا ئەکرد. لەکاتی گرنگدا کەدکتۆر مصدق بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئیمپریالیزم و دیکتاتۆری لەئەوای حزب و دەستەکانی سیاسی لەناو مەجلیسی شورای میللی دا داوای دەکرد کەهەموو لەرێگەی خەباتی ئیستمان پەک بگرن، زۆربەی سەرانی ئەو حیزبە لەخەباتی ئێگەڵ بوون و خۆئێکیشیان لەخەباتی گشتی نەتەوەکانی ئێران گۆڕیان بۆ زەڕە و هێزی چەکەی دیکتاتۆری ڕەزم ئارا شل کردبوو. هەر ئەو لادانە ڕابەرانی ح ت ئێران لەکۆنگرەی ٢ هەمی حزبی توودە بەکەم و کورتی بڕیاری لەسەر درابوو بوو بەهۆی هەڵوێستێکی چەوت و چەپەڵ کەزۆربەی بەرهەمی خەباتی نەتەوەکانی ئێرانیان بێ سوود و کەڵک هێشتەوە و قەدر و دوژمنایەتییەکی گرنگیان لەگەڵ حزب و نەتەوەی خۆیان

K21 دیاری نوو ڕۆژ / (٠١-٠٦-٢٠٠٩)

گەنجینەی بەڵگەنامەکان - کنز الوثائق

شۆڕشگێڕانەی ح د ک بکەن، بەڵام دەوروبێکی خاوێن بەبیر و هەستێکی تازە دەستی پێکیەوە و خەبات بەدەسته دەست ح د ک لەسەر وەدی هێنانی یەکێتییەکی پتەوی نیشتمانی بۆ ئازادی ئێران و ڕزگاری نەتەوەکانی.

ئەزموونەی شۆڕش لەئوروپا و جەزائیر و گەلێک جێگای تر پەیانی وەدەری خست کەرێگای سەرکەوتنی شۆڕش بەهەمان دان و ڕێکخستنی چینی جووتیار و وەرزێر و کرێکارانی وڵات بۆ ژێر ئاڵای خەباتی چەک و چەکدارانە لەچیا و دەشت و کێو و پەیوەندی لەگەڵ چینە زەحمەتکێش و ڕۆشنبیرەکانی نەتەوەکانیە. لەشارەکان شۆڕش سەرناگرێ و دابەزی لوێنە و هیوا بەستن بەخەباتی سەر شەقامی خەتایەکی گەورە و پەنج بەخەسارییەکی زۆری پێوەیە.

هەروەها پێویستە بزانرێت کەهەڵوێستی حیزبێکی سیاسی تەنها لەبواری گوفت و گوفتار بەڵکو لەمەیدانی کردەوەدا نیشان ئەدرێت و لەئێران لەماوەی خەباتی خوێناوی گەلی ئێران دژی ئیستعمار و شا و نۆکەرەکانی ڕێگای پەرلەمانتاریزم لەتەنیا و لەتەنیا ڕێگای خەبات نەزانراوە و بۆ جەبهەی میللی و چ بۆ ح ت ئێران وەچ بۆ حیزب و دەستە سیاسییەکانی تر. لەم ڕێگایەدا تەنیا جەبهەی میللی بەرابەرایەتی مصدق توانی بەڵوول و لەرزی خۆی مەحەل بکا و بیر و باوەڕی خۆی بەدی بێنێ. لەسەر ئەم ڕێگایەدا بەحکومەت بگا و نەتوانی میللی کا هەروەها ئیستعمار و شا و هێندێ حالەی ئاران وەحافکەلێک بکا و نیوەگیانی کا. جەبهەی میللی گەرچی بۆ ماوەیەک توانی گەلێک کاری شۆڕشگێڕانە بکا بەڵام نەیتوانی ڕاگرتن و پاراستنی ئەو دەستکەوتە بەرز و شۆڕشگێڕانەی حکومەتی میللی دکتۆر مصدق نەبوو

گەورەترین کۆسپ و بەربەستی لەم بابەتەوە دووبەرەکی و ناکۆکی و لەدانی بەرپرسیارانی ح ت ئێران لەگەڵ جووڵانەوەی نەتەوایەتی ئێران بەسەرۆکایەتی مصدق بوو. ئەو حیزبەی کەچەندین کۆنفرانسی ... باشی پێک هێنا بوو بەڵام لەسەر چۆنییەتی شۆڕشگێڕانی حیزبی داماو و کەسانی کەمزانبوو و لەڕۆژی تەنگانە و پێویستدا شعوور و فامی دیتنەوەی ئەو تاڵقە زنجیرەی کەبەهۆی وەدەست هێنانی ئەو ئەزاوی ... زنجیرەکەیدا دەکێشرێت نەیانبوو

## مەسەلەی جووتیار و گیروگرفتی ئەرزی

کۆنگرە لەسەر وەزعی ڕەش و ناکاو و ژیانی نالەباری جووتیار و ئۆرتگرە زەحمەتکێشەکانی لادێ بڕیاریدا کەگۆڕانی ژیانی تاڵ و پڕ لەنەگبەتی ئەوان پێویستە بەبیر و ڕاوێژێکی ئیتیبنیبانەی زانستی چارە بکرێت.

زەوی و ئاو و بەرهەم بەبێ هێزی باسک و کوێرەوەری جووتیار و ئارەقەی نێوچەوانی وی هیچ کەڵک و سوودێکی لێ وەرناگیرێ. دەرەبەگی کەنیشانەی پاشکەوتوویی و چارە ڕەشییە ئەبێ لەبنەڕەتدا هەڵبکەنرێت ریفۆرمی (ئیسلاحات) ئەرزی کەبەشێوی اصلاحاتی ئەرزی لەئێو ئێراندا کراوەتە ڕاگرێژ و باو

شێوەیەکی ناکۆز تێکدان و هەڵوەشاندنی پەیوەندی ڕاڵمانەی ئەرباب و ڕەعیەت لەئێران دا بەدەست ئاقمەیەکی ئاواری و اصلاح خواز پێشنیارکراوو دامەکاندنی دەماری خەباتی شۆڕشگێڕانە لەناو جووتیاران و زەحمەتکێشانی لادێکانی ئێران فئۆدالیزم و دەرەبەگی گەورە کەئێران پاڵ وەپاڵ حکومەتی شا و ئیستعمار داوە. وەختایەکی ژیان و ناکایەتی خۆی دەمەترسی دەبینێ دەستی بەفڕ و فیل و بەرهەڵست کرد تاکەبتوانێ پاداەییەک کەبەپارمەتی شا و ئیستعمار و بەرهێزی خەڵک توانی ئەوە و ئەنقەلای ئەو ئاقمەیەی کەڵک و سوود بکا وەبزۆرەی جێگاکانی ئەتەنیا لەکۆشتی دانەواری خۆی لایەدا بەڵکو بۆ سەرکوتکردن و شاراوە ئاشەوە لەناو خان و دەرەبەگەکانی کوردستان و هەروەها بۆ وەسەرخستن و لاوانەوەی دەرەبەگەکانی کوردستان هەروەها بۆ وەسەرخستن و لاوانەوەی دەرەبەگەکانی زۆرلەزۆری لەزەمانی نەخشەی شێتانی خۆی مەحەل بکا بێ ئەوەی کەئەرزی جووتیار بەتوانی خۆی بکا. لەمێشتووی جێگای گەورەز بەقەم و گورانی بەشێوەیەکی وەپاشەکەوتوو پارچە پارچەبوونیان بەسەر جووتیاردا بەشکراوە لەبەر ئەوە کەخۆی ئازاد نییە لەژێر سێبەری حکومەتێکی ملهوڕ و نیشتمانیدا نییە هیچ دوا ڕۆژێکی ئەمین و ئارام و بەختیار و کامەران شک نابا

شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە، دابەشکردنی زەوی و زار و لەبەین بردنی پەیوەندی ڕاڵمانەی ئەرباب و ڕەعیەت کەبیج ح د ک لەپێشدایە بەطیکانەوەیەکی قوڵ و ئیتیبنییەکی

کرد، بەدانەوەی دەری چین و خەتایەک لەلەیری شمیران هاتە خوار کەتار لەتاش برابەر کودەتای ٢٨ی مرداد سەرکەوت هەر لەم دەمیش لەجان لەوانی بەهێزی و رووبای هێز و ئاڵەتی خەبات خرکەلەوە بەکۆزیش هەلۆیست دەست پێپەلاماردان بۆسەر دوژمن بکەن بەلام لەو وەختەیش هەرچەند بەرپرسەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لەگەل کەمێک لەکادرەکانی حزبی تودەی ئێران بەجۆری کۆکردنەوەی ئەسلەحە و پەلکەی حزبی بۆ ئیشان دانی ئاموستی پێگای رابەرەوو و دۆزینەوەی پێبازێکی پەروناک لەسەر ئەو دروشمانە:

١- لەلالە بۆ هێنانەوە سەر کاری حکومەتی میللی دکتۆر محەمەد مصدق

٢- رەوارە پروخستنەوەی میللی بوونی نەوت

٣- بۆ لایەنی ئیرانی بەکۆمپانیەی ئاوەشەی ح ت ئێران پێشنیار کرا

بەلام پێشنیارەکەیان لەلایەن پێبن هاوپشت، هەروەها پێشنیاری بەرپرسەران و هەڤاڵانی ح د ک لەسەر کۆبین و کۆبستنەوەی لەگەلێک حزبی لەوپاش یانی لێکەل کردنی ڕێگای خەباتی چەکدارانە لەگەل ڕێگای خەباتی شەخصی و پەرلەمانی بەتایبەتی لەوڵاتی کوردستان و ناوچە فارس وەپاش گوێپراو لەبادەوەیست سەر لەخۆی کوێرەرێکای بۆ لەمطە و گێرمەشێوێنی کۆتایان بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان بەرەنگێنلەوە، لەوکاتەدابوو کەمەسئولان و رابەرانی حزب لەش و گیانی ح د ک یان لەو رابەرانە جوی کردەوە و پێبازێکی تازە و خۆیان وەبەرچاوی خەلک خست و بەکۆی ح ت ئێرانیان ڕاگەیاند کە براسان برابەتی و جیهان جوودایەتی

## ح.د.ک و سیاسەتی دەرەوە

کۆنگرە بڕیاری دا ح د ک شەبن بەهاشی و ژیری و گورج و گۆڵی لەو لەنگ و چەلەمەی سیاسی و ئابووری ئێران و ئەمطۆیست و وەزعی تایبەتی ئەتەوەی کورد لەڕۆژەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی لەگەل حکومەتە نیشتیمانییەکانی ئەو لایەن، لەگەل دەولەتە پێشکەوتووەکانی گێتی پێویستە کەلک و سوود وەرگری لەو هەل و فرسەتە مەرتە بۆ رزگاری ئەتەوەی کورد و ئەتەوەکانی تری ئێران لەهەموو فیداکاری و گیانبازییەک دریغی نەکا.

لەسەر ح د ک فەرز و پێویستە کەبەکرێزەی هەلۆیستی تایبەتی خۆی شاری یەکی خەباتی چەکدارانە و رزگارکەرانە بۆ ئێران و ئەتەوەکانی بدۆزێتەوە و بەشێوەیەکی شۆرشگێرانە بەهاوکاری و هاوخەباتی حزب و دەستە سیاسییەکانی تری ئێران رەوەستی پێبێ.

## حیزبی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش

کۆنگرە بۆی ڕوون بووە کەپێش گرتنی ڕێگای خەباتی پارلەمانتاریزم و هەلبەرز دابەرزی شەخسی پێجگە لەوە کەخەلکی ئێران زیاتر دووچاری سەرگرانی و هەلەچی و شل و شەلەتی و سەرشۆڕی بکا بەخیانەتێکی موسەللەم بەئەتەوەکانی دەزانێ؛ سوود و کەلکی نییە

کۆنگرە سەلماندی کەرێگای خەباتی ڕاستەقینە ڕێگای ڕزگاری ئەتەوەیەتی خەباتی چەکدارانە و شۆرشگێرانە لەدژی ئیستعمار و چنگاو خۆرانی (شا و حکومەتی تاران) و لەت و کوێرنەکردنی بناغەی هەیئەتی حاکمەی ئێران (سەرمایەداری و دەرەبەگی گەورە)

بەڵێ تەنیا ڕێگای خەباتی چەکدارانە و شۆرشگێرانەی خۆڕێتاوییە کەئەسەر بوو و پاریزنێکی نوێ و ئیتیقیبیەکی زیرانە ئەتوانێ لەنگ و چەلەمە و چارەرەشی جزایەتی لەناو خەلکی ئێران بنەڕەت بکا

یەکیەتییەکی ئەمرۆ پشەو و ئیستشانی بۆ رزگاری ئەتەوەکانی ئێران تەنیا لەناو گوڕەی ئاگری شۆڕش دا وەدی دێت

کۆنگرە بڕیاری دا کەلەسەر شانی رابەرانی ح د ک فەرز و پێویستە کەهەرچی لەتوانایان دایە بەشداری هێز و بیر و راوێژی حیزبایەتی بۆ گەیشتن بەمانایی سەرۆکی ئەتەوەکانی ئێران یانی لێک و پێکدان و پووحاندنی رژێمی بۆگەنیوی شایەتی و هەلۆشاندن و لەناوبردنی پاسا ڕەشەکانی هەیئەتی حاکمەی تاران و شاغ و لە و پۆینەکانی لەسەرانسەری ئێران لەمین لەئەوداری حیزب و دەستە سیاسیەکانی پێشکەوتووی ئێران بگێرێتەوە و دوا بکا کەبۆ گەیشتن بەمانایی گشتی کوێرەرێگای خەباتی پارلەمانتاریزم کە ئەمرۆی خەلک لێی ماندووبوون و پێی وەستاون؛ لەوور هەڵسەن و پوو لەسەرێکای شۆڕشی

K21 دیاری نوروز / (١-٠١) ٢٠٠٩

گەنجینەی بەڵگەنامەکان - کنز الوثائق

ئازار و هەراب بکەن وەبۆ ئێگەدانی ڕیزی حیزب لەهیچ گیرەشێوێنێکی چەرت و چەپەڵ کۆتایی و دریغییان نەکردووە.

ئەو دوو چەشنە دوژمنانە گەرچی لەدوو لاوە لەلایەن دوو تاقمەی ناجۆر لەگیان و لەشی حیزب بەربوبوون بەڵام مەبەست و ئامانجی هەردوویان لەناوبردن و کوژاندنەوەی ئاگری خەباتی ح د ک بووە کەتەر ئاوڕانەی خۆیان دەبینە بن گل و ژێر لەم

کۆنگرە بڕیاری لێ بووردن و بەخشینی ئەو تاقمە کورد پەروەرانەی دەرپەڕی کەدەست و دڵ و دەروونی بیروباوەڕی کوردایەتییان پاک ماوەتەوە پێچگە لەو کەسانی کەتەجاسووسی و خیانەت دەستیان ئالوودەکردووە، ڕێگەی گەڕانەوە و لێبووردن بۆ ئەو دەستە کوردە پەروەرانە کراوەتەوە کەپاش دەربڕینی پەشیمانی و هۆی بەهەڵە چوونیان لەکارەساتەکانی ڕابردوو بەدڵ و دەروونێکی خاوێن و بیر و باوەڕێکی تازە خۆیان لەباوەشی ح د ک باوێژنەوە.

## مەسەلەی نەتەوایەتی

کۆنگرە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی و بەوڵاموەندانە و لێبینینێکی ڕاستی دوا: نەتەوەکەری و زوڵم و زۆرداری نەتەوەیەکی بەدەسەڵات و لەسەر حوکم لەسەر نەتەوەکانی تری ئێران (کەلەسەر سەرزەمین و هەرە هاوبەشییەکی گرنگیان هەیە و هەرکامیان خاوەن زمان و مێژوو و خووڕەوشت و لیباس و ئاکار و سوننەتی تایبەتن) لەمێژ زەمانەوە لەئێران باو و بەردەوام بووە.

ئینقلابی مەشرووتییەت تەنیا مەبەستی ئێکدان و سەرنخوون کردنی پاشایەتی قاجار نەبوو بەڵکو هەڵوەشاندنی دەسەڵات و زۆرداری حکوومەتی مەرکەزی یەانی ئاغایەتی نەتەوەی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی تری خستە بەرچاو، بەڵکو دوای هاوبەشییەکی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی لەکار حکوومەتی ئێراندا دەکرد (بۆ ڕێک و پێک خستنی حکوومەتێکی دێموکراتی و برایەتی هەموو نەتەوەکان لەسەر کار و باری سیاسی و جەنگی و ... هتد) هەروەها سەربەخۆیی نەتەوە و هەرێمەکانی ئێران کەمرێنییە ئەنجومەنی و ویلایەت بوون بەشێوەیەکی گرنگ خرا ئەو ئالبی قانوونەوە بەناوی (قانوونی ئەساسی ئێران) هەروەها مەبەست لەماقی هێنانە سەرکاری: ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی لەقانوونی ئەساسی کەبەرهەمی خوێناوی ئینقلابی مەشرووتییەت بۆ وەدی هێنانی ئەو ئاواتە مەزنەی سەرەوە بوو کەئەمانی مەرلەتەکانی ئەورووپادا بە (AUTONOMIE و AUIODEI EMINATION) ئەگەلم دراوە.

پاش لەکارچوونی بەرهەم و سەمەری ئینقلابی مەشرووتییەت بەتایبەتی دوای کودەتای ١٢٩٩ و هێنانە سەر تەختی پاشایەتی (ڕەزا خان) بەمەبەست لێسەماریی نەتەنیا نەتەوەکانی ئازەربایجان و کورد و عەرەب بەڵکو خودی نەتەوەی فارس کەبناغەی زۆرداری و دیکتاتۆری پاشایەتی لەکاران لەسەر سێنگی ئەو دامەزرا وەنەتەوەکانی تری دەچەوسانەوە دووچاری ڕۆژەشی و کەسایی و زوڵم و زۆری کرد.

شا و هەیئەتی حاکمەی ئاران کەچەتابارخۆر و نۆکەرە ئیستعماری نەخ گوێی خۆیان بۆ دەگاو خستن وەدەبهێنانی ئەو بەشە گرنگەی قانوونی ئەساسی شل کردوە بەڵکو بەشەوەری هێزی ڕەش و هەر و فێڵ لەهیچ بوغتان و ساختەچی و گێرەشێوێنێ لەم بارەوە کۆتاهی ناکەن.

ڕووداوی جوولانەوەی نەتەوایەتی کوردستان و ئازەربایجان لەساڵی ٢٤-١٣٢٥ بڕیاری نیشان دان وەدەربڕینی هەست و ڕقی نەتەوەکان دژی دیکتاتۆری شا و حکوومەتی ئاران بوو مۆیەشەحەز خەبار لەئازەربایجان و کوردستان بەکۆریەی قانوونی ئەساسی دەستیان کرد بەوەکارخستنی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی وەدیهێنانی ماقی نەتەوایەتی بەمانای AUTONOMIE ئوتونومی.

بەڵام هەموو شاهید بووین کەحکوومەتی شا و ئیستعمار بۆ پاراستنی تاڵان و خوێن مژی خۆیان چ بەزم و پەزمێکی خوێناوی و دڕندانەیان گێڕا و حاڵی نەبوو، ساڵێکی نەتەوایەتی کەمێیان ساڵ لەسەربەر بەهێزی چەکدارانە و شۆڕش گەلەکانی ئێران قانوونی کرابوو: وەمەبەستی ماقی (ئوتونومی - خود مختاری) بەئاشکرایی و پووناکی ئێمە کوشهاندرابوو بینە دی.

پێویستە ئێرەدا سەرنج بەرێت کەحکوومەتی شا و ئیستعمار نەک تەنیا لەم بابەتەوە بەڵکو بۆ بەشەکانی تریش لەقانوونی ئەساسی ترخی پەرەکاپەکیشی بۆ قایل نەبوون

نەتەوایەتی بەسترابوەتەوە بەرزگاری سەرزەمینی کوردستان لەدەست داگیرکەر و چەوسێنەر و گەڕانەوەی زەوی و زار و ئاوەدانی ئەسڵی کە لە ٩٠٪ دانیشتوانی کوردستان پێک دێنن وەکو ٩٠٪ ڕەنگ و پێست و لەش و خوێن و ئێسکی حزبی دیموکراتی کوردستانیان پێکهێناوە.

کۆنگرە دەری بڕی کە ئەمنیا حیزبێکی شۆڕشگێڕ بەخۆی دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی ڕاستەقینەی نەتەوایەتی ئەتوانێ ئاساری زوڵم و زۆرداری کە هەزاران ساڵە باوە لەبەین بەبا جووتیار و وەرزێری کورد خاوەن زەوی و زار و سەربەخۆ و ئازاد و بەختیار بکا.

ئاغاوەت و عەشیرەتە ئیشتمان پەروەرەکان پێویستە ئاگەیشتن بەحکومەتێکی دیموکراتی و نیشتیمانی کورد هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بەرێ و شوێنی سیاسی و ئابووری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکردەوە و کردار لەئاست چینی زەحمەتکێش و کوێرەوەری کێشی دیهات ڕووناک بکەنەوە و خۆیان لەکەنەدار دەست و وەرگیرکەی حکومەتی بۆگەنی شا و ئیستعماری بزێوی بێگانە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەجیاتی ئەصلاحیاتی ئەرزی بێ جێ و پێی شا شۆڕشی ئەرزی یانی ڕزگاری بەشداری و پشەری خودی جووتیار و سەرزەمینی بێ پێی جووتیار و گشت دانیشتوانی کوردستان دەخاتە بەرچاو. هەروەکوو ئەو ڕێبازە لەپرۆگرام مەرامنامەی حیزبەماندا بەجۆری خوارەوە دەنووسرێت.

حیزبە ئێمە سوودی خۆی بەوەدا دەزانێ کە هەرێگای خەبات و ڕزگاری کوردستان لەخان و خاوەن ملکەکانی بەشەرەف و کورد پەروەر بگرێتەوە کە پشتی حکومەتی تاران بەشەراوی بەرەمن و بەخەڵکی خاوەن بیر و باوەڕی کوردانەوە خۆیان لەباوەشی دایکی ئیشتمان و ڕێبازی کوردایەتی باوێژن و پاڵ وەپاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبی ڕزگارکەر و شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد بدەن و دەستی خەباتی ئەندامانی حیزب لەدەستگرن و بۆ ڕووخاندنی ئیستعمار و حکومەتی تاران لەکوردستان و سەرتاسەری ئێران هاوخەباتی حیزبمان بێن. جابزیە ح د ک لەسەر ئەصلاحاتی ئەرزی لەکوردستان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی و زانستی کوردانە هەنگاو هەڵ دێنێ.

ح د ک لەسەر ئەو بیر و باوەڕەیە کە زەوی و زار و کشتوکاڵ دار و دەوەن و ئاو و کانی کوردستان ماڵی نەتەوەی کوردە و ماڵی ڕەنجبەرێکان و دابەشینی ئەرز بەتایبەتی لەماڵە ئاپیەتییە هەرە گرینگەکانی حکومەتی دیموکراتی کوردە کەبەخۆی بەڕێوەبەرانی ح د ک وەدی دێت.

ئەوکاتییە کە دەسەڵاتداری نەتەوایەتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرز و ئاو و زەوی و زار و دار و دارستان دابەش دەکات. (ماددەی ٣٩- بەندی نۆزدە- بەشی شەشەم)

## بەسەر ناوەندییەتی حیزبی

کۆنگرە دەری بڕی کەبەخۆی فشار و گرتن و بڕین و ئەشکەنجەی هەل و فرسەت ح د ک ئەیتوانیوە کۆنگرە پێک بێنێ و خاوەن سەرکەوتنێکی قانوونی هەڵبژاردەی کۆنگرەیانی کۆمیتەی ناوەندی و خاوەن قانوون و یاسای حیزبی یانی پەیڕەو و پرۆگرام بێ. وەهەر بەو بۆنەشەوە ح د ک دووچاری گەلێک دزی و بەهەڵەچوون و گێرەشێوێنی ئەندامان و هێندێک ئەکادرەکانی خۆی بووە چەپ گەری و ڕاست گەری سەرەبەهیەک ناکۆکی و ناتەبایی لەناو حیزب هەڵتووە. ڕابەرانی حیزب لەسەر گیروگرفت و دەرچوون لەشوێنی خۆیان و بەشد شەبوون لەجێگایەکی تایبەتی و هەروەها دەربازبوونی هێندێک لەسەرۆکانی ڕابەر بۆ ناوچەی ئەو گوێستنەوەی قۆناغی خەبات چاوبار بۆتە هۆی شێوەیەکی کاری فەردی.

بێجگە لەگەڵ و گوێری سامانی و گیان و لەشی حیزب لەلایەن دوژمنانی جۆر بەجۆر و ڕەنگ بەڕەنگ وەبەر شاڵاو و ئیدان دراوە لەلایەن ئیستعمار و حکومەتی شا بۆئێک شکاندنی لەشی ح د ک زۆربەی فشاری دەناوەندی خۆی لەڕێگای جەزرەبەی زیندان و کوشتن و بڕین و جاسووسی و ... بەئەتوانی هێزە ڕەشەکانی خۆیان وبەستوویانە لەشی حیزبی ئێمە زامدار و بریندار و گرماوی بکەن. لەلایەکی ترەوە دوژمنانی بیر و باوەڕی حیزبی بەبێ ڕاگەکەنە و درۆ و دەلەسە و گەلێک و بەهەڵە بردنی هێندێک ئاسراوی بوونەوە. کەوەشتی خۆی بەگرتنێک سەری خۆیان بۆ خزمەتی سازمانی ئەمنیەت شۆڕ کردووە وەئەڵاتێکدا هەم لەئورووگەیان دەخوارد و هەم لەئاخوور و گەلێک کارەساتی دیکە وبەستوویانە گیانی حیزبی ئێمە دووچاری مەترسی و

K21 ژمارەی ... / ٢٠٠٩

کەلێنی بەڵگەنامەکان - کنز الوثائق

شارۆ و هەڵاتن بەشێن وەبۆ تێکەڵاتی پەیڕی حیزب لەهیچ گیرمەشێوێنێکی چەپوت و چەپەڵ کۆتایی و مریخییان نەکردووە.

ئەم دوو چەشنە دوژمنانە گەرچی لەڕووی لاوە لەلایەن دوو تاقمی ناجۆر لەگیان و لەشی حیزب بەرەوبوون بەڵام مەبەست و ئامانجی هەردوویان لەناوبردن و کوژاندنەوەی ئاگری خەباتی ح د ئ بووە کەئەم ئاگرەی خۆیان مەبەست بێ کڵ و ژێر قەبر.

کۆنگرە بڕیاری لێ بووردن و بەخشینی ئەم تاقمە کورە پەیوەرانەی دەربڕی کەدەست و دڵ و دەروونی پیرۆزبەوەری کوردایەتییان پیساو ماردشەوە پێجگە لەو کەسانی کەخەجاسووسی و خیانەت دەستیان ئالوودەکردووە، ڕێگەی گەڕانەوە و لێبووردن بۆ ئەو دەستە کورە پەیوەرانە کراوەتەوە کەئەوانیش دەربڕینی پەشیمانی و هۆی بەهەڵە چوونیان لەکارەساتەکانی ڕابردوو بەحاڵ و دەروونێکی خاوێن و بیر و باوەڕێکی تازە خۆیان لەباوەشی ح د ئ باوێژنەوە.

## مەسەلەی نەتەوایەتی

کۆنگرە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی و بەوردبوونەوە و تێبینییەکی ڕاستی دوا. نەتەوەگەری و زوڵم و زۆرداری نەتەوەیەکی بەدەسەڵات و لەسەر حوکم لەسەر نەتەوەکانی تری ئێران (کەلەسەر سەرزەمین و عەرە هاوبەشییەکی کۆنیان هەیە و هەرکامیان خاوەن زمان و مێژوو و خووڕەوشت و لیباس و ئاکار و سوننەتی تایبەتین) لەمێژ زەمانەوە لەئێران باو و بەردەوام بووە.

ئینقلابی مەشروتیات تەنیا مەبەستی تێکدان و سەرنگوون کردنی پاشایەتی قاجار نەبوو بەڵکو هەڵوەشاندنی دەسەڵات و زۆرداری حکومەتی مەرکەزی پاڵی ئاغایەتی نەتەوەی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی تری خستە بەرچاو، بەڵکو دوای هاوبەشییەکی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی لەناو حکومەتی ئێراندا دەکرد (بۆ ڕێک و پێک خستنی حکومەتێکی دیموکراتی و برایەتی هەموو نەتەوەکان لەهەمی کار و باری سیاسی و جەنگی و ... هتد) هەروەها سەربەخۆیی ئەنجوومەن و ئەیالەتەکانی ئێران کەبریتییە لەئەیالەت و ویلایەت بوون بەشێوەیەکی گرنگ خرا ناو قانونی قانونەوە بەناوی (قانونی ئەساسی ئێران) هەروەها مەبەست لەحالی هێنانە سەرکاری ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی لەقانوونی ئەساسی کەبەرهەمی خوێناوی ئینقلابی مەشروتییەت بۆ وەدی هێنانی ئەم ئاواتە مەزنەی سەربەو بوو کەئەمڕۆ مەرامەکانی ئەمڕۆیەدا بە (AUTONOMIE و AUIODEI EMINATION) لەقەڵەم دراوە.

پاش ئەنجامدانی بەرهەم و سەمەری ئینقلابی مەشرووتیەت بەتایبەتی دوای کودەتای ۱۲۹۹ و هێنانە سەر تەختی پاشایەتی (ڕەزا خان) بەدەست ئیستعمار، ئەنجا نەتەوەکانی ئازەربایجان و کورد و عەرەب بەڵکو خودی نەتەوەی فارس کەبناغەی زۆرداری و دیکتاتۆری پاشایەتی لەئێران لەسەر سینگی ئەم دامەزرا وەنەتەوەکانی تری دەبەوسانەوە دووچاری پێشێلی و کەساسی و زوڵم و زۆری کرد.

شا و هێنانی حاکمەی ئاران کەچەکداری و نۆکەرە ئیستعماری ئەو کوڕی خۆیان بۆ دەکار خستن وەدیهێنانی ئەم بەشە گرنگەی قانوونی ئەساسی شل کردوە بەڵکو بەشەڕکردنی هێزی ڕەش و لەش و فێڵ لەهیچ بڕخستن و ساختەچی و گیرمەشێوێنی لەم بارەوە کۆتایی ناکەن، ڕووداوی جوولانەوەی نەتەوایەتی کوردستان و ئازەربایجان لەساڵی ۲٤-۱۳۲٥ بزاڤی نیشان دان وەدەربڕینی هەست و لێنی نەتەوەکان دژی دیکتاتۆری شا و حکومەتی ئاران بوو بێ‌هەڵسەنیی چەندی لەئازەربایجان و کوردستان بەگوێرەی قانونی ئەساسی دەستیان کرد بەدامەزراندنی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی بەمانای ئۆتۆنۆمی AUTONOMIE

بەڵام هەموو شادێنە بوون کەحکومەتی شا و ئیستعمار بۆ پاراستنی ئاڵان و خوێن مژی خۆیان و بەزەبر و بەزێنی خوێناوی و دڕندانەیان گیرا و هەنار نەبوو، ساڵێکی نەتەوایەتی کەئەمیان ساڵ لەسەربەر بەهێزی چەکدارانە و شۆڕش کەخەڵکانی ئێران قانوونی کرابوو، وەمەبەستی مافی (ئۆتۆنۆمی - خود مختاری) بەئاشکرایی و ڕوونانی تێیدا کوژاندراوە بیتنە دی.

پێویستە لێرەدا سەرنج بەمرێت کەحکومەتی شا و ئیستعمار نەک تەنیا لەم بابەتەوە بەڵکو بۆ بەشەکانی تریش لەقانونی ئەساسی ترخی پەرەکاوەکیشی بۆ قابیل نەبوون

بۆ نموونە: وەختایەک حکوومەتی میللی مەسەدق بۆ پاراستنی مافی گەل و حکوومەتی خۆی بەگوێرەی قانوونی ئەساسی کەمەڵی: شاهەکی تیپە حکومەت بکا بەڵکو تەنیا حەقی شایەتی هەیە و سەرۆک وەزیر لەبەرانبەر مەجلیس و قانوون دا لێ پرسراوە و مەسئوولییەتی هەیە شا پەنای بە ماقەتێکی ئەشرافییە و ئەفسەرانی وەزیران لەبەرانبەر سەرۆک وەزیردا مەسئوولن نەک لەبەرانبەر شادا. بێ و باوەڕ و کردەوەی خۆی وەدەرخست، هەموو دنیا شاهید بوو ئەمپریالیزم و شا و چڵکاو خۆرەکانی چ کارەساتێکی خوێناوی و چەوت و چەپەڵیان بەسەر حکوومەتی میللی دکتۆر مەسەدق و گەلی ئێران هێنا.

جالێرەدا بەباشی و گرنگی بوون دەبینێتەوە کەچێتانە سەرکاری حکوومەتێکی دیموکراتی لەئێران بەستراوەتەوە بەرەسمییەتناسینی مافی نەتەوەکانی ئێران وەئەمە دوور مافە لێک ناپسێندرێنەوە.

ئەگەر هات و بەچاوێکی زانستی کۆمەڵایەتی ئەو بابەتەوە بڕوانین بەباشی دەردەکەوێ کە پاش دامەزرانی حکوومەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی و دیموکراتی لەئێران فەرز و پێویستە کەئەمراوی ئەو هەرێم و بەشانەی ئێران کە کورد و فارس و ئازەربایجانی و عەرەبین بەگوێرەی مەلۆیست و وەزعی تایبەتی نەتەوەیی (کەمینییە لەهاوبەشی زمانی و مێژوویی، هاوبەشی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هاوبەشی سەرزەمین و عەرد، هاوبەشی ئاکار و سوننەت و کار و خەباتی نەتەوایەتی...) ئەمیز مافی حوکم دانان و حوکم کردنی ئاوخۆیی، مافی دانانی یاساکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ... هتد، بەسەربەستی سەر بەخۆیی نەتەوایەتی وەدی بێت.

هەروەها مافی هەڵبژاردنی زمارەیەک لەنوێنەرانی ژیر و تێکۆشەری خاوەن بیر و پاوێژ هەر نەتەوەیەک بۆ دانانی پارلەمانێکی خۆ وڵاتی و حوکم بەرابی نەتەوایەتی و بەنێوی حکومەتی ئۆتۆنۆمی و چ بەنێوی حکومەتی فیدراڵ یەکگرتوو کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ... نەتەوەی خۆی بەڕێوەبەرێت. هەروەها نوێنەرانی تایبەتی ئەو نەتەوانە لەحکوومەتی مەرکەزی لەپارلەمانی گشتی نەتەوەکان بەشدار و خاوەن مافی تایبەتی بن.

ڕێگای ڕزگاری و خۆش بەختی و بەرزبوونەوەی ئێران و ئەمراوی ئەو وڵاتە زۆر نەتەوانە (کثیر الملة) بەهۆیەک دانەوە و حەل کردنی مەسەلەی میللی بەو شێوەی و ڕێبازە گرنگانەی ح د ک بەستراوەتەوە کەلەمادەکانی ٨ و ٩ی پرۆگرامدا بڕیاری لەسەر دراوە.

جابۆیە ح د ک لەکۆنگرەدا بۆی وەدەرکەوت لەسەر وەدیهێنان و پرۆسەی گرنشەوەی ئەو مەتڵەقەتانەی سەرەوە لەسەر لەشەراوی حیزب و دەستە سیاسییەکانی پێشکەوتوو لەگشت گەلەکانی ئێران بکۆڕێتەوە و داوا بکا کە:

لەپێناو پەیوەندییەکی پتەو و بەهێز داری نیشتمانی و ئیلیهی و بیر و پاوێژێکی دنیا بەستەن، دەستی خۆشێکی چەند دارانە بەیەک دەست یەکگر و لەرێگای خەرمەشانەوە و تێکە و پێکدانی بناغەی ژێڵم و زۆرداری حکوومەتی پەتی و چەپەڵی (شا) و ئیستعمار، حەل و فرسەت لەدەست ئەمن.

جاوەی ح د ک لەکۆنگرەدا بۆی وەدەر کەوت لەسەر وەدیهێنان و پرۆسەی گرنشەوەی ئەو مەتڵەقەتانەی سەرەوەی لەشەراوی حیزب و دەستە سیاسییەکانی پێشکەوتووی لەگشت گەلەکانی ئێران بکۆڕێتەوە و داوا بکا کە:

لەپێناو پەیوەندی پتەو و بەهێز داری نیشتمانی و ئیلیهی و بیر و پاوێژ، دەستی خۆشێکی چەند دارانە بەیەک دەست یەکگر و لەرێگای خەرمەشانەوە و تێکە و پێکدانی بناغەی ژێڵم و زۆرداری حکوومەتی پەتی و چەپەڵی (شا) و ئیستعمار، حەل و فرسەت لەدەست ئەمن.

دووهەمین کۆنگرەی
حیزبی دیموکراتی کوردستان
کۆمیتەی ناوەندی

سەرماوەرزی ١٣٤٣ (نوامبر ١٩٦٤)

دووهەمین کۆنگرەی
حیزبی دیموکراتی کوردستان
کۆمیتەی ناوەندی
سەرماوەرزی ١٣٤٣
(نوامبر ١٩٦٤)

..........................



سەرچاوە: K21، گۆڤارێکی کولتووری، زانستی، مێژوویی، بەڵگەنامەیی، نەتەوەیی، وەرزیی ئازادە، ژمارە ٥ - ٦، هەولێر ٢٠٠٩، ل ٤٦٩ - ٤٧٧.

## پاشکۆی ژمارە ١٢

## ناساندنی کتێبی «کوردستان و کورد»ی عەبدوڕڕەحمان قاسملوو لە گۆڤاری «دنیا» بەهۆی ئیحسان تەبەری

تقریظ کتاب

# کردستان و کردها

رفیق ما دکتر عبدالرحمن قاسملو کتابی در ۲۰۱ صفحه به انگلیسی و چاپ تحت عنوان "کردستان و کردها" انتشار داده است. این کتاب نشریه "اداره انتشارات فرهنگستان علوم چکسلواکی" است و ضمنا به بنگاه نشریات انگلیسی نیز نشر ترجمه انگلیسی آن را بعهده گرفته است. توجه خوانندگان را به این سخنهای تشریفاتی به ما "اینجا رفیق قاسملو معطوف داشته اند محصول اهمیت و فعلیت موضوع کتاب است". پروفسور یارسلاو مارشنیچ رئیس دانشگاه "۱۷ نوامبر" پراگ در پیشگفتاری که بر این اثر نگاشته است مینویسد:

"کتاب "کردستان و کردها"ی عبدالرحمن قاسملو یک کمک بشکل استثنائی ارزشمند به اطلاعات عام در باره مسئله بغرنج کرد بطور عام و برخی از جهات اساسی این مسئله بطور اخص است... این کتاب بشکل استثنائی توفیق آمیز است."

